د. ئەحمەد حەمەدئەمین

# ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان

## کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە

٢٠١٦ هەولێر

## ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە


- نووسینی: د. ئەحمەد حەمەد ئەمین
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕەوان
- بەرگ: هیمداد ئەرگوشی
- نرخ: ٧٠٠٠ دینار
- چاپی: یەکەم
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردنی ( ٥٠٢ ) ساڵی ٢٠١٦ دراوەتێ**


---


**هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە**


---

## تێبینییەکی پێویست

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرایە و بە سەرپەرشتی ( **پ.د. خەلیل عەلی موراد**) لە حوزەیرانی ٢٠١٤ پێشکەش بە بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر کراوە.

**پێشکەشە بە :**

**ڕاز ، ڕەوان ، ڕەوێـن**

**کە بەشێکی زۆر لە سۆزی باوکایەتی ئەوانم بەخشییە کارەکەم**

## ناوەڕۆك

پێشەکی: چوارچێوەی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی سەرچاوەکان...................٧
دەروازە: سەرەتاکانی دەرکەوتنی ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان و . ........١٧
بەشی یەکەم: بارودۆخی باشووری کوردستان و زەمینەی دامەزراندنی............٤٩
تەوەری یەکەم: زەمینەی ئەو بارودۆخەی کۆمەڵەی تێدا دامەزرا.................٥٠
تەوەری دووەم: چالاکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و ..........................٦٩
تەوەری سێیەم: بەشداریکردنی کۆمەڵە لە شۆڕشی ئەیلوول، هەڵوێست و............٨٩
بەشی دووەم: کۆمەڵە لە قۆناغی خەباتی چەکداریدا.........................١١١
تەوەری یەکەم: ڕۆڵی کۆمیتەی هەرێمەکان لە بەستنەوەی ........................١١٢
تەوەری دووەم: ئامانجی کۆمەڵە و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری...........١٣٣
تەوەری سێیەم: سەرکردایەتی نوێی کۆمەڵە و ململانێی نێو گروپەکان............١٥٠
بەشی سێیەم: ململانێ ناوخۆییەکانی کۆمەڵە، ڕەنگدانەوە و .......................١٧٠
تەوەری یەکەم: کۆنفرانسی یەکەم لە مالیمۆس و ئەنجامەکانی.....................١٧٢
تەوەری دووەم: بەردەوامی کۆمەڵە لە خەبات و .................................١٩٢
تەوەری سێیەم: تەقینەوەی ناکۆکییەکان و جیابوونەوەی...........................٢١١
بەشی چوارەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە...........................٢٣٣
تەوەری یەکەم: پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ باڵەکانی ناو یەکێتیی..........٢٣٦
تەوەری دووەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ.......................٢٥٥
تەوەری سێیەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ .......................٢٧٧
ئەنجام.....................................................................٢٩١
لیستی سەرچاوەکان........................................................٢٩٥
پاشکۆکان...................................................................٣٣١
ملخص البحث باللغة العربية...................................................٣٦٢
**Abstract**...............................................................A-B

# پێشەکی

## چوارچێوەی توێژینەوەکە و شیکردنەوەی سەرچاوەکان

## گرنگی توێژینەوەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی:

هەلومەرجی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤– ١٩١٨) و لکاندنی باشووری کوردستان بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراقی ساڵی ١٩٢٥، کاریکردە سەر بەشێك لە خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد لە باشووری کوردستاندا، هەنگاو بهاوێن لە پێناو بەدی هێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورددا. لەم چوارچێوەیەشدا گەڕانەوەی ئەفسەر و دەستەبژێرە خوێندەوارەکان لە جەنگ و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سەیرکردنی یەکێتیی سۆڤێیەت وەك داکۆکیکارێکی گەلانی چەوساوە و دژ بە سیاسەتەکانی بریتانیا، لەگەڵ ڕۆڵ و کاریگەری پارتی کۆمۆنیستی عێراق، بوون بە هۆی بڵاوبوونەوەی فکری چەپ لە باشووری کوردستاندا.

سەرکەوتنی یەکێتیی سۆڤێیەت لە جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩–١٩٤٥) و پاڵپشتیکردنی بۆ کۆماری کوردستان، دابەشبوونی جیهان بۆ بلۆکی سەرمایەداری و بلۆکی سۆسیالیستی، لەگەڵ دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق (شۆڕش) و ڕۆڵ و کاریگەری لقی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەیەکەوە بوون بە هەنگاوێکی گەورە بۆ پەرەسەند و برەودانی فکری چەپ لە باشووری کوردستاندا. جگە لەوانەش سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێی نێوان یەکێتیی سۆڤێیەت و چین لە لایەك و، پەیدابوونی چەندین هێڵی چەپی جیهانی لە لایەکی دیکە، بوون بە هۆکاری دیاردەی خۆپەروەردەکردنی لاوان و ڕۆشنبیرانی کورد بە ئایدۆلۆژیای مارکسیی – لینینیی و دواتریش تێکەڵکردنی بە هەست و بیری کوردایەتی، کە ئەنجام سەری بۆ بیرکردنەوە لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی مارکسیی – لینینیی کوردستانی کێشا.

دامەزراندنی (کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی کوردستان)، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) وەك ڕێکخراوێکی سیاسی لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم– لینینزم و فکری ماو تسی تۆنگ لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لە باشووری کوردستاندا، زادەی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجە بوون، کە ئاماژەیان بۆ کرا. بەمەش هەر چەند کۆمەڵە لە قۆناغی یەکەمی کارکردنیدا بە نهێنی کەوتە خەباتکردنەوە، بەڵام لە قۆناغی دەستکردنەوە بە خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا وەك ڕێکخراوێك لەسەر شانۆی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی دیاری بینیوە و ژمارەیەکی بەرچاوی لە هەلگرانی بیری چەپ بە دەوری خۆیدا کۆکردۆتەوە. لێرەشدا

وێڕای ئەوەی ئاماژەیان بۆ کرا، دەبینین وەك پێویست ئاماژە بە کون و کەلێنەکانی مێژووی کۆمەڵە نەکراوە و وردەکارییەکان نەخراوەتە ڕوو، بە تایبەت لە توێژینەوەیەکی ورد و زانستیانەدا، بۆیە ڕەنگە ئەوە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە بێت، کە لەگەڵ خۆیدا دەیان پرسیاری وروژاندووە، وەك: کۆمەڵە چۆن دامەزرا؟ لە ژێر کاریگەری کام هەژموونی چەپدا بوو؟ ئایا هەلگرانی بیری کۆمەڵە توانییان وەکو پێویست بیروڕاکانیان لەگەڵ واقعی کۆمەڵگای کوردی بگونجێنن؟ ئەی، هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەو ڕێکخراوە چی بوون؟ بۆچی تا سەر بەردەوام نەبوو؟ ئیتر ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکە هەوڵدراوە بە پشت بەستن بە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی زانستییەکان، لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و هەڵێنجان، بە تێڕامان و وردبوونەوە لە سەرچاوەکان، توێژینەوەکە بگاتە ئەنجامێك.

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم شێوە بابەتە بە تایبەت لە باشووری کوردستاندا، زۆرێك ئاستەنگ بۆ توێژەر دێنێتە پێشەوە. لە وانە: نەبوونی ئەرشیڤێکی تایبەت، کە تێکڕای بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی ئەو ڕێکخراوەی تێدا بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆرێك لە کار و چالاکییەکان لە قۆناغی خەباتی نهێنی و خەباتی چەکداری ئەنجام دراون، بۆیە بەیاننامە و بڵاوکراوەکان فەوتاون، یان ئەوەتا بە دەستی ئەنقەست فەوتێنراون و حەشاردراون. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە نەهاتنە دوانی کادیرەکان و درکاندنی ڕاستییەکان وەك خۆی، جا لەبەر بەرژەوەندییەکانی ئێستاکەیان بێت یاخود لە ترسان!. لەگەڵ نەرەخساندنی کات بۆ چاوپێکەوتنی زیاتر لەگەڵ کادیرە بالاکان بە هۆی پۆستەکانیان و ئامادەنەبوونیان لە کوردستاندا، بەڵام وێڕای ئەمانە بە نەفەسێکی قووڵ، بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی، بە شەونخوونی و شەنوکەوکردنی سەرچاوەکانی بەردەستدا توانرا ئاستەنگەکان ببردرێن و توێژینەوەکە بە ئەنجام بگەیەنرێت.

ئەم تێزە لە دەروازە و چوار بەش و ئەنجام پێکهاتووە، کە هەر بەشێك دابەشکراوەتە سەر چەند تەوەرەیەك.

**لە دەروازەدا**: هەوڵدراوە بە شێوەیەکی گشتی تیشکێك بخرێتە سەر ئەو وێستگە و دەروازانەی، ڕەوتی چەپ و بیری مارکسی پێیدا گواستراونەتەوە بۆ باشووری کوردستان، کە دواجار لە سەرەتای چلەکان زەمینەی بۆ دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراویی مارکسی لە باشووری کوردستاندا خۆشکرد. هەروەها ئاماژە بۆ ڕۆڵ و کاریگەری ئەو پارت و ڕێکخراوانە کراوە، کە لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستاندا کاریان کردووە و دەوریان لە پەرەپێدانی ڕەوتی چەپدا بینیوە. دواجاریش باس لەو

هەلومەرجە نێودەوڵەتی و ناوچەییە کراوە، کە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە کاریگەرییان لە سەر پەرەسەندنی ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستاندا هەبووە و ژمارەیەکی باشی لە خوێندەواران و ڕۆشنبیران بە خۆیەوە گۆش کردوون.

**بەشی یەکەم**: لە ژێری ناونیشانی بارودۆخی باشووری کوردستان و زەمینەی دامەزراندنی کۆمەڵە (١٩٧٠ –١٩٧٥) سێ تەوەر لە خۆی دەگرێت.

لە تەوەری یەکەمدا، ئاماژە بۆ زەمینەی بارودۆخی دامەزراندنی کۆمەڵە کراوە، لەگەڵ ساغکردنەوەی ڕۆڵی ئەو گروپ و کەسایەتییانە، کە دەستییان لە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەدا هەبووە، هەروەها تیشك خراوەتە سەر ئەو بەرنامە و ئایدیۆلۆژییەی کۆمەڵە لە سەرەتاوە بڕوای پێی هەبووە و لەو پێناوەدا هەنگاوی بۆ هەڵێناوە.

لە تەوەری دووەمدا، تیشك خراوەتە سەر سەرەتاکانی چالاکی و کارکردنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و ڕۆڵی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان. تێدا جۆر و شێوازی کارکردن و پەیوەندیکردن بە کەسایەتییەکان لەم قۆناغەدا باسکراوە، هەروەها ئاماژەش بۆ هۆکارەکانی پەیوەستبوونی کۆمەڵە بە فکری ماوی، لەگەڵ ناکۆکییە ناوخۆییەکان لەسەر مەسەلەی دروستبوونی ڕێکخراوێکی کوردستانی یان سەرتاسەری عێراقی کراوە.

تەوەری سێیەم: تایبەت کراوە بە باسکردن لە بەشداریکردنی کۆمەڵە لە شەڕی چەکداری ساڵی ١٩٧٤ لە شۆڕشی ئەیلوولدا، لەگەڵ هەڵوێست و هەنگاوەکانی بەرانبەر بە نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥. دواتریش باس لە کاردانەوەکانی دوای ئەو قۆناغە کراوە کە بەسەر کۆمەڵەدا هاتوون، وەك سەرهەڵدانی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان.

**بەشی دووەم:** لە سێ تەوەردا باس لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە دەکرێت لە قۆناغی خەباتی چەکداریدا (١٩٧٦– ١٩٨٠).

لە تەوەری یەکەمدا: باس لە هەنگاوەکانی دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان و گرتنەوەی ڕێکخستنەکان لەسەر دەستی ئەو کۆمیتەیە کراوە، ئینجا تیشك خراوەتەوە سەر دەرچوونی ڕاپۆرتی شوباتی ١٩٧٦، کە ئەو دەمە و دواتریش کاردانەوەی لە ناو ڕێکخستنەکان بە دوای خۆیدا هێناوە. جگە لە وەش هەنگاوەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان بۆ گۆڕینی لایەنی فکری و ستراتیژیی کۆمەڵە لە ژێر ڕۆشنایی نووسینەکانی ئەو کاتە شەنوکەو کراوە.

لە تەوەری دووەمدا: لە ژێر ناونیشانی ئامانجی کۆمەڵە و ڕۆڵی لە خەباتی چەکداریدا، باس لەو شیکردنەوەیە کراوە، کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ قۆناغەکە و چینەکانی

کۆمەڵگا و ڕۆڵییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، کردبووی. ئینجا تیشک خراوەتە سەر هەنگاوەکانی ناردنە دەرەوەی گروپە چەکدارەکان و چۆنییەتی هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا. بەمەش تێکڕای ئەو قۆناغە و کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە تا کوژرانی شاسوار جەلال(ئارام) ئاماژەیان بۆ کراوە.

لە تەوەری سێیەمدا: باس لە قۆناغی وەرگرتنی سەرپەرشتی کۆمەڵە لە لایەن نەوشیروان مستەفاوە کراوە، لەگەڵ بەستنی یەکەمین کۆبوونەوەی کادیرانی کۆمەڵە لە نۆکان لە مارتی ١٩٧٨، هەروەها تیشك خراوەتە سەر کۆبوونەوەی شێنێ و بڕیارەکانی، کە لە ئەنجامی ڕاسپاردەکانی ئەو کۆبوونەوەیە لە ١ی مایسی ١٩٧٩دا ناوی کۆمەڵە، لە کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی کوردستان گۆڕاوە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. جگە لە وەش سەرەتای قۆناغێکی دیکەی ململانێی ناوخۆی کۆمەڵە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئاماژەیان بۆ کراوە.

**بەشی سێیەم** لە ژێر ناونیشانی ململانێ ناوخۆییەکانی کۆمەڵە و ڕەنگدانەوە و کاریگەری و ئەنجامەکانی، لە سێ تەوەردا شیکاری ئەو قۆناغە کراوە.

لە تەوەری یەکەمدا: سەرەتا باس لە هەلومەرجی بەر لە بەستنی کۆنفرانسی یەکەم و کۆبوونەوەکانی زەڵێ کراوە، دواتریش چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کەش و هەوای ناو کۆنفرانسی یەکەم و گفتوگۆ و بڕیارەکان تیشکیان خراوەتە سەر، کە تێکڕا بۆ کۆمەڵە لەو قۆناغەدا گرنگ بوون.

لە تەوەری دووەمدا، ئاماژە بۆ قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان گروپی کوردستانی و عێراقی کراوە، لەگەڵ بۆچوونەکانیان و کاردانەوەکانیان بەرانبەر بە یەکتری، هەروەها تیشك خراوەتە سەر کۆنفرانسی دووەمی کۆمەڵە و ئەنجام و ڕاسپاردەکانی، بە تایبەت بەرنامە پەسەندکراوەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

لە تەوەری سێیەمدا: باس لە قۆناغێکی دیکەی ململانێ و ناکۆکییەکانی ناوەوەی کۆمەڵە کراوە، لەگەڵ چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی سێیەم و ئەنجامەکانی، هەروەها باسی هەلومەرجی دوای کۆنفرانس و هەوڵەکانی ئەو گروپە کراوە، کە دواجار ناوی نرا ئاڵای شۆڕش. ئینجا تیشك خراوەتەوە سەر کاردانەوەکان و باری ناوخۆی کۆمەڵە و کار و چالاکییەکانی لە دوای ئەو قۆناغەدا.

**بەشی چوارەم**: لە سێ تەوەردا باسی لە هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە کراوە.

تەوەری یەکەم: تایبەتە بە باسکردنی هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە ناو نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، واتە هەڵوێست و پەیوەندییەکان لەگەڵ هەر یەك لە باڵەکانی بزووتنەوە، خەتی گشتی و شۆڕشگێڕان، بەمەش ئاماژە بۆ ئەوە کراوە سەرباری ئەوەی ئەو باڵانە ڕازی بوون بە کارکردن لە ناو نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، کەچی زۆربەی کات لەسەر مەسەلەکان ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیانەوە.

تەوەری دووەم: بۆ هەڵوێست و پەیوەندییەکان لە بەرانبەر پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان تەرخان کراوە، کە تێدا باس لە هەڵوێست و پەیوەندییەکان بەرانبەر بە هەریەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و ڕێکخراو و گروپە چەپەکان لە باشووری کوردستاندا کراوە.

لە تەوەری سێیەم: تیشك خراوەتە سەر هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە عێراقییەکاندا، ئەوانیش بریتین لە هەر یەك لە: پارتی کۆمۆنیستی عێراق (لێژنەی ناوەندی)، پارتی کۆمۆنیستی عێراق (سەرکردایەتی ناوەندی) و پارتی سۆسیالیستی عەرەبی (الحركة الاشتراكية العربية).

**ئەنجام:** لە ئەنجامی خستە ڕووی زانیارییەکان و شەنوکەوکردنیان، ئاماژە بە ئەنجامگیری توێژینەوەکە کراوە.

## هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:

بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە پشت بە سەرچاوەی جۆراو جۆر و هەمەچەشن بەستراوە، لێرەدا بە پێی گرنگی و سوودیان بۆ توێژینەوەکە، هەندێکیان هەڵدەسەنگێنین.

یەکەم: بەڵگەنامەکان: لە بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە و بەڵگەنامەی بڵاوکراوە پێکهاتوون.

١. بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان، بریتین لە ژمارەیەك نووسراوی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق، کە بە گشتی تایبەتن بە ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٧٧، لەگەڵ بەشێکی زۆر لە نووسراو و بەیاننامە و ئەو بڵاوکراوانەی لە لایەن کۆمەڵە یاخود یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکان دەرکراون. جگە لە وانە بەشێکی دیکەیان بریتین لە ژمارەیەك نامەی دەستنووس، کە کەسایەتییە بەشداربووەکان بۆ یەکتریان ناردوون. لەگەڵ چوار کاسێتی تۆمارکراوی تایبەت بە دادگاییکردنی حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار) و هاوڕێکانی. لێرەشدا دەبێت بووترێت هەر چەندە

ئـەم بەشـەی سەرچـاوەکان جێـی بایـەخی تایبـەتی و گـرنگ بـوون، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا بە پـارێزەوە مامەڵـەیان لـە تەکدا کـراوە، چـونکە ئـەو نووسـراو و نامـە و بڵاوکراوانە دەربڕی ڕوانگەی لایەنێکی دیاریکراو بوون.

٢. بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان: ئەوانەش پێکهاتوون لە چەند بەڵگەنامەیەك بە زمانـەکانی عەرەبی، فارسی و ئینگلیـزی، کـە پەیوەسـتن بـە بـاری کۆمەڵـە دوای ئاشـکرابوونی ڕێکخستنەکان لە ساڵی (١٩٧٥)دا و چـوونی شـەهاب شـێخ نـووری و هاوڕێکـانی بـۆ ئێران و چۆنییەتی دەستگیرکردنیان و ڕەوانە کردنەوەیان بـۆ عێـراق و دواتـریش لـە سێدارەدانیان لە ساڵی (١٩٧٦)دا، هەروەها بەشـێکی دیکـەیان بـریتین لـە ژمارەیـەك نووسراو و بەیاننامەی پارت و ڕێکخراوەکان لەگەڵ ژمارەیەك نامە، کە بە سـەیرکردن و تێڕامانییان زۆرێك زانیاری نێـو سەرچـاوەکانییان پشـت ڕاسـت کردۆتـەوە و بـۆ ئـەم توێژینەوەیە سوودیان هەبووە، بەڵام دیسانەوە مامەڵـەکردن لـە تـەك ئەوانەشـدا بـە هـەمان چەشـنی بەڵگەنامـە بڵاونـەکراوەکان بـووە، بۆیـە هەوڵـدراوە بـە پـارێزێکی زۆرەوە زانیارییەکانیان کۆت بکرێن یان بگوێزینەوە.

دووەم: یاداشت، بریتین لە یاداشت و گێرانەوەی سـەربردەی ئـەو کەسـایەتییانەی کە بەشداری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگاره بـوون و ڕۆڵـی بەرچـاویان لـە نـاو ڕووداوەکاندا هەبووە. وەك سێ بەرگی یاداشتەکانی نەوشیروان مسـتەفا "لـە کـەناری دانوبەوە بۆ خڕێ نـاوزەنگ " و "پـەنجـەکان یـەکتر ئەشـکێنن" و "خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا". هـەروەها "ئـەزموون و یـاد"ی پشـکۆ نەجمـەدین و، "ڕۆژانـی سـەخت"ی ئەرسەلان بایز و "لە بیرەوەرییەکانم لەگـەڵ خاڵـە شـیهاب و هاورێکـانی" فەرەیـدوون عەبدولقادر و "ڕێگا باریکەکان"ی، ئاوات قارەمانی و "چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە"ی برایم جەلال و "لـە هـەواری یادەوەرییەکانمـدا"ی حـاجی مـەمۆ، کـە تێیانـدا چـەندین لایەنی شاراوەی مێژوویان نووسیوە و لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژگارەیان هەڵداتـەوە، بـەڵام وەك ڕوون و ئاشـکرایە یاداشـتەکان گوزارشـت لـە بۆچـوون و زەینـی خاوەنـەکانیان دەکەن، بۆیە شتێکی ئاسـاییە ئـەم چەشـنە سەرچـاوەیە هەڵـە و تێکـەڵبوونیان تێـدا بێـت، بەمـەش توێـژەر بـە کارامـەیی و بەراوردکارییـەکی زۆرەوە هەوڵیـداوە بـە زانیارییەکانیان توێژینەوەکە دەوڵەمەند بکات.

سـێیەم: دیمانـەکان، بـریتین لـە گێڕانـەوەی سـەربوردەی ڕووداوەکـانی ئـەو کەسایەتییانەی دیمانەیان لەگەڵ ئەنجامدراوە، تا لەو ڕێگایەوە ڕۆشنایی بخرێتە سەر بابەتە شاراوە و نـەزانراوەکان، بەمـەش هـەوڵی ئـەوە دراوە بـەپێی پێویسـت دیمانـە

لەگەڵ ئەو کەسایەتییانە بکرێت کە لە ناو ڕووداوەکاندا بوون، یاخود لێوەی نزیک بوون. لێرەشدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین هەرچەندە هەوڵی ئەوە دراوە لەگەڵ بەشێکی باش لەو کەسایەتییانە دیمانە ئەنجام بدرێت، بەڵام هێشتاکە زۆری دیکە ماون، هەندێکیان بە هۆی نەخۆشی وەك جەلال تاڵەبانی، هەندێکیان لەبەر پلەو و پۆستەکانیان و نەبوونی کات، هەندێکی دیکەیان بە بیانوونی جۆراوجۆر یارمەتیان نەداین. ئەوە سەرباری ئەوەی بەشێکی دیکەیان بە هۆی ئاوارەییان لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا پەیوەندی پێوەکردن و دۆزینەوەیان ئەستەم بوو. لێرەشدا دەبێت ئەوەش بووترێت، ئەوانەشی دیمانەیان لەگەڵدا سازکراوە تاڕادەیەك ڕاستەوخۆ زانیاری و قسەکانیان لە توێژینەوەکەدا ڕانەگوێزراون، بەڵکو پاش وردبوونەوە و لێکدانەوە و بە پێی ڕێبازی نووسینی ئەکادیمی مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکانیاندا کراوە.

چوارەم: دیمانەی تەلەفزیۆنی، ئەوەشیان بریتییە لە چەند بەرنامەیەکی کەناڵی ئاسمانی (**NRT**) لە ژێر ناونیشانی بەرنامەی "ڕوداو و مێژوو"، کە ژمارەیەك بەرنامەی بۆ گێڕانەوەی مێژووی ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵە و ڕووداوە ناوخۆییەکانی تەرخان کردوون، بەمەش بە پێی گرنگی خۆییان سوودیان بۆ توێژینەوەکە هەبوو.

پێنجەم: کتێب: ئەوانە لە ڕووی ڕێژەی بەکارهێنانییان و دووبارە ئاماژەکردنەوەیان لە پەڕاوێزەکاندا هیچی لە وانەی دیکە کەمتر نیین، کە تاڕادەیەك هەمە چەشن و هەمەجۆرن بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی و ئینگلیزی نووسراون. لە نێو کتێبە کوردییەکاندا: "کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین"، کە لە لایەن ناوەندی مێژوویی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چاپ دراوە و بۆ قۆناغی یەکەمی کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە ١٩٧٠– ١٩٧٥ تەرخان کراوە، بەمەش لەو ڕێگایەوە بۆ بەشێکی باشی مێژووی ئەو قۆناغەی کۆمەڵە سوودی لێوەرگیراوە. هەروەها کتێبەکەی مامۆستا جەعفەر "هەورێکی نەزۆك مێژوویەکی ناکۆك"، کتێبەکەی مەلا بەختیار " چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە" و کتێبەکەی موحسین عەلی ئەکبەر "چەپکێکی ژاکاو لە مێژوویەکی هەڵبەستراو"، کە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ بیرەوەرییەکانی برایم جەلال "چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە" نووسراون، لەبەر ئەوەی برایم جەلال وەك یەکێك لە ئەندامە بەراییەکانی کۆمەڵە باسی سەرلەبەری ڕووداوەکان و کێشمەکێش و ململانێیەکانی ناو کۆمەڵەی کردووە، بەمەش هەر یەك لەو سەرچاوانە زانیاری دژ بەیەك و پێچەوانە دەدەن بە دەستەوە، بەو

هۆیەوە توێژەر کەڵکی باشی لێیان وەرگرتووە و لە زۆرێك لە بابەتەکاندا بەراوردی زانیارییەکانی بۆ پشت ڕاستکردنەوە بەکارهێناوە. یەکێکی دیکە لە کتێبە کوردییەکان، "لە ماویزمەوە بۆ حیکمەتیزم"ی ڕێبوار ئەحمەدە، کە تاکە سەرچاوەیە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان لە نێوان کۆتایی شەستەکان تا ساڵی ٢٠٠٠ نووسراوە، لێرەشدا گرنگی ئەو کتێبە لەوەدایە نووسەرەکەی لە ناو بازنەی ڕووداوەکاندا بووە و وەك یەکێك لە کارەکتەرەکان لە سەرەتای هەشتاکان بە دواوە ڕۆڵی دیاری لە ناو ئەو ڕەوتەدا بینوە. بەم پێودانەش بێت سەرچاوە عەرەبییەکان و ئینگلیزییەکانیش هەر یەکەیان بە پێی گرنگی خۆیان و پەیوەندییان بە بابەتەکانەوە، بە ئەندازەیەکی پێویست پشتیان پێی بەستراوە، بە تایبەتی: صلاح الخرسان" التيارات السياسية في كردستان العراق"، رەوا "كومەلە و الحزب الطليعي" و، خسرو باديني، "فئات البرجوزاية الصغيرة في تنظيماتنا الماركسية"... هتد.

شەشەم، لێکۆڵینەوە و وتارەکان، ئەوانەش بریتین لە تێکڕای ئەو وتار و بابەتانەی کە لەسەر ڕووپەری بڵاوکراوەکان وەك گۆڤارەکان، ڕۆژنامەکان، هاتوونەتە نووسین و بڵاوکراونەتەوە، لێرەشدا ئەوانە بە پێی ڕادەی بایەخی خۆیان، بە تایبەت بابەتەکانی ناو گۆڤاری کۆمەڵە، سوودیان بۆ ئەم توێژینەوەیە هەبووە.

دواجار لەبەر ئەوەی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی جدی و سەرەتایە سەبارەت بە کۆمەڵە، بۆیە لافی کامڵ بوون لێنادات و لە کەموکوڕی بە دەر نییە و ڕەخنە و سەرنجان لە خۆی دەگرێت، بەڵام سەرباری ئەوەش هیوادارین توانیبێتمان بە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخونیمان خزمەتێکی بچووکمان لەم بارەوە پێشکەش کردبێت.

**توێژەر**

# دەروازە: سەرەتاکانی دەرکەوتنی ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان و پەرەسەندنی تا کۆتایی شەستەکان

چەپ و چەپایەتی، زاراوەیەكە بەكاردەهێنرێت بۆ ڕەوتێكی هزری سیاسی، كە هەوڵ بۆ گۆڕانكاری كۆمەڵگا و دەستەبەركردنی یەكسانی لە نێوان تاكەكان دەدات[1]. سەرەتای دەركەوتنی ئەو چەمكەش لە فەرهەنگی سیاسییدا بۆ سەردەمی دوای شۆڕشی فرەنسی ساڵی ١٧٨٩ دەگەڕێتەوە، كە لە یەكێك لە دانیشتنەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانی فرەنسا بەو گروپە وترا كە لە دەستە چەپی سەرۆكی ئەنجوومەنەوە دانیشتبوون و داوای بەرەو پێشەوەچوونی بارودۆخی دوای شۆڕشیان دەكرد، لەگەڵ ئەوەبوون لە ڕەگ و ڕیشەوە كۆمەڵگا بگۆڕن و ئازادی و سەربەستی بۆ كۆمەڵانی خەڵك دەستەبەر بكەن. بەڵام بە

تێپەڕبوونی كات تێگەیشتن لە چەمكی چەپ وەكو خۆی نەمایەوە، بەڵكو قۆناغ لە دوای قۆناغ لەگەڵ گۆڕانكارییە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكاندا واتای دیكە وەك: چەپ، چەپی ناوەڕاست و چەپی ڕادیكاڵ لە خۆی دەگرێت[2].

جێ گوتنە، ئەوەی زیاتر یارمەتیدەر بوو لە پەرەسەندن و پەیوەست بوون بەو چەمكە بە تایبەت لە ڕووە شۆڕشگێڕییەكەیەوە، سەركەوتنی شۆڕشی ئۆكتۆبەر بوو لە ڕووسیا ساڵی ١٩١٧، لەبەر ئەوەی سەركردایەتی سەركەوتووی شۆڕش لە ژێر كاریگەری تێزەكانی ماركسیزم– لینینزمدا بانگەشەی بۆ یەكسانی و سەربەخۆیی گەلانی چەوساوە دەكرد[3]. لەم چوارچێوەیەشدا وەكو دەرفەتێك زۆربەی گەلان و نەتەوەكان كەوتنە هەوڵی نزیك بوونەوە لە یەكێتیی سۆڤێیت، ئەمەش ڕێگا خۆشكەربوو بۆ بڵاوبوونەوەی

---

(1) T. Alexander Smith, Raymond Tatalovich, Cultures at war: Moral Conflicts in Western Democracies. (Toronto, Canada: Broadview Press, Ltd, 2003), P. 30.

(2) Norberto Bobbio and Allan Cameron, Left and right: the significance of a political distinction, n (University of Chicago Press, 1997), p. 37; Van Gosse ,The Movements of the New Left, 1950 - 1975: A Brief History with Documents ,(Palgrave Macmillan, 2005), PP. 5-10.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ شۆڕشی ئۆكتۆبەر بڕوانە: مەحموود تلووعی، لە لینینەوە بۆ پۆتین، وەرگێڕانی: ڕەسوول سوڵتانی، چاپی یەكەم، (هەولێر، چاپخانەی خانێ دهۆك، ٢٠١٣)، ل ل ٥٥– ١١٠؛ جۆن ئێم. دان، شۆڕشی ڕووسیا، وەرگێڕانی: هەژار ڕەحیمی، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، بێ ساڵی چاپ)، ل ل ٩٩–١٠٨.

بیری مارکسیزم– لینینزم و پەرەسەندنی لە دونیادا بە گشتی و لە ناوچەکەدا بە تایبەتی[1].

یەکێك لەو ڕێگایانەی بیری چەپی گواستۆتەوە باشووری کوردستان گەڕانەوەی ئەو سەربازە کوردانە بوو، کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨) لە لایەن سوپای ڕووسەکانەوە دیلکرابوون، یاخود وەکو سەرۆك هۆز و کەسایەتی ناودار بە بارمتەی دەست بەسەرکرابوون و دواتر ئازادکران، ئیتر ئەوانە کاتێك گەڕانەوە کەوتنە هەڵپەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو وڵاتە، بێ ئەوەی بە دروستی لە کرۆکی مەسەلە فکرییەکان تێگەیشتبن، کەچی لە باسکردنی بەردەوام بوون، بۆیە لە ناو خەڵکیدا بە (بەلشەفیك) ناودەبران[2].

ڕێگایەکی دیکە، کاریگەری هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی ڕەوتی چەپ و بیری مارکسیزم، هەوڵەکانی ڕێکخراوی (کۆمێنتێرن)[3] بوو، کە ڕووسەکان دوای سەرکەوتنی

---

(١) د.عزیز شەمزینی، جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی ی کوردستان، وەرگێڕانی: فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، (سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ٢٠٠٦)، ل ل ١٤٦– ١٤٧.

(٢) د. کمال مظهر احمد، "ئۆکتۆربەر و مەسەلەی کورد"، گۆڤاری "برایەتی"، ژمارە (٩)، ساڵی یەکەم، بەغدا، کانوونی یەکەمی١٩٧٠، ل٩؛ جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی: ح — أ، (سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠٠١)، ل ٨٨. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، لەو دەمەدا ژمارەیەك کەسایەتی کەوتبوونە وەرگێڕانی بڵاوکراوەکانی پارتی کۆمۆنیستی بریتانی و لە نێوان خۆیاندا و لەگەڵ کەسانی دیکە گفتوگۆیان لە بارەیەوە دەکرد. جگە لەوە لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی ( L, Humanite) فرەنسی کۆمۆنیستی ڕەواجی زۆر بوو بە تایبەت لە لایەن ئەوانەی فرەنسی زانبوون، چونکە دەستیان کرد بە وەرگێڕان و گفتوگۆکردن لە بارەی مارکسیزمەوە. هەروەها ئەو کەسە بێگانانەی هەڵگری بیری سۆسیالیستی بوون و لەگەڵ بریتانییەکان لە عێراق کاریان دەکرد، ئەوانیش کاریگەرییان لەم بارەیەوە هەبوو، لە وانە کەسایەتی ئوسکتلەندی دۆناڵد مەکنیزی (D.N.McKenzie) کاتێك کتێبخانەی مەکنیزی کردەوە لە بەغدا ساڵی ١٩٤٥، بەمەش بەردەوام بوو تا ئەوەی ساڵی ١٩٤٦ کۆچی دوایی کرد، ئەم کتێبخانەیە کتێبێکی زۆری بۆ لاوانی عێراقی بە نرخی گونجاو دابین دەکرد، کە تایبەت بوون بە بیری سۆسیالیستی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
Tareq Y. Ismael. The Rise and fall of the Communist Party of Iraq, (Cambridge University, press – New York, 2008), pp. 4-5.

(٣) کۆمێنتێرن، وەکو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی نێودەوڵەتی لەسەر دەستی (لینین) مارتی ١٩١٩ لە مۆسکۆ دامەزراوە. تێکڕای پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان وەکو لقێك پابەندی بڕیارەکانی بوون. لە

شۆڕشـــی ئۆکتۆبـــەر، بـــە مەبەســـتی بڵاوکردنـــەوەی بـــیری مارکســـیزم ســـاڵی ١٩١٩ دایانمەزراند. لێرەشدا کاتێك ئـەو ڕێکخـراوە هەوڵـەکانی خسـتەکار و لـە ئـەیلوولی ١٩٢٠ کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی لە باکۆ بەست، کورد بە هەشت نوێنەر بەشداریکرد[1]، لـەم بارەیەوە ئیسماعیل حەققی شـاوەیس (١٨٩٤–١٩٧٦) وەك یـەکێك لـە بەشداربووەکان دەڵێت:"**... کۆنگرەی گەلانی ڕۆژهەڵات کـە لـە ٢٠ی ئـەیلولی ١٩٢٠ لـە بـاکۆ بەسـترا، گرِوتینێکی– تاڕادەیەك– گەورەی وەبەر گەلانی ڕۆژهەڵات خسـت، بـە تایبـەتی گـەلی کورد، لە دوای بەستنی ئەم کۆنگرەیە بە جارێك بۆ دیاری کردنـی چارەنووسـی خـۆی بزوا، لە ئەنجامیشدا بووە مەکۆی چەند بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کورد لـە پێنـاو بـە دەست خستنی مافە مرۆییەکانیدا**"[2].

جیا لە وانەی ئاماژەمـان بـۆ کـردن، دەرکـەوتنی ڕەوتـی چـەپ لـە شـاری بەغـدا[3]، کاریگەری بۆ سەر دەستەیەك لە گەنجانی ڕووناکبیری کورد، بە تایبەت خوێندکاران لـەو

---

ماوەی کارکردنیدا حەفت کۆنگرەی بەست، یەکەمیان مارتی ١٩١٩، دوایەمینیان تـەممووزی ١٩٣٥ بوو، بەمەش بەردەوام بووە لەسەر کارەکـانی تـا ئـەوەی لـە مـاوەی حـوکمڕانی سـتالین (١٩٢٣–١٩٥٣) لـە مایسـی ١٩٤٣دا هەڵوەشـایەوە. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە: موفـق المحـامي، بیانـات وموضـوعات ومقـررات الامميـة الشـيوعية (المـؤتمران الاول والثـاني ١٩١٩و١٩٢٠)، ترجمـة: طـلال الحسني، (بيروت، دار الطليعة، ١٩٧٢)، ص ص١١– ١٢.

(١) الاممية الشيوعية و تحرر الشرق، المؤتمر الاول لشعوب الشرق/ باكو ١–٨ ايلول١٩٢٠، ترجمة: فـواز طرابلسي، الطبعة الاولى، (بيروت، ١٩٧٣)، ص ص٥– ١٨؛ ويلسون ناثانيل هاول، الكورد و الاتحـاد السوفيتي، ترجمة: ضياء الدين المرعب، (بغداد، ٢٠٠٦)، ص ص٥٢٠– ٥٢١.

(٢) ئیسماعیل حەققی شاوەیس، "کۆمیتەی ئیستقلالی کوردستان"، گۆڤاری "ڕۆژی نوێ"، ژمارە (١)، ساڵی دووەم، سلێمانی، ئایاری ١٩٦١، ل ٢١.

(٣ ) دەرکەوتن و هاتنی بیری چەپایەتی بۆ عێراق بـە تایبـەت بـۆ شـاری بەغـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕۆڵـی حوسێن ڕەحال (حسين رحال)، ناوبراو لەگەڵ ئەوەی کۆمۆنیست نەبووە، بەڵام یەکەمین کەس بوو بیری مارکسی گواستەوە بۆ بازنە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو شارە، ڕەحال ساڵی ١٩١٩ خوێنـدکار بـوو لە خوێندنگای بـەرلین لـە ئـەڵمانیا و بـە چـاوی خـۆی بزووتنـەوە جیاخوازییـەکانی ئـەوێی لەگـەڵ هەوڵەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانی بۆ وەرگرتنی جلەوی دەسەڵات لە بـەرلین بینـی بـوو ، ئـیتر ئەو بابەتە کاری لە ناوبراو کرد بوو، بۆیە ساڵی ١٩٢٠ کاتێك گەڕایەوە بـۆ بەغـدا کاریگـەر بـوو بـە باری وڵات لە ژێر دەسەڵاتی بریتانییەکان، ئیتر لێرە بە دواوە کەوتە خوێندنەوەی بیری مارکسی و سۆسیالیستی.

Tareq Y. Ismael. The Rise and fall of the Communist Party of Iraq, p.1.

شـارەدا هـەبوو، وەك: هـەمزە عەبـدوڵڵا (١٩٠٤– ١٩٩٨)، عەبدولسـەمەد مەحەمـەد، حەسەن تاڵەبانی (١٩١٣– ١٩٩٧)، ڕەشید عارف و ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤–٢٠٠٠)، كە ئەو كات بـە كارەكـانی كۆمەڵـەی ئەلئـەهالی (الاهـالي)[١]یـەوە كاریگـەر بـوون[٢]. لـەم بارەیەوە هەمزە عەبدوڵڵا دەڵێت:" **لە ساڵی ١٩٣٤ خوێندكار بووم لـە كۆلێـژی مـاف و یاسا، پەیوەندی و ئاشنایەتیم بە (یوسف مەتی)یەوە هەبوو و بووم بە یەكەم كـوردی باشووری كوردستان لە ڕیزی پارتی كۆمۆنیستی عێراقدا...، بە بڕیاری پارتەكە لەگەڵ یوسف مەتی كەوتینە كاركردن لە ڕۆژنامەی (الاهالی)دا... ساڵی ١٩٣٦ كۆلێـژی مـافم تەواو كرد، گەڕامەوە زاخۆ و بووم بـە پـارێزەر. بـە نهێنـی پڕوپاگەنـدەم بـۆ بـیروڕای ماركسێتی و پارتی كۆمۆنیستی عێراق دەكرد...**"[٣]. بەمەش لە ژێر ڕۆشنایی وتەكانی هەمزە عەبدوڵڵا و زانیاری نێو دووتوێی سەرچاوەكاندا، دەردەكەوێت ڕەوتی چەپ لە ناو ڕۆشنبیرانی كورد لە باشووری كوردستاندا، لە ناوەڕاستی سییەكان بەدواوە بـە تایبـەت لـە نـاو خوێندكارانـدا بڵاوبۆتـەوە، ئەگـەر بـزانین لـە سـلێمانی، هـەولێر ، كـەركووك و ناوچەكانی دیكە[٤] خەڵكی كەوتوونەتە ژێر كاریگەرییەوە[١].

---

(١) كۆمەڵەی ئەلئەهالی (الاهالي): ئەو كۆمەڵەیە لە سەرەتای سییەكان چالاكییەكانیان دەركەوت، زیاتر بە ناوی ئەو ڕۆژنامەیەوە ناسران، كە بـە نـاوی ئەلئـەهالی دەریـان دەكـرد، لـە مـاوەی كاركردنیاندا توانیان ژمارەیەكی زۆر لـە لاوان و ڕۆشـنبیران لـە دەوری خۆیـان كۆبكەنـەوە و بانگەشە بۆ چاكسازی و دیموكراتی بكەن. لە دیارترین كادیرەكانیان كامل چادرچی، جەعفەر ئەبو تمن، حوسێن جەمیل، محەمەد حەدید، عەبدولفەتاح ئیبراهیم و ژمارەیەكی دیكە بـوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فؤاد حسن الوكيل، جماعة الاهـالي في العـراق، (بغـداد، ١٩٨٦)، ص ص ٩٣ و مابعدها.

(٢) عبدالفتاح علي يحيى البوتـاني، الحيـاة الحزبيـة في الموصـل ١٩٢٦– ١٩٥٨، الطبعـة الاولى، (اربيـل، مطبعة وزارة التربية، ٢٠٠٣)، ص ٢٠٤؛ ماجد عبدالرضـا، القضـية الكرديـة في العـراق الى عـام ١٩٦١، (بغداد، ١٩٦٩)، ص٧٥.

(٣) من اوراق المناضل حمزة عبدالله، تقديم وتعليق، محمد ملا عبدالكريم،"مخطوطـة توجـد نسـخة منـه بحوزه الباحث".

(٤) لە یەكێك لە سەرچاوەكاندا ئاماژە بۆ ئەوە كـراوە كـە لـەو سـەروبەندە بـیری كۆمۆنیسـتی لـە نـاو ئێزیدییـەكان بڵاوبۆتـەوە، ئـەوەش بنچـینەكەی بـۆ هاتنـەوەی كەسـایەتییەكی ئێزیـدی بـە نـاوی حوسـێن دەگەڕێنێتـەوە، كـە مـاوەی ١٥ سـاڵان لـە یـەكێتی سـۆڤێیەت بـووە. حوسـێن كاتێـك گەڕاوەتـەوە لـە نـاو خەڵكدا باسـی لـە سیاسـەتی یـەكێتیی سـۆڤێیەت و مافـەكانی كرێكـاران و جوتیاران كردووە و خەڵكی لە ناوچەكە كەوتوونەتە ژێر كاریگەرییەوە. بۆ زیـاتر زانیـاریی بڕوانـە:

وێستگەیەکی دیکەی گواستنەوەی ڕەوتی چەپ بۆ باشووری کوردستان دوورخستنەوەی چەپڕەوەکان بوو لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە بۆ باشووری کوردستان. لە وانە: دوورخستنەوەی هینری مەڕمەڕچی و نەعیم بەدەوی ساڵی ١٩٣٧ بۆ شاری سلێمانی، نەعیم سەلمان ساڵی ١٩٣٨ بۆ شاری کۆیە[٢]. وەك ئاماژەی بۆ کراوە هەریەك لە وانە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە لە گەیاندنی بیری چەپ بە باشووری کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکە فکریی مارکسی لە ناو کۆمەڵگادا قبووڵ نەبووە، وای کردووە خوێندەوارەکانیش لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە سەیری بکەن و بە بیری بێ باوەڕان و مانای بێ ڕەوشتی لە قەڵەمی بدەن، بۆیە کەمتر نزیکی کەوتوونەتەوە[٣]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت تا بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩– ١٩٤٥) ڕەوتی چەپ و مارکسی لە باشووری کوردستاندا نەیتوانییوە وەکو پێویست گەشە بکات، بۆیە ڕێکخراوێکی سیاسی هەڵگری بیری مارکسی و چەپگەرایی بە

---

صباح كنجي، بدايات الفكر الماركسي بين الايزيدية في العراق، مجلة الثقافة الجديدة، العدد (٣٥٠– ٣٥١)، بغداد، ايار ٢٠١٢، ص ص ٩٤– ١٠٠.

(١) جەلال تاڵەبانی، کوردستان و...، ل ١٠٣؛ گۆڤاری "بیری نوێ"، ژمارە (٧٩)، ١٩٧٣/١/١٣؛ دڵشاد مەحموود عەبدوڕڕەحمان، کەرکووك، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی فیکری و سیاسیی (١٩٣٢–١٩٥٨)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوەتەوە، (زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژوو، ٢٠٠٦)، ل ٨٦.

(٢) غفور میرزا کەریم، کیۆماڵێ بە نێو بیرەوەریەکانمدا، (سلێمانی، ٢٠٠٠)، ل ١٢٦؛ مەغدید حاجی، حزبی شیوعی عێراق دامەزراندن و سەرەتای ڕەوتی مێژوویی ١٩٣٤– ١٩٤٠، (هەولێر، ١٩٩٧)، ل ٦٨. جیا لەو سەردەمە و لە دواتریشدا ئاماژە بۆ ئەوە هەیە لە ناوچەکانی وڵاتانی عەرەبیشدا، کەسانێك کە هەڵگری بیری چەپ بوون بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان دوورخراونەوتەوە و کاریگەرییان لەو بارەیەوە ڕەنگیداوەتەوە. لە وانە: فوئاد نەسار، سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئوردن (١٩٣٦– ١٩٣٩) باس لەوە دەکات لە دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشی فەلەستین ساڵی ١٩٣٦ بۆ ئامێدی دوورخراوەتەوە، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات لەگەڵ ئەودا ئەحمەد دەباغ و هاوڕێکانی ڕەوانەی کۆیە کراون. فاتح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، (سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٥)، ل ل ٣٠٧– ٣٠٨؛ ئەحمەد دلزار، پاشکۆی بیرەوەرییەکانم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٨)، ل ٣٥.

(٣) نوري شاويس، من مذكراتي، (دون مكان وسنة طبع)، ص٢٠؛ جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی نەبیری قەومیەتی ڕۆژهەڵاتی و نەناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییە، (سوید، چاپەمەنی ئازاد، ١٩٨٤)، ل ١٦٦.

شێوەیەکی بەرچاو نەهاتۆتە دامەزراندن. بەڵکو ئەوەی هەبووە تەنیا لە چوارچێوەی هەوڵی تاکەکەسی بووە و بەس.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، ئەوەی بووە هۆکاری زیاتر بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی بیری چەپ لە باشووری کوردستاندا، سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی و دەرهاویشتەکانی بوون. لە کاتێکدا هەلومەرجی جەنگ ڕێگا خۆشکەر بوو کۆمۆنیستەکانی عێراق چالاکییەکانیان پەرەپێبدەن، چونکە لە ئەنجامی خراپ بوونی باری گوزەرانی خەڵك و دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، زەمینەساز بوون بۆ جۆرێك لە ئازادی کارکردنی کۆمۆنیستەکان لە عێراقدا[1]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە بوونی هێزێکی زۆری سۆڤێیت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییان بەسەر باشووری کوردستاندا هەبوو[2]، چونکە بە هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخە، کۆمۆنیستەکان هەلەکەیان قۆزتەوە و وەك لایەنگیری هەژاران و خەڵکی کەم دەرامەت، هێرشیان کردە سەر ئەوانەی یاری بە چارەنووس و بژێوی ژیانییان دەکەن[3].

لە ڕاستیدا، شکستی ئەڵمانیا لەسەر دەستی یەکێتیی سۆڤێیت لە شەڕدا، ئەوەندەی دیکە ناو و دەنگی بەو وڵاتە بەخشی و وەك زلهێزێکی نوێی جیهانی دەرکەوت. جیا لەوەش یەکێتیی سۆڤێیت تا ئەو سەردەمە بەخەستی پڕوپاگەندەی بۆ تێزەکانی لینین[4] دەکرد، کە تێدا بانگەشە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی گەلانی ژێردەستە کردبوو.

---

(1) Tareq Y. Ismael. The Rise and fall of the Communist Party of Iraq, p.26.

(٢) برهان یاسین ابابکر، کوردستان في سیاسة القوی العظمی ١٩٤١–١٩٤٧، ترجمة: هوراس، (دهوك، مطبة هاوار، ٢٠٠٢)، ص ص ٤٩–٥٤.

(٣) د.عیزەددین مستەفا ڕەسول، بەشێك لە یاداشتەکانم، بەرگی یەکەم، (سلێمانی، دەزگای حەمدی، ٢٠٠٦)، ل ل٤٥– ٤٦؛ حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة في الشرق الاوسط منذ بدایتها حتی سنة ١٩٩١، (مصر، مکتبة مدبولي، ١٩٩٢)، ص ص ١٦٤– ١٦٥.

(٤) لینین، ناوی تەواوی ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆفە، ٢٢ی نیسانی ١٨٧٠ لە شاری سیمبیرسك لە بنەماڵەیەکی مام ناوەند لە دایك بووە، ساڵی ١٨٩٢ کۆلێژی مافی زانکۆی سەنپێترزبۆرگی تەواو کردووە. ناوبراو لە سێدارەدانی براکەی ساڵی ١٨٨٧ دەبێتە خاڵێکی کاریگەر بۆ تێکەڵاوبوونی بە دونیای سیاسەت، بەمەش لە قۆناغی دوای تەواوکردنی زانکۆدا لەگەڵ ڕێکخراوی نهێنی سۆسیال دیموکراتەکانی رووسیا دەکەوێت، لەوە بەدواوە لە ڕووداوەکانی ڕووسیادا بە گشتی و سەرکەوتنی

بە گشتی ئەوەش کاریگەری خۆی هەبوو، بە تایبەت لە کوردستاندا، کە وەك ناوچەیەکی نزیك و دراوسێی سۆڤێیت بڵاوبوونەوەی بیری چەپی تێدا چالاکتر بوو، چونکە وردە بۆرژوای کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئومێدێکی ئەو تۆی بە سیاسەتی بریتانیا نەمابوو[1]. ئیتر ئەمەش بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە پەرەسەندنی ڕەوتی چەپ لە کوردستاندا بە گشتی و، باشووری کوردستان بە تایبەتی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان بۆ کرا، یەکەم شانەی ڕێکخستنی مارکسی لە باشووری کوردستان ساڵی ١٩٤٢ لە هەولێر لەسەر دەستی هەر یەك لە: ساڵح حەیدەری (١٩٢٢-٢٠٠١)، ڕەشید عەبدولقادر (١٩٢٣- ٢٠٠٥)، شوعلە مەخلوف و ئەواکیم ئەواکیمیان دامەزرا. خەباتی ئەو گروپە لەو قۆناغەدا زیاتر خەباتێکی فکری و ڕۆشنبیری بووە، پشتی بەو کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوانە بەستووە، کە لە لایەن پارت و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانەوە دەردەچوون و بە شێوەی نهێنی دەگەیشتنە کوردستان[2]، بەڵام دواتر چوارچێوەی کارەکەیان شێوازێکی دیکەی بە خۆیەوە بینیوە، کاتێك چونە ناو کۆمەڵەی (الی الامام)[3] و بوونەتە لقێکی ئەو کۆمەڵەیە بە ناوی بۆ (پێشەوە) [1].

---

شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە تایبەتی ڕۆڵی دیاری دەبێت. دوای سەرکەوتنی شۆڕشیش ساڵی ١٩١٧ دەبێتە کەسی یەکەمی یەکێتیی سۆڤێیت، ناوبراو لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٤ کۆچی دوایی دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Abraham Resnick, Lenin Founder of the Soviet Union, (United States of America, 2003). PP. 9-119.

(١) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، شاری سلێمانی ١٩٣٢- ١٩٤٥ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسییە، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨)، ل٢١٠.

(٢) صالح الحيدري، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، (السليمانية، ٢٠٠٤)، ص ص٢٣٣- ٢٣٤.

(٣) کۆمەڵەی بۆ پێشەوە (الی الامام) بە یەکەم کەرتبوونی ناوخۆی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دادەنرێت، کە لەسەر دەستی زەنوون ئەیوب ئەندامی لێژنەی مەرکەزی لە تەمموزی ١٩٤٢ بە بیانووی نەبوونی دیموکراسی و پێڕەوی ناوخۆی پارتەکە ئەنجامدرا. کۆمەڵەی بۆ پێشەوە (الی الامام) ڕۆژنامەیەکیان بە هەمان ناوەوە دەرکرد، دواتریش بە ناوی (المؤتمرون) ناویان دەهات، لەبەر ئەوەی سوور بوون لەسەر بەستنی کۆنگرەی پارتەکە و دانانی پێڕەوێکی ناوخۆ و هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ، بەڵام فەهد سکرتێری ئەو کاتەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بە داواکارییەکەیان ڕازی نەبوو، بۆیە بە خیانەتکردن تۆمەتباری کردن و لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ دەریکردن. صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ العراق السياسي "الحركات الماركسية" ١٩٢٠- ١٩٩٠، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠١)، ص٣٠؛ سمير

بەردەوام نەبوونی کۆمەڵەی بۆ پێشەوە (الى الامام) و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنەکانی و تێکەڵاوبوونەوەی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا، دەبێتە هۆکاری ڕازی نەبوونی لقی کوردی کۆمەڵەکە بە تێکەڵاوبوونەوە لەگەڵ پارتی کۆمۆنیست و سوور بوونی لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارەکانی بەڕێوەببات، بەمەش لەسەر چالاکییەکانیان بەردەوام دەبن[٢]، تا ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ کۆمەڵەی میللەت (عصبة أو جمعية الشعب) دادەمەزرێنن[٣].

کۆمەڵەی میللەت، وەك کۆمەڵەیەکی چەپ و باوەڕ بە ڕێبازی مارکسی، لە هەولێر لە ماوەی چەند مانگێکدا چالاکییەکانی بەردەوام بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕووی ڕێکخستنەوە لاواز بوو، نەیتوانیوە بەردەوام بێت. دوای ئەوەش کە لە لایەن ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق یەکێتیی تێکۆشین (وحدة النضال)ەوە[٤]

---

عبدالكريم، اضواء على الحركة الشيوعية في العراق ١٩٣٤– ١٩٥٨، الجزء الاول، (بيروت، دار المرصاد، دون سنة الطبع)، ص ص ٦١– ٦٢.

(١) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥– ١٩٥٨، (سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، ٢٠٠٥)، ل ٧٣.

(٢) "مەسەلەی کورد و هەڵوێستی حزبمان/ پەیدابوونی ڕێکخراویی مارکسی لە کوردستاندا"، ڕۆژنامەی "بیری نوێ"، ژمارە(٧٩)، ساڵی دووەم، بەغدا، ١٣/ ١/١٩٧٤؛ عزيز سباهي و عبدالرزاق الصافي، الحزب الشيوعي العراقي، الجزء الاول، طبعة الاولى، (بغداد، منشورات الثقافة الجديدة، ٢٠٠٥)، ص ٢٣٢.

(٣) اسماعيل شكر رسول، اربيل دراسة تأريخية في دورها الفكري و السياسي ١٩٣٩– ١٩٥٨، (السليمانية، مطبعة بينايي، ٢٠٠٥)، ص ص١٥٠– ١٥١.

(٤) پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە سەرەتای چلەکاندا تووشی قەیرانی ناکۆکی ناوخۆی و دواجار لە تبوون و جیابوونەوە هات، سەرەتا لە تەمووزی ١٩٤٢ گرووپێك بە ناوی بۆپێشەوە (الى الامام) جیابوونەوە، (لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد)، دوای ئەوە لە تشرینی دووەمی ١٩٤٢ بە سەرۆکایەتی عەبدوڵڵا مەسعود قەرەنی کۆمەڵەی (الشرارة الجديدة) جیابوونەوە، بەڵام بە هۆی دەستگیرکردنی بەشێك لە ئەندامەکانیان چالاکییەکانیان زۆر بەردەوام نەبوو، بەمەش پاشماوەی ئەندامەکانی هەردوو ڕێکخراوەکە دوای گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوە لە ئەیلوولی ١٩٤٤ ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەیەکیان وەکو زمانحاڵ دەردەکرد بە ناوی یەکێتیی تێکۆشین (وحدة النضال) زیاتر بەو ناوەوە ناسران. بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ ڕێکخراوەکە و دامەزرێنەرانی و چالاکییەکانی بڕوانە: حنا بطاطو، العراق

پەیوەندیان پێوە دەكرێت، لەگەڵیاندا دەكەونە دانوستان و گفتوگۆوە، لە ئەنجامدا ڕازی دەبن بەیەكەوە وەكو ڕێكخستنێكی یەكگرتووی عێراقی لە ژێر ناوی یەكێتیی تێكۆشین، وەك لقی كوردی كار دەكەن[(١)].

لقی كوردی یەكێتیی تێكۆشین، زۆربەی ئەندامەكانی خەڵكی هەولێر بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی چالاكییەكانی بەرچاو بوو دەبینین ڕێكخستنەكانی گەیشتوونەتە ناوچەكانی دیكەی باشووری كوردستانیش بە تایبەت كۆیە و سلێمانی[(٢)]. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەشەوە لەگەڵ ئەوەی پارتی كۆمۆنیستی عێراق ئەلقاعیدە (القاعدة)[(٣)] ململانێی كردووە و ناو و ناتۆرەی لێناون و هەوڵیانداوە ئەندامان و هەوادارانی لێبكەنەوە[(٤)]، بەڵام كاریگەری و چالاكییەكانی یەكێتیی تیكۆشین لە باشووری

---

الكتاب الثاني، الحزب الشيوعي، ترجمة: عفيف الرزاز، (بيروت، مؤسسة الابحاث العربية، ١٩٩٢)، ص ١٥٩ و مابعدها.

(١) توێژەرێك پێی وایە ئەگەرچی ئەو گروپە وەكو لقی كوردی بە ناوی یەكێتیی تێكۆشین دواتر دەناسرێت، بەڵام لە چوارچێوەی كارەكانیاندا سەربەخۆی تەواویان هەبووە، تەنانەت نەكەوتۆتە ژێر كاریگەری ڕێكخستنەكان لە بەغدا، بۆیە ڕێكخستنەكانی یەكێتیی تێكۆشین لە شاری بەغدا وەكو ڕێكخراوێكی جیاواز سەیری كردوون. بورهان حاتەم گۆمەتاڵی، ساڵح حەیدەری ١٩٢٢– ٢٠٠١ ڕۆڵی سیاسی و ڕووناكبیری، چاپی یەكەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢)، ل ٧٦.

(٢) جەمال فەتحوڵا تەیب، كۆیە ١٩١٨– ١٩٥٨ لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە، چاپی دووەم، (هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٨)، ل١٢٦؛ كەریم زەند، گەشتی زەند ( تۆماری تەمەن) بەرگی یەكەم، (هەولێر، ٢٠٠٤)، ل ١٥١.

(٣) پارتی كۆمۆنیستی عێراق ئەلقاعیدە (القاعدة)، بەو گروپە دەوترا كە فەهد سەرپەرشتی دەكردن، ئەوەش دوای ئەوە هات كە لێژنەی مەركەزی بڕیاردا لە بری ڕۆژنامەی (الشرارة) كە پێشتر دەریان دەكرد، ڕۆژنامەیەك بە ناوی (القاعدة) دەربكات، ئەنجام ڕۆژنامەكە لە كۆتاییەكانی كانوونی دووەمی ١٩٤٣ دەرچوو، لە وەوە ئەو گروپە بە پارتی كۆمۆنیستی عێراق ئەلقاعیدە (القاعدة) ناسران. سالم عبيد النعمان، الحزب الشيوعي العراقي بقيادة فهد/ اعادة تأسيس و اكتمال بنائه و دوره الفاعل في الحركة الوطنية، (دمشق، ٢٠٠٧)، ص ص٦٩– ٧٠.

(٤) لەم چوارچێوەیەدا فەهد توانیویەتی لە سەرەتادا مەلا شەریف ڕەنگەڕێژانی (١٩٢٥– ١٩٧٦) و دواتریش لە ڕێگای ئەوەوە هەریەك لە: یەحیا سەلیم، جەوهەر حوسێن مەلا و ئەنوەر عەبدوڵڵا (ئەنوەر دڵسۆز) بەلای پارتی كۆمۆنیستی عێراق ئەلقاعیدە (القاعدة)یاندا بەرێت، دواتریش لقی كوردیی پێك بهێنێت، ئیدی ئەم لقە ڕۆژنامەیەكیش بە ناوی (ئازادی)ەوە دەردەكات و دواتر بە

کوردستان بەرچاوتر و زۆرتر بووە، ئەگەر بزانین زۆربەی چەپەکانی پارتی (هیوا)[1] دوای هەڵوەشاندنەوە، چوونە ڕیزەکانییەوە[2].

دەستەی سەرپەشتیاری یەکێتیی تێکۆشین، بریتی بوون لەو ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەرانەی کە هەم باوەڕیان بە بیری کوردایەتی، هەمیش بە بیری مارکسی هەبوو، لێرەشدا سەرباری ئەوەی هاوکاریکردنی عەرەبیان بە پێویست دەزانی، بەڵام گرنگییان بە کێشەی کورد لە عێراق داوە، سەرباری ئەوەش لە نووسینەکانیاندا گفتوگۆیان لە بارەی کێشەی کورد لە تەواوی کوردستان کردووە و خواستی یەکگرتنەوەی چوار پارچەی کوردستانیان هەبووە[3].

لە نیسانی ١٩٤٥ ڕێکخراوی یەکێتیی تێکۆشین (وحدة النضال) تێکەڵاوی ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوویەوە، بەمەش دەبوو لقە کوردییەکە خۆی یەکلابکاتەوە، بەڵام دەبینین کاتێك گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ فەهد[4] سکرتێری ئەو کاتەی پارتی کۆمۆنیست ئەنجامی نابێت[5]، یەکێتیی تێکۆشین لقە کوردییەکەی وەکو ڕێکخراوێکی سەربەخۆ دەمێنێتەوە.

---

ناوی لقی کوردییەوە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی و کەرکووك چالاکییەکانی نواندووە. صالح الحیدری، مختارات...، ص ٢٧؛ مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل ل٧٧-٨٠.

(١) پارتی هیوا، لەسەر داروپەردووی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی دارکەرساڵی ١٩٣٩ دامەزراوە، وەك پارتێکی نەتەوەیی ڕۆڵی بەرچاوی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا بینیوە، تا ئەوەی ناکۆکی دەکەوێتە ناو ڕیزەکانییەوە، ئەنجام ساڵی ١٩٤٥ هەڵدەوەشێندرێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هلبین محمدامین المزوري، حزب هیوا- الامل- (١٩٣٩- ١٩٤٦) دراسة تاريخية- سياسية، الطبعة الاولى، (اربيل، مطبعة حاجي هاشم، ٢٠٠٨)، ص ص ٥١ و مابعدها.

(٢) د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨- ١٩٥٨، الطبعة الاولى، (بغداد، ١٩٨٩)، ص١١٠.

(٣) لجنەی مرکزی لقی کورد، "بو زانینی راستی لە بابەت تنظمی لقی کورد لە کوردستانی عراق"، گۆڤاری"یەکێتی تێکۆشین" ژمارە (٣)، ساڵی یەکەم، ل ل ٦- ١٧.

(٤) لە بارەی ژیاننامەی یوسف سەلمان یوسف (١٩٠١-١٩٤٩) ناسراو بە (فەهد) بڕوانە: میر بصري، اعلام السياسة في العراق الحديث، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، (لندن، دار الحكمة، ٢٠٠٤)، ص ص٤٥٨- ٤٥٩.

(٥) فريد اسسرد، اتجاهات السياسية الكردية بعد الحرب العالمية الثانية، (السليمانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٨)، ص١٠ .

دوای ماوەیەك بەردەوام بوون لە كاركردن، پایزی ١٩٤٥ یەكێتیی تێكۆشین بڕیاری دامەزراندنی ڕێكخراوێكی دیكەیدا بە ناوی (پارتی كۆمۆنیست لە كوردستانی عێراق)، بەڵام دواتر لەبەر دەركردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (شۆڕش)، زیاتر بەو ناوەوە دەناسرێت[1]. شۆڕش وەكو ڕێكخراوێكی سیاسی ئەگەر سەیری پێڕەوی ناوخۆی بكەین، دەبینین جیاوازییەكی ئەو تۆی لەگەڵ ئەو پارتانەدا نییە كە هەڵگری بیری چەپ بوون، لەبەر ئەوەی لە ڕێكخستنی شانەكاندا، پاڵاوتن بۆ ئەندامێتی و ماف و ئەركەكانی، دیموكراسییەتی ناوەندی و زەبت و ڕەبتی پارتایەتیدا، هەموو بنەمایەكی ماركسی لە ڕێكخستنی ناو ڕێكخراوەكەدا پیادەكراوە[2]. هەر ئەوەشە وادەكات یەكێك لە توێژەرەكان پێی وابێت چەپە كوردەكان بەم كارەیان توانیویانە تەكانێك بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردستان لە باشووری كوردستان بدەن، لەبەر ئەوەی توانیویانە ژمارەیەك لە نیشتمانپەروەر و نەتەوەپەروەرەكانی كورد لە ڕێكخستنێكی تایبەتیدا كۆبكەنەوە و بزووتنەوەی كوردایەتی بەرەو ئاراستەیەكی پێشكەوتنخوازی شۆڕشگێڕی بەرن، كە بۆ ئەوكاتە ئەزموونێكی تازە بووە[3].

هەرچەندە شۆڕش لە هەوڵ و كۆششەكانی بەردەوام بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی چەپایەتی و بیری ماركسی لە كۆمەڵگای كوردەواری بە ئاسانی قبوڵ نەدەكرا، بۆیە نەیتوانیوە تاڕادەیەكی باش و بەرچاو گەشە بەڕێكخستن و بەمەسەلەی ئایدیاكەی بدات. بەمەش سەركردایەتیی شۆڕش دركیان بەوە كردووە، بۆیە بیریان لە دامەزراندنی ڕێكخراوێكی فراوانتر كردۆتەوە، تا ئەوەی ڕۆڵی بەرەیەكی نیشتمانی ببینێت، كۆمەڵ و گروپە پێشكەوتنخوازەكان لە دەوری خۆیدا كۆبكاتەوە. ئیدی لە چوارچێوەی هەوڵەكانی

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صالح الحیدري، مختارات...، ص ص ٣٠–٣١؛ د.عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات...، ص ص١١٠ – ١١٣؛ فیصل الدباغ، اضواء علی كتاب الجمعیات و المنظمات والاحزاب الكوردیة في نصف قرن ١٩٠٨– ١٩٥٨ "دراسة نقدیة"، الطبعة الاولی، (اربیل، ١٩٩٧)، ص ٨٦.

(٢) عبدالستار طاهر شریف، تاریخ الحزب الثوري الكردستاني، (بغداد، ١٩٧٨)، ص٢١؛ عبدالرزاق الحسني، تاریخ الاحزاب السیاسیة العراقیة، الطبعة الثانیة، (بیروت، ١٩٨٣)، ص٣١٨.

(٣) سەروەر عبدالرحمن عمر، پارتی كۆمۆنیستی عێراق و مەسەلەی كورد ١٩٣٤– ١٩٧٥ توێژینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە، نامەی دكتۆرا بڵاونەكراوەتەوە، (زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، بەشی مێژوو، ٢٠٠٨)، ل ٩٩.

شۆڕش و بە دەنگەوە هاتنی نیشتمانپەروەرانی کورد، دوای چەندین دانوستان و ڕاگۆرینەوە، لە زستانی ١٩٤٥ یەکەم بەیانی حزبی ڕزگاری کورد ڕاگەیەنرا[١].

لەگەڵ هاتنە دامەزراندنی حزبی ڕزگاری، شۆڕش وەکو پارتێکی چەپ لە گۆڕەپانی کارکردن لە باشووری کوردستاندا مایەوە، بەڵام ئەندامەکانی لە ناو ڕزگاریدا ڕۆڵیان هەبووە. دیارە ئەوەش وەکو پێش مەرجێك چەپە کوردەکان مەبەستیان بووە پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوەی پێیان وابووە هەر چەندە چینی کرێکاری کورد بە ژمارە کەمن و بیری چینایەتیشیان نزمە، بەڵام دیسانەوە بوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بۆیان پێویستە، چونکە نەدەبوو تایبەتمەندی چینەکەیان و بەرژەوەندییەکانیان لە ناو بەرژەوەندی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگادا بتوێننەوە[٢].

حزبی ڕزگاری، لە ماوەیەکی کەمدا توانی گەشەیەکی فراوان بە خۆیەوە ببینێت و زۆرێك لە کوردەکان بکات بە ئەندام، بۆ ئەوەی بەیەکەوە دروشمی دژایەتیکردنی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستی لە پێناو ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە و هاتنەی دی مافی چارەنووس بەرزبکەنەوە. لێرەشدا ئەوەی جێگای تێبینی کردنە، دەبینین ڕزگاری بۆ ئەوەی سوود لە توانای سەرجەم دەستە و چینەکانی کۆمەڵەی کوردەواری وەربگرێت، لە پرۆگرامەکەیدا ئاماژەی بۆ خەباتی چینایەتی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیمایەکی چەپی ئاشکرا بە دروشمەکانییەوە دیار بووە[٣].

وەك دەبینرێت، لە ژێر کاریگەری هەوڵ و کۆششەکانی هەر دوو پارتی شۆڕش و ڕزگاریدا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد پەیوەست بووە بە بیرۆکەی مارکسیی– لینینیی، کاتێك وەکو فەلسەفەیەکی پەسەندکراو لە لایەن لاوانی ڕووناکبیر و کاسبکارانی بەشداربوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا، کاری پێکرا، بەڵام ئەوەی لەوەدا یارمەتیدەر بوو، بوونی یەکێتیی سۆڤێیت بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەو کاتەدا پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد دەکرد لەوێدا، بەمەش وایلێهات تێکۆشەرە کوردەکان وابیربکەنەوە، کورد ڕزگاری نابێت تەنیا بە هاوکاری یەکێتیی سۆڤێیت نەبێت، کە لە

---

(١) علی عبداللە، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان – عیراق تا بەستنی کۆنگرەی سێیەمی، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٦٨)، ل٢٧؛ د. عزیز شەمزینی، جولانەوەی ڕزگاریی نیشتمانی ی کوردستان، ل ٢٧٠.

(٢) صالح الحیدری، مختارات...، ص ٨٠؛ جلال تاڵەبانی، کوردستان و...، ل ل ١٢٢–١٢٥.

(٣) علی عبداللە، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان...، ل٢٩؛ سەروەر عبدالرحمن عمر، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و...، ل١١١.

سایەی فەلسەفەی مارکسیی– لینینییدا کارەکانی ئەنجام دەدات(1). ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەی ئەو بڕوایەی زیاتر بە هێزتر کرد ئەو ڕۆڵە بوو کە بریتانییەکان لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە عێراق و ئێراندا دەیانگێڕا(2).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، دامەزراندنی کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد(3)، کاریگەری بەسەر ناوچەکانی باشووری کوردستان هەبوو، لێرەشدا لە بەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەکانی ئەوێدا بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی پێشکەوتوو لە شوباتی ١٩٤٦ بۆ باشووری کوردستان لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی (١٩٠٣–١٩٧٩)، هەمزە عەبدوڵڵا، میرحاج ئەحمەد (١٩٠٥–١٩٨٧)، مستەفا خۆشناو (١٩١٢–١٩٤٧)، محەمەد مەحموود قودسی (١٩٢٢–١٩٤٧) ، خەیروڵڵا عەبدولکەریم (١٩١٢–١٩٤٧) و عیززەت عەبدولعەزیز (١٩١١–١٩٤٧) هاتە پێشەوە، بڕیاری لێدرا(4). بەڵام لەبەر ئەوەی ئاسان

---

(١) "کورد دوژمن و دۆستی خۆی باش دەناسێ"، ڕۆژنامەی"رزگاری"، ژمارە(٧) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد–عیراق ساڵی شەشەم، ٧ی نیسانی ١٩٥٢؛ "کۆنگرەی نۆزدەهەمینی پارتی کۆمۆنیستی سوڤیتی مەزن"، ڕۆژنامەی "رزگاری"، ژمارە(١٠– ١٣) ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کورد– عیراق، ساڵی شەشەم و حەوتەم، ئەیلول و تشرینی یەکەمی ١٩٥٢.

(٢) جەلال تاڵەبانی، کوردستان و...، ل ١٢٨.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ کۆماری کوردستان بڕوانە: محمود ملا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان نامە و دۆکومێنت، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، (سلێمانی، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٣)؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان ڕێبەندانی ١٣٢٤– سەرماوەرزی ١٣٢٥ کورد لەگەمەی سۆڤێتی دا، چاپی دووەم، (سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، ٢٠٠٦).

(٤) لە نێو سەرچاوەکاندا بیروڕای جیاواز دێتە بەرچاو، لە کاتێکدا جەلال تاڵەبانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەمزە عەبدوڵڵا گەڵاڵەی بیرۆکەی دامەزراندنی پارتێکی دیموکراتی کردووە و دواتر لەگەڵ میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، عەزیز شەمزینی و ژمارەیەکی دیکە گفتوگۆی کردووە و دەستەیەکی دامەزرێنەریان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی پێکهێناوە. لە بەرانبەر ئەوەدا مەسعود بارزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مەلا مستەفا لەگەڵ هاوڕێیانی لە (لێژنەی ئازادی) بڕیاری دامەزراندنی پارتییان داوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، عەلی عەبدوڵڵا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەمزە عەبدوڵڵا لەسەر ڕاسپاردەی پارتی کۆمۆنیست لە کوردستان – شۆڕش چۆتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بینینی مەلا مستەفا بارزانی، دواتر ئەو هەنگاوەی ناوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جەلال تاڵەبانی، کوردستان و...، ل١٣٥؛ مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی

نەبوو چالاکییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام بدەن، بۆیە هەمزە عەبدوڵڵا دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان تا لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتیی ڕزگاری گفتوگۆ لەم بارەیەوە بکات(1).

هەمزە عەبدوڵڵا لە دوای گەڕانەوەیدا دەکەوێتە دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش و سەرکردایەتیی ڕزگاری، بەڵام ئەوەی دەبێتە سەرەتای دەرکەوتنی جیاوازییەکان پێشنیاری دانانی شێخ لەتیف شێخ مەحموود (١٩١٧-١٩٧٢) و کاکە زیاد ئاغا (١٩١٤-١٩٩١)یە، وەك جێگرانی یەکەم و دووەمی سەرۆکی پارتەکە(2)، لەبەر ئەوەی چەپەکان پێیان وابوو سەرکردایەتی پارتە تازەکە دەبێت لە لایەن کەسانی شۆڕشگێڕ و بە توانا بەڕێوەببردێت، نەوەك لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی دەستنیشان بکرێن، بەمەش هەرچەندە هەوڵی ئەوە درا مەسەلەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام بێ ئەنجام دەبێت(3). لەم بارەیەوە توێژەرێك پێی وایە ئەگەر لە ڕوانگەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگای کوردستانەوە بڕوانین، سەرۆك خێڵەکان هێزی سەرەکی بوون و دەرەبەگایەتی ڕژێمێکی باڵا دەستبوو، ئەوە دانانی ئەوانە وەکو پاڵپشتی، پێویست بوو، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی سیاسییەوە سەیری بابەتەکە بکەین ئەوە دەبوو سوود لە سەرکردایەتی و بنکە جەماوەرییەکان وەربگیرێت، چونکە ڕەوتی چەپ بە شێوەیەکی فراوان لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان گەشەی کردبوو(4).

لە دەرهاوێشتەی ئەو بابەتەی ئاماژەی بۆ کرا، شۆڕش بە مەبەستی خۆهەڵوەشاندنەوە لە سەرەتای ئابی ١٩٤٦ کۆنگرەی خۆی بەست، لێرەشدا سەرباری ئەوەی هەموویان لەسەر مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەیان کۆك بوون، بەڵام لەبەر

---

ڕزگاریخوازی کورد١٩٣١- ١٩٥٨، بەرگی یەکەم، (بێ شوێن چاپ، ٢٠١٢)، ل١٨٧؛ علی عبداللە، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان...، ل٢٥.

(١) نوري شاويس، من مذكراتي، ص٣٦؛ حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق( في محطات رئيسية)١٩٤٦-١٩٩٣، الطبعة الاولى، (دهۆك، مطبعة خەبات، ١٩٩٨)، ص٣٣.

(٢) کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، (هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆران، ٢٠٠٣)، ل٢٤٤.

(٣) صالح الحيدري، مختارات ...، ص ص٣٤-٣٥؛ علی عبداللە، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان...، ل٤٧؛ نوری شاویس، من مذكراتي، ل ٤٢.

(٤) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی...، ل ل١٢٠-١٢١.

ئەو هۆکارەی ئاماژەمان بۆکرد دەستەیەکیان قبوڵیان نەبوو بچنە ناو پارتە تازەکەوە، کە ئەوانیش بریتی بوون لە: ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان (١٩٢٧-١٩٨٧)، جەمال حەیدەری (١٩٢٦-١٩٦٣) و عەلی مەکتەبە، بۆیە چالاکییەکانیان گواستەوە ناو پارتی کۆمۆنیستی عێراق[1].

یەکەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کورد ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە بەغدا بەسترا، تێدا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران و دواتریش ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دیاریکران، بەڵام ئەوەی جێگای وردبوونەوەیە لە ناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا لە کۆی چواردە ئەندام، پێنج مارکسی و دوو چەپی تێدا بوو، هەروەها لە نێو مەکتەبی سیاسیشدا لە پێنج ئەندام، چواریان مارکسین، ئەوە سەرەڕای ئەوەی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کەسێکی مارکسی بوو، کە هەمزە عەبدوڵڵایە[2].

پارتی دوای ئەوەی دەستی بە کارەکانی کرد، هەڵوێست و کاردانەوەکانی دیاربوون لەو ڕووداوانەی لە عێراقدا ڕوویاندا، تا ئەوەی ساڵی ١٩٤٩ بەهۆی دەستگیرکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامەکانی چالاکییەکانی سستبوون، بەمەش هەمزە عەبدوڵڵا بە تەنیا لە گۆڕەپانی کارکردندا مایەوە تا ئەوەی ناوبراویش ساڵی ١٩٥٠ دەستگیرکرا. لێرەدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان سەرەتا کۆنفرانسێك و دواتریش ساڵی ١٩٥١ کۆنگرەی دووەمی پارتی بەسترا، ئەنجام ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری پارتی دەستنیشان کرا، بەڵام وەك ئاشکرایە ئەنجامی کۆنگرەکە لە لایەن هەمزە عەبدوڵڵا و لایەنگیرەکانی قبوڵ نەکرا، بۆیە جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و پارتی دیموکراتی کورد (بەرەی پێشکەوتن)یان دامەزراند[3]. ئەمەش لە نێو سەرچاوەکاندا بە ململانێی نێوان باڵی چەپ و باڵی ڕاستی نێو پارتی دادەنرێت[1].

---

(١) موسوعة السرية خاصة بالحزب الشيوعى العراقي، الجزء الاول، (بغداد، ١٩٤٩)، ص٧٢ .

(٢) فريد اسسرد، اتجاهات السياسة...، ص٢٤. مارکسییەکان بریتی بوون لە: هەمزە عەبدوڵڵا، عەلی عەبدوڵڵا، عەبدولکەریم تۆفیق، ڕەشید عەبدولقادر، عەبدولسەمەد محەمەد. چەپەکانیش هەر یەك لە: تەها محێدین مەعرووف و ڕەشید باجەلان بوون.

(٣) پارتی دیموکراتی کورد- بەرەی پێشکەوتن، سەرکردایەتی بەرەی پێشکەوتن پێکهاتبوون لە: هەمزە عەبدوڵڵا، موحەڕەم محەمەد ئەمین، شەهاب شێخ نووری، حەمە کەریم فەتحوڵڵا و بابا تاهیر شێخ جەلال، بانگەشەیان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی و دیموکراتی و ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییەکان دەکرد، پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانییان بە پێویست دەزانی، هەروەها پشتگیری مانگرتنە کرێکارییەکان و ڕاپەڕینە جوتیارییەکانییان دەکرد و بەهەنگاوی یەکەم بۆ

جێگای ئاماژەیە، گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی ساڵی ١٩٥٣ ئەنجامدرا، کاتێك ناوەکەی گۆڕا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان–عێراق و لە پێڕەوی ناوخۆشدا فکریی مارکسیزم– لینینزم پەسەند کرا، لەم چوارچێوەشدا پارتی داوای چاکسازیی کشتوکاڵی کرد و دژایەتی خۆی بۆ دەرەبەگایەتی و سیاسەتی سوخرەکردنی جوتیاران درەبڕی و هانیدان لە دژی دەرەبەگایەتی کورد خەبات بکەن، هەروەها داوای خۆماڵیکردنی نەوت و پیشەسازییە گرنگەکانی کرد، پشتیوانی خۆی بۆ مافەکانی کرێکاران دەربڕی و چووە ناویانەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لەسەر ئاستی سیاسی سەرکردایەتیی تازە داوای چوونە بەرەی سەربازگەی سۆسیالیستی کرد لە دژی داگیرکاری بریتانی، بەمەش بیرۆکەی بێ لایەنی ڕەتکردەوە، داوای کرد پەیماننامەی بریتانی – عێراقی هەڵبوەشێندرێتەوە، سیستەمی پاشایەتی لە عێراقدا نەمێنێت و کۆمارێکی دیموکراتی میللی دابمەزرێت، تا لەم چوارچێوەیەشدا کورد ئۆتۆنۆمی وەربگرێت[٢]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت لەو سەردەمەدا بە ڕووکەشیش بوایە دەبوو پارتی ئاراستەی چەپ وەربگرێت، لەبەر ئەوەی لە لایەك ببوو بە مۆدێل، لە لایەکی دیکەشەوە، دەبوو بەربەست لە بەردەم چالاکییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا دروست بکات.

لە ڕاستیدا، لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی لە باشووری کوردستان لە دوای دروستبوونییەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، بەڵام پارتی

---

کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمیان دادەنا. بەرەی پێشکەوتن لەسەر چالاکییەکانیان بەردەوام بوون تا دواجار ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ پارتی یەکیان گرتەوە و (پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان)یان پێکهێنا. صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦–٢٠٠١، (بيروت، مؤسسة البلاغ للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠١)، ص٥٧؛ ڕاپەرینەکەی مللەت لە تشرینی دووەمدا، بەیاننامەی بەرەی پێشکەوتی پارتی دیموکراتی کورد– عراق لە ١٩٥٣/١١/٢٢.

(١) ئەمجەد شاکەلی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەی نوێی چەپی کوردی( عیراق)، بەشی یەکەم، (www.kurdistannet.org، ٢٠٠٥)، ل ١٠.

(٢) پێڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان– عیراق، شوباتی ١٩٥٣؛ دادگای مێژوو، دیالۆگێکە لە نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان– برایم ئەحمەد و محەمەد ڕەسول هاوار، (بێ شوێن و ساڵی چاپ)، ل ٢٧؛ نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ مستەفا بارزانی لە ١٩٥٥/١٠/٥ وەرگیراوە لە:(مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی یەکەم، ل ل ٤٤٧– ٤٧٠.

کۆمۆنیستی عێراقیش لە دوای ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی توانیبووی چالاکییەکانی لە ناوچەکە پەرە پێبدات و ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد بخاتە ڕیزەکانییەوە. بەتایبەت لە دوای کۆنگرەی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ بە بۆچوونەکانی کۆنفرانسی پێشوویدا دەچێتەوە و لەم چوارچێوەیەشدا بڕیاری دامەزراندنی لقی کوردستان، دەدات[١]. سەرباری ئەوەش لە ڕۆژنامەی (ئازادی)دا، وەك زمانحاڵی لقی کوردی پارتی کۆمۆنیستی عێراق کە بە زمانی کوردی دەردەچوو، بانگەشەی بۆ برایەتی عەرەب و کورد، لەگەڵ نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیاردا دەکرد[٢]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە چالاکی و لایەنگرانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق هێندەی دیکە پەرەیان سەند کاتێك بەشێك لە کادیرانی لە ژێر ناوی پارتی ڕزگاری نیشتمانی (حزب التحرر الوطني)[٣] پێڕەو و پرۆگرامی خۆیان لە ناوچەکانی کوردستان بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە، توانیان چەکەرە بە بزووتنەوەی فکری و سیاسی بدەن و بزووتنەوەی کوردایەتی بە بزووتنەوەی سیاسی دیموکراتی عێراقی و عەرەبییەوە ببەستنەوە[٤].

ئەم هەنگاوانەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و هەڵوێستەکانی لەمەڕ سیاسەتی حکومەتی عێراق و ڕەفتاری لە بەرانبەر کورد و مەحکوم کردنی لە لایەن پارتی کۆمۆنیستەوە، کاریگەری کردە سەر ئەوەی کە ڕێکخستنەکانی لە باشووری کوردستان زیاد بکات[٥]. بەڵام ئەو بارودۆخە درێژە ناکێشێت، چونکە ڕێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە کۆتاییەکانی ١٩٤٨دا لە لایەن دەزگاکانی حکومەتەوە ئاشکرا دەبێت و ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرەکانی بەند دەکرێن. لەم چوارچێوەشدا

(١) پێڕەوی ناوخۆی حزبی شیوعی عێراقی. وەرگیراوە لە: (تەواوی نووسینەکانی هاوڕێ فەهد، وەرگێڕانی: جەلال دەباغ، (بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠١)، ل ل ١٢٣–١٤٥).

(٢) فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی ....، ل٣١٧.

(٣) کۆمەڵێك لە کادیرانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بە مەبەستی دامەزراندنی پارتێك بۆ ئەوەی وەکو ڕوکارێکی ئاشکرای پارتەکەیان کارەکانیان ئەنجام بدەن، لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٤٦ داواکارییەکیان بۆ دامەزراندنی پارتی ڕزگاری نیشتمانی (حزب التحرر الوطني) پێشکەش کرد. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ العراق السياسي، ص٥٧ .

(٤) فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژووی...، ل٣١٨.

(٥) کریس کۆچیرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست، ل١٩١.

یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بارودۆخەکە کاریگەری لەسەر ڕێکخستنەکان لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا هەبوو[١].

شایەنی باسە، لەو بارودۆخەدا پارتی کۆمۆنیست بە تەواوەتی چالاکییەکانی سستببوون، بەڵام ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری بینی لە زیندووکردنەوەی ڕێکخستنەکانی، ئەندامە کوردەکانی بوون. بۆیە یەکێکی وەکو حەنا پەتاتۆ (حنا بطاطو) ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٩–١٩٥٥) لە مێژووی پارتی کۆمۆنیستدا، بە ساڵانی باڵا دەستبوونی کورد دەداتە قەڵەم و ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات، پارتەکە لە کوردستانەوە سەرکردایەتی کراوە نەوەك لە بەغدا[٢]. بەڵام وەك دەبینین بارودۆخەکە بەردەوام نابێت، بەهۆی زیندانی کردنی هەندێك لە کوردەکان، لەگەڵ گۆڕینی هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیست بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوەخوازی (ناسرییەکان) لە میسر، کە لە دواجاردا وایکرد لقی کوردستانی گۆڕانکاری وای بە خۆیەوە بینی، تا ئەوەی زۆربەی ئەندامەکانی بڕوایان بە سیاسەتی پارتی کۆمۆنیست لەق بوو[٣].

کار و چالاکی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە باشووری کوردستان لە یەك کاتدا، کاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوانیان دروستکردووە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە مەسەلەی دامەزراندنی پارتە دیموکراتەکان لە لایەن یەکێتیی سۆڤێیت پاڵپشتی کرابوو، هەروەها پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش لە نیسانی ١٩٤٥ هەنگاوەکەی بە پێویست لە قەڵەم دابوو[٤]. بەڵام وەك لە دواتر دەبینین

---

(١) سەروەر عبدالرحمن عمر، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی کورد، ل ١٣٦.

(٢) حنا بطاطو، العراق الكتاب الثاني، الحزب الشيوعي، ص ص ٣٦٧ –٣٦٨. لەو ماوەیەدا لە سەرەتادا حەمید عوسمان، دواتریش بەهائەدین نووری (١٩٤٩– ١٩٥٣) و کەریم ئەحمەد (١٩٥٣– ١٩٥٥) وەك سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عێراق کارەکان ڕادەپەڕێنن، جگە لە وەش لە سەرکردایەتی پارتەکەدا هەریەك لە: ساڵح حەیدەری، جەمال حەیدەری، نافیع یونس، عەزیز محەمەد و عومەر شێخ عەلی ڕۆڵی بەرچاو دەبینن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سەروەر عبدالرحمن عمر، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی کورد، ل١٤٠.

(٣) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی: کوردۆ، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٨٥)، ل ١٨٤.

(٤) حنا بطاطو، العراق: العراق الكتاب الثاني، الحزب الشيوعي، ص٤٠٦؛ د. فاضل رسول، كردستان و السياسة السوفيتية في الشرق الاوسط، ترجمة: غسان نعسان، (السليمانية، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، ٢٠٠٨)، ص٢٤٠.

پارتی کۆمۆنیست بارودۆخەکەیان قبوڵ نەبوو، بۆیە لە چوارچێوەی چەند مەسەلەیەك ململانێ کەوتە نێوانیانەوە.

یەکێك لەو مەسەلانەی گفتوگۆ و دەمەتەقێ لە بارەیەوە دەکرا ئەوە بوو، کورد نەتەوەیە یان نا؟ لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستەکان دەمێك بوو نکۆڵیان لە بوونی ئەوە دەکرد، کورد نەتەوەیە، جگە لەوەش لەو پێڕەوەی کە لەسەردەمی فەهد دەرچوو بوو، ئێزیدییەکانی بە کورد هەژمار نەکردبوو[1]. ئیدی لەم چوارچێوەیەدا پارتییەکان وەك وەڵامدانەوەیەك پێداگیرییان لە بوونی نەتەوەی کورد دەکرد[2].

خاڵێکی دیکەی ناکۆکی نێوانیان لەسەر پەیوەست بوون بە دامەزراندنی پارتێکی پێشڕەو و بوونی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە کوردستاندا، لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستەکان بانگەوازەکەی فەهدیان ڕەتدەکردەوە و لەگەڵ بوونی پارتێك نەبوون کورد سەرکردایەتی بکات و هەوڵەکانی بۆ ئازادی و ڕزگاری بێت، بەو پێیەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق سەرکردایەتی بزووتنەوە و تێکۆشانی گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە دەکات، هەروەها لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی لاوان، قوتابیان، ئافرەتان نەبوون. بەڵام بە پێچەوانەوە پارتی پێی وابوو کورد وەك نەتەوەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە و مافی خۆیەتی هەنگاو بۆ سەرخستنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی بهاوێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا پارتی سووربوو لەسەر ئەوەی دەبێت بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دژ بە داگیرکەر و کۆنەپەرستی و خاوەن وزەگەلێکی شۆڕشگێڕی دابمەزرێت و هەڵگری ئامانجی پێشکەوتنخواز و دیموکراتی بێت، هەروەها هەنگاو بهاوێت بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی چینی زەحمەتکێش و هاوبەشی بکات لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان لە دژی کۆنەپەرستی و لە پێناو بەدیهێنانی ڕزگاری و دیموکراسیدا[3].

لە لایەکی دیکەوە، سەرەڕای ئەوەی سەرکردایەتی هەردوو پارتەکە چەپ بوون، یان لایەنی کەم لە ژێر کاریگەرییەکەیدا دابوون، کەچی تێڕوانینی توندیان بۆ یەکتر هەبوو. پارتی کۆمۆنیستی عێراق نکۆڵی لە بوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و خەباتێکی لەو شێوەیە دەکرد، بەڵکو ئەوەی هەبوو بە پارتێکی نەتەوەیی بۆرجوازیی —

---

(١) تەواوی نووسینەکانی هاوڕێ فەهد، ل١١٠.

(٢) سەروەر عبدالرحمن عمر، پارتی کۆمۆنیستی عیراق و مەسەلەی کورد، ل ل ١٣٣–١٣٤.

(٣) علی عبدالله، مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان...، ل ٥٨؛ فرید اسسرد، اتجاهات السياسة، ص٥١.

دەرەبەگایەتییان دادەنا، کە پێیان وابوو سەردەمی بەسەر چووە. لە بەرانبەردا پارتیش پێی وابوو پارتی کۆمۆنیست ڕێکخراوێکە بۆتە مایەی وێرانکردنی بزووتنەوەی کرێکاری. بەمەش وایان دەبینی بزووتنەوەکەیان بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانییە و دژی داگیرکاری و کۆنەپەرستییە و ناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازی و ڕووکەشێکی شۆڕشگێڕی هەیە، بۆیە پێویستە لە ناو ڕیزەکانیدا کاربکرێت و پشتیوانی لە دروشم و داخوازییەکانی بکرێت، هەروەها هەوڵی گونجاندنی خەسڵەتە شۆڕشگێڕی و پێشکەوتنخوازییەکەی بدرێت، وەکو زەمینەسازی بۆ ڕێکخستنی سەرکردایەتی کردنی لە لایەن پارتێکی شۆڕشگێڕی کوردی، کە هەموو شۆڕشگێڕە مارکسی و پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان لە خۆیدا کۆبکاتەوە[(١)].

دواخاڵ لە ناکۆکییەکانی نێوانیاندا، پارتییەکان پێیان وابوو لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق شتێکی زیادە و بوونی پێویست نییە، بۆیە داوای هەڵوەشاندنەوەیان دەکرد، لێرەشدا پارتی کۆمۆنیست ئەو هەڵوێستەی پێ قبوڵ نەبوو. ئەنجام پەیوەندییەکان بە ئاڵۆزی مایەوە، تا ئەوەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق کۆنگرەی خۆی لە ساڵی ١٩٥٦ بەست و لە بیروڕاکانی لە بەرانبەر کورددا پاشەکشەی کرد، بەمەش پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەوە. بەڵام ئەوەش زۆری نەخایەند، لەبەر ئەوەی ساڵی ١٩٥٧ لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیست بڕیاری هاتنە ناو پارتیدا، بەمەش بارودۆخ و پەیوەندی نێوانیان جارێکی دیکە ئاڵۆزی تێکەوتەوە[(٢)].

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دەروازەیەکی بە ڕووی چەپ و مارکسییەکان لە عێراقدا کردەوە، لە لایەک بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەندام و هەوادارانیان، لە لایەکی دیکەشەوە پەرەسەندنی چالاکییەکانیان لە عێراق و

---

(١) جەلال تاڵەبانی، کوردستان و...، ل١٤٨؛ د. كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، الطبعة الثانية، (اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر، ٢٠٠٥)، ص ص٢٦١-٢٦٢.

(٢) لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە تەمووزی ١٩٥٧ یاداشتێکی لەو بارەیەوە پێشکەشی سەرکردایەتی پارتەکەی کرد، بەڵام بە توندی ڕەتکرایەوە، کەچی ئەوان سووربوون و دواجار جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند و هاتنە ناو پارتی، بەوەش ڕەوتی چەپ لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان باڵا دەستبوویەوە و ژمارەیان زیادی کردەوە. فريد اسسرد، اتجاهات السياسة...، ص٥٩؛ صلاح الخرسان، التيارات...، ص ص ٥٩-٦٠.

کوردستاندا[1]. جگە لەوەش بارودۆخەکە کاریگەر بوو لە نزیک بوونەوەی پارتی و پارتی کۆمۆنیستی عێراق، بە تایبەت دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ بۆ بەغدا، بەمەش کۆمۆنیستەکان هێندەی پارتییەکان چالاکییان نواند و بە هاتنەوەی دڵخۆشبوون، چونکە بە هیوای ئەوە بوون ناوبراو بە بیرۆکەی کۆمۆنیستانە گەڕابێتەوە[2].

شایەنی باسە، بارودۆخی دوای شۆڕش وای کرد لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ پەیماننامەیەك لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان واژۆ بکرێت[3]، ئەمەش کاریگەری کردە سەر باری ناوخۆی پارتی، چونکە جارێکی دیکە چەپەکان لە ناو پارتیدا باڵا دەست بوونەوە[4]، بەتایبەت دوای ئەوەی ئیبراهیم ئەحمەد وەکو سکرتێر لە ١٩٥٩ دوورخرایەوە و لە شوێنی ئەودا هەمزە عەبدوڵڵا بە سکرتێر دانرایەوە. لێرەشدا لەبەر ئەوەی هەمزە عەبدوڵڵا کەسایەتییەکی مارکسی بوو، کەوتە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا، تا ئەو ڕادەیەی لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت پارتی لە سیاسەتی خۆیدا بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر کاریگەری پارتی کۆمۆنیستەوە، لەبەر ئەوەی لە دواجار پارتی ڕەزامەندی لەسەر یەکخستنی چالاکی ڕێکخراوەکانی قوتابییان، لاوان، ئافرەتان و جوتیاران دەربڕیوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کۆمۆنیستەکان مەبەستیان بوو لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە مارکسییەکانی ناو پارتییەوە، پارتی بکەن بە ڕوویەکی دیکەی

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، العراق دراسة في التطورات السياسية الداخلية ١٤تموز١٩٥٨ – ٨ شباط١٩٦٣، الطبعة الاولى، (دمشق، دار الزمان، ٢٠٠٨)، ص ص١١١ – ١١٣.

(٢) ئیبراهیم جەلال، خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول بنیاتنان و هەڵتەکاندن(١٩٦١–١٩٧٥)، چاپی سێیەم، (سلێمانی، ١٩٩٩)، ل٤٧.

(٣) میثاق تعاون بین الحزب الشیوعي العراق و الحزب الدیمقراطي الموحد لکردستان، ١٠/ تشرین الثاني ١٩٥٨؛ بەیاننامەی لێژنەی ناوچەی کەرکوکی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، ١٩٥٨/١١/٢٦؛ بەیاننامەی لێژنەی لقی هەولێر پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، ٢٨/ ١٩٥٨/١١.

(٤) عبدالفتاح علي یحیی البوتاني، وثائق عن الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة ملاحظات تأریخیة ودراسات أولیة، (اربیل، مطبعة وزارة التربیة، ٢٠٠١)، ص ص ٢٤٣–٢٤٤؛ د.میڤان عارف البادي، الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة في کوردستان العراق ١١٩٥٨– ١٩٦٣، (اربیل، مطبعة وزارة التربیة، ٢٠٠٥)، ص ص٦١– ٦٢.

پارتەکەیان[١]، چونکە بە پێچەوانەی ویستی مەلا مستەفا بارزانی، هەمزە عەبدوڵلا پەیمانی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی واژۆ دەکات، کە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٩ پێشکەش کرابوو. بەمەش ڕووداوەکان درێژەی نەکێشا لە کاتێکدا لە شەوی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٥٩ بە فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی بارەگای مەکتەبی سیاسی دەستی بەسەر دادەگیرێت و، ئەندامییەتی هەمزە عەبدوڵلا و هاوڕێکانی هەڵدەپەسێندرێت، دواتریش لە کۆنگرەی چوارەم لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ بە تەواوەتی لە پارتی دەردەکرێن[٢]. لێرەشدا سەرچاوەکان پێیان وایە ئەم کۆنگرەیە بۆ پارتی گرنگ بوو، لەبەرئەوەی لە ئایدیۆلۆژییەت و لادان و بەستانەوەیان بە پارتی کۆمۆنیست ڕزگارییان بوو[٣]. ئەگەرچی مەسەلەی دوورکەوتنەوەی لە هزری مارکسی پێچەوانەی ویستی بەشێك لە کادیرانی پارتی، بە تایبەتی لێژنەی سلێمانی بوو، چونکە لە ڕاپۆرتێکیاندا کە بەر لە بەستنی کۆنگرەکە بۆ بارزانییان ناردووە، جەخت لەوە دەکەنەوە پارتی لە ئایدیۆلۆژیای مارکسییەت لا نەدات[٤].

وەك چاوەڕوان دەکرا پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و پارتی کۆمۆنیست ئالۆزی تێکەوتەوە، چونکە ڕۆژنامەی ئازادی زمانحاڵی لقی کوردستانی، کە لە کەرکووك دەردەچوو کەوتۆتە هێرشکردن، بەتایبەت دوای ئەوەی بە ڕوونی بۆیان دەردەکەوێت، مەلا مستەفا بارزانی وەك کۆمۆنیستێك بیر ناکاتەوە و ڕەفتار ناکات. جگە لەوەش پارتی کۆمۆنیست لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکەیان لە ناوچەکانی کوردستان کەوتنە ڕاوەدونان و تەنگ پێهەڵچنین بە ئەندام و کادیرانی پارتی. بەمەش مەسەلەکە بەبن

---

(١) جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، ل١٩٤؛ مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ١٩٥٨–١٩٦١، بەرگی دووەم، (بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٢)، ل٧١.

(٢) حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد)دا، چاپی سێیەم، (سلێمانی، چاپخانەی سیما، ٢٠٠٢)، ل٢٦؛ مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی دووەم، ل٧١؛ مام جەلال، "خەبات لە چییەوە هات و چۆن بوو بە ئۆرگانی پارتی؟ و چۆن بەڕێوە دەچوو"، گۆڤاری "خاك"، ژمارە(٥٥) ساڵی پێنجەم، سلێمانی،١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢، ل ل ٤–٥.

(٣) حبیب محمد کریم، تأریخ الحزب...، ص٦١؛ الحزب الدیمقراطي الکوردستاني، موقف الاحزاب السیاسیة العراقیة من القضیة الکوردیة ١٩٤٦–١٩٧٠، الطبعة الاولی، (من منشورات مکتب الدراسات و البحوث المرکزي، ١٩٩٧)، ص ص٩٦–٩٨.

(٤) پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، لێژنەی ناوچەی سلێمانی، ١٩٥٩/٢/١٦. وەرگیراوە لە: ( مەسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی دووەم، ل ل١٧٧ –١٧٨).

بەست گەیشت، بۆیە بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی داوای ئەوەیان کرد سنوورێك بۆ ئەم هەنگاوانە دابنرێت[1]. ئەنجام هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخە و سنووردارکردنی چالاکی پارتەکان بە کۆمۆنیستەکانیشەوە لە لایەن عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤– ١٩٦٣)، بە تایبەت دوای ڕووداوەکەی کەرکووك لە تەمموزی ١٩٥٩، کاریگەری هەبوو لەسەر لاواز کردنی پێگەی پارتی کۆمۆنیست و چەپەکان لە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی[2].

لەگەڵ ئەوەی پارتی کۆمۆنیست لە لایەن عەبدولکەریم قاسم چالاکییەکانی سنوودار دەکرێت، بەڵام لە کاتێکدا قاسم سیاسەتی بەرانبەر بە کوردەکان دەگۆڕێت و هەوڵی بەرتەسکردنەوەی چالاکییەکانی پارتی دەدات، پارتی کۆمۆنیست بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدا نابێت بەرەنگاری قاسم بکرێت. لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەشدا لە کاتێکدا شۆڕش لە ناوچەکانی کوردستان لە ئەیلوولی ١٩٦١ دەست پێدەکات پارتی کۆمۆنیست لەگەڵیدا نابێت، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو شۆڕش ببێتە هۆکاری کەوتنی حکومەتی قاسم و ئەوانیش لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی نەتوانن جێگرەوەیەك بۆ شوێنەکەی بدۆزنەوە[3]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت ئەو هەڵوێست وەرگرتنەی پارتی کۆمۆنیست و سەیرکردنی شۆڕشی ئەیلول بە شۆڕشێکی نەتەوەپەرست تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی چالاکی مارکسی و چەپەکان لە باشووری

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە بارەی هەڵسووکەوتی پارتی کۆمۆنیست لە بەرانبەر کادیر و ئەندامانی پارتی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەنجامیانداوە کە لە کتێبی: مسعود بارزانی، بارزانی و...، بەرگی دووەم، ل ل ٣٠٥–٣٠٦، ٣١١– ٣١٩ ، ٣٣٩–٣٦٦ ئاماژەیان بۆ کراوە.

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، من أرشيف جمهورية العراق الاولى الحركة الشيوعية في تقارير مديرية الأمن العامة ١٩٥٨–١٩٦٣، (اربيل، مطبعة حاجى هاشم، ٢٠١٠)، ص ص٢٧–٣٣؛ مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، (بەغدا، ١٩٩٤)، ل١٦٠؛ شوان محەمەد ئەمین تەها خۆشناو، هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨–١٩٦٣) لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٢)، ل١٨٢.

(٣) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، ل ٢٧٧؛ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، موقف الاحزاب السياسية العراقية...، ص١٠٤.

کوردستاندا، ئەگەر بزانین کوردەکانی ناو پارتی کۆمۆنیستیش بە هەڵوێستەکانیان نیگەران بوون[1].

درێژە کێشانی سیاسەتی تاکڕەویانەی عەبدولکەریم قاسم و نکۆڵیکردنی لە مافە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانی خەڵکی کوردستان، ئاڵۆزبوونی باری سیاسی لە عێراقدا بە گشتی، دواجار ئەنجامەکەی بەوە گەیشت، لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەك بەسەر حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم کرا. دوای ئەوەش کە بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم، کەوتنە قەڵاچۆکردنی کۆمۆنیستەکان. لەم چوارچێوەشدا پارتی کۆمۆنیست و ڕێکخستنەکانی کەوتنە بەر شاڵاوی هێزەکانی حکومەت و ژمارەیەکی زۆریان زیندانی کران و دواتر لە سێدارە دران. ئەوانەشی ڕزگارییان بوو ڕوویان کردە ناوچەکانی کوردستان[2]. ئەوە لێرەدا تێبینی دەکرێت هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لە بەرانبەر هاتنی کۆمۆنیستەکان، چونکە سەرباری ئەوەی بارزانی و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەك: جەلال تاڵەبانی، عەلی عەبدوڵڵا و نووری شاوەیس لەگەڵ ئەوەدا بوون هاوکارییان پێشکەش بکرێت، کەچی ئیبراهیم ئەحمەد وەکو سکرتێری پارتی بیروڕای پێچەوانە دەبێت، بۆیە ژمارەیەکیان لێدەگیرێت و دەکوژرێن[3].

دوای ئەوەی پارتی کۆمۆنیست چالاکییەکانی دەگوازێتەوە کوردستان و دواتریش بە سیاسەت و هەڵوێستی پێشوویدا دەچێتەوە و دان بە هەڵەکانیدا دەنێت. دوای ماوەیەك بڕیاری بەشداری شۆڕش، بە هێزی چەکداری دەدات. لێرەشدا توێژەرێك ئەم هەنگاوە بە گرنگ وەسف دەکات، چونکە پێی وایە بە هاتنی ئەوان شۆڕش ڕەهەندێکی عێراقی

---

(١) جمال الحيدري، الشيوعيين طليعة النضال لحل قضية كردستان ونوال الشعب الكردي حقه في تقرير المصير والحرية والوحدة القومية، (دون مكان الطبع، ١٩٦١)، ص ٩.

(٢) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١–١٩٧٥، بەشی سێیەم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤)، ل١١٠؛ زرار سلێمان بەگی دەرگەڵەیی، بیرەوەرییەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣– ١٩٧٧دا، (سلێمانی، چاپخانەی رەهەند، بێ ساڵی چاپ)، ل٣٢٣.

(٣) زكی خيري، صدى السنين في ذاكرة شيوعي عراقي مخضرم، (ستوكهولم، ١٩٩٤)، ص٢٣٠؛ شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ٨/شباط ١٩٦٣– ١٧/تموز ١٩٦٨، (اربيل، دار سپيريز للطبعة والنشر، ٢٠٠٦)، ص ص٨١–٨٢؛ کەریم ئەحمەد، ڕێڕەوی تێکۆشان، وەرگێڕانی: جەلال دەباغ، (سلێمانی، چاپخانەی رەهەند، ٢٠٠٦)، ل ل٢١٠– ٢١٤.

وەرگرتووە و هاوسۆزی و پشتیوانی وڵاتانی سۆسیالیستی و بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی بەدەست هێناوە و چوارچێوەکەی فراوانتر بووە(1).

لە سەروبەندی دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، دوو باڵی جیاواز بەڕوونی بە دیارکەوتن، ئەوانیش باڵی مەلا مستەفا بارزانی سەرۆك و باڵی مەکتەبی سیاسی بەڕابەرایەتی ئیبراهیم ئەحمەد بوون، کە یەکەمیان لەگەڵ ئەوە بوو بە زووترین کات شەڕ لە دژی حکومەتی عێراق ڕابگەیەنرێتەوە، بەڵام دووەمیان لەگەڵ شەڕدا نەبوون، لەبەرئەوەی بەر لە کودەتاکە پەیوەندییان بە کودەتاچییەکانەوە هەبوو، هەروەها هەندێ بەڵێنی زارەکیشیان وەرگرتبوو. لێرەشدا سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ڕەنگە مەلا مستەفا بارزانی مەبەستی بووبێت سوود لە کۆمۆنیستەکان وەربگرێت، چونکە دوور نییە یەکێتیی سۆڤێیت هانی دابێت تا ئەوەی شەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراق بکاتەوە(2).

شایەنی باسکردنە، نەخشەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەو قۆناغەدا بریتی بوو لەوەی کۆمۆنیستەکان بدرێنەوە دەست حکومەت، تا هاوکاری بکرێن بۆ قەڵاچۆکردنیان. ئەوەشی لەو سەردەمەدا زیاتر هاندەر و پاڵپشتی مەسەلەکە بوو، دەزگای هەواڵگری (ساواك)ی ئێران بوو، هەروەها لە ڕووی بارودۆخ و هەڵوێستی خەڵکیشەوە بابەتەکە لە

---

(1) سەروەر عبدالرحمن عمر، پارتی کۆمۆنیستی عێراق و...، ل٢١٣.

(2) د. کوردۆ عەلی، سۆڤێیت و بزووتنەوەی نیشتمانی کورد، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە کارنامەی دوکتۆراکەی کاك (فازڵ ڕەسوڵ)، چاپی دووەم، (سلێمانی، ٢٠٠٩)، ل ١١٥. جێگای ئاماژە بۆ کردنە، پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی سۆڤێیت و بەعسییەکان لەو ماوەیەدا هەڵبەز و دابەزی بە خۆیەوە بینیوە بە هۆی ئەوەی بەعسییەکان کەوتبوونە قەڵاچۆکردنی کۆمۆنیستەکان لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، بەمەش لێژنەی ناوەندی (پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێیتی) بەیاننامەیەکی لەو بارەیەوە دەرکرد و بە (الارهاب الدموي) ناویان برد، هەروەها جارێکی دیکە دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوە بەرانبەر کوشتنی حوسێن ڕەزا سەرکردەیەکی کۆمۆنیستەکان لە مارتی ١٩٦٣، بەمەش گردبوونەوە و ناڕەزای لە بەرانبەر سەفارەتی عێراق لە مۆسکۆ ئەنجامدرا و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سۆڤێیتی لە دژی بەعسییەکان کەوتبوونە کار و بە (فاشی) ناویان دەبرد. جگە لەوانەش دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ کورد لە حوزەیرانی ١٩٦٣ پەیوەندییەکان زیاتر ئاڵۆزبوون، چونکە سۆڤێیتییەکان ئەم شەڕەیان بە (شەڕی قڕکردن) ناوبرد، بۆیە هەوڵیاندا بابەتەکە ببەنە بەردەم نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

Haim Shemesh, Soviet- Iraqi Relations 1968-1988, (London- 1992), pp.6-7.

بار بوو، چونکە کۆمۆنیستەکان زیاتر لایەنگیر عەبدولکەریم قاسم بوون. هەر ئەوەش بوو ئەندامانی پارتی هەڵوێستی دوێنێی کۆمۆنیستەکانییان بە بیر خەڵکی دەهێنایەوە و پڕوپاگەندەشییان بۆ ئەوە دەکرد ئەگەر ڕێگە بە کۆمۆنیستەکان بدرێت لە تەك شۆڕش بن لە کوردستاندا، ئەوا بیری کۆمۆنیستی بڵاودەکەنەوە و کوردایەتی و پارتەکەیان لێ تێکدەدەن و دووبەرەکی دەنێنەوە[1].

بەردەوامی و سوور بوونی حکومەتی عێراق لەسەر جێبەجێ نەکردنی داخوازییەکانی کورد، بووە هۆکاری ئەوەی دووبارە شەڕ لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ هەڵبگیرسێتەوە، کاتێکیش حکومەتی عێراقی لە ناوخۆی کەوتە ململانێ و لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لەسەر دەستی عەبدولسەلام عارف بەعسییەکان لە دەسەڵات دوورخرانەوە، عەبدولسەلام عارف داوای دانووستانی لە کورد کرد. بارزانیش لەسەر ڕاسپاردەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی نیشتمانیی دیموکراتی (الحزب الوطني اليمقراطي)[2] و بە ڕەزامەندی یەکێتیی سۆڤێیت، بۆ بەلاداخستنی ناکۆکییەکانی ناوخۆ و سوود وەرگرتن لە کات بە داواکارییەکە ڕازی بوو، بەڵام ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەر لەسەرەتاوە بە هەنگاوەکە ڕازی نەبوون. بەمەش وەکو کاردانەوەیەك لە نیسانی ١٩٦٤ کۆنگرەیەکیان لە ماوەت بەست، ئەنجام بەیانێکیان بە ناوی **(ڕێکەوتننامەی مشیر- بارزانی خۆ بەدەستەدانە یان ماف وەرگرتن؟!)** ڕاگەیاند و، بڕیاری دەرکردنی مەلا مستەفا بارزانییان لە پارتییدا[3]. ئەمەش سەرەتای لێکترازانێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، چونکە مەلا مستەفاش لە کۆنگرەی شەشەم لە تەممووزی

---

(١) شێرکۆ هەژار، لە نووسراوانێکی قاچاخی قۆناغی خۆیان، (بێ شوێنی چاپ ٢٠٠٨)، ل ٥-٦.

(٢) پارتی نیشتمانیی دیموکراتی (الحزب الوطني الديمقراطي)، لە ٢ی نیسانی ١٩٤٦ لەسەر دەستی هەریەك لە: کامیل چادرچی، محەمەد حەدید، حوسێن جەمیل، عەبدولکەریم ئەلئەزری، یوسف حاجی ئەلیاس، عەبدولوەهاب مەرجان، عەبود ئەلشاڵچی و سادق کەمونە دامەزراوە. بەڵام دوای ماوەیەك لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە مۆڵەتی فەرمی لێسەندرایەوە، بەمەش تا دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ بە نهێنی کاری دەکرد، بەڵامساڵی ١٩٦٠ دووبارە بە ئاشکرا کەوتەوە کار. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية العراقية، ص ص ١٥٠-١٥٢.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێکەوتننامەی مشیر- بارزانی خۆ بەدەستەدانە یان ماف وەرگرتن؟!، ١٩/ نیسان/ ١٩٦٤؛ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشێك لە بڕیارەکانی کۆنفرانسی پارتی دیموکراتی کوردستان ٤-٩/ نیسانی ١٩٦٤، (بێ شوێن و ساڵی چاپ).

١٩٦٤ لە ماوەت بڕیاری دەرکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا[١]. ئەنجام گەڕێك لە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا و تا دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بە شێوەی پچڕ پچڕ بەردەوام بوو.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لە ناوەڕاستی شەستەکان بە دواوە ڕەوتی چەپ لە دونیادا پەرەسەندنی زیاتری بە خۆیەوە بینی، ئەمەش لە ئەنجامی؛ یەکەم: قوڵبوونەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکانی یەکێتیی سۆڤێیت و کۆماری گەلی چین و تۆمەتبارکردنی یەکتری[٢]، دووەم: دەستپێکردنی شۆڕشی ڕۆشنبیری لە چین[٣]، سێیەمیش شۆڕشی لاوان لە مایسی ١٩٦٨ لە پاریس[٤]، کە تێکڕا هەر یەکەیان کاریگەری بەسەر هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە لە سەرتاسەری دونیادا ڕەنگی دایەوە. بەمەش چ لەسەر ئاستی

---

(١) عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ص ص٢٤٥–٢٤٧؛ علي سنجاري، القضية الكوردية وحزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، الجزء الثالث، (دهوك، مبطعة خاني، ٢٠١٢)، ص ص٣٣٠– ٣٣٦.

(٢) چینییەکان و سۆڤییەتییەکان کۆمەڵێك بیروڕای جیاوازیان هەبوو لەسەر گەشەکردنی سیستەمی سۆسیالیستی و سیستەمی سەرمایەداری، لەسەر ڕۆڵی پارتی سیاسی، بەرەی نیشتمانی و چینەکانی کۆمەڵگا...هتد. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
The Polemic on the General Line of the International Communist Movement, (Peking, Languages Press, 1965), pp.3-6.

(٣) شۆڕشی ڕۆشنبیری: لە ١٦ مایسی ١٩٦٦ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چین سیاسەتێکی نوێی ڕاگەیاند بە ناوی شۆڕشی ڕۆشنبیری، ئەمەش بۆ ئەوە بوو بە تەواوی بکەونە دژایەتیکردن و لە ناوبردنی بیری کۆن لە چین و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی نوێ و ڕزگاربوون لە دابونەریتە دواکەوتووەکان، بەڵام ئەنجام سەری بۆ کوشتن و قڕکردنی نەیارانی دەسەڵات کێشا و بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر بەندکران و خرانە زیندانەکانەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: لیو شاوشی، ململانێی ناوخۆی حزب، وەرگێڕانی: یوسف شەریف، (بێ شوێنی چاپ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە، ١٩٨٥)، ل ل ٩ –٢٠؛ دێڤید پیترۆز، شۆڕشی کولتوریی چین، وەرگێڕانی: هەژار ڕەحیمی، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، بێ ساڵی چاپ)، ل ل ٣٥–٤٨؛
MAO Zedong and Cultural Revolution, East Asia National Resource Center Compiled by Carol Benedict, (Georgetown University, n.d), p. 4.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. ئازاد حەمە، هەزری بزووتنەوەی ئایاری ١٩٦٨ لە پاریس، دیدگاکان، ئاسۆکان، ویستی ئازادی و دروشمەکان، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١١)، ل٢١ بەدواوە.

عێراق و چ لەسەر ئاستی باشووری کوردستان ڕەوتی چەپ ڕەواجێکی زیاتری پەیدا کرد و ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی بەخۆیەوە گرێدا، چونکە لەو سەردەمەدا عێراق پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەریەك لە یەکێتیی سۆڤییت، چین، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕێکخراوە فەڵەستینییەکاندا هەبوو، ئیدی لەو ڕێگایەوە زۆرێك لە ئەدەبیاتی سیاسی چەپ بۆ باشووری کوردستان دەگوێزرایەوە[1].

بە جیاواز لە وانەی ئاماژەیان بۆ کرا، دەخوازێت باسی دەرکەوتنی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ساڵی ١٩٦٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، کە لە لایەن (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بەرپاکرا، چونکە زۆرێك لە سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە هەڵگری بیری چەپ بوون[2]، بەمەش لاوانی باشووری کوردستان پێوەی کاریگەر بوون. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هاتنی گرووپێك لە ڕێکخراوی (سازمانی ئینقلابی تودەی ئێران)[3] کە پێکهاتبوون لە هەر یەك

---

(١) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، (سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠١١)، ل ل ١٩–٢٠؛ عارف کەریم، من و کۆمەڵە و یەکێتی – کورتەی باسێکی مێژوویی، (ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٨)، ل١٠.

(٢) ئەو گرووپە چەپە لە ١٤ی ئەیلولی ١٩٦٦ لە حیزبی دیموکراتی کوردستان جیابوونەوە، خۆیان بە ناوی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان) ڕاگەیاند، بڕوایان بە هەڵگیرساندنی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، ئەنجام لە ماوەی هەژدەمانگ لە ساڵانی ١٩٦٧– ١٩٦٨ دەستیان دایە جوڵانەوەیەکی چەکداری، بەڵام دوای ئەوە هەریەك لە سەرکردەکانیان ئیسماعیلی شەریف زادە و مەلا ئەحمەد شەڵماشە– ناسراو (بە مەلا ئاوارە)، سلێمانی موعینی و عەبدوڵڵا موعینی بە شێوەیەك لە شێوەکان کوژران، ئیتر بزووتنەوەکەش کۆتایی هات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. یاسین سەردەشتی، خوێندنەوەیەکی مێژوویی ڕووداوە نێو خۆییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدکا) و جوڵانەوە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٩٦٧– ١٩٦٨ لە کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی ڕاز، ٢٠٠٢)، ل ٢١– ٤١ ؛ ب– جزنی، تاریخ سی سال ایران، جلد دوم، (بی جاب، بی تاریخ)، ص١٣٩.

(٣) سازمانی ئینقلابی تودەی ئێران: سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی ئامادەکاری لە شاری (موینشن)ی خوارووی ئەڵمانیا لە نیسانی ١٩٦٤، دواتر لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ لە (تیرانا)ی پایتەختی (ئەلبانیا) کۆنفرانسی دامەزراندنی بەست و لە ژێر ناوی (سازمان انقلابی حزب توده ایران درخارج از کشور) خۆیان ناساند. سەرکردە دیارەکانییان بریتی بوون لە: مەهدی خان بابای تارانی، کۆرشی لاشایی، موحسین ڕەزوانی، بیژەن حیکمەت و بیژەن چهرازی، ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە بنەڕەتدا لە حزبی تودەی ئێران جیاببوونەوە، پێیان وابوو کۆمیتەی ناوەندی تودە سەرکردایەتییەکی سازشکارە و شکستی خواردووە، سیاسەتی خۆبەدەستەوەدان و

**لە: ئیرەجی كەشكۆڵی، خوسرەوی سەفایی و كۆرشی لاشایی[1]، بۆ باشووری كوردستان و دواتر جێگیر بوونیان لە بەكرەجۆ پەرەی زیاتری بە بڵاوكردنەوەی بیری چەپ بە شێوەیەكی گشتی و ئەندێشەی ماو تسی تۆنگ[2] بە تایبەتیدا، چونكە ئەوان لەگەڵ هاتنیان كەوتنە پەیوەندی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی كە بە وتەی ئەوان ناوبراو وەكو كەسایەتییەكی دیاری ناو باڵی مەكتەبی سیاسی شارەزایی باشی دەربارەی بیری**

---

پێكەوە ژیانی ئاشتییانەی مۆسكۆی قبوڵە. ئەمەش وای كرد زیاتر لە ژێر كاریگەری بیروباوەڕی هێڵی سیاسی چین و ماو تسی تۆنگدا چالاكییەكان پەرەپێبدەن و بەردەوام بن لە خەباتكردن، جا بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانی خەبات نزیك بن چالاكییەكانیان گواستەوە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و دواتریش باشووری كوردستان، بەمەش تا دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ مانەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حمید شوكت، نگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتگو با كورش لاشایی، چاپ دوم، (تهران، نشر اختران، ١٣٨٣)، ص١٥؛ حمید شوكت، نگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتگو با ایرج كشكولی، چاپ سوم، (تهران، نشر اختران، ١٣٨٣)، ص ١٢؛ حەمید شەوكەت، ڕوانینێك لە ناوەوە بۆ بزووتنەوەی چەپی ئێران، هەڤپەیڤین لەگەڵ: مێهدی خانباباتارانی، وەرگێڕانی: شۆڕش گوڵكار، (هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠١٣)، ل ل ١٢٤–١٥٧.

(١) لە سەرچاوەكاندا بیروڕای جیاواز بە دی دەكرێت لەسەر ئەوەی نازناوی دوكتۆر جەلال بۆ كۆرشی لاشایی بە كارهاتووە، یاخود بۆ دوكتۆر هاشمی شیرازی كە سەر بە دەزگای هەواڵگری (ساواك) بووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: كەریم حیسامی، لە بیرەوەرییەكانم، بەرگی سێیەم، (ستۆكهۆڵم، چاپخانەی شیلان، ١٩٩٠)، ل١٨٢–١٨٣؛ ڕێبوار(ئاسی ڕەباتی)، هەڵوێستی یەكێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی كوردستانی باشوور، بەشی یەكەم، چاپی یەكەم، (سوید، ١٩٨٩)، ل ٢١؛ ئەمجەد شاكەلی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەكی نوێی مێژووی چەپی كوردی(عیراق)، بەشی پێنجەم، ل١٠–١١.

(٢) ماو تسی تۆنگ، ساڵی ١٨٩٣ لە هەرێمی هۆنان لە چین لە بنەماڵەیەكی جوتیار لە دایك بووە، ساڵی ١٩١٨ پەیمانگای مامۆستایانی تەواو كردووە. ساڵی ١٩٢١ یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی كۆمۆنیستی چینی، دوای ئەوەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پلەی بەرز بۆتەوە تا ئەوەی ساڵی ١٩٣٥ بۆتە كەسی یەكەمی پارتەكەی، ئەنجام سەركردایەتیی شۆڕشی مەزنی چینی كردووە و ساڵی ١٩٤٩ بە تەواوەتی سەركەوتنی بەدەست هێناوە، لەو ساتەوە تا ئەوەی كۆچی دوایی دەكات ساڵی ١٩٧٦، دەبێتە كەسی یەكەمی وڵاتەكەی. بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ ژیانی بڕوانە:
Ross Terrill, MAO: A Biography, (Stanford University press, 1999), pp. 31-45, 86-119,226,435.

مارکسی، ناکۆکییەکانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، خاڵە تیۆرییەکان هەبووە و بەرگریکارێکی سەختی ڕێبازی ماوی بووە[١].

ئیدی لە چوارچێوەی ئەو پێشهاتانە و کاریگەربوونی ڕۆشنبیران لە باشووری کوردستان، بە ئەدەبیاتی سیاسی بیری چەپ و خوێندنەوەی مێژووی شۆڕشەکانی ئەمەریکای لاتین و شۆڕشەکانی دیکەی دونیا، لەلایەك و لە لایەکی دیکەش زیادبوونی مەینەتییەکانی کورد لەسەر دەستی حکومەتی عێراق، کەڵەکەبوونی ناکۆکی و ململانێ ناوخۆیی، بۆتە هۆکاری ئەوەی لە کۆتایی شەستەکاندا کۆمەڵێك گەنج و خوێندەواری ئەو سەردەمە بگەنە ئەو بیرۆکەیەی، بەو پێکهاتە پارتییانەی لە باشووری کوردستاندا هەن، کورد ناگات بە ئامانج. بۆیە سەرەتا لە دەوری چەند ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیری کۆبوونەوە و دواتریش کەوتنە بیری ئەوەی جێگرەوەیەکی دیکە بدۆزنەوە، کە دواجار هاتنە پێشەوەی بارودۆخەکە بە گشتی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازەی بە ناو کۆمەڵەی مارکسیی–لینینیی کوردستان لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠، بە دوای خۆیدا هێنا.

(١) حمید شوکت، نگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتگو با کورش لاشایی، ص١٥٠؛ حمید شوکت، نگاهی از درون به جنبش چپ ایران، گفتگو با ایرج کشکولی، ص ١٢٤.

# بەشی یەکەم:  بارودۆخی باشووری کوردستان و زەمینەی دامەزراندنی کۆمەڵە
## ١٩٧٠ -١٩٧٥

## تەوەری یەکەم: زەمینەی ئەو بارودۆخەی کۆمەڵەی تێدا دامەزرا

دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی هەڵگری بیری چەپ، زادەی ئەو بارودۆخ و پێشهاتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە بوو کە لە ناوچەکە بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی هاتبووە پێشەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیای چەپ و چەپییەتی ڕەواجێکی زیاتری پەیدا کردبوو.

هەڵبەت ئەوە بە ڕوونی بەدی دەکرێت کاتێك دەبینین بارودۆخی ناوخۆی ئەو دەمەی باشووری کوردستان جۆرێك لە بێ ئومێدی لە لای کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان لەو پێکهاتە پارتایەتییەی هەبوو، دروستکردبوو، چونکە لە گۆڕەپانی سیاسیدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، کە پێکهاتبوو لە باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی مەلا مستەفا بارزانی، لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق، کە ئەوانیش دابەش ببوون بۆ سەرکردایەتیی ناوەندی (القيادة المركزية)و لیژنەیی ناوەندی (اللجنة المركزية) [1].
لێرەشدا بارودۆخە سیاسییەکە زیاتر مەسەلەکەی بەرەو بێ ئومێدی بردبوو، چونکە پارتی بە هەردوو باڵەکەوە ماوەیەك بوو کەوتبوونە شەڕ و ململانێی چەکداری لە دژی یەکتر، کۆمۆنیستەکانیش لە شەڕی ڕێکخراوەیی و سیاسی یەکتردا بوون. ئەنجام ناوچەکانی باشووری کوردستانی تووشی جۆرێك لە پاشاگەردانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی کردبوو، ئیتر ئەم بارودۆخە لە دواجاردا سەری بۆ ئەوە کێشا ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی پێشکەوتنخواز و سیاسییە خاوەن ئەزموونەکان، نیشتمانپەروەرەکان و خوێندکارانی کورد لە بەغدا، بکەونە ژێر کاریگەری خەباتی شۆڕشگێڕیی ناودارانی ئەو

---

(١) لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦٧ پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ژێری کاریگەری ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان چین و یەکێتیی سۆڤێیەت لە ناوخۆیاندا بوون بە دووبەشەوە، بەشێکیان لە ژێر ناوی سەرکردایەتیی ناوەندی (القيادة المركزية)، ئەوەکەی ترشیان لە ژێر ناوی لیژنەی ناوەندی (اللجنة المركزية) لە کارەکانیان بەردەوام بوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بيان من فرع كردستان للحزب الشيوعي العراقي حول زمرة رمزى الانشقاقية، ١٩٦٧/٩/٢٦؛ عزيز سباهي، عقود من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، الجزء الثالث، (دمشق، ٢٠٠٥)، ص ص ٧١–٧٢؛ جاسم الحلوائي، محطات مهمة في تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، (دون مكان وسنة الطبع)، ص ص٢٤٢–٢٤٥.

سەردەمە، وەکو: ئەرنستۆ چی گیڤارا[1]، ماو تسی تۆنگ و شۆڕشەکانی دیکەی دونیا و هەوڵی لاسایی کردنەوەیان بدەن[2]، کە ئەمەش زەمینەی بۆ گردبوونەوەی کەسانێك خۆش کرد لەناو چەند ئەڵقەیەکی ڕۆشنبیرییدا، کە دواتر بیریان لە جێگرەوەیەکی تازە دەکردەوە.

لەو سەروبەندەدا، جەلال تاڵەبانی وەکو کەسایەتییەکی کاریگەر لە لایەك کەوتە هەوڵی پەیوەندیکردن و کۆکردنەوەی کەسایەتییە هۆشیارەکان، بۆ ئەوەی بە نهێنی بکەونە کارەوە[3]، لە لایەکی دیکەشەوە کەوتە هەوڵی ئاسانکاری بۆ دەرچوونی گۆڤاری (ڕزگاری)[4]، کە دوای دەرچوونی وەك مینبەرێکی گرنگ ڕۆڵی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی بیری مارکسیی– لینینیی بە گشتی و فکریی ماوی بە تایبەتی، ئەگەر بزانین لە زۆربەی ژمارەکانیدا پروپاگەندەی بۆ ماویزم کردووە و نوسراو و وتەکانی ماوی تێدا

---

(١) ئەرنستۆ چی گیڤارا، ناسراو بە گیڤارا ساڵی ١٩٢٨ لە ئەرجەنتین لە دایك بووە، ساڵی ١٩٤٨ چۆتە زانکۆی بۆینس ئایرس و ساڵی ١٩٥٣ بڕوانامەی لە بواری پزیشکی بە دەست هێناوە. ناوبراو ساڵەکانی ١٩٥١ و ١٩٥٣ بە وڵاتانی ئەمەریکای باشووردا گەڕاوە و باری خراپی خەڵکی کاری لێکردووە، دواتر بە هۆی هاوڕێیەتی لەگەڵ فیدڵ کاسترۆ ساڵی ١٩٥٦ بەشداری لە شۆڕشی کوبا کردووە و ڕۆڵی کاریگەری تێدا بینوە. ساڵی ١٩٥٩ کوبای جێ هێشتووە و بە ئامانجی هاوکاری کردن ڕووی کردۆتە باشووری ئەفریقا، تا دواجار لە پۆلیڤیا ساڵی ١٩٦٧ بە دیل گیراوە و گولەبارانکراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
Richard L.Harris, Che Gevara A: Biography, (ABC-Clio, 2011), pp. 1-19, 91,131-161.

(٢) "بۆ چی وەرزەنامەکەمان ناوی نراوە کۆمەڵە"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە(٢)، وەرزی یەکەم، ئۆرگانی ناوەندی کومەلەی مارکسی لینینی کوردستان، بێ شوێنی چاپ، زستانی ١٩٧٨، ل١١؛ "فوئاد قەرەداغی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی– لینینی دەگێڕێتەوە"، بەشی یەکەم، سازدانی: کەمال رەئوف، ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"، ژمارە(٤١١)، سلێمانی، ٦/٤/٢٠٠٨، ل٤؛ "چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری"، ئامادەکردنی: محەمەد مێرگەسۆری، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە(٥٦٤٧)، سلێمانی، ٨/١٢/ ٢٠١١، ل ل١٢ –١٣.

(٣) عارف کەریم، یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی! چەند وێستگەیەك لە ئەزموونی سیاسیمدا، (ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٩)، ل١٦.

(٤) ڕزگاری گۆڤارێکی گشتی هەفتانە بوو لە سلێمانی دەردەچوو، خاوەنی ئیمتیازی نەوشیروان مستەفا و سەرنووسەرەکەشی شازاد سائیب بوو، ژمارەی یەکەمی لە ٢٠ی نیسانی ١٩٦٩ و دوا ژمارەشی (١٥) لە ٢٧ی مارتی ١٩٧٠ دەرچوو. جەمال خەزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، (بغداد، ١٩٧٣)، ل١٠٤.

وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی[1]. ئەمەش دواجار ڕۆڵی هەبووە لە کۆکردنەوەی گروپێك لە کەسانی گۆشکراو بە بیری چەپ بە دەوری خۆیدا.

بارودۆخ و پێشهاتەکان سەری بۆ ئەوە کێشا لە ناوچە جیاجیاکان و لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیاوازەکاندا دەستکرا بە دەمەتەقێ و گفتوگۆی تایبەت بە بیروباوەڕەی چەپ، هەروەها ئەوانەشی کە زیاتر کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەوە دەستیان کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکان (ئەوانەی تایبەت بوون بە بیری چەپ)، لەم چوارچێوەش کتێبخانەی (بیری نوێ) کە شەهاب شێخ نووری[2] سەرپەشتی دەکرد، ڕۆڵی کاریگەری

---

(١) ڕێبوار ئەحمەد، لە ماویزمەوە بۆ حیکمەتیزم: ڕەوتی سەرهەڵدان و گەشەی چەپ و کۆمۆنیزمی هاوچەرخی عێراق لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ تا ٢٠٠٠، (بێ شوێنی چاپ، ٢٠١١)، ل٢٠. بەر لە دەرکردنی ڕزگاری، باڵی (مەکتەبی سیاسی) لە بەغدا ڕۆژنامەیەکی بە زمانی عەرەبی بەناوی (النور) وەك ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانە بڵاودەکردەوە، خاوەن ئیمتیازەکەی حیلمی عەلی شەریف و سەرنووسەرەکەی عومەر مستەفا بوون، هەروەها لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی بڵاوکراوەیەکی بە ناوی (ڕەنج) دەرکردووە. جبار جباری، تاریخ الصحافة الكردية في العراق، (بغداد، ١٩٧٥)، ص٦٧؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢. (ئاسۆ شێخ نووری ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لە دایك بووە، یەکێك بووە لە ئەندامانی باڵی مەکتەبی سیاسی، دواتر تێکەڵاوی چالاکییەکانی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٧٥ لەسەر چالاکییەکانی گیراوە و تا ساڵی ١٩٧٩ لە زیندان بووە، دوای ئازاد بوونیش دەچێتەوە شاخ و درێژە بە خەبات دەدات لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و دواتریش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ناوبراو ئێستاکە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(٢) شەهاب شێخ نووری ناسراو بە (خاڵە شەهاب): کوڕی شێخ نووری شێخساڵحی شاعیرە و ساڵی ١٩٣٢ لە سلێمانی لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣٩ لە خوێندنگای فەیسەڵییە لە شاری سلێمانی چۆتە بەرخوێندن و دواتریش لە بەغدا لە کۆلێژی فەیسەڵییە وەرگیراوە. هەر لە منداڵییەوە تیکەڵاوی ژیانی سیاسی بووە، ئەمەش وای کردووە بەشداری لە ڕووداوەکان بکات، بەو هۆیەشەوە لە تشرینی دووەمی ١٩٥٢ لەبەر بەشداربوونی لە خۆپێشاندانەکانی بەغدا بریندار بووە و ناچار دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. لەبەر ئەوەی خاوەن هەڵوێستی سیاسی بووە، چەند جارێك تووشی ئازار و ئەشکەنجە و زیندان هاتووە. شەهاب شێخ نووری یەکێك بوو لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان (بەرەی پێشکەوتن)، دوای تێکەڵاوبوونەوەیان ساڵی ١٩٥٦ هاتۆتەوە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام لەگەڵ دەرکردنی هەمزە عەبدوڵڵا و هاوڕێکانی ساڵی ١٩٥٩ یەکێك بووە لەوانەی لە پارتی دوورخراوەتەوە، چونکە بڕوای بە فکریی چەپ هەبووە. ناوبراو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان و ڕۆڵی بەر چاوی تێدا

هەبوو لە هێنانی کتێبەکان و دواتر دابەشکردنی بە نرخێکی گونجاو، کە ئەمەش زەمینەی بۆ دروستبوونی ئەڵقەی ڕۆشنبیری بۆ خوێندنەوەی کتێب خۆشکرد، خوێندەوارێکی زۆری بە دەوری کتێب و بڵاوکراوە مارکسییەکان بە گشتی و نووسینەکانی ماو بە تایبەتی کۆکردەوە و کەوتونەتە شرۆڤە کردنییەوە[1].

لەسەر ئاستی عێراقیش، دوای دووبارە هاتنەوە سەر حکومی بەعسییەکان لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ و هەنگاوەکانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، کاریکردە سەر ئەوەی کە کوردە چەپەکان بە شیکردنەوەی ناسنامەی چینایەتیی بەعس و هەڵسەنگاندنی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستیانەوە، بەوە بگەن کە بەعسییەکان بە هیچ شێوەیەك نە ڕۆژێك لە ڕۆژان مل بۆ داوا ڕەواکانی کورد دادەنێن، نە ئامادەی پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراسی دەبێت، بۆیە پێویستە هەنگاو بۆ خەباتێکی شۆڕشگێڕیی درێژخایەن بنرێت لە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتەدا[2].

جگە لە وانەی ئاماژەمان بۆ کردن، ئەوەی زیاتر پەلەی لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازەی چەپی کوردستانی کرد، دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بوو، کە هاوکێشە سیاسییەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا گۆڕی. بە تایبەت چەپەکانی ناو باڵی مەکتەبی سیاسی هاتنە پێشەوەی بارودۆخەکەیان بە شکست بۆ بەرەی بۆرژوازی

---

بینیوە، تا ئەوەی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ هاوڕێکانی بە نیازی پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سوریا، ڕوو دەکاتە ئێران، بەڵام دەگیرێت و دواتر لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ دەدرێنەوە دەست حکومەتی عێراق و لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لەگەڵ هەریەك لە هاوڕێیانی جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆراب لە سێدارە دەدرێت. ناوەندی مێژوو- مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)، کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرە و ڕاپەڕین، (سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠١٢)، ل ٢١ بەدواوە.

(١) "فوئاد قەرەداغی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی دەگێڕێتەوە"، بەشی یەکەم، ل٤؛ تالیب مۆریاسی، گەڕان بەدوای ڕاستیدا یاداشتنامەی پێشمەرگەیەکی مانوونەناس"ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٥٣- ١٩٩٦"، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠٠٨)، ل٨٦.

(٢) محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی، ئارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێری کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨)، ل ل٢٧٨-٢٧٩؛ برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ١٧.

لێکدەدایەوە [(١)]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت کەوتنی مێژووی سەرکردایەتیی بۆرژوازی لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی، ئالۆزبوون و مانەوەی کێشەی نیشتمانیی کوردستان و نەدۆزینەوەی ڕێگە چارەی بنەڕەتی، گەشەسەندنی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگای کوردستان و بەهێزبوونی سەنگی ڕۆشنبیران و ڕەنجدەران لە خەباتی گەلی کوردستاندا لە پاڵ پێویستییەکی مێژوو کرد بۆ سەرکردایەتییەکی لێوەشاوە، کە هەڵگری بیروباوەڕی چەپگەرایی بێت، مایەی بیرکردنەوە بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تازەدا، کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای چەپ بێت.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، کاتێك باس لە دامەزراندنی کۆمەڵە دەکرێت، ئاماژە بۆ بوونی سێ گروپ دەکرێت کە لە لایەن هەر یەك لە: جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا و شەهاب شێخ نوورییەوە سەرپەرشتی کراون و ڕۆڵیان بینیوە لە گردکردنەوەی چەپەکاندا بە دەوری خۆیاندا، دواتریش لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا، کە ئەمەش وەکو مەسەلەیەکی مێژوویی لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵە بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدانراوە[(٢)]. بەڵام کاتێك لە زانیاری نێو سەرچاوەکان ورد دەبینەوە و شرۆڤەیان دەکەین، جۆرێك لە جیاوازی و تێکەڵاوی بەدی دەکەین.

لێرەشدا سەرچاوەیەك وەکو کەسێکی بەشداربوو، پێی وایە مەسەلەکە لە ئەنجامی شەپۆلێکی بەرفراوانی چەپخوازی لە کوردستاندا پەرەی سەندووە، دەستەیەك لە دەوری جەلال تاڵەبانی کۆبوونەتەوە، دەستەیەکی دیکەیش لە دەوری گۆڤاری (ڕزگاری)، کە نەوشیروان مستەفا ڕۆڵی دیاری تێدا بینیوە، دەستەکەی دیکەیشیان لەو خوێندکارانە پێکهاتبوون کە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەو کاتەی بەغدا بوون، کە شەهاب شێخ نووری ڕۆڵی کاریگەری لە ناویاندا هەبووە [(٣)]. بەڵام فوئاد قەرەداغی کە بەشداری

---

(١) فوئاد قەرەداغی، "دیسان دەربارەی نووسینەوەی مێژووی کۆمەڵە"، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"، ژمارە(٤٣٧)، سلێمانی، ٢٠٠٨/٧/٦، ل١٨؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حاجی مەمۆ، ئامادەکردنی: رزگار ڕەزا چوچانی، سوید، ٢٠١١ /٤/١٧، (**www.nuche.net**).

(٢) پشکۆ نەجمەدین، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان وەڵامێك بۆ نۆشیروان مستەفا، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٧)، ل٢٧؛ مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟! خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ (چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە)، بەرگی یەکەم، (سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠١٢)، ل٨٠.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.( فەرەیدوون عەبدولقادر فەرەج ساڵی ١٩٤٧ لە کەرکووك لە دایك بووە، یەکێکە لە کەسایەتییە بەرایییەکانی کۆمەڵەی

زۆرێك لە ڕووداوەکان بووە دەڵێت:" **لە بنەڕەتدا دوو گروپ بوون، گروپی نەوشیروان مستەفا، کە پێکهاتبوون لە نەوشیروان مستەفا، مەحموودی مەلا عزەت، حەمە چاوشین، شازاد سائیب، کە ئەوانە لە دەوری گۆڤاری ڕزگاری گردببوونەوە...، گروپی دووەم پێکهاتبوون لە شەهابی شێخ نووری، فازڵی مەلا مەحموود، فەرەیدوون عەبدولقادر، کە لەسەر ڕاسپاردەی ئەوان، من چووم قسەم لەگەڵ مام جەلال کرد، بەڵام ئاگاداری پەیوەندی نێوانیان نەبووم، بۆیە ڕەنگە لەم مەسەلەیە مەبەستیان ئەوە بووبێت من و مام جەلال لە یەکتر ئاشکرا بکەن، لەبەر ئەوەی من ئەوکاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی بووم، کە لەگەڵ مام جەلال قسەم کرد، ئەویش ڕازی بوو وتی با ئێمە گروپێك بین لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و هەوڵی یەکخستنی گروپەکان بدەین، ئەنجام کۆبوونەوەیەکمان کرد لە ئوتێل ڕەشید لە بەغدا، بە ئامادەبوونی ڕەفعەتی مەلا و بەکر حوسێن و مام جەلال و من، بڕیاری ئەوەماندا پشتگیری لە بابەتەکە بکەین، کەواتە گروپی سێیەم ئەگەر هەبوو بێت ئەوا بەم شێوەیە دروست بووە، نەوەك پێشووتر هەبوو بێت**" [1]، هەروەها ڕەفعەتی مەلاش[1]وەك پشت

---

مارکسیی لینینیی کوردستان، دواتر وەکو سەرکردایەتی ڕۆڵی بینیوە، تا ئەوەی ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشکرا دەبن و لەگەڵ هاوڕێکانی ڕوودەکەنە ئێران و لە وێدا بەند دەکرێن و دواتریش دەدرێنەوە بە عێراق، بەمەش تا ساڵی ١٩٧٩ لە زیندان دەمێنێتەوە، ناوبراو بە ئازادبوونی دووبارە دەچێتەوە ڕیزەکانی کۆمەڵە و بەشداری لە شۆڕشی چەکداری دەکات و تا ڕاپەڕین بەردەوام دەبێت، دوای ڕاپەڕینش ژمارەیەك پلە و پۆست لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەردەگرێت، تا دواجار وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەست لە کاردەکێشتەوە، ئێستاکەش بە کاری تایبەتییەوە خەریکە و لە سلێمانی نیشتەجێیە). تاکە سەرچاوە کە باس لە گروپی فەرەیدوون عەبدولقادر دەکات. صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، ل ٣٢٨. کە ئەمەش پشتی بە سەرچاوەیەکی هەڵە بەستووە.

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.( فوئاد قەرەداغی، ناوی تەواوی فوئاد ئەنوەر عومەرە و خانەی مامۆستایانی سلێمانی و دواتریش زانکۆی موستەنسرییەی لە بەغدا تەواو کردووە، ناوبراو یەکێکە لە کارەکتەرە بەرایییەکانی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان و ڕۆڵی کاریگەری تێدا بینیوە، بەڵام هەر زوو لەبەر بیروڕای جیاواز لە کۆمەڵە جیابۆتەوە و لەگەڵ هەندێك لە هاوڕێکانی ڕێکخراوی مارکسیی لینینیی شیوعییەکانی عێراقیان دامەزراندووە، بەمەش ماوەیەك کاری تێدا کردووە و دواتر وازی هێناوە، لەو ساکەوە بە کاری

ڕاستکردنەوە بۆ قسەکانی فوئاد قەرەداغی ئاماژە بۆ بوونی دوو گروپ دەکات و دەڵێت: **"...مام جەلال مەوعیدێکی لە ئوتێل رەشیدی بەغدا بۆ دانابووین، کە چوم فوئاد قەرەداغی و بەکر حسین لەوێ بوون مام جەلال باسی ئەوەی کرد کە (٢) گروپ هەیە چاکتر وایە هەوڵی یەکخستنەوەیان بدەین... پێم وایە مام جەلال پەیوەندی لەگەڵ هەردوو گروپەکەدا هەبوو، پاش قسەکردن ئێمەش پێمان چاك بوو..."** [٢]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە سالار عەزیز دەڵێت: **" مام جەلال و کاك شەهاب وەکو هێڵێك بەیەکەوە بوون، هیچ بۆشاییەك لە نێوانیاندا نەبوو"** [٣]. بەڵام ئاوات عەبدولغەفور

---

پەروەردەی خەریکە تا ئەوەی بۆتە ڕاوێژکاری پەروەردەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی، ئێستاکەش خانەنشینە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(١) محەمەد ڕەفعەت عەبدولرەحمان، ناسراو بە (ڕەفعەتی مەلا) ساڵی ١٩٣٧ لە گەڕەکی سەرشەقام لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٦ لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٩ تەواوی کردووە. ناوبراو هەر لە سەرەتاوە تێکەڵاوی چالاکییەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بووە و دواتریش بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ دوو لەت بوونی پارتی لە تەك باڵی مەکتەبی سیاسی چۆتە ئێران و دواتریش گەڕاوەتەوە و لە چالاکییەکانی بەردەوام بووە، تا مارتی ١٩٧٠ لە کۆبوونەوە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە بەشداربووە، بەڵام هەر زوو وازی هێناوە. دوای تێکەڵاو بوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ باڵی مەلا مستەفا بارزانی بۆتە ئەندامی لقی سلێمانی و تا نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥ بەردەوام بووە. دوای ئەوەش گەڕاوەتەوە و بۆ ناوچەکانی خوارووی عێراق دوورخراوەتەوە، ئیتر لەو کاتەوە ناوبراو بە مامۆستایەتی خەریك بووە تا ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە و بۆتە پێشمەرگە، ناوبراو ساڵی ١٩٨٨ چۆتە سوید و تا دوای ڕاپەڕین لە وێدا ماوەتەوە، لە ٢٠٠٥–٢٠٠٩ ئەندامی پەلەرمانی کوردستان بووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕەفعەتی مەلا، ڕۆژە تەماوییەکان، پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی: عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨)، ل٣ بەدواوە.

(٢) ڕەفعەتی مەلا، ڕۆژە تەماوییەکان، ل ٢٧.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.( نەجمەدین عەزیز ناسراوە بە سالار عەزیز، ساڵی ١٩٤٩ لە سلێمانی لە دایك بووە، لە قۆناغی ناوەندییەوە تێکەڵاوی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی بووە، ناوبراو یەکێك بووە لە کادیرە سەرەتاکانی کۆمەڵە و دواتریش بە تەواوەی لە دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری وەکو سەرپەرشتیاری هێزە چەکدارەکانی کۆمەڵە دەچێتە شاخ، ئیتر لە خەباتکردن بەردەوام دەبێت، تا ئەوەی لەبەر ناکۆکییەکانیان ساڵی ١٩٨٥ بە تەواوەتی لە کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی

پێی وایە کە جەلال تاڵەبانی هێڵی نەبووە، بەڵکو بە ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەبووە لە ڕێگای ئەو هەنگاوانەی ناویەتی چ بە کۆڕەکانی بێت یاخود بە نووسینەکانی بێت، کە باسی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی و بیروباوەڕی ماوی کردووە[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پشت بە ئەرشیف و دۆکۆمێنت نابەستن، بۆیە کەم تا زۆر جۆرێك لە تێکەڵاوی و دژیەکی لە زانیارییەکان و هەندێکجار هەڵەش بەدی دەکرێت لەبەر ئەوەی ماوەیەکی باش بەسەر مەسەلەکاندا تێپەڕیوە و یادەوەرییان یارمەتیدەر نییە لە دروست گێڕانەوەی زانیارییەکان.

شایەنی باسە، لە ناو هەریەك لەو گروپانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی گۆشکراو بە بیری مارکسیی– لینینیی ببوو بە مەسەلەیەك کە هەمیشە بیری لێکراوەتەوە. بەڵام پێویستی بە جۆرێك لە دەستپێشخەری کەسانێك هەبووە، بۆ ئەوەی گروپ و کەسایەتییەکان لە یەکتر نزیك بکاتەوە، تا جیاوازییەکانی نێوانیان کەمتر بکەنەوە و چالاکییەکانیان یەك بخەن. لێرەشدا فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت: **"...یەکێ لە ڕۆژانی سەرەتای مایس ١٩٧٠ لە وەزارەتی بلدیات کارمەندبووم کاك فازڵ [مەبەستی فازڵی مەلا مەحموودە– توێژەر] میوانمبوو کە خاڵە شیهاب سەردانی کردم لە ژوورەکەمدا بە درێژی قسەکانی ڕۆژی رابردوو دامەزرایەوە و هەر لەوێ خاڵە شیهاب وتی: ئەبێ ڕێکخراوێکی سیاسی نوێ**

---

کوردستان جیادەبێتەوە و لەگەڵ هاوڕێکانی ئاڵای شۆڕش دادەمەزرێنن، دوای ڕاپەڕین دووبارە دەچێتەوە ڕیزەکانی یەکێتیی و ماوەیەك دەبێتە پارێزگاری سلێمانی، ئێستاکەش هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕانە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.(ئاوات عەبدولغەفور حوسێن ساڵی ١٩٤٧ لە خانەقین لە دایك بووە، ساڵی ١٩٦٢ لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، لەگەڵ سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆمەڵە، ناوبراو وەکو کادیرێك ڕۆڵی بەرچاوی بینوە، تا ئەوەی لەگەڵ شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی دەچنە ئێران و دەگیرێن و دەدرێنەوە بە عێراق، بەمەش تا ساڵی ١٩٧٩ لە زیندان دەمێنیتەوە، دواتریش کە ئازاد دەبێت دووبارە دەگەڕێتەوە ڕیزەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەردەوام دەبێت لە کارکردن تا هەنووکە، کە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

**دابمەزرێنین...**"[١]، کەواتە دەستپێشخەرییەکە پێکهاتبوو لە هەر یەك لە: شەهاب شێخ نووری، فازڵی مەلا مەحموود و فەرەیدوون عەبدولقادر[٢]. لە بەرانبەر ئەوەشدا یەکێك لە سەرچاوەکان پێی وایە کە دەسپێشخەرییەکە لە لایەن جەلال تاڵەبانی و شەهاب شێخ نوورییەوە کراوە[٣]. کەچی جەلال تاڵەبانی خۆی دەڵێت:"... **خۆی و [مەبەستی شەهاب شێخ نوورییە– توێژەر] چەند هەڤاڵێکیش هاتبوونە سەر بیروڕای دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەتی( م – ل)ی [مەبەست مارکسی لینینییە– توێژەر] هاتنە لام و پرسیان پێکردم و پێکەوە بناغەی کۆمەڵەمان داڕێژت**"[٤]. کەواتە ڕاستە دەستپێشخەرییەکە لە لایەن شەهاب شێخ نووری و فەرەیدوون عەبدولقادر و فازڵی مەلا مەحموودەوە کراوە.

دوای ئەوەی گروپەکەی شەهاب شێخ نووری دەستپێشخەری دەکەن، ئەو کات دەکەونە هەوڵ و تەقەلا بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە قسە بکەن، لەم بارەیەوە فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت:"... **بڕیارماندا بچین لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال قسە بکەین، هەر ئەو ڕۆژە گرێی رازەکەمان بۆ کاك (دلێر سدیق)ی ئەندازیار کردەوە لەگەڵمان هات، پاش باسکردنی نیازەکەمان بۆ مام جەلال و ڕەزامەندی ئەویش لەسەر بیری ئەو کارە شۆڕشگێڕیە ئامۆژگاری کردین کە لەگەڵ هەموو برایانی تر قسە بکەین ئەوسا کۆبوونەوەیەك بکەین بۆ دانانی بەرنامەیەکی ڕۆشن بۆ خەبات و ڕێبازی ڕێکخراوەکە**"[٥]. لێرەشدا لە مەسەلەی پەیوەندیکردن بە جەلال تاڵەبانی بیروڕای جیاواز دێتە پێشەوە، کاتێك سەرچاوەی یەکەم بابەتەکە بە شێوەیەك باس دەکات کە هەموویان پەیوەندییان پێوەکردبێت، کەچی سەرچاوەیەکی دیکە پێی وایە کە فازڵی مەلا مەحموود[٦] بەو کارە ڕاسپێردراوە تا قسە لەگەڵ

---

(١) فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاورێکانی، چاپی یەکەم، ( کەرکوك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١١)، ل ل ٢٥– ٢٦.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٤) مام جەلال، "چەند بیرەوەرییەك و شەهید شەهاب"، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە( ٢٤٨)، هەولێر، ٢٢/١١/ ١٩٩٢.

(٥) فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاورێکانی، ل ٢٦.

(٦) فازڵ مەلا مەحموود، لە بنەماڵەیەکی مەلازادەیە، ساڵی ١٩٤٨ لە سلێمانی لە دایك بووە، دەرچووی بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدایە ساڵی ١٩٧٢، ناوبراو یەکێکە لەو

تاڵەبانیدا بکات[1]، هەروەها لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە، کە لەسەر ڕاسپاردەی شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی، ئەویان ڕەوانە کردووە و چووە گفتوگۆی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کردووە[2].

دوای ئەوەی هەردوو گروپی تاڵەبانی و شەهاب شێخ نووری لە یەکتر ئاشکرابوون، هەوڵی پەیوەندیکردن بە گروپەکەی نەوشیروان مستەفاوە دەدرێت، دیسانەوە لە مەسەلەی چۆنییەتی پەیوەندیکردن پێیان و هۆکاری بە دەنگەوە نەهاتنیان لە نێو سەرچاوەکاندا زانیاری جیاواز بەدی دەکرێت. کاتێك یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ڕێگای فازڵی مەلا مەحموودەوە پەیوەندی بە نەوشیروان مستەفاوە کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تاڵەبانییان قبوڵ نەبووە، بەشداربوونیان لە مەسەلەکە ڕەتکردۆتەوە[3]. کەچی تاڵەبانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نەوشیروان مستەفاوە کردووە، بەڵام ئەوان لە سلێمانی گروپێك بوون شەهاب شێخ نوورییان قبوڵ نەبووە [4]. هەروەها سەرچاوەیەکی دیکە هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە بە ئاشکرا ناوهێنانی مارکسیزم- لینینزم، بیری ماوییان قبوڵ نەبووە، سەرباری ئەوەش تێبینییان لەسەر هەڵسووڕاوێکی گروپەکەی شەهاب شێخ نووری (فازڵی مەلا مەحموود) هەبووە، هەروەها پێشیان وابووە کە دوو گروپەکەی دیکە بەبێ ئەوان کاری

---

کەسایەتییانەی کە ڕۆڵی بینیوە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان، بەڵام دواتر لەبەر بیروڕای جیاواز لە کۆمەڵە دوورکەوتەوە و چۆتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی عێراق سەرکرایەتیی ناوەندی. دوای نسکۆی شۆڕش ١٩٧٥ ماوەیەك لە شام و بەیرووت گوزەراندوویەتی تا ئەوەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەڵگیرسا و هاتۆتە ئێران، لە میانەی نزیك کردنەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٣ی تەمموزی ١٩٨٩ لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملو لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا خافلکوژ دەکرێت. ئەمجەد شاکەلی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عێراق)، بەشی یەکەم، ل٤.

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سازدانی: ئاوات مەحمود سەعید، ڕۆژنامەی"میدیا"، ژمارە(٣٣٤)، ٢٠٠٨/٤/١٥، ل١١.

(٤) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا، بارودۆخی سیاسیی کوردستان- عێراق ١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤ "توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە"، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٨)، ل١١٩.

ڕێکخراوەییان کردووە[1]. کەچی نەوشیروان مستەفا لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوان لەسەر چەند خاڵێك جیاوازییان لەگەڵ گروپەکانی دیکە هەبووە، وەك ئەوەی دەڵێت:" **فکری ئێمە جیاوازییەکەی لەگەڵ برادەرەکانی تر لەوە دابوو، یەکەم: ئێمە پێمان باش بوو ڕێکخستنەکە کادیری بێت، واتە بە ژمارە کەم بێت و بە نەوعییەت زۆر باش بێت، ...، بەڵام ئەوانەی تر پێیان وابوو ڕێکخستنەکە جۆرێك لە فراوانی پێوە دیار بێت، بۆ ئەوەی دەستمان بگات بە هەموو لایەك. دووەم: جیاوازییەکان لەسەر ئەوە بوو، کە ئێمە مارکسیی لینینیی- بیری ماوتسی تۆنگ تەبەنی دەکەین، برادەران هەموو لەگەڵ ئەوەدا بوون، بەڵام ئێمە پێمان وابوو تەجروبەی ماوتسی تونگ، تەجروبەیەکی ناوخۆی چینە دەشێت سوودی لێوەربگرین بۆ هەندێك شت، بەڵام ناشێت وەك تیۆریی مارکسیی- لینینیی چاوی لێبکەین، هی سێیەم، ئێمە پێمان باش نەبوو مام جەلالی تێدا بێت، هەروەها پێمان باش نەبوو هیچ کام لە سەرکردەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی تێدا بێت، چونکە پێمان وابوو باڵی مەکتەبی سیاسی لە ڕوویی سیاسی شکستی هێناوە، هەر کەسێکیش لە وانە بێت ئەوە شکستەکە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بۆیە کە هاتە سەر ئەوەی ڕێکخراوەکە دروست بکەین... ئێمە کشاینەوە دواوە، کە دەڵێم کشاینەوە دواوە مەبەستم سەرکردایەتییە، ئەگینا هەموو گروپەکەی خۆمان لەگەڵ ئەواندا تێکەڵاو کرد**"[2]. لێرەشدا ئەو سەرچاوەیەی، کە مەسەلەی بەدەنگەوە نەهاتنی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.( نەوشیروان مستەفا ئەمین، ساڵی ١٩٤٤ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٦٧. لە دوای ساڵانی ١٩٥٨ لە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، دوای ماوەیەك بۆتە ئەندامی سکرتایەتی قوتابییان و دواتریش ئەندامی لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٧٢ دەچێتە دەرەوە و دووبارە دەست بە خوێندن دەکاتەوە لە وڵاتی نەمسا وەکو خوێندکاری دکتۆرا وەردەگیرێت، بەڵام لە دوای نسکۆ ١٩٧٥ لەبەر بانگهێشتکردنەوە بۆ خەباتی چەکداری و بەشداربوونی وەکو دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان دەست لە خوێندنەکەی هەڵدەگرێت و لە١٩٧٧ دەگەڕێتەوە شاخ و درێژە بە چالاکییەکانی دەدات، ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە، دواتریش جێگری سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تا ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ دەست لە کار دەکێشێتەوە و کۆمپانیای وشە بۆ ڕاگەیاندن دادەمەزرێنێت، ناوبراو ساڵی ٢٠٠٩ لیستێك بە ناوی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەکان پێکدەهێنێت و لە

نەوشیروان مستەفا بۆ بوونی جەلال تاڵەبانی لە ڕێکخراوەکە دەگێڕێتەوە، پێی وایە هەڵوێستەکەی نەوشیروان مستەفا بەرانبەر بە تاڵەبانی جۆرێك لە ڕەوایەتی پێوە دیاربووە، چونکە هەڵوێستەکەیان بەرانبەر تاڵەبانی مانای ئەوە نەبوو کەسایەتییەکی خراپە، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو وەکو ڕێکخراوێکی تازە بۆ خۆیان بکەن بە میراتگری سەرکردایەتی کۆن؟ کە خاوەنی پێشینەیەکی شەڕی ناوخۆ بوون، هەروەها بۆ کارە خراپەکانی ئەوان بۆ خۆیان بێنن؟ یاخود بۆ تاڵەبانی قبوڵ بکەن کە لە هەموو شتکێدا دەبێت کەسی یەکەم بێت؟! بەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەکە لە جەلال تاڵەبانی گەیاندرابوو، جگە لەوەش پێیان وابووە ڕۆڵی باشی لە پێگەیاندنی گەنجە چەپەکاندا بینیوە، ئەنجام بۆیان نەکراوە سوود لە هەوڵ و تواناکانی نەبینین[1].

ئەنجامی هاتنە پێشەوەی بابەتەکان، دوو گروپەکەی، کە لە دەوری جەلال تاڵەبانی و شەهاب شێخ نووری کۆببوونەتەوە کەوتوونەتە گفتوگۆوە، بۆ ئەو مەبەستەش زنجیرەیەك کۆبوونەوەیان کردووە. لە وانە دوو لە کۆبوونەوەکان لە ماڵی فەرەیدوون عەبدولقادر لە بەغدا لە کۆتایی مایس و سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٠ بەڕێوەچووە، تێدا گەیشتوون بەو ئەنجامەی ناوێك بۆ ڕێکخراوەکە هەڵبژێرن. لێرەشدا یەکێك لە سەرچاوە بەشداربووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەیان لە دوو مەسەلەی مێژووی لە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی وەرگرتووە، ئەویش کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان، کە مارکس و ئەنگلز وەك بەرنامە (مانیفێست)یان ساڵی ١٨٤٨ بۆ نووسی بوو. ئەوەی تریش لە ژێر کاریگەری ناوی کۆمەڵەی (ژـك) بوو، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵی دیاری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بینبوو[2].

دیارە لەو کۆبوونەوانە جگە لەوەی کە لەسەر مەسەلەی ناونانی ڕێکخراوەکە بە ئەنجامێك دەگەن، بە هەمان شێوەش بیر لەوە دەکرێتەوە بەرنامە و پەیڕەوێکی ناوخۆش بۆ ڕێکخراوەکە بنووسرێت. لەم بارەشەوە فوئاد قەرەداغی دەڵێت:"**... بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکەکە بە من سپێردرا، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەرنامە و پەیڕەوەکەم گەڵاڵە کرد، کە تێدا**

---

پرۆسەکە بەشدار دەبێت و پاشان بزووتنەوەی گۆڕان ڕادەگەیەنێت. ئێستاکەش ڕێکخەری گشتی ئەو بزووتنەوەیە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

**سوودم لە بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی چەند حیزبێك وەرگرتبوو..."**[١]، بەڵام بە پێچەوانەوە فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت:**" لە مەسەلەی نووسینەکانی ئەو کاتە هەرچی بووە و، لە کۆبوونەوەکان وتراوە دواتر من و کاك فوئاد قەرەداغی نووسیومانە، جا نازانم بە خەتی ئەو بووە یان نا، بەڵام دارشتنەکەی هەردووکمان بووین"**[٢]. لێرەشدا زانیاری ئەم دوو سەرچاوەی سەرەوە ئەو مەسەلەیە ڕەتدەکاتەوە، گوایە جەلال تاڵەبانی پێڕەو و پرۆگرامەکەی نووسیوە و دواتر بە (کوردایەتی) ناسراوە[٣]، بە بەڵگەی ئەوەی تاڵەبانی زۆر پێشتر کتێبێکی بە ناوی (کوردایەتی و بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستان)[٤] نووسیوە، کە لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکاندا خوێندراوە.

دوای زنجیرە کۆبوونەوەیەك کە ئاماژەیان بۆ کرا، سەرئەنجام لە ماڵی شەهاب شێخ نووری بە ئامادەبوونی هەر یەك لە: جەلال تاڵەبانی، شەهاب شێخ نووری، فوئاد قەرەداغی، فازڵی مەلامەحموود، فەرەیدوون عەبدولقادر و دلێر سدیق لە ١٠ی حوزەیرانی١٩٧٠ بڕیار لە دامەزراندنی کۆمەڵە درا[٥]. لێرەشدا ئەوەی، کە لە جیهانی

---

(١) "فوئاد قەرەداغی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی– لینینی دەگێڕێتەوە"، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی "هاوڵاتی"، ژمارە (٤١٢)، ل٤.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٣) صلاح الخرسان، التيارات السياسية فى كردستان العراق، ص ٣٢٨؛ سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥– ١٩٧٦، چاپی یەکەم، (سلێمانی، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، ٢٠٠٢)، ل ٨٥.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ ئەو کتێبە و ناوەڕۆکەکەی بڕوانە: جەلال تاڵەبانی، کوردایەتی و بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی گەلی کوردستان، چاپی سێیەم، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی خەبات، ١٩٦٦).

(٥) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاورێکانی، ل ٢٨. لە مەلەفێکی دەستنووسی دەزگاکانی سەر بە حکومەتی عێراقدا هاتووە ساڵی ١٩٦٩ جەلال تاڵەبانی کۆمەڵەی دامەزراندووە . ملف مخطوطة خاص بالاتحاد الوطني الكردستاني، ل ٦. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە صلاح الخرسان، لە کتێبی (التيارات السياسية في كردستان العراق)دا ١٠ی تەمموزی ١٩٧٠ بە مێژووی دامەزراندنی لە قەڵەم دەدات، کە لەوەدا نووسەر بە هەڵەدا چووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ص٣٢٨. سەرچاوەیەکی دیکە کەوتۆتە هەڵەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ساڵانی ١٩٧٠ –١٩٧١ بە شێوەی ئەڵقەی ڕۆشنبیری دامەزراوە، جگە لەوە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ئەوانەی ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بینوە بریتیین لە: شاسوار جەلال — ناسراو بە (ئارام)، نەوشیروان مستەفا،

سیاسەت و پارتایەتی باوە، دامەزراندنی فەرمی ڕێکخستنێك لەو دانیشتنەوە دەستپێدەکات، کە بڕیار لە دەستبەکاربوونی دەدرێت و بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆ بڕیاری لەسەر دەدرێت، کۆمیتەی ناوەندی کارەکان دیاری دەکات. بەمەش ئەوەی بەشداری لەو دانیشتنە دەکات بە دەستەی دامەزرێنەر هەژمار دەکرێت، بەڵام کاتێك دەمانەوێت لە بارەی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە و دیاریکردنی ناوەکانیان بە ئەنجامێك بگەین، لەوەدا ئەوە بەدی دەکرێت، لە سەرچاوەکاندا ڕایەك هەیە مافی دامەزراندنەکە بۆ هەموو ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە، کە هەڵگری بیری چەپ بوون، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەوانە لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی لەو شێوەیە بوون و پرسیان پێکراوە(١). بەمەش دەتوانرێت بووترێت ئەو بیروڕایە جۆرێك لە ڕاستی و ڕەوایەتی پێوە دیارە، چونکە لەو سەروبەندەدا ئاسان نەبووە کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتی لە شوێنێکی دیاریکراودا کۆببنەوە و بڕیار لە دامەزراندنی ڕێکخراوێك بدەن.

لە ڕاستیدا، وەکو چۆن زۆرێك لە مەسەلە سەرەتاییەکان بیروڕای جیاوازیان بە دوای خۆیاندا هێناوە، بە هەمان شێوە ناسنامەی ڕێکخراوەکەش هەروایە. ئایا کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ بووە؟ یاخود کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی کوردستان ئەندیشەی ماو تسی تۆنگ بووە؟ یا کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی کوردستانی عیراق ئەندیشەی ماو تسی تۆنگ بووە، یان کۆمەڵەی مارکسیی – لینینیی کوردستان– عێراق ئەندیشەی ماو تسی تۆنگ بووە؟

لەم بارەشدا، فوئاد قەرەداغی دەڵێت: **"...من دڵنیام، کە داش عێراقی لەگەڵدا بووە"**(٢). کەچی فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت: **" کۆمەڵە بە ناوی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستانی عێراق ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ دامەزرا،... کۆمەڵە کوردستانی**

---

حیکمەت محەمەد کەریم ناسراو بە (مەلا بەختیار)، ئازاد هەورامی، نەجمەدین عەزیز– ناسراو بە (سالار عەزیز) و عومەر عەبدوڵلا– ناسراو بە (ملازم عومەر). كاظم حبیب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٣٨٨. هەروەها سەرچاوەیەکی دیکە مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی بە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ لە قەڵەمداوە، ئەوەشیان کەوتوتۆتە هەڵەوە و جێگۆرکێی بە ڕۆژ و مانگەکە کردووە. تاڵیب مۆریاسی، گەڕان لە دوای ڕاستیدا...، ل١١٣.

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

**بوو، چونکە زیاتر جوولانەوەیەکی چەپی نیشتمانی بوو وەك لەوەی ئینتەرناسیۆنالیزمی بێت وەك پارتە کۆمۆنیستەکان، هەروەها لە گرفتەکانی جولانەوەی ڕزگاری کوردستان و لە هەناوی کۆمەڵی کوردستانەوە هاتبووە کایەوە، نەوەکو لە ئەنجامی بە هێزبوون و گەشەکردنی جولانەوە کرێکاری و کۆمۆنیستی..."**[1]. بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە، بە جیاوازی ئەو دوو سەرچاوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ناوی کۆمەڵە نە پاشگری کوردستانی و نە پاشگری عێراقی پێوە نەبووە، بەڵکو ناوەکەی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی- ئەندێشەی ماوتسی تۆنگ بووە[2]. کەچی سەرچاوەیەکی دیکە پێیوایە تەمومژ لەسەر ناسنامەی کۆمەڵە نەبووە، چونکە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی ماوی بووە، بڕوای بە خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی هەبووە و تێکۆشاوە بۆ ئەوەی بیروباوەڕی ماوی لەبەر ڕۆشنایی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستاندا بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی پیادە بکات[3].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، کۆبوونەوەی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ ، سەرباری ئەوەی بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی تێدا درا، لەگەڵ ئەوەشدا پەسەندی ئەو پێڕەو و پرۆگرامەش کرا، کە ئامادەکرابوو، ئینجا بڕیاری دیاریکردنی سەرکردایەتی و دابەشکردنی کارەکان درا، کە لە سەرچاوەکاندا بە جیاواز باس لە یەکەم سکرتێری کۆمەڵە و ئەندامانی سەرکردایەتی دەکرێت. لەم بارەشەوە فوئاد قەرەداغی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، جەلال تالەبانی وەکو سکرتێر دیاریکراوە، لەسەر ڕاسپاردەی تالەبانیش ئەویان وەکو جێگر دەستنیشان کردووە[4]، کەچی سەرچاوەیەکی دیکە بەم شێوەی خوارەوە ئاماژە بۆ دەستەی سەرکردایەتی کردووە:

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٣) عارف کەریم، من کۆمەڵە و یەکێتی، ل ١٥.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢. دلێر سدیق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە یەکێك لە کۆبوونەوەکان پرسیار لە جەلال تالەبانی کراوە بۆ دەستنیشانکردنی جێگری سکرتێر سەرەتا ئاماژەی بە ناوی فوئاد قەرەداغی و شەهاب شێخ نووری کردووە، بەڵام دواتر شەهاب شێخ نووری دانراوە. کۆمەڵە لە زیندانەوە بۆ ڕاپەڕین، ل ٢١٥.

یەکەم: شەهاب شێخ نووری سکرتێری لێژنەی سەرکردایەتی. دووەم: نەوشیروان مستەفا ئەندام. سێیەم: جەعفەر عەبدولواحید[1] ئەندام و سەرپەشتیاری هەولێر. چوارەم: فەرەیدوون عەبدولقادر ئەندام و سەرپەشتیاری کەرکووك. پێنجەم: ئاوات عەبدولغەفور ئەندام و سەرپەشتیاری سلێمانی. شەشەم: محەمەد میرزا سەعید مەلا عەباس ئەندام و سەرپەشتیاری بەغدا. حەوتەم: ئەرسەلان بایز ئەندامی سەرکردایەتی[2]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت، زانیارییەکانی نێو ئەو سەرچاوەیە و ئەوانەشی پشتیان بە زانیارییەکانی بەستووە کەوتوونەتەوە هەڵەوە، چونکە لە بارەی سکرتێرەوە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، یەکەم سکرتێری کۆمەڵە جەلال تاڵەبانی بووە[3]، بەڵام لەبەر ئەوەی بە ماوەیەکی کەم تاڵەبانی چۆتە دەرەوەی وڵات، شەهاب شێخ نووری وەکو برا گەورەیەك کۆمەڵەی بەڕێوەبردووە نەك وەکو سکرتێر. تەنانەت تاڵەبانی خۆشی لەم بارەیەوە دەڵێت: "... **دوای دوو ساڵ لە**

---

(١) جەعفەر عەبدولواحید، ناوی تەواوی جەعفەر عەبدولواحید ئەحمەدە، ساڵی ١٩٤٢ لە کۆیە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کۆیە و دواناوەندیشی لە کەرکووك تەواو کردووە، بەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆی موستەنسرییە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧١ خوێندووە، دوای ئەوە بە کاروباری مامۆستایەتی خەریك بووە. ناوبراو هەر لەسەرەتاوە بەشداری زۆرێك لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لە قۆناغەکانی خوێندن کردووە تا ئەوەی ساڵی ١٩٥٦ بۆتە ئەندامی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندیکردووە بە هێزی پێشمەرگەوە و وەك کادیرێکی سیاسی و عەسکەری ڕۆڵی باشی بینوە، لەگەڵ دووکەرتبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بەلای باڵی مەکتەبی سیاسیدا چووە. جەعفەر عەبدولواحید یەکێکە لە کادیرە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان و سەپەرشتیاری ڕێکخستنی هەولێر بووە، تا ئەوەی لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشکرا دەبن، لەگەڵ هاوڕێکانی بە نیازی گەیشتن بە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەچنە ئێران، بەڵام دەگیرێن و لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ دەدرێنەوە بە عێراق، دواجار لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لەگەڵ هەریەك لە شەهاب شێخ نووری و ئەنوەر زۆراب لە سێدارەدەرێت. کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرە و ڕاپەڕین، ل ٣٤١ بە دواوە.

(٢) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، ص ٣٢٨.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ فەرەیدون عەبدولقادر لە زەمینە و سەرەتا و دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدوێ، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی دووەم، (سلێمانی، مەکتەبی ڕووناکبیری، ٢٠٠٥)، ل٥٥.

**دامەزراندنی کۆمەڵە پێشنیارم کرد بۆ هاوڕێیان کە بیکەنە سکرتێری کۆمەڵە [مەبەستی شەهاب شێخ نوورییە– توێژەر]"**[1]. هەرچی لە بارەی ئەندامێتی نەوشیروان مستەفایە لە سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا، ئەوە ناوبراو خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە سەرکردایەتی کشاوەتەوە و دواتریش چۆتە دەرەوەی عێراق[2]. سەبارەت بە جەعفەر عەبدولواحید و محەمەد میرزا سەعید و ئاوات عەبدولغەفوریش، ئەوە دوای ئەوەی هەریەك لە جەلال تاڵەبانی و دواتریش شەهاب شێخ نووری چوونەتە دەرەوە، ناچار بوونە هەندێك کەسی دیکە بخەنە ناو سەرکردایەتییەوە، ئەنجام محەمەد میرزا سەعید، جەعفەر عەبدولواحید و ئاوات عەبدولغەفور هاتوونەتە پێشەوە[3]. هەرچی ئەرسەلان بایزە ئەوە لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە پاییزی ١٩٧٠ تێکەڵاوی کۆمەڵە بووە، جگە لەوە باسی ئەوەشی نەکردووە لەو ماوەیەدا ئەندامی سەرکردایەتی بوو بێت [4]. کەواتە دەتوانرێت بووترێت یەکەم سەرکردایەتیی کۆمەڵە پێکهاتبوو لە: جەلال تاڵەبانی سکرتێر، لەگەڵ ئەندامێتی هەریەك لە شەهاب شێخ نووری، فوئاد قەرەداغی، فازڵی مەلا محموود، فەرەیدوون عەبدولقادر و دلێر سدیق.

کۆمەڵە دوای دامەزراندنی بە دید و بۆچونێك و ئاسۆیەکی ڕوونەوە کەوتە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی، لانی کەمی بەرپاکردنی شۆڕشێکی دیموکراتی نوێ بوو، تا ئەوەی ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتی بەدیبێنێت و زەمینە بۆ بونیادنانی یەکسانیی کۆمەڵایەتی خۆش بکات، لێرەشدا وەك هەر ڕێکخراوێکی چەپی ماوی ئەرکەکانی شۆڕشکردنی کردبوو بە دوو بەشەوە، کە دوا ئامانجی گەیشتن بوو بە کۆمۆنیزم. جگە لەوەش لە ناو بەرنامەکەیدا ئاماژە بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد کردبوو، کە دواجار ئەو ئەرکەش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتی نوێوە، هەروەها کۆمەڵە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە خۆی وەك ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی ناساندبوو، چوارچێوەی خەباتکردنیشی بە مارکسیزم– لینینیزم بیروباوەڕی ماوی گرێدابوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی پێکهێنانی پارتی پێشڕەو بۆ سەرکردایەتی

---

(١) مام جەلال، چەند بیرەوەرییەك و شەهید شەهاب.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢؛ کۆمەڵە لە سێدارەوە بۆ ڕاپەڕین، ل ٢١٤.

(٤) د. ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل ٥.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد، دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو، لەشکری گەل و شۆڕشی درێژ خایەنی بێ دوو دڵی قبوڵ بوو[1]. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لە بارەی مەسەلەی ڕێکخستنەوە، پێڕەوی ناوخۆکەی بە تەواوەتی مەسەلە بنەڕەتییەکانی لە بابەت ناوەندییەتی دیموکراتی، ئازادیی ڕادەربڕین، گوێڕایەڵیی کەمینە بۆ زۆرینە، گۆێڕایەڵیی ڕێکخستنەکان بۆ بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، پەیڕەوکردنی هێڵی جەماوەری و پرەنسیپی لە جەماوەرەوە بۆ جەماوەر، شێوازی هەڵبژاردن بۆ دانانی کۆمیتەکان، پاراستنی مافی تایبەتی کەسایەتی و شێوازی خەباتی نهێنی، کە بگونجێت لەگەڵ هەلومەرجی ئەو کاتە، دیاریکردبوو[2].

ئیتر لە چوارچێوەی ئەو بەرنامانەی دای ڕشتبوون، کۆمەڵە بۆ ئەوەی بتوانێت گەشە بە ڕێکخستنەکانی بدات، بە شێوەیەکی نهێنی کەوتە کارکردن. بەمەش هەنگاوە سەرەتاییەکانی لە گەشەکردن و فراوانکردنی ڕێکخستنەکانی لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانەوە دەستیپێکرد، کە لە تەوەری داهاتوودا باس لە ڕۆڵی ڕێکخستنەکان و ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان دەکەین.

---

(١) "تیشکێك لەسەر خەبات و ڕێبازی کۆمەڵە"، گۆڤاری "ڕاپەرین"، ژمارە (١)، ساڵی یەکەم، بێ ساڵ و شوێنی چاپ، ل ل ١-٢؛ ڕاپەرین ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان لە لایەن لقی ئەورووپاوە دەرچووە- ١٩٧٨، نەوزاد عەلی ئەحمەد کۆی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە، (کەرکووك، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٣)، ل١٧.

(٢) "فوئاد قەرەداغی مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی دەگێڕێتەوە"، بەشی دووەم، ل٤؛ "بۆ چی وەرزەنامەکەمان ناوی نراوە کۆمەڵە"، ل١٢؛ رەوا، کومەلە والحزب الطليعي، من منشورات عصبة شغيلة كردستان(كومەلە)، (دون مكان طبع، مطبعة الشهيد ابراهيم عزو، ١٩٨١)، ص ص٢١-٢٢.

## تەوەری دووەم: چالاکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و ڕۆڵی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان

دامەزرانـدنی کۆمەڵــە لــە ١٠ی حـوزەیرانی ١٩٧٠ هاوکـات بـوو لەگـەڵ ئـەو ڕووداو و پێشهاتانەی، کە بەیاننامەی ١١ی مـارت لـە عێـراق و باشـووری کوردسـتان لەگـەڵ خۆیـدا هێنابوویە پێشەوە، لە کاتێکدا پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بەسـەرکردایەتیی بـارزانی و حکومەتی عێراق سـەرگەرمی سـەرکەوتنەکانیان بـوون و بـاڵی مەکتـەبی سیاسـیش بـەری شکستی خۆی دروێنە دەکرد، بەڵام ئەوەی بارودۆخەکەی لە بار کردبوو جـۆش و خرۆشـی لاوان و خوێنــدەوارانی ئــەو دەمــە بــوو، کــە ئامــادەیی ئــەوەیان تێــدابوو بیروبــاوەڕی شۆڕشگێڕی بە ئاراستەی مارکسی، کە بەسـترا بێتـەوە بـە مەسـەلەی نەتەوەییـەوە قبـوڵ بکەن، چونکە ئەو کاتە شەپۆڵێکی لەو شێوە بابەتە ناوچەکەی بە گشتی گرتبۆوە.

لــە چوارچــێوەی ئەمەشــدا، ســەرکردایەتیی کۆمەڵــە هــەر لەســەرەتاوە کەوتــە دابەشـکردنی کـار و سـەرکردایەتییەکەی بەسـەر شـارەکانی باشـووری کوردسـتاندا، تـا ئـەوەی بـە نهێنـی بکەونـە پەیوەنـدیکردن بـەو کەسـایەتییانەی زۆر لێیانـەوە نـزیکن و متمانەی ئەوەیان پێیان هەیە، کە کارکردن لە ناو ڕێکخراوێکی چـەپدا قبـوڵ دەکـەن[١]. ئەم مەسەلەی بە نهێنـی کارکردنـەش زیـاتر لـەوەوە سەرچـاوەی گرتبـوو، چـونکە لـەم سەروبەندەدا پارتی دیموکراتی کوردستان و دەزگـای (پاراسـتن) زۆر بـاڵا دەسـتبوون و ڕێکخراوێکی لەم شێوەیان قبوڵ نەدەکرد، هەروەها دەزگای ئەمن و ئیستخباراتی (الامن والاستخبارات) سەر بە حکومەتی ئەوکاتـەی عێـراقیش بـەبوونی ڕێکخراوێکـی ئـاوا ڕازی نـەدەبوو، ئـەوە سـەرباری ئـەوەی دەبـوو کۆمەڵــە لــە قۆنـاغی سـەرەتای کارکردنیـدا زەمینەسازی بۆ پتەوکردنی ڕێکخستنەکانی بکـات، تـا بـە تـەواوەتی خـۆی بـۆ قۆنـاغی بانگەشەی ئاشکرا ئامادە بکات[٢]. بەمەش سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە هەنگاوی یەکەمیـدا

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکـەمی ٢٠١٢.( بـرایم جـەلال مەجید لـە ٢٥ی تشرینی دووەمی١٩٤٣ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە ڕانییە و ناوەندیی و دواناوەنـدیی لـە سـلێمانی تـەواوکردووە. سـاڵی ١٩٥٨ پەیوەنـدیکردووە بـە یـەکێتیی قوتابییـانی کوردستان، دواتریش پارتی دیموکراتی کوردستان. سـاڵی ١٩٦٢ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی ئـەیلوول

**توانی لە هەر یەك لە شارەکانی بەغدا، سلێمانی، کەرکووك، خانەقین، هەولێر و ناوچەی بادینــان، ژمارەیــەك کەســایەتی بــە دەوری خۆیانــدا کۆبکاتــەوە و لــە ڕێکخســتنە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەدا ڕێکیان بخات[1].**

**دوای ئـەوەی سـەرکردایەتیی کۆمەڵـە لـە هـەنگاوی یەکـەمی ڕێکخسـتنەکانی تـوانی بەشێك لەو کەسایەتییانەی جێگای باوەڕن بە دەوری خۆیدا کۆیـان بکاتـەوە، هـەنگاوی دوای ئەوە گرنگیدان بوو بە بازنەی ڕۆشنبیری، کـە ئەوەشـیان هـەنگاوێك بـوو لـەوەوە دەستی پێدەکرد، کەسێك یاخود دووکـەس بـە یەکـەوە لـە لایـەن کـادیرێکی کۆمەڵـەوە**

---

کـردووە، لەگـەڵ دووکـەرتبوونی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردسـتان سـاڵی ١٩٦٤ لەگـەڵ بـاڵی مەکتەبی سیاسی بـووە و چـۆتە هەمـەدان، سـاڵی ١٩٦٨ بـە نامەیـەك وازی لـە کـاری سیاسـی لـە ڕیزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی هێناوە، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسیی – لینینیـی کوردسـتاندا وەك ئەنـدامێك وەرگـیراوە و لـە ڕیزەکـانی ئـەو ڕێکخـراوە دەسـتی بـەکاری سیاسـی کردۆتــەوە، هــەر لەبــەر ئــەوەش ســاڵی ١٩٧٤ گیـراوە، دوای ئـازادبوونی دووبـارە لـە نـاو کۆمەڵـە دەستی بەکار کردۆتەوە، ساڵی ١٩٧٨ چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە و تـا ١٩٨٧ بـەردەوام بـووە، دوای ئەوە چۆتە ئەڵمانیا و تا دوای ڕاپـەڕین، سـاڵی ١٩٩٤ دەسـتی لـە کـاری ڕێکخـراوەی لـە نـاو یــەکێتیی نیشــتمانیی کوردســتان کێشــاوەتەوە. دوای پرۆســەی ئــازادیی عێــراق بۆتــە ئەنــدامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئێستاکەش ئەندامی ئەنجوومـەنی ناوەنـدیی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردستانە و لە سلێمانی نیشتەجێیە)؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تـەممووزی ٢٠١٢. (ئیحسـان نـەجم محێیـەدین ناسـراو بـە "ئـەبو شـەهاب" سـاڵی ١٩٤٨ لـە کەرکووك لە دایك بووە، سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە کەرکووك تـەواوکردووە و دەرچـووی پەیمانگای نەوتە. ناوبراو هەر زوو تێکەڵاوی کاروبـاری سیاسـی بـووە و لـە نـاو ڕیزەکـانی پـارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە، ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ باڵی مەکتـەبی سیاسـی بـووە. لەگـەڵ دامەزراندنی کۆمەڵە ناوبراو یەکێك بووە لە کادیرە دیارەکان لە شاری کـەرکووك و ڕۆڵـی کایگـەری بینوە. لە دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش بە ماوەیەك ناوبراو پەیوەندی بـە هێزەکـانی کۆمەڵـەوە کردووە، ئیتر بەم شێوەیە لە خەبات بەردەوام بووە تا بەرپابوونی ڕاپەڕینی بەهاری سـاڵی ١٩٩١، دوای ئەوە وازی لە کاری سیاسی هێناوە، ئێسـتاکەش بـە کـاری تایبـەتی خۆیـەوە خەریکـە و لـە سلێمانی نیشتەجێیە).

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کۆمەڵـە لـە سـێدارەوە بـەرەو ڕاپـەڕین، ل ل ١٠١،٨٤، ١٣٩، ١٤٥، ١٧٩، ٢١٣، ٣١٧؛ محمد شێخ عەبدالکریم سـۆڵەیی، مامۆسـتا عـەزیز ژیـانی پـاك و شـەهیدی دەسـتێکی ناپاك، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، ٢٠٠٤)، ل ل ٣٦، ٦٣؛ محەمـەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی، مامۆسـتا جـەمال تـاهیر قارەمـانی شـۆڕش و زینـدان، چـاپی یەکـەم، (سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤، ل ل ٦٣، ل٧٤.

دەستنیشان دەکران و دەست دەکرا بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی زیاتر پەیوەندییان هەبوو بە بیروباوەڕی چەپ، مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان و هۆکارەکانی سەرکەوتنیان، لەگەڵ خوێندنەوەی شۆڕشەکانی کورد و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنیان. بەمەش گفتوگۆکان درێژەی دەکێشا تا ئەوەی لە ناو دانیشتنەکاندا بیروڕای ئەوە گەڵاڵە دەبوو یاخود پرسیاری ئەوە دەکرا، دەبێت چی بکەین؟ یان چۆن هەنگاو بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی بهاوێین؟ ئەنجام ئەو کەسە ئاگادار دەکرایەوە لەوەی ڕێکخراوێك هەیە بە ناوی کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی کوردستان گۆشکراو بە بیروباوەڕی ماوی، بەمەش کاتێك قبوڵی دەکرد تێدا کار بکات، ئیدی ئەو کەسە دەبوو بە ئەندام[1]. بەم شێوەیە مەسەلەی ڕێکخستنەکان وردە وردە فراوانبوون و ڕیزبەندی کران بۆ بازنەی ڕۆشنبیری، شانە و شانەی سەرەکی، کۆمیتەی شارەکان و ناوەند یاخود سەرکردایەتیی کۆمەڵە[2].

کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژییەتی مارکسیزم – لینینزم و بیروباروەڕی ماوی، بە مەبەستی لێکترگرێدانی خەباتی نیشتمانی و چینایەتی، دروشمی (ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن)ی بەرز کردەوە و کەوتە خەبات کردنەوە[3]، بەڵام ئەوەی وای کرد زۆر بە زەقی مەسەلەی بیری ماویزم بە سەرەتاکانی کۆمەڵەوە دیار بێت، بوونی چەند خاڵێکی بوو کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەوە.

یەکەم: زەقبوونەوەی خەباتی نیشتمانی و زاڵبوونی لە شۆڕش و خەباتی گەلی چین بە سەرۆکایەتی ماو تسی تۆنگ، زیاتر لە خەباتی پرۆلیتاریای نێونەتەوەی. لێرەشدا لەبەر گرنگی گرێدانی خەباتی نیشتمانی و چینایەتی لە باشووری

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی كانوونی یەكەمی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی كانوونی یەكەمی ٢٠١٢.

کوردستان ، کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی باوەڕ بوو بە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی، فکریی ماو تسی تۆنگ قبوڵ دەکات[1].

دووەم: شتێکی سروشتییە خەباتی پرۆلیتاریا، بریتییە لە ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە، کە سەرچاوە و بنکەی هەڵگیرسانەکەی لە ناو شارەکان لەسەر دەستی کرێکاران لە ناو کارگەکان سەرهەڵدەدات و پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کرێکار هەیە، بەڵام ماو تسی تۆنگ تێزەکەی خۆی وا دارشتبوو لە لادێکانەوە گەمارۆی شارەکان بدرێت. ئەمەش شێوەیەکی دیکە بوو، لە خەباتی گەلی کورد لەو دەمەدا نزیك بوو، لەبەر ئەوەی لە کوردستان نە کرێکار بەو زۆرییە هەبوو، نە کارگەی گەورەی وەهاش لە کوردستاندا هەبوو، بۆیە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ژێر ئەو کاریگەرییە و بە بڕوابوون بە دامەزراندنی بنکە لە لادێکانەوە و دواتریش گەمارۆدانی شارەکانەوە کەوتە ژێر کاریگەری تێزەکانی ماو تسی تۆنگەوە[2].

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢. ( عومەر عەلی حوسێن ناسراو بە "عومەری سەید عەلی" ساڵی ١٩٤٥ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە. لە سەرەتای لاویەتییەوە تێکەڵاوی کاروباری سیاسی بووە، سەرەتا لە ناو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و دواتریش لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە. ناوبراو یەکێکە لە کادیرە بەراییەکانی کۆمەڵە لە سلێمانی و ماوەیەکیش سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کردووە، ئیتر بەم شێوە بەردەوام بووە تا نسکۆی شۆڕش، دوای نسکۆی شۆڕش گەڕاوەتەوە و لەسەر کار و چالاکییەکانی بەردەوام بووە، تا ئەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاشکرا دەبن، بەو هۆیەشەوە لەگەڵ شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی ڕوودەکەنە ئێران و لەوێدا دەستگیر دەکرێن و لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ ڕادەستی عێراق دەکرێنەوە، بەمەش ناوبراو دوای دادگاییکردن، زیندانی دەکرێت و لە ساڵی ١٩٧٩دا ئازاد دەکرێت. بە ماوەیەکی کەم دوای ئازادبوونی پەیوەندی دەکاتەوە بە کۆمەڵە لە شاخ و دەبێتە ئەندامی ناوەند، لە ساڵی ١٩٨١ بریندار دەبێت و بە مەبەستی چارەسەرکردنی دەنێرێتە دەرەوە وڵات، بەڵام لەوێشدا لە خەبات دادەبڕێت و ساڵی ١٩٨٧ بۆ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە شاخ، ناوبراو دواتر دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێستاکەش هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕانە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر (مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمموزی ٢٠١٢. (موحسین عەلی ئەکبەر ناسراو بە "مامۆستا موحسین" ساڵی ١٩٥٠ لە خانەقین لە دایك بووە، سەرەتایی و ناوەندیی و

سێیەم: تاكتیكێكی دیكە، كە بەلای چینییەكانەوە بە گشتی و ماوتسی تۆنگ بە تایبەتی گرنگ بوو، مەسەلەی دامەزراندنی بەرەی یەكگرتووی نیشتمانی بوو، كە جێگای گرنگی پێدانی سەركردایەتیی كۆمەڵە بوو، چونكە پێیان وابوو لە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی كوردستاندا پێویستی بە كۆكردنەوەی چینە شۆڕشگێڕەكان لە جوتیاران، كرێكاران و ڕووناكبیرانی شۆڕشگێڕ هەیە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی سەركردایەتیی كۆمەڵە پێیان وابوو ناكرێت لەو سەردەمەدا، كە خەبات بۆ ڕزگاریی نیشتمانی دەكرێت، شەڕێكی چینایەتیش لە كوردستان بەرپا بكرێت[1].

چوارەم: هاوكات لەگەڵ ئەوانەشدا لەو ماوەیەدا گلەیی و گازاندەیەكی زۆر و ڕەخنەی بێزاركەر ڕووی كردبووە یەكێتیی سۆڤێیەت، چونكە لەبەر بەرژەوەندییەكانی پشتی كردبووە شۆڕشەكانی دنیا و كەوتبووە هاوكاری كردنی هێزە دەسەڵاتدارەكان، بەمەش وای لێهاتبوو كاریگەری لە گۆڕەپانی سیاسی

---

دواناوەندیی لە خانەقین تەواوكردووە، دواتریش پەیمانگای مامۆستایانی لە هەولێر خوێندووە، دوای ڕاپەڕینیش كۆلێژی یاسای زانكۆی سلێمانی تەواوكردووە. ناوبراو لە سەرەتایی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە لە خانەقین بەشداریكردووە، ئیتر لە وێوە بەردەوام بووە تا نسكۆی شۆڕش. دواتریش بەردەوام بووە تا ئەوە بۆتە پێشمەرگە و بەشداری لە كارو چالاكییەكانی ناو كۆمەڵە كردووە تا ڕاپەڕین، ناوبراو ئێستاكە ئەندامی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(1) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەولا، سلێمانی، ١ی تەمموزی، ٢٠١٢. (نەجمەددین ڕەشید عەلی ناسراو بە "نەجمەددین فەقێ عەولا" ساڵی ١٩٥٦ لە كەركوك لە دایك بووە تا قۆناغی سێ كۆلێژی كشتوكاڵ لە زانكۆ خوێندوویەتی، دواتر لە ساڵی ١٩٩٧ لە هۆڵەندا ژمێریاری پراكتیكی تەواوكردووە. ناوبراو ساڵی ١٩٧٣ بۆتە ئەندامی كۆمەڵە لە ڕێكخستنەكانی كەركوك، لەو ساكەوە ڕۆڵی دیاری لە ناو كۆمەڵەدا لە ناو ڕێكخستەكانی شاری كەركوك بینوە، دوای دەستپێكردنەوەی شۆڕش ساڵی ١٩٧٦ چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٧٩ بیری لە دامەزراندنی گروپێكی چەپی جیاواز لە كۆمەڵە كردۆتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش گەڕاوەتەوە ناو شار و ئەنجام لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی تری ڕێكخراوێك بە ناوی بەرەی ڕزگاری زەحمەتكێشان– بەرزە دادەمەزرێنن. ناوبراو ساڵی ١٩٨٢ دووبارە دەچێتەوە شاخ و دەبێتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری كۆمەڵە، بەڵام دوای ئاشكرابوونی كاری ڕێكخراوەكەیان ناچار دەبێت خۆی بشارێتەوە، ئیتر بەم شێوەیە تا ڕاپەڕین بەردەوام دەبێت. ناوبراو ئێستاكە ئەندامی ئەكادیمیای بیر و هۆشیاری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

کوردستاندا لاواز ببوو. تەنانەت ئەو مەسەلەش ڕەنگدانەوەی بەسەر پارتە کۆمۆنیستەکانی سەر بە سۆڤێیەت لە وڵاتانی دیکەی دونیادا هەبوو، بۆیە باشووری کوردستانیش لەم مەسەلەدا بەدەر نەبوو. ئیدی بۆ ئەوەی کۆمەڵە خۆی لە هێڵی سۆڤێیەت جیابکاتەوە کەوتە ژێر کاریگەری هێڵی چینەوە[1]، کە ئەوەش جگە لە هەڵوێستێکی جیاواز، شتێکی دیکە نەبوو.

پێنجەم: خۆگرێدان بە ماویزمەوە هەم بۆ کەڵك وەرگرتن بوو لە ئەزموون و ڕێباز و ناو و دەنگەکەی، هەمیش هەوڵێك بوو بۆ بە دەستهێنانی پشتیوانی ئەو بلۆکە بەهێزە تازە شکڵگرتووە، چونکە تیۆرەکانی ماو لەگەڵ مەرام و ئامانجی ناسیۆنالیستەکانی ئەو دەمەدا دەگونجا، کە خۆی ناو نابوو چەپ و قسەی بۆ شارنشینی و خوێندەواران دەکرد، بە ئامانجی ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی و هاوکاریی چینەکانی کۆمەڵگای کوردستانی پێ تیۆریزە بکات[2].

کۆمەڵە بە ماوەیەکی کەم دوای دامەزراندنی ڕووبەڕووی کێشە و ململانێیەکی فکریی ناوخۆی هاتۆتەوە، ئایا کۆمەڵە خەبات لە پێناو دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی عێراقی دەکات؟ یاخود خەبات لە پێناو دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی دەکات؟ لەم بارەیەوە یەکێك لە سەرچاوەکان دەڵێت: **"...خاڵێك کە ناڕۆشنی لەسەر هەبوو، مەسەلەی ناسنامەی ڕێکخراوەکە و سنووری کارکردنی بوو، ئایا ڕێکخستنەکە ناسنامەیەکی ناسیۆنالیستی دەبێت یان ناسنامەیەکی ئینتەرناسیۆنالیستی؟ ئایا ستراتیژی کاری ڕێکخراوەکە لە بواری ڕێکخستندا کارکردن دەبێت بۆ بونیادنانی حیزبێکی کۆمۆنیستی عێراقی یان حزبێکی کۆمۆنیستی کوردستانی؟ ستراتیژی، کۆمەڵە ڕزگاریی کوردستانە لە چوارچێوەی شۆڕشی دیموکراتی نوێی عێراقدا یان تەنیا ڕزگارییە لەسەر ئاستی کوردستان؟ ئیتر وردەکاری ئەو ناڕۆشنییە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەدا بە تەواوی و بەم شێوەیە نەبوو، کەسێك بە وردی لەم ڕووەوە باری سەرنجێکی تایبەتی هەبێت، مشتومڕیشی لەسەر بکرێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی**

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) ڕێبوار ئەحمەد، لە ماویزمەوە بۆ حیکمەتیزم...، ل ٢١.

**ماوەیەك لە کارکردن، ناکۆکی لەم ڕووەوە سەری هەڵدا..."**[1]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە یەکێك لە سەرکردەکانی کۆمەڵە بەم شێوەیە لە سەرهەڵدانی ناکۆکییەکە دەدوێت و دەڵێت:**" مەسەلەی دەرکەوتنی ناکۆکییەکان ئاسایی بوو، لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی تیۆری و ڕووناکبیریمان لەو ئاستەدا نەبوو... هەروەها مەسەلەی بوونی ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی لینینی لەو کاتەدا وا باو بوو، کە دەبێت حزبێکی چینایەتی بێت، ... بەڵام مارکسیزم لە دونیادا زانست و فەلسەفەیەك بوو تەفسیری بۆ ژیان، بۆ گۆڕینی ژیان هەبوو، شتێك نییە تەنیا پەیوەندی بە چینێکەوە هەبێت و چینەکەی دیکە فەرامۆش بکات، بەمەش ئێمە پێمان وابوو ئەوە چرایەکە لە تاریکیدا ڕێگاکانت بۆ ڕووناك دەکاتەوە. بۆیە لەوکاتە بیروڕای ئێمە وابوو بوونی ڕێکخراوێك بۆ کوردستان پێویستە لەبەر ئەوەی کوردستان وڵاتێکی پارچە پارچە کراوە، لە کوردستانی عێراقیش مافەکان زەوت کراون،...، ئیتر بیرکردنەوەی ئێمە لە چوارچێوەی گیروگرفتەکانی کوردستاندا بوو. کەچی برادەرانی دیکە وای تێگەیشتبوون لە کوردستاندا چینی کرێکاران جیا نین لە چینی کرێکارانی عێراق،...، لەبەر ئەوە دەبێت خەباتەکەمان خەباتێکی چینی کرێکاری بێت لەسەر ئاستی عێراق"**[2].

وادیارە ئەو مەسەلەیە لە سەرەتاوە لەسەر ئاستی سەرکردایەتیی کۆمەڵە وەکو ناکۆکی و گفتوگۆ لەسەر کردن دەستیپێکردووە، بەڵام دواتر بۆ ناو ڕێکخستنەکانی خوارەوە شۆڕبۆتەوە و بۆتە جێگای گفتوگۆی نێوان کادیران، لێرەشدا هەڵگرانی هەردوو بیروبۆچوونەکە بۆ پاڵشتی بۆچوونەکانیان، لە کاتی گفتوگۆکاندا بەڵگەی پێویستیان هێناوەتەوە. ئەوەتە یەکێك لەو کەسایەتییانەی، کە بیروڕای عێراقییانەی هەبووە دەڵێت:" ... **ئێمە لە ڕووی تیۆرییەوە سەیرمان دەکرد کە مارکس [ئەو وتەیە هی لینینە نەوەك هی مارکس– توێژەر] دەڵێت: لە وڵاتێکدا ئەگەر دوو حیزبی شیوعی هەبێت**

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢. تێبینی: سەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان بە ماوەیەکی زۆر کەم دوای دامەزراندنی کۆمەڵە سەریان هەڵداوە، بە گوێرەی قسەی زۆربەی شایەتحاڵەکان تا ئابی ١٩٧١ بەردەوام بووە، ئیتر مەسەلەکە یەکلایی کراوەتەوە. بەڵام برایم جەلال لە (چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە)دا لە لاپەڕە ٣٤، پێی وایە تا مایسی ١٩٧٢ بەردەوام بووە، هەروەها صلاح خرسانیش، لە (التیارات السیاسیة في کردستان العراق) لاپەڕە ٣٣٣–٣٣٤ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مێژووی دەرکەوتنی ناکۆکییەکان لە ١٩٧٣ – ١٩٧٤ بووە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

**دەبێت یەکێکیان ئینتیهازی بێت، بۆیە ئێمە دەمان وت نابێت دوو حیزبی شیوعی هەبێت لە عێراقدا..."**[1]. بەڵام لایەنگرانی کوردستانی وا بۆ مەسەلەکە چووبوون، کە کوردستان بارودۆخێکی جیاوازی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی تەواونەبووە، بەڵام لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەندێك لە ئەرکەکانی قۆناغی نیشتمانی تەواوبووە، بۆرژوازی بچووك (بۆرژوازی نیشتمانی) هەنگاوی بۆ سەربەخۆیی خۆی ناوە و هەندێك لە کاری ئابووری جێبەجێکردووە، بەڵام لە کوردستاندا ئەو شتانە نەکراون، هەروەها کوردستان بووە بە پاشکۆی دەوڵەتی عێراق، بەمەش ناکۆکییەکان چڕبوونەتەوە، بۆیە دەبوو خەباتی چینایەتی و خەباتی نەتەوایەتی بە یەکەوە گرێ بدرێن، چونکە لە عێراقدا نەتەوەی سەردەستە، کە عەرەبە کار بۆ تواندنەوەی نەتەوەی ژێر دەستە دەکات، کە کوردە. بۆیە لە باشووری کوردستانی ژێر دەستەدا، پێویستە کار بۆ ڕێکخراوێکی پتەو بکرێت تا لەو ڕێگایەوە وەڵامی بارودۆخ و پێشهاتەکان بدرێنەوە[2].

مەسەلەی ناکۆکی و ململانێیەکان ماوەیەك ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیان بە خۆیانەوە خەریك کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەوڵی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە دراوە. لەم بارەیەوە بیروڕای جیاواز لە سەرچاوەکاندا بەدی دەکرێن، کاتێك بەشێك لە سەرچاوەکان پێیان وایە، ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی ئاسایی و دیموکراتییانە چارەسەرکراوە، بەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ناو ڕێکخستنەکانیدا بابەتەکەی خستوەتە ڕاپرسییەوە، ئەنجامی ڕاپرسییەکەش بەوە کۆتایی هاتووە، کە زۆربەی زۆری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەدا بوون، ڕێکخراوەکەیان ڕێکخراوێکی کوردستانی بێت و خەبات لەسەر ئاستی کوردستان بکات[3]. کەچی سەرچاوەیەك

---

(١) گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەشرەف تاڵەبانی، ٢٠١٢/٨/٢٨، لە: (کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرە و ڕاپەڕین، ل١٤٥)، وەرگیراوە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عارف کەریم، سلێمانی، ٢٤ی کانوونی یەکەمی، ٢٠١٢.( عارف کەریم، ساڵی ١٩٤٤ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٤ لە زانکۆی مووسڵ وەرگیراوە.

پێیوایە کۆمەڵە یەك لایەنانە بڕیاری خۆیداوە و بابەتەکەی لە بەرژەوەندی کوردستانییەکان یەکلا کردۆتەوە[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت ئەوەی یەکەمیان ڕاستترە، چونکە سەربارى ئەوەی زۆربەی ئەوانەی هەڵگری بیری کوردستانین ئاماژە بە بوونی ڕاپرسییەکی لەو شێوەیە دەکەن، تەنانەت فوئاد قەرەداغیش، کە یەکێك بووە لەوانەی لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری عێراقی بووە، ئەنجامدانی ڕاپرسییەکە پشت ڕاست دەکاتەوە[2].

لە ڕاستیدا، بە چوونە دەرەوەی گروپی (عێراقییەکان) [3]، مانای ئەوە نییە کێشە و جیاوازییە فکرییەکان و ناکۆکییەکان لە ناو کۆمەڵەدا کۆتاییان هاتووە و هەموو بەیەك شێواز بیریان کردۆتەوە. بەڵکو لە ناو کۆمەڵەدا هەم کێشە و هەمیش بیروڕای جیاواز بوونیان هەبووە، وەك:

---

ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و دواتریش ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە. ساڵی ١٩٦٤ زیندانی دەکرێت و دەدرێت بە دادگایی ئەمنی دەوڵەت، بەڵام دواتر ئازاد دەکرێت. ناوبراو هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ دوو کەرتبوونی پارتی، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٧٠. لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵە وەکو یەکێك لە ئەندامە بەراییەکان لە سلێمانی کار و چالاکییەکانی ئەنجام دەدات، تا ئەوەی ساڵی ١٩٧٥ فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت و ناچار ڕوودەکاتە وڵاتی شام و ماوەی سێزدە مانگ لە وێدا دەمێنیتەوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٦دا لەبەر هەڵویستی سیاسی بە یەکجار دەست لە کاری ڕێکخراوەی هەڵدەگرێت و لەو کاتەوە پەیوەندی بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسییەوە نامێنێت و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ دەبێت).

(١) گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەشرەف تاڵەبانی، ٢٠١٢/٨/٢٨. لە: ( کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرە و ڕاپەڕین، ل١٤٥–١٤٦) وەرگیراوە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٣) گروپی (عێراقییەکان) بریتی بوون لە: فازڵی مەلا مەحموود، فوئاد قەرەداغی، ئەشرەف شێخ شەرەف تاڵەبانی، سلێمان عومەر"خەڵکی هەولێر"، محەمەد وشیار بەرزنجی، عەبدولڕەحمان قەرەداغی، سەردار حەسەن سوور سێوسێنانی، حەسەن حەمە خان "خەڵکی کفری"، زاهیر باهیر"لە شێخەکانی مەردۆخی"، ئەمیر عەلی ناجی" دانیشتووی بەغدا"، عەبدوڵی موعتەسەم دەباغ، شێروان نووری، پرشنگ مەمەند و بورهان مستەفا مەعرووف. کۆمەڵە لە سێدارەوە بۆ ڕاپەڕین، ل ١٤٦.

یەکەم: دوورکەوتنەوەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری کۆمەڵە و چوونی بۆ دەرەوەی وڵات، وای کردووە پەیوەندی و ڕاسپاردەکانی تەنیا لە ڕێگای گۆڕینەوەی نامەوە بێت، کە ئەمەش یەکێك لە کێشەکانی کۆمەڵە بووە.

دووەم: سەردانی شەهاب شێخ نووری لە کۆتاییەکانی ١٩٧٢ بۆ بەیروت و شام (دیمەشق) بۆ لای جەلال تاڵەبانی، کە یەکێك لە سەرچاوەکان هۆکاری سەردانەکە بۆ تێڕوانینی جیاوازی هەر یەك لە جەلال تاڵەبانی و شەهاب شێخ نووری دەگێڕێتەوە، لەبەر ئەوەی دووەمیان مەسەلەی خەباتی چینایەتی بە لایەوە گرنگتر بووە، لە ژێر کاریگەری (تێزی سێ جیهانی)[1] یشدا لە ڕیزبەندی ناکۆکییەکاندا حکومەتی ئەوکاتەی عێراقی بە ناکۆکی لاوەکی زانیوە، کە ئەوەشیان لای جەلال تاڵەبانی جێگای نیگەرانی بووە، چونکە لای تاڵەبانی

---

(١) تێزی سێ جیهانی یەکێك بوو لە داهێنانەکانی ماو تسی تۆنگ، کە لە ڕێگای ئەو تێزەوە جیهانی ئەو کاتەی دابەشکردبووە سەر سێ جیهانی جیاواز. جیهانی یەکەم: بریتی بوون لە هەر دوو وڵاتە زلهێزەکەی ئەو دەمە: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤێیەت، پێی وابوو هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نییە، لەبەر ئەوەی یەکەمیان ئیمپریالیزمە و ئەوەی دووەمیشیان سۆسیاڵ ئیمپریالیزمە. جیهانی دووەم بریتی بوون لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو وەك ئینگلتەرا، ئەڵمانیای فیدراڵ، فەرەنسا، یابان و وڵاتانی سۆسیالیستی دیکە، کە باوەڕی بە سۆسیالیستی ئەوانەش نەبوو. جیهانی سێیەم، بریتی بوون لە وڵاتانی هەژار و نیمچە پێگەیشتوو، بەمەش ماو تسی تۆنگ لەبەر ئەوەی چینی بە ناوەندی شۆڕشگێڕی دەزانی، بۆ ئەوەی ئەو ناوەندەشی بۆ بچێتە سەر، هاوشانی تێزە سیاسی و عەسکەرییەکانی پێویستی بە جیهان بینیی فراوانتر هەبوو تا ئەوەی بتوانێت ئینتەرناسیۆنالیزمی نوێ لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە. بۆیە لە ئەنجامی لێکدانەوەی باری ئابووری و ئەو ناکۆکییانەی لەو بارە ئابوورییە جیهانییەوە سەری هەڵدابوو، تا سەر لە نوێ لە ژێر ڕێبازێکدا ڕێکیان بخاتەوە، ناکۆکییەکانی دابەش کردە سەر چوار جۆر: یەکەم: ناکۆکی لە نێوان نەتەوە چەوساوەکان لە لایەك و لە نێوان ئیمپریالیزم و سۆسیال ئیمپریالیزم لە لایەکی دی. دووەم: ناکۆکی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوای وڵاتانی سەرمایەداری و سەر بە ڕیڤیژنیزم. سێیەم: ناکۆکی نێوان دەوڵەتانی ئیمپریالی و دەوڵەتانی سۆسیال ئیمپریالی، لە نێو خودی دەوڵەتانی ئیمپریالیدا. چوارەم: ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتانی سۆسیالیستی لەلایەك و لە نێوان ئیمپریالیزم و سۆسیال ئیمپریالیزم لە لایەکی دیکە. فەرهەنگی سیاسی، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی سلیمانی و کەرکوکی حزبی شیوعی عیراق، (بێ شوێن وساڵی چاپ)، ل ل ٤٩–٥٠؛ حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گۆرانکاری‌یەکانی سەردەم، چاپی سێیەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ١٩٩٤)، ل ل١٨١–١٨٢.

مەسەلەی خەباتی نەتەوایەتی زاڵتر بووە[1]. لەم بارەیەشەوە تاڵەبانی دەڵێت:**"ساڵی ١٩٧٢ لە بەیروت بووم نامەیەکم نارد بۆی [مەبەستی شەهاب شێخ نوورییە– توێژەر] تا سەردانێك بکات، نیازم ئاڵوگۆڕی بیروڕا و شێوەی نوێ کارکردن بوو"**[2].

سێیەم: لە نێو کادیرەکاندا گفتوگۆی چڕ لەسەر بابەتە فکرییەکان کراوە، ئەوەش وای کردووە بەشێك پێیان وابێت، پشت بەستن بە تێزەکانی ماو تسی تۆنگ بەس نییە بۆ وەڵامدانەوەی هەموو پرسەکان، بۆیە پێویست دەکات بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی مارکسیزم– لینینزم. لەم بارەیەشەوە یەکێك لە سەرچاوەکان دەڵێت:**" لە یەکێك لە کۆبوونەوەکاندا بابەت و باسێك هاتە پێشەوە لەسەر بورجوازی نیشتمانی، ئایا بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی خاوەنی بەشێك لە سەرمایەیە ئەگەرچی سەرمایەکە کەمیش بێت، ئیتر وا دەرکەوت، ئێمە دژی ئەو شیکردنەوەی چینایەتییەن، کە ماوتسی تۆنگ باسی دەکات، چونکە ئێمە پێمان وابوو چینی بۆرجوازی خەسلەتی نیشتمانی لە دەست نامێنێت ... ئەبو شەهاب وتی: بۆ ئەوەی لەو مەسەلەیە تێ بگەین دەبێت واز لە ماو تسی تۆنگ بێنین، چونکە ماو و ستالین لقن. دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی مارکسیزم و لینینزم، بەمەش من گەڕامەوە بۆ خوێندنەوەی سەرچاوە سەرەکییەکان..."**[3]. هەروەها هەر لەم ڕووەوە سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:**"...من ئەو کاتە هەندێ حەزەرم لەسەر ماو تسی تۆنگ هەبوو، پێم وابوو دەبێت کۆمەڵە کتێبەکانی مارکس و لینین بخوێنێتەوە، بەڵام کاك نەریمان مەحموود [بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئەو کاتەی کۆمەڵە لە خانەقین– توێژەر] ئەو قسانەی بەدڵ نەبوو، ... هەر ئەوەش وای کرد لەسەر بیروڕای جیاواز ناکۆك بین..."**[4].

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٢) مام جەلال، "چەند بیرەوەریەك و شەهید شیهاب".

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەولا، سلێمانی، ١ی تەمموزی، ٢٠١٢.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمموزی ٢٠١٢. ( فازیل کەریم ئەحمەد، ناسراو بە "مامۆستا جەعفەر" ساڵی ١٩٥٢ لە خانەقین لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە خانەقین و پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٢ لە ئەڵمانیا بۆ

چــوارەم: بــە تەنگــەوە نــەهاتنی ئەنــدامانی کۆمەڵــە لەســەر مەســەلەی پاراســتنی نهێنییــەکان، هــەم لــە بــێ بـاکی ئەندامەکانییــەوە، هــەمیش لــە تێخزینــی جــۆرە کەسانێك، کە دەنگوباسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیان دەگواستەوە، ئەمــەش وای کـرد هــەم حکومــەت و دەزگـا هەواڵگرییــەکانی گومـان دروسـت بکــەن، هــەمیش دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و (پاراستن) بکەونـەوە هــەواڵ پرسـین و لێکۆڵینەوە لە کارو چالاکییەکانیان[1].

ئەگەرچی ناکۆکییە ناوخۆییەکان ماوەیەك ڕێکخستنەکانی بە خۆیانەوە خەریك کـرد، بەڵام کۆمەڵە بەردەوام بوو لەسەر پەرەپێدان بە ڕێکخستنەکانی، بـە تایبـەت لـە ڕێگـای ئەڵقە ڕۆشـنبیرییەکانییەوە، کـە هــەم مەبەسـت تێـدا گەشـەکردنی ڕێکخسـتنەکان بـوو، هەمیش زیاتر پەروەردەکردنی کادیرەکان بوو بە بیری چەپییەتی. لەم چوارچێوەیەشـدا لە چەندین وێستگەی جیاوازەوە دەست کرا بە خوێندنەوە و لێکۆڵینـەوە لـەو کتێبانـەی تایبەت بوون بە فکری چـەپ. لـە وانـە لـە شـانەکاندا: (کوردایـەتی–جـەلال تاڵـەبانی)، (شیکردنەوەی چینایەتی بۆ کۆمەڵگای چینی)[2]، (بزووتنەوەی جوتیاران لە هۆنـان)[3]، (ماالعمل)[4]، (کورتەیەك لە بەیاننامـەی یەکـەمی کۆمۆنیسـتی "مانیفاسـتو")[1]، (چـۆن

---

جارێکی دیکە چۆتەوە بەر خوێندن و بەشی کۆمەڵناسی لە ١٩٩٢ تەواوکردووە. ناوبراو سەرەتا لە ناو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و دواتـریش لـە نـاو بـاڵی مەکتـەبی سیاسـی خـەباتی کـردووە، یەکێکە لە ئەندامە بەرایییەکانی کۆمەڵە بـووە لـە خانـەقین، سـاڵی ١٩٧٤ بۆتـە پێشـمەرگە و دوای نسکۆ گەڕاوەتەوە و بە مامۆستایەتییەوە خەریك بووە، تا ئەوەی ساڵی ١٩٧٧ دووبارە بۆتەوە بە پێشمەرگە و بەمەش تا دوای کۆنفرانسی یەکـەمی کۆمەڵـە لـە شـاخ ماوەتـەوە، دوای ئـەوە لەبـەر بیروڕای جیاوازی چۆتە دەرەوە و لە ئەڵمانیا گیرساوەتەوە، ئێستاکە بەرپرسـی ناوەنـدی مێـژووە لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغـەفور، سـلێمانی، ٣٠ی مایسـی ٢٠١٢؛ دیمانەیـەك لەگـەڵ عومـەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ ئەسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل ٥.

(٢ ) ئەمە لە بەرگی یەکەمی نووسینەکانی مـاو تسـی تۆنگدا نووسـرابوو، وەرگێڕدرابـووە سـەر زمـانی کوردی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ماو تسی تونغ، المؤلفات المختارة، المجلد الاول، ترجمة: د. فـواد ایوب، الطبعة الثانية، (دمشق، دار دمشق للطباعة والنشر،١٩٦٥)، ص ص ٩ ومابعدها.

(٣) بزووتنەوەی جوتیارانی هۆنان لە چین لە مارتی ١٩٢٧دا بە سەرکردایەتی ماو تسی تـۆنگ لـە دژی دەسەڵات سەرهەڵداوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نفس المصدر، ص ص ٢٣ ومابعدها.

(٤) (ماالعمل) لە نووسینی (لینین)ە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە بڕوانـە: فلادیمـیر لینین، ما العمل المسائل الملحة لحركتنا، (دون مكان وسنة الطبع).

ڕێزەکـانی حـزب هەڵدەسـەنگێنین)[٢]، (مێـژووی پارتـە کۆمۆنیسـتەکان و بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی دونیـا)[٣]، خوێنـدراون، بـەڵام لـە شـانە سـەرەکییەکاندا بـە خوێندنـەوەی (بماذا نبدأ – لینین) دەستپێکراوە، کە تێدا گرنگی بە سەرەتاکانی مەسەلەی ڕێکخستن و جەختکردن لەسەر بوونی ڕۆژنامەیەك بۆ پارتی پێشڕەو و بوونی ڕێکخستنێکی پۆڵایین بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـەرەنگاری دەسـەڵات و دەزگـا هەواڵگرییـەکان ببێتـەوە، کـراوە. دواتریش لە ڕێگای هەر یەك لە کتێبەکانی:(بەرەی نیشتمانی– دیمترۆف سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی بولغاری)، (بەرەی نیشتمانی– مـاو تسـی تـۆنگ)، (یاداشـتەکانی کـیم ئیـل سـونگ– سـەرکردەی کوریـای بـاکوور) و (بـەرەی نیشـتمانی– جـەلال تاڵـەبانی)[٤]، مەسەلەی بەرەی نیشتمانی ڕوون کراوەتەوە و بە گرنگ ناسێندراوە. هـەروەها جگـە لـە وانە هەر لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکاندا، ئەندامانی کۆمەڵە، هەر یەکـە لـە کتێبەکانی:(مارکسـیی– لینینیـی و تیـۆری پـارتی شۆڕشـگێڕی– مـونیر شـەفیق)، (مارکسـیی – لینینیـی و شۆڕشـی چـەکداری– مـونیر شـەفیق)، (دیمـوکراتی گـەل)، (جەنگی نیشتمانی درێژخایەن– لین پیاو وەزیری بەرگری چین)، (گەلی کورد بۆ کوێ)[٥] خوێنـدراون و تـاووتوێکراون[٦]. لێرەشـدا دەتوانرێـت بووترێـت بەرنامـەی خوێندنـەوەی کتێبەکان چەندە مەبەست ئاشنابوون بوو بە بیروباوەڕی چەپییەتی، هێندەش بە گرنگ ناساندنی ئەو بەرنامەیە بوو، کە کۆمەڵە لە سـەرەتاوە بـڕوای پێـی بـوو و هـەنگاوی بـۆ هـەڵهێنا، ئـەویش دامەزرانـدنی پـارتێکی پێشـڕەو، بەرەیـەکی نیشـتمانی و لەشـکرێکی ڕزگاریی نیشـتمانی بـوو، تـاوەکو جڵـەوی خـەبات و تێکۆشـانی شۆڕشـێکی درێژخایـەن بگرێـتە دەست.

---

(١) بۆ زمانی کوردی وەرگێردرابوو.

(٢) بریتی بوو لە کۆمەڵە وتارێکی (ماو تسی تۆنگ).

(٣) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل٣٥.

(٤) لە سەرەتادا جەلال تاڵەبانی وەك بنەمایەك بۆ پێشاندانی گرنگی بەرەی نیشتمانی بە یاداشتێك لـە سـاڵی ١٩٦٨ پێشکەشـی حکومـەتی عێراقـی کردبـوو، بـەڵام دواتـر بـوو بـە کتێـب و لـە ئەڵقـە ڕۆشنبیرییەکان دەخوێندرا.

(٥) بریتی بوو لە بەشـی پێنجـەمی کێتبەکـەی جـەلال تاڵـەبانی، کردسـتان و الحرکـة القومیـة الکردیـة، الطبعة الاولی، (بیروت، دون مطبعة، ١٩٦٩)، ص ص ٣٦١ –٤٤٦.

(٦) صلاح الخرسان، التیارات السیاسیة في کردستان العراق، ص ص٣٣٠–٣٣٣.

هەر لەم ماوەیەدا کۆمەڵە بەمەبەستی پەرەسەندنی لایەنی چۆنایەتی ڕێکخستنەکانی جگە لە خوێندنەوە لە ناو ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان، خولی بۆ کادیرەکان کردۆتەوە. لە چوارچێوەی ئەم هەنگاوەشدا لە تەمموزی ١٩٧٢ یەکەم خولی کادیران لەماڵی کادیرەکانی کۆمەڵەدا لە سلێمانی کراوەتەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ بەردەوام بوو، کە تێدا هەم سەرچاوەکانی تایبەت بە بیری چەپ دەخوێندرا، هەمیش بابەتە فکرییەکان تاووتوێ دەکران[1]. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوەی زۆرێك لە ئەندامی کۆمەڵە لە ناو ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵیان هەبوو، کەوتوونەتە هەوڵی ئەوەی سوود لە پێگەکانیان وەربگرن بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و پەرەسەندنی ڕێکخستنەکانیان، بە تایبەت ئەگەر بزانین لە کاتی بەڕێوەبردنی ئۆردوگای هاوینان لە لایەن یەکێتیی قوتابییانی کوردستانەوە، سەرباری ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵە لە ناو ڕێکخراوەکەدا ڕۆڵیان لە سازدانی هەبووە، هانی ئەندامانیشیان داوە بەشداری تێدا بکەن[2]. لەم بارەشەوە یەکێك لە سەرچاوەکان دەڵێت:" **لە ساڵی ١٩٧٢ کە بڕیاری کردنەوەی ئۆردوگای قوتابیان لە ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین درا، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و تێگەیاندنی خەڵکانی ئەو ناوچانە لە مەسەلەی گەلەکەمان، داڕێژەری فیکرەکە لە ڕاستیدا ئێمە بووین [مەبەستی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەیە– توێژەر]، دیارە ئەوەشمان بۆیە هەڵبژارد بەو نیازەی لەم ڕێگایەوە زیاتر بچینە ناو جوتیارانی کوردستانەوە هەم**

---

(١) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ل٣٩–٤٠؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، ئامادەکردنی: محەمەد مێرگەسۆری، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە(٥٦٤٧)، سلێمانی، ١٢/٨/ ٢٠١١، ل ل١٢–١٣. یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شەهاب شێخ نووری لەو خولی کادیرانەدا جەختی لەوە کردۆتەوە کادیر نابێت فێری مووچە و کورسی و پلەوپایەی تایبەت بکرێت و تایبەتمەندی بەسەر خەڵکانی دیکەوە هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە پەروەردەکردنە دەبێتە هۆکاری دابڕینی کادیر لە جەماوەر و چینی ڕەنجدەران، بەمەش توێژێکی نوێی بۆرژوازیی بیرۆکراتی لە ناو ڕێکخراوەکەدا پەیدا دەبێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاوار، کادر کێیە و چون پەروەردە دەکرێ؟، (بێ شوێنی چاپ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە، ١٩٨٥)، ل ١٦.

(٢) ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل٦.

**لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر قوتابیاندا شەوانە و ڕۆژانە تێکەڵاو ببین و بەو تێکەڵاوبوونەمان بیروباروەڕی کۆمەڵە لەناویاندا بڵاوبکەنەوە"**[1].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، کۆمەڵە لە سەرەتاوە خاوەنی بڵاوکراوەیەك نەبووە تا وەك زمانحاڵی ڕێکخراوەکە هەڵوێستەکانی تێدا دەرببڕێت، بەڵام دواجار سەرکردایەتی بڕیاری دەرکردنی بڵاوکراوەیەك بە ناوی (ئاڵای سوور)ەوە دەدات و سێ ژمارەی لێ بڵاودەکاتەوە[2]. لێرەشدا لە سەرچاوەکاندا دەربارەی ڕێککەوتی دەرچوونی ژمارەکانی ئاڵای سوور و سەرپەرشتیارەکەی جیاوازی بەدی دەکرێت، لە کاتێکدا یەکێك لە سەرچاوەکان پێی وایە ڕۆڵی سەرەکی لە دەرکردنی ئەو بڵاوکراوە، شەهاب شێخ نووری بووە[3]، بەڵام سەرچاوەی دیکە هەن ڕۆڵەکە بۆ فەرەیدوون عەبدولقادر دەگێڕنەوە[4]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە سەرچاوەیەك پێی وایە یەکەم ژمارەی ئاڵای سوور لە تەمووزی ١٩٧٣ و دووەم ژمارەی لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ و سێیەم ژمارەشی

---

(١) سالار عەزیز، مامۆستا مەردانە ژیا و نەبەردانە شەهید بوو. لە: (محمد شێخ عەبدالکریم سۆڵەیی، مامۆستا عەزیز ژیانی پاك و شەهیدی دەستێکی ناپاك، ل٦٤)، وەرگیراوە.

(٢) سەرچاوە هەیە پێی وایە، تەنیا دوو ژمارەی ئاڵای سوور دەرچووە. دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢؛ کاکل ئەحمەد(کاکلە ڕەش)، یەکێتی و ململانێ توێژینەوەیەکی سیاسی ڕەخنەییە لە بەشێکی گرنگی شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١١)، ل٩٧.

(٣) "بە بونەی وەرزەنامەی کومەلەوە"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (١)، پایزی ١٩٧٨، ل٢.

(٤) کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، ل ل ١٦٦ و ٢٧٤؛ دیمانەیەك لەگەڵ حەمید محەمەد کاکەمەند (حەمید شورتە)، کەرکوك، ٩ی شوباتی ٢٠١٣.( حەمید محەمەد کامەند ناسراو بە "حەمید شورتە" ساڵی ١٩٣٧ لە کەرکوك لە دایك بووە، ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و ساڵی ١٩٦٢ بۆتە پێشمەرگە، ساڵی ١٩٦٤ بە دواوە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بە تایبەت لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کارکردووە، ساڵی ١٩٧١ بۆتە کۆمەڵە و لەوکاتەوە ڕۆڵی دیاری لە کەرکووکدا بینوە، ماڵەکەی یەکێك بووە لە شوێنی کارکردنی کۆمەڵە و ئاڵای سوور لە ماڵی ئەو لە چاپ دراوە، ناوبراو ساڵی ١٩٧٤ بۆتەوە پێشمەرگە، دوای نسکۆش لە کاری کۆمەڵە بەردەوام بووە، بە تایبەت لە ناو کۆمیتەی ئاگر، ساڵی ١٩٧٨ لە شانە چەکدارەکانی ناو شاری کەرکوك بەشداری کردووە، ئەنجام زیندانی کراوە و ساڵی ١٩٨٢ ئازاد بووە، دوای ئازادبوونی بۆتە پێشمەرگە و لە خەبات بەردەوام بووە تا ڕاپەڕین، ئێستاکە خانەنشینە و لە کەرکووك نیشتەجێیە).

لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤ دەرچووە[(١)]، کەچی سەرچاوەیەکی دیکە مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارە بۆ کۆتاییەکانی ١٩٧٢ و، ژمارە دووی بۆ شوباتی ١٩٧٣ و ژمارەی سێیەمیش بۆ شوباتی ١٩٧٤ دەباتەوە[(٢)]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت ئەو سەرچاوەی، کە سەرپەرشتیاری بڵاوکراوەکە بۆ فەرەیدوون عەبدولقادر دەباتەوە ڕاستترە، بە بەڵگەی ئەوەی یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەکە لە کەرکووك دەرچووە، کە ئەو کاتە فەرەیدوون عەبدولقادر سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی کەرکووك بووە[(٣)]، هەروەها لە کۆتاییەکانی ١٩٧٢ تا کۆتاییەکانی ١٩٧٣ شەهاب شێخ نووری لە بەیروت و شام لای جەلال تاڵەبانی بووە، ئەوە سەرباری ئەوەی فەرەیدوون عەبدولقادر خۆیشی دەڵێت ئاڵای سوور لە لایەن ئەوەوە بەڕێوەبردراوە[(٤)]. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە زانیارییەکانی ئەو دوو سەرچاوەیە، کە ئاماژە بە مێژووی دەرچوونی ژمارەکانی ئاڵای سوور دەکەن، جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنن، لەبەر ئەوەی یەکێکی وەك سەلاح خرسان ئەندامی ئەو ڕێکخراوە نەبووە، بەڵکو زانیارییەکانی لە دەستی دووەم وەرگرتووە و ژمارەکانی نەبینیوە، هەروەها برایم جەلالیش، کە باس لە بڕیاری دەرکردنی بڵاوکراوەکە دەکات، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە لە کۆبوونەوەیەك لە کەرکووك لە حوزەیرانی ١٩٧٣ بە ئامادەبوونی شەهاب شێخ نووری و ژمارەیەکی دیکەی

---

(١) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل٥٣.

(٢) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، ص٣٣٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ حەمە کەریم عەلی ڕەزا (ئەحمەد کرێکار)، کەرکووك، ٣ی شوباتی ٢٠١٣.( حەمە کەریم ڕەزا ناسراو بە "ئەحمەد کرێکار" ساڵی ١٩٤١ لە دێی هەمزە سەر بە چەمچەماڵ لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کەرکووك تەواو کردووە، لە تەمەنێکی زووەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، سەرەتا لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان و دواتریش ساڵی ١٩٧١ بۆتە کۆمەڵە، بەمەش ڕۆڵی لە ناو ڕێکخستنەکانی کەرکووك بینیوە. ساڵی ١٩٧٨ لە کۆبوونەوەی نۆکان بە ئەندامی فەخری سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەستنیشانکراوە. ناوبراو یەکێك بووە لە کادیرە چالاکەکانی کۆمیتەی ئاگر لە کەرکووك تا ئەوەی ئەندامانی کۆمیتەکە بەر شاڵاوی گرتن کەوتوون، ناچار ساڵی ١٩٨١ چۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگە، بەمەش لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە تا دوای ڕاپەڕین. ئێستاکە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێپرسراوی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی لقی کەرکووکە و لە سلێمانی نیشتەجێیە)؛ کۆمیتەی ئاگر، سەرەتای دروستبوون و چالاکی و ئەنجام، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٥٩٠٦) سلێمانی، ٢٠١٢/١٠/١٦.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

سەرکردایەتی و کادیرانی کۆمەڵە بڕیاری لەسەر دراوە[1]، کە بە قسەی زۆرێک لە سەرچاوەکان شەهاب شێخ نووری ئەوکاتە لە دەرەوە لای جەلال تاڵەبانی بووە.

کۆمەڵە بەر لە دەرکردنی ئاڵای سوور و دواتریش، بۆ دەرخستنی هەڵوێستەکانی لە بەرانبەر حکومەتەکانی ناوچەکە و جیهان و ئەو ڕووداوانەی دەهاتنە پێشەوە، ڕێچکەی دەرکردنی نامیلکە و نووسینی بابەتی گرتبووە بەر بۆ هەریەك لە ڕووداوەکان، بۆ ئەوەی هەم ڕای خۆی لە بارەیانەوە دەربخات، هەمیش ڕێکخستنەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا هەڵسەنگاندنی بۆ هەر یەك لە وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان (عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا) کردووە، سەرنجی خۆی لە بارەی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی عەرەبی و هەڵوێستیان لە بەرانبەر کێشەی فەلەستین نووسیوە. ئەوە سەرباری ئەوەی تێڕوانینی خۆی بۆ هەر یەك لە سیاسەتی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژئاوا و بلۆکی ڕۆژهەلات دەربڕیوە[2]. لێرەشدا ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، سەرباری ئەوەی کۆمەڵە فکریی ماوی قبوڵ بووە و پێشی وابووە کە چاکترین نموونە ئەزموونی چینە، بۆ ئەوەی کورد لە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی خۆیدا پەیڕەوی بکات، کەچی هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ، هەمیش لەسەر ئاستی دەرەوە ڕەخنەی لە سیاسەتی چین گرتووە، بە تایبەت لەسەر مەسەلەی شۆڕشی ڕۆشنبیری، بەستنی پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران و[3]، پشتیوانی کردن لە کودەتای (پینۆشێ) و قەسابخانەکەی ساڵی (١٩٧٣)ی چیلی[4].

---

(١) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٥٠-٥١.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢ .

(٣) لە ١٦ی ئابی ١٩٧١ سەفیری چین و ئێران لە پاکستاندا ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد، لە بارەی دەستپێکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی لە نێوان هەردوولادا، بەمەش لەم ڕێککەوتنەدا ئێران دانی نا بە کۆماری گەلی چیندا بەوەی کە تاکە حکومەتی شەرعییە لە چیندا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
John W. Garver, China and Iran: Ancient Partners in a post- Imperial world, (U.S.A- Washington University, press 2006), P. 48.

(٤) سەرچاوەکان لە بارەی ئەنجامی دەرهاوێشتەکانی قەسابخانەکەی چیلی کە لە دوای کودەتای سەربازی کە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٣ ڕوویدا زانیاریی جیاواز دەدەن بەدەستەوە، وەك ئەوەی لە سەرچاوە فەرمییەکانی حکومەتی کودەتادا لە دوای مانگێك لە کودەتاکە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، ژمارەی قوربانییانی ڕووداوەکە (٥١٣) سڤیل و (٣٧) سەرباز بوون. هەروەها دواتر ڕایگەیاندووە

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، هەر لە سەروبەندی کارو چالاکییەکانی کۆمەڵە و دەرخستنی هەڵوێستەکانی، کۆمەڵە بە نووسینی نامیلکەیەك لە ژێر ناونیشانی (حول تأميم النفط في العراق) [1] هەڵوێستی خۆی لەسەر هەنگاوی خۆماڵیکردنی نەوت دەردەبڕێت، کاتێك حکومەتی عێراق لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢ بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت دەدات. سەرچاوەیەك پێیوایە لە نامیلکەکەدا، کۆمەڵە پشتگیری خۆماڵیکردنی نەوتی کردووە و بە دەستکەوتێکی گرنگی داناوە[2]، بەڵام سەرچاوەیەکی دیکە ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: **"کۆمەڵە ڕەتی خۆماڵی کردنی نەوتی کرد و بە ٣ بەڵگە روونی کردەوە، کە نەوتی عێراق خۆماڵی نەکراوە، بەڵکو بە بەعسی کراوە"**[3]. چونکە کۆمەڵە پێی وابوو خۆماڵیکردنی نەوت وەك یەکێك لە ئەرکەکانی شۆڕشگێڕیی نیشتمانی کاتێك دەکرێت، کە شۆڕشێکی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بە ئەنجام دەگەیەنرێت، بەڵام ئەوەی لەو هەنگاوەی حکومەتەوە تێبینی دەکرا، خۆماڵیکردنی نەوت لە لایەن چینێکی باڵا دەستی ناو پارتی دەسەڵات (بەعس) بە شێوەیەکی تاکڕەوانە بڕیاری لێدراوە، بێ ئەوەی بۆ بیروڕای گەل بگەڕێنەوە و هیچ جۆرە گۆڕانێك لە شێوەی

---

ژمارەی ونبووەکان و هەڵاتووەکان لە وڵاتدا لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٣ تا ١٢ی شوباتی ١٩٧٤ نزیکە (٧١٣٧) کەس بوون. بەڵام لە سەرچاوەکانی ئۆپۆزسیۆندا ژمارەکان زۆر زیاترن، لە وانە سیناتۆری پێشوو کارلۆس ئەلتامیرانۆ (C.Altamirano)، کە لە چیلییەوە ڕایکردووە بۆ کوبا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە هاڤانا بۆی سازکراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ژمارەی کوژراوان زیاتر لە (١٥٠٠٠) کەس بووە، ژمارەی دەستبەسەر کراوانیش زیاتر لە (٣٠٠٠٠) کەسە، هەروەها بە هەزارەها کەس ڕووبەڕووی توندوتیژی هاتوونەتەوە و زیاتر لە ملیۆنێك کەس تووشی بێ کاری هاتوون و، (٢٥٠٠٠) خوێندکار لە زانکۆکان دەرکراون.

Javier Martinez & Alvaro Diaz, Chile: the Great Transformation, (Harrisonburg- R.R. Donnelly and Sons Co-1996), PP. 13-14.

(١) ئازاد خانەقینی، مادێنا، (سلێمانی، ٢٠٠١)، ل ٢٣

(٢) عارف کەریم، من و کۆمەڵە و یەکێتی، ل٢٣. سەبارەت بە نووسەری نامیلکەکە عارف کەریم دەڵێت هەر زوو زانیم جەلال تاڵەبانی نووسیویەتی، بەڵام عەلی بچکۆڵ بەم شێوەیە ئاماژە دەکات و دەڵێت:**" تابیعەیەکم لە ماڵی کاك فەرەیدون[مەبەستی فەرەیدوون عەبدولقادرە– توێژەر] کە ئەوکات ماڵیان لەسەر ڕێگەی بەغدابوو وەرگرت و هێنامە ماڵی خۆمان لە گەڕەکی جووت قاوە، بۆ بەیانییەکەی (تەئمیمی نەوت)مان بەو تایپە دەرکرد، کە کاك فەرەیدون نووسیبووی"**. کۆمیتەی ئاگر، سەرەتای دروستبوون و چالاکی و ئەنجام، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٥٩٠٦) سلێمانی، ٢٠١٢/١٠/١٦.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنان بکەن، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە کەوتونەتە دەرکردنی کرێکارە کوردەکان و نیشتەجێکردنی کرێکارە عەرەبەکان لە شوێنیان، ئەوە سەرباری ئەوەی سەرمایەی نەوتەکەش تەنیا بۆ کڕینی چەك و بە هێزکردنی جبەخانەکانیان بەکاردەهێنن، هەروەها کۆمەڵە پێی وابوو کاتێك سامانی سروشتی بە نەوتیشەوە خۆماڵی دەکرێت، کە بە حوکمی گەل و یاسای گەل و بڕیاری گەل کرابێت و لە پێناوی سوود و بەرژەوەندی زۆرینەی گەلدا بێت، چونکە ئەو دەمە بە شێوەیەکی تەواو لە ژێر دەستی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان دەهێنرێتە دەرەوە. لە ڕوویەکی دیکەوە کۆمەڵە پێی وابووە خۆماڵیکردنی نەوت کاتێك دەکرێت، کە پێشەکی نەخشەی بۆ چۆنییەتی دۆزینەوەی بازاڕی ئازاد و بێ داسەپاندنی دانرابێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت سەربەخۆیی و سەربەستی کڕین و فرۆشتنی لە دەست نەدرێت و تاسەر بەرانبەر بەپلان و نەخشەی وڵاتانی سەرمایەدار بوەستێت و تووشی گەندەڵی و قەیرانی ئابووری نەیەت. بەمەش کۆمەڵە وای بۆ دەچوو حکومەتی عێراقی نەك هەر خاوەنی ئەو نەخشە و بیرکردنەوەیە نەبووە، بەڵکو خۆماڵی کردنەکەش تەنیا بۆ هەڵوێست فرۆشتن و بڕیارێکی سەر پێی بووە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی کۆمەڵە تێبینی لەسەر هەبوو بەزرکردنەوەی دروشمی (نەوتی عەرەب بۆ عەرەب) بوو، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە نەوتی عەرەب تەنیا هی عەرەب نییە، بەڵکو هی گەلانی عێراقیشە، هەروەها بوونی نەوت لە عێراق تەنیا لە ناوچە عەرەبییەکاندا نییە، بەڵکو لە ناوچە کوردستانییەکانیشدا هەیە، بۆیە ڕەوا بوو بووترێت (نەوتی عێراق بۆ عێراقییەکان)ە[1].

شایەنی باسە، کۆتاییەکانی ١٩٧٣ بە گەڕانەوەی شەهاب شێخ نووری ڕێکخستنەکان و پەیوەندییەکان گەرم و گوڕییەکی دیکەیان تێکەوتۆتەوە، لە کاتێکدا شوێنی حەوانەوە بۆ شەهاب شێخ نووری لە کەرکووك وەکو ناوەندی کاری کۆمەڵە دیاریکرا، ناوبراویش کەوتەوە سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان. بە تایبەت ئەگەر بزانین لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاو کۆبوونەوە لە کەرکووك کراوە، هەروەها بۆ هەمان مەبەستیش شەهاب شێخ نووری سەردانی سلێمانی و هەولێری کردووە و هەوڵی پەرەپێدانی ڕێکخستنەکانی لە ناو چینی

(١) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٧– ٤٩؛ محەمەد مێرگەسۆری، "حزبێك لە شاخ و شۆڕشێك لە خوێن و ڕێبازێك بێ وچان"، گۆڤاری( **K21**)، ژمارە(٥–٦)، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢٧٥.

کرێکاران و جوتیاران داوە[1]. بەڵام بارودۆخەکە هێندەی نەخایەند پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول بارگرژی تێکەوتووە و ئەنجام لە ١١ی مارتی ١٩٧٤ شەڕ لە نێوان هەردوولا دەستیپێکردۆتەوە. لەم چوارچێوەیشدا کۆمەڵە بڕیاری بەشداربوون لە خەباتی چەکداری دەدات لە تەک شۆڕشی ئەیلوولدا، کە هەوڵدەدەین لە تەوەری داهاتوودا تیشک بخەینە سەر هۆکاری بەشداربوونی کۆمەڵە و ڕەنگدانەوەکانی نسکۆی شۆڕش بەسەر کۆمەڵەدا.

---

(١) دیمانەیەک لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەک لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەک لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەولا، سلێمانی، ١ی تەمووزی، ٢٠١٢.

## تەوەری سێیەم: بەشداریکردنی کۆمەڵە لە شۆڕشی ئەیلوول، هەڵوێست و ئاکامەکانی

بە تەنگەوە نەهاتنی حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی مارتی١٩٧٠ و هەوڵدان بۆ خۆدزینەوە لێی، جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولی ئاڵۆز کردەوە. لێرەشدا بۆ مەبەستی تاووتوێکردنی پێشهاتەکان و بەشداریکردن یان بەشدارینەکردن لە شەڕ، سەرکردایەتیی کۆمەڵە سەرباری جیاوازییەکانی لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و سیاسییەوە لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، بە ماوەیەك بەر لە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ١١ی مارتی ١٩٧٤ کۆبوونەوەیەك لە کەرکووك دەکات[1]. تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکەش بۆ هەڵوێست وەرگرتنی کۆمەڵە بوو، لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕدا، لەبەر ئەوەی بە هۆی هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان و بە ئاکام نەگەیشتنی بەندەکانی بەیاننامەکە، کۆمەڵە لە بەیانێکدا ئاماژەی بەشکستی دانووستانەکان و دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕ کردبوو[2].

لە کاتێکیشدا شەڕ دەستپێکردەوە، کۆمەڵە لە بەیاننامەیەکدا بڕیاری ئەوە دەدات بەشداری شەڕ دەکات[3]. لێرەشدا سەرچاوەیەك پێی وایە مەسەلەی بەشداریکردنیان پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژیای ئەو کاتەی کۆمەڵە هەبووە. لەبەر ئەوەی ئەو کاتە کۆمەڵە ڕێکخراوێکی ماوی بووە، بەمەش بە پێی بەشێك لە پێکهاتەکانی بیری ماویزم، هەر بزووتنەوەیەك ئامانجی ڕزگاریی نیشتمانی هەبێت ئەوە ئەو شەڕەی ئەنجامی دەدات شەڕێکی ڕەوایە، ئیتر بە پێی ئەو لێکدانەوەیە، لەبەر ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول بزووتنەوەیەکی ڕزگاریی نیشتمانییە و ئەو شەڕەشی کە حکومەتی عێراق ئەنجامی دەدات شەڕێکی ناڕەوایە، بۆیە پێویست دەکات کۆمەڵە بەشداری بکات لە بەرەی شەڕی ڕەوادا. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، بە پێی پرەنسیپی تێزی سێ جیهانی،

---

(١) نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا، کاك شیهاب و کاك جەعفەر لە بیرەوەرییەکانی بچووکترین ئەندامی کۆمەڵەدا، ٢٢/ ١١/ ٢٠١٢، (**www.pukhoshiari.com**).

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.

حکومەتی عێراق کەوتبووە بەرەی سۆسیال ئیمپریالیزمەوە، چونکە پەیماننامەی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێیەت مۆر کردبوو. بۆیە شایەنی هەڵوێست وەرگرتن و شەڕ کردن بوو[1]. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو کاتەی کۆمەڵە بابەتەکە بە شێوەیەکی دیکە لێکدەداتەوە و دەڵێت: **"...ئێمە بە تەواوەتی تێزی سێ جیهانمان قبوڵ نەبوو، چونکە بە پێی پرەنسیپەکانی ئەو تێزە بێت ئەوە حکومەتی وردە بۆرژوای ناوچەکە حکومەتی شۆڕشگێڕن و دژ بە ئیمپریالیزمن، بۆیە نابێت سەنگەر لە دژیاندا بگریت، بەڵکو دەبێت لەگەڵیاندا بەرەیەك پێك بهێنێت و گفتوگۆ ئەنجام بدەیت، بەڵام ئێمە ئەوەمان قبوڵ نەبوو، بۆیە هەر زوو...، بڕیارماندا لە دژی بەعس سەنگەر بگرین و خەبات بکەین بۆ پارێزگاری لە میللەتەکەمان"**[2].

سەرکردایەتیی کۆمەڵە کاتێك بڕیاری بەشداریکردن لە شەڕ دەدات، داوا لە ئەندامەکانی دەکات ئەوەی توانای چوونە دەرەوەی هەیە، با بچێتە دەرەوە و ئەوانەی تریش لە شارەکاندا بمێننەوە و لە کاری ڕێکخراوەی خۆیاندا بەردەوام بن. بۆ ئەو مەبەستەش لە کۆبوونەوەیەکدا لە مارتی ١٩٧٤ بڕیاری دامەزراندنی سەرکردایەتییەك بۆ ڕێکخستنەکانی ناوخۆ دەدات لە ژێر ناوی کۆمیتەی (ئەستێرەی سوور)[3]، کە ئەندامەکانی پێکهاتبوون لە هەریەك لە: جەعفەر عەبدولواحید سەرپەرشتیار و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی هەولێر و مووسڵ، ئەنوەر زۆراب[4] لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بەغدا و

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەولا، سلێمانی، ١ی تەمووزی، ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٣) لە سەرچاوەیەکدا ئەو کۆمیتەیە بەناوی (کۆمیتەی ڕێکخستنی شارەکان) هاتووە. برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٦٠.

(٤) ئەنوەر زۆراب ئەحمەد، ساڵی ١٩٤٥ لە شاری کەرکووك لە دایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکووك خوێندووە، بەڵام لەبەر زوڵم و ستەمی حکومەتی ئەوکاتەی عێراق نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، ناوبراو ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندیکردووە بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بە هۆی ئەوەی پێشووتریش لە ناو قوتابییان کەسایەتییەکی دیار بووە، توانیویەتی بەماوەیەکی کەم وەکو کادیرێکی چالاك دەربکەوێت، ئەنجام لەبەر بەردەوامی لە چالاکی و هەڵوێستەکانی ساڵی ١٩٦٣ زیندانی دەکرێت، دوای ئازاد بوونیش بۆ ئەوەی لە چاوی دەزگا هەواڵگرییەکان دوور بێت لە بەغدا لە یەکێك لە کارگەکان وەکو کرێکار دەست بەکار دەبێت، بەڵام هاوکات لە کاری سیاسی و فکری بەردەوام دەبێت، بە بەڵگەی ئەوەی چەند وتارێك لە ڕۆژنامەی" النور" ئەوکاتە دەنووسێت و کتێبێکیش بە زمانی عەرەبی لەسەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد ئامادە دەکات، ئەنوەر زۆراب لەبەر ئەوەی هاوڕێی

خانەقین، ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب) لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کەرکووك[1] و ئاسۆی شێخ نووری لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی سلێمانی[2]. ئەوە سەرباری ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ئەوە دەدرێت شەهاب شێخ نووری وەك بازنەی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنەکانی شار و شاخ لە ناوەوە لە چالاکییەکانی بەردەوام بێت و نەچێتە دەرەوە، بەڵام دوای ماوەیەك لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان، ناوبراویش بڕیاری چوونە دەرەوە دەدات و لە ناو شاردا نامێنێتەوە[3].

دوای ئەو هەنگاوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ناو شار لەو ماوەیەدا ڕێکخستنەکانی سلێمانی دەست دەکەن بە نووسینی دروشم و دواتریش هەڵواسینی لە ناو شاردا. لەم بارەیەوە یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: **"... بڕیارماندا خۆمان بناسێنین و کۆمەڵە ڕابگەیەنین لە ڕێگەی هەڵواسینی چەند دروشمێکەوە، کە زۆربەیان لەسەر کاغەز نووسرابوون... ئەمەش وەك هەنگاوێکی سەرەتایی تا بیروڕاکانمان بگەیەنیینە جەماوەر بەوەی کارێکی نوێ بەڕێوەیە"**[4]. بەڵام ئەوەی لێرەدا لە وتەی ئەو سەرچاوەیە تێبینی دەکرێت مەسەلەی خۆ ئاشکراکردنی کۆمەڵەیە لە ڕێگەی دروشمەکانەوە، چونکە یەکێك لە کەسایەتییە بەشداربووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دروشمەکان ڕاستە نووسراون و لە زۆربەی ناوچەکانی شاری سلێمانی بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بێ ناونیشان بوون، واتە

---

نزیکی شەهاب شێخ نووری و ئەوانی تر بووە، تێکەڵاوی ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە و ڕۆڵی بەرچاوی لەو ڕێکخراوە بینیوە و لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی بەغدا بووە، تا ئەوەی ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخستنەکان ئاشکرا دەبن و ناوبراو دەستگیر دەکرێت، بەمەش دەکەوێتە زیندان، ئەنجام لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٦ لەگەڵ شەهاب شێخ نووری و جەعفەر عەبدولواحید لە سێدارە دەدرێت. کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرە و ڕاپەڕین، ل ل ٤٣١ بەدواوە.

(١) ئەندامانی کەرکووك پێکهاتوون لە ئیحسان نەجم (ئەبوشەهاب)، ئەحمەد کرێکار، برایم جەلال و نەجمەدینی فەقێ عەولا، بەڵام دوای ماوەیەك ئیحسان نەجمیش دەچێتە شاخ و برایم جەلالیش زیندانی دەکرێت. دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ حەمە کەریم عەلی ڕەزا (ئەحمەد کرێکار)، کەرکوك، ٣ی شوباتی ٢٠١٣.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٣) فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکان لەگەڵ خاڵ شیهاب و هاوڕێکانی، ل ل ٣٢-٣٣.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

لە دروشمەکاندا ئاماژە بۆ ناوی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە نەکراوە[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت ڕەنگە لەو هەلومەرجەدا بیرۆکەی لەم چەشنە لە ئارادا بووبێت و لە ناو کۆبوونەوەکاندا بەشێك لە ئەندامەکان ئاماژەیان بۆ کردبێت و گفتوگۆی لە بارەوە کرابێت، بەڵام نابینین بابەتی خۆناساندن چوو بێتە بواری کردارەکییەوە، لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکە بۆ ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵە لە بار نەبووە.

لەگەڵ چوونە دەرەوەیاندا سەرکردایەتی و ئەندامانی کۆمەڵە لە زۆربەی بەرەکانی شەڕ و دامودەزگاکانی شۆڕش دەکەونە چالاکییەوە. بەمەش بە تێکەڵابوون بە ڕووداوەکان، وەك سەرەتایەك لە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی، کۆمەڵە لە بۆردومانی قەڵادزێ لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ چوار لە ئەندامانی بەردەکەون[2]، هەروەها تا تەواوبوونی شەڕیش لە ساڵی ١٩٧٥، نزیکەی (٤٠) ئەندامی کوژراون[3]. بەمەش کۆمەڵە بە پێی سەنگی خۆی و بەشداربوونی لە ڕووداوەکاندا، زیان لە ڕێکخستن و ئەندامانی دەکەوێت.

لەگەڵ بەردەوامی ڕووداوەکان لە باشووری کوردستان، کۆمەڵە بەر لە دوو مانگ لە نسکۆی شۆڕش بەیاننامەیەك بۆ ناوخۆی ڕێکخستنەکانی دەردەکات، تێدا دۆخی شۆڕش و هاوکێشەکانی هەڵدەسەنگێنێت، بێ ئەوەی لە بەیاننامەکەدا دوور و نزیك پێشبینی نسکۆی کردبێت. بەڵکو لە ئەنجامی لێکدانەوەی بارودۆخی ئەو کاتەدا، سەرکردایەتیی کۆمەڵە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان مەبەستی جۆرێك لە سازشی هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. بۆیە لە بەیاننامەکەدا

---

(١) ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان یاداشتە ڕۆمانی ئاوات قارەمانی ڕووداوەکانی (١٩٦٣–١٩٩٩)، چاپی دووەم، (سلێمانی، چاپخانەی کوردستان، ١٩٩٩)، ل ٢٦.

(٢) ئەو چوار خوێندکارەی بەر بۆردمانەکەی قەڵادزێ کەوتن و سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو، بریتی بوون لە هەریەك لە: ئازاد حوسێن، بورهان عەبدوڵڵا شاسوار، حەمە ساڵح سام سام و هیوا عەبدولغەفور. "قەڵادزە"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٤) خوولی دووەم، نیسانی ١٩٨٢، ل ٣٧؛ مۆفەق میراودەلی، ئینسایکۆپیدیانی شەهیدانی قەڵادزێ ١٩٧٤/٤/٢٤، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی پیرەمێر، ٢٠١٢)، ل ل ١٩–٢٠. لەم سەرچاوەی دواییان ناوی ئازاد حوسێن نایەت و ژمارەی شەهیدەکان بە سێ ئەژمار دەکات.

(٣) سەروەر عەبدولرحمان عومەر، یەکێتی ی نیتشمانی ی کوردستان ...، ل ٨٧؛ شەماڵ عەبدوڵڵا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، چاپی یەکەم، (سلێمانی، ٢٠٠٦)، ل٩٩.

ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە: **" گەر سەركردایەتی بۆرژوازی- خێڵەكی كوردستان، سات و سەودا لەگەڵ ڕژێمدا لەسەر ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بكات، كۆمەڵە بەرەنگاری دەكات و هاوڕێیانی كۆمەڵەش بۆ حاڵەتی وا ئامادەباش بن"**[1]. بەڵام هێندەی نەخایاند پێش بینییەكان پێچەوانە بوونەوە، چونكە لە جێی ئەوەی سەركردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول سازش بكات، حكومەتی عێراق سازشی كرد و لە ٦ی مارتی ١٩٧٥ ڕێككەوتننامەی جەزائیری لەگەڵ حكومەتی ئەو كاتەی ئێران واژۆكرد[2].

بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی ڕێككەوتننامەی جەزائیر بوو بە مایەی پشێوی، لە بارەی ئەوەی سەركردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول چ هەنگاوێك دەگرێتە بەر؟ بەمەش سەركردایەتیی كۆمەڵە دەكەوێتە جۆرێك لە پەیوەندی دروستكردن لەگەڵ كەسایەتییە دیارەكانی ناو شۆڕش، بەڵام كاتێك بڕیاری كۆتایهێنان بە شۆڕش و بەرگری نەكردن لە لایەن سەركردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەدرێت. سەركردایەتیی كۆمەڵە بڕیاری بەرەنگاری دەدات، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێكخستنەكانی ئاگادار دەكاتەوە لە ناوچەكانی پێنجوێن گردببنەوە[3].

---

(١) مەلا بەختیار، چۆن چەپكێك و كام مێژووی كۆمەڵە؟!، ل١١٩.

(٢) ڕێككەوتنامەی جەزائیر، لە ٦ی مارتی ١٩٧٥ لە نێوان سەدام حوسێن و محەمەد ڕەزا شا بە ئامادەبوونی هاواری بۆمیدن سەرۆكی جەزائیر واژۆكرا، بەمەش هەردوولا سووربوون لەسەر ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانیان، لەم نێوەندەدا شۆڕشی ئەیلوول كرا بە قوربانی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عیسی پژمان، نهێنی یەكانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥- ی ئەلجەزائیر لە ئارشیفی تەواو نهێنی ساواك، وەرگێڕانی: ناسر ئیبراهیمی، (سوید، بنكەی چاپەمەنی ڕۆژ، ١٩٩٧)، ل ل ١٠٦-١١٨؛ ئەحمەد حەمەدئەمین، دۆزی كورد لە چەند باسێكی مێژوویدا، (هەولێر، چاپخانەی خانی "دهۆك"، ٢٠٠٨)، ل ل ٩٥-٩٨.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، ١ی نیسانی ٢٠١٢، هەولێر.( عەباس محەمەد ناسراو بە "حاجی مەمۆ"،ساڵی ١٩٥١ لە هەولێر لە دایك بووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوكردووە، ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی زمانی كوردی زانكۆی بەغدا وەرگیراوە. ناوبراو لە قۆناغی ناوەندییەوە تێكەڵاوی چالاكییەكانی یەكێتیی قوتابییانی كوردستان بووە و دواتریش لە ڕێكخستنەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان كاریكردووە. لە مانگی كانوونی یەكەمی ١٩٧٠ تێكەڵاوی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەكانی كۆمەڵە بووە، ساڵی ١٩٧٤ وەكو مامۆستایەك بەشداری لە شۆڕش كردووە، دوای نسكۆش لە هەولێر بەرپرسیارییەتی بەشێك لە ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی وەرگرتووە، تا ئەوەی ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە، ئیتر تێكەڵاوی خەباتی شاخ بووە. حاجی مەمۆ یەكێك بووە لەو كەسایەتییانەی لەگەڵ ڕەوتی ئاڵای شۆڕش

گردبوونەوەی ئەندامانی کۆمەڵە لە ناوچەکانی پێنجوێن و دەرووبەری و بڕیاردان لە بەرگری و بەردەوامبوون لە خەباتی چەکداری، لەو ڕۆژنەدا زۆرێك لە گفتوگۆ و دانیشتەکانی بە خۆیەوە خەریك کردووە. سەرباری ئەوەش سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ پەیوەندیکردن بە کەسایەتییە دیارەکان و ڕازیکردنیان لە بەرگریکردن هەوڵیداوە، بەلام بەدەنگەوە نەهاتنی کەسایەتییەکان و سووربوونی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لە قبوڵکردنی هەلومەرجەکە، سەرکردایەتیی کۆمەڵە ناچار دەکات کۆبوونەوەیەك لە گوندی کێلێ لە ڕۆژئاوای پێنجوێن لە ماڵی ئاوات عەبدولغەفور بەڕێوەببات[1]. لێرەشدا سەبارەت بە گفتوگۆ و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە و دوا بڕیارەکانی، یەکێك لە کەسایەتییە بەشداربووەکان بەم شێوەیە باسی لێوەدەکات و دەڵێت: **"... کۆبوونەوەکان چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو، زۆربەمان لەگەڵ ئەوەدا بووین مقاوەمەت بکەین، ئەگەرچی تیامانە هەبوو لەگەڵ بەرگری نەبوو، شەوی یەکەم کۆبوونەوەکە ئەنجامی نەبوو، بۆ بەیانی ... چووینە لای فەتاح ئاغا، کاك شەهاب پێی وت با یەك دوو هەزار چەکدار کۆبکەینەوە...، بەلام فەتاح ئاغا وەلامی دایەوە، سەرکردایەتی ئێمە بەڵێنی ئەوەی پێدراوە ١٥٠ پەنجا هەزار چەکدارمان بۆ مەشق پێ بکەن لە ئێران و لە هەلومەرجێکی تر دێینەوە، ئیتر کاك شەهاب تووڕە بوو و هاتینەوە، ئەمەش زۆر کاریگەری لەسەر کاك شەهاب هەبوو، بۆیە شەو وتی بەرگری ناکرێت و دەڕۆینەوە ناو شار..."**[2]. هەروەها یەکێکی دیکە دەڵێت: **"**

---

بووە، کە لە کۆمەڵە جیابۆتەوە، ئیتر بەم شێوە لە خەبات بەردەوام بوو تا دوای ڕاپەڕین. ئێستاکە دانیشتووی وڵاتی سویدە).

(١) سەبارەت بە ئەندامانی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکەی کێلی فەرەیدوون عەبدولقادر لە شوێنێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەریەك لە: شەهاب شێخ نووری، عەلی بچکۆل، عومەری سەید عەلی، ئاوات عەبدولغەفور، حەمەی میرزا سەعید، عەبدولڕەزاق سێگرتکانی و فەرەیدوون عەبدولقادر بەشداربوون. کەچی لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەندامانی بەشداربووی کۆبوونەوەکە زیاتر لە بیست و حەوت کەس بووین، بەلام ئەوەی دووەمیان لە ڕاستی نزیکترە، چونکە لە شوێنی یەکەمدا لە دواتر ناوی ئەو کادیرانە دەهێنێت، کە لە ناوچەکە بوون، ئەوە سەرباری ئەوەی سەرچاوەی دیکەش هەن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لەم کۆبوونەوەیە بەشداریان کردووە. فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی، ل ٣٤. دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، لە: (کۆمەڵە لە سێدارەوە بۆ ڕاپەڕین، ل ١٠٧)، وەرگیراوە؛ حاجی مەمۆ، لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، زنجیرەی یەکەم، (کوردستان، ٢٠١٣)، ل ٨١.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

**... خاڵە شەهاب بە درێژایی ئەو ڕۆژە لەگەڵ شەهیدان فەتاح ئاغا و نوری حەمە عەلی خەریك بوو لە بەرگریدا بەشداریی بکەن،...، لە سەرەتادا ڕازی بوون، بەڵام دواتر پاشگەزبوونەوە، بەمەش کۆبوونەوەکە گەیشتە ئەم ئەنجامە. ئێستا دەمودەست بەرگریی چەکداری ناکرێت، بەڵکو لە ئێستەوە ئەبێ خۆ بۆ بەرگری ئامادەبکەین، چەك، تەقەمەنی، چاپەمەنی بشارینەوە، بوار نەدەین تێکۆشەرەکانی کۆمەڵە ڕووبکەنە هەندەران، ڕێکخستن چاك بکەینەوە پاش نیشتنەوەی تەوژمی ئەو هەرەسە بە نەخشەیەکی ڕێکوپێك ڕووبکەینەوە شاخ..."**[١]. لێرەشدا ئەوەی تێبینی دەکرێت کاریگەری بارودۆخ و پێشهاتەکانی نسکۆی شۆڕش بە ڕوونی بە بیرکردنەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە دیارە، ئەگەر بزانین ئەو کاریگەرییە وای کردووە سەرکردایەتییەکی دوو دڵ و ڕاڕا بێت، چونکە، ئەگەر بهاتایە و کەمێك بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بابەتەکە بکردایە و چەند ڕۆژێك لە بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ ناو شار دواکەوتنایە، ڕەنگ بوو سەرلەبەری بڕیارەکانیان بگۆڕایە. بە بەڵگەی ئەوەی لەم ئانوساتەدا جەلال تاڵەبانی لە پەیامێکدا بۆ کۆمەڵە داوای ئەوەی کردووە بەردەوام بن لە مانەوەیان لە شاخەکان و خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرگریکردن، تا ئەو دەگەڕێتەوە وڵات[٢].

ئەگەرچی بڕیاری گەڕانەوە بۆ ناو شار و بەرگرینەکردن، جێگای ناڕەزایی بەشێك لە کادیرانی کۆمەڵە دەبێت، بەڵام دواجار هەموویان ملکەچی جێبەجێکردنی بڕیاری سەرکردایەتی دەبن[٣]. بەمەش زۆربەی زۆری کادیرەکانیان لە ٢٧ی مارت تا ٥ی نیسانی ١٩٧٥ گەڕاونەتەوە و خۆیان ڕادەستی دامودەزگاکانی حکومەت کردۆتەوە[٤].

دوای گەڕانەوە بۆ ناو شارەکان لە نێو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بە تایبەت لە سلێمانی ناکۆکی و جیاوازی بیرکردنەوە بەدیار دەکەوێت، بە تایبەت لە دەستنیشانکردنی ناکۆکی سەرەکیدا، کاتێك پرسیاری ئەوە دێتە پێشەوە ئایا

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٢) مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ل ١٣٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٣) ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل ١٦؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، ١ی نیسانی ٢٠١٢، هەولێر.

(٤) فەرەیدون عەبدولقادر لە زەمینە و سەرەتا و دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدوێ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ٥٧.

ئیمپریالیزم و سەرمایەداری ناکۆکی سەرەکین، یاخود حکومەتی عێراق؟. لێرەشدا لە سەرچاوەکاندا لە بارەی هۆکاری سەرهەڵدان و جۆری ناکۆکییەکانەوە جیاوازی بە دی دەکرێت وەك ئەوەی یەکێك لە بەشداربووەکان پێی وایە کێشە هەبووە، بەڵام بەم شێوەیە گەورە نەبووە، بەڵکو شەهاب شێخ نووری تێبینی لەسەر هەندێك لە ئەندامەکان بە گشتی و ئاوات عەبدولغەفور بە تایبەتی هەبووە، چونکە ناوبراو کەمتر لەگەڵ هاوڕێیان گونجاوە، بۆیە بڕیاری ئەوەیان داوە سەرکردایەتی دەرەوەی کۆمەڵە خۆیان هەڵبوەشێننەوە، لەبەر ئەوەی بەشداریان لە شۆڕش کردووە و ناسراون[1]. لە بەرانبەردا ئاوات عەبدولغەفور دەڵێت:"**دوای هاتنەوەمان من پێم وابوو کۆمەڵە ئەو بڕیارەی داویەتی جێبەجێی دەکات، کەچی بینیم سەرکردایەتی وا بیر ناکاتەوە،...، ئیتر مەسەلەی تێزی سێ جیهان هاتە پێشەوە، ، من و سالار عەزیز و شاسوار جەلال (ئارام) بیروڕامان پێچەوانەی ئەوان بوو. کۆمەڵێکی دیکە هەبوون بیروڕایان لە ئێمە توندتر بوو...، ئەنجام سێ چوار کۆبوونەوە کرا و نەگەیشتینە ئەنجام، لەبەر ئەوەی من دەم وت باشە بەعس تەنیا شێوەی کارکردنی گۆڕیوە بۆ جاران ناکۆکی سەرەکی بوو، بۆ ئێستاکە ناکۆکی لاوەکییە، ئەگەر جاران کوردستانی داگیر دەکرد، ئێستاکەش هەر داگیرکەرە، هەروەها ئێستا خراپتریش هەنگاو دەهاوێت، کەچی ئەوانە پێچەوانە بیریان دەکردەوە. کاك شەهاب کاریگەری زۆر لەسەر کاك فەرەیدوون و جەعفەر عەبدولواحید هەبوو. ئەنجام بە هیچ نەگەیشت ئیتر مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی پلانێك بوو تەنیا بۆ ئەوەی لە من ڕزگاریان بێت**"[2]. کەچی یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکان

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢. مەسەلەی دوورخستنەوەی دەنگە ناڕازاییەکانی ناو سەرکردایەتی بە ڕوونی لە وەوە بەدیار دەکەوێت کاتێك سەرکردایەتی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدات، دەسەڵاتەکانی دەداتە بە کۆمیتەی (ئەستێرەی سوور)، ئەندامانی (ئەستێرەی سوور)یش پێشوتر پێکهاتبوون لە هەر یەك لە: جەعفەر عەبدولواحید، ئەنوەر زۆراب، ئاسۆی شێخ نووری، عەلی بچکۆل، دواتر عومەری سەید عەلیشی بۆ زیاد دەکرێت، هەروەها لە کۆبوونەوەکاندا هەریەك لە شەهاب شێخ نووری و فەرەیدوون عەبدولقادریش بەشداری دەکەن، کەواتە ئەوەی لە سەرکردایەتی دوور خراوەتەوە ئاوات عەبدولغەفور و حەمەی میرزا سەعید بوون. دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢؛ عەلی بچکۆل، کوانوی بەرگری بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاورێکانیدا، چاپی یەکەم، (سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی خەندان، ٢٠٠٨)، ل٢٥.

ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ناکۆکییەکانی ئەو دەمە سەری بۆ دەستگەری و گروپی جیاواز کێشاوە. وەك ئەوەی تاقمێك پێیان وابووە کۆمەڵە وەك هەر پارتێکی دیکەی ڕێکخراوی وردە بۆرژوازی کوردییە و ناتوانێت وەك ڕێکخراوێکی مارکسیی – لینینیی ڕۆڵی خۆی لە سەرکردایەتی کردنی خەباتی چینایەتی و خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیدا بگێڕێت، بۆیە ئەو گروپە بە باشیان زانیوە کۆمەڵە خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و ئەندامەکانی چاوەڕوانی بارودۆخێکی لە بار بکەن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی مارکسیی– لینینیی ڕەسەن، بەمەش لە ژێر کاریگەری ئەو بیانووە لە کۆمەڵە کشاونەتەوە و لە کاری سیاسی دوور کەوتوونەتەوە و بەشێکیان چوونەتە دەرەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، تاقیمێکی تر پێیان وابووە کۆمەڵە هێشتاکە لە ئاستی تیۆریدا کاڵ و سەرەتایە و لە ئەزموونی خەباتی سیاسیشدا کەم توانایە، بۆیە پێویست بەوە دەکات هەندێك لە ئەندامانی بۆ دەرەوەی وڵات ڕەوانە بکات، بە تایبەت بۆ ناو ڕێکخراوە چەپەکانی وڵاتانی سۆسیالیستی وەکو ئەلبانیا، کوبا، کۆریا و یۆگسلافیا، بە مەبەستی پەیداکردنی ئەزموون و کەوتنەوە کاری خەباتی نهێنی و گەڕانەوە بۆ ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان، بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان لە ڕووی تیۆرییەوە بەهێزتر بکەن، لێرەشدا بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە بڕوبیانووەکانی ئەو گروپەش جگە لە هەرەس هێنان و ماندووبوون هیچی تریان پێوە دیار نەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی دوای مانگێك لە گەڕانەوەیان بۆ شارەکان ڕیزەکانی کۆمەڵەیان جێ هێشتووە و پاڵیان لێداوەتەوە بێ ئەوەی بیریشیان لە تیۆری مارکسیی– لینینیی کردبێتەوە[1].

کەواتە لە تێڕامانمان لە مەسەلەی ناکۆکییەکان ئەوە بە دیار دەکەوێت زۆرتر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی بەسەرەوە بووە وەك لەوەی ناکۆکی کەسییەتی بێت، چونکە ژمارەیەك ئەندامی ئەو کاتەی کۆمەڵە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە لە ناو سەرکردایەتیدا بوونی هەبووە و ماوەیەکیش ڕێکخستنەکانی پێوە خەریك بووە، بە هۆی ئەوەی هەندێك وا بیریان کردۆتەوە ئیمپریالیزم ناکۆکی سەرەکییە و حکومەتی عێراق ناکۆکی لاوەکییە. بە بەڵگەی ئەوەی حکومەت چاکسازی کشتوکاڵی ئەنجام دەدات و نەوتی خۆماڵیکردووە، هەروەها پەیوەندی باشی لەگەڵ هەر یەك لە یەکێتیی سۆڤێیەت و چیندا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت حکومەتی عێراق لەبەرەی چەپ

---

(١) برایم جەلال لە چەکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ل ٦٧– ٦٨.

دایە، بۆیە ئاساییە لەگەڵیدا بچێتە بەرەوە و بابەتی ئۆتۆنۆمی ببوژێنێتەوە[1]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت، لە ئەنجامی بارودۆخی دوای نسکۆ و کاریگەریی ڕووداوەکان، کۆمەڵە تووشی جۆرێك لە شکستی فکری هاتووە، ئەگەر بزانین بەر لە گەڕانەوەیان تێکڕای سەرکردایەتییان لەگەڵ بەرگریکردن بوون، کەچی دوای گەڕانەوەیان بەشێکیان پێچەوانە بیریان کردۆتەوە. ئەوەش مانای ئەوەیە تا ئەو کاتەش کۆمەڵە خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون نەبووە.

هەرچەندە ناکۆکی و جیاوازییەکان ماوەیەك ڕێکخستنەکانی بە خۆیەوە خەریك کردووە، تا ڕادەیەکیش سەرکردایەتی تووشی نیگەرانی کردووە[2]؛ بەو هۆیەشەوە گروپێکیش لە کۆمەڵە جیابوونەتەوە[3]، بەڵام کۆمەڵە دیسانەوە بە تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و دەرکردنی بەیاننامەیەك جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە حکومەتی عێراق ناکۆکی سەرەکییە[4]. سەرئەنجام لە کۆبوونەوەیەکدا لە ٢٨ی مایسی١٩٧٥ بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەدات، لەم چوارچێوەیەشدا بۆ ئەوەی دەنگی ناوەوەی بگەیەنێتە تێکۆشەرەکانی دەرەوە. لە هەنگاوی یەکەمدا شازاد سائیب[5]،

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، بەرنامەی ڕووداو و مێژوو، بەشی یەکەم، (www.nrttv.com)؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەولا، سلێمانی، ١ی تەمموزی، ٢٠١٢.

(٢) یەکێك لە وانەی ناکۆکی و جیاوازییەکانی ئەو سەردەمە زۆرترین کاریگەری تێکردووە، شەهاب شێخ نووری بووە، تا ئەو ڕادەیەی ماوەیەك بیری لەوە کردۆتەوە بە یەکجار دەستبەرداری سیاسەت ببێت. دیمانەیەك لەگەڵ سۆزان خاڵە شەهاب، ٦ی مایسی ٢٠١٢. لە: (کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، ل٥٦)، وەرگیراوە.

(٣) بۆ زیاتر لە سەر ئەو گروپە و پەیوەندییەکانیان دواتر لەگەڵ کۆمەڵە بڕوانە: بەشی چوارەم، تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٥) شازاد سائیب، ساڵی ١٩٤٦ لە سلێمانی لە دایك بووە، بەسەرکەوتووی قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە و کۆلێژی یاسای لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە. لە قۆناغی ناوەندییەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە. ساڵی ١٩٦٩ بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری (ڕزگاری). لە دوای دامەزراندنی کۆمەڵە بۆتە ئەندام و دواتریش لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵی دیاری بینوە. ناوبراو ساڵی ١٩٨٠

دوای ئەویش فەرەیدوون عەبدولقادر ڕادەسپێردرێن بۆ ئەوەی سەردانی دەرەوە بکەن تا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و نیشتمانپەروەرەکانی دیکە لەم بارەیەوە ڕاوێژ و گفتوگۆ ئەنجام بدەن(١).

شایەنی باسە، فەرەیدوون عەبدولقادر لە سەفەرەکەیدا چەند ڕاسپاردەیەکی کۆمەڵە لەگەڵ خۆیدا دەبات، کە بریتین لە: یەکەم: کۆمەڵە بە نیازی ناردنە دەرەوەی چەند گروپێکی چەکدارە لە ژێر ناوی (فرق الدعاية المسلحة) بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، ئامانج تێدا هۆشیارکردنەوەی خەڵکە نەك شەڕ کردن، تا لەو ڕێگایەوە بانگەواز بۆ ئەوە بکەن شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کۆتایی نەهاتووە. بۆ ئەو مەبەستەش گروپەکانی بەسەر ناوچەکان دابەشکردوون و قسەیان لە بارەوە کراوە(٢). دووەم: کۆمەڵە لەم قۆناغەدا دامەزراندنی ڕێکخستنێکی بەرفراوانی نیشتمانی بە گرنگ دەزانێت بۆ ئەوەی هەموو چین و توێژەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە، ئەمەش ڕاستییەك بوو کۆمەڵە پێی گەیشتبوو، چونکە خۆی خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بوو، نەیدەتوانی هەموو چین و توێژەکان لە دەوری خۆیدا گرد بکاتەوە(٣).

---

بۆتە پێشمەرگە و ئەندامی دادگای شۆڕش بووە، ساڵی ١٩٨٨ بۆتە نوێنەری یەکێتیی لە ئەوروپا، ١٩٩٤- ٢٠٠١ نوێنەری یەکێتیی بووە لە تورکیا، لە ٢١ی مایسی ٢٠٠١ بە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل گیانی لە دەستداوە. (**www.pukpb.org**).

(١) نەشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ "دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨"، (بێ شوێن و ساڵی چاپ)، ل ل٤٧-٤٨؛ فەرەیدون عەبدولقادر لە زەمینە و سەرەتا و دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەدوێ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ٥٧.

(٢) فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکان لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی، ل ل ٣٧-٣٨؛ صلاح الخراسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، ص ٣٢٠.

(٣) سەبارەت بە مەسەلەی دامەزراندنی ڕێکخستنێکی جەماوەری بەرفراوان، جەلال تاڵەبانی ساڵی ١٩٧٣ لە نامەیەکدا ئەو باسەی خستبووە بەردەم ئەندامانی کۆمەڵە، تا هەنگاوێك بە شێوەی پارتی ڕزگاری، کە پێشووتر ساڵی ١٩٤٦ هاتبووە دامەزراندن، بهاوێژرێت، بەڵام وادیارە لەو کاتەدا بابەتەکە بەلای سەرکردایەتیی کۆمەڵەوە بە گرنگ وەرنەگیراوە، کەچی دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ دووبارە تاڵەبانی بابەتەکە بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە پێشکەش دەکاتەوە، لێرەشدا لەبەر ئەوەی هەلومەرجی ئەوکاتە جیاواز بووە، سەرکردایەتیی کۆمەڵەش لەوە دڵنیا بووە ناتوانێت هەموو چینەکان لە دەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە، بۆیە جیاوازتر لە پێشوو بیریان کردۆتەوە و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی وایان بە پێویست زانیوە، بە مەرجی ئەوەی کۆمەڵە تێدا داینەمۆ بێت.

فەرەیدوون عەبدولقادر لە ئابی ١٩٧٥ دەچێتە سوریا، بەڵام لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا جەلال تاڵەبانی لەوێدا نابێت ناچار دەبێت بچێتە تورکیا و ماوەیەك چاوەڕوانی دیاریکردنی ماوەی دیدارەکەی بێت، دواجار ناوبراو بە مەبەستی کۆبوونەوە و دیدار لەگەڵ تاڵەبانی دەچێتە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیدا لە ١٤ی ئابی ١٩٧٥دا ڕاسپاردەکانی کۆمەڵە دەگەیەنێت. جەلال تاڵەبانیش لە وەڵامدا هەندێ ڕاسپاردە بە فەرەیدوون عەبدولقادردا بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەنێرێتەوە، کە لە نێوان گێڕانەوەکانی فەرەیدوون عەبدولقادر و زانیاریی نێو سەرچاوەکاندا هەندێ جیاوازی بەدی دەکرێت لە کاتێکدا ناوبراو ئاماژەی بۆ دەکات، جەلال تاڵەبانی وتویەتی:" **پەیام بگەیەنن بە کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید. لەگەڵ کاك عومەریش [مەبەستی عومەر مستەفا (عومەر دەبابەیە- توێژەر)]قسە بکەن. با سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی لە ناوەوەی وڵات دەست بەکاربن بە ناوی یەکێتییەوە کار بکەن زۆرترین و فراوانترین بەشی کۆمەڵانی خەڵکی لە دەوری کۆبکەنەوە، ... کۆمەڵە با داینەمۆ بێت، بەڵام ئاشکرای مەکەن هەر بە ناوی یەکێتییەوە کارە ئاشکراکان ئەنجام بدەن... خاڵە شیهاب و ئاوات بنێرن..."**[1]. بەڵام لە سەرچاوەیەکی دیکە بەم شێوەیە ئاماژە بە ڕاسپاردەکانی جەلال تاڵەبانی کراوە و دەڵێت:" **گرنگترین راسپاردەکانی مام جەلال بۆ سەرکردایەتی کومەلە ئەمانە بو:١- دەستەی دامەزرینەری یەکیتی لە ولات دابمەزرینن، تیکەلاو بی لە ئەندامانی کومەلە و کەسایەتی ناسراو نیشتمانی و دیموکرات، ناوی هەندی کەسیشی دیاری کرد بو، قسەیان لەگەل بکەن. ٢- پەیوەندی لەگەل کادرە پیشمەرگەکانی شورشی ئەیلوول بکەن، ریکخراوی پیشمەرگەیان لی پیك بهینن و ئامادەیان بکەن بو دەست پی کردنەوەی خەباتی چەکدار. ٣- لە هیچ حالەتیك دا نابی کوردستان بە جی بهیلن. لە کاتی لیقەومان و ئاشکرا بون دا خۆیان بشارنەوە یان بچنە شاخ"**[2].

---

لێرەشدا ئەو ڕاستییە بە دیار دەکەوێت بەر لە دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی جەلال تاڵەبانی بووە، ناوبراو ڕاوێژی لەگەڵ کۆمەڵەدا کردووە. کۆمەڵە لە زیندانەوە بەرەو ڕاپەرین، ل ل ١٠٥ و١١١؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢ .

(١) فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکان لەگەڵ خاڵ شیهاب و هاوڕێکانی، ل ل ٣٩-٤٠.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، ل٤٨.

هاوکات لەگەڵ ماوەی سەردانەکەی نوێنەری کۆمەڵە بۆ لای تاڵەبانی، لە ناوەوەی وڵات لە ٢٠ی ئابی ١٩٧٥ بە هۆی سیخوڕێکەوە، دەزگاکانی ئەمنی (الامن) حکومەت سەرەتا ئاسۆی شێخ نووری و دواتریش عەلی موراد لە ڕێکخستنەکانی سلێمانی دەستگیر دەکەن[١]. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە، بە هۆی دەستگیرکردنی یەکێك لە ئەندامانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی (الحركة الاشتراكية العربية) لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٧٥ ئەنوەر زۆراب لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە بەغدا دەستگیر دەکرێت[٢]. بە دەستگیرکردنی ئەنوەر زۆراب ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی کۆمەڵە بەر شاڵاوی گرتن دەکەون، لەبەر ئەوەی لە ماڵی ناوبراودا بەرنامەی گشتی و دەستووری کۆمەڵە و ژمارەیەك بەیاننامە و لیستێك بە ناوی ئەندامان و تەنانەت دەمانچەیەکیش دەستی بەسەردا دەگیرێت[٣].

لێرەشدا ئەوە جێگای تێبینی و هەڵوەستە لەسەر کردنە، گێڕانەوە و زانیاری نێو سەرچاوەکانە، لە بارەی چۆنییەتی ئاگاداربوونەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە دەستگیرکردنی ئەنوەر زۆراب. لەم بارەیەوە عومەری سەید عەلی دەڵێت: **" لەم ڕۆژەدا ئێمە دەبوو بۆ کۆبوونەوە بچین بۆ بەغدا، لە کاتێکدا چووین بۆ ماڵی ئەنوەر زۆراب خێزانەکەی هات بە دەنگمانەوە و وتی بە قوربانتان بم بۆ خاتری خوا، زوو ئەو ناوە**

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢. لە بارەی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان برایم جەلال لە کتێبی (چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە)، ل٧٠، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە تەممووزی ١٩٧٥ یەکەم کەسێك لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و سەرکردایەتی گیرابێت محەمەد میرزا سەعید بووە، بەمەش ناوبراو، ناوی ئەنوەر زۆراب و محەمەد برزۆ و سەلامی داوە. بەڵام ناوبراو بە هەڵەدا چووە، ئەگەر بزانین ئاسۆی شێخ نووری یەکەمین کەس بووە لە ٢٠ی ئابی ١٩٧٥ گیراوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لە بارەی دانپێنانی محەمەد میرزا سەعید لەسەر ئەنوەر زۆراب، برایم جەلال لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ توێژەری ئەو باسەدا، دان بەوەدادەنێت، لەوەدا بە هەڵەدا چووە و غەدری لە محەمەد میرزا سەعید کردووە. دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ پەیوەندییەکان و ئەو بابەتە بڕوانە: بەشی چوارەم، تەوەری سێیەم ئەم توێژینەوەیە.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

**چۆڵ بکەن، ئەمشەو ئەنوەر گیراوە و کۆمەڵێك شتیش دەستی بەسەردا گیراوە با ئێوەش تووش نەبن"**[١]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت: **"... بڕیار بووە یەکەمین پێشنجشەممەی ئەیلوولی ١٩٧٥ هاوڕێ یان لە ماڵی ئەوان کۆبوونەوە بکەن[مەبەستی ماڵی ئەنوەر زۆرابە– توێژەر]، ئەویش دڵی لای هاوڕێکانی بووە، هەوڵی داوە بە هەر نرخێك بێ هۆشیاریان بکاتەوە بۆیە بە ئەمنەکان ئەڵێ لە ماڵەوە شتی هەیە تەسلیمی ئەکات، لە چوونە ماڵ و پشکنیندا فرسەت ئەهێنێ لە باوەشی هاوسەرەکەیدا منداڵەکەی ماچ ئەکا و پێی ئەڵێ فریاکەوە کەس نەیەت بۆ ئێرە، ئەویش بە پەلە هەواڵ بۆ ماڵی خۆیان لە کەرکوك ئەنێرێ و ئەوانیش ماڵی عەلی بچکۆل ئاگادار دەکەن"**[٢]. بەڵام عەلی بچکۆل[٣] بە شێوازێکی دیکە بابەتە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **"...ناو بەناو کۆبوونەوەکان دەکران هەر جارەی لە شارێکدا، ئاخر کۆبوونەوە بڕیاربوو لە هەولێر لە ماڵی شەهید جەعفەر بکرێت، کاتێ ئێمە چووین بۆ هەولێر ئەنوەر نەهات، ئێمەش کۆبوونەوەمان نەکرد و خێرا لەگەڵ عومەری سەید عەلی و جەعفەر عەبدولواحید گەڕاینەوە بۆ کەرکوك و لاماندایە ماڵی باوکی شەهید ئەنوەر، (جیهاد**

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٢) فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانی، ل ٤٢. فەرەیدوون عەبدولقادر ئەم هەنگاوەی ناوبراوی بە گرنگ وەسفکرد، چونکە پێی وابوو، ناوبراو هێنانەوەی دەزگاکانی ئەمنی بۆ ماڵەوە بۆ ئەوە بووە تا شتەکانیان تەسلیم بکات، بەمەش ئامانجی ئەوە بووە هاوڕێکانی و ڕێکخستن لە لێدان ڕزگار بکات. دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٣) عەلی بچکۆل، ناوی تەواوی عەلی محەمەد قادر ئەحمەدە سالی ١٩٤٣ لە دایك بووە، لە تەمەنی لاوییەتییەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، دواتریش وەك پێشمەرگەیەك بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە. لەگەڵ دووکەرتبوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ساڵی ١٩٦٤ لە باڵی مەکتەبی سیاسیدا ماوەتەوە، دواتر لەگەڵ سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆمەڵە لە کەرکووك پەیوەندی پێوە کراوە و لە ناو ڕێکخستنەکاندا ڕۆڵی دیاری بینوە. دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی ڕووەدەکاتە ئێران، دواتر تەسلیم بە عێراق دەکرێنەوە، بەمەش ناوبراو زیندانی دەکرێت تا ساڵی ١٩٧٩. دوای ئازادبوونی دەچێتەوە شاخ و دەبێت بە پێشمەرگە، ئیتر لە کارکردن بەردەوام دەبێت تا دوای ڕاپەڕین. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەوەیەوە بڕوانە: عەلی بچکۆل، هەورازەڕێ بیرەوەریەکانی عەلی بچکۆل پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ، (سلێمانی، چاپخانەی پەیوەندی، ، ٢٠٠٨)، ل٧ بە داوە.

**دڵپاك)ی برای ئەنوەر زۆراب بانگ منی کرد و بە چرپە پێی ڕاگەیاندم سەبری خێزانی ئەنوەر تەلەفۆنی کردووە کە ئەمڕۆ ئەمن لە دائیرەکەیدا ئەنوەریان گرتووە و لە وەزعی هیچ هەواڵێکمان نییە..."**[1]. لێرەشدا سەرباری ئەوەی خێزانەکەی ئەنوەر زۆراب پشتڕاستی کۆبوونەوەکە دەکات، کە بە نیازبوون لە ماڵی ئەواندا لە بەغدا ببەسترێت، بەڵام لە بارە ئاگادار کردنەوەیاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەر لە ڕووداوەکە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا تەگبیری ئەوەیان کردووە ئەگەر هاتوو شتێکی لەم شێوە بابەتە هاتە پێشەوە ئەوە وەك ڕەمزی ئاگادار کردنەوەی هاوڕێکانی، خێزانەکەی بوتڵێکی ساردی بخاتە سەر دیوارەکەیانەوە تا لەو ڕێگایەوە ئاگادار بن و نەچن بەو ناوەدا. بۆیە کاتێکش ئەو هەواڵی ئەوەی پێ دەگات یەك ڕاست بوتڵەکە دەخاتە سەر دیوارەکەوە، بەمەش کاتێك برادەران دەچن و بوتڵەکە دەبینن ناچن و دەگەڕێنەوە[2].

هەواڵی دەستگیرکردنی ئەنوەر زۆراب و دواتریش ژمارەیەك لە ئەندامان، سەرکردایەتیی کۆمەڵە ناچار بەوە دەکات ڕوو بکەنە سلێمانی بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن. بەڵام بەگەڕانەوەیان بۆ سلێمانی لە لایەن یەکێك لە دادوەرە کوردەکانی ئەو دەمەدا[3]، ئاگادار دەکرێنەوە فەرمانی دەستگیرکردنی هەریەك لە: شەهاب شێخ نووری، فەرەیدوون عەبدولقادر، عومەری

---

(١) عەلی بچکۆل، کوانوی بەرگری بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاورێکانیدا،ل ل ٢٥- ٢٦. خاوەنی ئەم سەرچاوەیە لە شوێنێکی دیکەدا بە پێچەوانەی ئەوەی باسی کردووە، بڕیاری کۆبوونەوەیان لە هەولێر بووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، شوێنی کۆبوونەوەکە لە بەغدا لە ماڵی ئەنوەر زۆراب بووە. دیمانەیەك لەگەڵ عەلی بچکۆل، ٢ی شوباتی٢٠١٢. لە: (کۆمەڵە لە زیندانەوە بۆ ڕاپەڕین، ل ١٨٣) وەرگیراوە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سەبریە عەبدولنەبی، ٧ی مارتی ٢٠١٣. لە (کۆمەڵە لە سێدارەوە بۆ ڕاپەڕین، ل٤٣٤)، وەرگیراوە.

(٣) فەرەیدوون عەبدولقادر ئاماژە بۆ ناوی دادوەرەکە دەگات گوایە ناوی فەرەیدوون بووە، کەچی عەلی بچکۆل دەڵێت ناوی عومەر بووە. دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ عەلی بچکۆل، کوانوی بەرگری بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاورێکانیدا، ل ٢٦.

سەید عەلی، جەعفەر عەبدولواحید و عەلی بچکۆلیش دەرچووە[1]. ئەمەش ناچار بە خۆحەشاردانیان دەکات.

لەم ماوەیەدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە نهێنی لە ماڵی بەکری دارتاش[2] خۆیان حەشار دەدەن و چەند کۆبوونەوەیەکیش ئەنجام دەدەن. سەرەتاش بۆ ئەوەی ڕێکخستنەکان زیاتر نەکەونە بەر شەپۆلی دەستگیرکردنەوە، بە پێویستی دەزانن ئەوان خۆیان بە دوور بگرن لە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەندامان، بۆیە بڕیاری دامەزراندنی کۆمیتەیەك بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکان دەدەن تا لە غیابی ئەواندا سەرپەرشتی ڕێکخستنەکان بکات، بەمەش لە سلێمانی عوسمان نانەوا[3]، لە کەرکوك ئازاد هەورامی[4] و لە هەولێریش ئەرسەلان بایز بۆ ئەو کۆمیتەیە دیاری دەکرێن[5]. ئەوە

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٢) ناوبراو خاڵی فەرەیدوون عەبدولقادرە.

(٣) عوسمان ئەحمەد نەسروڵلا ناسراو بە عوسمانی نانەوا ساڵی ١٩٤٥ لە سلێمانی لە دایك بووە، تا پۆلی سێ ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە و تا پلەی ئەندامی ناوچەی بڕیوە، ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە، لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ لە لایەن هێزەکانی ئەمنی حکومەت گیراوە، بەمەش بڕیاری زیندانی بۆ دەرچووە و تا ١٩٧٩ لە زیندان ماوەتەوە، لەگەڵ ئازادبوونی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەوە دەکات و تا دوای ڕاپەڕین بەردەوام بووە. ئینسکلۆپیدایای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠١٣)، ل ١٨٥.

(٤) ئازاد عەبدولمەجید غەفار ناسراو بە "ئازاد هەورامی" ساڵی ١٩٥٥ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە کەرکوك تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٠ تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، ساڵی ١٩٧٢ بۆتە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، دوای نسکۆ بەشداربووە لە دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان، یەکەم سەرپەرشتیاری یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٧٦ چووەتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە و چەندین پلەوپایەی وەرگرتووە تا ئەوەی لە ٣١ی ئابی ١٩٨٨ لە ئەنجامی بۆردومان کردنی فڕۆکەیەکی عێراقی کوژراوە. لوقمان غەفور، "لە یادی (١٥) ساڵەی شەهید ئازاد هەورامی"، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە(٢١٥٨)،٢٠٠٢/٨/٣١، ل٥؛ چەند چریکەیەکی درەنگ وەخت بۆ شەهید ئازاد هەورامی، (مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوك، چاپخانە و ئۆفسێتی ئاسا، ٢٠٠١)، ل ل ٣-٤٨.

(٥) ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل ٤٠. شیاوی باسە، لە مەسەلەی دیاریکردنی ئەندامانی کۆمیتەکە هەندێك زانیاری جیاواز بەدی دەکرێت: وەك ئەوەی فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت"... **منیش**

لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بیری لە دۆزینەوەی پەناگایەك دەکاتەوە تا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بتوانن تێدا بمێننەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بە چەند کەسایەتییەکەوە دەکەن لە دێهاتەکاندا، بەڵام لەبەر بارودۆخی ئەو سەردەمە و توندوتیژی دەزگاکانی حکومەت و بوونی سیخوڕی زۆری دەزگاکانی حکومەت لە ناو دێهاتەکاندا هیچ کەس بە دەنگیانەوە نایەن[1].

نەبوونی پەناگەیەك و کاردانەوەی ڕووداوەکان وا دەکات بیر لە هەنگاوی چوونە دەرەوە بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش شەهاب شێخ نووری یەکێك لە گەنجەکانی ئەو سەردەمەی سلێمانی بە ناوی عەبدولهادی حەمە ڕەشید ڕادەسپێرێت تا بچێتە بەسرا بۆ ئەوە لە ڕێگای یەکێك لە ئەندامانی کۆمەڵەوە بە ناوی عابدی بەرگدوور[2]، هەوڵی

---

**جوابم بۆ کاک ئازاد هەورامی نارد و هات بۆ لام، لەگەڵ کاک ئازاد قسەم کرد و وتم کاک ئازاد کۆمیتەیەکی وا دروست دەکەین... بۆ بەغدا کاک شەهاب، سەلام ناوێکی دانا..."**. کەچی عەلی بچکۆل دەڵێت:**" من چومەوە کەرکوك و ئازاد هەورامی و سیروان و ئەحمەد کرێکار و حەمید محەمەدم کۆکردەوە و ئەرکی نوێم پێ سپاردن... لە سلێمانی عوسمانی نانەوا و جەمال تایەریان دانا و بۆ خانەقین و بەغداش بە وتەی فەرەیدون مەلا بەختیار ڕاسپێردرابوو"**. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت فەرەیدوون بە هەڵەدا چووە، چونکە مەلا بەختیار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لەو دەمەدا لە لایەن فەرەیدوون عەبدولقادرەوە لە ماڵی بەکری دارتاش دانراوە و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی خانەقین و بەغدا و گەرمیان بووە. دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەلی بچکۆل، ٧ی شوباتی ٢٠١٢، (لە کۆمەڵە لە زیندانەوە بۆ ڕاپەڕین، ل١٨١) وەرگیراوە؛ مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە، ل١٧٨.

(١) عەلی بچکۆل، کوانوی بەرگری بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاوڕێکانیدا، ل ل ٢٧-٢٨. مەلا بە ختیار لە هەڵسەنگاندێك بۆ ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، چەندین هاوڕێ ئامادەیان دەربڕیوە بۆ پەنادانان و حەشارادانانییان بێ ئەوەی ناوی هاوڕێکان بێنێت. باوکی ئاوارە، "چەند تێبینی بەسەر هەندی، لایەنی خەباتی کومەلەدا"، گۆڤاری "کۆمەڵە" ژمارە (٦)، خوولی یەکەم، پایزی ١٩٧٩. ل ١٩٣.

(٢) عابدی بەرگدوور بە ئەسڵ خەڵکی هەڵەبجە بووە، لە منداڵییەوە کەوتۆتە بەسراو لە وێدا نیشتەجێ بووە و خێزانی پێکهێناوە. لەگەڵ سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆمەڵەدا پەیوەندی پێوەکراوە و لە ڕیزەکانی ڕێکخستن لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیکە لە بەسرا ڕێکخراوە. برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل٢٩.

دەربازبوونیان بۆ ئەبو زەبی (ابو ظبي) بدات[1]، بەڵام بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو هەنگاوە بکەن[2]، دواتر بڕیاری چوون بۆ ئێران دەدەن بۆ ئەوەی لە وێوە بکەن بە سەفارەتی سوریاوە تا بیانگەیەنێتە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە[3]. لێرەشدا یەکێك لە سەرچاوەکان پێی وایە لەم هەلومەرجەدا مەسەلەی چوونە دەرەوە لە بیری شەهاب شێخ نووریدا نەبووە، بەڵکو ئەوەی هانیداوە و

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولهادی حمە ڕەشید حەمەسوور ئاغا (هادییە سوور)، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢. (عەبدولهادی حمە ڕەشید حەمەسوور ئاغا، ساڵی ١٩٤٤ لە سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەو شارە تەواوکردووە. لە قۆناغی سەرەتاییەوە تێکەڵاوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان دواتریش یەکێتیی لاوان کوردستان بووە، ئینجا بۆتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کورستان ناوبراو وەکو پێشمەرگەیەك بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە، بەڵام لە ١٩٦٩ بۆتە کۆمیسیاری پۆلیس لە بەغدا، ١٩٧٤ دووبارە بۆتەوە بە پێشمەرگە تا نسکۆی شۆڕش. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیکردووە بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و دواتریش یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستان، بەم شێوەیە لە ناو شاری سلێمانی لە چالاکییەکانی بەردەوام بووە تا ڕاپەڕین. دوای ڕاپەڕین پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ سەرهەنگی پۆلیس، بەمەش لە خزمەت بەردەوام بووە تا خانەنشین کراوە. ئێستاکە لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(٢) هادییە سوور ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێك چۆتە بەسرا و عابدی لە بابەتەکە ئاگادار کردۆتەوە، ناوبراو بۆ ڕۆژی دواتر پێی ڕاگەیاندووە بە شەهاب شێخ نووری ڕابگەیەنێت تا نۆ کەس دەتوانرێت دەرباز بکرێن. بۆیە ئەویش هەر ئەو ڕۆژە گەڕاوەتەوە، بەڵام کە هاتۆتەوە سلێمانی شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی چاوەڕوانیان نەکردووە و ڕۆیشتوون. دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولهادی حمە ڕەشید حەمەسوور ئاغا (هادییە سوور)، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٣) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ٢٢ی مایسی ١٩٧٥دا لە دیمەشق لە کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی، فوئاد مەعسوم، عادل موراد و عەبدولڕەزاق فەیلی، یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی ڕادەگەیەنرێت، بەڵام دوای ئەوەی تاڵەبانی پەیوەندی دەکات بە هەڤاڵانی دیکە و دەچێتە ئەورووپا و لەوێشدا بڕگەیەکی دیکە دەخرێتە سەر بەیاننامەکە، بۆ جارێکی دیکە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥دا بڵاوی دەکاتەوە، بەمەش لە دەستەی دامەزرێنەر ناوی هەر یەك لە نەوشیروان مستەفا و کەمال فوئاد زیاد دەکرێت. ئیتر لەمەوە یەکێتیی ئەم مێژووەیی دوای بە ڕۆژی دامەزراندنی خۆی لە قەڵەم دەدات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بيان الاتحاد الوطني الكردستاني، ١٩٧٥/٦/١؛ سەروەر عەبدالرحمن عمر، یەکێتی ی نیشتمانی کوردستان، ل ٧٤.

کاریگـەری لەسـەر کـردووە ئـەو بڕیـارە بـدات فەرەیـدوون عەبـدولقادر بـووە[1]. بـەڵام سەبارەت بەم بابەتە فەرەیدوون دەڵێت: **" دوای ئەوەی ڕاسپاردەی (مـام جـەلال)م لـە بارەی چوونی کاك شەهاب و ئاوات عەبدولغەفورم بە برادەران ڕاگەیاند. وتیـان مـادام وایە لەوە باشتر نییە، ئێمە دەڕۆینە دەرەوە و پەیوەندی بە سەفیری سوریاوە دەکەین لە تاران،...، هەرچەند من و عەلی بچکۆل لەگەڵ چوونە دەرەوەدا نەبووین، بەڵام کاك شەهاب سوور بوو لەسەر ئەوەی هەموومان بەیەکەوە بـین تـا کۆمەڵـە زەربـەی تـری بەرنەکەوێت"**[2]. لێرەشدا لەمـەڕ ئـەو بابەتـە هەریـەك لـە عومـەری سـەید عـەلی و عـەلی بچکۆل وتەکەی فەرەیدوون پشت ڕاست دەکەنەوە[3].

لە ناوەڕاستی ئـەیلوولی ١٩٧٥دا هەریـەك لـە شـەهاب شـێخ نـووری، عومـەری سـەید عەلی، فەرەیدوون عەبدولقادر، جەعفـەر عەبدولواحیـد و عـەلی بچـکۆل بـەرەو ئێـران بـە ڕێدەکەون، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی سنووری عێراق جێ دەهێڵن و دەچنە نـاو سـنووری ئێرانـەوە، لـە ڕۆژی ٢٠ی ئـەیلوول لـە لایـەن پاسـەوانانی سـنووری (ژانـدارمری) ئێـران دەستگیردەکرێن و لێکۆڵینەوەی سەرەتایان لەگەڵدا ئەنجامـدەدرێت، دوای ئـەوەش بـۆ ڕۆژی دواتـر بـۆ فەرمانـدەی پاسـەوانی سـنووری بانـە ڕەوانـە دەکـرێن[4]. لێرەشـدا

---

(١) بیرەوەری حەوت ساڵەی شەهید ئارام، لە بڵاوکراوەکانی ئاڵای شۆڕش، بێ ساڵ و شوێنی چاپ، ل ١٧. وا دیارە ئەم سەرچاوەیە دەقی چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ شاسوار جەلال ناسـراو بـە (ئـارام) بـە چـەند مانگێـك بـەر لـە کـوژرانی ئـەنجام دراوە، دواتـر لـە دوای ئـاڵۆزبوونی پەیوەندییـەکان و جیابوونەوەی گروپی (ئاڵای شۆڕش) ساڵی ١٩٨٥ بڵاوکراوەتەوە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ عومـەری سـەید عـەلی، سـلێمانی، ٢٦ی کـانوونی یەکـەمی ٢٠١٢؛ عـەلی بچـکۆل، کوانوی بەرگری بیرەوەریەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و هاورێکانیدا، ل ٢٨.

(٤) از پاسـگاه ژانـدارمری چـمیاراب، گ عابـدینی فـرد، ١١٩/٥٠/ ٤٠١، ٨٠٧/ ٤٠١/٥٠– ٥٤/٦/٢٩؛ صورتجلسه ٥٤/٦/٢٩؛ از پاسگای ژاندارمری چمیاراب به فرماندهی درجه ١ بانه، شماره ٥٠/٩٠٧/ ٤١٠، ٥٤/٦/٣٠؛ از گروهان ژاندارمری بانه بـه ریاسـت مرزبـانی درجـه ١ بانـه، موضـوع پیـنج نفـر عراقی، ١١٩/٢/٥٠/٤٠١، ٥٤/٦/٣٠؛ از گروهان ژاندارمری بانه به فرماندهی منطقـه ژانـدارمری رکـن ٢، موضوع (٥) نفـر عراقـی، ١١٩/٥٠/٤٠١، ٥٤/٦/٣١؛ بـرگ بـازجوین از شـهاب شـیخ نـوری شـیخ صالح، تاریخ باز جوین ٥٤/٦/٣٠؛ برگ بازجوین از فریـدون عبـدالقادر برزنجـی، تـاریخ بـاز جـوین ٥٤/٦/٣٠؛ برگ بازجوین از جعفر عبدالواحد احمد مختار، تاریخ باز جوین ٥٤/٦/٣٠؛ برگ بازجوین

هەرچەندە لە پەراوی لێکۆڵینەوەکاندا وا تێبینی دەکرێت، بەندکراوان باسیان لەوە کردووە لە دەست زوڵم و زۆرداری حکومەتی عێراقی ڕایانکردووە و داوای مافی پەناهەندەی لە ئێران دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەی وەرگرتنی مافی پەناهەندەی لەم کاتەدا کۆتایی هاتووە، بۆیە بەسزای بەزاندنی سنوور تاوانبار دەکرێن. بە بەڵگەی ئەوەی لە نووسراوێکیدا فەرماندەی سنووری بانە، کە وێنەیەکی ئاراستەی سەرۆکی دادگای ئەو شارەی کردووە، نووسیویەتی:"... **تکایە لە چوارچێوەی بڕیاری خاوەن شکۆ پێویستە هەر پێشێلکارێکی سنوور بۆ وڵاتی خۆی ڕەوانە بکرێتەوە، بۆیە دوای تێپەڕاندنی سزاکەیان پێویستە بە پێی ڕێنماییەکان کار بکرێت"**[1]. ئیتر لەسەر داواکاری خۆیان و بە بڕیاری دادگا ماوەی سێ مانگ زیندانییان بۆ دەبڕدرێتەوە، بەمەش لە بانەوە بۆ سەقز دەگوازرێنەوە[2].

بەردەوامی پرۆسەی دەستگیرکردن، ڕۆیشتنی شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی کاریگەری لەسەر پاشماوەی ڕێکخستنەکان زۆر دەبێت. ئەگەر بزانین لە سلێمانی دەنگی ناڕەزایی لە بەرانبەریان بەرز دەبێتەوە و تۆمەتباریان دەکەن بەوەی ڕێکخستنەکانیان بەجێ هێشتووە. بۆیە لەم ماوەیەدا لە کۆبوونەوەکاندا هەوڵی چارەسەرکردن و هێورکردنەوەی ڕێکخستنەکان دەدرێت، لەم چوارچێوەیەشدا بۆ بەرزکردنەوەی گیانی ڕێکخستنەکان بەیاننامەیەك دەنووسرێت و بارودۆخەکە بە شتێکی کاتی وەسف دەکرێت[3]. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کۆمیتەی، کە بۆ سەرپەرشتی شارەکان دانرا بوون، هەستیان کرد توانای بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکانیان نییە، بۆیە بڕیار لە ناردنی هەریەك لە ئەرسەلان بایز و ئاوات عەبدولغەفور دەدەن بۆ پەیوەندیکردن بە شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانییەوە.

---

از عمر علی حسین برزنجی، تاریخ باز جوین ٥٤/٦/٣٠؛ برگ بازجوین از علی محمد قادر، تاریخ باز جوین ٥٤/٦/٣٠. بۆ زانیاری بڕوانە پاشکۆیی ژمارە ( ١ – ١٠).

(١) از– مرز– بانە بە– ت– ر– ا– مرز– ژ، دربارە پینج نفر متجاوز عراقی بنام جعفر عبدالواحد مختار– عمر علی برزنجی– فریدون قادر برزنجی– علی محمد قادر– شهاب شیخ نوری برزنجی، ٥/١٦٦/٥٠/٤٠١/ ١٦، ب ٥٤/٧/٢. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١١).

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢

(٣) ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل ل ٣٩–٤٠؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

لێرەشدا لە بارەی ئەو بڕیارەوە ئەرسەلان بایز دەڵێت: **"بڕیاردرا من بڕۆم و کاک ئاواتیش لەگەڵ خۆم بەرم، چونکە پێمان وابوو بە بردنی کاک ئاوات هەندێ لە گرژی نێوان هەڤالان کەمتر دەبێتەوە..."**[1].

دواجار لەگەڵ ئەوەی ڕووداوەکانی دوای نسکۆی ١٩٧٥ زیانی زۆری گەیاند بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و تووشی جۆرێك لە پەرتەوازەی کردن، بەڵام نەبووە هۆکارێك کۆمەڵە لەسەر شانۆی ڕووداوەکان ون بێت، بەتایبەت ئەگەر بزانین دوای ئەو هەموو ئاستەنگە بە هەوڵ و تێکۆشانی چەند نیشتمانپەروەرێك هەوڵ بۆ دووبارە بەسەر پێخستنەوەی ڕێکخستنەکان لە ژێر ناوی کۆمیتەی هەرێمەکان دراوە. لە بەشی داهاتوودا باس لە هەوڵ و تێکۆشانی کۆمیتەی هەرێمەکان و ڕۆڵی لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا دەکەین.

---

(١) ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل ٤١. بەڵێ، بە چوونی ئەوانیش بۆ ئێران تووشی هەمان چارەنووسی شەهاب و هاوڕێکانی دەبن، بەمەش لە بەندیخانەی سەقز بە یەکتر دەگەنەوە.

# بەشی دووەم: کۆمەڵە لە قۆناغی خەباتی چەکداریدا
## ١٩٧٦ - ١٩٨٠

## تەوەری یەکەم: ڕۆڵی کۆمیتەی هەرێمەکان لە بەستنەوەی ڕێکخستنەکاندا

چوونە دەرەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بۆ ئێران و دەرکەوتنی ناڕەزاییەکان لە ناو ڕێکخستنەکاندا لە لایەك و بەردەوام بوونی گرتن و ڕاوەدوونانی ئەندامەکان لە لایەکی دیکەوە، بووە هۆکاری ئەوەی ئەو کۆمیتەیەی بۆ ڕاییکردنی کارەکان دامەزرابوو نەتوانێت وەکو پێویست کاروبارەکان بەڕێوەببات، بۆیە تووشی جۆرێك لە هەڵوەشاندنەوە هات[1]. بەمەش سەرتاپای ڕێکخستنەکان ڕووبەڕووی دۆخێکی لە یەکترازان هاتوونەتەوە.

لە ڕاستیدا، هاتنە پێشەوەی بارودۆخێکی لەو شێوەیە بۆ ڕێکخراوێکی وەکو کۆمەڵە و لە قۆناغێکی سەختی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، مەترسی ئەوەی لێدەکرا بە تەواوەتی ئەندامەکانی لێی بتەکێنەوە و ڕێکخراوەکەش هەڵبوەشێتەوە، چونکە بەشێك لە ئەندامەکان کەوتبوونە هەڕەشەکردن لە سەرووی خۆیان، بەوەی ئەگەر بێت و چارەسەرێکیان بۆ نەکرێت و ڕەوانەی دەرەوە نەکرێن، ناچار بەوە دەبن خۆیان بە دەستەوە بدەن[2]، بەڵام سەرباری ئەوە کەسانێکیش هەبوون لەو ڕۆژگارەدا بێ ئەوە سڵ لە ڕەفتاری دامودەزگاکانی حکومەت بکەنەوە بێ باکانە هەوڵی یەکخستنەوەی ڕێکخستنەکانیان دەدا و لە یەکگرتنەوەی ڕێکخستنەکان و بەستانەوەیان بە یەکترەوە ڕۆڵی دیارییان بینیی، ئەوە لە کاتێکدا دەبینین یەکێکی وەك شاسوار جەلال ناسراو بە (ئارام)[3]، کە نە ئەندامی سەرکردایەتی بووە، نە لە لایەن سەرکردایەتییەوەش

(١) بیرەوەی حەوت ساڵەی شەهید ئارام، ل ١٨. کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، رێکخراوی دەرەوە، لە بیرەوەری نۆ ساڵەی شەهید شەهاب و هاوڕێکانیدا، ٢١/١١/ ١٩٨٥.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٣) شاسوار جەلال سەعید غەنی ناسراو بە ئارام، ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لە دایك بووە، کۆلێژی بازرگانی زانکۆی بەغدای ساڵی ١٩٧٠ تەواو کردووە. ناوبراو لە قۆناغی ناوەندییەوە تێکەڵاوی کاری ڕێکخراوەی و سیاسی بووە و لە ڕیزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان خزمەتی کردووە و ژمارەیەك پلە و پۆستی وەرگرتووە. لە سەرەتای دامەزراندن کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان وەك کادیرێکی دیار ڕۆڵی دیاری بینیوە. ئارام دوای ئەوەی کۆمەڵە تووشی قەیران هات و سەرکردایەتییەکەی چوونە دەرەوە ڕۆڵی گرنگی گێراوە لە یەکخستنەوەی ڕێکخستنەکان و دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکاندا. هەروەها ناوبراو ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە دروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکان، بەمەش لە کارکردن بەردەوام دەبێت تا ئەوەی لە ٣١ی

ڕاسـپێردراوە، کەچـی هاتۆتـە مەیـدانی کارکردنـەوە و لەگـەڵ هاوڕێکـانی هـەوڵی بـۆ یەکخسـتنەوەی کۆمیتـە و ڕێکخـراو و شـانەکانی کۆمەڵـەی داوە و بـە یـەکتری گرێیداونەتەوە[1].

ئەنجامی هەوڵ و کۆششی شاسوار جەلال (ئارام) و هاوڕێکانی لە کۆتاییەکانی سـاڵی ١٩٧٥ و سـەرەتاکانی سـاڵی ١٩٧٦دا دامەزرانـدنی کۆمیتەیـەکی کـاتی بـووە بـۆ سەرپەرشـتیکردنی کارەکـانی کۆمەڵـە، کـە دواتـر بـە کۆمیتـەی هەرێمـەکان ناسـرا[2]. کۆمیتەی هەرێمەکان ئەندامەکانی بریتی بوون لە شاسوار جەلال (ئارام) سەرپەرشـتیار، سالار عەزیز سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی سلێمانی، ئـازاد هـەورامی سەرپەرشـتیاری ڕێکخسـتنەکانی کـەرکوک، عەبـدولڕەزاق محەمـەد[3]سەرپەرشـتیاری ڕێکخسـتنەکانی هەولێر، مەلا بەختیار سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی خانەقین و بەغدا. لێرەشدا لە نێو ئەو کەسایەتییە بەشداربووانەی لە ژیاندا ماون دەربارەی سەربووردەی دامەزراندنی ئەو کۆمیتەیە و سەرەتای دەستپێشخەرییەکەی بە شێوازی جیاواز باسی لێوە دەکرێت.

مەلا بەختیار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کاتێـك لـە مـاڵی بـەکری دارتـاش لـە سـلێمانی خۆی شاردۆتەوە، ڕۆژێکیان ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب) و ئـازاد هـەورامی سـەردانیان

---

کانوونی دووەمی ١٩٧٨دا لە ناوچەی قەرەداغ دەکوژرێت. بۆ زانیـاریی زیـاتر لەمـەڕ ڕۆڵـی سیاسـی و ڕۆشنبیری نـاوبراو بڕوانـە: محەمـەد شـێخ عەبدولکـەریم سـۆڵەیی، ئـارام و بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی کورد، بەرگی یەکەم، ل ل١٧ بەدواوە.

(١) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان، ل ٩٢.

(٢) سەبارەت بە ناوی کۆمیتەی هەرێمەکان، ئەرسەلان بایز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوان بۆ یەکەمین جـار ئـەو ناوەیـان بـەکار هێنـاوە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی دوای ڕۆیشـتنی سـەرکردایەتیی کۆمەڵـە بەیاننامەیەکییان لە ژێر ئەو ناوە دەرکردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانـە: ئەرسـەلان بـازیز، ڕۆژانـی سەخت، ل ٤٠.

(٣) عەبدولڕەزاق محەمەد: ناسراو بە عەبدولڕەزاق سێگرتکانی، ساڵی ١٩٤٨ لە دایك بـووە، دەرچـووی پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانە. ناوبراو ساڵی ١٩٦٦ تێکـەڵاوی کـاری ڕێکخـراوەی بـووە لـە نـاو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کاری کردووە، ١٩٧١ پەیوەندی بە کۆمەڵە کردووە، دوای نسـکۆی شۆڕشی ئـەیلول سـاڵی ١٩٧٥ سەرپەرشـتی ڕێکخسـتنەکانی هـەولێری کـردووە، تـا ئـەوەی سـاڵی ١٩٧٨ گیراوە و ماوەی ساڵ و نیوێك لە زیندان بووە، دوای ئازادبوونی پەیوەندیکردووە بـە هێـزی پێشمەرگە و لە ناو هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵی بەرچـاوی بینیـوە، ئـەنجام لـە ڕاپـەڕینی بـە هـاری سـاڵی ١٩٩١ لـە ئـازادکردنی کـەرکوك کـوژراوە. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە: (www.pukpb.com).

کردووە و لە بارەی بارودۆخی ئەو کاتەوە گفتوگۆیان کردووە، بەمەش دوای ئەوە ناوبراو سەردانی سالار عەزیزی کردووە تا بەیەکەوە لەگەڵ ئازاد هەورامیدا تەگبیر و ڕایەك بکەن، ئەنجام لە دوای گفتوگۆ لەگەڵ سالار عەزیزدا ڕێك دەکەون بکەونە کارکردن بۆ گرتنەوەی شیرازەی ڕێکخستنەکان، بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی ڕێکخستنەکانی خانەقین و بەغدا و گەرمیان، لەگەڵ پەیوەندیکردن بە کەرکووك و هەولێر بە مەلا بەختیار دەسپێردرێت. ئیتر کۆبوونەوە سەرەتاییەکان لە نێوان مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی و سالار عەزیز بەردەوامی دەبێت، بێ ئەوەی شاسوار جەلال(ئارام) لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بێت. هەروەها دواتر عەبدولڕەزاق محەمەدیش لە کۆبوونەوەکان بەشداری دەکات و وردتر لەسەر مەسەلەکان گفتوگۆ دەکەن و بڕیار دەدەن لە ڕێگای ناوبراوەوە پەیوەندی بە هاوڕێیانی زیندانەوە بکەن. بەمەش مەلا بەختیار لەسەر سەرگوزەشتەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"... **هەر لەو کۆبونەوەیەدا، من باسی کاك شاسوارم کردەوە، کە هەقە بێت لەم کۆمیتەیە لەگەڵماندا بێ. کاك سالار وتی: لە جموجۆڵەکان ئاگادارم کردۆتەوە و پشتیوانیمان دەکات. دوبارەم کردەوە کە کۆبونەوەی ئایندە بۆچی نایەت لەگەڵمان، شەهیدان ئازاد هەورامی و عەبدولرەزاق پشتیوانیان کردم...دوای ئەو کۆبونەوەیە، هەریەکەمان بۆ راپەراندنی ئەرکەکانمان کەوتنە کار... کۆبونەوەی ئەمجارە، بیرمە هەفتەی یەکەمی مانگی (١٢/١٩٧٥) بوو. بە پێی بڕیار، پێویست بوو سالار عەزیز، لە ناو رێکخستنەکانی سلێمانیدا هاوڕێیانی کۆکردبێتەوە؛ شەهید عەبدولرەزاق–هەولێر، شەهید ئازاد– کەرکوك و منیش– خانەقین و بەغداد، گەرمیان... هەریەکە بە هیوایەکەوە دەگەیشتنە ماڵی کاك ئەمین[مەبەستی ئەمینی برای سالار عەزیزە– توێژەر]... لە هۆڵەکەدا دانیشتبوین، (شاسوار جەلال) ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد... لە ناخی خۆماندا، بڕیارمان دابوو، شەهید ئارام، لەو کۆمیتە سەرپەرشتیەی هەتا ئەوکاتەی پێکمان هێنابوو، کار بکات و بشبێتە بەرپرسمان... سەرەنجامی مشتومڕەکانمان، گەیشتینە ئەو باوەڕە، کە ئەم کۆمیتەیە، وەك کۆمیتەی سەرپەرشتی کۆمەڵە، جارێ کارەکانی بکات، مانگی دوو جار کۆببیتەوە، شەهید ئارامیش راسپێردرا، راپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر کۆمەڵە و بەسەرهاتەکەی و ئەرکەکانمان بۆ کۆبونەوەی ئایندە ئامادە بکات. ئەو سەرگوزشتەی چۆنیەتی کۆبونەوەکانمانە... کە هێشتاکە (کۆمیتەی هەرێمەکان)مان پێکنەهێناوە**"[١].

---

(١) مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ل ل ١٧٨– ١٨٥.

لە بەرانبەردا سالار عەزیز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە کاتێکدا ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕووبەڕووی ئەو بارودۆخە هاتۆتەوە، ناوبراو هەموو ڕۆژێك لەگەڵ شاسوار جەلال (ئارام) یەکتریان بینیوە و لەو بارەیەوە گفتوگۆ و ڕاوێژیان کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندییان بە چەند کەسێکەوە کردووە و ئامادەیی هاوکاریکردنیان نیشانداوە، ئیدی لەگەڵ شاسوار جەلال (ئارام)دا هەر یەکەیان بە قۆڵێکدا کەوتونەتە کارکردنەوە و هەنگاوی سەرەتاییان هەڵێناوە، بەمەش ڕەتی ئەوە دەکاتەوە مەسەلەی بیرکردنەوە لە یەکخستنەوەی ڕێکخستنەکان لە لایەن مەلا بەختیارەوە بۆ ئەوان پێشنیار کرا بێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوان دەمێك بووە ئەو بڕیارەیان داوە، ئینجا مەلا بەختیار هاتووە و ئامادەیی خۆی نیشانداوە[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت هەرچەندە یەکێکی وەکو مەلا بەختیار ڕۆڵی کاریگەری لە هاتوچۆکردنی نێو شارەکان و یەکخستنەوەی ڕێکخستنەکان بینیوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، بە دەستپێشخەری و تەگبیر و ڕای ئەو، یەکێکی وەك شاسوار جەلال (ئارام) و سالار عەزیز هەنگاویان نابێت و دەستیان بە کار کردبێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەوان ئاگاداری بارودۆخی دوای ڕۆیشتنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بوون و ناڕازی بوون، هەروەها ئاگاداری ناردنە دەرەوەی ئاوات عەبدولغەفور و ئەرسەلان بایزیش بوون، ئەوە سەرباری ئەوەی ئەوان خەڵکی سلێمانی بوون و لە تەمەنیش لەو گەورەتر بوون. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر لە زانیارییەکانی مەلا بەختیار ورد بینەوە، ئەوە دەبینین لە گێڕانەوەی هەندێك لە ڕووداوەکاندا ورد و سەرکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوەی:

یەکەم: کاتێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە ماڵی بەکری دارتاش بووە، ئەبو شەهاب و ئازاد هەورامی سەردانیان کردووە، وا پێشان دەدات نازانێت کێ بەوانی وتووە مەلا بەختیار لەو ماڵە دایە، لێرەشدا ناوبراو بیری چۆتەوە، ئەبو شەهاب و ئازاد هەورامی ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوون، کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەر لە چوونە دەرەوەیان بۆ ئێران دایانمەزراندووە، تێدا مەلا بەختیار هەم ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بووە، هەمیش لە لایەن ئەو کۆمیتەیەوە لە ماڵی بەکری دارتاش دانراوە.

دووەم: هەر لە گێڕانەوەی دانیشتنەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری ئەوەیان داوە بەردەوام بن و پەیوەندی بکەن بە هاوڕێیانی زیندانەوە، لێرەشدا بە گوێرەی زانیارییەکانی ناوبراو بێت، ئەو کۆبوونەوەیە لە کۆتایی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

مانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٥ ئەنجامدراوە، ئەمەش لە کاتێکدایە هاوڕێیانی زیندان، کە مەبەستی شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانییەتی هێشتاکە لە زیندانی ئێرانن و هیچ هەواڵێکیش نەبووە، ڕادەستی عێراق دەکرێنەوە.

سێیەم: لە دیاریکردنی ڕێکەوتی ئەو کۆبوونەوەیەی، کە شاسوار جەلال(ئارام) بەشدار بووە دیسانەوە سەرکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە یەکێك لە لاپەڕەکاندا ئاماژە بۆ تشرینی دووەمی ١٩٧٥ دەکات، کەچی لە لاپەڕەیەکی دیکە بە هەفتەی یەکەمی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥ دەستنیشانی دەکات [١].

دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان و دەستپێکردنی سەرەتای چالاکییەکانی هاوکاتە لەگەڵ ڕادەستکردنەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بە حکومەتی عێراق لە شەوی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٦ لە چوارچێوەی ئەو هاوکارییەی هەر دوو وڵات لە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥ لە سەری ڕێککەوتبوون [٢]. لێرەشدا لەبەر ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە دڵنیابوون چارەنووسیان بەرەو مەترسی دەڕوات، بۆیە لە ڕێگادا دەکەونە بیری ئەوەی چۆن خۆیان ڕزگار بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش بیر لە دانانی پلان بۆ خۆ دەربازبوونیان دەکەنەوە. بەڵام، کە دێین لە هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو هەنگاوە دەکۆڵینەوە هەر یەك لە کەسایەتییەکان بە شێوەیەك دەیگێڕێتەوە. ئاوات عەبدولغەفور ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: **"ئێمە لە ڕێگادا پلانمان هەبوو ڕابکەین خۆشمان ئامادە کردبوو،...، بەڵام کاك شەهاب و کاك جەعفەر زۆر نەخۆش بوون،...، هەر چەندە وتیان ئێوە دەتوانن بڕۆن ئێمە ناتوانین، لەمەدا بوو بە دەمە تەقێ و فەرەیدوون وتی نابێت بەبێ ئەوان بڕۆین، بەمە پۆلیسەکان پێیان زانی و ڕێیان لێ گرتین و مەسەلەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا"** [٣]. هەروەها عەلی بچکۆلیش لە

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ، ل ل ٩٨-٩٩، ١٧٨- ١٨٥.

(٢) الامن العام، مديرية امن محافظة السليمانية، الموضوع: تسليم العراقيين، (سري للغاية)، کانوون الثاني ١٩٧٦. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژمارە ( ١٢ ). برایم جلال، لە (چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە...، ل ٨١) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە بەرانبەر ڕادەستکردنەوە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە، حکومەتی عێراق دوو ئەفسەری بەندکراوی ئێرانی داوەتەوە، واتا مەسەلەکە بە گۆڕینەوە بووە. بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی دیکە باسی زانیاری لەم شێوەیە ناکات.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

یاداشتەکانیدا دەنووسێت: **"... لە نێوانی بناوەسوتە و پێنجوین هەڵێ ڕەخسا...، بەڵام ڕاوبۆچوونەکان یەکی نەگرت و ڕاکردن سەری نەگرت ئەگینا زۆر چاك ڕێکەوتبوو دەشکرا..."**[1]. کەچی ئەرسەلان بایز بەم شێوەیە باسی بابەتەکە دەکات و دەڵێت: **"... بەپێی ڕێککەوتنی ناو زیندان چاوم لەوەبوو لە ڕێگا هەرسێ پۆلیسەکان بگرین و چەکیان بکەین و راکەین، چونکە دڵنیابووین ڕژێمی عیراق سزای قورسمان دەدات، بەڕاستیش دەرفەتی چەککردنی پۆلیسەکان قورس نەبوو، بەڵام کەس لەڕێگا متەقی لێوەنەهات، کە دەبوو بەر لە هەموومان خاڵە [مەبەستی شەهاب شێخ نوورییە- توێژەر] دەستوور بدات بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ڕاکردنەکە"**[2]. بەڵام عومەری سید عەلی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، شەهاب شێخ نووری قاچی لە ڕێگا لە جێ چووبوو، بۆیە ئەوان پێیان پەشم بووە لە ڕێگادا ببن بە دوو گروپ و ئەویان جێ هێشتایە[3].

بە گەیشتنەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە پێنجوین لە ڕێگەی ناسیاوێکەوە هەوڵی ئەوە دەدەن دەنگوباسی دەستگیرکردنیان بە ڕێکخستنەکان بگەیەنن، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕێگە چارەیەك هەبێت بتوانن دەربازیان بکەن. لێرەشدا بابەتی هەواڵی زانیاریی ڕێکخستنەکان لە بارەی ڕادەستکردنەوەی سەرکردایەتی و هەوڵی دەربازکردنیان لە نێو سەرچاوەکاندا بە جیاواز باسی لێوە کراوە. لە کاتێکدا یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوان لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی یەکەمی (١٩٧٥)ەوە لە ڕێگای ناردنی عەلی ئامەخانەوە[4] بۆ لای سەرکردایەتی لە زیندانی سەقز ئاگاداری ئەوە بووینە، ڕادەستی عێراق دەکرێنەوە، بۆیە کە گەیشتوونەتە پێنجوین عەلی ئامەخانیان ڕاسپاردووە بچێتە ئەوێ و لەگەڵ ڕێکخستنەکان لەو بارەیەوە ڕاوێژ و تەگبیر بکەن[5]. بەڵام لە سەرچاوەیەکی دیکەدا هاتووە هەوڵی دەربازکردنی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ڕێگەی کۆمیتەی هەرێمەکان و بە ڕەزامەندی شاسوار جەلال (ئارام)ەوە بووە، بۆ ئەو مەبەستەش پاکیزەی هاوسەری فەرەیدوون عەبدولقادر ڕاسپێردراوە، تا لەگەڵ شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی تەگبیر بکەن، بەڵام کاتێك پاکیزە هەواڵەکە دەهێنێتەوە و

---

(١) عەلی بچکۆل، کوانی بەرگری...، ل ل ٥٠-٥١.

(٢) ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل ٤٨.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٤) ناوبراو ژنبرای (فەرەیدوون عەبدولقادر)ە.

(٥) برایم جلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە...، ل ل ٨١- ٨٢.

ئەوان مشووری پەیداکردنی چەك و پێکەوەنانی تیمێکی پێشمەرگە دەخۆن، شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی ڕادەستی ئەمنی سلێمانی دەکرێنەوە[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت، زانیارییەکانی سەرچاوەی دووەم وردترن و لە ڕاستییەوە نزیکترن، بە بەڵگەی ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە ئەوانەی، کە لە ئێران گیراون هیچ کامیان لە یادداشتەکانیان باس لەوە ناکەن عەلی ئامەخان لە سەقز سەردانی کردبێتن، هەروەها لە مەسەلەی ناردنی پاکیزەیش بۆ لایان هەموویان زانیارییەکە پشت ڕاست دەکەنەوە. ئەوە سەرباری ئەوەی لەو کاتەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە ڕادەستی عێراق کراونەتەوە دەمێك بووە عەلی ئامەخان گیراوە و لە کاتی هێنانی شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی بۆ ئەمنی سلێمانی ناوبراو ئاگاداری ئەوە دەبێتەوە، سەرکردایەتیی کۆمەڵە تەسلیم بە عێراق کراونەتەوە.

هاوکات لەگەڵ هاتنە سەر گۆڕەپانی کۆمیتەی هەرێمەکان و ڕۆڵی لە گرێدانەوەی ڕێکخستنەکاندا، برایم جەلال وەك تاکە سەرچاوە لە (چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە)دا باس لە بوونی کۆمیتەیەکی تر دەکات بە ناوی کۆمیتەی شارەکان، سەرەتای دامەزراندنەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی، کە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە دوای بڕیاری بەشداریکردن لە خەباتی چەکداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا دایمەزراندووە و تا دوای نسکۆش لە چالاکییەکانی بەردەوام بووە. دوای ئەوەش کە ڕێکخستنەکان بەر شاڵاوی گرتن کەوتوون، ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە لە هەولێر عەبدولڕەزاق محەمەد، لە کەرکووك ئازاد هەورامی و ئەبو شەهاب، لە سلێمانیش ئیبراهیم جەلال بە تەنیا ماونەتەوە، بەڵام بە هۆی بەردەوامی شاڵاوی دەستگیرکردن، ئازاد هەورامی و ئەبو شەهابیش دوور کەوتوونەتەوە، بۆیە ناچار دەبن دووبارە لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥دا ئەو کۆمیتەیە بە ئەندامێتی هەر یەك لە: عەبدولڕەزاق محەمەد لە هەولێر، ئەحمەد کرێکار و حەمید شورتە لە کەرکووك، ئەبو شەهاب و ئیبراهیم جەلال لە سلێمانی دابمەزرێننەوە[2]. لێرەشدا ئەوەی جێگای هەڵوەستەکردنە ئەوەیە، ڕاستە لەو سەروبەندەی کۆمەڵە بڕیاری بەشداری لە خەباتی چەکداریداوە لە شۆڕشی ئەیلوولدا، کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی ئەستێرەی سوور بۆ ڕێکخستنی ناو شارەکان دامەزراندووە، دوای نسکۆی شۆڕشیش ماوەیەك لە کار و چالاکی بەردەوام بووە (کە

(١) مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە...، ل ٢٠٤.

(٢) چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە...، ل ٧٠ و ٧٥-٧٦.

لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کرد)، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە ئەو کەسایەتیانەی، کە لەم سەرچاوەیەدا ناویان هێنراوە لە دووبارەی یەکخستنەوەی کۆمیتەکەدا لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ ڕەتی زانیارییەکان و هەوڵێکی لەو شێوەیە دەدەنەوە[1]!

دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن ئەو کەسانەی ئاماژەمان بۆ کردن، ژیانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی، لە قۆناغێکەوە برد بۆ قۆناغێکی دیکە، ئەگەر بزانین لە ماوەیەکی کەمدا توانیان ڕێکخستنەکان بگرنەوە و چالاکییەکان دەستپێبکەنەوە. لەو سەروبەندەدا لە یەکەم هەنگاویاندا شاسوار جەلال (ئارام) لەسەر ڕاسپاردەی ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان، ڕاپۆرتێك لە بارەی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان بە گشتی و باری کۆمەڵە و ئەرکەکانی بە تایبەتی نووسیوە، کە دواجار بە ڕاپۆرتی شوباتی ١٩٧٦ ناسراوە[2].

لە ڕاستیدا، ڕاپۆرتی شوبات وەك ئاماژەی بۆ دەکرێت، بۆ ناوەوەی ڕێکخستنەکان و بۆ کادیرە پێشکەوتووەکان نووسراوەوە[3]، ناوەڕۆکەکەیشی بریتی بووە لە:

یەکەم: بەیانکردنی تواناکانی ئەو کاتەی ڕێکخستنەکان لە بەرانبەر حکومەتێکی وەکو عێراق. بۆ ئەوەی نیشانی ئەوە بدات، لە بەردەم قۆناغێکی قورسی خەباتکردندان.

دووەم: نیشاندانی ئەوەی لەو سەروبەندەدا مەسەلەی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی لە کوردستان بە تەنیا هێزێك یان ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵە ناکرێت، بەڵکو پێویست بەوە دەکات هەموو هێزەکان لە دەوری یەکتردا کۆببنەوە و هەنگاو بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی بنرێت.

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ حەمە کەریم عەلی ڕەزا (ئەحمەد کرێکار)، کەرکووك، ٣ی شوباتی ٢٠١٣؛ دیمانەیەك لەگەڵ حەمید محەمەد کاکەمەند (حەمید شورتە)، کەرکووك، ٩ی شوباتی ٢٠١٣.

(٢) دوانزە لاپەڕەی نووسراوی دەست نووسن هەن گوایە ئەوە ڕاپۆرتی شوباتە، بەڵام بە پێشدانان و خوێندنەوەیی کەسایەتییەکانی ئەو کاتە، ڕەتی دەکەنەوە ئەوە ڕاپۆرتی شوبات بێت.

(٣) مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ل ٢١٥؛ حاجی مەمۆ، لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، ل ل ٧٧-٧٩.

سێیەم: ئاماژە بەو ڕووداوانە کراوە، کە بەسەر سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا هاتوون و ڕەخنەی ئەوەی لێگرتوون بۆ دەرەوەی وڵات چوون، بەمەش تووشی هەڵەیەکی کوشندە بوون.

چوارەم: بارودۆخی ئەوکاتەی جیهان و ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم– لینینیزم تێدا بەیان کراوە.

پێنجەم: باسی لە سیاسەتی ئەو کاتەی حکومەتی عێراق لە چەوساندنەوەی گەلی کورد و مەسەلەی تەعریب و تەرحیل و تەبعیس کردووە، لەگەڵ شکستی سیاسی لە خۆماڵیکردنی نەوت[1] و ڕیفۆرمی کشتوکاڵی[2].

ڕاپۆرتی شوبات هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی دەنگی ناڕەزایی دەبێتەوە، بە جۆرێك هەندێك لە کادیرەکانی کۆمەڵە نووسینی ئەو ڕاپۆرتەیان بە هەڵە زانیوە و پێیان وابووە

---

(١) لێرە بە شێوەیەکی گشتی دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، مەبەست لە سەرنەکەوتنی مەسەلەی خۆماڵی کردنی نەوت لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٢ پرۆسەی خۆماڵی کردنەکە نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، دواتر دەستکەوتی نەوت سەرمایەکی زۆری بۆ حکومەتی ئەوکاتە عێراق پێکەوەناوە بۆ زیاتر دروستکردنی هێزی سەربازی.

(٢) باوکی ئاوارە، چەند تیشکێ، بەسەر هەندی لایەنی خەباتی کۆمەڵە، ل ل ٢٠٩ –٢١١؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢. شایەنی باسە، لە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ حکومەتی عێراق یاسای ژمارە (٣٠) لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨ دەرکرد، تایبەت بوو بە چاکسازیی کشتوکاڵی و چوار بابەتی سەرەکی لە خۆ گرتبوو، یەکەم: دیاریکردنی ڕادەی موڵکایەتی و دەستبەسەرداگرتنی ڕادە زیادەکە و دابەشکردنی بەسەر جوتیاران. دووەم: دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزیی جوتیاران. سێیەم: ڕێکخستنی پەیوەندییە کشتوکاڵییەکان. چوارەم: مافەکانی کرێکارانی کشتوکاڵی. هەروەها بەعسەییەکانیش دوای هاتنەوە سەر حوکمیان ساڵی ١٩٦٨، یاسای دووەمیان دەرکرد بۆ مەسەلەی چاکسازیی کشتوکاڵی، کە بە یاسای ژمارە (١١٧) ساڵی ١٩٧٠ ناسراوە، بە گوێرەی ئەو یاسایەش تاڕادەیەك لە دەسەڵاتی موڵکدارەکان درا و هەندێك زەوی بەسەر جوتیاران دابەش کرا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نە یاسای یەکەم، نە یاسای دووەم سوودێکی ئەو تۆی بۆ جوتیاران نەبوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. عبدالواهاب مطر الداهري، اقتصاديات الاصلاح الزراعي، (دون مكان وسنة الطبع)، ص ص ٣٣٥– ٣٩٥؛ ئاشتی "چارەسەر کردنی کشتوکاڵ لە سایەی ڕژێمی عیراق دا"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (١)، خوولی دووەم، کانوونی دووەمی ١٩٨٢، ل ل ١٢– ٢١.

بەم هەنگاوە غەدر لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە کراوە[1]. بەڵام کارەکتەرەکانی ناو کۆمیتەی هەرێمەکان پێیان وایە لە ئان و ساتێکی لەو شێوە بابەتە، کە کۆمەڵە تێدا تووشی تێکشکانێکی ڕێکخراوەیی و سیاسی بوو بوو، ئەندامەکانیش جۆرێك لە نائومێدیی دایگرتبوون، ماوەیەکی زۆریش بوو کۆمەڵە بەیاننامەیەکی دەرنەکردبوو، ئیدی دەیان پرسیار لە بارەی بارۆدخەکەوە لە لایەن ئەندامەکانییەوە دروست ببوو، کەسیش نەبوو وەڵامیان بداتەوە. لێرەشدا هەموو ئەوانە لە کاتێکدا بوو، کە دەبوو شیرازەی ڕێکخستنەکان یەك بخرێتەوە و بەرنامەی ئەنجامدانی شۆڕش دابنرێت. کەواتە ئەو ئەرکانە بە بێ هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی و باری کۆمەڵە چۆن جێبەجێ دەکرێت؟ بۆیە لەم سۆنگەیەوە کۆمیتەی هەرێمەکان پێی باش بووە، لە هەڵسەنگاندنێکدا ئاماژە بۆ باری کۆمەڵە و ئاکامی ئەو ڕووداوانەی بەسەر سەرکردایەتییەکەیدا هاتووە، ڕاپۆرتێك دەربکات[2].

شایەنی باسە، کۆمیتەی هەرێمەکان لە چوارچێوەی هەنگاوەکانیدا لە ڕێگای ناردنی ئەندامەکانی دەکەوێتە پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵەدا لە زیندان ، یەکەم بۆ ئەوەی لە کارەکانیان ئاگاداریان بکەنەوە و ئەو تەم و مژەش بڕەوێننەوە دەربارەی ئەوەی، کە ئەو کۆمیتەیە لە دژی سەرکردایەتی پێشوو هەنگاویان ناوە. دووەمیش بۆ

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ حەمە کەریم عەلی ڕەزا (ئەحمەد کرێکار)، کەرکوك، ٣ی شوباتی ٢٠١٣؛ دیمانەیەك لەگەڵ حەمید محەمەد کاکەمەند (حەمید شورتە)، کەرکوك، ٩ی شوباتی ٢٠١٣. برایم جلال، لە چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە...، ل ل ٨٤ –٩٨. لە میانەی ئەم چەند لاپەڕەیەدا برایم جەلال زۆر شت لە بارەی ڕاپۆرتی شوبات و ئاگاداری ئەوان (وەك کۆمیتەی شارەکان) لە بارەی دەرکردنی ڕاپۆرتەکە و هەوڵدانیان بۆ ئەوەی کۆمیتەی هەرێمەکان هەنگاوی لەم شێوەیە نەهاوێن باس دەکات. سەرئەنجام لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦دا وەك کۆمیتەی شارەکان کەوتونەتە کۆبوونەوە لەگەڵیاندا بە بەشداری خۆی و ئەبو شەهاب و سیروان تاڵەبانییەوە . بەڵام لێرەدا دەتوانرێت بووترێت لە زانیارییەکانیدا ورد نەبووە بە بەڵگە ئەوەی مەلا بەختیار ڕەتی دەکاتەوە وەکو نوێنەری کۆمیتەی هەرێمەکان لەگەڵ ناوبراو دانیشتبێت. هەروەها ئەبو شەهابیش لەم کۆبوونەوەیە بەشدار نەبووە، چونکە ناوبراو ئەو کاتە لە بەغدا بووە. مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ل ل ٢١٣– ٢٢٠؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٢) باوکی ئاوارە، چەند تیشکێ، بەسەر هەندی لایەنی خەباتی کۆمەڵە، ل ل ٢٠٩ - ٢١١؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢ .

ئەوەی لە ڕێگای ئەو پەیوەندیکردنە بە سەرکردایەتی لە زیندان زانیاری لە بارەی ئەندامان و کەل و پەل و پاشماوەکان وەك چاپەمەنی و چەك و شتی لەم شێوە بابەتە لێیانەوە وەربگرن[١]. لێرەشدا کاتێك سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە بەندیخانە لە هەوڵەکانیان ئاگادار دەکرێنەوە و لە لایەن ئەوانەوە پشتیوانی دەکرێن، کۆمیتەی هەرێمەکان زیاتر دەستکراوە تر دەبێت بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان[٢]. ئیتر هەر ئەوەش دەبێتە هاندەر بۆ کۆمیتەی هەرێمەکان تا پەیوەندی بە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگای ڕەوانەکردنی هەندێك لە ئەندامانییەوە لە بارەی بەرنامە و دوا پێشهاتەکان بیروڕا لەگەڵ یەکتردا بگۆڕنەوە[٣].

هەنگاوێکی دیکەی کار و چالاکییەکانی کۆمیتەی هەرێمەکان لەو ماوەیەدا هەوڵدانە بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە خوێندکاران تا لەو ڕێگایەوە زۆرێك لە خوێندکارەکان لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە[٤]، لەم چوارچێوەیەشدا لە ئەنجامی ژمارەیەك دانووستان و کۆبوونەوەدا دواجار لە سەر دەستی هەر یەك لە: عەبدوڵڵا ڕەسوول عەلی ناسراو بە (کۆسرەت)، شوان عەلی سەعید ناسراو بە (شامیل)، ڕەئووف کامیل، محەمەد خورشید و لەتیف شێخ عومەر لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٦ ڕێکخراوێك بە ناوی یەکێتیی خوێندکارانی شۆڕشگێڕیی کوردستان دێتە دامەزراندن[٥]، لەو ڕێگایەوە

---

(١) بیرەوەی حەوت ساڵەی شەهید ئارام، ل ١٨؛ ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان ... ل ٣٥.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، ١ی نیسانی ٢٠١٢، هەولێر.

(٣) لەم پەیوەندی کردنە هەر یەك لە: جەمال عەلی مەعروف ناسراو بە (جەماڵە ڕەش)، ئیبراهیم ئەحمەد ناسراو بە (ئیبراهیم سەر سپی) و عوسمانی مام برایم ئەو ئەرکەیان ڕاپەڕاندووە. نەشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ...، ل٦٥.

(٤) نەجمەدین فەقێ عەولا لە دیمانەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات زۆر بەر لەو کاتە، سەرکردایەتیی کۆمەڵە بیری لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە خوێندکاران کردۆتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول تێك دەچێتەوە و سەرەنجام شەڕ لە ١١ی مارتی ١٩٧٤ دەستپێدەکاتەوە، لە کۆبوونەوەیەکدا شەهاب شێخ نووری ناوبراوی بۆ کارکردن بۆ زەمینەسازی هەنگاوێکی لەم شێوە بابەتە لە ناو یەکێتیی قوتابییانی کوردستان ڕاسپاردووە. دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەولا، سلێمانی، ١ی تەمووزی، ٢٠١٢.

(٥) ئومێد مەلا تایر کلێسەیی، یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێری کوردستان ١٩٧٦– ١٩٨٩ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسی کاری ڕێکخراوەیەی خوێندکارییە لە کوردستانی باشوور،

دەتوانرێت لە ناو ناوەندەکانی خوێندندا بە گشتی و زانکۆ و پەیمانگاکان بە تایبەتی تۆڕێکی فراوانی ڕێکخستن دروست بکرێت و پەرە بە چالاکییەکانی کۆمەڵە بدرێت[1].

شایەنی باسە، وەك چۆن کۆمیتەی هەرێمەکان سەرکەوتوو بوون لە دروستکردنی سەرکردایەتییەکی جێگرەوە بۆ کۆمەڵە و یەکخستنەوەی ڕێکخستنەکان بە یەکتر، ئاوەهاش سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینی هەندێ لایەنی ستراتیژی و تاکتیکی کۆمەڵە. تا ئەوەی هەندێك پێیان وایە کۆمەڵەی سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکان لە بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیادا تەواو جیاوازە لە کۆمەڵەی پێش سەردەمی پەیدابوونی کۆمیتەی هەرێمەکان، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ڕوون جیاوازی بنچینەیی لە پەیکەری ئایدیۆلۆژیا لە نێوان ڕەوتی شەهاب شێخ نووری و ڕەوتی شاسوار جەلال (ئارام) کۆمیتەی هەرێمەکاندا دەبینرێت[2].

لە ڕاستیدا، سەردەمی باڵا دەستبوونی کۆمیتەی هەرێمەکان لە ناو کۆمەڵەدا وەك هەر ڕێکخراوێکی دیکەی شۆڕشگێڕیی، مەسەلەی ئایدیۆلۆژیا بەسەر بیرکردنەوەی سەرانی ئەو کۆمیتەیەدا زاڵە، بۆیە دەبینین لە بڵاوکراوەکانی ئەو دەمەدا گوتاری سیاسی زاڵە بەسەر بیرکردنەوە و نووسینەکانیاندا، بە شێوەیەك لاساییکردنەوەی زۆری پێوە دیارە لە دژایەتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. ئیتر هەر ئەوەش وای کردووە، کە ئەو بڕوایە لایان دروست بێت، لەبەر ئەوەی شۆڕشی کورد سەرکردایەتی ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانە دەکات و بڕوای تەواوی بە ستراتیژیەتی دژایەتی هێزە ئیمپریالیستەکان هەیە، کەواتە بەشێکە لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی جیهانی. لێرەشدا هەموو ئەو زیادە ڕەوییە لە دیاریکردنی شۆڕشی کورد و ڕەنگدانەوەی مەسەلەی ئایدیۆلۆژیایە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرپەرشتیاری کۆمیتەی هەرێمەکان شکستی شۆڕشی ئەیلوولی بە هەلێك بۆ ڕەوتی چەپە شۆڕشگێڕەکان لێکداوەتەوە، کە

---

(سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٥)، ل ل ٣٠ – ٣٨؛ سامان فەوزی، شەهید شوان ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندکاران، (سلێمانی، چاپخانەی دیلان، ٢٠٠١)، ل ل ٧ –١٠.

(١) مەلا بەختیار، لە مەڕ ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی دانان، ١٩٩٨)، ل ل ٤٦–٤٨؛ شوعلەی عەلی و پێشڕەو ئەحمەد، لێدوانەی بەڵگەنامەکانی شەهید شوانی عەلی سەعید (شامیل)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی خوێندکارانی شۆڕشگێڕی کوردستان، (سلێمانی، چاپخانەی ئاسا، ٢٠٠١)، ل ل ٦–١٨.

(٢) فەرید ئەسەسەرد، ئارام و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا، (سلێمانی، ئەکادیمیای بیرو هۆشیاری، ٢٠١٢)، ل٢٦.

دەبێت بیقۆزنەوە بۆ بانگەشەکردن بۆ جیهانبینی خۆیان و هەڵگیرساندنی شۆڕشێك تا بتوانێت ئامانجەکانی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەدی بێنێت. کرۆکی ئەو بۆچوونەش ئەوەیە، کورد بەسەرکردایەتیی خێڵەکی ناتوانێت ئامانجەکانی بەدی بێنێت[۱]. بە پشت بەستن بەم تێورە، کەواتە کورد پێویستی بە شۆڕشێکی شێوە نوێیە، بە مەرجێك کرێکاران، جوتیاران، ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان و کاسبکاران ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری تێدا بگێڕن[۲]، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەو شۆڕشەی ئەوان بانگەشەیان بۆ دەکرد پێویستی بە بوونی پارتێکی پێشڕەو هەبوو، وەك هەر شۆڕشێکی دیکەی ئەو سەردەمە، کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم بێت. ئەمەش بە هەوڵ و تێکۆشان دەهاتە بەرهەم، بە مەرجی ئەوەی ئەو پارتە گوزارشت لە بیروباوەڕی چینی کرێکاران بکات و لە هەڵبژاردەی ئەو کەسانە پێکهاتبێت، کە هۆشیارترین و پێشکەوتووترین و بە تواناترین و دڵسۆزترین و پاکترین کەسانی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەل بن، چونکە بە نەبوونی پارتێکی لەو شێوە بابەتە، شۆڕش بە ئامانج ناگات[۳].

بە وردبوونەوەمان لەم بابەتانەی ئاماژەیان بۆ کرا، دەردەکەوێت جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی مێژووی گروپە شۆڕشگێڕەکان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و بانگەوازکردن بۆ یەکگرتنیان لە ڕێگای پارتەکانەوە بە شێوەیەك بۆ مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، ڕەنگدانەوەی بیری ماویزمە لە بیرکردنەوەی ئەو کاتەی سەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان، بە بەڵگەی ئەوەی تێوری چوار چینە شۆڕشگێڕەکەی گەل، تێورێکە نە بەلشەفییەکان، نە لینین بانگەشەیان بۆ نەکردووە، بەڵکو تیورێك بوو، داهێنەرەکەی ماو تسی تۆنگ بووە[٤]. بەڵام دیسانەوە ئەوەش مانای ئەوە نییە سەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان بە تەواوەتی بڕوایان بە ماویزم هەبوو بێت، وەك چۆن

---

(۱) العصبة الماركسية اللينينية الكردستانية، الدروس المستخلصة من انهيار الحركة المسلحة الكردية، (دون مكان طبع، اذار ۱۹۷٦)، ص ص ٦ –۱۲.

(۲) لێژنەی سەرکردایەتی دەستەی چەکدارەکان، باری ئێستای کوردستان، سەرەتای تەموزی ۱۹۷٦.

(۳) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان – عیراق، هەڵبژاردەیەك لە نوسینەکانی شەهید ئارام، بەشی یەکەم، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ، کانوونی دووەمی ۱۹۸۰)، ل٤۱.

(٤) ماو تسی تۆنگ لە تێورەکەیدا کۆمەڵگای دابەشکردۆتە سەر چوار چین ، ئەوانیش: کرێکاران، جوتیاران، وردە بۆرژواز، بۆرژوازی نیشتمانی، کە بە بڕوای ئەو دەکرێت هەماهەنگیان لە نێواندا هەبێت و لە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانییدا سوودیان لێ وەربگیرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ماو تسی تونغ، المؤلفات المختارة، المجلد الاول، ص ص ۹–۲۱.

سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنەوە پەسەندی کردووە، چونکە کاتێك سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە لایەن کۆمیتەی هەرێمەکانەوە ڕابەرایەتی دەکرێت، ناتوانرێت کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی ماوی لە پێشتر هەبووە، بناسرێت، لەبەر ئەوەی تەواوی پەیکەری ئایدیۆلۆژی ئەو ڕێکخراوە لە لایەن شاسوار جەلال (ئارام)ەوە وەك سەرپەرشتیاری کۆمیتەی هەرێمەکان دەگۆڕدرێت و یارمەتی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی کراوەتر و دینامیکیتر دەدات. بە بەڵگەی ئەوەی کۆمەڵە لە سەردەمی پێش دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکاندا تەنیا بەوە نەوەستاوە ڕەخنە لە سیاسەتی یەکێتیی سۆڤێیەت بگرێت، بەڵکو بە هەمان پێودانگی چین، پێی وابووە سۆڤێیەت لەوە تێپەڕیوە بە دەوڵەتێکی سۆسیالیست بژمێردرێت، لەبەر ئەوەی لە هەڵسوکەوتدا وەك دەوڵەتێکی سۆسیال– ئیمپریالیست ڕەفتار دەکات، بەڵام ڕەوتی کۆمیتەی هەرێمەکان لەگەڵ ئەوەی هاوڕا بووینە لە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤێیەت و هەنگاوەکانی، کەچی نەیگەیاندۆتە ئەو ڕادەیەی، یەکێتیی سۆڤێیەت بە سۆسیال– ئیمپریالیست نێوزەد بکات[1]. بەمەش خۆی لەو ناکۆکییەی نێوان چین و سۆڤێیەت بە دوور گرتووە، کە ماوەیەك ڕێکخراوە چەپەکانی دونیای بە خۆیەوە خەریك کردبوو.

کۆمەڵەی بەر لە دامەزراندنی کۆمیتەی هەرێمەکان، ماویزمی وەك تیۆریستی مارکسیزمی سەردەمی ڕووخانی ئیمپریالیزمی ناساندووە، پێشی وابووە ئەزموونی چین وەك ئەزموونێکی جیهانی شایستەی ئەوەیە چاوی لێبکرێت و لاسایی بکرێتەوە، بەڵام کۆمیتەی هەرێمەکان لەگەڵ ئەوەی ماو تسی تۆنگی وەك سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ ناساندووە و ڕێزی لێناوە، کەچی پێی وابووە زێدەڕەوییە بەو شێوەیە باس لە ماویزم بکرێت و وەکو مارکس و ئەنگلز و لینین سەیری بکرێت. جگە لەوەش ئەزموونی چینی وەك ئەزموونێکی خۆجێی سەیر کردووە و بەباشی نەزانیوە هەوڵی لاساییکردنەوەی تەواوی ئەو ئەزموونە لە کوردستان بدرێت. بەمەش لەم چوارچێوەیەدا لە هەنگاوی دوورکەوتنەوە لە ماویزم لە سەرەتاوە ئەندێشەی ماو تسی تۆنگی لە ناوی کۆمەڵە کردۆتەوە[2]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت، سەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان زیرەکانە

---

(١) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان – عیراق، هەڵبژاردەیەك لە نوسینەکانی شەهید ئارام، بەشی یەکەم، ل ٥٥.

(٢) مامۆستا جەعفەر، هەورێکی نەزۆك مێژوویەکی ناکۆك خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی راتسیۆنال بۆ کتێبی چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، (سلێمانی، چاپخانەی روون، ٢٠١١)، ل١١٦؛ موحسین عەلی

بارودۆخی کوردستانییان لەبەر چاو گرتووە ، بابەتـەکانیان بـە هەنـد وەرگرتـووە، بۆیـە بەو هۆیەوە لە بازنەی گشتی ماویزم چۆنەتە دەرەوە.

وێڕای ئـەوەی کۆمیتـەی هەرێمـەکان لـە ماوەیـەکی گرنگـی مێژوویـدا تـوانی ئـەرکی دووبـارە یەکخسـتنەوەی ڕێکخسـتنەکان ڕاپـەڕێنێت و گۆڕانکـاری گـرنگ لـە ژیـانی ڕێکخراوەیـی کۆمەڵـەدا بکـات، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش سـەرانی ئـەو کۆمیتەیـە ڕەخنـەی ئەوەیان ئاراستە دەکرێت، کە لـە سـتراتیژی کـاری ڕێکخراوەییـدا هـەوڵی ئـەوەیان داوە کۆمەڵە بەرەو ئاراستەی ڕێکخراوێکی سەرتاسەری عێراقی بەرن. لێرەشدا ئەوانەی بـاس لەم بابەتە دەکەن بەڵگەی ئـەوە دەهێنـەوە، گوایـە شاسـوار جـەلال (ئـارام) لـە وتـاری (دەوڵەت و شۆڕش)دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە و نووسیویەتی: **"مافـەکانی گـەلی کـورد بەشێکی لە جیاکردنەوەی نەهاتووی مەسەلەی مافە دیموکراتییەکانی گەلی عیراقە"**[1]، هـەروەها بـاس لـەو پێشـەکییەش دەکـەن کـە بـە نـاوی ناوەنـدی کۆمەڵـەوە بـۆ بەشـی یەکەمی (هەڵبژاردەیەك بـۆ نووسـینەکانی ئـارام) نووسـراوە، کـە تێـدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە کراوە: **"هاوڕێ ئارام، لە کاتیکا خەباتی کارگەرانی کوردستان و عیراقـی دژی ڕژێـم بـە ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە لە قەڵەم دەدا..."**[2]. بەڵام یەکێك لە توێژەرەکان ڕەتـی ئـەوە دەکاتـەوە سـەرانی کۆمیتـەی هەرێمـەکان بـە گشـتی و شاسـوار جـەلال (ئـارام) بەتایبەتی هـەڵگری بـیری عێراقییانـە بـووبن، بـە بەڵگـە ئـەوەی وتارەکـەی (دەوڵـەت و شۆڕش) لـە مـانگی ئـەیلوولی ١٩٧٧دا نووسـراوە، ئـەوەش لـە کاتێکـدا بـووە، یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەمێك بوو وەکو تاکتیك بۆ ڕاکێشانی هەندێك لایەنی عەرەبی و نا عەرەبی دروشمـی (بـە عێراقـی کردنـی شـۆڕش)ی هـەڵگرتبوو، کەواتـە ئـەو بۆچـوونەی شاسوار جەلال– ئارام بۆچوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە نـەك، هـی ئـەو و کۆمیتـەی هەرێمـەکان[3]. ئـەوە لـە لایـەك، لـە لایـەکی دیکەشـەوە ئـەوەی لـە پێشـەکی

---

ئەکبەر، چەپکێکی ژاکاو لە مێژویەکی هەڵبەستراو، چاپی یەکـەم، (کـەرکووك، چـاپخانەی شـەهید ئازاد هەورامی، ٢٠١٢)، ل ل ٦٣–٦٤.

(١) لینین– دەوڵەت و شۆڕش، ڕۆژنامەی"ئاڵای شۆڕش"جەریدەی گشتی کۆمەڵەی مارکسی لینینـی – کوردستانە، ژمارە (١)، ئەیلولی ١٩٧٧.

(٢) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان — عیراق، هەڵبژاردەیـەك لـە نوسـینەکانی شـەهید ئـارام، بەشـی یەکەم، ل٧.

(٣) مەحمود رەزا، ئارام لە نێوان کوردستانی بوون و عێراقچێتیدا، لـە: (محەمـەد شـێخ عەبدولکـەریم سۆڵەیی، ئارام و...، ل ل ٨٠– ٨١)، وەرگیراوە.

(هەڵبژاردەیەك لە نووسینەکانی ئارام)دا نووسراوە، لە کاتێکدا نووسراوە، شاسوار جەلال (ئارام) خۆی لە ژیاندا نەماوە، کەواتە ئەوەش بیروڕای ئەو کەسەیە، کە پێشەکییەکەی نووسیوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر ناوبراو بۆچوونی لەو شێوە بابەتەی هەبووایە ئاماژەی بۆ ئەوە نەدەکرد: **"ناکۆکی سەرەکی جەماوەری چەوساوەی گەلی کورد لەگەڵ ئەم سوڵتەیە دایە، هەروەها ناکۆکی سەرەکی جەماوەری چەوساوەی باقی عێراقیش هەر لەگەڵ هەمان سوڵتەیە، بۆیە ئامانجی ناوکۆکی سەرجەم گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانەوە روخاندن و لە ناوبردنی سوڵتەی بۆرجوازی بەعسی فاشیست و دامەزراندنی دەسەڵاتی دیموکراتییانەی گەلە، کە لە سایەیدا گەلی عێراق بە دیموکراتی راستەقینە بگات و گەلی کوردیش بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی"**(1).

ئەڵبەتە بۆ ئەوەی ڕوونتریش لە مەسەلەی بیرکردنەوەی سەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان بە گشتی و شاسوار جەلال (ئارام) بەتایبەتی بگەین، هیچ بەڵگەیەك لە نووسینەکانی ئەو سەردەمە ڕاستتر نالێین، کە تێکڕایان لە لایەن شاسوار جەلال (ئارام)ەوە نووسراون و هیچ کامیش لە ئەندامانی کۆمیتەی هەرێمەکان ناکۆکیان لەگەڵ بۆچوونەکاندا نەبووە.

سەرەتا لە (پەیرەوی ناوخۆی دەستە چەکدارەکان)دا، کە لە حوزەیرانی ١٩٧٦دا نووسراوە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، دەستە چەکدارەکان بە شێوەیەك دەبێت بکەونە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، لە هەنگاوی یەکەمدا مەسەلەی بە عەرەبکردن و ڕاگواستنیان وەك ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ باس بکەن، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەستی نیشتمانپەروەریەتی بجولێت. جگە لەوەش مەترسییەکانی سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومەتی عێراقییان بۆ ڕوون بکرێتەوە، ئینجا لەوەوە بچن بۆ مەسەلە سەرەکییەکان، کە مافە ڕەواکانی نەتەوایەتی گەلی کوردە بە بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسینیشەوە(2). ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لە وتاری (باری ئێستای کوردستان)دا جەخت لەوە کراوەتەوە، تاکە ڕێگا لەبەردەم گەلی کورددا خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕاستەقینەیە، کە ئەوەش ئەڵقەیەکی لە یەکدی دانەبڕاوی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانییە و ساڵانێکی دوور

---

(1) خەباتی ئالای شۆرش، ڕۆژنامەی "ئالای شۆڕش"جەریدەی گشتی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی – کوردستانە، ژمارە (1)، ئەیلولی ١٩٧٧.

(2) لێژنەی سەرکردایەتی دەستەی چەکدارەکان، پەیرەوی ناوخۆی دەستەی چەکدارەکان، حوزەیرانی ١٩٧٦.

و درێژە گەلی كورد لەو پێناوەدا خەبات و تێكۆشان دەكات، بۆیە بەم هەنگاوە نوێیە ئەڵقەكانی دوا ڕۆژ دادەڕێژرێت و بەوانەی پێشەوە دەبەسترێنەوە تا ئەوەی چارەنووسی گەلی كورد دەخرێتە بەردەست[1].

جیا لە وانەش لە بابەتی (پایەكانی شۆڕشێكی شێوە نوێ)یشدا تیشك خراوەتە سەر هەوڵدان بۆ ڕاست كردنەوەی ڕێباز و بیركردنەوەی كۆن، كە بە هۆكارێك بۆ هەرەس هێنانی شۆڕشی پێشوو لە قەڵەم دراوە، لەبەر ئەوەی مەرجی بە ئامانج گەیاندنی پایەكانی شۆڕشی وا لێكداوەتەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی، بزووتنەوەی تێكڕای چینەكانی گەلە، لەبەر ئەوەی چینە چەوساوەكان لە جوتیاران، كرێكاران، ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ و كاسبكاران ڕۆڵی سەرەكی و كاریگەری تێدا دەبینن، واتا بێ ڕۆڵی ئەوان و یەك گرتنیان، مەسەلەی سەركەوتن بە مەحاڵ لە قەڵەم دەدات، لەبەر ئەوەی ئامانجەكانی بزووتنەوەیی ڕزگاریی نیشتمانی لە جەوهەردا ئامانجی ئەو چین و تاقمە كۆمەڵایەتییانەیە، بۆیە بێ ڕزگاربوونی ئەوان و بەردەوامی چەوساندنەوەیان؛ ڕزگاربوونی گەل و نیشتمان مانایەكی نابێت. جا بۆ ئەوەی دیسان ڕێبازێكی چەوت نەگیرێتە بەر، دەبێت ئەو یاسا گشتییانەی، كە پایەی سەرەكی شۆڕشێكی شێوە نوێن، بە چاكی شیبكرێنەوە و وریایانە بە پێی باری كوردستان جێبەجێبكرێن. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەشەوە هەر لەم وتارەدا لە بابەتی (یەكگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەكانی گەل)دا ئاماژە بۆ ئەوە كراوە، گەلی كورد وەك نەتەوەیەك لە قۆناغێكی پڕ لە مەترسیدایە و نەخشەی لە نێوبردنی كێشرایە، بۆیە ئەركی سەرشانی هەموو چین و توێژە شۆڕشگێڕەكانە لەو پێناوەدا یەكبگرن و ناكۆكییەكانی نێوانیان بخەنە لاوە و لە بەرانبەر پلانەكانی دوژمندا بەرگری لە خاكی كوردستان بكەن، ئەمەش ئەركی هەموو تاكێكە، بە تەنگ دوا ڕۆژی كورد و كوردستانەوە بێت، لەبەر ئەوەی ئەو پلانەی بۆ بەعەرەبكردنی كورد و زەوتكردنی زێدی باوباپیرانیان نراوە، پلانێكە لە دژی هەموو چینێك، هەموو كەسێكیش تێدا زەرەرمەند دەبێت. بەمەش هیچ تاقم و چین و ڕێكخراوێكی نیشتمانپەروەر بیانووی بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی خۆی لە شۆڕشی ڕزگاری دوور بخاتەوە[2].

---

(١) لێژنەی سەركردایەتی دەستەی چەكدارەكان، باری ئێستای كوردستان، سەرەتای تەموزی ١٩٧٦.

(٢) لێژنەی سەركردایەتی دەستەی چەكدارەكان، باری ئێستای كوردستان، سەرەتای تەموزی ١٩٧٦.

سەرپەرشتیاری کۆمیتەی هەرێمەکان لە بەیاننامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستەی دامەزرێنەری ناوەوەی وڵاتیش، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پارتێك نییە جێگەی پارتی پێشڕەو بگرێتەوە، بەڵکو لە پێناو یەکگرتنی هێزە نیشتمانپەروەرەکان و لە ناوبردنی دەستەگەری و دووبەرەکی دروستبووە، جگە لەوەش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئەو هێزانەی تا ئێستاکە لە دەوریدا کۆبوونەتەوە لەسەر بنچینەی کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزە شۆڕشگێرە نیشتمانپەروەرە دیموکراتخوازەکانە، بە شێوەی بەرەیەکی نیشتمانیی دیموکراتی بۆ خەبات بە ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی، بە هاوبەشی هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری عێراق و بە ئامانجی بە دی هێنانی عێراقێکی دیموکراتی، کە لە چوارچێوەیدا کوردستان بە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خۆی بگات(1). هەروەها لە وتاری (ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا) ئاماژەی بۆ یاسا تایبەتییەکانی کوردستان و کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە، بەو مانایەی گەشەکردنی کۆمەڵە و یەکێتی بە یەکەوە گرێدراون و بە یەکیشەوە بۆ پێشەوە دەڕۆن. ئەوەش لە ژێر سایەی یاسایەك، کە تایبەتە بە بارودۆخی کوردستان، چونکە گەشەکردنی هەردووکیان و بەرەو پێشەوە چوونیان و هێنانەدی پارتی پێشڕەوی ڕاستەقینە و بەرەی نیشتمانیش بەستراوە بە گەشەپێدانی خەباتی جەماوەری چەکداری بۆ هێنانەدی هێزێکی چەکداری شۆڕشگێڕ، کە بە بیروباوەڕی مارکسیزم– لینینیزم گۆشکرابێت، تا لەو ڕێگایەوە پارتی پێشڕەو لە دایك ببێت، کە دەبێت لەو ئان و ساتەی باری کوردستاندا هەوڵی پەیڕەوکردنی بدرێت، لەبەر ئەوەی مەسەلەی دامەزراندنی پارتی پێشڕەو، بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو، لەشکری گەل، وەکو سێ مەرجی بنچینەیی بە توندی بەیەکەوە بەستراون و پەیوەندییەکی بە هێز لە نێوانیاندا هەیە و گەشەکردنی هەریەکەیان بەوەی تریانەوە بەندە. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەبێت کۆمەڵە خەبات لە پێناو هێنانەدییان بکات. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، هەر لەم وتارەدا لە باری تایبەتی کوردستاندا دەستنیشانی گرنگترین مەیدانی کارکردن بەم پێودانگە کراوە، کە لادێکانە، لەبەر

---

(1) بەیاننامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەستەی دامەزرێنەری وڵات، ١ ئەیلوولی ١٩٧٦. لێرەدا ئەوەی بەدی دەکرێت مەسەلەی ئۆتۆنۆمی، کە باسی لێکراوە، تەعبیرکردنە لە ڕای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نەوەك کۆمەڵە و کۆمیتەی هەرێمەکان.

ئەوەی جوتیاران و دانیشتوانی لادێکان بە گشتی ڕۆڵی کاریگەر و دیاری تێدا دەبینن، بۆیە دەبێت هەوڵ بۆ مسۆگەرکردنی پشتگیریکردنیان بدرێت[1].

شایەنی باسە، سەرپەشتیاری کۆمیتەی هەرێمەکان لە یەکەم ژمارەی (ئاڵای شۆڕش)یش وەك ئۆرگانی کۆمەڵە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد وەك بزووتنەوەی گەلێکی دابەشکراو، بزووتنەوەیەکی عادیلانەی ناوەڕۆك پێشکەوتنخوازە، بەشێکی جیانەکراوەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهان، کە لەو سەردەمەدا بەشێك و پاڵپشتێکی قایم و پتەوی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانە، لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە گەلی کورد خەبات دەکات لە هەموو پارچەکانی کوردستان[2]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت شاسوار جەلال (ئارام) لە یەکەم ژمارەی (ئاڵای شۆڕش) گەلێك ئەرکی خستۆتە ئەستۆی ئەو بڵاوکراوەیە، کە دەبوو لە مەیدانی فکری و سیاسییدا بایەخی پێ بدابان و لەو پێناوەشدا خەباتی بۆ بکات، چونکە جگە لەوەی ئاماژە بۆ پارچە پارچەیی کوردستان و بەرژەوەندی وڵاتە ئیمپریالیزمەکان کردووە، داوای ئەوەشی لە گەلی کورد کردووە هەنگاو بۆ برایەتی و تەبایی بهاوێن تا لەو ڕێگایەوە بگەن بە ئامانجەکانیان، کە دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی و نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چینایەتییە. ئەوە سەرباری ئەوەی هانی پێکەوە گرێدانی خەباتی گەلی کوردی داوە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بۆ یەکخستنەوەی نەخشە و بیروڕا لە نێوان ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان لە دژی داگیرکەرەکانی کوردستان.

وەلێ، دوای وردبوونەوە لەو وتار و نووسینانەی، کە لەسەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکاندا لە لایەن شاسوار جەلال (ئارام)ەوە نووسراون، ئەوە بەدی دەکرێت ئەگەر عێراقیانە بیریان بکردابوایەوە، ئەوە ئاماژەیان بۆ ئەوە نەدەکرد، شۆڕش ئەمجارەش ئەڵقەیەکە لە زنجیرە شۆڕشەکانی کورد، بەڵکو بە درێژە پێدەری شۆڕشەکانی عێراق ناویان دەبرد. جگە لەوەش ناکۆکی ئەو سەردەمەی بە ناکۆکی نێوان گەلی کورد و حکومەتی عێراق دەستنیشان نەدەکرد، هەروەها لە دەستنیشانکردنی ئەو یاسایانەی

---

(١) کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان – عێراق، کۆمیتەی هەرێمەکان، ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا، ١٩٧٦/٩/٢٠.

(٢) ڕۆژنامەی "ئاڵای شۆڕش" جەریدەی گشتی کۆمەڵەی مارکسی لینینی – کوردستانە، ژمارە (١)، ئەیلوولی ١٩٧٧.

تایبەتن بە کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە نەدەکرد، دەبێت گەلی کورد خەبات لە پێناو ڕزگاربوون لە ژێر دەستی داگیرکەری گەل و خاکەکەی بکات، بەڵکو پێچەوانەکەی دەوت، لەبەر ئەوەی باری عەرەبی عێراقی پێچەوانە بوو، بە بەڵگەی ئەوەی دەبوو عەرەبی عێراقی خەبات بکات لە پێناو بەرپاکردنی شۆڕشێکی سۆسیالیستی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی سەرەکی نێوان کار و سەرمایە، یان خەبات بکات لە پێناو ڕووخاندنی حکومەتی عێراق و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراتی، یان خەبات بکات لە پێناو یەکگرتنەوەی خاك و نەتەوەی عەرەبدا. کە ئەوەش دوو ستراتیژی جیاواز بوون و ئاسان نەبوو بە یەك بەرنامە و بە یەك ڕێکخراوی چینایەتی سەرتاسەری و بە یەك شێوازی خەباتی دیاریکراو و بە یەك ستراتیژ بێتە دی[1]. بەڵام لەبەر ئەوەی سەرانی کۆمیتەی هەرێمەکان کوردستانیانە بیریان کردۆتەوە، بۆیە ڕاست و دروست قۆناغەکەیان بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی دەستنیشانکردووە.

دواجار، لەبەر ئەوەی کۆمیتەی هەرێمەکان بڕوای بە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی کورد هەبووە و لەو سەروبەندەشدا جگە لە پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری لە بەرانبەر حکومەتێکی وەك بەعس هیچ شێوازێکی دیکەی بە شیاو نەزانیوە، بۆ ئەوەی کورد لەم چوارچێوەیەدا خەبات بۆ هێنانە دی مافەکانی بکات. بۆیە ناچار بووە بڕیار لە سەر بەرپابوونی خەباتی چەکداری بدات و بۆ ئەو مەبەستەش مەفرەزە سەرەتاییەکانی ڕێکخستووە و ڕەوانەی دێهاتەکانی کردوون، بەمەش قۆناغێکی نوێ لە خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا دەستپێدەکات. لە تەوەری داهاتوودا بەو وردتر باس لە ئامانج و ڕۆڵی کۆمەڵە لەو قۆناغەدا لە باشووری کوردستان دەکەین.

---

(١) مەحمود ڕەزا، ئارام لە نێوان کوردستانی بوون و عێراقچێتیدا، لە: (محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی، ئارام و...، ل ٧٥) وەرگیراوە.

## تەوەری دووەم: ئامانجی کۆمەڵە و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری

دەستکردنەوە بە خەباتی سیاسی و چەکداری، لە هەلومەرجی دژواری ساڵی ١٩٧٦دا لە باشووری کوردستاندا، پێویستی بە بڕوایەکی بێ ئەندازە بە پاشەڕۆژێکی ڕووناك، تاکتیکی دروستی جەنگی پارتیزانی و تاکتیکی ڕاستی کاری سیاسی، ئازایەتی و لە خۆبوردنێکی بێ وێنە و بەرگە گرتنێکی زۆری ماندوبوون و برسێیەتی و دووری لە خۆشییەکانی ژیان و کەس و کار و هاوڕێ و شار و ئاوەدانی گەرەك بوو.

لەم بارەیەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە بڕوای تەواوی بەوە هەبوو ئەم ڕەفتارانەی حکومەتی عێراق، کە بەرانبەر بە گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا گرتوویەتییە بەر، گەلی کورد ناچار بەوە دەکات دەست بە خەباتی چەکداری بکاتەوە. بۆیە ئەگەر کۆمەڵە دەستپێشخەری نەکات، ئەوە هێز و دەستە و ڕەوتەکانی دیکە، جارێکی دیکە بە ئاسانی دێنەوە سەر شانۆی ڕووداوەکان و بارودۆخە مێژووییەکە بۆ خۆیان دەقۆزنەوە. بەمەش بزووتنەوەکە لە سەر ڕێبازی شۆڕشگێڕی (بەمانا چەپگەرایییەکەی) لادەبرێت و دووبارە گەل تووشی هەمان نەهامەتی پێشوو دەبێتەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق بۆ گۆڕینی ڕووخساری نەتەوایەتی کوردستان و بە عەرەبکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی، تا ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا گیانی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی لە ناو خەڵکدا نەمێنێت و تۆی دوو دڵی و بێ بڕوایی بە خەباتی چەکداری لە ناو خەڵکدا بچێنێت و بە تەواوەتی ناسنامەی کورد و کوردستان بسڕێتەوە. دیسانەوە کۆمەڵە و سەرکردایەتییەکەی ڕووبەڕووی ئەو ئەرکە کردۆتەوە ڕێگری لەو پلانە بکات و بەرگری لە مانەوەی ڕووخساری نەتەوەیی کورد بکات، کە ئەوەش تەنیا لە ڕێگای خەباتی چەکداری دێتە دی[1]. سەرباری ئەوانەش کۆمەڵە لەو هەلومەرجەی باشووری کوردستاندا لەوە گەیشتبوو، بوونی گروپێکی چەکداری شۆڕشگێڕ، مەرجی بنچینەیی بوژاندنەوەی ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی جەماوەر و

---

(١) ج. صادق، :"خەباتی چەکدار چۆن تی ئەگەین؟"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٥)، وەرزی یەکەم، هاوینی ١٩٧٩، ل ل١٦٥– ١٦٦؛ ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، "ڕاستکردنەوەی هەندێ بیروڕای چەوت تەراز وکردنی گرنگی پێ دان و بە کەم گرتن"، بڵاوکراوەی ناوخۆ، ژمارە (٦)، مارتی ١٩٨٢.

هۆشیارکردنەوەیانە، کە بۆ هێنانە جۆش و خرۆشی خەباتیان زۆر پێویستە، هەروەها باوەڕی بەوەش هەبوو، ڕێکخستنێکی کاریگەر و بە توانا بە بێ خەباتی چەکداری وەبەرنایەت، لەبەر ئەوەی، ئەوەشی هەیە لە ژێر زەبر و زەنگی دامودەزگاکانی حکومەتدا پەرش و بڵاو ببێتەوە. بەمەش لە ژێر ئەو ڕۆشناییەدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە پێی وابوو لە قۆناغی خەباتی چەکداریدا دەتوانێت زیاتر گەشەبکات و لە کۆمەڵانی خەڵك نزیك بکەوێتەوە، تا ئەوەی ڕێکیان بخات و هانیان بدات و وشیاریان بکاتەوە[1]. بۆیە بڕیاری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریدا.

سەرکردایەتیی کۆمەڵە درکی بەوە کردبوو، لەم قۆناغی خەباتکردنەدا پێویستی بە داڕشتنی فەلسەفەیەکی سیاسیی دەبێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە دەستنیشانی ئامانجە ستراتیژەکانی بکات، هەروەها لەسەر بنچینەی تێڕوانینی ئەو فەلسەفەیەدا، هەنگاو بۆ ئاراستەی خەباتێکی درێژخایەن دابڕێژێت. بۆ ئەو مەبەستەش کەوتە شیکاری چین و توێژەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا تا دەستنیشانی ئاست و شێوازی بەشداربوونیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا دیاری بکات. لە سەرەتاشدا ئەرکە مێژوویی و شۆڕشگێڕییەکەی خستە ئەستۆی جوتیاران و دەستنیشانی ئەوەی کرد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە جەوهەردا بزووتنەوەی جوتیارانە (لەڕووی پێکهاتەوە، نەوەك لە ڕووی ئامانج)ەوە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی گەلی کورد پێك دێنن[2]، هەر ئەوەشە وا دەکات زۆرینەی لە شکری ڕزگاریی شۆڕشگێڕی لە وان پێك بێت، هەروەها ئەو خاکەشی خەباتی تێدا دەکرێت، لادێی جوتیاران و شاخ و دۆڵ و ئەشکەوتەکانە، بۆیە دەبێت خەبات بکرێت بۆ ڕزگارکردنیان، لەبەر ئەوەی ڕزگارکردنی جوتیاران کارێکی پێویستە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا و بەرەو پێشەوە چوون و بوژاندنەوەی ئابووری و پیشەسازی، بەو هۆیەی هێزی بنچینەیی گەشەکردنی ئابووری دوا ڕۆژن و

---

(١) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، "پیداچوونەوەیەك لە کاری پێشمەرگەیمان لە سالی ڕابوردودا"، ژیانی ڕێکخراوەی یمان (لەلایەن ناوەندەوە دەردەچی تایبەتە بۆ ئەندامان)، ژمارە (١٣)، ناوەڕاستی مارتی ١٩٨٣، ل ل ٦-٧.

(٢) بە پێی خەملاندنی ساڵانەی ١٩٧٥ دەردەکەوێت ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان برتیین لە ٤٠,١٪، لە بەرانبەردا ڕێژەی دانیشتوانی گوندەکان برتیین لە ٥٩,٩٪. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥)، ل ٢٣١.

زۆربـەری زۆری کرێکـارانیش لـەوان پێـك دێـن، کەرەسـتەی خـاوی پیشەسـازیش لـە ناوچـەکانی ئەوانـەوە دەردەهێنرێـت، خاکەکـەی ئەوانـە خواردەمـەنی بەرهەمـدێنێت، هـەروەها لادێکانیـان بـووە بـە بـازاڕی سـاغکردنەوەی کەلوپـەلی خۆمـاڵی. ئـیتر لەبـەر ئەوانەیە جوتیاران هێزێکی سەرەکی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی دیموکراتین، ئەگەرچـی لە ناو خۆیاندا چینێکی کۆمەڵایەتی هاوشان نین و لە توێژگـەلێکی جیـاواز وەك هـەژار، مامناوەند، دەوڵەمەند پێکهاتوون، بەڵام لە نێویاندا کرێکـارانی کشـتوکاڵی و جوتیـارانی هەژار لە هەموو تاقمەکانی دیکەیان شۆڕشگێڕترن بۆ خەباتکردن[1].

لـە چوارچـێوەی ئـەو ڕیزبەندییـە، سـەرکردایەتیی کۆمەڵـە لـە دوای جوتیـاران دەستنیشانی چینی کرێکـارانی کـردووە و بـە نـزیکترین چـینی کۆمەڵایـەتی دانـاوە، بـە هۆکاری ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە زیاد بووندایە و لـە ڕووی چـۆنایەتییەوە بـەرەو باشـتر دەچـن و دەتوانرێـت لـە قۆنـاغی خەباتکردنـدا سـوودیان لێوەربگیرێـت، چـونکە بەرژەوەندییـەکانیان هاوتایـە لەگـەڵ ڕیشـەی شۆڕشـێکی نیشـتمانیی دیمـوکراتی و پێچـەوانەیە لەگـەڵ هـەموو جـۆرە ئـازاردانێکی نەتەوایـەتی و چـینایەتی و جیـاوازی کۆمەڵایەتی و ئایینی. بەمەش لە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە شۆڕشگێڕ ترن، لە هـەموویان زیـاتر توانـای ڕێکخسـتن و خـەباتی شۆڕشـگێڕانەیان هەیـە و لـە هـەموویان کارامـەترن بـۆ پشـوودرێژی و خـۆڕاگری، هـەروەها خـاوەن گیـانێکی شۆڕشـگێڕانەن و خاوەنی تیۆرێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕانەن، کە ڕێبازی پێشییان بـۆ ڕوونـاك دەکاتـەوە، ئیتر هەر ئەوەشە وای لێکردووە لە هەموو چینەکانی دیکە زیاتر شایستەی گێڕانی ڕۆڵـی پێشڕەوی شۆڕشگێڕانە بێت لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانییدا[2].

چینی دوای ئـەوانیش، کـە بریتییـە لـە وردە بـۆرژوازی شـار و لادێ، پێـك دێـت لـە: ڕۆشنبیر، کاسبکار، پیشـەگەر، مووچـە خـۆری بچـووك، مـەلا هـەژارەکان و جوتیـارانی ناوەندی، ئەوانیش هێزێکی پێشکەوتووخوازن، بە تایبەت بەشە ڕووناکبیرەکەیان، لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی کارا لە ڕاپەڕانـدن و هۆشـیارکردنەوەی کرێکـاران و جوتیارانـدا دەبیـنن، بەتایبـەت دوای ئـەوەی لەگـەڵ خـەباتی شۆڕشـگێڕانەی کرێکـاران و جوتیـاران و

---

(١) یەکێتی ی نیشتمانیی کوردستان بۆچی...؟، وەرگێڕانی: ئارام، چاپی چوارەم، (سلێمانی،٢٠٠٠)، ل ل ٣– ٧.

(٢) خەباتی ئاڵای شۆڕش، ڕۆژنامەی ئاڵای شۆڕش، ژمارە(١).

ڕەنجدەرانی دیكە تێكەڵاو دەبن، بەمەش دەبن بە هێزێكی شۆڕشگێڕی كاریگەر و بە توانا و زۆر كەسی سەركردە و پێشڕەویان تیادا هەڵدەكەوێت[1].

جیا لە وانە، سەركردایەتیی كۆمەڵە لە دەستنیشانكردنی چینەكانی كۆمەڵگای كوردی، كە بتوانرێت لە قۆناغی خەباتدا سوودیان لێوەربگیرێت، ئاماژەی بۆ بۆرژوازی نیشتمانیش كردووە، ئەوانیش بریتی بوون لە: بازرگان، دەوڵەمەندی نیشتمانپەروەر و خاوەن پیشەسازی، پارێزەر، ئەندازیار، پزیشك، بەڕێوەبەرانی دەزگا و كۆمپانیاكان و جوتیارە دەوڵەمەندەكانی لادێ. لەوەشدا وای لێكداوەتەوە، ئەو چینە لە سەرێكەوە بە هەستێكی نەتەوایەتییەوە و لە سەرێكی دیكەوە بە بەرژەوەندییە تایبەتییەكانییەوە پەیوەستە. ئیتر هەر ئەوەش وای لێكردووە دژی دەسەڵاتی بێگانە و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی چینێكی كۆمەڵایەتی لاواز و بێ هێزە لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەنجام لە ڕووی سیاسیشەوە ناتوانێت لەسەر خەباتی درێژخایەن بەردەوام بێت، بەمەش بە هۆی هەستی نەتەوایەتی و بەرژەوەندییە چینایەتییەكانییەوە ئەم بەر و ئەو بەر دەكات لە نێوان نیشتمانپەروەری و سەوداكاری، لەبەر ئەوەی كاتێك هەستی نەتەوایەتی كاری تێدەكات، هەستی نیشتمانپەروەریەتی دەبزوێت، بەڵام، كە بەرژەوەندە تایبەتییەكانیشی دەكەونە بەر مەترسی، لەگەڵ دوژمن دەكەوێتە ساز و سەوداوە[2].

ئەنجام، هەر چەندە سەركردایەتیی كۆمەڵە بڕوای بەوە هەبوو ئەو چینە كۆمەڵایەتییانە دەتوانن هاوپەیمانەتییەكی نیشتمانی لە نێوان خۆیاندا پێكبهێنن و هاوپەیمانییەتی كرێكاران و جوتیاران بەردی بناغەكەی بێت و لەگەڵیشیدا كەسانی تری زەویدار، مەلا و بنەماڵە مەزهەبییەكانیش لەبەر هۆكاری نەتەوەیی و مەزهەبی و پەرەسەندنی هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری، بێنە ناوییەوە، بەڵام بۆ ئەوەی

---

(١) یەكێتی ی نیشتمانی ی كوردستان بۆچی...؟، ل ل ٧-٨؛ خسرو بادینی، فئات البرجوزاية الصغيرة في تنظيماتنا الماركسية، (دون مكان طبع، مطبعة الشهيد جعفر عبدالواحد، ١٩٨٣)، ص٦.

(٢) كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، عیراقچێتی داگیركەر و بورجوازی كوردستان، (لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، بێ شوێنی چاپ، نیسانی ١٩٨٣)، ل ل ١٤-١٥. لێرەدا ئەوەی دواتر وەك جیاوازییەك بەدی دەكرێت ئەوەیە، شاسوار جەلال(ئارام) لە وتاری (لینین و دەوڵەت) لە (ئاڵای شۆڕش)دا بۆرژوازی نیشتمانی دابەشكردۆتە سەر باڵی چەپ و باڵی ڕاست، بەمەش بڕوای ئەوەی هەبووە، دەتوانرێت تەنیا سوود لە باڵی چەپیان وەربگیرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: لینین و دەوڵەت، ڕۆژنامەی (ئاڵای شۆڕش)، ژمارە (١).

باشتر بۆ قۆناغی خەباتی چەکداری خۆی ئامادە بکات، کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تا وەك پێویستییەکی مێژوویی لەو سەروبەندەی خەباتی شۆڕشگێڕییەدا، شۆڕشگێڕەکان یەك بخات و لە نیمچە بەرەیەکی وەك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بیانخاتەگەڕ، ئەو هەنگاوەشی وەك مەرجێکی بەڵگەنەویست بۆ سەرخستنی شۆڕشەکە لێکدەدایەوە، چونکە کۆمەڵە دڵنیابوو لەوەی نە ئەو بێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەشەدەکات و لە ناو جەماوەردا ڕەگی دادەکوتێ و بڵاودەبێتەوە، نە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بێ کۆمەڵە دەتوانێت پێش بکەوێت و لای جەماوەر پەسەند بکرێت و جێگیر ببێت. لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی فرەچینی وەك کوردستان ئاسان نەبوو، هەموو چین و توێژەکان لە ژێر چەتری ڕێکخراوێکی مارکسیی — لینینیی کۆبکرێنەوە[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت، سەرکردایەتیی کۆمەڵە درکی بەوە کردووە، ئەو چینانە لە نێو خۆیاندا لە سەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و چینایەتی و فکرییەکان جیاوازن، لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لە یەك ناچن و تێڕوانین و هەڵوێستیان بەرانبەر بە مەسەلەی چاکسازیی کشتوکاڵی، دەسەڵاتی نیشتمانی، دوا ڕۆژی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات جیاوازە و لەسەری پێك نایەن[2]. بۆیە ناکرێت هەموو بخرێنە ناو یەك ڕێکخراوەوە، بەڵام دەتوانرێت یەکێتییەکی ئارەزوومەندیان لە نێواندا دروستبکرێت.

شایەنی باسە، لە کاتێکدا کۆمەڵە بڕیار لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەدات و ئامادەکاری بۆ ناردنە دەرەوەی دەستە چەکدارەکان دەکات، نە باری بابەتی لە بار و ئامادەبوو، نە کۆمەڵەش لە ئاست هەڵگرتنی وەها ئەرکێکی گران دابوو، ئەگەر بزانین کۆمەڵە تەنیا لە ڕووی تیۆرییەوە مەسەلەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کۆڵیبووییەوە، کە مەبەستی بوو لە پراکتیکدا نموونەی شۆڕشی چین و کوبا لە واقیعی باشووری کوردستانی دوای نسکۆی شۆڕش پراکتیزە بکات، بێ ئەوەی بەراوردی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و جیۆپۆلیتیکی ئەو وڵاتانە و کوردستان بکات، قۆناغ و

---

(١) بەیاننامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەستەی دامەزرێنەری وڵات، ١ ئەیلولی ١٩٧٦؛ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان — عێراق، کۆمیتەی هەرێمەکان، ئەرکەکانمان لەم پلەیەی خەباتدا، ١٩٧٦/٩/٢٠.

(٢) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان — عیراق، هەڵبژاردەیەك لە نوسینەکانی شەهید ئارام، بەشی یەکەم، ل ل٩– ١٢.

سەردەمە جیاوازەکان لەبەر چاو بگرێت. ئیتر هەر ئەوەش وادەکات هەندێك پێیان وابێت ئەو بڕیارە جگە لە جەسووری و چاو قایمی، سەر کێشییەکی شۆڕشگێرانەیە، کۆمەڵە داویەتی[١].

دوای ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ناوەوەی وڵات و سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوە وڵات، ڕێککەوتن لەسەر هەناردەکردنی هێزی چەکدار بۆ ناوچە شاخاوییەکان و دێهاتەکان. سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ هێزێکی چەکداری خۆی لە ناوچە سنوورییەکانی سوریاوە بۆ بادینان ڕەوانە دەکاتەوە[٢]. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا بڕیار وا دەبێت کۆمەڵە هەمان ڕۆژ هێزە چەکدارەکان ڕەوانەی دەرەوە بکات، بەڵام لەبەر هاتنە پێشەوەی هەندێك بارودۆخ بابەتەکە دوا دەکەوێت[٣]. تا ئەوەی بە بڕیاری سەرکردایەتیی کۆمەڵە هێزێك لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٦دا، بە بەشداری: مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە (عەلی کەشکۆڵ)،

---

(١) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد ئاڵای شۆڕش و حیکایەتەکانی زیندان، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی سێهەم، (بێ شوێنی چاپ و چاپخانە، ٢٠١١)، ل ٦٩.

(٢) دوای هاتنەوەیان بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان ئەندامانی ئەو هێزە دابەشبوون بە سەر چوار دەستە بە فەرماندەی: ئیبراهیم عەزۆ (کە بەر لە چوونی بۆ سوریا ئەندامی کۆمەڵە بوو)، عەزەت ئیسماعیل شەنگاری، عومەر ئیبراهیم ڕەشید و جەبار مەلا غەنی سەندی. بەمەش ئەرکەکانیان دابەشکرد بەسەر ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی و دهۆك، کە هەریەکەیان لە لایەکەوە کەوتنە چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی، لەو هەنگاوەشدا تا ڕادەیەك توانییان سەرکەوتن بە دەست بێنن، بەڵام دواجار لە لایەن هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان–سەرکردایەتی کاتی دەگیرێن و دەکوژرێن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کوردستانی عیراق لە ماوەی دوو سال دا، مایسی ١٩٧٨، ل ل ٢٦– ٢٨؛ چاڤپێکەفتنا دگەل سامی عبدالرحمن، "هەکە لایەکێ دەست ب شۆڕشێ کر و جهێ پێ خۆ دیت بۆ یێ دی ب ساناهی د کەڤیت ئەوژی چەکی بهلگرن"، گۆڤاری "مەتین"، ژمارە (٤٠)، دهۆك، گوڵان ١٩٩٥، ل ١٦–١٨.

(٣) قادر خەبات لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ١٤ی نیسانی ١٩٧٦ چووتە دەرەوە و بەم هۆیەشەوە بارەگای لە کوێستانی مێرگانە لە بناری چیای قەندیل دامەزراندووە. ئیدی بە زانیارییەکانی ناوبراو بێت، ئەو دەستە لە پێش هەموو دەستەی پێشمەرگەکانی دیکە ڕوویان کردۆتەوە شاخ. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئارام قادر خەبات، شێرە کوڕانی قەندیل یەکەمین مەفرەزەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوون، چاپی دووەم، (سلێمانی، ٢٠٠٥)، ل ل ١٥– ٢١.

عەلی شیعە، شەوكەتی حاجی موشیر، حامید حاجی غالی، محەمەدی حاجی مەحموود، تۆفیق ڕەحیم، حەمە سەعید محەمەد ئەمین، بەرەو شاخی سوورێن دەكەونە ڕێ[1]. هەروەها دوای ئەوانیش لە ١٩ی تەممووزی ١٩٧٦ سالار عەزیز، جەمالی عەلی باپیر، تاهیر شێخ سدیق و محەمەد غەریب ڕوو دەكەنە ناوچەی شارباژێڕ، بەمەش لە ٢١ تەمووز دەستەیەكی چەكدار بە فەرماندەی جەمال عەلی باپیر لە جافایەتی پێكدەهێنرێت و لە ٢٩ی هەمان مانگیش لە ژێر فەرماندەی مولازم جوامێر سیامیر دەستەیەكی چەكداریش بۆ شارباژێڕ دادەمەزرێت[2].

ناردنە دەرەوەی هێزەكان و بڕیاردان لە دەستپێكردنەوەی بە خەباتی چەكداری، كۆمەڵە و سەركردایەتییەكەی لە شار دانەبڕی، ئەگەر بزانین شاسوار جەلال (ئارام)، مەلا بەختیار و ئازاد هەورامی ماوەیەكیش دوای چوونە دەرەوەی هێزە سەرەتاییەكان، بۆ مەبەستی زیاتر پتەوكردنی ڕێكخستنەكان و بە یەكەوە گرێدانیان بە یەكتری و پەیوەندیكردن بەو كەسانەی ئامادەییان بۆ بەشداربوون لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەبوو، لە ناو شاردا مانەوە[3]. ئەو هەنگاوانەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، كۆمەڵە

---

(١) بەرنامەی ڕووداو مێژوو، ئامادەكردنی و پێشكەش كردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە (شێخ عەلی كەشكۆڵ)، ئەڵقەی یەكەم، (www.nrttv.com)؛ محمدی حاجی محمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك باسی ڕوداوەكانی (٢٠) ساڵی خەباتی شۆڕشی نوێ ی گەلەكەمان ١٩٧٦- ١٩٩٦، بەرگی یەكەم، چاپی یەكەم، (سلێمانی، چاپخانە و ئۆفسێتی بێسارانی، ١٩٩٩)، ل ل ٢٥- ٢٩.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢. برایم جەلال لە (چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە) لە لاپەڕە (١٠٥) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، پتر لە مانگێك بەر لەو ڕێكەوتە (مەبەستی ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦- توێژەر) لە ناوەڕاستی مایسی و سەرەتای حوزەیرانی ١٩٧٦ كۆمەڵە مەفرەزەی سەرەتای ناردۆتە دەرەوە بۆ ناوچە جیاجیاكان. بەڵام كەوتۆتە هەڵەوە ئەگەر بزانین لە لاپەڕە (١٨٦) هەر خۆی زانیارییەكانی سەرەوە پشت ڕاست دەكاتەوە.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠، مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد(حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢؛ نامەی كۆمیتەی هەرێمەكان بۆ برایم جەلال، ١٩٧٦/٧/١٣؛ نامەی برایم جەلال بۆ كۆمیتەی هەرێمەكان.

مەبەستی بوو لەو قۆناغەدا لە مەیدانی کاری سیاسی و چەکداری خەباتی شار و شاخ بە یەکەوە ببەستێتەوە[1].

لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی ڕەوتی ڕووداوەکان، شاسوار جەلال(ئارام) وەك سەرپەرشتیاری کۆمەڵە دوای دڵنیابوون لە گرتنەوەی شیرازەی ڕێکخستنەکان لە ناو شارەکان و سپاردنیان بە کۆمیتەی هەڵمەت[2]، لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦ دەچێتە شاخ و بەشداری لە خەباتی چەکداری دەکات[3]. لێرەشدا دوای ئەوەی دەست دەکات بە بەسەرکردنەوەی هێزە سەرەتاییەکان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە ڕەوشی گوزەرانیان ئاگادار بێت. هەر لەو ماوەیەدا لە ١٨ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵدا لە گوندی زەروون

---

(١) هەر چەندە کۆمەڵە لە خەباتی چەکداری ناو شار لە دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان ڕۆڵی کاریگەری بینیوە، بەڵام لەم چوارچێوەیشدا بەشێکی زۆری لە ڕێکخستنەکانی لە ناو شارەکاندا گیراون و تووشی زیندانی کردن هاتوون، وەك: ساڵی ١٩٧٦ ڕێکخراویی سلێمانی دوانزە کەسیان گیران و لە سێدارە دران. ساڵی ١٩٧٧ عەبدوڵڵا حەسەن وەك ئەندامی لێژنەی پێشمەرگەی ناو شاری سلێمانی گیرا و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لە دەستدا. هەروەها هەر ساڵی ١٩٧٧ لە هەولێر ڕێکخراوێکی پێشمەرگەی ناوشار گیران و چەند کەسێکیان لە سێدارە دران. لە هەمووشیان کاریگەرتر ئاشکرابوونی کۆمیتەی (هەلۆی سوور) بوو لە ئابی ١٩٧٧، کە دواتر بەشێکی زۆریان کوژران و لە سێدارە دران. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، "لە تەجروبەکانی خۆمان: دەسوەشاندنی ناو شار یان جەنگی نهێنی"، ژیانی ریکخراوەیی مان، ژمارە (٦)، ١/١٢/ ١٩٨٢، ل ١؛ ماهی، "لە تاکتیکەکانی بەعس بۆ بەگژا چونی شۆڕشی کوردستان (مەفارز خاصە)"، گۆڤاری"کۆمەڵە"، ژمارە (٤) خوولی سێیەم، بێ شوێنی چاپ، نیسانی ١٩٨٥، ل ٢٤؛ صلاح الخرسان ، التيارات السياسية...، ص ص ٣٥٠–٣٥٢.

(٢) کۆمیتەی هەڵمەت، دوای چوونە دەرەوەی شاسوار جەلال(ئارام) ئەرکی سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ناو شارەکان لە ئەستۆدا بوو. لەم ماوەیەشدا تا دامەزراندنی سەرکردایەتی ناوخۆی شارەکانی ساڵی ١٩٧٩ ڕۆڵی کاریگەری بینی هەم لە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکان، هەمیش لە چالاکییەکانی ناوشاردا. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەکشێنن دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩– ١٩٨٣، چاپی سێیەم، (سلێمانی، ١٩٩٨)، ل ١٣؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢.

(٣) محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی، ئارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، بەرگی یەکەم، ل ٢٣؛ غفور صالح عبدالله، ارام النجم الساطع، جريدة"الاتحاد"، العدد(٥١١)، ٢٠٠٣/١/٣٠.

خولێك بۆ كادیرانی كۆمەڵـە دەكاتـەوە[١]، بـەڵام ئـەوەی جێگـەی هەڵوەسـتە كردنـە لـە دەمی دوای تەواوبوونی خولەكە جارێكی دیكە ناكۆكییە فكرییەكان لە نێوان هەنـدێك لـە كادیرەكان سەرهەڵدەداتەوە و بۆچوونە جیاوازەكان دابەش دەبنەوە بەسەر ئەوەی، كە هەنـدێك وای بـەباش دەزانـن كۆمەڵـە بـە ئاراسـتەی ڕێكخراوێكـی ماركسـیی– لینینیـی سەرتاسـەری عێراقـی كـار بكـات. بـە پاسـاوی ئـەوەی ڕێكخـراوی ماركسـیی– لینینیـی ڕاستەقینە وابەستەی مەسەلە نەتەوەییەكان نییە، بـەڵكو بـۆ بەرژەوەنـدیی كرێكـاران و زەحمەتكێشان كار دەكات، ئیـدی لـە چوارچـێوەی هـەر دەوڵـەت و نەتەوەیەكـدا بێـت. كەچی لە بەرانبەر ئەوەدا گروپێكی دیكە وا بە بـاش دەزانـن، كۆمەڵـە وەك ڕێكخراوێكـی سەرتاسـەری لـە كوردسـتانی گـەورەدا، كارەكـانی بـەڕێوە ببـات و خـەبات لـە پێنـاوی ڕزگاركردنی هەر چوار پارچەی كوردسـتاندا بكـات. لێرەشـدا دەتوانرێـت بووترێـت، لـەو هەلومەرجەدا سەرهەڵدانی ئەو بابەتە كاریگـەری هـەبووە لەسـەر ڕەوتـی ڕووداوەكـان و جۆری پەیوەندییەكان، ئەگەر بزانین دواجار هەندێك لە هەڵگرانی ئـەو بیروبۆچـوونە، كـە لەگـەڵ دامەزرانـدنی ڕێكخراوێكـی سەرتاسـەری عێراقـی بووینـە، سـەنگەری خـەباتی چەكدارییان بەجێ هێشتووە، ئیدی چ بە تەسلیم بوونەوە بێت بە دەزگاكانی حكومـەتی عێراق، یان بە چوونە دەرەوەیان بێت بۆ هەنـدەران[٢]. بـەڵام ئـەوەی جێگـای سـەرنجە سەركردایەتیی كۆمەڵە زانستیانە و دووربینانە و ڕاشكاوانە هـەنگاوی نـاوە، بـۆ ئـەوەی هەنگاوەكانی لەگەڵ مەسەلەی كوردایەتی یەك بكەوێتەوە، بەمەش خەباتی نیشـتمانی و

---

(١) كادیرە بەشداربووەكانی ئەو خولە بریتی بوون لە: غەریب عەبدوڵڵا هەڵـەدنی، عـەلی عەبـدوڵڵا سـەعید (ئومێد)، نەجم عەبدولڕەحمان (كەریم)، خالید محەمەد (هیوا)، خالید برایم (فارس)، حەبیب زەنگەنە و ڕەسووڵ محەمـەد. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە: مـەلا بـەختیار، یـاخی بـوون لـە مێژوو"لێكدانـەوەی ئاوەژوو نەركردنی ڕاستیەكان"، چاپی دووەم، (سلێمانی، چاپخانەی داناز، ١٩٩٨)، ل٢٧٢.

(٢) وەهاب شێخ ئەحمەد ناسراو بە (وەهـابی سـەرتیپ) و حوسـێن شـێخ كـەریم قـادر ناسـراو (حەمـە سەعید قەڵەو)، وەك دوو كادیر و پێشـمەرگەی كۆمەڵـە بەشـداریان لـە ڕووداوەكانـدا هـەبووە، لـە گێڕانەوەی یادەوەرییەكانیدا لەگەڵ شاسوار جەلال(ئارام) بە وردی باسی ئـەو بابەتـە دەكـەن. بـۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محەمەد شێخ عەبدولكەریم سۆڵەیی، ئارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی كورد، بەرگی یەكەم، ل ل ٣٣٧– ٣٣٨ و ٣٨٦.

چینایەتی بەیەکەوە گرێداوە، چونکە پێی وابووە بە هاوشانی و هاوتەریببوونی هەردوو ڕێبازەکە، دەتوانرێت خزمەت بە دۆزی کورد بکرێت[1].

شایەنی باسە، بڕیاردان لە خەباتی چەکداری لە لایەن کۆمەڵەوە، هاوکات بوو لەگەڵ دادگاییکردنی شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی، لێرەشدا هەر چەندە هەوڵ و کۆششێکی زۆردرا بۆ سووککردنی سزاکەیان[2]، بەڵام دواجار دادگای شۆڕش (محكمة الثورة) بڕیاری لە سێدارەدانی هەر یەك لە شەهاب شێخ نووری ، جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆرابی دا[3]. ئەگەرچی دەرکردنی ئەو بڕیارە و دواجار جێبەجێکردنی لە ٢١ی

---

(١) کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستانی عیراق (کۆمیتەی هەریمەکان)، ئەرکەکانمان لەم پلەی خەباتماندا، ١٩٧٦/٩/٢٥؛ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کۆمیتەی سەرکردایەتی وڵات، شۆڕشی کوردستان سەرکەوتوانە ساڵێك لە تەمەنی تەواو ئەکات، ئابی ١٩٧٧؛ ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، "بیرەوەری "١" ی ئایار و شۆڕشی رزگاری نیشتمانی کوردستان"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە(٤)، خوولی دووەم، بێ شوێنی چاپ، نیسانی ١٩٨٢، ل ٤.

(٢) نامەی مام جەلال بۆ وریا ڕەواندزی، ٢٠/ ١٩٧٦/٧؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢؛

Diep geschokt geven wij kennis van het over, Lijden to Bagdad (Irak) 24 november 1976, Devolkekrant Vanzaterdag 18 December1976.

شایەنی باسە، لە بارەی چۆنییەتی هەوڵدان بۆ سووککردنی سزای سەر شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی لە سەرچاوەکاندا زانیارییەکان جیاوازن. بە تایبەت دەربارەی هەوڵەکانی جۆرج حەبەش (١٩٣٦– ٢٠٠٨) ڕابەری بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەڵەستین (الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين)، بەوەی لە سەرچاوەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، ناوبراو لەسەر ڕاسپاردەی جەلال تاڵەبانی کەوتۆتە پەیوەندیکردن بە سەدام حوسێنەوە، کەچی زێبا عەبدولواحید ئەحمەد، خوشکی جەعفەر عەبدولواحید، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوکات ناوبراو لە بەغدا مامۆستا بووە، لەگەڵ یەکێك لە ئامۆزاکانی ئەحمەد حەسەن بەکر، براژنەکەی بە ڕەچەڵەك فەڵەستینی بووە و پیاوەکەشی هەواداری (بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەڵەستین)، ئیتر لە ڕێگا ئەو ژنەوە پەیوەندیان کردووە بە جۆرج حەبەشەوە، جۆرج حەبەشیش پەیوەندی بە سەدام حوسێن کردووە و لەم بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵدا کردووە، ئەنجام سەدام ڕازی بووە جۆرج حەبەش سەردانی بکات، بەڵام بە دوو ڕۆژ بەر لە وادەی هاتنی جۆرج حەبەش حکومەتی عێراق سێ سەرکردەکەی کۆمەڵەی لە سێدارە داوە. کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، ل ل ٤٠٦–٤٠٧.

(٣) رئاسة محكمة الثورة (بغداد)، الدعوى المرقمة ٣٧٤/ج/١٩٧٦، التاريخ: ١٩٧٦/٧/١١. جگە لە سێدارەدانی ئەم سێ سەرکردەیە، ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرانی کۆمەڵە بە تۆمەتی خوێندنەوە و خۆسازدان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و کارکردن بۆ خۆ ڕێکخستن، بڕیاری شەش ساڵ زیندانی

**تشرینی دووەمی ١٩٧٦، کاریگەری زۆری بەسەر باری باشووری کوردستان بە گشتی[(١)] و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بە تایبەتی هەبوو، بەڵام لەسەر ئاستی خەباتی چەکداری زیاتر دەستکراوەتری کردن، ئەگەر بزانین لە دوای مانگێك لە جێبەجێکردنی بڕیاری لە**

---

کردنییان بەسەردا درا، کە پێکهاتبوون لە: (فەرەیدوون عەبدولقادر، عومەری سەید عەلی، دارا شێخ نووری، ئەرسەلان بایز، عەلی بچکۆڵ، ئاسۆ شێخ نووری، عوسمان ئەحمەد نەسروڵڵا(عوسمانی نانەوا)، ئاوات عەبدولغەفور، عەلی حەمە موراد (وەستا عەلی)، جەبار فەرمان، حەمەی میرزا سەعید، سەعدون یەدوڵڵا شەفی (سەعدون فەیلی)، سەلام محەمەد برزۆ، ئەنوەر حەسەن، عەبدوڵڵا ڕەشید، حوسێن ڕەزا، فاروق ئەحمەد، ئیبراهیم حەسەن (حاکم ئیبراهیم)، خدر عەبدولڕەحمان سەوزە، کەمال عەلی. موراد فەیلی، نورەدین فەتاح). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەلی بچکۆڵ، کوانوی بەرگری...، ل ل ٨٩–٩٠؛ تێکۆشەرە دلێرەکان فاشیزم ڕیسوادەکەن، ڕێبازی نوێ، ژمارە (٢)، خوولی یەکەم، تشرینی دوومی ١٩٧٦، ل ١و٨؛ الاتحاد الوطني الكردستاني، العصابة الحاكمة في بغداد تنفذ احكام الاعدام بحق المناضلين شهاب شيخ نوری، جعفر عبدالواحد، و انور زوراب، لجنة اوروبا، ١٢/٦/ ١٩٧٦؛ عصبة شغيلة كوردستان"منظمة اوروبا"، ذكرى استشهاد الرفاق (شيهاب وجعفر وانور)، ١٩٨١/١١/٢١؛ مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی، سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ڕووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ك)، (سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٨)، ل٣٥.

(١) لەم بارەیەوە لە تیلگرامێکی بەشی بەرژەوەندی ئەمەریکی لە بەغدا، کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناردوویەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، بە گوێرەی سەرچاوەیەکی تایبەت بە دەزگای هەواڵگری ئەمریکی بارودۆخ لە باکووری عێراق بەردەوام لە نا ئارامیدایە، بەر لە دوو هەفتە دادگا فەرمانی لە سێدارەدانی بە سەر شەش لە کوردەکان داوە، کە لە نێویاندا مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی تێدا بووە، لەبەر ئەوەی تۆمەتبار بوون بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نهێنی سیاسی، دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی ئاگاداری بنەماڵەکانیان کردوونەتەوە بۆ ئەوەی تەرمەکانیان ببەنەوە، بنەماڵەکانیان هاتوون بە کاروانێکی ٢٠٠ ئۆتۆمۆبێلی، بەمەش جۆرێك لە گرژی لێکەوتۆتەوە و پیاوانی ئەمن هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیان داوە، بەڵام وەك کاردانەوەیەك لە ڕۆژی دواتردا خوێندکارانی خوێندنگاکان بەرگی ڕەشیان پۆشیوە، حکومەتیش دەرگای خوێندنگاکانی داخستن و هەڕەشەی ئەوەی لێکردوون ڕەوانەی ناوچەکانی باشووریان دەکات، بەڵام خۆپێشاندانەکە بەردەوام بوو، بۆیە بارودۆخەکە بەو نا ئارامییە ماوەتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

U.S Department of State: Foreign Relation of the United States 1969-1976, Vol. XXVII, Iran, Iraq; 1973-1976 (Washington D.C- 2012). Document No322 Telegram from Interest Section in Baghdad to the Department of state, 11.12.1976.

سێدارەدانیان، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ لە ناو شاری سلێمانی بە هاوکاری هێزێکی چەکداری گەڕاوە لە شاخ پارێزگاری سلێمانییان دایە بەر دەستڕێژی گوولە و بە سەختی بریندارییان کرد[١].

لەگەڵ هاتنی ساڵی ١٩٧٧ ڕووداوەکان لە باشووری کوردستان پەرەسەندنی زیاتری بە خۆیەوە بینی، بەتایبەت دوای ئەوەی هێزە چەکدارەکان زیاتر گەشەیان سەند؛ لەو سەروبەندەشدا سەرکردایەتی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە قۆناغی جیاواز گەڕانەوە وڵات[٢]. ئیتر بە مەبەستی زیاتر ڕێکخستنی کاروبارەکان و ئۆرگانەکانی

---

(١) مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ل ل ٢٤٦–٢٤٩؛ ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان...، ل ل ٤٦–٤٨. سەبارەت بە لێدانی پارێزگاری سلێمانی لە تیلگرامێکی بەشی بەرژەوەندی ئەمەریکی لە بەغدا، کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناردوویەتی لە ژێر ناونیشانی (ئیرهاب لە باکووری عێراق) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، سەرچاوەیەك لە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکی جەختی لەسەر ئەو ڕووداوە کردۆتەوە، کە لە ناو بازنەی دبلۆماسی لە بەغدا بڵاوبۆتەوە، پارێزگاری سلێمانی لە لایەن پیاوێکی چەکدار و سوار ماتۆڕێك کوژراوە. هەروەها لە تیلگرامەکەدا هاتووە حکومەتی عێراقی بڕوای وایە، ئەو کوشتنە لە تۆڵەی لە سێدارەدانی ژمارەیەك ڕۆشنبیری کوردە، چونکە پارێزگار حاکمی ناوچەکەیە و بەر پرسیاری فەرمییە لە دەرکردنی فەرمانی لە سێدارەدانیان. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هەر لەم تیلگرامەدا هاتووە سەرچاوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەو کۆمەڵە کوردە پەیوەندییان بە تاڵەبانی نییە و یارمەتی لە سوریا وەرناگرن، بەڵکو ئەوانە کۆمەڵە کەسێکی خوێندەوارن، هەست بە زوڵم و ستەمی دەزگاکانی سەر بە حکومەتی عێراقی دەکەن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:
U.S Department of State: Foreign Relation of the United States 1969-1976, Vol. XXVII, Iran, Iraq; 1973-1976 (Washington D.C- 2012). Document No325 Telegram from Interest Section in Baghdad to the Department of state, 4.11.1977.

(٢) دامودەزگاکانی سەر بە حکومەت لەو سەروبەندەدا بە توندی کەوتوونەتە کۆکردنەوەی هەواڵ لە بارەی سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەواڵی گەڕانەوەیان بۆ ناوەوەی وڵات، بە بەڵگەی ئەوەی لە بەشێك لە نووسراوەکانی ئەو سەردەمەدا، ئاماژە بۆ هەنگاو بە هەنگاوی هاتنەوەیان و چالاکییەکانیان کراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کتاب مديرية امن العامة، العدد ٤٠١٥ في ١٩٧٦/٦/١٩، الى مديرية أمن السليمانية؛ كتاب منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، العدد ش٢/ق٨٩/٤ في ١٩٧٧/١/١٠، الى مركز استخبارات زاخۆ، دهۆك، الموصل، السليمانية؛ كتاب مركز استخبارات الموصل، العدد، أس/٢/٧٠ في ١٩٧٧/١/٢٧، الى منظومة استخبارات المنطقة الشمالية؛ كتاب مديرية أمن السليمانية، العدد ٥٧٠ في ١٩٧٧/١/٢٢، الى كافة المعاونيات؛ كتاب مديرية أمن

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، زەمینەسازی بۆ یەكەمین كۆبوونەوەی كۆمیتەی سەركردایەتی دەكرێت. لێرەشدا بەر لەوەی كۆبوونەوەكان ببەسترێن، ئەندامانی كۆمەڵە بە بەشداری سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، عومەر عەبدوڵڵا (مولازم عومەر) و نەوشیروان مستەفا كۆبوونەوەیەك دەكەن، لەو كۆبوونەوەیەدا لەسەر داواكاری ئەندامانی كۆمەڵە و دواتریش جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا تێكەڵاوی ناو كارەكانی كۆمەڵە دەبێتەوە[1].

كۆبوونەوەی كۆمیتەی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە ٣١ی ئابی ١٩٧٧ دەستی بە كارەكانی كرد و تا ١٢ی ئەیلوولی هەمان ساڵ بەردەوام بوو[2]، كە تێدا شاسوار جەلال(ئارام)، سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی ، ملازم عومەر و نەوشیروان مستەفا وەك نوێنەرانی كۆمەڵە لە سەركردایەتیی یەكێتیی دیاریكران. جگە لەوەش شاسوار جەلال(ئارام) و سالار عەزیز بوون بە ئەندامی مەكتەبی سیاسی، هەروەها لە بواری ڕێكخستنی هێزەكانی پێشمەرگەشدا هەر یەك لە فەرماندەی هەرێمی دەشتی كەركووك، فەرماندەی هەرێمی قەرەداغ و فەرماندەی هەرێمی پشدەر بەر

---

السليمانية، العدد ٩٩٠ في ١٩٧٧/٢/٥، الى المعاونيات الحدودية؛ كتاب أمن محافظ السليمانية، العدد– في ١٩٧٧/٧، الى مديرية أمن محافظة الانبار؛ كتاب مديرية الأمن العامة، العدد ٨١٠٧ في ١٩٧٧/٧/١٢ الى مديرية أمن محافظة السليمانية؛ كتاب أمن السليمانية، العدد ٦٥٢١ في ١٩٧٧/٨/٢١، الى أمن الحكم الذاتي.

(١) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ كەمال فوئاد، ١٩٧٧/٩/٣. جێگای ئاماژە بۆ كردنە، نەوشیروان مستەفا لە یاداشتەكانیدا باس لەوە دەكات، لە سەرەتادا ڕەزامەندی نەداوە لە سەر داواكارییەكەیان، چونكە لێیانەوە تووشی جۆرێك لە بێ ئومێدی بووە، ئەمەش وادیارە لە وەوە سەرچاوەی گرتووە، كە هەر لە سەرەتای یەكتر بینینەوە لەگەڵ هەندێك لە سەركردەكانی كۆمەڵە جۆرێك لە توندی لە نێوانیان ڕوویداوە، بۆیە ئەو نائومێدییەشی لە كاتی یەكەم دیمانەیدا لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لەسەر خاكی كوردستان نەشاردۆتەوە كاتێك وتوویەتی **"ئێمە و ئەوانەی دەرەوە، لەگەڵ ئەم برادەرانەی ئێرە، هەر ناوەكەمان یەكە، ئەگینا لە هەموو شتێك دا جیاوازین..."**، جگە لەوەش ناوبراو باس لەوەش دەكات، ئەوان وەكو خالید سەعید و عەلی عەسكەری بیریان لەوە كردۆتەوە ڕێكخستنێكی تازە دروست بكەن، جێگای كۆمەڵە، بزووتنەوە و خەتی گشتی بگرێتەوە. نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە كەناری دانووبەوە...، ل ل١٦٧ و ١٧٢ .

(٢) البلاغ الختامي لاجتماعات اللجنة القيادية للاتحاد الوطني الكردستاني في دورتها الاولى، ١٩٧٧/٩/١٢.

کۆمەڵە کەوت، کە بۆ یەکەمیان ئەنوەری مەجید سوڵتان، بۆ دووەمیان مولازم عومەر و، بۆ سێیەمیشیان تالیب ڕۆستەم دەستنیشان کران[1].

کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەشداربوونی شاسوار جەلال (ئارام) سەرپەرشتیاری کۆمەڵە بەڕێوەچوو، هۆکاری بەشدارنەبوونی ناوبراو و دواتریش نەچوونی بۆ دیداری سەرکردایەتیی یەکێتی تا کوژرانی لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨، لە نێو سەرچاوەکاندا بە جیاوازییەکی زۆر باسی لێوەدەکرێت. لێرەشدا نەوشیروان مستەفا لە یاداشتەکانیدا بەم شێوەیە باسی بابەتەکە دەکات و دەڵێت: **"کاك ئارام نەهات بو برادوست و بەشداری کوبونەوەکانیش نەبو،...، یەکی لە وانە کادریکی کومەلە دوایی دەرکەوت سەر بە رژیم بو، بە نامە و بە قسە لە کاك ئارامیان گەیاند بو، کەوا مام جەلال ریزی ئەندامەکانی کومەلە ناگری و، ئەگەر ئەویش بچی ریزی ئەویش ناگری"**[2]. هەروەها مەلا بەختیاریش دەڵێت: **" ماوەکە زۆر کورت بوو، واتە لە نێوان کۆبونەوەکانی سەرکردایەتیی یەکێتی بۆ کاتی شەهید بوونی کاك ئارام چەند مانگێك بوو... هەروەها شاسوار جەلال (ئارام) نەوشیروان مستەفای وەك سکرتێری کۆمەڵە قبوڵ نەبوو... جگە لەوەش سەربەخۆی کۆمەڵەشی لا**

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە...، ل ١٧٢– ١٧٣. یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەو پێشمەرگەیەی نەوشیروان مستەفا باسی دەکات ناوی نەریمان بووە دواتریش بە تۆمەتی سیخوری بۆ حکومەت بڕیاری کوشتنی دراوە، هەروەها هەر لەم سەرچاوەیەدا هاتووە ژمارەیەك سەرچاوەی ئاگاداری ناو کۆمەڵە ( بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەکان ببات– توێژەر) جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو پێشمەرگەیە هیچ پەیوەندییەکی بە بەعسەوە نەبووە، چونکە ئەگەر بەعسی بوایە دەیتوانی ناوی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شار بدات و تەسلیم بە حکومەتیان بکات، بۆیە بە بڕوای ئەو سەرچاوەیە ئەوە تەنیا تۆمەتێك بووە خراوەتە پاڵ ئەو پێشمەرگەیەو وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە بڕی ئەو نامانەی بۆ شاسوار جەلال (ئارام) نووسوویەتی، بۆی هەڵبەستراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هێمن باقر و هیمداد حمید، (ئارام سەرکردە تەنیاکەی کۆمەڵە). لە (ژیان و نهێنییەکانی نەوشیروان مستەفا، ئامادەکردنی لێژنەیەك لە ڕۆژنامەنوسان، چاپی یەکەم، (سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠٠٩)، ل ٤٠٧)، وەرگیراوە.

**گرنگ بوو... بەڵام کێشەی لەگەڵ تاڵەبانی نەبوو"**[1]. لە بەرانبەردا سەرچاوەی دیکە هەن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن شاسوار جەلال(ئارام) ناکۆکی لەگەڵ هەر یەك لە جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفادا هەبووە و بەر لە گەڕانەوەیان و دوای گەڕانەوەشیان گلەی و گازاندەی لێیان هەبووە[2]. بەمەش یەکێك لە سەرچاوەکان پرسیار دەکات ئەگەر ناکۆکی و ناتەبای و نەگونجان لە نێوان شاسوار جەلال (ئارام) و جەلال تاڵەبانیدا نەبووە، بۆ (ئارام) لە ناوچەیەکی نزیك لە دەسەڵاتی حکومەت ماوەتەوە و نەچووە بۆ سەرکردایەتی کە شوێنێکی پارێزراوتر و دوورە دەستتر بووە لە دەسەڵاتدارانی حکومەت[3]؟. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت ڕەنگە ناکۆکی و ناڕەزایش هەبوو بێت، بەڵام ئەوە هۆکاری سەرەکی نەچوونی شاسوار جەلال(ئارام) نەبووە بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی، بەڵکو زیاتر هۆکاری خەریك بوون بە کاروبارەکان و کەمی کاتەکەوە بووە، بە بەڵگەی ئەوەی ناوبراو کەسایەتییەکی وانەبووە تا نەتوانێت ناڕەزاییەکانی نەڵێت و ڕووبەڕووی سەرکردایەتیی یەکێتی نەبێتەوە[4]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، شاسوار جەلال (ئارام) دوای کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ سەرکردایەتیی یەکێتیی

(١) بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: ڕێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەکە لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی یەکەم، ( **www.nrttv.com**).

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ بیرەوەری حەوت ساڵەی شەهید ئارام، ل ٨؛ عصبة شغیلة کردستان (کومەلە)، لم یعد الصمت ممکنا، (دون مکان طبع، ١٩٨٥)، ل ٨؛ برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل١٨٣؛ تالیب مۆریاسی، گەڕان بە دوای ڕاستیدا، ل ١٣٦.

(٣) عەتا قەرەداغی، (ململانێی ناوخۆی یەکێتی لەسەرەتای دروست بونییەوە تا ئێستا). لە (ژیان و نهێنییەکانی نەوشیروان مستەفا، ئامادەکردنی لیژنەیەك لە ڕۆژنامەنوسان، ل ١٣٧)، وەرگیراوە.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ خەبات کریم مارف ناسراو بە (رئیس عەبدوڵڵا)، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢. ( خەبات کریم مارف، ساڵی ١٩٥٥ لە سلێمانی لە دایك بووە، بە هۆی تێکەڵاوبوونی باوکی بە کاری سیاسی و جیابوونەوە لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی لە بەغدا ژیاوە، بەمەش لە قۆناغەکانی خوێندنەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کردووە. خەبات لە کاری ڕێکخستن لە بەغدا بەردەوام بووە تا ئەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ساڵی ١٩٧٥ ئاشکرا دەبێت، بەمەش بە ناچاری ڕوو دەکاتە سلێمانی و ماوەیەك لە ماڵەکاندا بە نهێنی دەمێنێتەوە تا ڕەوانە شاخ دەکرێت، ئیدی تا کۆتایی ١٩٧٨ لە شاخدا دەمێنێتەوە، دواتریش دەچێتە دەرەوە وڵات. ناوبراو ئێستاکە لە ژیاندا ماوە و لە وڵاتی نەمسا نیشتەجێیە).

نیشتمانیی کوردستان بە گشتی و نەوشیروان مستەفا بە تایبەتی پەیوەندی بەردەوامی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی چەند نامەیەکیان لەم ماوەیەدا گۆڕیوەتەوە و بەڵێنی یەکتربینینیان بە یەکترداوە[١]، جگە لەوەش شاسوار جەلال(ئارام) بە ئاوات قارەمانی هاوڕێی وتووە دوای ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی ناوچەی قەرەداغ و دەورو تەسلیم لەگەڵ مولازم عومەر وەك فەرماندەی هەرێمی ناوچەکە بە یەکەوە سەردانی سەرکردایەتیی یەکێتی دەکەن[٢]. سەرباری ئەوانەش بە تێڕوانینی ناوەرۆکی نێو سەرچاوەکان و مێژووی نووسینیان هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ دوای کوژرانی شاسوار جەلال(ئارام) و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵە و دواتریش یەکێتی، کەواتە ئەوەی نووسراوە بۆچوونە، بۆیە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵە لە قۆناغی خەباتی چەکداردا بووە، بەڵام لایەنە تیۆرییەکەی فەرامۆش نەکردووە، چونکە وەکو ڕێکخراوێکی مارکسی وایان لێکداوەتەوە بۆ ئەوەی لە شۆڕشدا پێشڕەوایەتی بکەن، ئەوە پێویست بەوە دەکات خاوەن تیۆرێکی شۆڕشگێڕانە بن. جا بۆ ئەوەی کۆمەڵەش پێشڕەوایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد بکات، دەبوو لە سەرەتا یەکێتی بیروباوەڕ لە نێو ئەندامەکانیدا دروست بکات، لەم بارەشەوە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك، یان گۆڤارێکی ناوخۆی بە گرنگ زانراوە، بۆ ئەوەی ببێتە بەردی بناغەی یەکێتییەکی برایانە لە نێو ئەنداماندا، هەروەها ببێتە زەمینەسازی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تیۆری هاوڕێیان و ئەندامان[٣]. ئیتر هەموو ئەو بە گرنگ زانینە بۆتە هۆکاری ئەوەی شاسوار جەلال (ئارام) بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (ئاڵای شۆڕش) دەربکات و یەکەم ژمارەی لە ئەیلوولی ١٩٧٧ دەربچوێنێت.

بەردەوامی خەبات و تێکۆشان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەرکی سەرشانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و ڕێکخستن و ئەندامەکانی قورستر دەکرد، لەگەڵ ئەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەوادار و لایەنگیر و ئەندام لە ڕیزەکانی زیاتر دەبوون، ئیدی چ بە بەشداربوون لە

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە...، ل ٢٢٩؛ بەرنامەی ڕوداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ وەهاب شێخ محەمەد ناسراو بە (وەهابی سەرتیپ)، ئەلقەی یەکەم، (www.nrttv.com).

(٢) ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان...، ل ١٠٦.

(٣) نامەی شوان شامل بۆ شاسوار جەلال( ئارام)، ١٩٧٦/١٢/١١.

خەباتی شاخدا بوایایە، یا لە چوارچێوەی پەرەسەندنی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکاندا بوایە[1]. بەمەش ناسراوی کۆمەڵە و دەنگدانەوەی چووە قۆناغێکی دیکەوە. بەڵام کوژرانی شاسوار جەلال (ئارام) لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ کۆمەڵە و ئەندامەکانی ڕووبەڕووی کۆستێکی گەورە کردەوە[2]. چونکە بە کوژرانی شاسوار جەلال (ئارام)، کۆمەڵە لە سەرکردەیەکی دیکەی مەیدانی سیاسی و ڕێکخراوەیی بوو. لێرەشدا هەر چەندە ئەو ڕووداوە کاریگەر بوو، بەڵام نەبووە هۆکاری ئەوەی هەڤاڵەکانی لە تێکۆشان سارد ببنەوە. ئەنجام ژیانی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە پێی نایە قۆناغێکی دیکەی خەباتی سیاسی و چەکدارییەوە، کە لە تەوەری داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەممووزی ٢٠١٢؛ شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی بیرەوەرییەکانی شار و شاخ ١٩٧٤– ١٩٨٠، (بێ شوین چاپ، ٢٠٠٢)، ل ل ٥٧–٧١.

(٢) بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: ڕێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی یەکەم، (www.nrttv.com)؛ بەرنامەی ڕوداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ وەهاب شێخ محەمەد ناسراو بە (وەهابی سەرتیپ)، ئەلقەی یەکەم، (www.nrttv.com)؛ بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات قارەمانی، ئەلقەی یەکەم، (www.nrttv.com).

## تەوەری سێیەم: سەرکردایەتی نوێی کۆمەڵە و ململانێی نێو گروپەکان

کوژرانی شاسوار جەلال (ئارام)، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بە سەر ئەندامان و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە شار و شاخدا نەخشاند، بەو هۆیەشەوە جاریکی دیکە بۆشایی لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە دروستکردەوە، کە بە ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی هەرێمەکان، سالار عەزیز، مەلا بەختیار و ئازاد هەورامی پڕ نەدەکرایەوە، چونکە گەنجی تازە پێگەیشتوو بوون، خاوەن ئەزموونێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی وەها نەبوون و لە ناو خەڵکیشدا ئەوەندە ناسراو نەبوون[١]. بۆیە دەبوو ڕێکخستنەکان بیر لە جێگرەوەی دوای (ئارام) بکەنەوە.

نەوشیروان مستەفا، لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە دوای کوژرانی ئارام، کۆمیتەی (هەڵمەت) لە سلێمانی لە نامەیەکدا داوایان لە ناوبراو کردووە، تا سەرپەرشتی ئەرکی کۆمەڵە بگرێتە ئەستۆ و ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵدا بکرێت[٢]. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە مەلا بەختیار لە دیمانەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە دوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی کوژرانی (ئارام)، ناوبراو گەڕاوەتەوە سلێمانی بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ڕێکخستنەکانی شار بکات، بەمەش لە لایەن هەر یەك لە شازاد سائیب و جەمال تاهیر[٣] داوا لە ناوبراو کراوە ئەرکی سکرتێری کۆمەڵە بگرێتە

---

(١) مامۆستا جەعفەر، هەورێکی نەزۆك و مێژوویەکی ناکۆك، ل ٦٢؛ موحسین عەلی ئەکبەر، چەپکێکی ژاکاو لە مێژوویەکی هەڵبەستراو، ل ل ٧٤–٧٥. شایەنی باسە بە تێڕامان لە تەمەنی هەر یەك لە سالار عەزیز ، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، کە یەکەمیان تەمەنی ٢٩ ساڵ، دووەمیان تەمەنی ٢٤ ساڵ و سێیەمیشییان تەمەنی ٢٣ ساڵ بووە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ شاسوار جەلال (ئارام)دا نەبووە، کە تەمەنی ٣١ ساڵ بووە، بۆیە ڕەنگە جیاوازییەکەیان زیاتر لە ڕووی ئەزموونی سیاسی و ڕێکخراوەیی بوو بێت.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ، ل ٢٢٩.

(٣) جەمال تاهیر ناسراو بە مامۆستا (سەرکەوت)، ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی کانێسکان لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواتریش ئامادەیی مامۆستاییانی لە سلێمانی تەواوکردووە، ناوبراو ساڵی ١٩٦٠ تێکەڵاوی کاروباری سیاسی بووە و یەکێك بووە لە ئەندامانی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمەش بەردەوام بووە تا ساڵی ١٩٧٠، لەو ساڵەوە تێکەڵاوی ئەلقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵە بووە و لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، لە دوای دەستکردنەوەی بە خەباتی چەکداری،

ئەستۆ، بەڵام ناوبراو ڕەتی كردۆتەوە بە بیانوی ئەوەی نە تەمەنی خۆی و نە تەمەنی سیاسی، نە ئاستی تیۆری لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییەدا نین، بۆیە لە نامەیەكدا كە بۆ جەلال تاڵەبانی ناردووە پێشنیاری ئەوەی كردووە نەوشیروان مستەفا بكرێت بە سكرتێری كۆمەڵە[1]. هەروەها ئاوات قارەمانییش دەڵێت: **"... لە ناو شارەوە و هەم لە وانەی لە دەرەوە وا دانرابوو، كە تەنیا كاك نەوشیروان جێگای شەهید ئارام بگرێتەوە،...، ئیتر خۆشی بڕیاریدا بوو، وەك كۆمەڵە ئیش بكات..."**[2]. كەواتە دەتوانرێت بووترێت زۆربەی ئەندامانی كۆمەڵە لە شار و شاخ ڕەزامەندییان لەسەر ئەوە نیشانداوە، نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە بكات، تەنیا سالار عەزیز نەبێت كە لە بەرانبەر ئەو هەنگاوەدا ناڕەزایی دەربڕیوە[3].

دوای ئەوەی لە لایەن زۆربەی ئەندامان و ڕێكخستنەكانی كۆمەڵە، نەوشیروان مستەفا دەستنیشان دەكرێت بۆ ئەوەی سەرپەرشتی كاروبارەكانی كۆمەڵە بگرێتە ئەستۆ، ناوبراو بەستنی كۆبوونەوەیەكی بەرفراوان بە پێویست دەزانێت. ئەوەی یارمەتیدەریش دەبێت بۆ ئەم كۆبوونەوەیە و گردكردنەوەی كادیرەكان، بەستنی كۆبوونەوەی سەركردایەتیی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەبێت، كە بەو هۆیەوە

---

جەمال تاهیر یەكێك بووە لە ئەندامانی ڕێكخستنەكانی ناو شار، دواتریش لە كۆبوونەوەی فراوانی كادیرانی كۆمەڵە ساڵی ١٩٧٨ كراوە بە لێپرسراوی كۆمیتەی سەركردایەتیی ناوخۆ، ساڵی ١٩٧٩ دەگیرێت و دواتر ئازاد دەكرێت، بەڵام بەردەوامی لە كارەكانی و شك و گومانی دەزگاكانی حكومەت دەبێتە هۆكاری ئەوەی دووبارە زیندانی بكرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ شتێك نادركێنێت لەسەر ڕێكخستنەكان ساڵی ١٩٨٢ ئازاد دەكرێتەوە، بەمەش دیسانەوە بەردەوامی دەدات بە كار و چالاكییەكان لە ناو شاردا تا ئەوەی لە كۆنفرانسی دووەم دەنگی زۆری ئەندامان بە دەست دەهێنێت و خەباتی خۆی لە شارەوە دەگوازێتەوە بۆ شاخ. ناوبراو لە ١٤ی تەممووزی ١٩٨٣ بە ڕووداوی ئۆتۆمۆبێل گیان لە دەست دەدات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بەیاننامەی كۆمیتەی سەركردایەتی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بە بۆنەی شەهید بوونی هاوڕێی تێكۆشەر و هێژا مامۆستا جەمال تایەر، ١٩٨٣/٧/١٦.

(١) بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەكردن و پێشكەشكردنی: ڕێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەكە لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی یەكەم، (www.nrttv.vom).

(٢) ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریكەكان، ل ١٢٩.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەممووزی ٢٠١٢.

زۆربەی کادیرانی کۆمەڵە لە دەورووبەری سەرکردایەتیی یەکێتی، لە نۆکان[١] کۆببوونەوە[٢].

ئەنجام لەسەر پێشنیاری ناوبراو بەر لەوەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی دەستی بە کارەکانی بکات، کۆمەڵە بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە کادیرەکانی لە نۆکان لە مارتی ١٩٧٨، کۆبوونەوەی خۆی دەستپێدەکات، دواجاریش ئەو کۆبوونەوەیە لە مێژووی کۆمەڵەدا بە (کۆبوونەوەی کادیرانی کۆمەڵە) دەناسرێت[٣]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت کۆمەڵە بە هۆی ئەو هەلومەرجەی تێدا دامەزرابوو، لەگەڵ ئەو پێشهات و ڕووداوانەی ڕووبەڕووی ببوونەوە، نەیتوانی بوو لە تەمەنی ڕێکخراوەی خۆیدا کۆبوونەوەی لەم شێوەیە ببەستێت، بۆیە ئەم کۆبوونەوەیە بە یەکەمین کۆبوونەوەی بەرفراوانی کادیرانی کۆمەڵە دادەنرێت[٤].

کۆبوونەوەکان سەرەتا لەسەر شێوازی سمینار و بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی، لەگەڵ چۆنییەتی گەشەپێدانی سیاسیی،

---

(١) نۆکان دەکەوێتە نزیك سنووری عێراق — ئێران لە ناوچەی پشدەر.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

(٣) مەلا بەختیار، (مامۆستا عەزیز ژیانێکی پاك و شەهیدی دەستێکی ناپاك) لە: (محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی، مامۆستا عەزیز...، ل ٨٣)، وەرگیراوە. شاخەوان عەباس، لە یاداشتەکانیدا وەك کادرێکی بەشداربووی کۆبوونەوەکە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ژمارەی کادیرە بەشداربووەکان (٢٧–٣٠) کادیر دەبوون(تەنیا ناوی ٢٦یان دەبات) ئەوانیش بریتی بوون لە: نەوشیروان مستەفا، شێخ عەلی، دکتۆر ڕەزا، محەمەد حاجی سابیر، بەکری حاجی سەفەر، حامیدی حاجی غالی، حەمە سەعید قەڵەو، عەلی ساڵح، شاخەوان عەباس، ساجد کەرکووکی، دکتۆر ئاوارە کەرکووکی، ، مامۆستا عەزیز مەحمود، شەماڵ شێخ محەمەد، مەلا بەختیار، تاڵیب ڕۆستم، قادر خەبات، مولازم عومەر، پیرۆت نەبی، ئازاد هەورامی، دلێری سەید مەجید، عەلی ئامەخان، ئاوات قارەمانی، شۆڕش ئیسماعیل، وەهابی سەرتیپ، مامۆستا سەرکەوت و زیرۆ عەبدوڵڵا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی، ل١٦٩. بەڵام لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، لە کۆبوونەوەکەدا (٤٠) کادر بەشداربوون، بێ ئەوەی سەرچاوەکە ناوی بەشدابووەکان ببات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان، ل١٢٩.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ بەرنامەی رووداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ وەهاب شێخ محەمەد ناسراو بە (وەهابی سەرتیپ)، ئەلقەی یەکەم، (www.nrttv.com).

ڕێکخراوەیی، پێشمەرگایەتی کۆمەڵە و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ باڵەکانی دیکەی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی بەکارەکانی کردووە[1]. دواتریش لە کۆتایی کارەکانیدا ژمارەیەك بڕیاری ڕێکخراوەیی و سیاسی داوە، کە بریتین لە:

یەکەم: دامەزراندنی ناوەندێك بۆ کۆمەڵە، بۆ ئەوەی هەموو ڕێکخستنەکان و پێشمەرگەکانی فەرمان و ڕاسپاردەکان لەو ناوەندەوە وەربگرن، هەروەها کار بۆ دەرکردنی ئۆرگانێك یاخود بڵاوکراوەیەکی پێویست بکات[2].

دووەم: هەموو ئەو کەسانەی، کە پێشتر سەرکردایەتیی کۆمەڵە بوون و بە هۆی خەباتی سیاسییەوە زیندانی کرابوون لە هەمان پلەی پێشووی خۆیاندا بمێننەوە.

سێیەم: دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی تایبەت بۆ ڕێکخستنی شارەکان.

چوارەم: بەهێزکردنی یەکێتی و تەبایی لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان[3]، تا لەو ڕێگایەوە ڕیزەکانی یەکێتی بەهێزتر بن[4].

بە کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکان، کۆمیتەی هەرێمەکان هەڵوەشێنرایەوە و سەرکردایەتییەکی تازە بۆ کۆمەڵە دەستنیشانکرا، کە پێکهاتبوون لە: نەوشیروان مستەفا، سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، ئاوات قارەمانی، بەکری حاجی سەفەر، شێخ عەلی، مامۆستا جەعفەر و ئەحمەد کرێکار، کە تێدا هەر یەك لە نەوشیران مستەفا، ئازاد هەورامی و مامۆستا جەعفەر بوون بە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە و سالار عەزیز و ئازاد هەورامیش بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستنیشانکران[5]. بەمەش یەکێك لە کادیرەکان پێی

---

(١) شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی، ل١٦٩.

(٢) ناوەندی کۆمەڵە: وەك بەشێك لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی هەموو دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە نێوان ماوەی کۆبوونەوەکاندا هەبوو، هەروەها بەرپرسیار بوو لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی و ڕاپەراندنی هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵە و ڕابەرایەتی خەباتی کۆمەڵە بە گشتی. دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵە بڕوانە: بەشی چوارەم، تەوەری یەکەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕێ ناو زەنگ، ل ل ٢٥٣ و٢٦٤.

(٥) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمموزی ٢٠١٢.

وایە لێرەوە سەرەتای قۆناغێکی تازە دەستپێدەکات و بە وێستگەی سێیەمی سەرکردایەتی کۆمەڵە ناوی دەبات، کە بەو هۆیەوە دامودەزگایەکی نوێ بۆ ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵە و کاروبارەکانی دیکەی خەباتی چەکداری هاتۆتە ئاراوە[1].

یەکێك لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەی دووەمی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە مانگی نیسانی ١٩٧٨دا بەسترا، گواستنەوەی بارەگاکانی سەرکردایەتی بوو لە نۆکانەوە بۆ ناوچەی برادۆست، لەگەڵ هەناردەکردنی هێزێك بۆ هێنانی چەك و تەقەمەنی لە سوریا، کە دواجار ڕووداوی هەکاری لە حوزەیرانی ١٩٧٨ی بە دوای خۆیدا هێنا[2]. لێرەشدا هەر چەندە لەم ڕووداوەدا کۆمەڵە ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی وەك ئازاد هەورامی، مولازم عومەر، شێخ عەلی دەستگیرکران و بەشێك لە پێشمەرگەکانی کوژران، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ باڵی بزووتنەوە کەمتر زەرەرمەند بوو، ئەگەر بزانین دەرهاوێشتەکانی ئەو ڕووداوە دواتر ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ کۆمەڵە لە ناو یەکێتیدا باڵادەستی زۆرتر بێت و ڕێکخستنەکانی بەر فراوانتر بێت[3].

وەك ئاماژەی بۆ کرا، ئەگەرچی ڕووداوەکانی هەکاری ماوەیەك کاریگەری هەبوون بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا لە ناو هێز و باڵەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەڵام دیسانەوە بووە هۆکاری ئەوەی تەکانێك بە ڕێکخستنەکان بدرێت و ژمارەی پێشمەرگەکان زیاتر بکرێن. بەمەش کۆمەڵە هەم لە ڕووی ڕێکخستنەوە، هەمیش لە ڕووی ژمارەی پێشمەرگەوە ڕوو لە زیاد بوون و پەرەسەند دەکات. ئیتر هەر ئەوەش وای کرد کۆمەڵە پێویستی بە هەندێ گۆڕانکاری بنەڕەتی هەبێت لە ڕووی بیروباوەڕ، شێوەی کارکردن، ناوەکەی و ... هتد، کە ئەوەش تەنیا لە دەسەڵاتی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر (مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ڕووداوی هەکاری بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، کارەساتی هەکاری، چاپی چوارەم، (سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی شەهید جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١)، ل ل١٢–١٢٢.

(٣) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٢٠٩؛ پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ١٤٨؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووش، چاپی یەکەم، (سوید، بێ چاپخانە، ٢٠١٠)، ل ل ١٤٨–١٤٩؛ بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ قادر عەزیز، ئەلقەی یەکەم، (www.nrttv.com).

کۆبوونەوەی بەرفراوانی کادیراندا بوو، بۆیە زەمینەسازی بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەك لە گوندی شێنێ کرا[1].

کۆبوونەوەی شێنێ لە ٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨دا بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە کادیرەکانی کۆمەڵە و بە بەشداری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نوێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لێژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان[2] دەستی بەکارەکانی کرد و تا ٢٦ هەمان مانگ لە کارەکانی بەردەوام بوو[3].

کۆبوونەوەکە لە خوێندنەوەیدا بۆ حکومەتی ئەو کاتەی عێراق پێی وابووە، حکومەت نوێنەری قازانج و دەستکەوتی جۆراوجۆر و بیرکردنەوە و کارکردنی باڵی نەتەوەپەرستی بۆرژوازی بیرۆکراتی نەتەوەیی دەسەڵاتداری عەرەبییە، بۆیە بە شێوەیەکی فاشیستییانە دەچێتەوە بەگژ بزووتنەوە و هێزە نیشتمانییەکانی گەلی عێراقی و ئازادی و دیموکراتییان لێ زەوت دەکات، هەروەها بە دڕندانەترین شێواز ڕەفتار لە بەرانبەر گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا دەکات، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە یەکێتی نەتەوەیی کورد تێکبدات و ڕووخساری نەتەوەیی گەلی کورد بگۆڕێت، جگە لەوەش مەبەستی داگیرکردنی خاکەکەی و تالانکردنی نەوت و سەروەت و سامان و دەستبەسەردا گرتنی بازاڕ و بازرگانییەکەی و بەکرێ گرتنی دەستی کاری هەرزانە، بۆیە هەموو هەنگاوێکی ئابووری، پیشەسازی، کشتوکاڵی و نەوتی گرتۆتەبەر. بەمەش ئەو تاقمە فاشیستە بە حوکمی سروشتی چینایەتی خۆی هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) لێژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٧٧ لە سەردەستی هەر یەك لە: مەحموود عوسمان، عەدنان موفتی، شەمسەدین موفتی، قادر جەباری، مولازم جەمال خۆشناو، مولازم فوئاد چەلەبی و مستەفا خۆخێ هاتە دامەزراندن، بەو هۆیەشەوە کەوتنە ڕەخنەگرتن لە سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلوولەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ چۆنییەتی دامەزراندن و بیروڕاکانیان بڕوانە: الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية، تقييم مسيرة الثورة الكردية وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة منها، الطبعة الاولى، (دون مكان طبع، ١٩٧٧)، ص ص ٧١-١٤٢؛ الحزب الديمقراطي الكردستاني اللجنة التحضيرية، الرجعية الكردية المرتبطة بالامبريالية توجه طعنة جبانة اخرى الى ثورة شعبنا التحررية المندلعة في كردستان، اواخر تشرين الاول، ١٩٧٧؛ كاظم حبيب، لمحات من النضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، ص٣٧٤.

(٣) ڕێبار، قەندیل بەغدای هەژاند، ل ١٢٦؛ برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ل٢٣٢-٢٣٣؛ ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان، ل١٥٥.

سەربازی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی خۆی دەدات، بە ناچاری پەنا بۆ پێکەوەنانی سەرمایەی دەوڵەت دەبات و هەوڵی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستانەی خۆی دەدات. ئیتر هەر ئەوەش وای کردووە لە بری ئەوەی چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی عێراق بکات، قوڵتری کردوون. هەروەها لە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردیشدا، نە لەڕێگای زەبر و زەنگ و تۆقاندنەوە، نە لە ڕێگای پەلاماردانی چەکدارییەوە، نە لە ڕێگای شێواندنی داوا ڕەواکانی گەلی کورد و ساختەکردنی مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی، نە بە دروستکردنی دامودەزگا ئۆتۆنۆمی و فەرهەنگییەکانەوە نەیتوانیوە گەلی کورد بە تەواوەتی لەناو ببات[1]

لە لایەکی دیکەوە، هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، حکومەتی عێراق پیلانی داناوە بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو توانا و وزەی سەربازی، دارایی، سیاسی، پروپاگەندەکاری و ڕاگەیاندنی خستۆتە کار، بە ڕووخاندنی هەزاران گوند کوردستانی کاول کردووە. دەمێك بە بیانووی تێکەڵاوی نەتەوایەتی لە ناوچەکان، دەمێك بە بیانووی نەوت و سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتییەکان، جارێکی دیکە بە بیانووی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان و ناوچە ستراتیژەکان، دەمێکی تر بە بیانوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و شارستانیکردنی کوردەوە، بەمەش دەیان هەزار خێزانی کورد ئاوارە بوون. جگە لەوەش حکومەت نەوت و سامانە سروشتییەکانی تر، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری بە تاڵان دەبات و هێزی مرۆیی لە کوردستان دەڕووخێنێت. ئیتر ئەو هەنگاوانە جگە لە بەرگری لە مانەوە و پارێزگاریکردن لە نیشتمان هیچی تری بۆ کورد نەهێشتۆتەوە. بۆیە وای کردووە ئەو دوو لایەنە وەکو ناکۆکی سەرەکی و بنچینەی ڕووبەڕووی یەکتر بوەستن، کە بەو هۆیەوە جێگۆرکێ بە ناکۆکییەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگای کوردی کردووە، کە برتیین لە ناکۆکی نێوان کرێکار و سەرمایە، ناکۆکی نێوان جەماوەری گەل و دەرەبەگایەتی. بەمەش ناکۆکییەکان لەگەڵ حکومەت بوون بە ناکۆکی پلە یەك و ئەوانەی تریش پلە دوو، سێ. بۆیە وەك باڵاترین شێوازیش تاکە ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە، خەباتی چەکدارییە، چونکە لەو ئان و ساتەدا گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵگای کوردی

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کۆمەڵەی مارکسی– لینینی کوردستان، فەرمانەکانی قۆناغی ئێستای خەباتمان، مارتی ١٩٧٩، ل ل١–٣.

تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە کۆتایی هاتنی ئەو بارودۆخەی بەسەریدا سەپێنراوە. بۆیە دەبێت کۆمەڵە خەبات لە پێناو لابەلاکردنی ناکۆکی نەتەوایەتی و نەهێشتنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی بکات، کە لە جەوهەردا چەوسانەوەیەکی چینایەتییە. دوای ئەوە خەبات بۆ لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکەندنی دەرەبەگایەتی بکات و جوتیاران لە چەوساندنەوە ڕزگار بکات[1].

هەڵوێستی کۆبوونەوە سەبارەت بەو هێز و تاقمانەی، کە ئەو کاتە لە تەک دامودەزگاکانی حکومەت کاریان کردووە بڕوای وابووە، ئەوانە بە کردەوە لەگەڵ حکومەتن و خزمەت بە سیاسەتی ئەو دەکەن، بۆیە ئەوانیش وەکو هێزەکانی حکومەت مەترسیدارن، بەمەش دەبێت بە پێی پێوانەیەکی زانستی سنووری نێوان دۆست و دوژمن بە جوانی بکێشرێت، ناکۆکی سەرەکی و لاوەکی، بنچینەیی و نا بنچینەیی، ئەوانەی سروشتی دوژمنانە و نا دۆستانەییان هەیە بدۆزرێنەوە، بۆ ئەوەی هەر یەکە و بەپێی سروشتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ناکۆکییەکان لە ڕووی پلە و چۆنایەتییەوە لە یەکتر جیاوازن[2].

سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەی شێنێ لە ژێر تیشکی بیروباوەڕی مارکسیزم-لینینزم و بە چاولێکەری شێوازی چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوایەتی گەلانی جیهان، لە ئەنجامی شیکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و بە گوێرەی پێوانە زانستییەکان، جەختی لەوە کردۆتەوە، گیروگرفتی نەتەوەیی گەلی کورد تەنیا لەسەر بنەمای سەلماندنی مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین یەکلای دەبێتەوە، بە مەرجێك لە لایەن هیچ دەسەڵاتێکی بێگانەوە دەست تێوەرنەدرێت و گوشاری نەخرێتەسەر، چونکە ئەوە تاکە چارەسەری بنەڕەتییە[3]. هەروەها کۆبوونەوەکە، باسی لەوە کردووە دەبێت کۆمەڵە لێرە بە دواوە چاوێك بخشێنیتەوە بەو ماوەیەدا، کە لە

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٢) کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان، فەرمانەکانی قۆناغی ئێستای خەباتمان، ل ٥.

(٣) کۆمەڵەی مارکسی - لینینی کوردستان، بۆ لیداوان و لێکۆڵینەوە دەربارەی پیوستی بوونی ریکخراوی تایبەتی چینی کریکار و رەنجدەرانی کوردستان، (بێ شوێنی چاپ، لە بڵاوکراوەوەکانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان، کانوونی دووەمی ١٩٧٩)، ل ل٧-٨؛ ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، ل ١٣٦.

خەباتی چەکدارییدا بووە، بۆ ئەوەی دەست بخاتە سەر ئەو هەڵە و کەم و کورتییانەی هەبوون، تا بە پێوانەیەکی زانستییدا، بە پێی شیکردنەوەی چینایەتی خۆی بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری خۆی و لایەنەکانی دیکەش بکات، تا ئەوەی پەنجە بخاتە سەر هەڵەکان و هۆکارەکانیان دیاری بکات و چارەسەری ڕاستەقینەیان بۆ بدۆزێتەوە[1].

کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێك، کە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم– لینینزم بوو، هەوڵی داوە هەڵگرانی بیری مارکسیی– لینینیی لە کوردستان لە ڕێکخستنێکی تایبەتدا ساز و ئامادە بکات، بۆ ئەوەی ببێتە ئەڵقەی ناوەندی خەبات و تیکۆشان، بۆ پێکهێنانی پارتی پێشڕەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، چونکە پێی وابوو ئەگەر شۆڕشییان بوێت ئەوە دەبێت پارتێکی شۆڕشگێڕیشیان هەبێت، بەمەش کۆمەڵە بە پێویستی دەزانێت خەباتی زیاتر بکات، لەبەر ئەوەی دامەزراندنی پارتێکی پێشڕەوی بە مەرجی سەرکەوتنی خەباتی گەلی کوردستان دەزانی. بەو پێودانگەش، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری لە ئارادا بوو، هەروەها تاڕادەیەکیش تەقەلای سیاسی و ئایدیۆلۆژی مارکسیی– لینینیی گەشەی سەند بوو، جگە لە وەش تیۆری پێشڕەوی بڵاوببوویەوە و چەسپیبوو، بۆیە پێویستی دەکرد کۆمەڵە بە گوێرەی پێویستییەکانی ئەو سەردەمەی قۆناغی خەبات گەشە بە خۆی بدات، هەوڵی گوێزانەوەی خۆی بدات لە قۆناغی ڕێکخراوەیییەوە بۆ قۆناغی پارتایەتی. پارتێك، ناسنامەی چینایەتی خۆی ئاشکرا بکات و بیپارێزێت. پارتێك چەکدار بێت بە تیۆری پێشڕەوی، پارتێك بتوانێت یاسا گشتییەکانی تیۆری پێشڕەوی بەشێوەیەکی داهێنەرانە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی کوردستاندا بگونجێنێت. پارتێك نوێنەری نورین و جیهانبینی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان بێت لە ڕووداوەکانی کۆمەڵدا، بۆ ئەوەی ستراتیژی ڕاست و ڕێبازی سیاسی دروستی هەبێت، هەروەها ڕێکخستنەکانی بالاترین شێوەی ڕێکخستنی چەوساوە و زۆرلێکراوەکانی کۆمەڵ بێت. خاوەن دەزگای خەباتی چینایەتی و ڕابەری ئەوانە بێت لە دژی چینە چەوسێنەرەوەکانی ناوخۆیی و بیانی، تا بتوانێت خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی بە یەکەوە جۆش بدات، خاوەنی سەرکردایەتی دووربین و لێوەشاوە بێت، کادیر و دەزگای جێبەجێکاری ڕێکوپێکی هەبێت، ڕێکخستنەکانی بە چۆنایەتی باش و یەکگرتوو بێت و لەسەر بنچینەی جەماوەری و ڕەخنە و ڕەخنە لە

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

خۆگرتن و ناوەندییەتی دیموکراتی دامەزرا بێت. بتوانێت شێوازی کارکردنی گونجاو لە شار و لادێ، کاری ئاشکرا، نهێنی، چەکداری، سیاسی، ئایدیۆلۆژی، ئابووری بکات، لە شوێنە جیاوازەکان و لە قۆناغە جیاوازەکاندا ڕای خۆی هەبێت و ڕۆڵی دیاری هەبێت. هەڵگری دروشمی ڕاست و دروست بێت، خاوەنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بێت، لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکاندا، لەگەڵ ڕێکخراوە پشەیی و دیموکراتییەکاندا پەیوەندی باشی هەبێت. کاریگەری هەبێت بە سەر کۆمەڵانی خەڵکەوە تا کردەوە و فەرمان و ئامۆژگارییەکانی قبوڵ بکەن، بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی سەخت و تەنگانەدا، لە کاتی شکان و ژێرکەوتندا، لە سەرکەوتن و هەڵچووندا، باوەڕ و متمانەی تەواوی پێ بکەن و بە ڕابەر و سەرکردایەتی خۆیان بزانن[1].

کۆبوونەوەکە پێی وابووە بۆ یەکلاکردنەوەی سروشتی ئەو ناکۆکییانەی لەو سەروبەندەدا هەبوون، لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستانی فرە چیندا، ڕادەی بەشداربوون و نەبوون، ڕادەی دوژمنایەتیکردن و نەکردنی چینە جیاوازەکان بۆ شۆڕش و ئەو ڕۆڵەی تێدا دەیگێڕن جیاوازە. لەبەر ئەوەی قۆناغی ئەو سەردەمە قۆناغی خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتییە. مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوایەتیش لە جەوهەردا مەسەلەی ڕزگاریی جوتیارانە لە چەوساندنەوەدا، ئەوەش وا دەکات جوتیاران لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، کە بە ژمارە زۆرایەتی نەتەوەیی کوردستان پێکدێنن ببن بە هێزی بنچینەی، دێهاتەکانیش لەبەر بەرفراوانییان حکومەت نەتوانێت کۆنترۆڵییان بکات، بۆیە ببوون بە مەکۆی حەوانەوەی پێشمەرگە و ئەنجامدانی چالاکییەکان. بەمەش ئەگەر لە سەرتاسەری عێراقدا ناوچەکانی کوردستان ئەڵقەی لاوازی دەسەڵاتی حکومەت بن، ئەوە دێهاتەکان لاوازترین ئەڵقەیانە، لەبەر کۆبوونەوەی گرێی ناکۆکییەکان و کۆبوونەوەی قورسایی چەندین جۆری زوڵم و چەوساندنەوە و لە بار بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگایەتی. بۆیە دەبێت هەوڵی تەواو بۆ ڕێکخستنی جوتیاران بدرێت. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە کۆبوونەوە سەبارەت بە کرێکاران، کە ئەوکات بە ژمارە کەم و زۆربەشیان لە شارەکان دەژیان، پێی وابووە وەك چینێکی هاوشان و لە

---

(١) جوامێر، بەرەو پێکهێنانی حیزبی پێشرەوی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، (بێ شوێنی چاپ، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ١٩٧٩)، ل ٥ بە دواوە؛ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، مەسەلەی ئەندامەتی، (بێ شوێن و ساڵی چاپ)، ل ل ١٠–١٥؛ ڕەوا، کومەلە و الحزب الطلیعي، ص ص ٢٠–٢٧.

یەك چوو لە هەموو ئەوانەی دیکە ئاسانتر ڕێك دەخرێن، لەبەر ئەوەی کرێکاران خاوەن تێوری پێشڕەو، دونیا بینییەکی زانستیین و هیچ چین و تاقمێکی دیکەش ناچەوسێننەوە، هەروەها دەسکەوتیشیان لە ڕووی بابەتییەوە لە ڕزگاریی نیشتمان و هەموو چینەکانی دیکە و نەمانی چەوساندنەوەی یەکجارەکیدایە. ئەو چینە، کە ژمارەیان ڕوو لە زیادبووندایە و ناکۆکییەکانیش لەگەڵ سەرمایەداری حکومەتی عێراقدایە، پێویستە ساز و ئامادە بکرێن بۆ بەشداربوون لە بزووتنەوەی چەکداری، لەم چوارچێوەیەشدا هاوپەیمانەتییەك لە نێوان ئەوان و جوتیاراندا دروست بکرێت. چونکە یەکگرتن و هاوپەیمانییەتی ئەو دوو چینە، ڕۆڵی کاریگەری لە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانییدا دەبێت. هەرچی تایبەتدارە بە چینی وردە بۆرژوازی، کە لە ڕووی ژمارەوە ژمارەیەکی زۆر لە پێکهاتەی کۆمەڵەی کوردی پێك دەهێنا و خاوەنی قورسایی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی، فکری بوون و لەم قۆناغەشدا بەر ئازاردان و چەوساندنەوە کەوتوو بوون. کۆبوونەوە پێی وابووە دەتوانن ڕۆڵێك لە شۆڕشدا ببینن، بە تایبەت کاتێك بەشە ڕۆشنبیرەکەی زاخاو دەدرێن بە بیروباوەڕی مارکسیی– لینینیی و تێکەڵاوی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی دەبن، بەمەش ڕۆڵی کاریگەر لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەلانی خەڵکدا دەگێڕن، بەلام لەبەر ئەوەی لە سروشتی چینایەتی خۆی هەندێك سیفاتی خراپیان تێدایە، ڕەنگە لەگەڵ خۆیاندا بیگوازنەوە، بۆیە دەبێت لێیان وریا بن. دواجار کۆبوونەوە لە باسی بۆرژوازیی نیشتمانییدا، پێی وابوو لەگەڵ ئەوەی خاوەن هەستێکی نەتەوەییە، بەلام لەبەر ئەوەی خاوەن بناغەیەکی ئابووری بە هێز نییە لە کوردستاندا، ناتوانرێت ڕۆڵی کاریگەر لە بزووتنەوەی نیشتمانییدا بگێرێت[1].

کۆبوونەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە حکومەتی عێراق بە تەنیا چینێك یاخود تاقمێك نا چەوسێنیتەوە، بەڵکو دەستی لە چەوساندنەوەی هەموو چینەکاندا هەیە، بە پێویستی زانیوە هەموو چین و توێژەکان لە پێناوی ئامانجی ڕزگاربوونییان خەبات بکەن، لەم پێناوەشدا هەوڵ بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو بدەن. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە لەم کۆبوونەوەیەدا جەخت لە خەباتی درێژ خایەن کراوەتەوە تا دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکان، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی دامەزراندنی لەشکری نیشتمانی بۆ بەردەوامی ئەو خەباتە بە گرنگ زانییوە،

---

(١) کۆمەڵەی مارکسی– لینینی کوردستان، فەرمانەکانی قۆناغی ئێستای خەباتمان، ل ل ٦–٧.

بەشێوەیەك ئەو لەشکرە خاوەنی بیروباوەڕ بێت و لەسەر شێوازی هاوچەرخ و زانستی دامەزرا بێت، هەروەها ڕیزەکانی پاك و یەکگرتوو بێت و خۆی بە خزمەتکاری گەلەکەی بزانێت و پارێزگاری لە مافەکانی بکات، جگە لەوەش پەیوەندی ناو ڕیزەکانی، پەیوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکان، لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك و لە نێوان خەباتی چەکداری و سیاسی بە تەواوەتی ڕێك بخات. بەمەش دەبوو کۆمەڵە خەبات بکات بۆ گۆڕین و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەو لەشکرێکی لەم شێوە بابەتە، چونکە بە مەرجی سەرکەوتنی خەباتی نیشتمانی زانیوە[1].

کۆبوونەوە لە تێڕوانینین بۆ دۆزی کورد، پێی وابووە کێشەی کورد لە باشووری کوردستان، مەسەلەیەکە وابەستەیە بە مەسەلەکانی دیکەی ناوچەکە و جیهان، بەهۆیەوەش بەستراوەتەوە بە کێشەکانی گەلانی عێراقی، لەبەر ئەوەی لەگەڵیدا دەژی، بەستراوەتەوە بە کێشەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، چونکە بەشێکە تێدا، هەروەها بەستراوەتەوە بە کێشەی گەلانی ناوچەکە و جیهان، لەبەر ئەوەی لە بابەتی دوژمنی ناوخۆی، ئامانجی ناوخۆی و دەسکەوتی ناخۆییەوە یەك ئامانجیان هەیە، کە دژایەتی ئیمپریالیزم، زایۆنیزم، کۆلۆنیالیزمی نوێیە. بەمەش پێویست دەکات کۆمەڵە هەوڵی ئەوە بدات بەپێی شیکردنەوەیەکی زانستی، لەو هەلومەرجە ئالۆزەدا ڕێوشوێن بۆ جۆری پەیوەندییەکان و یاسای کار لە یەکترکردنی مەسەلەکان لەسەر ئاستی باشووری کوردستان، عێراق، هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵات و دونیا بدۆزێتەوە و دەست نیشانیان بکات، ئالۆزییەکان خاو بکاتەوە و بە شێوازێك ئاراستەیان بکات، کە لە خزمەتی گۆڕان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی گەلی کوردستان و گەلانی ناوچەکەدا بێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە کۆبوونەوە مەسەلەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی بە گرنگ زانیوە، بۆیە جەخت لە پەیوەندی بە هێزە شۆڕشگێڕەکان کراوە، تا لەو ڕێگایەوە پەیوەندی تێکۆشەرانەی بەهێز و پتەو لەگەڵیاندا دروست بکات، بە مەرجی ئەوەی دەست نەخەنە ناو کاروباری یەکترییەوە و ڕێز لە بیروباوەڕی یەکتری بگرن و سەربەخۆی ڕێکخراوەییان بپارێزن، ئەوەش لە پێناوی ئاڵوگۆڕکردنی بیروباوەڕ و فێربوون لە تاقیکردنەوەکانی یەکترییەوە،

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

هەروەها پشتیوانی کردن و یارمەتییدانی یەکتر، بۆ یەکخستنی خەبات، کار، ڕێباز و ئامانجەکانییان[1].

سەبارەت بە هەڵوێست و دیدی کۆمەڵە بۆ پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان بە گشتی و جیهانی سۆسیالیستی بە تایبەتی، کۆبوونەوە بە باشی دەزانێت، کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی مارکسیی– لینینیی خۆی لە هەموو جۆرە لادانێك بەدوور بگرێت و تێکەڵاوی ئەو ناکۆکییانە نەبێت، کە لە نێوان دەوڵەتانی سۆسیالیستیدا هەن، بۆ ئەوەی خۆی بە هیچ یەکێك لەو خەتانە نەبەستێتەوە، بەڵکو وەك ڕێکخراوێك، سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆی بپارێزیت و لە تیۆرە گشتییەکانی مارکسیزم – لینینزم بەو لاوە ملکەچی هیچ فەرمانێکی دیکە نەبێت. بەمەش کۆمەڵە لەم کۆبوونەوەیەدا بە فەرمی هەنگاوی دوورکەوتنەوەی خۆی لە فکریی ماویزم ڕاگەیاند، چونکە سەرکردایەتیی کۆمەڵە پێی وابووە ماویزم دەبێت وەك ئەزموونێکی خۆجێی سەیر بکرێت و بۆ تەواوی مەسەلەکانیش بۆ سەرچاوە سەرەکییەکە بگەڕێتەوە، کە ماکسیزم– لینینزمە[2].

شایەنی باسە، دوای ئەوەی کۆبوونەوەی شێنێ ئەو مەسەلە گرنگانەی تاووتوێکردن، کە ئاماژەیان بۆ کرا، ئینجا ژمارەیەك بڕیار و ڕاسپاردەی سیاسی، ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی دران. وەك دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی ناوخۆ بۆ ڕێکخستنەکان لە ناو شارەکان[3]، گۆڕینی شێوازی ڕێکخستنەکان لە شێوازی هەرەمی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.( فەرید ئەسەسەرد ساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر لە دایك بووە و ساڵی ١٩٧٧ تێکەڵاوی ناو کاروباری ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، دواتریش چووتە دەرەوە وەکو ئەندامێکی کۆمەڵە ناسێندراوە، ئیتر لەو کاتەوە لە ناو دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، ئەسەسەرد ئێستاکە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و لێپرسراوی سەنتەری ستراتیجیی کوردستان و ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی یەکێتییە و لە سلێمانی نیشتەجێیە).

(٣) سەرکردایەتیی ناوخۆی شارەکان وەکو پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی دوای ئەو کۆبوونەوەیە لە کۆتاییەکانی ١٩٧٨ پێکهێنرا، ئەندامەکانی بریتی بوون لە: جەمالی تاهیر (مامۆستا سەرکەوت) لێپرسراوی سەرەکی، دلێری ئەحمەد شوکری ئەندام و سەرپەرشتیاری سلێمانی، حاجی مەمۆ ئەندام و سەرپەرشتیاری هەولێر، ئەحمەد کرێکار ئەندام و سەرپەرشتیاری کەرکووك، بەڵام دوای دەستگیرکردنی جەمال تاهیر، حەمە چاوشین دەبێت بە لێپرسراو. دیمانەیەك لەگەڵ عەباس

**گـۆڕان بـۆ هێشـووی و تەسـبیحی[1]. دەرکردنـی بڵاوکراوەیـەك بـە نـاوی کۆمەڵـە وەك نوێنەری ڕێبازی سیاسی، فیکری، پێشمەرگایەتی، تا ئەوەی لەبەر تیشکی مارکسـیزم-لینینـزم ڕێگـای خـەبات و تێکۆشـان بـۆ گـەلی کـورد ڕوونـاك بکاتـەوە و ببێتـە هـەڵگری مەشـخەڵی بیروباوەڕەکـانی ڕێکخراوەکـە[2]. هـەروەها لـە کۆبوونەوەکـەدا تـاووتوێ و گفتوگۆی زۆر لە بارەی گۆڕینی ناوی کۆمەڵە کراوە، بۆ ئەوەی لەگـەڵ هەلومـەرجی ئـەو کاتــەی کوردســتاندا گونجــاو بێــت[3]. دواجــاریش کۆبوونــەوەکان بــە هەڵبــژاردنی سەرکردایەتییەکی تازە بۆ کۆمەڵە[4]، هەڵبژاردنەوەی نەوشیروان مسـتەفا بـە سـکرتێر و دەستنیشانکردنی ئەندامانی ناوەندی کۆمەڵە کۆتایی بە کارەکانی هێناوە[1].**

---

محەمەد (حـاجی مـەمۆ)، هـەولێر، ۱ی نیسـانی ۲۰۱۲؛ دیمانەیـەك لەگـەڵ حەمـە کـەریم عـەلی ڕەزا (ئەحمەد کرێکار)، کەرکووك، ۳ی شوباتی ۲۰۱۳.

(۱) مەبەست لـەم شـێوازی ڕێکخسـتنە بـۆ پاراسـتن و سـەلامەتی ڕێکخسـتنەکان بـووە، لەبـەر ئـەوەی لەسەر بنەمای شوێن و شار، کار پیشە، ژن و پیاو، دانەمەزراون، بـەڵکو تێکـەڵاوبوون لـە پیشـەی جیـاواز، تەمـەنی جیـاواز، دانیشـتوانی ناوچـەی جیـاواز، هـەروەها لـە شـێوازی تەسـبیحی وەکـو زنجیرەیەك بە یەکـەوە بەسـترابوون ، شـانە و کۆمیتـە بـوونی نـەبووە، بـەڵکو نەفـەرێك بـە تـەنیا پەیوەندی بە یەك کەس یان دووان هەبووە، یـەکێك لـە خـوارەوە ئـەوەی تریـان لـە سـەرەوە. بـۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل ۱۵.

(۲) بڵاوکراوەی کۆمەڵە وەك ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسیی لینینیی کوردستان، یەکەم ژمارەی لە پاییزی ۱۹۷۸ دەرچوو، دواتر وەك وەرزە نامەیەك بەردەوام بوو، لە خولی یەکەم (۹) ژمارەی لێدەرچـوو، لە خولی دووەم (٦) و، لە خولی سـێیەمیش(١٦) ژمـارەی لێدەرچـووە. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە: نەوزاد عەلی ئەحمەد، کۆمەڵە ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردسـتان، خـوولی یەکـەم ژمـارە (۱-۹) (پـاییزی ۱۹۷۸- زسـتانی ۱۹۸۱)، (سـلێمانی، دەزگـای چـاپ و پەخشـی حەمـدی، ۲۰۱۲)، ل ل ت- ژ؛ کۆمەڵە ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان، خـوولی دووەم، ژمارە (۱-٦) (کانوونی دووەمی ۱۹۸۲- حوزەیرانی ۱۹۸۲)، (سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشـی حەمدی، ۲۰۱۲)، ل ل ۳-۷. کۆمەڵە گۆڤاری کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان، خـوولی سـێیەم، بەشی یەکـەم و دووەم، ئامـادەکردنی بنکـەی ژیـن، ژمـارە (۱-۱٦)، (سـلێمانی، دەزگـای چـاپ و پەخشی حەمدی، ۲۰۱۲)، ل ل ۳-۷.

(۳) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ۲۹ی مایسـی ۲۰۱۲؛ دیمانەیـەك لەگـەڵ بـرایم جەلال، سلێمانی، ۲٦ی کانوونی یەکەمی ۲۰۱۲.

(٤) سەبارەت بە ئەندامانی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە نێو سەرچاوەکاندا جیاوازی بە دی دەکرێت، لـە کاتێکـدا شـاخەوان عـەباس ئامـاژە بـۆ نـاوی هەریـەك لـە نەوشـیروان مسـتەفا، مـەلا بەختیار، سالار عەزیز، ئازاد هەورامی، ئـاوات قارەمـانی، مـولازم عومـەر، بـەکری حـاجی سـەفەر،

دوای ئەوەی لە کۆبوونەوەی شێنێ بابەتی گۆڕینی ناوی کۆمەڵە هاتە پێشەوە و گفتوگۆ لە بارەیەوە کراو، دواتریش بۆ ئەو مەبەستە پرس و ڕا بە زۆربەی ڕێکخراو و لێپرسراوی شارەکان کرا. سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ١ی ئایاری ١٩٧٩ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادیرەکانی کۆبوونەوەیەکی بەست، دوای ڕەچاوکردنی بیروڕای زۆربەی ڕێکخراوەکان و بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بە تێکڕای دەنگ بڕیاردرا ناوی کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی کوردستان بکرێت بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان(٢).

---

شێخ عەلی، سەید کەریم، مامۆستا جەعفەر، مستەفا چاوڕەش، دلێری سەید مەجید و ئیبراهیم جەلال دەکات. شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی، ل ل ٢١٧– ٢١٨. بەڵام لە سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژەی بۆ ئەوەی کردووە (١١) ئەندامبوون، ئەوانیش نەوشیروان مستەفا، مەلا بەختیار، سالار عەزیز، ئازاد هەورامی، مولازم عومەر، سەید کەریم، مامۆستا جەعفەر، برایم جەلال و ئەبو شەهاب. بەمەش ناوی (٩) ئەندامی بردووە. برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ل ٢٣٤– ٢٣٥. هەروەها لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا ئاماژە بۆ ناوی نەوشیروان مستەفا، مەلا بەختیار، سالار عەزیز، مولازم عومەر، بەکری حاجی سەفەر، سەید کەریم، مامۆستا جەعفەر، ئیبراهیم جەلال، زیرۆ ئەحمەد و ئەبو شەهاب، کراوە. ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند. ل ل١٣٦– ١٣٧.

(١) هەریەکە لە نەوشیروان مستەفا، ئازاد هەورامی، مەلا بەختیار و مامۆستا جەعفەر بوون بە ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مامۆستا جەعفەر، هەورێکی نەزۆك و مێژوویکی ناکۆك، ل ٢٠. برایم جەلال لە (چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە)دا لە لاپەڕە (٢٣٦) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناوبراویش وەك ئەندامی ناوەندی (کۆمەڵە) دیاریکراوە.

(٢) سەبارەت بە مێژووی گۆڕینی ناوی کۆمەڵە بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە زۆرێك لە سەرچاوەکاندا بە هەڵە ئاماژەیان بۆ کردووە، یەکێك پێی وایە لە کۆبوونەوەی شێنێ ١٩٧٨ ناوەکە گۆڕاوە، جگە لەوەش لە کتێبی "مێژوویکی تر بۆ کۆمەڵەی مارکسی –لینینی" نووسراوە لە کۆنفرانسی یەکەم ١٩٨٠ ناوی کۆمەڵە گۆڕاوە. برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل٢٣٣؛ مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی، سەروەرییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان...، ل٤٣؛ کاکل ئەحمەد(کاکلە ڕەش)، یەکێتی و ململانێ...، ل١٠٩؛ سەلام ناوخۆش، مێژوویکی تر بۆ کۆمەڵەی مارکسی– لینینی ١٩٧٠– ١٩٨٨ خوێندنەوەی هزری و ئایینی، (باشووری کوردستان، بێ چاپخانە، ٢٠١٣)، ل ٥٥. بەمەش دەتوانرێت بووترێت، زانیارییەکان هەڵەن و دروست نین، چونکە لە کۆبوونەوەی شێنی تەنیا بابەتی گۆڕینی ناوەکە باسی لێوەکراوە. بەڵکو بە فەرمی لە مایسی ١٩٧٩ ناوی کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی کوردستان بووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان عێراق، کۆمەڵەی مارکس– لینینی کوردستان ئەبێتە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق، ئایاری ١٩٧٩.

لە بەیاننامەیەکەدا، کە بەم بۆنەیەوە دەرچووە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخەی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتۆتە پێشەوە، بە تایبەت دوای ڕووخاندنی حکومەتی شا لە ئێران ساڵی ١٩٧٩، ئەرك و فەرمانەکانی کۆمەڵە زیاتر بووە، ئیدی بۆ ئەوەی بە هەنگاوێکی ژیرانەتر بچێتە ناو کۆمەڵانی خەڵك و بە بیروباوەڕی مارکسیزم– لینینزم هۆشیاریان بکاتەوە، پێویست بە خۆگونجاندن لەگەڵ خووڕەوشت و ڕەچاوکردنی باری سایکۆلۆژی و ئاینی دەکات، بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لەو کەسانەی، کە لە دژی مارکسییەکان هەنگاو دەنێن. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە:" **سەبارەت بەو گۆران و گەشەکردنە بۆ دانەبڕینی کۆمەڵەکەمان و زیاتر چوونە ناو جەرگەی جەماوەر پێویست بە گۆڕین و شێوە و شیوازی خەبات کردنە بۆ گۆڕینی ناو کۆمەڵەمان لە پێویستی ئەو خەباتە و بە زیاتر خزمەتکردنی مارکسیزم– لینینزمی ئەزانین، بە کاتی ئەوەی ئەزانین لە مەسەلە گشتی یەکان تێ پەڕین و خاسیەتە تایبەتیەکان چاکتر تێ بگەین و کاری پێ بکەین بە تایبەتی لە کاتێکدا کۆمەڵەمان پێویستی بەوە هەیە پلەی ڕێکخراوەیی دەرچێت و خەبات بۆ بەدیهێنانی حیزبی پێشرەو بکات**"[(١)].

وەك لەمەوبەر ئاماژەی بۆ کرا، لەگەڵ هەڵبژاردنی نەوشیروان مستەفا لە کۆبوونەوەی نۆکان، سالار عەزیز، کە ئەوکات لە دەرەوەی وڵات بوو، دەنگی ناڕەزایی خۆی بەرز دەکاتەوە و نەوشیروان مستەفای وەك سکرتێری کۆمەڵە قبوڵ نابێت. دوای ئەوەش، کە لە دوا ڕۆژەکانی کۆبوونەوەی شێنێ دەگەڕێتەوە شاخ و لە کۆبوونەوەکان بەشدار دەبێت، ناڕەزاییەکانی ناشارێتەوە. بەمەش بەرهەڵستی سالار عەزیز و کاردانەوەکانی نەوشیروان مستەفا وەك ناکۆکی نێوان دوو کەسایەتی، دەبێتە سەرەتای هەوێنی ناکۆکی و ململانێ، کە دواجار ڕەوتی ڕووداوەکانی بە ئاقارێکدا بردووە و تێکەڵ بە بەرژەوەندی گروپ و کۆمەڵە کەسانێکی دیکەی کردووە[(٢)]. بۆیە دەتوانرێت بووترێت، بە وەرگرتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە لایەن نەوشیروان مستەفاوە و بەستنی کۆبوونەوەکان هەم قۆناغێکی نوێ لە ژیان و پێکهاتەی ڕێکخراوەی هاتۆتە پێشەوە و کۆمەڵە پەرەسەندن و پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە بینیوە، هەمیش لەسەر ئاستی ناوخۆ قۆناغێك لە ناکۆکی و

---

(١) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان عێراق، کۆمەڵەی مارکس– لینینی کوردستان ئەبێتە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

(٢) موحسین عەلی ئەکبەر، چەپکێکی ژاکاو لە مێژوویێکی هەڵبەستراو، ل ٧٨.

دروستبوونی باڵی جیاواز لە ناو کۆمەڵەدا سەریهەڵداوەتەوە. کە دواجار ماوەیەکی زۆر گروپەکان لەگەڵ یەکدا لە ململانێدا بوون.

لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، لەو سەروبەندەدا دوو گروپی جیاواز لە ناو کۆمەڵەدا بەر یەك کەوتوون، گروپی یەکەمیان، ئەوانە بوون، کە خۆیان بە میراتگری ڕێبازی شاسوار جەلال (ئارام) ناساند و پشگیرییان لەوە کردووە کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە، ئەوەش زیاتر لە ئەنجامی زیادبوونی دەسەڵاتەکانی جەلال تاڵەبانی سەرچاوەی گرتووە، بە تایبەت، کە بەشێك لە کادیرەکان ئەوکاتە زانیویانە تاڵەبانی دامەزرێنەر و یەکەم سکرتێری کۆمەڵە بووە. لە بەرانبەر ئەوەدا گروپی دووەم، کە دواتر بە گروپی نەوشیروان مستەفا ناسران، لەگەڵ ئەوەدا دەبن کۆمەڵە لەگەڵ باڵەکانی دیکەی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەك بگرن[1].

دوای بوونی سەدام حوسێن بە سەرۆك کۆماری عێراق لە تەممووزی ١٩٧٩، ئەندامان و سەرکردایەتی بەندکراوی کۆمەڵە بەرلێبوردنی گشتی کەوتن و ئازاد کران، ئیتر بە ئازادبوونیان ڕوویان کردۆتەوە شاخ، بەڵام هەر زوو ئەوانیش وەك گروپێك تێکەڵاوی ناو ململانێیەکان دەبن، کە دواتر بە گروپی زیندان (کتلەی سجن) ناسران[2]. لێرەشدا ناڕەزای و گلەییەکانی گروپی زیندان، لە گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان سەرەتا لەسەر چەند خاڵێك بوون:

یەکەم: دەرکردنی ڕاپۆرتی شوباتی ١٩٧٦ لە لایەن کۆمیتەی هەرێمەکان. لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ئەو هەنگاوە لە کاتێکدا نراوە، ئەوان لە ناو زیندانەکانی حکومەتدا ژیانییان لە مەترسیدا بووە، جگە لەوەش ڕاپۆرتەکە بەردەستی دەزگاکانی حکومەت کەوتووە.

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ کاکلە ڕەش، یەکێتی و ململانێ...، ل ١١٢.

(٢) مامۆستا جەعفەر لە کتێبی (هەورێکی نەزۆك و مێژوویکی ناکۆك)، لاپەڕە ٧١، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سەروبەندی هاتنە دەرەوەی هاوڕێیانی زیندان بۆ شاخ، ڕامابووین لەسەر دۆزینەوەی ناوێك بۆیان، لێرەشدا لەسەر کێش و سەروای گروپە سیاسییە ئێرانییەکان، کە هەر یەکەیان لق و پۆپی لێ ببوویەوە، بە تایبەتی ڕێکخراوی (چریکهای فیدایی خەلق) بۆ سوعبەت، ناوبراو پێشنیاری ئەوە دەکات پێیان بگوترێت گروپی زیندان.

دووەم: نارەزاییان هەبوو لە وتارێکی مەلا بەختیار، کە لە گۆڤاری کۆمەڵە ژمارەی (٦) لە ژێر ناونیشانی (چەند تیشکێ بەسەر هەندێ لایەنی خەباتی کۆمەڵە) بە ناوی باوکی ئاوارە بڵاوی کردبووە، چونکە وا لێکیان دەدایەوە، بە مەبەست بۆ ناوزڕاندنی سەرکردایەتی پێشووی کۆمەڵە ئەو کارەی کردووە[١].

سێیەم: گروپی زیندان گلەی ئەویان هەبوو لە کاتی هاتنە دەرەوەیان، سەرکردایەتیی کۆمەڵە جگە لە نەوشیروان مستەفا، وەك پێویست پێشوازییان لێ نەکردوون و بەرانبەرییان کەمتەرخەم بوون[٢].

لەگەڵ بەردەوامی ناکۆکییەکان، کە سەرەتا بەگلەیی و گازاندەی کەسایەتییەکان دەستپێدەکات، دواجار هەوڵی ئەوە دەدرێت تیۆریزە بکرێت، بە تایبەت دوای ئەوەی گروپی زیندان خۆیان بە درێژەی پێدەری خەتی شەهاب شێخ نووری و گروپی کۆمیتەی هەرێمەکانیش بە درێژە پێدەری خەتی شاسوار جەلال (ئارام)، ناساند[٣]. بەوەش کەوتنە پڕوپاگەندەکردن لە بەرانبەر یەکتری، بەوەی لایەکیان ئەوەی تریانی

---

(١) شایەنی باسە، نەوشیروان مستەفا لە یاداشتەکانیدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات مەلا بەختیار، ئامادەنەبوونی ناوبراوی بە فرەسەت زانیوەو ئەو بابەتەی نووسیوە. بەڵام هەر یەك لە مەلا بەختیار و موحسین عەلی ئەکبەر، ڕەتی ئەوە دەکەنەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بە ئاگاداری نەوشیروان مستەفا ئەو کارە کراوە، چونکە بەرلەوەی بڵاوبکرێتەوە پێشانی ناوبراو دراوە و ڕای خۆی لەسەر دەربڕیوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە سەبارەت بە کاتی نووسینی بابەتەکە، گوایە بە ئەنقەست لەو کاتەدا نووسراوە، موحسین عەلی ئەکبەر ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، شوباتی ١٩٧٩ مەلا بەختیار ئەو بابەتەی نووسیوە و پێشانی ناوبراوی داوە، ئەوەش بە چەند مانگێك بەر لە ئازاد بوونی هاوڕێیانی زیندان بووە، بۆیە ناوبراو دەنووسێت نووسینەکە لە کاتێکدا بووە، دەنگوباسی ئەوە لە ئارادا نەبووە، هاوڕێیان ئازاد دەکرێن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، ل١٤١؛ مامۆستا جەعفەر، هەورێکی نەزۆك و مێژوویکی ناکۆك، ٧٥؛ موحسین عەلی ئەکبەر، چەپکێکی ژاکا و لە مێژوویەکی هەڵبەستراو، ل ل ٧٩–٨٠.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی٢٠١٢.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، ل١٤١؛ کاکلە ڕەش، یەکێتی و ململانێ...، ل ١١٦.

تۆمەتبار دەکرد بەوەی، کە لە ڕێبازی ماکسیزم– لینینزم لای داوە[١]، ئەوەی ترشیان لایەنەکەی تری بە مەسەلەی (عێراقچییەتی) تۆمەتبار دەکرد [٢]. لێرەشدا ژمارەیەك لە کەسایەتییە دیارەکانی کۆمەڵە پێیان وایە مەسەلەی ململانێیەکان جگە لە ناکۆکی کەسایەتی و حەزنەکردن لە چارەی یەکتری، پەیوەندی ئەوتۆی بە بابەتی فکری نەبووە، لەبەر ئەوەی مەسەلە فکرییەکان تەنیا بۆ پاساوی ناکۆکییەکان پەنایان بۆ براوە[٣].

شایەنی باسە، سەروبەندی ناکۆکییەکان پرسیارگەلێکی زۆر دەورووژێندرێن دەربارەی ئەوەی، ئایا کۆمەڵە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری عێراقییە، یان کوردستانییە؟ ئایا کۆمەڵە خەبات لە کوردستانی عێراق دەکات، یان لە کوردستانی گەورە؟ ئەگەر لە کوردستانی عێراق خەبات دەکات، ئامانجی چییە؟ ڕووخاندنی حکومەتە؟ یان دیموکراتی بۆ عێراق، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان؟ ئایا دیموکراتی لە عێراق چۆن بەدەست دەهێندرێت؟ بە ڕووخاندنی حکومەت، یان بە هاوپەیمانییەتی؟ کۆمەڵە لەگەڵ کێدا هاوپەیمانییەتی دەکات؟ لە گەڵ هێزە عێراقییەکان؟ ئەی کۆمەڵە پشتیوانی لە کێ وەردەگرێت؟ شۆڕش هی کوردستانی عێراقە؟ یان هی چوار پارچەی کوردستانە؟ ئەگەر هەر چوار پارچەی کوردستانە؟ کۆمەڵە مافی هەیە ڕێکخستن لە پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست بکات؟ کۆمەڵە لەگەڵ کام پارتی کوردستانی هاوپەیمانییەتی دەکات؟ ئایا شەڕی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان دەکات؟[٤]. لێرەشدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، لە وتارێکی گۆڤاری کۆمەڵەدا بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی مارکسیی– لینینیی کوردستانی، تایبەتە بە باشووری کوردستانە، نەك بە کوردستانی گەورە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك بیر لەوە ناکاتەوە لق و پۆپ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابمەزرێنێت، چونکە تەنیا باشووری کوردستان بە مەیدانی چالاکی خۆی دەزانێت، بەمەش جگە لە هاوکاری و پەیوەندی دۆستانە

---

(١) ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، ل ل ٢٢١–٢٢٢.

(٢) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ل ٢٧٣–٢٧٥.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر(مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمووزی ٢٠١٢.

نایەوێت هیچ جۆرە دەست تێوەردانێك لە کار و چالاکی لایەنەکانی دیکەدا بکات، لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە هەر پارچەیەکدا، پێویست دەکات خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەگەڵ خەباتی ئەو گەلانە گرێبدات، کە لە ناو یەك سنووری سیاسیدا دەژین. بەو هۆیەشەوە کۆمەڵە لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە نایەوێت ڕێگای تاك ڕەوتی نەتەوەیی بگرێتە بەر، چونکە خەباتی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی دەزانێت و بە هەموو تواناشییەوە پاڵپشتی لە هەڵوێستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات لە دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی و بە عێراقی کردنی شۆڕشدا[1].

دواجار هەر چەندە لەم بارودۆخەدا مەسەلەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان دەبێت و ململانێیەکان دەگوازرێنەوە بۆ ناو هەرێم و کەرت و مەفرەزەکان، بەڵام دژواری بارودۆخی کوردستان، وادەکات کۆمەڵە هێزەکانی زیاتر و خورتتر بن، چالاکییەکانی زیاتر بکات، بە تایبەت دوای ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخستنەکانی شار ڕوو دەکەنە شاخ[2]. بەمەش شوباتی ١٩٨٠ سەرکردایەتیی کۆمەڵە کۆبوونەوەی بەرفراوانی خۆی دەبەستێت و بە درێژی باس لە گەلێك بابەتی گرنگی وەك تاکتیکی نوێ و سیاسەتی پێویست و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات، لە هەمووش گرنگتر لە دوای هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی ئەو قۆناغ و ئەرکەکانی داهاتووی بڕیار بۆ زەمینەسازی بەستنی یەکەم کۆنفرانسی خۆی دەدات[3]. لە بەشی سێیەم بە وردی باس لە کۆنفرانسی یەکەم و کۆنفرانسەکانی تری کۆمەڵە و ڕەنگدانەوەیان لە سەر باری ناوخۆ و پەیوەندییەکاندا دەکەین.

---

(١) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، "ڕێبازی کۆمەڵە"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٥)، خوولی یەکەم، هاوینی ١٩٧٩، ل ل ٢-٣.

(٢) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ١٢٥؛ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان- کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆ، راگواستن لە بەرگیکی نوی دا، ١٢/٤/١٩٨٠.

(٣) "کورتە باسێکی کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٧)، خوولی یەکەم، مایسی ١٩٨٠، ل ل ٨-٩.

# بەشی سێیەم: ململانێ ناوخۆییەکانی کۆمەڵە، ڕەنگدانەوە و کاریگەری و ئەنجامەکانی

## تەوەری یەکەم: کۆنفرانسی یەکەم لە مالیمۆس[1] و ئەنجامەکانی

دوای ئـەوەی سـەرکردایەتیی کۆمەڵـە لـە کۆبوونـەوەی شـوباتی ١٩٨٠ تـاووتوێی بەستنی کۆنفرانسی کرد، دواتـر کـار بـۆ زەمینەسـازی ئەنجامـدانی کـرا، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی کۆمەڵـە لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە بـە هـۆی هەلومـەرجی تایبـەتی ڕێکخستنەکانی لە ناو شارەکاندا، دواتریش بە هۆی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداری و ئەو ڕووداوانەی ڕووبەڕوویان ببوویەوە، نەیتوانی بوو هـیچ کۆنفرانسـێك ببەسـتێت. بۆیـە کاتێـك ڕێکخسـتنەکانی گەشـەیان سـەند و هێـزە چـەکدارەکانی زیادییـان کـرد، بـۆ پێداچوونەوە بە بەرنامە و تاکتیـك و سـتراتیژ و هەڵسـەنگاندنی بـارودۆخ و هەلومـەرجی شۆڕش و کاروبـاری ڕێکخسـتنەکان و هەڵبـژاردنی سـەرکردایەتییەکی نـوێ و وەرگرتنـی کۆمـەڵێك بڕیـار و دەرکردنـی ڕێنمـایی و پێـدانی زانیـاری بـە ڕێکخسـتنەکان، بەسـتنی کۆنفرانسێك بۆ کۆمەڵە پێویست بوو[2].

هاوکـات لەگـەڵ زەمینەسـازی بـۆ بەسـتنی کۆنفرانسـی یەکـەم و زیـادبوونی ناکۆکییـەکانی نـاو هـەناوی کۆمەڵـە و شـۆڕبوونەوەی بـۆ نـاو هێزەکـانی پێشـمەرگە و ڕێکخستنەکانی، کۆمەڵە بەر لەوەی کۆنفرانسی یەکەمی ببەستێت ڕووبەڕووی کێشەیەکی گـەورە هاتـەوە، ئـەویش گیرانـی نەوشـیروان مسـتەفا بـوو لـە لایـەن هێزەکـانی حیزبـی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان[3]، لە ٥ی کانوونی دووەمـی ١٩٨١[4]. ئەمـەش لـە کاتێکـدا بـوو کـە هێزەکـانی یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان و حیزبـی سۆسیالیسـتی یەکگرتووی کوردستان لە ناکۆکی و ململانێ شەڕی چەکداریدا بوون[5].

---

(١) مالیمۆس، ناوچەیەکی کوێستانی سەختە و دەکەوێتە پشتی دێی کانی زەردی ناوچەی سەردەشت نزیك بـە چیای بلفـەت لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، ئـەو کاتـە بارەگاکـانی سـەرکردایەتی یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە وێدا بوون.

(٢) "کورتە باسێکی کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵە"، ل ل ٨-٩.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ حیزبی سۆسیالیسـتی یـەکگرتووی کوردسـتان و پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ کۆمەڵە بڕوانە بەشی چوارەم، تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەکشێنن، ل ل ١٨١-١٩٤.

(٥) محەمەدی حاجی مەحمود، ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی سێیەم، (سلێمانی، چاپخانەی تیشـك، ٢٠٠١)، ل ل ٤٠٨-٤١١؛ بهاءالدين نوری، مذكرات بهاالـدين نـوری، الطبعـة الثانيـة، (اربيـل، مطبعـة جامعة صلاح الدين، ١٩٩٥)، ص ص ٣٨٦-٣٨٧.

گیرانی نەوشیروان مستەفا، ڕەنگدانەوەی خراپی بەسەر باری ناوخۆ و هێزەکانی کۆمەڵەدا هەبوو، ئیتر هەر ئەوەش وایکرد بەشێکی زۆر لە هێزەکانی قەرەداغ، شاربازێڕ، هەرێمی سێ، هەرێمی چوار، بەشێك لە هەرێمی یەك و هەورامان بە ئامادەبوونی مەلا بەختیار، سالار عەزیز، ئازاد هەورامی، جەمالی عەلی باپیر، مستەفا چاوڕەش، بەکری حاجی سەفەر و زۆرێك لە کادیر و لێپرسراوەکانی دیکە لە شاربازێڕ کۆببنەوە بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر هێزەکانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و کێشەکە بە لایەکدا بخەن[1].

لە ڕاستیدا، بەهۆی توندی ململانێی نێو گروپەکان، لە نێو سەرچاوەکاندا، بابەتی گیرانی نەوشیروان مستەفا و هەڵوێستی گروپ و کەسەکان بە شێوەی جیاواز باسی لێوە دەکرێت. شێخ عەلی کەشکۆڵ لە دیمانەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:" **... کە کاك نەوشیروان گیرا فەرەیدون [مەبەستی فەرەیدوون عەبدولقادرە- توێژەر] گوتی ئۆخەی ڕزگارمان بوو لە دەستی، بەڵام کە هاتەوە فەرەیدون سەرچۆپیەکەی گرت، بە حساب پێی خۆشە بەربووە...**"[2]. لە بەرانبەردا فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت:"**...بەر لە گیرانی کاك نەوشیروان زنجیرەیەك کۆبوونەوەمان کرد، ئەمەش ژمارەیەکی زۆری کادیری بە دەوری سەرکردایەتی کۆکردبۆوە، بۆیە لە کاتی گیرانی هەموو کەوتینە بیری ئەوەی چی بکەین بۆ ڕزگارکردنی...**". ئەوە لە لایەك. لە لایەکی دیکەوە لە سەرچاوەیەکدا هاتووە فشاری هێزەکان لە ناوچەی شاربازێڕ زیاتر ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ دوورکەوتنەوەی هێزەکانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و بردنی نەوشیروان مستەفا لە ناوچەکە و تەسلیم کردنی بە پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە لەو دەمەدا سالار عەزیز ڕای وابووە کۆمەڵە ژمارەیەك سەرکردەی لە دەستداوە، نەوشیروان مستەفاش هیچی لە وان زیاتر نییە[3]. بەڵام سالار عەزیز و مەلا بەختیار وەك ئەوەی خۆیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، نیگەرانی بابەتەکە بوون و هەموو هەوڵێکیان بۆ ڕزگارکردنی نەوشیروان مستەفا داوە، بە بەڵگەی ئەوەی مەلا بەختیار لە نامەیەکدا، کە بۆ سەرکردایەتی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان ناردوویەتی هەڕەشەی

---

(١) پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، ل ١٣٨.

(٢) سەنگەر عەبدولڕەحمان، "دیمانەیەکە لەگەڵ شێخ عەلی"، گۆڤاری "سڤیل"، ژمارە (١١٩)، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل ١٩-٢١.

(٣) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ل ٣٣٩-٣٤٠.

کردووە و پێی ڕاگەیاندوون گیانی نەوشیروان مستەفا لە ئەستۆی ئێوە دایە، جگە لەوەش لەو ماوەیەدا لە لایەن هێزەکانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان پێنج پێشمەرگە لە هێزەکەی یەکێتی کوژراوە، بەڵام لەبەر سەلامەتی گیانی نەوشیروان مستەفا، سالار عەزیز ڕێگەی بە پێشمەرگەکان نەداوە تۆڵەیان لێبکەنەوە[1].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، هاوکات لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە سەرکردایەتیی کۆمەڵە و کادیر و پێشمەرگەکانی بە کێشەی گیرانی نەوشیروان مستەفاوە سەرقاڵبوون، بەشێکی دیکەیان لە بارەگاکانی سەرکردایەتی بە بەستنی کۆبوونەوە و سمیناری فکری و سیاسییەوە خەریك بوون. ئەو زنجیرە کۆبوونەوانە، کە لە کانوونی دووەمی ١٩٨١ بەستراون لە مێژووی کۆمەڵەدا بە کۆبوونەوەکانی زەڵێ[2] ناو دەبرێن. لێرەشدا بە پێی زانیاری نێو سەرچاوەکان، (٥٧) کادیر بەشداربوون و ژمارەیەك مەسەلەی گرنگی تێدا ورووژێنراوە، وەك کێشەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، گرتنی سکرتێری کۆمەڵە، هەروەها ڕۆڵی کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کارکردن بۆ کاراکردنی ئەو ڕۆڵە و دابینکردنی سەربەخۆییەکی زیاتر بۆ جموجۆڵەکانی[3]. لەم بارەشەوە یەکێك لە کادیرە بەشداربووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: **"سەرەتای مانگی یەکی ١٩٨١ کاتێك هێشتا کاك نەوشیروان لە زیندانی حسکدا بوو، لە زەڵێ زنجیرەیەك کۆبوونەوەی کادیرانی کۆمەڵە کرا، کاك فەرەیدون عەبدولقادر دەورێکی بنچینەیی هەبوو، لە هاندان و کۆکردنەوە و ورووژاندنی بیروڕای ناو کادیران، ئەوەی ڕاستی بێت، بێزاری و هەست بە لووتشکاندن و رووشاندنی کەرامەتی یەك بە یەکی ئەندامانی یەکێتی و کۆمەڵە دەکرا، کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ تەقێنرایەوە، کاك فەرەیدون لە شام تا ڕادەیەك دڵی گەردی گرتبوو، ئیدی کاتێك بە دڵشکاوی گەیشتە نێوزەنگ، هەر زۆر بە وردی و زیرەکانە چەند بابەتێکی لەسەر پەیوەندی دەرەوەی یەکێتی و ئەگەری سەرهەڵدانی هەندێ هاوپەیمانی نوێ لەنێوان ی.ن..ك و هێزە کوردستانییەکاندا پێشکەشکرد، هەروەها**

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: ڕێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەکە لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی دووەم، (www.nrttv.com).

(٢) دەکەوێتە نێوانی شێنێ و تۆکان لە سنووری ناوچەی پشدەر.

(٣) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ، ل ل ١٤١–١٤٢.

**تیشك خرایە سەر مەترسی بەرزبوونەوەی دەوری كاك نەوشیروان، من هەستم دەكرد، كاك فەرەیدون لە دڵیٚ خۆیدا پێیوابوو، پاش شەهید شیهاب، دەبوایە ئەستێرەی بەختی ئەو لە هەمووان گەشتر بوایە... لە كۆبوونەوەكاندا، بە چڕی باسی مەسەلەی (سەربەخۆیی) كۆمەڵە و داهاتوو (ی.ن.ك) كرا، سەیر ئەوەیە لەكاتی دەنگداندا لە كۆی (٥٧) كادیر، تەنیا سیٚ كادیر بۆ مانەوەی كۆمەڵە وەكو خۆی، لە ناو یەكێتیدا، بەبیٚ گۆڕانكاری، دەستیان بەرزكردەوە. بۆ سەربەخۆیی تەواو و جیابوونەوە دەست بە جیٚ (٥٣) كادیر دەنگیاندا"**[1]. لێرەشدا ئەوەی تێبینی دەكرێت ئەوەیە كۆبوونەوەكە بە ئامادەبوونی (٥٧) كادیر ئەنجامدراوە، لە نێویاندا (٥٣) كادیر بە بەڵی بۆ جیابوونەوە، (٣) كادیریش بە نەخێر دەنگیان داوە، كەواتە كۆی گشتی دەكاتە (٥٦) كادیر، بەمەش دەنگی یەكێك لە كادیرەكان دیار نییە، بۆیە دەكرێت بووترێت ئەم كادیرە یان بیٚ لایەن بووە و دەنگی نەداوە، یان ئەوەتە نووسەر خۆی بووە و هەژماری نەكردووە، لەبەر ئەوەی ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەكات لەم كاتەدا هەستی بەوە كردووە، ئەوە ڕێكەوت نییە، بۆیە بە گیانێكی بەرپرسیارییەتی سیاسییەوە، هەستی بە مەترسییەكانی جیابوونەوەی كۆمەڵە لە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان كردووە، چونكە پێی وابووە بابەتەكە سەر بۆ دوو بەرەكی و شەڕێكی خوێناوی دەكێشێت. بۆیە لە كۆبوونەوەكەدا بابەتەكە بە هەڵەیەكی كوشندە ناو دەبات و وتویەتی: **" ئەم كۆبوونەوەیە بۆ لە یەكگەیشتن و بیروڕا گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕكردنی زانیارییە، نە كۆنگرەیە، نە كۆنفرانسە و نە پلینۆمە، چونكە تەنیا كۆنگرە، یان كۆنفرانس دەتوانێت بڕیاری چارەنووسسازی ئەوتۆ بدات. جگە لەوە ئێمە بەشێكی زۆر كەمین لە سەركردە و كادیرەكانی كۆمەڵە، كەواتە ناتوانین نوێنەری هەموو كۆمەڵە بین و بە ناوی كادیرانی كۆمەڵەوە بڕیار بدەین، هەروەها چەندین سەركردەی وەك نەوشیروان مستەفا، سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئامادە نین، كە دڵنیام لێرە بن ڕای تریان دەبێت، بۆیە ناكرێت لە پشتی ئەمانەوە ئەم جۆرە بڕیارانە بدرێت. كەواتە بڕیاری جیابوونەوە لە یەكێتی، دەبێت بە پەلە و خێرا نەبێت، بەڵكو دەبێت لێكۆڵینەوەی وردی بۆ بكرێت و زەمینەسازی بۆ بكرێت، هەروەها بڕیارەكە لە ناو كۆنگرە دابێت و لە لایەن ئەندامانی كۆنگرەوە پەسەند بكرێت"**[2].

---

(١) مامۆستا جەعفەر، هەورێكی نەزۆك و مێژوویێكی ناكۆك، ل ل ٨٢–٨٣.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەممووزی ٢٠١٢.

لە لایەکی دیکەوە، سالار عەزیز لە بارەی ئەو کۆبوونەوانە و دەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لەو ماوەیەدا، کە ئەوان لە شاربازێڕ بوون و سەرقاڵی کێشەی گیرانی نەوشیروان مستەفا بوون، جەلال تاڵەبانیش لە دەرەوەی وڵات دەبێت. بەمەش فەرەیدوون عەبدولقادر هەڵدەستێت کۆبوونەوە بە کادیرەکانی دەوروبەری سەرکردایەتی دەکات و ڕای دەگەیەنێت تاڵەبانی لە دەرەوە نایەتەوە، نەوشیروان مستەفاش گیراوە، ئیتر دەکەوێتە قسەکردن پێیانەوە، بەڵام کاتێك ئەوان لە شاربازێڕ بەم هەواڵە دەزانن بە پەلە دەگەڕێنەوە سەرکردایەتی و کۆبۆنەوەکان تێکدەدەن[1]. لە بەرانبەردا فەرەیدوون عەبدولقادر دەڵێت:**" ... لە کۆبوونەوەکاندا زۆر گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا کۆمەڵە چۆن بپارێزین، لەبەر ئەوەی لەو سەروبەندەدا رایەك هەبوو، کە سامی عەبدولڕەحمان و دوکتۆر مەحموود بێنە ناو یەکێتییەوە، ئەمەش مەترسی دروستکرد بوو، دەبوو کۆمەڵە زیاتر ئاگادار و پارێزگاری ماهییەتی خۆی بێت"**[2]. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت، ئەو دەمە بابەتی سەربەخۆیی کۆمەڵە و پەیوەندییەکانی یەکێك بووە لە بابەتی گفتوگۆی نێو کادیرەکان، چونکە گروپێك پێیان وابوو پێویست دەکات کۆمەڵە سەیری چوارچێوەی باشووری کوردستانی بکات، نەوەك چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە بەڵگەی ئەوەی گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانی لە کوردستان، لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەورەترە[3].

لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان و زیاتربوونی ناکۆکییەکان، ئەوەندەی دیکە بەستنی کۆنفرانس لە لایەن سەرکردایەتی و کادیرانی کۆمەڵەوە بەگرنگ دەزانرێت، بۆیە کاتێك نەوشیروان مستەفا لە زیندان ڕادەکات و دەگەڕێتەوە ناوزەنگ، چەند کۆبوونەوەیەك بۆ ئەو مەبەستە دەکات[4]، تا دواجار لە دوا کۆبوونەوەی ٩ی نیسانی ١٩٨١ بڕیار دەدرێت لە نزیکترین دەرفەتدا کۆمەڵە یەکەمین کۆنفرانسی خۆی ببەستێت، بەم هۆیەشەوە ناوەندی کۆمەڵە ئاگادارینامەیەك ئاراستەی ئەندامانی ڕێکخراو و شانە و

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٣) "مەسەلەی نیشتمانی و دۆست و دوژمنە راستەقینەکانمان"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە(٩)، خوولی دووەم، زستانی ١٩٨١، ل ٣٩؛ عصبة شغيلة كردستان(كومەلە)، لم يعد الصمت ممكنا، ص ص ١٦-١٧.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

شانە سەرەکییەکان دەکات بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئامادەبن، هاوکات لەگەڵ ئاگادارینامەکەدا بابەتە سەرەکییەکانی کۆنفرانسەکە دەخاتە بەر دەستییان، داواش لە ئەندامان دەکات بۆ بە تەنگەوە هاتن بە ڕێبازی ڕاستی کرێکاران و ڕەنجدەران، بە گیانێکی دڵسۆزانەی پڕ لە هەستی چینایەتی و ئینتەرناسیونالیستی پرۆلیتارییانەوە توێژینەوە بۆ بابەتەکان بکەن، تا ئەوەی لە کۆبوونەوەکاندا کێشەکان گەڵاڵە بکرێن و دوا بڕیار لە بارەیانەوە بدرێن[١].

یەکەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە لە ٢٥ی مایسی ١٩٨١ لە دێی مالیمۆس لە ژێر دروشمی (لەپێناو پتەوکردنی ڕیزەکانی کۆمەڵە و ڕاپەراندنی جەماوەری گەلەکەمان)، بە ئامادەبوونی (١٨٥) ئەندام دەستی بە کارەکانی کرد[٢]، کە نوێنەرایەتی نزیکەی هەشت هەزار ئەندام و لایەنگری ڕێکخراوەییان لە ناو پێشمەرگە و لە شارەکان و لە دەرەوەی وڵات دەکرد[٣]. بەمەش ئەندامانی کۆنفرانس بەشی هەرە زۆریان لە خەڵکی شار و شارۆچکە و ئۆردوگا و ناوچە و دێهاتەکانی باشووری کوردستانی پێکدەهێنا، کە لە ڕووی تەمەنەوە پێکهاتبوون لە: (٤٩) ئەندام لە نێوان تەمەنی (٢٠– ٢٤) ساڵ، (٧٤) ئەندام لە نێوان تەمەنی (٢٥–٣٠) ساڵ، (١١) ئەندام لە نێوان تەمەنی (٣١–٣٥) ساڵ،

---

(١) ناوەندی کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان عیراق، بۆ هاوری‌یانی هەلبژیراوی یەکەمین کۆنفرانسی کومەلەمان، ١٠/٤/١٩٨١.

(٢) سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی کۆنفرانس لە نێو سەرچاوەکاندا زانیاری جیاواز دەدرێت بە دەستەوە، وەك ئەوەی لە (لم یعد الصمت ممکنا) هاتووە ١٧٣ ئەندام ئامادە بوون. هەروەها لالۆ پێنجوینی لە یاداشتەکانییدا بە (١٨٠) ئەندامی بەشداربووی دادەنێت، کەچی ڕێباز و مەحموود سەنگاوییش بە (١٨٢) ئەندامی لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ڕاستییەکەی (١٨٥) ئەندامە و ئەو سەرچاوانە کەوتوونەتە هەڵەوە. عصبة شغیلة کردستان (کومەلە)، لم یعد الصمت ممکنا، ص ١٨؛ لالۆ عەبدولڕحمان پێنجوێنی، نیو سەدە بۆ نیشتمان، چاپی یەکەم، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٢)، ل ٤٤٨؛ ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، ل ٢٢٣؛ مەحموود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، چاپی دووەم، (سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٥)، ل١٠٢؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٩٨. کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان، راگەیاندنی کوتایی یەکەمین کونفرانس، ئایاری ١٩٨١، ل ل ١–٢.

(٣) شایەنی باسە، بەر لە بەستنی کۆنفرانس، کۆمەڵە کۆنفرانسی ناوخۆی لە ناو ڕێکخستنەکاندا ئەنجام نەداوە، بەڵکو پێوەر بۆ بەشداربوون لە ناو هێزی پێشمەرگە بریتی بووە لە: سێ ساڵ پێشمەرگایەتی و تەسلیم نەبوونەوەی بە حکومەت، ئەوانەی تریش لە لایەن ڕێکخستنەکانەوە دەستنیشانکراون. عصبة شغیلة کردستان (کومەلە)، لم یعد الصمت ممکنا، ص١٨.

(٤١) ئەندام لە نێوان تەمەنی (٣٦–٤٠) ساڵ، (١٠) ئەندام (٤٠) ساڵ بەرەوژوور، هەروەها لە ڕووی کار و پیشەوە، پێکهاتبوون لە: (٤٤) ئەندام کرێکار، (١٧) ئەندام پیشەگەر، (٦٥) ئەندام موچە خۆری بچووك و فەرمانبەر، (٩) ئەندام پیشەگەری گەورە و، (٥٠) ئەندامییش خوێندکاری زانکۆ و پێشمەرگە، کە لە نێویاندا (٥) ئافرەت هەبوون[١].

سەرەتای کارەکانی کۆنفرانس بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتێکی گشتی لە لایەن نەوشیروان مستەفا سکرتێری کۆمەڵەوە دەستی بەکارەکانی کرد، کە تێدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە شیکاری لایەنی سیاسی، ئایدیۆلۆژی، ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەیی و خەبات و تێکۆشانی قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵەی کردووە. ئینجا ڕاپۆرتی هەر یەکە لە ڕێکخراوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیی ناوخۆ، ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات، ڕێکخراوی شەهید جوامێر، ڕێکخراوی بادینان، ڕێکخراوی شەهید لەیلا، کۆمیتەی ڕاپەڕین و نامەی سکرتارییەتی یەکێتیی مامۆستاییانی کوردستان و یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان خوێندراوەتەوە. دواتریش بە فەرمی سەرکردایەتی پێشوویی کۆمەڵە دەستییان لەکار کێشاوەتەوە و دەستەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانس هەڵبژێردران و بەرنامەی کاری کۆنفرانس دیاریکراوە[٢].

کۆنفرانس لە تەوەری یەکەمیدا بە شێوەیەکی گشتی لە بەرنامەی کاری خۆیدا دەستی کرد بە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی مێژووی یازدە ساڵەی کۆمەڵە، بەمەش ئاماژە بۆ سەرەتای زەمینەی دامەزراندن و بونیادنانی بناغەی ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵە کردووە، هەروەها هەڵسەنگاندنی بۆ ڕۆڵی کۆمەڵە لە قۆناغەکانی خەبات و ڕۆڵی لە پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئامادەکردنی گروپە چەکدارەکان و بەرپابوونەوەی خەباتی چەکدارییدا لە باشووری کوردستان کردووە، ئەمەش بۆ ئەو مەبەستە بووە تا لەو ڕێگایەوە بە شێوەیەکی زانستی و هەمەلایەنە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە بۆ قۆناغە جیاوازەکان و گەشەکردنی لایەنی تیۆری و پراکتیکی کۆمەڵە لە مەیدانی ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ڕێکخراوەیی و پێشمەرگەیی

---

(١) کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان، راگەیاندنی کوتایی یەکەمین کونفرانس، ل ل ١–٢.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، ل ١٩٨.

بکرێت[1]، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا پەیوەندییە ناوخۆییەکانی هەڵبەز و دابەزی زۆری بە خۆیەوە بینیبوو، دواجار ئەمەش سەری بۆ گروپ بەندی کێشاوە، بۆیە مەسەلەی گێڕانەوە مێژووییەکە بۆ ماوەیەك کەش و هەوای ناو کۆنفرانسی ئاڵۆز کردووە. لەکاتێکدا یەکێك لە بەشداربووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە بابەتی گێڕانەوەی مێژووی کۆمەڵەدا، باڵی کۆمیتەی هەرێمەکان بە هیوای ئەوەبوون کۆنفرانس هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ قۆناغی ناوەڕاستی حەفتاکان و هەڵوێستی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و هەوڵی شکست خواردووی ئەوان و جێهێشتنی کوردستان و دواتر دەستگیرکردنییان لە لایەن حکومەتی ئێران و تەسلیمکردنەوەیان بە عێراق بکرێت، هەروەها باس لە ڕووداوەکانی ناو زیندان، لە سێدارەدانی شەهاب، جەعفەر و ئەنوەر بکرێت، لەگەڵ هەڵوێستی سەرکردەکانی دیکە لە زیندان و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنیان، بۆ ئەوەی هەموو ئاڵۆزی و مەسەلە نادیارەکان ئاشکرا بکرێن، بەڵام ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هەر چەندە کەسەکان و خاوەن ڕاوبۆچوونەکان ئامادەبوون، کەچی کەسییان زاتی ئەوەیان نەکردووە نهێنییەکانی ئەو قۆناغە ناسك و دژوارە باس بکەن، بۆیە مەسەلەکان بە نهێنی ماونەتەوە[2]. لێرەشدا وادیارە لە کاتێکدا گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان بابەتی سەرکردایەتی پێشووی باسکردۆتەوە و جەختی لەسەر ڕەخنەکانی کردۆتەوە، گروپی زیندانیش کەوتونەتە گازاندە لە دەرچوواندنی ڕاپۆرتی شوبات و ئاسەوارەکانی و هەڵویستی گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان لە کاتی هاتنەوەیان بۆ شاخ[3]، بەمەش بابەتەکە مشتومرێکی زۆری ناوەتەوە. بە تایبەت ئەگەر بزانین گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان سەری بۆ ڕەخنەی تاکەکەسی کێشاوە و دەمەقاڵەیەکی توندی لێکەوتۆتەوە[4]. ئەنجام کۆنفرانس بۆ هێورکردنەوەی باردۆخەکە ڕەخنە لە هەردوولا دەگرێت، وەك ئەوەی، کە نەدەبوو

---

(١) کومەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕاگەیاندنی کوتایی یەکەمین کونفرانس، ل ٤؛ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" ناوەند"، بیرەوەری "١١" ساڵەی لە دایك بونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، (چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨١)، ل ل ٧-٩.

(٢) پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، ل ١٤١.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت، ل ١٥٤؛ ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان، ل ل ١٨٣-١٨٤.

سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە کاتێکی ناسکی ئاوادا ڕێکخستنەکانی بە جێ بهێشتایە، بەڵکو دەبوو کاری بکردایە بۆ دانانی پلانێکی تۆکمە و بەهێز بۆ کاتی لێقەومان و تەنگانە، تا لەو ڕێگایەوە پارێزگاری لە ڕێکخستنەکانی بکات. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، کۆمیتەی هەرێمەکانییش نەدەبوو لە کاتێکی وادا ڕاپۆرتی لەم شێوەیە دەربکات، چونکە هەموو سەرکردایەتی پێشوو لە گرتووخانەکاندا لە ژێر ئەشکەنجە و لێکۆڵینەوەدا بوون، هەروەها ئەگەری ئەوە هەبوو دەزگاکانی ئەمنی سەر بە حکومەت ئەم ڕاپۆرتەیان دەست بکەوتایە و لە دژی ئەندامە دەستگیرکراوەکانی کۆمەڵە بەکاریان بهێنایە. بەمەش بەو هەڵوێستەی کۆنفرانس توانی مشتومڕی نێوان هەردوو گروپەکە بڕەوێنێتەوە، کە ماوەیەك هەردوو لای پێوە خەریکردبوو[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت لەبەر ئەوەی گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵە لە هەوڵی تیۆریزە کردن و بە سیاسی کردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان بوون، کاریگەرییان کردۆتە سەر ئەوەی کەش و هەوای ناو کۆنفرانسیش لە هەموو بابەتەکاندا بەرەو دوو ئاراستەی جیاوازی بەرن.

تەوەری دووەمی کۆنفرانس، قسە و باس هاتۆتە سەر ناوی کۆمەڵە، ئایا ناوەکەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بێت؟ یاخود کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان– عێراق؟، ئیتر لە بارەی ئەو بابەتەوە لەناو کۆنفرانسدا دوو ئاراستە هەبوون، ئاراستەیەکییان، کە پێکهاتبوون لە گروپی نەوشیروان مستەفا و گروپی زیندان، جەختیان لەسەر کوردستانی بوونی کۆمەڵە دەکردەوە و لەگەڵ ئەوەبوون پاشگری عێراق لە ناو کۆمەڵە بکەنەوە، بەڵام گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان لەگەڵ ئەوەبوون،

---

(١) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ٥٥؛ دیمانەیەك لەگەڵ مناف نادر قادر (سەفین مەلا قەرە)، هەولێر، ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤.( مناف نادر قادر ناسراو بە"سەفین مەلا قەرە" ساڵی ١٩٥٦ لە دێی مەلا قەرە لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لەو دێیە دەستپێکردووە، دەرچوویی ئامادەیی کشتوکاڵییە. ناوبراو لە بەر نزیکایەتی لە یەکێتیی قوتابییانی کوردستان ساڵی ١٩٧٤ بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوولدا کردووە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە هەولێر کردووە، ١٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ لەسەر داواکاری ناوەندی کۆمەڵە بۆتە پێشمەرگە و بەشداری لە هەر سێ کۆنفرانسی کۆمەڵە کردووە. بەمەش لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە تا ڕاپەڕین، لە دوای ڕاپەڕینیش بۆتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تا پلەی ئەندامی سەرکردایەتی چووە، ٢٠٠٩ساڵی لە یەکێتی جیابۆتەوە و لە ناو بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری کارای بینیوە و ئێستاکەش هەڵسوڕاوی ئەو بزووتنەوەییە و لە هەولێر نیشتەجێیە).

پاشگری عێراق بە ناوی کۆمەڵەوە بمێنێتەوە[1]. لەم بارەشەوە یەکێك لە هەوادارانی گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، پێداگیری ئەوان دەلالەت و مەغزای فکری و سیاسی هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەوان جەختیان لەسەر قووڵکردنەوەی فکری مارکسیزم کردۆتەوە و لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵەدا بووین و نەیان ویستووە کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بتوێتەوە[2]. لێرەشدا سەرباری ئەوەی ئاراستەکان بە ڕووی یەکتردا توند بووین و هەر دوولا هەوڵی جێگیرکردنی بیروڕاکەی خۆیانداوە، بەڵام دواجار لە کۆنفرانسی مالیمۆسەوە بە فەرمی پاشگری ناوی عێراق لە ناوی کۆمەڵە کراوەتەوە، بووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان[3]. بەمەش سەرەتایەکی دیکە لە قۆناغی ململانێ دەستپێدەکات، کە دواتر بە ململانێ نێوان داش عێراقییەکان و کوردستانییەکان ناوی دەرکردووە.

شایەنی باسە، هەر لە بەرنامەی کاری کۆنفرانسدا خاڵێك تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر پێناسە و سروشتی چینایەتیی کۆمەڵە، بەمەش لە سەرەتادا لە لایەن نەوشیروان مستەفاوە پێشنیاری ئەوە دەکرێت، پێناسەی سروشتی چینایەتیی کۆمەڵە وا دیاری بکرێت: کۆمەڵە، ڕێکخراویی کرێکاران، جووتیاران و ڕەنجدەرانی کوردستانە، لە بەرانبەر ئەوەشدا، لە لایەن گروپی کۆمیتەی هەرێمەکانەوە پێشنیاری ئەوە پێشکەش دەکرێت، کۆمەڵە ڕێکخراوی چینی کرێکارانی کوردستان بێت و ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕیش لە ژێر ئاڵای خۆیدا کۆبکاتەوە. لێرەشدا هەر چەندە لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو پێناسەیەدا هەیە، بەو هۆیەشەوە مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆر دەنێتەوە، کەچی، کە بابەتەکە دەخرێتە دەنگدانەوە ئەوەی یەکەمیان زۆرینەی دەنگەکان بە دەست دەهێنێت، بەڵام دوای جەختکردن و ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، ل ١٤٣.

(٣) پێڕەوی ناوخۆیّ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە لایەن یەکەمین کۆنفرانسەوە پەسەند کراوە، ئایاری ١٩٨١، ل ٦؛ کومەلەی رەنجدەرانی کودستان، بیرەوەری "١١" ساڵی لە دایك بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ل ل ٧–٠٩.

بۆ ئەندامانی کۆنفرانس و دووبارە دانەوەی داڕشتنەکان بۆ دەنگدان ئەنجام ئەوەی دووەمیان لە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەدا جێگیر دەکرێت[1]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت بابەتی ناکۆکی و جیاوازییەکانی نێوان گروپەکان، بۆتە هۆکاری ئەوەی لە زۆربەی گفتوگۆکانیاندا لە ئامانجی سەرەکی کێشەی کورد دوور بکەونەوە و خۆیان بە کێشەی لاوەکییەوە خەریك بکەن.

کۆنفرانس لە تەوەرێکی دیکەیدا هاتۆتە سەر پرسی کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەگەری جیابوونەوە و مانەوەی لە ناو یەکێتییدا، لەگەڵ جۆری پەیوەندییەکانی لە هەردوو حاڵەتدا، لێرەشدا هەر چەندە بیرکردنەوەکان جیاواز دەبن، کەچی دواجار کۆنفرانس لە هەڵسەنگاندنی بۆ ڕۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و دەوری کۆمەڵە لە ناو یەکێتییدا، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، گەشەسەندن و بە هێزبوونی کۆمەڵە و یەکێتی بە یەکەوە بەندە، بۆیە پێویست دەکات وەك نیمچە بەرەیەك پارێزگاری لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بکرێت و ڕێزیش لە پەیوەندی نیو باڵەکانی بگیرێت، تا لەو ڕێگایەوە کار بۆ گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوونی خەبات و تێکۆشان و بەشداربوونی زیاتر و کاریگەرتر لە دامودەزگاکانی شۆڕشدا بکرێت[2]. ئەمەش لە کاتێکدا بوو پەیڕەوانی خەتی شاسوار جەلال (ئارام) جەختییان لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵە و نەتوانەوەی لە بۆتەی یەکێتیدا دەکردەوە و پێیان لەسەر ئەوە داگرت، کە دەبێت کۆمەڵە لە کایەی بزووتنەوەی نیشتمانیدا سنووری یەکێتی ببەزێنیت و زیاتر فراوان بێت[3].

یەکێکی دیکە لە خاڵەکانی بەرنامەی کاری کۆنفرانس، بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی و دیاریکردنی ناکۆکی سەرەکی و لاوەکی و نەخشە و دابەشبوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و باڵە سیاسییەکان دیاریکرابوو، بۆ ئەوەی بە پێی هەلومەرجی

---

(١) سالار، چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پیشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٨٢)، ل ٣؛ مامۆستا جەعفەر، هەورێکی نەزۆك و مێژوویەکی ناکۆك، ل ل ٨٩–٩٠؛ عصبة شغيلة كردستان (كومەلە)، لم يعد الصمت ممكنا، ص ١٩.

(٢) کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان، راگەیاندنی کوتایی یەکەمین کونفرانس، ل ٧.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢.

قۆناغەکە لەسەر ئاستی کوردستان، عێراق، ناوچەکە و جیهان دۆست و دوژمنەکان دیارییبکرێن و هێلە گشتییەکان و تاکتیك و ستراتیژیی کۆمەڵە دابرێژرێت. لێرەشدا هەر چەندە بیروڕای جیاواز لە نێوان گروپەکان سەبارەت بە ناکۆکی سەرەکی و لاوەکی و هەڵوێست لە بەرانبەر هێزە سیاسییەکانی سەر گۆرەپانی کوردستان بوونی هەبوون[1]، بەڵام دواجار کۆنفرانس لەبەر ڕۆشنای شیکردنەوەکان و دیاریکردنی هێلە گشتییەکان و تاکتیك و ستراتیژیی کۆمەڵە، دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی گەلی کورد نەتەوەیەکی دابەشکراو و کوردستانیش نیشتمانێکی داگیرکراوە، بۆیە لەم قۆناغەدا ئامانجی سەرەکیی کۆمەڵە ئەنجامدانی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانییە، بە سەرکردایەتی چینی کرێکاران و بەشداری جەماوەرێکی بەفراوانی لە خەڵکی کوردستان، بۆ دژایەتیکردنی داگیرکەران و ئیمپریالیزم و دار و دەستەکانییان، ئەمەش لە پێناو هێنانەدی مافی ئازادی و بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین و گەشەکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و هەنگاو نان بەرەو سۆسیالیزم، کە بەشێکە لە شۆڕشی گەلانی ڕزگاریخوازی دونیا. بەمەش کۆنفرانس پێی وابوو دەبێت لە باشووری کوردستان کار بۆ ڕووخاندنی حکومەتی عێراق بکرێت، لەبەر ئەوەی حکومەتێکی سەرمایەداری دەوڵەتی بۆرژوازی بیرۆکراتییە و سیاسەتێکی فاشیستییانەی بەرانبەر بە گەلی عێراق و سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستی داگیرکەرانەی بەرانبەر بە گەلی کورد گرتۆتە بەر، بۆ ئەم مەبەستەش پێوست دەکات پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان هێزە کوردستانییەکان لە چوارچێوەی یەك ستراتیژدا بە هێز بێت، لەگەڵ یەکخستنی یەکێتیی و تێکۆشان لە نێوان هێز و گروپە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکە بەگشتی، هێز و تاقمە پێشکەوتنەکانی عەرەب و عێراق بەتایبەتی[2].

لەگەڵ ئەوەی کۆنفرانس بە گرنگ باس لە پتەوکردنی پەیوەندی ئینتەرناسۆنالیستی پرۆلیتار و هاوخەباتی و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و جوڵانەوەی کرێکاری و ڕزگاریخوازی گەلانی دونیا کرد، بەڵام بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژیی و

---

(١) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ١٤٣؛ عصبة شغيلة كردستان (كومەلە)، لم يعد الصمت ممكنا، ص١٨.

(٢) كومەلەی رەنجدەرانی کوردستان، راگەیاندنی کوتایی یەکەمین کونفرانس، ل ل ٥-٦؛ عصبة شغيلة كردستان" منظمة اوربا، البيان الختامي عن الاجتماع الموسع لمنظة عصبة شغيلة كردستان في اوربا، اب ١٩٨١، ص ص٢- ٤.

سیاسیی کۆمەڵە و گرێنەدانی بە ئاراستە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی، پێی وابوو دەبێت کۆمەڵە تەنیا مارکسیزم– لینینزم سەرچاوەی سەرەکی بیروباوەڕی بێت و بە بنچینەی تیۆری خۆی بزانێت، بەمەش دەبوو کۆمەڵە وەك تاقیکردنەوەیەکی ناوخۆیی سەیری بزووتنەوە کرێکارییەکان و گەلانی دیکەی جیهان بکات و سوود لە لایەنە باشەکانی وەربگرێت[1]. نەك خۆیانی پێوە ببەستێتەوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، هەر چەندە لایەنە ناکۆکەکانی ناو کۆنفرانس هەوڵی ئەوەیانداوە تیۆڕیزەی ناکۆکییە فکری و سیاسییەکانیان بکەن، بەڵام بە تەواوەتی نەیانتوانی خۆیان لە ناکۆکییە کەسایەتییەکان بەدوور بگرن، لەبەر ئەوەی گروپی زیندان بە هاوکاری و هەماهەنگی نەوشیروان مستەفا و ئاراستەکردنی جەلال تاڵەبانی لە دوورەوە، شانۆی کۆنفرانسییان کردۆتە پانتاییەك بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەکانیان، کە بارودۆخی دوای نسکۆی ١٩٧٥ لێی زەوت کردبوون، بەمەش دەبوو کار بۆ لاوازکردنی پێگەی ئەو سەرکردە و کادیرانەی کۆمەڵە بکەن، کە لە هەلومەرجی دوای گیرانی ئەوان ببوون بە خاوەن دەسەڵات و لەگەڵیشیدا کۆمەڵێك پرەنسیپی فکری جیاوازییان لە ناو کۆمەڵەدا جێگیر کردبوو. لە بەرانبەر ئەوەشدا گروپی کۆمیتەی هەرێمەکانیش لە دوای هاتنە دەرەوەی گروپی زیندان، هەستییان بە جۆرێك لە مەترسی لەسەر پێگەی دەسەڵاتییان لە ناو کۆمەڵەدا دەکرد، بۆیە بە هەموو توانایانەوە خەباتییان دەکرد و داکۆکییان لە ڕێباز و بۆچوون و پێگەی خۆییان دەکرد[2].

وێڕای بوونی ئەو ناکۆکییانەی ئاماژەیان بۆ کرا، کەچی هاتنە پێشەوەی هەندێك مەسەلەی دیکەش، کاری کردۆتە سەر ئەوەی ئەندامانی کۆنفرانس ماوەیەکی زۆر بە خۆیەوە خەریك بکات، بە تایبەت ئەگەر بزانین لە نێو سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، چەند کەسانێك هەڵوێستی هەر یەك لە سالار عەزیز و مەلا بەختیاریان بەرانبەر

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر(مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مناف نادر قادر(سەفین مەلا قەرە)، هەولێر، ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤.

بە گیرانی نەوشیروان مستەفا لە لایەن هێزەکانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بە ئاوەژوو گێڕاوەتەوە، کە ئەمەش هەم کاریگەری لەسەر کەش و هەوای ناو کۆنفرانس هەبووە، هەمیش لەسەر ئالۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوانییان[1]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە نووسینی وتارێکی مامۆستا جەعفەر، لە ژێر ناونیشانی دژی ئۆپۆرتۆنیزم (ضد الانتهازية)[2]، لێکدانەوەی ئەوەی بۆ کراوە، کە لە ئامادەنەبوونی نەوشیروان مستەفا، لە دژی ئەودا نووسیویەتی و مەبەستی سەرەکیشی لە ناوەڕۆکی نووسینەکەدا کەسایەتی نەوشیروان مستەفایە، بەڵام هەر چەندە نووسەری بابەتەکە جەختی لەوە کردۆتەوە، بەهیچ شێوەیەك مەبەستی ناوبراو نییە، کەچی ئەو بابەتە هەڵایەکی زۆری لە ناو کۆنفرانس ناوەتەوە[3].

بە گشتی کۆنفرانس تا ڕادەیەك توانی بۆچوونە جیاوازەکان تێپەڕێنێت، بەڵام دواجار لە سەروبەندی هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرکردایەتی نوێی کۆمەڵە بە جێگایەك گەیشت، کە بەو هۆیەوە کارەکانی کۆنفرانسی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دواخست. ئەمەش لە کاتێکدا بوو ئەو کەسەی، کە خۆی کاندید دەکرد بۆ هەڵبژاردنەکان دەبوو لە لایەن دوو ئەندامی کۆنفرانس ڕەخنەی ئاراستە بکرێت و یەکێکیش پەسەندی بکات، جگە لەوەش دەبوو لە نیوەی زیاتری دەنگەکانی ئەندامانی کۆنفرانس بە دەست بهێنێت، تا ئەوەی ببێت بە ئەندامی سەرکردایەتی[4]. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"... **بۆ ئەوەی**

---

(١) بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: ڕێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی دووەم، (www.nrttv.com)؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ بەرنامەی ڕوداو مێژو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە (شێخ عەلی کەشکۆڵ)، ئەلقەی یەکەم،(www.nrttv.com)؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢.

(٢) ناوەڕۆکی وتارەکە باسێکی ڕەخنە ئامێزە بۆ ئەو کەسانەی بە قەولی نووسەر، لە هەنگاوەکانیان هەوڵی ئەوە دەدەن کۆمەڵە لە ڕێبازی سەرەکی خۆی، کە مارکسیزم– لینینزمە بەرەو لاڕێ بەرن. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ناوەڕۆکی گوتارەکە بڕوانە: "دژی ئۆپۆرتۆنیزم"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە(٩)، زستانی ١٩٨١، ل ل ٣١– ٤٣ .

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٤) ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت، ل ل ١٥٦–١٥٧؛ ڕێباز، قەندیل بەغدا هەژاند، ل ٢٢٥.

**کاروباری کۆنفرانس بە ریك و پیکی بروا، من خۆم دەنگم نەدا، ستایشی کەسم نەکرد و ڕەخنەشم لە هیچ کەس نەگرت، هیچ لیستەیەکیشم ئامادە نەکرد بو"**[١]. لە بەرانبەردا یەکێك لە کادیرە بەشداربووەکانی کۆنفرانس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ڕاستە نەوشیروان مستەفا لە هەڵبژاردنەکە دەنگی بەکەس نەدا، بەڵام هەم ستایشی خەڵکی کردووە، هەمیش لیستی هەبوو، چونکە ناوبراو مەرجی بەسەر ئەندامانی کۆنفرانسەکە بۆ هەڵبژاردنەکان دانا، بەوەی لە ناو گەرمەی هەڵبژاردنەکاندا، بە ڕاشکاوی و بە دەنگێکی بەرزەوە، بانگی ئەوەیدا لە سەرکردایەتییەکدا کار ناکات سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەری تێدا بێت[٢].

بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکەی کەش و هەوای کۆنفرانسی هێندەی دیکە ئاڵۆزتر کرد، لە کاتێکدا هەر یەك لە: نەوشیروان مستەفا، کەمال خۆشناو، فەرەیدوون عەبدولقادر، مەلا بەختیار، عومەری سەید عەلی لە هەڵبژاردنەکان دەرچوون و، سالار عەزیز، مامۆستا جەعفەر، ئازاد هەورامی دەنگی پێویستییان نەهێنا. بەمەش سەرەتا ئازاد هەورامی لە وتەیەکدا ڕەخنە ئاراستەی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە دەکات و دەرنەچوونیان بە بێ ویژدانی لە قەڵەم دەدات ، دوای ئەویش هەر یەك لە مەلا بەختیار، مستەفا چاوڕەش، مولازم عومەر، سالار عەزیز بە توندی دەکەونە قسەکردن و شوێنی کۆنفرانسەکە بە جێ دەهێڵن[٣].

سەرچاوەکان لە بارەی هۆکاری دەرنەچوونی ئەو گروپە لە هەڵبژاردنەکان، کە لە ناو کۆمەڵە ڕۆڵی دیارییان هەبوو، زانیاری و ڕای جیاواز دەدەن بە دەستەوە، لە وانە: نەوشیروان مستەفا لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، هەندێك لە ئەندامانی کۆمەڵە لەو هاوڕێیانە داخ لە دڵ بوون، لەبەر ئەوەی ململانێیەکی ناڕەوایان لەسەر

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، ل١٩٨.

(٢) پشکۆ نەجمەدین، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان...، ل ل ٣١-٣٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢. صلاح الخرسان لە (التیارات السیاسیة في کردستان العراق) ئاماژە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کۆنفرانسی یەکەم دەکات و جگە لەو چوار کەسە سەرکەوتووە ئاماژە بۆ ناوی ئاوات عەبدولغەفور، ئاسۆی شێخ نوری، مولازم عومەر، جەمال عەلی باپیر، کەمال فوئاد و عەلی چەمچەماڵیش دەکات، کە لە ڕاستیدا زانیاریی ئەو سەرچاوەی پشتی بێ بەستووە هەڵە بووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صلاح الخرسان، التیارات السیاسیة في کردستان العراق، ص٤٠٤.

پلەوپایە دەستپێکرد بوو، بە تایبەت لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی، کە لە زیندان ئازاد ببوون، ئیتر ئەوە سەری بۆ دروستبوونی دەستگەری کێشا، هەروەها لە بیروباوەڕیشدا توندڕەو بوون، مەبەستییان بووە کۆمەڵە بەلای توندوتیژییدا بەرن، سەرباری ئەوەش ڕەفتاریان لەگەڵ پێشمەرگە و کادیرەکان وەك پێویست نەبووە[1]. لە بەرانبەردا سالار عەزیز هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، جەلال تاڵەبانی لە نامەیەکدا داوای ئەوەی کردووە هەولبدرێت مامۆستا جەعفەر و ناوبراو دەرنەچن[2]، کەچی مەلا بەختیار هۆکارەکە بۆ بوونی فشارێکی زۆر و کەمتەرخەمی خۆیان دەگێڕێتەوە، کە نەیان توانیوە زۆرینەی دەنگەکانی ناو کۆنفرانس بە دەست بهێنن[3]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت هۆکاری دەرنەچوونی ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە هەر چییەك بوو بێت، بەڵام یەکێك لە خاڵەکانی بۆ کەسایەتی نەوشیروان مستەفا و تواناکانی لە ناو کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ناو ڕووداوەکانی ئەو دەمدا کاریگەری زۆری هەبووە، هەروەها شێوەی کارکردنیشی شێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو بووە، بۆیە پراگماتیزم زاڵبووە بەسەر بیرکردنەوە و کردەوەکانیدا، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکە، کە زیاتر ئایدیۆلۆژیا بەسەر بیرکردنەوەکانیاندا زاڵبووە، ئەوەش کارێکی وای کردووە، لە ئەنجامی بوونی ململانێییەکاندا نەوشیروان مستەفا بتوانێت بناغەیەك بۆ دەسەڵاتەکانی لە ناو کۆمەڵەدا بچەسپێنێت و ئەوانەی تر پەراوێز بخات.

دوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیەندرا و گروپی کۆمیتەی هەرێمەکان شوێنی کۆنفرانسیان جێ هێشت، کارەکانی کۆنفرانس پەکی دەکەوێت، بەمەش بۆ مەبەستی سەرخستی کۆنفرانس و هێنانەوەیان بۆ ناو دانیشتنەکان، بەشێك لە ئەندامانی کۆنفرانس دەکەونە گفتوگۆکردنەوە و دانیشتنێك لە دەرەوەی کۆنفرانس

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، ل١٩٨.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢. مامۆستا جەعفەر دەرنەچوونی خۆی و هاوڕێکانی لە کۆنفرانسی یەکەم بە خورگێران وەسف کردووە و لە چوارچێوەی گێڕانەوەی کورتە چیرۆکێکدا ئاماژەی بۆ کردووە و لە چاپی داوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فاضل كريم احمد، خۆرگێران، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٨١)، ل ل ٦– ١٣.

(٣) فوئاد سدیق، گەردەلوولی سیاسەت، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، (دهۆك، چاپخانەی خانێ، ٢٠٠٩)، ل٤٤.

بەڕێوەدەبەن[١]. لەم بارەیەوە سالار عەزیز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: **"... لەبەر ئەوەی ئێمەمانان کەم نەبووین و نەدەکرا وا بە ئاسانی پەراوێزمان بخەن، بۆیە هاتن و کەوتنە گفتوگۆکردنەوە، هەر ئەوەش وای کرد لە دانیشتنەکەدا نەوشیروان مستەفا داوای ئەوەمان لێ بکات بگەڕێینەوە و خۆمان هەڵبژێرین و ئەو وا دەکات دەنگی پێویست بە دەست بێنن، بەڵام ئێمە لەسەر داواکەی ناوبراو ڕازی نەبووین. دوای ئەوە نەوشیروان مستەفا پێشنیاری ئەوەی کرد تا بەستنی پلینۆم لە سەرکردایەتی بمێنینەوە و، ئێمەش بەو داواکارییە ڕازی بووین"**[٢]. ئیتر بە گەڕانەوەی ئەو گروپە بۆ ناو کۆنفرانس و پێشکەشکردنی پێشنیارەکەی نەوشیروان مستەفا بە مانەوەیان لە سەرکردایەتی تا بەستنی پلنیۆم[٣] و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی لە لایەن هەندێك لە ئەندامان، دووبارە سالار عەزیز و هاوڕێکانی دەکەونەوە هەمان سەنگەری پێشووەوە، بەمەش پێشنیارەکەی نەوشیروان مستەفاش سەر ناگرێت و کەش و هەواکە ئاڵۆز دەبێتەوە[٤]. لەم بارەیەوە سالار عەزیز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات گەورەترین هەڵەی مێژوویی، کە کردویەتی ئەوە بووە، کاریکردۆتە سەر هاوڕێکانی، چونکە بەبۆچوونی ناوبراو ئەگەر ئەوان بە پێشنیارەکانی نەوشیروان مستەفا ڕازی بونایە و بەشداری

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئیحسان نەجم (ئەبو شەهاب)، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٣) پلنیۆم: بریتییە لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان، تێدا ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، جێگرەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوەکان و کادیرە پێشکەوتووەکانی دەزگاکانی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە یاخود پارتەکە، کە بۆ هەڵسەنگاندنی کاروباری سەرکردایەتی، دارشتنی تاکتیکی نوێ، پڕکردنەوەی سێیەکی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، یا دیاریکردنی کاتی کۆنفرانس بەشداری تێدا دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەو کۆبوونەوەیە یا ساڵی جارێك یان لەسەر داوای زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی یا داوای زۆربەی ئۆرگانەکان ئەنجام دەدرێت. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، پێڕەوی ناوخۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە لایەن دوەمین کۆنفرەنسەوە پەسەند کراوە، ١٩٨٢، ل ٢٧-٢٨.

(٤) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان- ناوەند، "بۆ ئەوەی کەرتەکانی ڕێکخستن لە ئاستی مەسئولیەتە گرنگەکانی خۆیاندا بن"، ژیانی ڕێکخراوەیی مان، ژمارە(٧)، ١٩٨٢/١٢/١٠، ل ل ٢-٣.

هەڵبژاردنیان بکردابوایە، ئەو کات ئەوان دەبوون بە زۆرینە و بابەتەکانیش ئاوایان بەسەر نەدەهات[1].

وێڕای بوونی ناکۆکی و ململانێیەکی زۆر لە کۆنفرانسی یەکدا، کەچی بڕیار لە بارەی دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاواییەکاندا، ئەمەش بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ئەو گوند و شارۆچکە و ناوچە ئازادانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت دابوون، بۆ ئەوەی ئیدارەیەکی مەدەنییان تێدا دابمەزرێت و خەڵکی ناوچەکان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن[2]. هەروەها لە هەمووی گرنگتر کۆنفرانس توانی پەسەندی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بکات، کە تێدا ئاماژە بۆ جۆری پەیوەندی و دەسەڵات و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا و تەواوی بینای ڕێکخراوەیی کۆمەڵە کرا بوو. لێرەشدا بە شێوەیەکی چەسپاوتر لە جاران بینای ڕێکخراوەیی کۆمەڵە بە شێوەیەکی هەرەمی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەسەر شانە، پۆل، کەرت، ڕێکخراوە، کۆمیتەی ڕێکخراوەکانی ناوخۆ، کۆمیتەی سەرکردایەتی، ناوەند، سکرتێر، پلینۆم، کۆنفرانس دابەشکرابوون. بەمەش شانە وەك بنکەیەکی بنچینەی و بنکەی جەماوەری و ڕەگی کۆمەڵە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا (٣– ٥) ئەندامی لە خۆ دەگرت. پۆلیش وەکو ئەوەی، کە لە (٣–٥) لێپرسراوی شانەکان پێکدەهات ئەرکی بەیەکەوە گرێدانی چەند شانەیەك و ئاراستەکردنییانی لە ئەستۆدا بوو. دوای ئەوەش بە لێپرسراوی چەند پۆلێکی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) وێڕایی ئەوەی ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ئاواییەکان لە ڕووی دیموکراتییەوە ئەزموونێکی پێشکەوتوو بوو، بەڵام بێ کەم و کوڕیش نەبوو، کە هەندێك لەو کەم و کوڕییانە جەوهەری بوون و کاریگەرییان لەسەر هەڵسووڕانی ئەنجوومەکان هەبوو، بەتایبەت ئەو ئەزموونە لە شوێنێك بەڕێوەدەچوو، ئەزموونی دیموکراتییان نەبوو، هەروەها ئەنجوومەکان زۆربەیان پیاو بوون، ژنان لە هیچیاندا ئەندام نەبوون، تەنانەت نزمترین ئاستی بەشداربوونییان نەبوو. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە هەرچەندە وا بڕیار بوو، ئەندامانی ئەنجوومەکان بە شێوەیەکی دیموکراتییانە هەڵبژێردین، کەچی لە هەندێك شوێن لێپرسراوەکان خۆیان ئەندامەکانییان دەستنیشان دەکرد، کەواتە بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن و پرۆسەکە هەبوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە. نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ عوسمان دەشتی، ١/ ١٩٨٣/٨؛ جەمال، ئاوڕدانەوەیەك لە ئەنجومەنی ئاواییەکان، (دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێرانیی کوردستان، ١٩٨٤)، ل ل ١– ١١؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد، "ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئاواییەکان لە سەردەمی شاخ(١٩٨١–١٩٨٨)"، گۆڤاری "کلتور"، ژمارە(٦)، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ل ٩٣– ٩٤.

ناوچـەیەکی دیـاریکراو کـەرتییان پێکـدەهێنا، ئـەرکی بـەڕێوەبردن و ڕابەرایـەتیکردنی ڕێکخستنی سنوورێکی دیاریکراوی لە ئەستۆدا بوو، کە ڕێکخراوەکـە بـۆی دیـاریکردبوو، لەبەر ئەوەی ڕێکخراو پێکدەهات لە سەرجەم ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە شـارێك یـان لـە ناوچـەیەکی جـوگرافی دیـاریکراودا، لـە نـاو شـارەکاندا بەسـترابوونەوە بـە کۆمیتـەی ڕابەرایـەتی ڕێکخراوەکـانی نـاوخۆ. کۆمیتـەی ڕابەرایـەتی ڕێکخراوەکـانی نـاوخۆش پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆیان لەگـەڵ ناوەنـدی کۆمەڵـەدا هـەبوو. ئـەو ناوەنـدەی، لـە لایـەن کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردران و لە نێویاندا یەکێك دەبوو بە سکرتێر، کـە دەبـوو بـە لێپرسـراوی یەکـەمی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی، بەمـەش دەبـوو ئاگـاداری هـەموو کاروبـاری سیاسی، تیۆری، ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەیی و چالاکییەکانی دیکەی کۆمەڵە بێت[1].

ئەنجام دەتوانرێت بووترێت کۆمەڵە لە کۆنفرانسـی یەکـەم لـە مـالیمۆس توانیویـەتی پـاش مشـتومڕ و بێنـە و بەرەیـەکی زۆر، هەنـدێك لەسـەر خەتـە گشـتییە فکـری و سیاسییەکانی جێگیر بکات، بـەڵام لـە دانـانی بەرنامەیـەکی تێروتەسـەل و هەمەلایەنـدا، سەرکەوتوو نەبووە، ئـیتر هـەر ئـەوەش وای کـردووە ڕەوشـی دوای کـۆنفرانس کـەش و هەوایەکی پڕ لە ململانـێ و کێشـە بێـت و ئاراسـتەکان بەسـەر دوو گـروپ و دوو تێـڕوان دابەش بێت، کە لە تەوەری دووەمدا باسیان لێوە دەکەین.

---

(1) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، پێرەوی ناوخۆ، لە لایەن یەکەمین کۆنفرەنسەوە پەسەند کراوە، ئایاری ١٩٨١، ل ل ٢-١٩.

## تەوەری دووەم: بەردەوامی کۆمەڵە لە خەبات و زیادبوونی ناکۆکییە ناوخۆییەکان

دوای ئەوەی کۆنفرانسی یەکەم لە مالیمۆس وێڕای مشتومڕ و بێنە و بەرەیەکی زۆر، توانی هەندێك لەسەر خەتە گشتییە فکری و سیاسییەکانی کۆمەڵە جێگیر بکات، بەڵام بە هۆی بەردەوامی جیاوازی و ناکۆکییەکان و یەکتر قبوڵنەکردنەوە، دیسانەوە هەلومەرجی دوای ئەو ماوەیە قۆناغێکی نوێی لە ناکۆکی و ناتەبای ناوخۆیی هێنا پێشەوە، بە تایبەت لەسەر مەسەلەی کوردستانی بوون و عێراقی بوونی کۆمەڵە و دامەزراندنی پارتی پێشڕەوەی چینی کرێکاری کوردستان، چونکە لەم ماوەیەدا جارێکی دیکە پرسیاری ئەوە کرایەوە ئایا دەبێت لەسەر بناغەی بارودۆخی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانییان پێوە لکێنراوە بیر لە دامەزراندنی پارتێکی سەرتاسەری بۆ کرێکارانی کوردستان بکرێتەوە؟ یاخود دەبێت چینی کرێکاران لە سەرتاسەری کوردستان کار بۆ دامەزراندنی پارتێکی سەربەخۆ بکات؟ لەم بارەشەوە یەکێك لە سەرکردە دیارەکانی کۆمەڵە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، تا ئەو دەمەش نە لەناو سەرکردایەتی و نە لە ناو کادیرە دیارەکاندا لێکدانەوەی هاوبەش و ڕێچکەی هاوبەش نەبوون و بیروڕای جیاوازییان لەم بارەیەوە هەبووە[1].

لە ڕاستیدا، لەم قۆناغی ناکۆکییەشدا بیروڕا جیاوازەکان تەنیا لە ناو سەرکردایەتیدا نەمانەوە، بەڵکو شۆڕبوونەوە بۆ ناو ڕێکخستنەکان، بۆ ئەو مەبەستەش هەر لایەکیان هەوڵی ئەوەی دەدا کار بۆ چەسپاندنی ڕاکانیان بکەن و هەوادار بە دەوریدا کۆبکەنەوە. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پەنا براوە بۆ نووسینی هەندێك نامیلکە، کە تایبەت بوون بەم بابەتەوە. لە هەموویان دیارتر نامیلکەیەك بوو بە ناونیشانی (پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان)[2]، کە لە لایەن فەرەیدوون عەبدولقادرەوە نووسراوە، دوای ئەویش هەر یەك لە وەڵامدانەوەی سالار عەزیز بۆ فەرەیدوون عەبدولقادر، وەڵامی ڕێکخراویی سلێمانی بۆ سالار عەزیزی بە دوای خۆیدا هێناوە، یەکەمیان نامیلکەیەکی نووسی بە ناونیشانی (چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پارتی پێشرەوی چینی کرێکاری کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کورستان، (بێ شوێنی چاپ، دەزگای لێکۆڵینەوەی زانستی، ١٩٨١/١٢/١).

کرێکاری کوردستان)[1]، دووەمیشیان نامیلکەیەکیان نووسی بە ناونیشانی (لێدوانێك لەسەر نامیلکەی چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە)[2]. لە ئەنجامدا نووسینی ئەو نامیلکانە، ناکۆکییەکانی توندتر کرد.

هاتنە پێشەوەی بابەتگەلی لەو شێوەیە و بوونی دوو ڕەوتی جیاواز، بووە هۆی ئەوەی هەردوو ڕەوتە جیاوازەکە بەیەکدا هەڵبشاخێن، کە دواتر ناوی کوردستانی و داش عێراقی بوو بە پاشگری ناوەکانیان، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کوردستانییەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون، کە دەبێت کۆمەڵە خەبات بۆ سەرتاسەری کوردستان بکات و کار بۆ دامەزراندنی پارتێکی کرێکاری لە کوردستاندا بکات، بەڵام هەرچی گروپی عێراقی بوون پێیان وابوو دەبێت کۆمەڵە خەبات لەسەر ئاستی باشووری کوردستاندا بکات، چونکە ئامادەیان بۆ ئەوە دەکرد دروستکردنی پارتی کرێکاران لە سەرتاسەری کوردستاندا لە توانای ئەواندا نییە[3]. سەر ئەنجام، ئەمجارەش بەهۆی سەرهەڵدانەوەی جیاوازییەکان، بارودۆخەکە سەری کێشاوە بۆ ململانێ و ناکۆکی لە ناو هەناوی کۆمەڵەدا، ئەمەش وای کرد بارەکە بە کەش و هەوایەکی ئارامدا گوزەر نەکات، بەڵکو سەر بکێشێت بۆ وەڵامدانەوەی یەکتر، یەکتر تۆمەتبارکردن، ئەگەر بزانین کوردستانییەکان بە لایەنەکەی دیکەیان دەوت عێراقچی یان داش عێراقی، عێراقییەکانیش بە کوردستانییەکانیان دەوت ڕاستڕەو[4]. کە یەکەمیان لە لایەن

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سالار عەزیز، چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕێکخراوی سلێمانی، لێداوانێك لەسەر نامیلکەی چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە، چاپی دووەم، (چاپخانەی شەهید جەمال تایر، سوید، بێ ساڵی چاپ).

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد(حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەولا، سلێمانی، ١ی تەمووزی، ٢٠١٢.

نەوشیروان مستەفا و فەرەیدوون عەبدولقادر، دووەمیشیان لە لایەن سالار عەزیز و مەلابەختیارەوە سەرپەرشتی دەکران.

ئەڵبەتە ئەوانەی جەختیان لەسەر بوونی پارتێکی کرێکاری لە سەرتاسەری کوردستاندا دەکردەوە بەڵگەیان بۆ بۆچوونەکانیان دەهێنایەوە و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە چینی کرێکاران لە کوردستاندا لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینیوە، سەنگی سیاسی و جەماوەری هەیە و بەشێك نییە لە چینی کرێکارانی هەر کام لەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە، چونکە پێیان وابوو لە ڕووی ئابوورییەوە جیاوازییەکی زەق بەدی دەکرێت لە نێوان کرێکارانی کورد و کرێکارانی هەر یەك لەو دەوڵەتانەدا، بە ڕادەیەك، کرێکارانی ئەو دەوڵەتانە کەڵك لە قازانج و دەسکەوتەکان وەردەگرن، کە بۆرژوای دەسەڵاتداری وڵاتاکەیان لە ئەنجامی زەوتکردنی خاکی کوردستان و تاڵانکردنی سامانەکەی و چەوساندنەوەی کرێکاران و جەماوەرەکەی دەستیان دەکەوێت، ئەوەش وادەکات هاوکێشەکی نا بەرانبەر لە نێوان کرێکارانی کوردستان و کرێکارانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان دروست بکات، ژیان و گوزەرانییان خۆشتر بێت و دەستمایە و دەستکەوتی زیاتریان دەستبکەوێت، بەو هۆیەشەوە کرێکارانی ئەو وڵاتانە بیانەوێت و نەیانەوێت، تا ئەندازەیەك بەشداری لە کاری بۆرژوازییانە لە ڕووتاندنەوەی کرێکاران و تێکڕای جەماوەری گەلی کوردستاندا دەکەن. ئەنجام هەر چەند کرێکارانی کوردستان کارگەی پیشەسازییان هەبێت و کاری تێدا بکەن، بەڵام لە ئەنجامی باری قورس و زیاتر چەوساندنەوەیان و ناخۆش بوونی گوزەرانییان و تێکچوونی باری ژیان و گوزەرانی جوتیاران و وردە بۆرژوا و هاتنە ڕیزی بەشێك لەوانە بۆ ناو چینی کرێکاران، وا دەکات ناکۆکییەکان تاڕادەیەك خێراتر بەرەو پێشەوە بچێت و چینی کرێکاران بەرەو فراوانتر بچێت. بۆیە پێویست بە دامەزراندنی پارتێکی تایبەت بە کرێکاران لە سەرتاسەری کوردستاندا دەکات[1]. لە بەرانبەر ئەوەدا عێراقییەکان پێیان وابوو چینی کرێکارانی کوردستان بەشێك لە چینی کرێکارانی هەر

---

(١) ئیبراهیم جەلال، کۆمەڵە بۆ کوردستانیە؟، چاپی دووەم، (کوردستانی عێراق، چاپخانەی شەهید ابراهیم عەزۆ، ئاداری ١٩٨٤)، ل ل١٠-١١؛ هەڤاڵ کوێستانی، دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان، (کوردستانی عێراق، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٢)، ل ل ٤-٥؛ جەمال شێخ نوری، وێرانکاری و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، (سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٥)، ل ٣٨.

یەك لەو دەوڵەتانە پێکدەهێنن، کە کوردستانییان پێوە لکێنراوە، بەمەش پێیان وابوو ئەو جیاوازییەش، کە لە ڕووی ئابوورییەوە باسی لێوە دەکرێت حەتمی نییە و ڕێژەییە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدا بوون کار بۆ دامەزراندنی پارتێکی کرێکاری لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا بکرێت، کە کوردستانی پێوە لێکینراوە[1].

کوردستانییەکان پێیان وابوو لە ڕووی سیاسییەوە کرێکارانی نەتەوەی سەر دەستە لەو وڵاتانەدا لە ڕووی نەتەوایەتییەوە ناچەوسێندرینەوە وەك کرێکارانی کوردستان، بۆیە لەو ڕووەوە بارودۆخێکی شیاوتر و باشتریان هەیە، بەڕادەیەکی وا هێندەی کرێکارانی کوردستان بە تەنگ گۆڕینی بارودۆخەکەوە نین، بەمەش بارودۆخێکی سستر و شۆڕشگێڕانەی کەمتر دەورەی داون. لە بەرانبەریشدا کرێکارانی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە دووچاری چەوساندنەوەیەکی قورس هاتوون، بەمەش چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بۆتە ئاوێنەی چەوساندنەوە چینایەتییەکەی، بۆیە ئەوەندەی تر باری چەوساندنەوەکەیان قورستر بووە. بۆیە ئەو بارودۆخە پڕ لە چەوساندنەوەیە وای لە کرێکارانی کوردستان کردووە زیاتر لە کرێکارانی نەتەوەی سەردەستە بە تەنگ گۆڕینی بارودۆخەکەوە بن و ڕادەی شۆڕشگێڕییەتییان زیاتر پێوە دیار بێت و خەبات لە پێناوی مەسەلەی چینایەتی و نەتەوایەتی بکەن[2]. بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا عێراقییەکان پێیان وابوو خەباتی دیموکراتییانە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا وەك یەك بێ هێز نییە، بەڵکو خەبات و تێکۆشان تیایاندا لە پێشکەوتندایە و دەکرێت هیوای زۆری لێوە بکرێت، جگە لەوەش پێیان وابوو کرێکارانی کوردستان بە تەنیا لە بارياندا نییە کار بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە بکەن، بۆیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن، دەبێت

---

(١) توانا، "چۆن مارکسیزم– لینیزم تێ دەگەین!"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (١)، خوولی سێیەم، کانوونی دووەمی ١٩٨٥، ل ل ٦١–٦٣؛ "دروشمەکانی ئەمرۆمان"، گۆڤاری "هەڵوێست"، ژمارە (١)، کانوونی دوەمی ١٩٨٦، ل ل ٤–٥؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد(حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢.

(٢) پارتی پێشرەوی چینی کرێکاری کوردستان، ل١٥؛ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کوردستانی بونی کرێکاران و رەنجدەران، (بێ شوێنی چاپ، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، نیسانی ١٩٨٣)، ل ل ٢١–٢٢.

خــەبات و تێکۆشــانی دیموکراتییانــە بــە هاوکــاری و هەماهــەنگی لەگــەڵ هێــزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو دەوڵەتانەدا بکەن[1].

هەڵگرانی بۆچوونی کوردستانی پێیان وابوو لە ڕووی فکریشەوە جیاوازی ئەوە بەدی دەکرێت، کرێکارانی هەر کام لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان پێوەلکێنراوە، چ لـە ماڵـەوە بێت یاخود لـە نـاو شـوێنە گشـتییەکان بێـت بـە گیـانێکی شـۆڤێنییانە و ڕق لێبوونـەوە بەرانبەر بە کرێکاران و تێکڕای گەلی کوردستان پەروەردە دەکرێن، ئەوەش بۆ مەبەستی باڵا دەستبوونی لایەنی فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژی، چونکە چینی بۆرژوای باڵا دەسـت لـەو وڵاتانەدا هەوڵی ئـەوە دەدات کرێکـارانی وڵاتەکـەی خـۆی فێـری ئـەوە بکـات ڕقیـان لـە کرێکـارانی کوردسـتان ببێتـەوە، لەبەرئـەوەی هەمیشـە بـاس لـەوە دەکـەن کرێکـارانی کوردستان و گەلی کورد بە گشتی جوداخوازن و دەیانەوێت کوردستانی پڕ لە خێر و بێـر لــە دەوڵــەتی ئەوانــدا بپچــڕن، بەمــەش ژیــان و گــوزەرانی ئــەوان تێکدەچــێت و بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتـە ژێر مەترسییەوە[2]. لـە بەرانبـەردا عێراقییـەکان پێیـان وابـوو، ڕەنگـە ئـەو بابەتـە تاڕادەیـەك کاریگـەری خـۆی هـەبووبێت، بـەڵام سـەرئەنجام کاریگەرییەکـەی تێکڕای چـینی کرێکـارانی نەگرتۆتـەوە، بۆیـە دەکرێـت لـەم بارەیـەوە کرێکارانی نەتەوەی سەردەستە هۆشیار بکرێنەوە[3].

---

(١) سالار عەزیز، چەند سـەرنجێکی ڕەخنـە گرانـە دەربـارەی نامیلکـەی پـارتی پێشڕەوی چـینی کرێکـاری کوردستان، ل ل ٢٢–٢٣؛ کاکل ئەحمەد(کاکلە ڕەش)، یەکێتی و ململانێ...، ل ل ١٢٤–١٢٥.

(٢) هەڤاڵ کوێستانی، دەربارەی حزبی سەربەخۆی چینی کرێکارانی کوردستان، ل ل ٦–٧؛ ئیـبراهیم جەلال، کۆمەڵە بۆ کوردستانیە؟، ل٨.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمـەد(حاجی مـەمۆ)، هـەولێر، ١ی نیسـانی ٢٠١٢؛ دیمانەیـەك لەگـەڵ کاکل ئەحمەد مـەعروف (کاکلـە ڕەش)، هـەولێر، ٢٥ی کـانوونی دووەمـی ٢٠١٤. ( کاکـل ئەحمـەد مەعروف ناسراو بە کاکلە ڕەش، ساڵی ١٩٦١ لە دێی سەید عوبیـد سـەر بـە پارێزگـایی هـەولێر لـە دایـك بـووە، هـەڵگری بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـە لـە کیمیـا و یاسـادا. نـاوبراو سـاڵی ١٩٧٣ لەگـەڵ قوتابییان هەماهەنگی کردووە، سـاڵی ١٩٧٦ لـە لایـەن ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـە پەیوەنـدی پێـوە کراوە، بەمەش لێرە بە دواوە هەم لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هـەمیش لـە نـاو ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەدا کـاری کـردووە. سـاڵی ١٩٨١ بـە هـۆی کـاری سیاسـی زینـدانی دەکرێت، ساڵی ١٩٨٢ دوای ئازادبوونی ڕوو دەکاتە شاخ و تێکەڵاوی ژیانی پێشمەرگایەتی دەبێت، سـاڵی ١٩٨٤ بەشـداری لـە کۆنفرانسـی سـێ کۆمەڵـەدا دەکـات، دوای ئـەوە لەبـەر جیـاوازی بۆچوونەکانی تێکەڵاوی ڕەوتی ئاڵای شۆڕش دەبێت، ساڵی ١٩٨٦ لە چالاکییەکانی نـاو شـاردا لـە

هەوادارانی کوردستانی وایان دەبینی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە سیاسییەدا، کە بۆرژوای نەتەوەی سەردەستە لە کوردستاندا بەرهەمیهێناوە، بارودۆخێکی سیاسی و تایبەت و هاوبەشی بۆ کرێکاران لە هەموو پارچەکانی تری کوردستاندا دروست بووە، بە شێوەیەك ئەرك و ڕاسپاردەکانی سەرشانی هەموویانی کردووە بە یەك و خستونییەتە بەردەم دوو ئەرکی گرنگ و بایەخدار، کە ئەوانیش بەرزکردنەوەی ئاڵای ڕزگاریی نیشتمانی و خەباتکردنە لە پێناو بە دەست هێنانی سەربەخۆیی تەواو بۆ گەلی کوردستان و زامنکردن و پەرەپێدانی خەباتی چینایەتی کرێکاری لە کوردستاندا، بە ئامانجی ئەوەی لە ناو هەناوی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەیدا جڵەوی دەسەڵات و سەرکردایەتی شۆڕشەکەی بە دەستەوە بێت[1]. لە بەرانبەردا عێراقییەکان پێیان وابوو بە تەنیا کوردستان ناوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ناوچەکە نییە، بەڵکو ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەی لە کوردستاندا هەیە بەشێکە لە بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتەکانی تر، کە کوردستانییان پێوەلکێنراوە، بۆیە وایان دەبینی بزووتنەوەی کوردی بە تەنیا ناتوانی کار بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی بکات، بێ ئەوەی هاوکاری و یەکێتی خەبات لەگەڵ گەلانی ناوچەکەدا ببەستێت، بۆ ئەوەی حکومەتێکی دیموکراتی بەرهەم بهێنرێت[2].

هەڵگرانی بیری کوردستانی پێیان وابوو لە کاتێکدا بناغەیەکی بابەتی و مێژوویی تێکڕای کرێکارانی پارچەکانی کوردستانی کۆکردۆتەوە و کردوونی بە چینێکی تایبەت و سەربەخۆ و خاوەن هەڵوێستی هاوبەش و ئەرك و فەرمانی وەك یەك و بارودۆخی چوون یەك لە ڕووی سیاسی، ئابووری و فکرییەوە، هەروەها بارودۆخێکی بابەتی هاوبەش هاتۆتە پێشەوە تا بە یەك ئاقاری گەشەکردنی تایبەتی بەرەو پێشەوە بڕۆن، بۆ

---

لایەن دەزگاکانی حکومەتەوە دەستگیر دەکرێتەوە و تا ئەوە ساڵی ١٩٨٨ ئازاد دەکرێتەوە، ئیدی دووبارە دەگەڕێتەوە سەر کارو چالاکییەکانی تا دوای ڕاپەڕین. ناوبراو ئێستاکە فەرمانبەرە لە وەزارەتی پەروەردە و لە هەولێر نیشتەجێیە).

(١) پارتی پێشرەوی چینی کرێکاری کوردستان، ل ل ١١–١٣؛ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کوردستانی بونی کرێکاران و رەنجدەران، ل ل٢٣–٢٤؛ عصبە شغیلە کردستان، البیان الختامی عن الاجتماع الموسع...، ص ٥.

(٢) سالار عەزیز، چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان، ل٢٥؛ پشکۆ نەجمەدین، لە سێبەری ئەدەب و ئاستانەی سیاسەتدا "کۆمەڵێك دیمانە و لێکۆڵینەوە"، چاپی یەکەم، (سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر، ٢٠٠٩)، ل ل ١٤٧–١٤٨.

ئـەوەی لـەو ڕێگایـەوە کـار بـۆ خـەباتی چـینایەتی و نیشـتمانی بکـەن و هـەوڵی یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان بدەن، تا دواجار کۆمەڵێکی سۆسیالیستی لـە کوردسـتان دابمـەزرێنن[1]. لـە بەرانبـەردا عێراقییـەکان پێیـان وابـوو، زەمینـەی بـارودۆخێکی وا لـە ئـارادا نییـە بـۆ ئـەوەی کـار بـۆ ڕزگـارکردنی سەرتاسـەری لـە کوردستاندا بکرێت، تا لەو ڕێگایەوە هەنگاو بۆ دامەزراندنی کۆمـەڵێکی سۆسیالیسـتی لە کوردستاندا بنرێت[2].

هـەڵگرانی بـیری کوردسـتانی جـەختیان لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە، وەکـو چـۆن جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کرێکارانی کوردستان و کرێکارانی نەتەوەی سەردەستەدا هەیـە و هـیچ کاتێـك بەشـێك لـە تێکـڕای کرێکـارانی ئـەو دەوڵەتانـە پێکنـاهێنن، کـە کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە. ئاواش هاوبەشی لـە نێـوان کرێکـارانی کوردسـتان لـە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەیە، بە شێوەیەك کرێکارانی هەر پارچەیەکی کوردستان بەشێکن لە تێکڕای کرێکارانی کوردستان. جگە لەوەش ئاماژەیان بـۆ ئـەوە دەکرد مـادام کرێکارانی هەر گەلێك مافی پێکهێنانی پارتێکی سەربەخۆی هەیـە، ئـەوەی گـەلی کـوردیش

---

(١) کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان، ڕێکخـراوەی دەرەوە، کۆمەڵـەی ڕەنجـدەرانی کوردسـتان بـە بۆنـەی ١٢ سـاڵ تێپـەربوون بەسـەر لـە دایـك بوونیـدا، ١٠ی حـوزەیرانی ١٩٨٢، ل ١؛ کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردستان– ڕێکخراوی سلێمانی، چینی کرێکار و بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلی کوردستان، (بێشوێن و ساڵی چاپ)، ل ل ٥–٨؛ ئیبراهیم جەلال، کۆمەڵە بۆ کوردستانیە؟، ل١٧؛ لێداوانێك لەسەر نامیلکەی چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە، ل ٢١.

(٢) کاکـل ئەحمەد(کاکلـە ڕەش)، یـەکێتی و ململانـێ...، ل ل ١٢١–١٢٢؛ دیمانەیـەك لەگـەڵ کـاردۆ محەمـەد پـیرداود، هـەولێر، ٢٠ی ئـابی ٢٠١٣. (کـاردۆ محەمـەد پـیرداود، سـاڵی ١٩٦٣ لـە دێـی مەلحەوالی لە دایك بووە، سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر خوێندووە، دواتر لەبەر کاری سیاسی لە خوێندن دابراوە، بەڵام دوای ڕاپەڕین درێژەی بە خوێندن دەداتەوە و سـاڵی ٢٠٠٠ کۆلێـژی یاسـای زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. ناوبراو لە قۆناغەکانی خوێندن تێکەڵاوی ڕێکخستنی کۆمەڵە بووە، بەو هۆیەشەوە لە ئەنجامی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان لە هـەولێر سـاڵی ١٩٨١ بۆتـە پێشـمەرگە، دواتـر لـە کـەرتی ڕێکخسـتنی شـەقڵاوە و ڕەوانـدز ڕۆڵـی دیـاری بینیـوە. کـاردۆ یـەکێك بـووە لـە لایەنگرانی داش عێراق و بـەو هۆیەشـەوە لـە دوای جیابوونـەوەی بـاڵی ئـاڵای شـۆڕش لـە کۆمەڵـە جیابۆتەوە و ماوەیەك گەڕاوەتەوە شـار و سەرپەرشـتی ڕێکخسـتنەکانی ئـاڵای شۆڕشـی کـردووە، دواتر دووبارە گەڕاوەتەوە شاخ و بـەردەوام بـووە تـا دوای ڕاپـەڕین، لەگـەل تێکـەڵاو بوونـەوەیان لەگەڵ یەکێتی چەندین پلەو پۆسـتی وەرگرتـووە، ئێسـتاکەش سـەرۆکی فراکسـیۆنی بزووتنـەوەی گۆڕانە لە پەرلەمانی کوردستان و لە هەولێر نیشتەجێیە).

وەك هەر گەلێکی دیکە ئەو مافەی هەیە پارتێکی سەربەخۆی کرێکارانی هەبێت. ئەوەشیان بەستابوویەوە بەو نووسینەی لینینەوە، کە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، لە هەموو شتێك زیاتر بە لایانەوە گرنگ بێت مەسەلەی مافی سەربەستی میللەتانە، بە تایبەت سەربەستی چینی پرۆلیتاریا لە بڕیاردان لە مافی چارەی خۆنووسیندا[1]. ئیتر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو نووسینەدا پرسیاری ئەوەیان دەکرد، کەواتە ئەو وتەیە ئەوە ناگەیەنێت، پرۆلیتاریای کوردستانیش سەربەستی ئەوەی هەیە، دەبێت خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات؟ هەروەها پرسیاری ئەوەیان دەکرد، ئەگەر پرۆلیتاریای کوردستان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەبێت، چۆن مافی ئەوەی نییە پارتێکی سەربەخۆ دروست بکات؟ یاخود دەیان پرسی، ئەگەر پرۆلیتاریا پارتی تایبەت بە خۆی نەبێت لە چ ڕێگایەکەوە خەبات دەکات؟ بە تایبەت دەوترێت هەبوونی پارت ئامرازێکە بۆ هێنانەدی هەندێك ئامانجی دیاریکراو، کە مافی بڕیاردانی چارەنووسیش یەکێکە لەو ئامانجانە[2].

هەر لە چوارچێوەی بۆچوونەکانیاندا گروپی کوردستانی پێیان وابوو، دەبێت کار بۆ یەکێتی چینی کرێکاری سەرانسەری لە کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوەی ببێتە کۆبەندی یەکێتی تێکۆشانی چینی کرێکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لەو چوار دەوڵەتەدا، کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە، بەمەش لە دواجاردا زەمینە بۆ بزووتنەوەیەکی گەورە و فراوانی شۆڕشگێڕی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆش دەبێت و گەورەترین گۆڕانکاری بە دوای خۆیدا دێنێت، هەروەها پێیان وابوو کرێکارانی کوردستان بە گرێدانەوەی خەباتی خۆیان دەتوانن هەموو کرێکاران و بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکانی گەلانی دەوڵەتە ناوەندییەکان بە خۆیاندا ببەستنەوە، تا بە یەکەوە خەبات بۆ ڕیشەکێشکردنی ئیمپریالیزم بکەن و هەنگاو بۆ بەدی هێنانی شۆڕشێکی سۆسیالیستی بنێن. وێڕای ئەوانەش ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد، ئەگەر هاتوو کرێکارانی کوردستان خۆیان لەم ئەرك و قۆناغە فەرامۆش بکەن و ڕۆڵی خۆیان نەگێڕن، ئەوە دواجار خۆیان زەرەرمەند دەبن و ڕیزەکانیان بچووك دەبێتەوە.

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: لینین، شۆڕشی سۆسیالیستی و مافی میللەتان لە چارەنووسی خۆیاندا، وەرگێڕانی: سالار ڕەشید، (بێ ساڵ و شوێنی چاپ)، ل ل ٧-١٠.

(٢) لێداوانێك لەسەر نامیلکەی چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە، ل ل ٤٢-٤٥؛ "پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٩)، خوولی دووەم، زستانی ١٩٨١، ل ل ١٧-١٨.

بۆیە جەختیان لەوە دەکردەوە، دەبێت کرێکارانی کوردستان خۆیان لەم ئەرکە بە دوور نەگرن، بۆ ئەوەی زۆرینە نەکەن بە قوربانی کەمینە و ئەرکی گەورە نەخەنە ژێر ئەرکی بچووکەوە، بەش(جزء) نەکەن بە قوربانی گشت(کل)[1]. لە بەرانبەردا عێراقییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد ڕاستە لەو قۆناغەدا پێویست بە بوونی پارتێکی کرێکاری دەکات، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوە دیموکراتییەکە بکات، بەڵام مانای ئەوە نییە، ئەگەر پارتێکی لەو شێوەیە نەبوو، ئەوە خەبات و تێکۆشان لاوازە و بۆ پێشەوە گەشە ناکات، بەڵگەشیان بۆ ئەو بۆچوونە ئەوە بوو، کە بێ بوونی ئەو جۆرە لە پارتی کرێکاریش دەیان ساڵ بوو لە ناوچەکەدا خەبات هەر بەردەوام بوو[2]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت سەر لەبەری ئەو ماوەیە کۆمەڵە خۆی بە بابەتە تیۆرییەکانەوە خەریك کردووە، لە ململانێیەکی توندی ناوخۆیدا بووە، کە هەندێك کات ئەو ململانێیە وای کردووە لە ئامانجە سەرەکییەکەی، کە ڕزگاری نیشتمانییە دوور بکەوێتەوە.

شایەنی وتنە، هەر چەندە بەردەوامی کێشمەکێش و ململانێییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵە بۆتە هۆکاری ئەوەی ناکۆکی لە نێو ئەندامانیدا دروست بکات و کاریگەری بەسەر باری ڕێکخراوەییەوە هەبێت[3]، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا تا ئەو دەمەش کۆمەڵە وەك هێزێکی کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و چەکداری لە باشووری کوردستاندا ڕۆڵی دیاری لە تێکڕای ڕووداوەکاندا هەبووە، بە تایبەت لە مەسەلەی ڕاپەڕینی ناو شارەکاندا، کە لە نیسانی ١٩٨٢ لە قەڵادزێوە دەستیپێکرد و دواتر شار و شارۆچکەکانی تری باشووری کوردستانی گرتۆتەوە[4]. لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵە هانی

---

(١) شوان، "سیکتاریزم و مەسەلەی نیشتمانی"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە(٣)، خوولی دووەم، مارتی ١٩٨٢، ل ل ١٤-١٨؛ ڕەوا، "تێگەیشتنی ڕاست لە مەسەلەی گشت و تایبەت"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە(٦)، خوولی دووەم، حوزەیرانی ١٩٨٢، ل ل ٤٨-٥٤؛ ڕەوا، "لە پەراوێزی ستراتیژی کۆمەڵەمان دا"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٩)، خوولی سێیەم، تشرینی یەکەمی ١٩٨٥، ل ل ١٦-٢٣.

(٢) سالار عەزیز، چەند سەرنجێکی ڕەخنە گرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان، ل ٢٤.

(٣) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، "بەگژ لیبرالیزم دا بچن"، ژیانی ڕێکخراوەیی مان، ژمارە(٩)، ١٩٨٢/١٢/٢٤، ل ل ١-٤.

(٤) ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٨٢ سەرەتا وەك وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ سیاسەتی حکومەتی عێراق لە لایەك و یادکردنەوەی ڕووداوی ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤ لە لایەکی دیکە، لە قەڵادزەوە دەستیپێکرد، دواتر

ڕێكخستنەكانی دەدات تا لە ناو شارەكاندا بەشدارییەكی كاریگەرانە لە ڕاپەڕینەكاندا بكەن و ڕۆڵی سەرەكی تێدا بگێڕن، جگە لەوەش بە دەركردنی بەیاننامەیەك پاڵپشتی خۆی بۆ ڕاپەڕینەكان دەردەبڕێت و داواكارییەكانیان بە ڕەوا وەسف دەكات[1]. ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەشەوە، هەر لەم ماوەیەدا هێزەكانی كۆمەڵە بەشداری كارایان دەبێت لەو شەڕ و پێكدادانانە، كە هێزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ئەنجامی دەدەن جا چ لەگەڵ هێزەكانی حكومەتی عێراقی بوو بێت یاخود لە چوارچێوەی شەڕی ناوخۆی برا كوژیدا بوو بێت[2].

وێڕای هاتنە پێشەوەی ڕووداوەكان بە پێی بڕیار، دەبوو كۆمەڵە لەم ساڵەدا كۆنفرانسی خۆی ببەستێت، ئەوەی زیاتریش پەلەی لە بەستنی كرد بەرزبوونەوەی ئاستی ناكۆكییەكان بوو، بۆیە لە ئەنجامدا زەمینەسازی بۆ بەستنی كۆنفرانسی دووەم كرا. بەمەش كۆنفرانسی دووەم لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٢ بە ئامادەبوونی (٢٢٢) ئەندام لە هۆڵی (شەهید شەهاب) لە ناوزەنگ لە ژێر ناونیشانی (بەرەو گەشە پێدانی كۆمەڵە و یەكخستنی هێزە ڕزگاریخوازەكانی گەلەكەمان، لە پێناوی سەركەوتنی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانیی كوردستان)، دەستی بە كارەكانی كرد[3]. سەرەتای كارەكانی كۆنفرانس بە

---

زۆربەی شار و شارۆچكەكانی باشووری كوردستانی گرتەوە، ماوەیەكی باش توانی حكومەت بە ڕووداوەكانەوە خەریك بكات، جگە لەوەش حكومەتی ناچاری بەوە كرد بكەوێتە ژێر باری جێبەجێكردنی هەندێك لە داواكاری خۆپێشاندەرانەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕاپەڕینی شارەكانی كوردستان، ( بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٢)، ل ل ٢– ٢٧؛ ئاراس عبدولڕحمان مستەفا، ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری كوردستان لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەكەم، (سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩)، ل ل٦٣–٩٤.

(١) "با ڕاپەرینی جەماوەری پەرە پی بدەین روەو سەركەوتن"، گۆڤاری (كۆمەڵە)، ژمارە (٥)، خوولی دووەم، ئایاری ١٩٨٢، ل ل ٣–٧؛ كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان– ناوەند، بەیاننامەی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بە بۆنەی ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستانەوە، ١٩٨٥/٥/١٠؛ كۆمەلەی ڕەنجدەرانی كوردستان– كۆمیتەی سلێمانی، رق و تورەیی جەماوەری خەلك صدام و دارو دەستە خوێن ڕێژەكەی توقاندووە؛ كۆمەلەی ڕەنجدەرانی كوردستان– كۆمیتەی سلێمانی، درێژەدان بە ڕاپەرینە جەماوەریەكان ڕژێم روەو مەرگ دەبا.

(٢) كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، پیداچوونەوەیەك بە كاری پیشمەرگەیی مان لە سالی رابروردودا، ل ل ١١–١٢.

(٣) سەبارەت بە ڕێكەوتی دەستپێكردنی دووەمین كۆنفرانسی كۆمەڵە لە نێو سەرچاوەكاندا بەگشتی باس لە مانگی ئابی ١٩٨٢ دەكرێت، تەنیا مەحمود سەنگاوی، لە (بیرەوەرییەكانی سەنگاوی، ل ١٢٤) ئاماژە بۆ

خوێندنەوەی وتاری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سکرتێری کۆمەڵە دەستیپێکرد، پاشان گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر بەرنامەی کاری کۆمەڵە، سیاسەتی ناوخۆ و پەیوەندییە نیشتمانییەکان، پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆ، هەڵسەنگاندنی سروشتی چینایەتی، جێگە و پێگەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و مەسەلەی دانووستان لەگەڵ حکومەت کرا(١).

وەك لە سەرچاوەکاندا ئەوە بەدی دەکرێت لە کۆنفرانسی دووەمدا ڕێژەی بەشداری ئەندامانی کۆنفرانس بەگشتی و ڕێکخستنی شارەکان بەتایبەتی زیاترە وەك لە کۆنفرانسی یەکەمدا(٢)، بەڵام بە هەمان شێوەی کۆنفرانسی یەکەم لە ڕۆژانی گفتوگۆی ناو دانیشتەکاندا بیروڕا جیاوازەکان بە رووی یەکتردا هەڵشاخاون، بەتایبەت لەسەر ئەو بابەتانەی، کە پەیوەندییان بە بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و سەرکردایەتی و شێوازی خەبات و پەیوەندییەکانەوە هەبووە، چونکە مەسەلەی ململانێییەکان زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکردووە لێکدانەوەی جیاواز بۆ زۆرێك لە بابەتەکان بکرێت تا ئەو ڕادەیەی هەموو بابەتەکان بە ئایدیۆلۆژیا دەبەسترانەوە(٣). ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە کۆنفرانسی دووەم بە جیاوازی لەگەڵ کۆنفرانسی یەکەمدا لە مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیدا وەك دەبینرێت بە شێوەیەکی هێمن بەڕێوەچووە، کە تێدا هەر یەك لە: نەوشیروان مستەفا، فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر، جەمال تاهیر، کەمال خۆشناو، عەلی

---

٢١ی ئابی ١٩٨٢ دەکات، بەڵام دەکرێت بووترێت ٢٠ی ئاب ڕاسترە، بە بەڵگەی ئەوەی عوسمان دەشتی وەك کادیرێکی کۆمەڵە لە پەراوێزی کۆنفرانسدا یادەوەرییەکانی لە دەفتەرێکی گیرفاندا لە ڕۆژانی کۆنفرانسدا نووسیوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٢دا کۆنفرانس دەستی بەکارەکانی کردووە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە وێڕای ئەوەی تێکڕای سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە کۆنفرانس لە ئابی ١٩٨٢ بەستراوە، کەچی عەلی بچکۆڵ وەك تاکە سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کۆنفرانسی دووەم لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنجامدراوە، بەمەش ناوبراو کەوتۆتە هەڵەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەلی بچکۆڵ، هەورازەڕێ بیرەوەرییەکانی عەلی بچکۆڵ، ل ١٤٥.

(١) پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، ل ١٦٣؛ شێخ جەمال شێخ نووری، بیرەوەرییەکانم لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا ١٩٧٦–١٩٨٣، (سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٨)، ل ٦٠؛ ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، ل ٢٤٦.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٢٦٣.

(٣) مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، ل ١٢٤؛ پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، ل ١٦٣.

بچکۆل و مەلا بەختیار هەڵبژێردراون بە ئەندامی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و[1] لە نێویشیاندا: نەوشیروان مستەفا، فەرەیدوون عەبدولقادر و جەمال تاهیر وەك ناوەندی کۆمەڵە دەستنیشان کراون[2]. بەمەش کۆنفرانس کۆتایی بە کارەکانی هێنا و ژمارەیەك ئەنجامی لێکەوتۆتەوە:

١. جارێکی دیکە ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان جێگیر کراوەتەوە و پێڕەوی ناوخۆش بە هەندێك دەستکارییەوە پەسەند کراوە[3].

---

(١) عوسمان دەشتی لە پەراوێزی کۆنفرانسی دووەمدا لە دەفتەرێکی گیرفاندا ئاماژەی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کردووە بەم شێوەیە. نەوشیروان مستەفا ١٨٦ دەنگ، مولازم عومەر ١٧٤ دەنگ، جەمال تایەر ١٧٤ دەنگ، فەرەیدوون عەبدولقادر ١٤٨ دەنگ، کەمال خۆشناو، ١٢٨ دەنگ، عەلی بچکۆل ١٣٩ دەنگ، ملا بەختیار، ١١٨ دەنگ. ئازاد هەورامی ٩٥ دەنگ و ئەرسەلان بایز ٧٠ دەنگ.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر(مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٣) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، پێڕەوی ناوخۆی، لە لایەن دووەمین کۆنفرانسەوە پەسەند کراوە، (لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئابی ١٩٨٢)، ل ١٣. جێگای ئاماژە بۆ کردنە پێرەوی ناوخۆی پەسەندکراو لە کۆنفرانسی دووەمدا هەندێك جیاوازی لەگەڵ پێرەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنفرانسی یەکەمدا هەیە. یەکەم: لە بابەتی ئەندامێتی کۆمەڵەدا لە یەکێك لە خاڵەکاندا هاتووە دەبێت بروای تەواوی بە کوردستانیەتی کۆمەڵە هەبێت و خەبات بۆ بەدی هێنانی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان بکات. دووەم: تەمەنی وەرگرتنی ئەندام بۆ ١٨ ساڵ کەمکراوەتەوە. سێیەم: لە بابەتی وەرگرتن و پاڵاوتن لە کۆمەڵەدا لە برگەی پاش بەسەربردنی سەرکەوتوانەی ماوەی ئەڵقەی ڕۆشنبیری، ماوەی پاڵاوتنی لە ٦ مانگ تا ساڵێکی کردۆتە تەنیا شەش مانگ. چوارەم: لە مادەی سزادان لە کۆمەڵەدا، دوو خاڵ زیاد کراوە، ئەوانیش هەر ئەندامێك تەسلیم بە لایەنێکی سیاسی دیکە بێت شەرەفی ئەندامێتی کۆمەڵە لە دەست دەدات، ئەگەر هاتوو ویستی بگەڕێتەوە، ئەوا دەبێت دووبارە لە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان دەست پێبکاتەوە و پاش تێپەربوونی ماوەی ١٨ مانگ بە ڕەزامەندی ناوەند وەردەگیرێتەوە، بەمەرجی ئەوەی زیانی بەڕیزەکانی کۆمەڵە نەگەیاندبێت. هەروەها هاتووە ئەو کەسانەی لە ژێر ئەشکەنجەی گرتندا دان بە ڕێکخستنەکان دەنێن و هاوڕێکانییان دەدەن بە گرت و زیان بە ڕیزەکانی ڕێکخستن دەگەیەنن، لە کۆمەڵە دەردەکرێن. پێنجەم: لە بینای ڕێکخراوەکەدا شانەی سەرەکی زیادکراوە، کە ئەرکی پێکەوە بەستنی چەند شانەیەك و ئاراستە کردنییانی لە ئەستۆ دایە. جگە لەوە هەر لە بینای ڕێکخراوەیدا کۆمیتەی ڕابەرایەتی ڕێکخراوەکانی ناوخۆ نەماوە و ئەندامانی سەرکردایەتیش لە نۆ ئەندامی سەرەکی و دوو ئەندامی یەدەگ کەم کراوەتەوە بۆ حەوت ئەندامی سەرەکی و دوو یەدەگ،

٢. دەزگـای ناوەنـدی ڕێکخسـتن بـۆ مەبەسـتی سەرپەرشـتی کاروبـاری ڕێکخراوەیـی دامـەزرا، کـە لـە سـێ کـەس پێکـدەهات و لەلایـەن یـەکێك لـە ئەنـدامانی ناوەنـدی کۆمەڵەوە سەرپەرشتی دەکرا(١).

٣. هـەموو ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـە دابەشـکراون بـۆ چـوار ڕێکخـراو(٢). ئەمـەش لەسـەر بنەمای ناوچەی جوگرافی دابەشکراون.

٤. لێژنەیەك پێکهێنراوە بۆ لێپرسینەوە لە بەدواداچوونی ئەو سکالاّیانەی، کـە لـە دژی کادیرەکانی کۆمەڵە نووسرابوون و پێشکەش بە سەرکردایەتی کرابوون(٣).

٥. پێشنیارکراوە بۆ گۆڕینی هەیکەلی دامەزراوە سیاسی و ئیدارییەکان و دابەشکردنیان لەسـەر بنـەمای جوگرافیـا، بـۆ ئـەوەی ئـەرکی سـەرەکی ناوچـەیەکی دیـاریکراو بـە دەزگایەکی تایبەت بسپێردرێت، کـە دواتـر بـە مەڵبەنـد نـاوی دەرکـرد، ئـەوەش بـە مەبەسـتی بەرجەسـتەکردنی سیاسـەتی کەمکردنـەوەی ناوەنـدێتی و زیـاترکردنی دەسەڵات بوو لە ناوچەکاندا، چونکە دەبوو هەر مەڵبەنـدێك سـەرکردایەتی، دەزگـای پێشمەرگایەتی، دارایی، دادگا، ڕاگەیاندن و نەخۆشخانەی خۆی هەبێت(٤).

٦. دانـانی بەرنامەیـەك بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی نەتەوایـەتی و پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتی و پەسەندکردنی لە لایەن کۆنفرانسـەوە، کـە تێـدا جـەخت لەسـەر ئـەوە کراوەتەوە، مارکسییە– لینینییەکان لـە هـەر جێگایـەکی دونیـادا بـن هـەڵگری بـیرو بۆچـوون و پـارێزەری بەرژەوەنـدی و ویسـتی چـینی کرێکـارانن و ئـاڵا هـەڵگری گۆڕانکـاری و گەشـەپێدانی کۆمـەڵگاکانیانن، کـە ئامـانجی گـەورەی خۆیـان لـە دامەزراندنی سۆسیالیزمدا دەبیننەوە، لەم چوارچێوەشدا مارکسییە– لینینیـیەکانی

---

شەشەم: بەپێی پێڕەوی نـاوخۆ، کۆمیتـەی سـەرکردایەتی دەسـەڵاتی ئـەوەی دراوەتـێ سـێ یـەکی ئەندامانی خۆی هەڵپەسێرێت، ئەگەر ئەرکەکانی سەر شانییان جێبەجێنەکرد یان ئەوەتە لە پێڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵە لایاندا، بـە مـەرجی ئـەوەی دوو لەسـەر سـێی ئەنـدامانی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی بڕیـار لەسـەر هەڵپەسـاردنییان بـدات. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە: پێـڕەوی نـاوخۆی پەسـند کـراوی کۆنفرانسی یەکەم و دووەم.

(١) پشکۆ نەجمەدین، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، ل ٣٧ .

(٢) شـێخ جـەمال شـێخ نـووری، بیرەوەرییـەکانم لـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەدا ، ل ل ٦٠- ٦١؛ ڕێبـاز، قەندیل بەغدای هەژاند، ل ٢٤٦.

(٣) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ١٦٤.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ل ٢٩١–٢٩٢ .

کوردستان، هەمان ڕۆڵ دەگێڕن و هەمان ئامانجیان هەیە، بەلام لەبەر ئەوەی کرێکاران لە کوردستان ڕووبەرووی پارچەپارچە بوون هاتوونەتەوە و دابەشکراون بەسەر چوار دەوڵەتدا ، ئامانجی هاوبەشیان لەو قۆناغەدا خۆی لە ڕزگاریی نیشتمانی و ئازادی یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە. لێرەشدا لەبەر ئەوەی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا، حکومەتێك دەسەڵاتی سەپاندووە بەسەر گەلی کورد و چەند کەمە نەتەوایەتی دیکەدا، لە چوارچێوەی یەك سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی شێواو و نەگونجاودا بە شێوەیەکی دیکتاتۆرانە حکومڕانیان دەکات. بۆیە دەکرێت کرێکارانی کوردستان لە هەر یەك لەو بەشانەدا، ئەرکی هاوخەباتی و یەکێتیی تێکۆشانی لەگەڵ کرێکاران و شۆڕشگێڕەکانی ئەو گەلانەی لەگەڵیاندا دەژیت، هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵدا بکات، چونکە کۆمەڵە پێی وایە یەکخستنی کرێکارانی سەرانسەری کوردستان لە چوارچێوەی یەك ستراتیژی هاوبەشدا و گرێدانەوەی خەباتی هاوبەش و یەکێتیی تێکۆشانی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕی گەلانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە، ڕێگا خۆشکەرە بۆ پێکهێنانی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی گەورە، کە تێدا کوردستان دەکات بە قەڵایەکی شۆڕشگێڕانە لە ناوچەکەدا[1].

لە لایەکی دیکەوە، هەر لەو بەرنامەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، هەلومەرجی شۆڕشگێڕی و بابەتی و ناوخۆییەکان لە کوردستان و ناوچەکەدا، ڕێڕەوەی ڕووداوەکان و ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و گەشەکردنیان، تێکڕای کرێکارانی کوردستان لە بەرانبەر یەك ئەرکی مێژووی ڕاستەوخۆدا یەك دەخات، کە ئەویش چارەسەرکردنی تەواوی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردە، بۆ ئەوەی تەواوی ئەرکەکانی ڕزگاریی نیشتمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و درێژە پێدان و بەستنەوەی بە شۆڕشی سۆسیالیستی جێبەجێ بکات، کە لەو پێناوەدا دەبێت چینی کرێکاران هێزی سەرکردە و جەماوەری ڕەنجدەرانی کوردستان، هێزی بنچینەی جوڵانەوەکە بن، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت کرێکاران و جوتیاران بناغەی هاوپەیمانییەتێکی فراوانتر بونیاد بنێن، کە تێدا بۆرژوای بچووکی شارەکان و توێژی پێشکەوتنخوازی بۆرژوازی نیشتمانییان لەگەڵدا بێت، بۆ ئەوەی

---

(١) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد، لە لایەن دوەمین کۆنفرەنسەوە پەسەند کراوە، ئابی ١٩٨٢، ل ل ٤–٥.

بتوانن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان بە گشتی و ڕێکخراوە مارکسییە– لینینییەکان بە تایبەتی لە چوارچێوەی ستراتیژێکی هاوبەشدا پەرە پێ بدەن، تا لەو ڕێگایەوە مارکسییە– لینینییەکانی تێکڕای کوردستان هەنگاو بۆ چەسپاندنی ڕۆڵی مێژوویی چینی کرێکاران لە سەرکردایەتیکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بنێن[1].

کۆمەڵە پێی وابووە لەبەر ئەوەی لە باشووری کوردستاندا، حکومەتێکی بە سروشت سەرمایەداری دەولەتی و بۆرژوازی بیرۆکراتی دەسەلاتدارە، کە لە بەرانبەر مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورددا، ڕەگەز پەرستە و لە مەسەلەی ئازادییە دیموکراتییەکاندا ڕەفتار فاشییە، لەم بارەیەوە پێویست دەکات هەوڵ و تەقەللا بۆ ڕامالینی ئەو دەسەلاتە بدرێت، لە شوێنیدا دەسەلاتێکی دیموکراتی دابمەزرێنن، تا بەهۆیەوە گەلی کورد لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاری ببێت و زەمینەیەکی لە باریش بۆ سەرکەوتنی تەواوەتی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی خۆش ببێت[2].

کۆمەڵە هەمیشە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە مەسەلەی پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری، هۆکارەکەی بۆ ڕەفتاری دامودەزگاکانی حکومەت و هەولەکانی بۆ سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە، کە بەم هۆیەوە هیچ دەرفەتێکی دیموکراتییانەی لە بەردەم گەلی کورددا بۆ بەرگریکردن نەهێشتبووەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابووە لەو ئان و ساتەدا خەباتی چەکداری شێوازێکی سەرەکی تێکۆشانە، کەچی گۆڕانکاری لە هەلومەرجی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و تەرازووی هێزەکان لە هەر پلەیەکی دیاریکراودا ڕوو بدات، دەتوانن بڕیار لەسەر شێوەی سەرەکی خەبات بدەن و

---

(١) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" رێکخراوی ئەوروپا"، بەیاننامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە بۆنەی ١٢ ساڵ تێپەربوون بەسەر لە دایك بوونیدا، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢، ل ل ١–٤.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر(مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمووزی ٢٠١٢.

شێوازی دیکە هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی لە هەموو حاڵەتێکدا لە خزمەتی بەجێهێنانی ئەرکی سەرەکی و ستراتیژی قۆناغەکەدا بێت[١].

کۆمەڵە لەم قۆناغەدا دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە، بە پێی جیهانبینی مارکسیزم– لینینیزم، لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی بزووتنەوەی بابەتی واقیعی کوردستان و بەرژەوەندی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ناوچەکە لە دژی ئیمپریالیزم بەرنامەی خۆی دادەڕێژێت، بێ ئەوەی ڕێگە بدات سیاسەتی پاشکۆیەتی و ڕێڕەوە جیاوازەکانی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی، ڕاستییەکانی لێ ئاوەژوو بکاتەوە و سەربەخۆیی سیاسی و ئایدیۆلۆژی پێ لە دەست بدات. بەمەش خۆبەستنەوەی بە سەرەتا و ڕاستییە گشتییەکانی مارکسیزم– لینینیزم و جێبەجێکردنی خولقێنەرانە لە هەلومەرجی دیاریکراوی کوردستاندا بەردی بناغەی سیاسەتی دروست و دژایەتیکردنی هەموو لادانێکی ڕیڤیژنیستی (دەستکاریکردن –گۆڕین) و دوگماتیستی (وشکەبڕوایی) و تەجروبەگەری دەبێت[٢].

کۆمەڵە لە بەرنامەی چارەسەکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەیی کورددا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، دابەشکردنی کوردستان نەخشەی وڵاتە ئیمپریالیستەکان بووە، بەو هۆیەوە هەر پارچەیەکی کوردستان بە دەوڵەتێکەوە لکێنراوە، ئەمەش زیانی بە لایەنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کوردستان گەیاندووە، بەڵام نەیتوانیوە کۆمەڵگای کوردی بەتەواوەتی لە یەکتر دابڕێت، چونکە لە ئەنجامی ڕەفتاری ئەو دەوڵەتانەی کوردستانییان بەسەردا بەشکراوە، گەلی کورد هەستی بە مەسەلەی چەوساندنەوە کردووە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لە ئەنجامی پێداویستییەکانی گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی جوڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانە لە هەناوی کۆمەڵگای کوردستاندا پەیدا ببێت، کە وێڕای ئەوەی زۆرێك لە هەڵبەز و دابەزی بە خۆیەوە بینیوە، کەچی هێشتاکە هەر بەردەوامە. لێرەشدا، چونکە جوڵانەوە مێژووییەکەی هەناوی

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مناف نادر قادر (سەفین مەلا قەرە)، هەولێر، ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان"ریکخراوی دەرەوە"، لە یادی مەزنی هاوڕێیان شەهاب و جەعفەر و ئەنوەردا، ١٩٨٤/١١/٢١.

کۆمەڵگای کوردستاندا، ڕوو لە چارەسەرکردنی تەواو و بنەڕەتی کێشەی نەتەوایەتی کوردستانە، پارچە پارچە ناکرێت، بە واتایەکی دیکە چارەسەرکردنی لە تەنیا پارچەیەکدا مانای چارەسەری بنەڕەتی تەواو ناگەیەنێت و ئامانجەکان بە دەستەوە نادات. بۆیە دەبێت کار بۆ دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین بکرێت تا لەو ڕێگایەوە زەمینەیەکی لە بار بڕەخسێنێت بۆ گەشەسەندی سیاسی، ئابووری، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەنگاونان بەرەو سۆسیالیزم، تا بەم هۆیەوە ڕیزبەندی چینایەتی بە شێوەیەکی لە بارتر بڕەخسێت بۆ خەملاندنی خەباتی چینایەتی و بە ئاشکرا کەوتنە سەر شارێی بەرەو پێشەوەچوونی خۆی و سەرکەوتنی کرێکاران و بە دیهاتنی دوا ئامانجەکانیان[(١)].

کۆمەڵە لە بەرنامەی خۆیدا پێی وابووە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد کلیلی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بەو هۆیەوە باری ناوچەکە بە قازانجی گەلان و شۆڕشی سۆسیالیستی دەگۆڕێت، چونکە ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و سەربەستی نەتەوەیی کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیدا، کە مافێکی ڕەوا و ئاسایی هەر نەتەوەیەکی ژێر دەستەیە، نەك هەر پێچەوانەی بەرژەوەندی و پاشەڕۆژی گەلانی ناوچەکە بە گشتی و کرێکاران بە تایبەتی نییە، بەڵکو هۆکارێکی کاریگەر و بەتینە بۆ یەکێتیی تیکۆشان و هاوخەباتی و پشتیوانیکردنی یەکتر لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە پێناو هێنانە دی ڕزگاری و دیموکراتی و سۆسیالیستیدا[(٢)].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، هەرچەندە کۆمەڵە توانی کۆنفرانسی دووەمی خۆی تێبپەڕێنێت و ژمارەیەك ئەنجام و ڕاسپاردە بدات بە دەستەوە، بەڵام دیسانەوەی کۆتایی بە ناکۆکییەکانی ناو هەناوی ڕێکخراوەکەی نەهات، بەڵکو دوای تەواوبوونی کۆنفرانس هەر لایەك لە لایەنە ناکۆکەکان بۆ بەرجەستەکردنی بیروڕاکانی خۆیان کەوتنەوە هەوڵ و تێکۆشان لە ناو ڕێکخستنەکاندا، بۆ ئەوەی لەسەر ئەرزی کارکردندا پراکتیزەی بکەن. بە تایبەت ئەگەر بزانین لەم ماوەیەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد

---

(١) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی ، ل ل ٦-٨.

(٢) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، هەمان سەرچاوە، ل ل ٩-١٠؛ پەیوەندی ناوخۆیی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی و پەیوەندی لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلانی ناوچەکە، ١٩٨٢/١٢/٣١، ل ل ١-٣.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبووە بەر تەنگەژەیەکی زۆرەوە[1]. بۆ ئەو مەبەستەش کاتێك داوای هاوکاری لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات، ئەو باڵەی ناو کۆمەڵە، کە هەڵگری بیری کوردستانی بوون، هەر زوو کەوتنە ژێر کاریگەری بیرکردنەوەکانیان و ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری و بەشداركردنی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا[2]، بەڵام باڵەکەی تر بابەتەکەیان بە ناكۆكی لاوەکی لێکدایەوە، بۆیە کەوتنە ڕەخنەگرتن و بڵاوکردنەوەی ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو هەنگاوە لە پێناوی ڕازی کردنی حکومەتی عێراق ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی ئەرکی هێزەکانی عێراق لە شەڕ لەگەڵ ئێران کەم بکاتەوە و حکومەتی عێراق ڕازی بکات تا دانووستانی لەگەڵ ئەنجام بدات[3]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵگرانی بیری کوردستانی بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بە بەشداریکردنیان لە شەڕکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن، زنجیرەیەك وتارییان لە ژێر ناونیشانی (ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە؟)دا نووسی، کە ئەو کات لە ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عێراقەوە خوێندرایەوە و دواتریش لە چاپ درا و بڵاوکرایەوە[4].

---

(١) لەم سەروبەندە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێزە کوردییەکان، کەوتبوونە شەڕ و پێکدان لەگەڵ هێزەکان حکومەتی ئێران، بەمەش لە بارێکی خراپ دابوون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هۆشمەند عەلی مەحمود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٩– ١٩٨٩)، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٢)، ل ل ١٦٥–١٧٦.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٣) کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان "ناوەند"، "دەربارەی مفاوضە لەگەڵ حکومەت"، ژیانی ڕێکخراوەیی مان، ژمارە(٢)، کانونی یەکەمی ١٩٨٢، ل ١٢ ؛ عصبة شغيلة كردستان (كومەلە)، لم يعد الصمت ممكنا، ص ص ٢٢، ٣٣؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ ناوەڕۆکی وتارەکان بڕوانە: یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان، مەکتەبی ڕاگەیاندن، بەشی ئیسگە، ئایا مەسەلەی کورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەکە؟، چاپی سێیەم، (دەرەوەی وولات، چاپخانەی شەهید جمال طاهر، ١٩٨٥)، ل ل ٣ بە دواوە.

شایەنی وتنە، کۆمەڵە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی ناوخۆییەکان لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی و دوای کۆتایی هاتنی کۆنفرانسی دووەم بە تایبەتی، قۆناغێکی تازە لە ململانێی فکری و گفتوگۆکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێو کادیرەکانی سەرهەڵدەداتەوە، بە تایبەت لە بارەی تاووتوێکردنی بابەتە سەرەکییەکانی بیری مارکسی، کە دواجار درێژەی کێشا و ماوەیەکی زۆر ڕێکخراوەی شارەکان پێوە خەریك بوون. ئەنجام بڵاوبوونەوەی ئەو بۆچوونانە بووە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵێك بیرۆکەی تازە لە لایەن هەندێ لە کادیرانی کۆمەڵە دروست بێت، کە جیاواز بوو لە بیرکردنەوەی بەشێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە. لە کۆتاییشدا ئەو تاکانە بە گۆڕینەوەی بیروڕاکانیان لە یەکتر نزیك کەوتنەوە و چەند دەستە و گروپێکی کۆمۆنیستییان دروست کرد، دامەزرێنەرانی ئەو دەستە و گروپانەش بریتی بوون لە: خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین، زانکۆی مووسڵ، زانکۆی بەغدا، پەیمانگای تەکنیکی و پەیمانگایی مامۆستایان و کەسانی دیکە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هەنگاوانەیان سەرەتایەکی تۆکمە و بەهێز نەبوون، زوو زوو تاکەکانی ناو ئەو گروپانەی لە خەباتکردن سارد دەبوونەوە، وازیان لە ڕێکخراوەکانیان دەهێنا و ڕێکخراوی تازەیان دروست دەکردەوە[1].

دواجار، کۆمەڵە لە ئەنجامی سەرکێشانی ئەو ناکۆکییانە و نەگەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو و هاتنە پێشەوەی مەسەلەی دانوستانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق و[2] بەستنی کۆنفرانسی سێیەم ساڵی ١٩٨٤، ناکۆکییەکانی بەبن بەست گەیشتن و سەری بۆ تەقینەوەی ناکۆکییەکان و جیابوونەوەی باڵێکی ناو کۆمەڵە کێشا، کە دواتر کاریگەری و کاردانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا. لە تەوەری داهاتوو بەوردی باسی لێوە دەکەین.

---

(١) نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی دووەم، (سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٩)، ل ل ١٥٣–١٥٤. بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ ئەم گروپ و ڕێکخراوە چەپانە و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵە، بڕوانە: بەشی چوارەم، تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوە.

(٢) بۆ زیاتر لە مەڕ دانووستانەکان بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، "بارودۆخی کوردستان لە ماوەی دانوستانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا(١٩٨٣–١٩٨٥)"، گۆڤاری "الاستاذ"، ژمارە(١١٣)، کلیة التربیة ابن رشد، بغداد، ٢٠١٠، ل ل ٥٣٠–٥٧٠.

## تەوەری سێیەم: تەقینەوەی ناکۆکییەکان و جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش[1] و ئاکامی کۆمەڵە

وەکو لەمەوبەر ئاماژەی بۆ کرا، لەو هەلومەرجەشدا کۆمەڵە سەرباری ئەوەی کۆنفرانسی دووەمی لە ئابی ١٩٨٢دا بەست، پێداچوونەوەی بە لایەنی ڕێکخستنەکانی کرد و بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی پەسەند کرد، بەڵام دیسانەوەی بە هۆی یەکتر قبوڵنەکردنی لایەنە ناکۆکەکانەوە، نەتوانرا وەك پێویست برینەکان سارێژ بکرێن و جیاوازییەکانی نێوانیان کەمتر بکەنەوە. بۆیە لەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەر ڕووداوێکی تازەدا دووبارە ناکۆکییەکان و جیاوازییەکان سەری هەڵدەدایەوە و هیتریشی دەهاتە سەر.

ساڵی ١٩٨٢، هەم بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەمیش بۆ حکومەتی عێراقی ساڵێکی قورس و ئاڵۆز بوو، بە تایبەت لە بەرەکانی شەڕدا، لەبەر ئەوەی یەکەمیان لە چەند لایەکەوە کەوتبووە شەڕکردنەوە وەك: لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان لە شەڕی ناوخۆ[2]، لەگەڵ ئێران بۆ پاڵپشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران[3] لە ژێر ناوی هێزی پشتیوان[1]، هەروەها لەگەڵ هێزەکانی

---

(١) ئاڵای شۆڕش: وەك ڕەوتێکی فکری لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵە بە گشتی و ناکۆکییەکانی دوای کۆنفرانسی سێیەم بە تایبەتی بە ڕێبەراتی مەلا بەختیار و سالار عەزیز دەرکەوت، بەمەش ئەو ڕێکخراوە وێڕای ئەوەی لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە تووشی کێشە بوویەوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بوو، دوای ئەوە قۆناغەش لە چوارچێوەی پرۆژەی هێزە چەپەکاندا لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان یەکیان گرت، بەڵام سەرئەنجام ساڵی ١٩٩٣ گەڕانەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ل ١٨-١٩.

(٢) عەلی تەتەر نێروەی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا (١٩٨٠-١٩٨٨)، (هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٨)، ل ل ٢٨٠-٢٩١؛ ئازاد کاکل، ئازارەکانی شەڕی ناوخۆ لە یاداشتی پێشمەرگەیەك ١٩٨٢- ١٩٨٣، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ماردین، ٢٠١١)، ل ل ٥٣-١٠٠.

(٣) حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ لە شاری مەهاباد دامەزراوە، ڕۆڵی کاریگەری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بینووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەبدولڕحمان قاسملوا، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم ( بێ شوێنی چاپ، ١٩٨٨)، ل ل ٣١-

عێراق. دووەمیشیان لە چوارچێوەی جەنگی عێراق — ئێران لە هەندێك لە بەرەکانی شەڕەکەدا تێك شکا بوو[٢]. بەمەش بۆ هەردوولا مەسەلەی دانووستان بابەتێکی چارەنووسساز بوو، دەبوو بیری لێبکرێتەوە.

شیاوی باسە، سەرەتای داواکردنی دانووستان لە لایەن حکومەتی عێراقییەوە لە ڕێگای عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٩٣٠–١٩٨٩)ەوە پێشکەش بە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرێت. لێرەشدا نەوشیروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەوان وەك سەرکردایەتی بە مەبەستی تاووتوێکردنی دانووستان و ئەگەرەکانی سەرکەوتنی کەوتوونەتە کۆبوونەوە و لە ناو دانیشتنەکانیشدا بوون بە دوو بۆچوونی جیاوازەوە، کە تێدا جەلال تاڵەبانی بڕوای بە دانووستان لەگەڵ حکومەتدا نەبووە و ڕەتی کردۆتەوە، کەچی گروپەکەی دیکە پێیان وابووە، ئەگەر حکومەت ئامادە بێت بەشێکی کەمی مافەکانی کورد بسەلمێنێت، ئەوە لەگەڵیدا بکەونەوە دانووستانەوە[٣].

هاوکات لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵە خەریکی کۆنفرانسی ناوچەیی کەرتەکانی ڕێکخستن بووە، بەمەش کاتێك کۆنفرانسەکان تەواو دەبێت، سەرپەرشتیارانی کۆنفرانسەکە، کە پێکهاتبوون لە هەر یەك لە: ئازاد هەورامی، ڕێکەوت عوسمان بەگ و قادری حاجی عەلی، سەردانی نەوشیروان مستەفا سکرتێری کۆمەڵە دەکەن لە دێی ئاوژێ[٤]، بۆ ئەوەی ئەنجامی

---

٣٢؛ جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات کورتە مێژوویێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ( دهۆك، چاپخانەی خانی، ٢٠٠٨)، ل ٢٤.

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ل ٢٦٤–٢٦٧؛ پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، ل ل ١٦٦–١٦٧؛ محمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، ل ل ١٢٥–١٢٦.

(٢) تشارلز تريب، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، ترجمە: جابر ادريس، (بيروت، دار العربيە للعلوم، ٢٠٠٦)، ص ص ٣١٨–٣١٩؛ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، (سلێمانی چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٢)، ل ٧٢٠؛ ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان ٢٤–٢٧ شوباتی ١٩٨٤، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٤)، ل ٤؛ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، با ١ی ئایار جەژنی یەکگرتن و ئاشتی بێ، (بێ شوێنی چاپ، ١٩٨٤)، ل٤.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ل ٢٥٨–٢٦٠.

(٤) دێی ئاوژێ دەکەوێتە بەری مەرگە لە ناوچەی پشدەر.

کارەکانی کۆنفرانسی پێڕابگەینن، کە تێدا قسە لەسەر دانووستانیش کرابوو[1]. لێرەشدا جگە لە چەند ئەندامێك، کە لە پەنجەی دەست تێپەڕییان نەکردووە، ئەوانەی تر سەرباری باوەڕنەبوونیان بە حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی خواستەکانی کورددا، دانووستانیان بۆ مەبەستی ڕێکخستنەوە و پشودان قبوڵ بووە. لەو بارەشەوە نەوشیروان مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: **" ... من خۆیشم لەم ڕەئیەدا بوم[ مەبەستی دانووستانە- توێژەر]، داوام لێ کردن بچن [ مەبەستی سەرپەشتیارانی کۆنفرانسەکانە- توێژەر] بۆ سەردانی مامجەلال لە خۆشناوەتی بۆ ئەوەی بیروڕای بنکەکانی ڕیکخستن و پیشمەرگەی بۆ بگێرنەوە"**[2]. بەمەش تاڵەبانی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کادیرانی سیاسی و عەسکەری باسی دانووستان دەکات، تا ئەوەی هەموو لایەك بە ڕاشکاوانە بیروڕای خۆیان سەبارەت بە بابەتەکە بدەن، ئەنجام دوای ڕەزامەندی هەموو لایەك، لەبەر ڕێزگرتن لە بیروڕای زۆرایەتی جەلال تاڵەبانی بڕیاری دەستکردن بە دانووستانەکان دەدات[3].

ئاشکرایە لەم ئان و ساتە پڕ لە ناکۆکییەدا مەسەلەی دانووستانەکان هەڵوێستی جیاواز و کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە هەرزوو باڵێکی ناو کۆمەڵە دانووستانیان ڕەتکردۆتەوە، بە بیانووی ئەوەی لەم هەلومەرجەدا دەتوانرێت زیاتر سوود لە ئێران وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی ئێران لە دژی عێراق پێویستی بەهێزی کوردی هەیە، جگە لەوەش بەشداربوونی یەکێتییان لە دانووستان، بێ هێزەکانی دیکە بە خراپ زانیوە،

---

(١) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤١٤؛ مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، ل ١٤٢. شایەنی باسە، پشکۆ نەجمەدین لە (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان) ، ل ل ٤٩-٥٠، لە وەڵامی نەوشیروان مستەفادا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ناوبراو لەم کۆنفرانسە ناوخۆییانەدا لەگەڵ کەرتەکانی ڕێکخستنی هەڵەبجە، پێنجوین، شارباژێڕ بەشداریکردووە، بەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە بە هیچ شێوەیەك لەو کۆنفرانسانەدا باس لە مەسەلەی دانووستان و وەرگرتنی بیروڕای ڕێکخستنەکان لەم بارەیەوە نەکراوە، تەنیا ئەوە نەبێت، کۆنفرانسی کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ دواکەوتووە بۆ مانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٣، ڕەنگە لەوێدا باس کرابێت و هاتبێتە ناو باسانەوە، بەمەش ڕەتی ئەوە دەکاتەوە مەسەلەی دانووستانەکان خاڵێکی باسکراوی ناو کۆنفرانسەکان بوو بێت.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ل٣٣٤- ٣٣٥.

(٣) یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری، چاپی دووەم،(سوید، چاپخانەی ئاسۆس، ١٩٨٥)، ل ل ٢٢-٢٣؛ کۆڕەك، ڕێکخراوی سلێمانی، بۆ گشت کەرت و پۆل و شانە تیکۆشەرەکانی سنووری چالاکیمان، ١٩٨٣/١٢/٨.

چونکە پێیان وابووە عێراق حکومەتێکی فاشییە و باوەڕی بەدانانان بە مافی کورد نییە[1]. ئەنجام ئەو دەنگی ناڕەزاییە دواتر بە توندتر ڕێکخستنەکانی دەرەوەی گرتۆتەوە، بەمەش سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەرەتا فەرەیدوون عەبدولقادر، دواتریش مەلا بەختیاری بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕێکخستنەکان ڕەوانەی ئەورووپا دەکەن، بەڵام هیچ کام لە هەوڵەکان سەرکەوتنی وەك پێویستی بە دەست نەهێناوە، ئەگەر بزانین ڕێکخستنەکانی دەرەوە بەیاننامەیەکیان لە دژی مەسەلەی دانووستان دەرکردووە، جگە لەوەش بەشێکیان بڕیاری چوونە دەرەوەیان لە ڕێکخستنەکان داوە[2]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت بەرز بوونەوەی ئەو دەنگ و ناڕەزاییانە بەشێکی پەیوەندی بە ناکۆکییەکانی ناوەوەی کۆمەڵەوە هەبووە، ئەگەر بزانین بەشێك لەو سەرکردایەتییانەی، کە بەشداری دانووستانەکانیشیان کردووە، لە دواوە و لە نێو دانیشتنە ناوخۆییەکاندا ناڕەزایی و گلەییان لە دانووستان کردووە و بەکارێکی خراپیان لە قەڵەم داوە[3].

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمووزی ٢٠١٢. دیمانەیەك لەگەڵ عوسمان خدر حەمەد (عوسمان دەشتی)، هەولێر، ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٣. ( عوسمان خدر حەمەد ناسراو بە "عوسمان دەشتی" ساڵی ١٩٥٢ لە دێی ماستاوەی سەر بە پارێزگایی هەولێر لە دایك بووە، دەرچووی پەیمانگایی مامۆستایانی هەولێرە، ساڵی ١٩٧٤ بەشداری لە شۆڕشی ئەیلوول کردووە. ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش ئاشنایەتی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیدا کردووە و ساڵی ١٩٧٩ بە فەرمی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کردووە، ساڵی ١٩٨٢ لە سەر داواکاری ڕێکخستنەکان چۆتە شاخ و تا ساڵی ١٩٨٩ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە. لە ١٩٨٩ گەڕاوەتەوە ناو شار، بەڵام لەگەڵ ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چالاکی بەردەوامدا دەبێت، ناوبراو دوای ڕاپەڕین بەردەوامی بە خوێندن داوە و بەمەش بڕوانامەیی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی بە دەستهێناوە، ئێستاکە مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە و لە هەولێر نیشتەجێیە).

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: ڕێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی سێیەم، (www.nrttv.com)؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٣) عیراق و مەسەلەی کورد، چاپی دووەم، (سلێمانی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك، ٢٠٠٣)، ل ٦٩ ؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت، ل ٢٢٠؛ شۆرش حاجی، ئەنفال، کورد و دەوڵەتی عیراق،

بەردەوامی ناڕەزایی ڕێکخستنەکان لە بارەی دانووستان لە لایەك و هەنگاو و سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق لە کاتی دانووستانەکان، لە لایەکی دیکەوە[1]، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەگشتی و کۆمەڵە بەتایبەتی، ڕووبەرووی ناڕەزایی ڕێکخستنەکان لە ناو شارەکانیش کردۆتەوە، بە تایبەت دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بڕیاریدا خوێندکارە کوردەکان بە زۆر بکات بە بەعسی و ناچارییان بکات بەشداری لە مەشقی سوپای گەلیدا (الجیش الشعبي) بکەن[2]. لەم چوارچێوەشدا خوێندکارە کوردەکان نەك هەر بڕیارەکەی حکومەتیان ڕەتکردۆتەوە، بەڵکو ڕووبەڕوویشی بوونەتەوە و مانگرتنیان ڕاگەیاندوە، ئەنجام خۆپیشاندانی لێکەوتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش هەر چەند سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داوای لە

---

چاپی دووەم، (سلێمانی، ٢٠٠٣)، ل ٤٩. شایەنی باسە، هەر لەو سەردەمەدا نامیلکەیە لە دژی دانووستانەکان نووسراوە لە لایەن یەکێك بە ناوی (مەحموود قاسم)ەوە بە ناونیشانی (مساوەمەی ناسیۆنالیستەکان و هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان)، لە کاتی دادگاییکردنی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە و مەلا بەختیار تۆمەتبار دەکرێت بەوەی نامیلکەکە ئەو نووسیویەتی، بەڵام ناوبراو ڕەتی دەکاتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر: کاسێتی تۆمارکراو تایبەت بە دادگاییکردنی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی.

(١) ئاشکرایە هەر لە سەرەتاوە بڕیاری دانووستان لە لایەن حکومەتی عێراق لەگەڵ یەکێتی، بۆ مەبەستی داننان نەبوو بە مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵکو مەبەستی سوود وەرگرتن بوو لە کات و هەلومەرجی نەشەڕ نەئاشتی، بۆ ئەوەی لە لایەك سوپاکەی لە بەرەکانی شەڕی کوردستان بگوازێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ ئێران، لەلایەکی دیکەش یەکێتی وەك هێزێکی کاریگەری ئەوکاتە لە چالاکییەکان دوور بخاتەوە و لەبەر چاوی بخات. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کەوت سیاسەتی هاندانی جاشەکان، لە سێدارەدانی سەربازە هەڵاتووەکان و بە بەعسی کردنی خوێندکاران...هتد. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عەلی تەتەر نێروەیی، ساسیەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١، بەرگ یەکەم، (دهۆك، چاپخانا زانکۆیا دهۆك، ٢٠١٠)، ل ل ١٩١-٢٠٥؛ دلێر ئەحمەد حەمەد و سەروەر عبدالرحمان عمر، "دانوستاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٤دا"، گۆڤاری "زانکۆی کۆیە"، ژمارە(١١)، کۆیە، ئایاری ٢٠٠٩، ل ل ٢٢- ٢٦.

(٢) بەیاننامەی خوێندکارە مان گرتووەکانی زانکۆی سەلاحەدین کۆمیتەی سەرکردایەتی؛ زێرڤان محەممەد، "بیبلۆگرافیای خۆپێشاندانی قوتابیانی کوردستان لە نێوان ٥ی نیسانی ١٩٨٤تا ٢ی حوزەیرانی "١٩٨٤، گۆڤاری "خەباتی قوتابیان"، ژمارە(٤٦- ٤٧)، هەولێر، ٢٠٠١/٥/٢٤، ل ل ١٨-٢٢.

خەڵکی کوردستان بە گشتی و هەواداران و ڕێکخستنەکانی خۆی بە تایبەتی کرد، هێمنی بنوێنن و بڵاوە بە خۆپێشاندانەکان بکەن[1]، بەڵام بەتوندی ڕووبەڕووی ڕەخنەی ڕێکخستنەکان لە ناو شارەکان بۆتەوە و زۆربەیان نەچوونە ژێر باری داواکاری سەرکردایەتییەکەیانەوە[2]، بەمەش کەوتنە چالاکی لە ناو خۆپێشاندانەکاندا[3].

لەم هەلومەرجەدا، کە دەمێك بوو کۆنفرانسە ناوچەییەکانی کۆمەڵە ئەنجامدرا بوون و نوێنەرەکانی کەرتەکانی ڕێکخستن بۆ کۆنفرانسی گشتی هەڵبژێردرابوون. پێویست بوو کۆمەڵە کۆنفرانسی سێیەم ببەستێت. بەمەش پاش تێپەڕبوونی ساڵێك و یازدە مانگ، بەسەر کۆنفرانسی دووەم. لە ١٥ی تەمموزی ١٩٨٤دا لە کانی سێو لە بناری پیرەمەگرون لە ژێر دروشمی (بەرەو بەهێزکردنی کۆمەڵە لە کۆڕی خەباتی چینایەتی و

---

(١) کۆڕەك، ڕێکخراوی سلێمانی، بۆ گشت کەرت و پۆل و شانە تیکۆشەرەکانی سنووری چالاکیمان، ١٩٨٣/١٢/٨؛ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بانگەواز، ٣/١/ ١٩٨٤؛ بیان الجبهة الوطنية الديمقراطية (جود)، الشرارات الثورية تندلع في اضرابات طلابية وشعبية في مدن كردستان و الموصل، ١٩٨٤/٥/٢١.

(٢) بەیاننامەی "یەکێتی خوێندکارانی کوردستان– عێراق" بە بۆنەی بەزۆر چەکدارکردنی خوێندکارانەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی خوێندکارانی کوردستان– عیراق، ١٩٨٤/٤/٢٧؛ بەیان نامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە بۆنەی درێژە پێدانی زەغت و زۆردارانەی دەرحەق بە مامۆستایان و خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی کوردستان، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، مەکتەبی سکرتارییەت، کۆتایی نیسانی ١٩٨٤.

(٣) جەمال شێخ نوری، وێرانکاری و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، ل ل ٣١–٣٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ڕەزا (عەول)، کەرکوك، ٣ی شوباتی ٢٠١٣. ( عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ڕەزا ناسراو بە "عەول" ساڵی ١٩٦٤ لە کەرکوك لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیی، ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە، دەرچووی ساڵی ٢٠٠٨ی کۆلێژی یاسا و رامیاری زانکۆی سلێمانییە. ناوبراو ساڵی ١٩٧٩ تێکەڵاوی ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە، وەك یەکێك لە کادیرەکانی ڕێکخستن ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە بە تایبەت لە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٨٢ شاری کەرکووکدا، بەمەش بە هۆی بەشداربوونی ناو ڕووداوەکان لە کۆتایی ١٩٨٢ هاتۆتە هەولێر. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە پێشمەرگە، ١٩٨٧ لە تیپی ٢١ی کەرکوك وەك ڕابەری سیاسی ئەو تیپە دەستبەکار بووە و تا ساڵی ١٩٨٩ بەردەوام بووە، ساڵی ١٩٩٠ چۆتە ئێران بە مەبەستی پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتیی یەکێتییەوە بەمەش گیراوە تا ڕاپەرینی ١٩٩١، ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری لە ڕزگارکردنی شاری کەرکووك کردووە. ئێستاکەش خەریکی کاری تایبەتی خۆیەتی و لە کەرکووك نیشتەجێیە).

نیشتمانیدا، بەرەو چەسپاندنی پرنسیپەکانی ڕێکخستن لە کۆمەڵە و یەکێتیدا) سێیەمین کۆنفرانس بەسترا، کە تێدا (٢٨٧) ئەندام و (١١) چاودێر لە تێکڕای ئەندامانی شارەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک و ئۆردۆگا و ناوچە و دێهاتەکانی باشووری کوردستان بەشدارییان کرد[1].

سەرەتای کارەکانی کۆنفرانس بە خوێندنەوەی وتاری مێوانەکان و وتاری سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستیپێکرد. دواتریش ڕاپۆرتی گشتی سەرکردایەتی و دەزگای ناوەندی کۆمەڵە خوێندرایەوە، کە تێکڕا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ لایەنی سیاسی، ئایدیۆلۆژیی، ڕێکخراوەیی، پێشمەرگەیی و خەبات و تێکۆشانی ماوەی ڕابردوو کرد، پاشان ئەو پێداچوونەوانەی، کە لە بەرنامەی کۆمەڵە لە کۆنفرانسی پێشوودا کرابوو پەسەند کرا و سەرکردایەتیی کۆمەڵە بە فەرمی دەستیان لە کار کێشاوەتەوە. بەمەش دەستەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنفرانس هەڵبژێردران و بەرنامەی کار دیاریکرا[2].

کەش و هەوای ناو کۆنفرانس لە ڕۆژی دووەمیدا کرایە چەقی مشتومڕ و پتربوونی ناکۆکییەکان و بە یەکتردا هەڵشاخان، بەتایبەت دوای ئەوەی گفتوگۆکانی ناو کۆنفرانس سەری بۆ ئەوە کێشا قسە لە بارەی ئەو نووسینەوە بکرێت، کە لە ژێر ناوی (هەڵوێست) بە چەند مانگێك بەر لە کۆنفرانس نووسرابوو، تێدا وەك لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەی فکری و سیاسی، لەمەڕ بەرنامەی کۆمەڵە لە لایەك و وەك وەڵامدانەوەیەکیش بۆ نامیلکەکەی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران بۆ کوردستانیە؟) لەلایەکی دیکەوە، بە نهێنی

---

(١) "سێهەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (١)، خوولی سێیەم، کانوونی دووەمی ١٩٨٥، ل٧. لە دەفتەرێکدا کە وەك یاداشتی ڕۆژانەی کۆنفرانس نووسراوە، ئاماژە بۆ ١٥ی تەمموز وەك ڕۆژی یەکەمی سێیەمین کۆنفرانس کراوە، کەچی برایم جەلال دەڵێ: لە ٢٠ی تەممووزی ١٩٨٤ ئەنجامدراوە، بەڵام مەحموود سەنگاوی و کاکلە ڕەش ئاماژە بۆ ٢ی تەمموز دەکەن. بە جیا لە وانەش ئەرسەلان بایز لە یاداشتەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کۆنفرانسی سێیەم لە مانگی ئابی ١٩٨٤ بەستراوە. برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٣١؛ مەحمود سەنگاوی، بیروەرییەکانی سەنگاوی، ل ١٤٦؛ کاکل ئەحمەد (کاکلە ڕەش)، یەکێتی و ململانێ، ل ١٢٤؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت، ل ٣٣٢.

(٢) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٣٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ کاردۆ محەمەد پیرداود، هەولێر، ٢٠ی ئابی ٢٠١٣؛ دیمانەیەك لەگەڵ کاکل ئەحمەد مەعروف (کاکلە ڕەش)، هەولێر، ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤.

چاپکرا بوو، دواتریش لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا لە شار و شاخ بڵاوکرابوویەوە، ئەمەش تێکڕای کۆبەندی دیدو بۆچوونی ئەو باڵەی لە خۆگرتبوو، کە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی سەرپەرشتیان دەکرد[1]. بۆ ئەو مەبەستەش باڵەکەی دیکەی ناو کۆمەڵە، کە نەوشیروان مستەفا ئیدارەی دەکرد، جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، دەبێت نووسەری بابەتەکە ئاشکرا بکرێت، سزای ئەوانەش بدرێت، بڵاویانکردۆتەوە. بەمەش چەند کادیرێك وەك تاوانبار ڕاپێچی سەر سەکۆی کۆنفرانس دەکرێن و جەخت لەسەر دەرکردنیان لە کۆمەڵە و سزادانی ڕێکخراوەییان دەکرێت[2]، بەڵام لە بەرانبەردا گروپی مەلا بەختیار دەکەونە پارێزگاریکردن لەو چەند کادیرە، ئەوانیش وەك وەڵامدانەوەیەك بابەتی کوشتنی وریا وەستا وەهاب باس دەکەن و داوای ڕوون کردنەوە لە کوشتنی ناوبراو دەکەن[3]. سەرئەنجامی ئەو مشتومڕ و گفتوگۆیانە سەری بۆ گرژی و ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتری و ئاڵۆزی نێوانییان دەبات لە ناو هۆڵی کۆنفرانسدا، دواجار مەلا بەختیار و بەشێك لە ئەندامانی کۆنفرانس، کە ژمارەیان نزیکە ١٢٧ ئەندام دەبێت لە کۆنفرانسەکە دەچنە دەرەوە[4]. بەمەش کارەکانی کۆنفرانس پەکی دەکەوێت.

---

(١) هەڵوێست لە لایەن مەلا بەختیارەوە نووسراوەو ئاواتی شێخ جەناب بە ڕۆنیۆ ڕایکێشاوە. دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی سێیەم، (www.nrttv.com ).

(٢) ئەو کادیرانەی بەو بابەتە تۆمەتبارکرابوون بریتی بوون لە: حاجی مەمۆ، خەلیل دهۆکی، هێدی، سەدیق ڕەنجبەر، کاکلەڕەش و مەهدی کاوانی. دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢. لە دیمانەیەکدا کاکلە ڕەش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات ناوبراو لە ناو کۆنفرانسدا نەوشیروان مستەفا داوای ئەوەی کردووە کێن ئەوانەی عێراقییانە بیردەکەنەوە؟ لە ئەنجامدا ئەو هەڵساوەتەوە و ڕاشکاوانە ڕاکانی خۆی وتووە، بەو هۆیەوە یەکێك لە کادیرەکان بە ناوی (بابان) داوای ئەوەی کردووە لەسەر ڕاکانی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت. بەمەش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات لێکۆڵینەوەکە لەسەر ڕاکانی بووە نەوەك لەسەر بڵاوکردنەوەی هەڵوێست. دیمانەیەك لەگەڵ کاکل ئەحمەد مەعروف (کاکلە ڕەش)، هەولێر، ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤.

(٣) وریا لێپرسراوی مەفرەزەیەکی نهێنی کۆمەڵە بووە لە ناو شاری سلێمانی، بە بڕیاری سەرکردایەتی ژمارەیەك کەسایەتی لە لایەنگرانی حکومەت و پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکان کوشتووە، بەڵام دواتر لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٨٣دا لە گوندی هەڵەدن لە ڕووداوێکی نادیار دەکوژرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: گۆڤاری "لڤین"، ژمارە(٢٠٧)، سلێمانی، ٢٠١٢/٩/١، ل ل٩-١٧؛ گۆڤاری "لڤین"، ژمارە(٢٠٨)، سلێمانی٢٠١٢/٩/١٠، ل ل٧-١٩.

(٤) محسن عەلی ئەکبەر، چەپکێکی ژاکاو لە مێژویەکی هەڵبەستراو، ل ١٠١؛ "دیداری سالار مەحمود لەگەڵ سەلاحی شێخ سدیق"، گۆڤاری "لڤین"، ژمارە(١٩٣)، نیسانی ٢٠١٢، ل ل ١٠- ١٣.

لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی هـەواڵ و بـارودۆخی نـاو کۆنفرانسـەکە جـەلال تاڵـەبانی لـە سورداشەوە دەگەڕێتەوە بۆ مێرگەپان، بە هاوکاری بەشێك لـە ئەنـدامانی سـەرکردایەتی دەکەوێتە هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەنجام ئێوارەی هەمان ڕۆژ دەستەیەك دەکەونە ناوبـژێکردن و ئاسـاییکردنەوەی پەیوەنـدی نێـوان لایەنـەکان. بەمـەش هـەردوو لایـەنی ناکۆك لەسەر هێورکردنەوەی بارودۆخەکـە ڕێکدەکـەون و بـۆ بـەیانی لـە ڕۆژی سـێیەمی کۆنفرانسەکە، کارەکان ڕێچکەی ئاسایی خۆیان وەردەگرنەوە[1].

دوای ئاسـاییبوونەوەی بابەتـەکان، لـە کۆنفرانسـدا لێـدوان و قسـەی زۆر لـە بـارەی بەرنامەی کاری کۆمەڵە لە نێو ئەندامان کراوە، بۆ ئەوەی لەسەر بناغـەی شـیکردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان، بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی کوردسـتان و عێـراق و ناوچـەکە و دیـاریکردنی ناکۆکییـە جۆراوجۆرەکـان و نەخشـەی دابەشـبوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان، بەرنامەکە دەوڵەمەند بکرێت و هێڵـە گشـتی و ستراتیژەکانی قۆناغەکە و تاکتیکەکانی دیاری بکرێن. بەمەش جارێکی دیکە دووپـاتی ئـەوە کراوەتـەوە، قۆنـاغی خـەبات لـە کوردسـتان، قۆنـاغی ڕزگـاریی نیشـتمانیی دیموکراتییە، لەبەر ئەوەی کورد وەکـو نەتەوەیـەکی ژێردەسـتە و پارچـە پارچـە کـراو، کوردسـتانیش وەکـو نیشـتمانێکی داگیرکـرا و دابەشـکراو، جولانـەوە مێژووییەکـەی لـە بەرەو پێش چـوون و گـۆڕان و گەشـەکردنی خـەباتی ڕزگـاریی نیشـتمانی و دابینکردنـی دیموکراتی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بردنی بەرەو سۆسـیالیزم دایـە، بۆیـە پێویسـتە کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان وەك هێزی بنچینەی جولانەوەکە، هاوپەیمانییەتێکی فـراوانتر لـە نێـوان خۆیـان و بـۆرژوازی شـارەکان و توێـژی پێشـکەوتنخوازی بـۆرژوازی نیشتمانیدا دابمەزرێنن، تا ئاراستەی خەباتیان لـە پێنـاو بـەدیهێنانی ئامـانجی ڕزگـاریی نیشتمانیی کوردستان و یەکگرتنەوە و گەشەسەندنی کۆمەڵایـەتی و هـەنگاو نـان بـەرەو سۆسیالیزم لـە دژی داگیرکـەران و ئیمپریـالیزم و نۆکـەرەکانیان بێـت، هـەروەها لەسـەر ئاسـتی باشـووری کوردسـتان خـەبات بـۆ ڕامـاڵینی دەسـەڵاتی ڕژێمـی سـەرمایەداری دەوڵـەتی بـۆرژوازی بیرۆکراتـی و دامەزرانـدنی دەسـەڵاتێکی دیمـوکراتی بکرێـت، لەبـەر

---

(١) پشکۆ نەجمەددین، ئەزموون و یاد، ل ٢٠١؛ دیمانەیەك لەگەڵ عـەباس محەمـەد (حـاجی مـەمۆ)، هـەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ کاردۆ محەمەد پیرداود، هەولێر، ٢٠ی ئابی ٢٠١٣.

ئەوەی ڕزگاربوونی باشووری کوردستان لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی زەمینەیەکی لە باری بۆ سەرکەوتنی نەتەوایەتی شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی خۆش دەکات[١].

کۆنفرانس لە سەر ئاستی هاوپەیمانییەتی و دۆستایەتی دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە، پێویستە پەرە بە بەهێزکردنی هاوکاری خەباتکردن لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان بەگشتی و ڕێکخراوە مارکسییە– لینینییەکان بەتایبەتی بدرێت، تا ئەوەی لە چوارچێوەی ستراتیژێکی هاوبەشدا کار بۆ گەشەپێدانی هاوخەباتی لە نێوان هێزە مارکسییە– لینینییەکانی سەرانسەری کوردستاندا بکرێت، چونکە ئەوەی بە سەرەتای هەنگاونان بەرەو چەسپاندنی ڕۆڵی مێژوویی چینی کرێکاران لە سەرکردایەتیکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە پێناوی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و گەیاندنی بە سۆسیالیزم داناوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، وێڕای ئەوەی جەختی لە پارێزگاریکردنی سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی خۆی کردۆتەوە، پێی وابووە نابێت پاشکۆی هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی جیهانی بێت. کەچی بەباشی زانیوە کار بۆ هاوکاری و یەکێتیی تێکۆشان لەگەڵ جوڵانەوەی چینی کرێکار و هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی عەرەب، تورك، ئێران بەگشتی و عێراق بەتایبەتی بکرێت، لەبەر ئەوەی هاوکاری و برایەتی ئەو هێزانە و کەمەنەتەوەییەکان و هێزەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی لە جیهان، بە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ بەدیهێنانی ڕزگاری و دیموکراتی و سۆسیالیزم زانیوە[٢].

کۆنفرانس لە بەرنامەی کاری خۆیدا بە ڕەوچاوکردنی هەلومەرجی بابەتی خەباتی شار و شاخ، بەمەبەستی ڕێکخستنی ژیانی ڕێکخراوەیی، چالاکی ئەندامان، ئۆرگانەکان، ڕەنگ ڕشتنی پەیوەندییە ناوخۆییەکان و داڕشتنەوەی تەلاری ڕێکخراوەیی، سەرەتا

---

(١) سێهەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە، ل ل ٩–١٠؛ شوان، "چون ململانێ ی ناوخۆی کۆمەڵە ئاراستە ئەکەین"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٦)، خوولی سێیەم، حوزەیرانی ١٩٨٥، ل ل ١١–١٥.

(٢) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد، پەسەند کراوی سێیەمین کۆنفرانس، (لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، تەمووزی ١٩٨٤)، ل ل ٥–٢٣.

ڕێکخراوەکانی پێشووی کۆمەڵە دووپات کراوەتەوە و بە دەستکارییەکی کەم پێڕەوی ناوخۆی تازە پەسەند کراوە(١).

هەر لە بەرنامەی کاری کۆنفرانسدا هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و ڕۆڵی کۆمەڵە لە ناو یەکێتیدا کراوە، لەم بارەشەوە وێڕای ئەوەی ڕۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بە گرنگ وەسف کردووە، بە هەمان شێوەش جەختی لەسەر وابەستەبوونی گەشەسەندنی هەردوولا بە یەکتری کردۆتەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ ئەوەی چالاکییەکانیان گەشەی پێبدرێت بایەخی بە پەرەسەندنی هێزەکانی پێشمەرگە داوە، بە گرنگی زانیوە ڕێ و شوێنی گونجاو بۆ مەبەستی مەشقپێکردنیان بگیرێتەبەر، هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش کراوەتەوە تەواوی پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین بکرێت. جگە لەوەش بڕیاری لەسەر دامەزراندنی دەزگایەکی سەرکردایەتی بەهێزتر بە کادیری لێوەشاوە دراوە، تا ئەوەی هەنگاو باوێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی نەخشە و پلانی کاری پێشمەرگانە و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگە(٢).

کۆمەڵە لەم کۆنفرانسەشدا، دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە باوەڕی بە سەرەتای ئازادی کاری سیاسی بۆ هەموو پارت و ڕێکخراوێکی نیشتمانی هەیە، هەروەها جەختیشی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە پێویست دەکات یەکێتی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یەکێتی سەرکردایەتی و شێوەی ڕێکخستن و شێوازی کارکردن و ڕێزگرتنی بیروڕای پێشمەرگەکانی پارێزراو بێت، بۆ ئەوەی وابکرێت هێزی پێشمەرگەی کوردستان ببێتە هێزی چەکداری شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان و پارێزەری دەستکەوتەکانی گەلەکەی بێت، نەك هی ڕێڕەوێك و لایەنێکی دیاریکراو. بەمەش لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینیەدا کۆمەڵە لە کۆنفرانسی سێیەمدا، دروشمی ئاشتبوونەوەی گشتی پەسەندکردووە(٣).

---

(١) کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان، پیرەوی ناوخۆ و بەرنامە، پەسند کراوی سییەمین کۆنفرانس، تەموزی ١٩٨٤، ل ل ٣–١٣؛ ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کورستان، ل ل ٥٩، ١١٨، ٢٤٤.

(٢) سێهەمین کۆنفرەنسی کۆمەڵە، ل ١٢؛ یاداشتی ڕۆژانەی کۆنفرانس.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ برایم جەلال، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

خاڵێکی دیکە لە کۆنفرانسدا ئاماژەی بۆ کراوە و گفتوگۆی زۆر لە بارەیەوە کراوە، قسەکردن بووە لەسەر شێوازی خەباتکردن، لەم چوارچێوەیەشدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە قسە لەسەر دانووستانەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراق کراوە، بەڵام لە ژێر باری هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی تایبەتی ناوچەکە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە، گفتوگۆش یەکێکە لە شێوازەکانی خەباتکردن. کۆنفرانس پێی باش بووە بەردەوامی بە دانووستانەکان بدرێت، ئەگەرچی حکومەتی عێراق لە بەرانبەر بابەتەکەدا ڕاستگۆ نییە، ئەوەش بۆ ئەوەی بەرپرسیارییەتی مێژوویی نەکەوێتە سەریان و بەعس ئۆباڵی خراپەکارییەکان هەڵبگرێت[١].

دواجار کۆنفرانس، بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتییەکی نوێ کۆتایی بە کارەکانی هێناوە، کە تێدا هەر یەك لە: نەوشیروان مستەفا، فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر، ئازاد هەورامی، مەلا بەختیار، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جەبار فەرمان و قادری حاجی عەلی بە ئەندامی سەرکردایەتی و حەسەن کوێستانی، عومەر فەتاح، حەمە تۆفێق ڕەحیم و دوکتۆر خەسرەو خاڵ بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەڵبژێردراون[٢]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت هەر چەند کۆنفرانس توانی کارەکانی بە کۆتا بێنێت، بەڵام دووبارە نەیتوانی کۆتایی بە کێشە ناوخۆییەکانی ناو کۆمەڵە بێنێت، بە بەڵگەی ئەوەی لەگەڵ تەواوبوونی کۆنفرانسەکە سەرەتای قۆناغێکی تازەی ناکۆکییەکان دەستی پێکردەوە، کە دواجار سەری بۆ جیابوونەوە کێشا.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بە سەر کۆتایی هاتنی کۆنفرانس، سەرکردایەتی تازەی کۆمەڵە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست، لەم کۆبوونەوەیەدا فەرەیدوون عەبدولقادر کرا بە لێپرسراوی دەزگای ڕێکخستن[٣]. ئازاد هەورامی بە لێپرسراوی

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٨٤– ١٩٨٨، چاپی دووەم، (سلێمانی، ناوەندی چاپەمەنی خاك، ١٩٩٩)، ل ٧٠؛ برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٣٢.

(٢) ڕێباز، قەندیل بەغدا هەژاند، ل ٣٠؛ مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، ل ١٤٧.

(٣) ئەندامەکانی بریتی بوون لە: عومەر فەتاح، دلێر ئەحمەد شوکری، حەمە تۆفیق ڕەحیم، حەسەن کوێستانی و موحسین عەلی ئەکبەر. دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر(مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمووزی ٢٠١٢.

دەزگای ڕۆشنبیری[1]. مولازم عومەر بە لێپرسراوی دەزگای عەسکەری. هەروەها هەر یەك لە مامۆستا موحسین، شێخ عەلی کەشکۆڵ، ئاسۆ شێخ نووری، شاخەوان عەباس و عەبدولڕەزاق محەمەد بوون بە لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە. جگە لەوەش جەبار فەرمان، قادری حاجی عەلی و کۆسرەت ڕەسووڵ عەلیش، بە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك، دوو و سێ دیاریکران. بەمەش سەرکردایەتی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە پەیکەری ڕێکخراوەیی خۆی کرد، بەڵام دوای ئەوەش هەر بەوە نەوەستا بەڵکو گۆڕانکارییەکان بۆ لێپرسراوی کەرتەکان و پۆلەکانی ڕێکخستنیش شۆڕبوویەوە، کە تێدا هەندێك لادران، هەندێکیش جێ گۆڕکێیان پێکرا[2].

شایەنی باسە، ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان، لەگەڵ کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکانی پێشوودا، ناڕەزاییە تازەکان، وایانکرد ئەو گروپەی مەلا بەختیار سەرپەرشتی دەکرد، بکەونە هەوڵی ئەوەی چارەسەرێك بۆ مەسەلەکان بدۆزنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە سووورداش لە بارەگای شێخ عەلی، هەریەك لە: مەلا بەختیار، مولازم عومەر، ئازاد هەورامی، شێخ عەلی، مامۆستا موحسین و پشکۆ نەجمەدین کۆبوونەوەیەك ئەنجامدەدەن، کە تێدا هەر یەك لە ئازاد هەورامی و ملازم عومەر، جەختیان لەسەر کارکردن لە چوارچێوەی کۆمەڵە و یەکێتیدا کردۆتەوە، چونکە وای دەبینن، دەبێت هەوڵ بۆ یەکخستنەوەی هەموو تواناکان بدرێت تا چارەسەرێکی گونجاو بدۆزنەوە و نەوشیروان مستەفا و ئەندامانی دیکەی ناوەندی کۆمەڵە ڕازی بکەن دۆخەکە هێمن بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگا لە بەردەوامبوونی ئەم کار و کردەوانە بگیرێت، کە دەبن بە مایەی ئاڵۆزبوونی کێشەکان و دڵڕەنجاندنی کادیران و کەنار خستنیان لە کارکردندا. بەڵام بە پێچەوانەوە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی دیکەی بەشداربووی کۆبوونەوەکە وایان بیرکردۆتەوە، کێشەکان لەوە ئاڵۆزترن چارەسەریان هەبێت، بەڵکو دەبێت بیر لە شێوازێکی دیکە بکرێتەوە. بەمەش لە ئەنجامی جیاوازی بۆچوونەکانیان هەر یەك لە

---

(١) ئەندامەکانی بریتی بوون لە: ڕیکەوت عوسمان، خەسرەو خاڵ، جەمال عەبدوڵڵا هەڵکەوت، پشکۆ نەجمەدین. بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ کارەکانی ئەو دەزگایە، بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ١١٨.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ کاردۆ محەمەد پیرداود، هەولێر، ٢٠ی ئابی ٢٠١٣.

ئازاد هەورامی و مولازم عومەر، دانیشتەکە بە جێ دەهێڵن[1]. بەڵام مەلا بەختیار و هاوڕێکانی لە کۆبوونەوەکە بەردەوام دەبن و ئەنجام دەگەن بەوەی، پەیوەندی ناو ڕیکخستنەکانی کۆمەڵە بە ئاستێك گەیشتووە بە ئاسانی ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، چونکە ئەو بڕیار و بەرنامەیەی لە کۆنفرانس پەسەند کراوان، وایان کردووە کۆمەڵە لە خەسڵەت و سیمای ڕێکخراوێکی مارکسیست لینینیستی دابڕێت و جیاوازییەکانی خۆی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ون بکات[2]، بەمەش لەبەر بێ هیوایی دانووستانەکان و بێ ئەنجامی شەڕی ناوخۆ، پێویست بە هەوڵدان بە کردنەوەی دەرگایەکی نوێ دەکات، بۆیە لە کۆبوونەوەکەدا دەگەن بە کۆمەڵێك بڕیار[3]:

یەکەم: خۆیان و هەوادارانیان لە هەر لێپرسراویەتێکی ناو کۆمەڵەن، لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن، تەنیا مەلا بەختیار ماڵ و بارەگاکەی لە سورداشەوە بگوازێتەوە بۆ (زڕگوێز) لە بەری قەرەداغ.

دووەم: سەردانی هاوڕێیانی کۆمەڵە بکەن لە هەموو ناوچەکاندا.

سێیەم: ڕێکخستنەکانی ناو شار لە لایەن هەر یەك لە مەلا بەختیار، حاجی مەمۆ، شێخ عەلی و پشکۆ نەجمەدینەوە ڕێکبخرێنەوە.

چوارەم: مەلا بەختیار پەیوەندی بکات بە ڕێکخستنەکانی ئەوروپاوە، بە تایبەت سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر.

پێنجەم: نووسین و بڵاوکراوەیەکی نهێنی بە ناوی (نمانامەی تیۆری) دەربکەن[4]، بە مەبەستی دانانی بەرنامەیەك بۆ هۆشیارکردنەوەی کادیرەکانی کۆمەڵە و سەر لە نێو ژیاندنەوەی پرەنسیپە فکرییەکانی مارکسیزم و لێکۆڵینەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان.

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر(مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٢) یەکێك لەو بەڵگانەی بۆ دورکەوتنەوەی کۆمەڵە لە ڕێکخراوێکی مارکسی لە لایەن ئەو گروپە دەهێنرێتەوە، ئەوەیە، کۆمەڵە لە ئۆرگانی تایبەتی خۆیدا ئارمی (چەکوش و داس)ی لاداوە، کە وەکو هێمایەك بۆ ڕێکخراوە کرێکاری و ڕەنجدەرییەکان سەیر دەکرا. کاکل ئەحمەد– کاکلە ڕەش، یەکێتی و ململانێ، ل ٣٤.

(٣) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ٢١١–٢١٤.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئالای شورش، نمانامەی تیئوری، ١٩٨٤/١١/٢١.

بــەم هــەنگاوەش ســـەرەتای دەســـتپێكی قۆنـــاغێكی تـــازە لـــە ململانێییـــەكان دەســـتپێدەكاتەوە و ســـەری بـــۆ ســـەرهەڵدانی هـــەوارێكی سیاســـی و ڕێكخراوەیـــی تازەبردووە، كە دواتر ناوی ئاڵای شۆڕشی لێنراوە[١].

شایەنی باسە، لێرە بەدواوە هەردوو باڵەكەی نـاو كۆمەڵـە جـارێكی دیكـە كەوتنـەوە ململانێـی تونـد، بـە تایبـەت كاتێـك گروپـی مـەلا بـەختیار بـە چـڕی كەوتنـە هـەوڵ و پەیوەندیكردن لەگەڵ هەوادارەكانیان لە ناو ڕێكخستنەكاندا، لە بەرانبەریشدا گروپەكەی دیكە كەوتنە چاودێری كردنیان بۆ بەردەست خستنی بەڵگەی تۆمـەتباركردنیان بـەوەی خەریكی ڕێكخستنن لە ناو ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەدا. لەم نێوەندەشدا هەر یەك لە ئـازاد هەورامی و مولازم عومەر بە مەبەستی هێوركردنـەوەی ناكۆكییـەكان پێشـنیاری نـاردنی وەفدێك بۆ قەرەداغ بۆ لای مەلا بـەختیار، پێشـكەش بـە جـەلال تاڵـەبانی و نەوشـیروان مستەفا دەكەن. بـەڵام نـاردنی وەفدەكـە و دانیشـتنەكان سـوودێكی ئـەو تـۆی نابێـت و ناتوانێت چارەسەری گونجاو بدۆزیتەوە و لایەنە ناكۆكەكان لـە یـەكتر نزیـك بكاتـەوە[٢]. ئەمەش لە كاتێكدایە، كە هەر یـەك لـە سـالار عـەزیز، مامۆسـتا جەعفـەر لـە دەرەوە لـە نیسانی ١٩٨٥دا نامیلكەیەك لە ژێر ناوی (لم یعد الصمت ممكنـا)[٣] دەردەكـەن و جـاڕی

---

(١) شێخ علی، كەشكۆڵی بەسەرهاتم، چاپی یەكـەم، (سلێمانی، ٢٠١٣)، ل ل ٢٦٩–٢٨١" موحسین عەلی ئەكبەر، چەپكێكی ژاكاو لـە مێژویـەكی هەڵبەسـتراو، ل ١٠٤؛ علـی حمـە صـالح، نەوشـیروان مستەفا لە ئاوابوندا بۆ لوتكە دەڕوانێت. لـە: (ژیـان و نهێنییـەكانی نەوشـیروان مسـتەفا)، بـەرگی یەكەم، ل ٨١، وەرگیراوە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەكبەر(مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمووزی ٢٠١٢؛ ڕێباز، قەندیل بەغدا هەژاند، ل ٣٢٧.

(٣) سەبارەت بە نووسەری نامیلكەی "لم یعد الصمت ممكنا" لە نێو سەرچاوەكاندا ڕای جیاواز بە دی دەكرێت، كاتێك حـاجی مـەمۆ ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـات، نووسـەرەكەی یەكێكـە بـە نـاوی تالیـب كاكەیی، هەروەها مامۆستا جەعفەر ئاماژە بۆ ئەوە دەكات خۆی و سالار عەزیز نووسیویانە، بەڵام ڕای كەسی دیكەشی تێكراوە و زیادەیان خستۆتە سەر، كەچی سالار عەزیز دەڵێـت تـەنیا خـۆی و مامۆستا جەعفەر نووسـیویانە. دیمانەیـەك لەگـەڵ عـەباس محەمـەد (حـاجی مـەمۆ)، هـەولێر، ١ی نیسـانی ٢٠١٢؛ دیمانەیـەك لەگـەڵ مامۆسـتا جەعفـەر، سـلێمانی، ٢ی تـەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیـەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

جیابوونەوە لە کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش لێدەدەن[1]. بەمەش هەم سەرکردایەتیی یەکێتی، هەمیش ناوەندیی کۆمەڵە هەست بە مەترسی بارودۆخەکە دەکەن، بە تایبەت دوای ئەوەی هەریەکە لە نووسەرانی ئەو نامیلکەیە هاتنەوە ئێران و لە ناوچە سنوورییەکان نزیك کەوتنەوە[2].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، بوونی ئەو ململانێیە لە نێو باڵەکانی کۆمەڵەدا هاوکاتە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی شەپۆلێکی بەرفراوانی بزووتنەوەی چەپ لە زۆرێك لە شار و دێهاتەکانی باشووری کوردستاندا[3]، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە لە کۆمەڵێك گوتاردا، کە لە گۆڤاری کۆمەڵەدا بڵاوی دەکاتەوە باس لە ماهییەت و ئامانجەکانی ئەو ڕەوتە چەپە دەکات[4]. لە بەرانبەر ئەوەشدا مەلا بەختیار بە نهێنی کتێبێك بە ناونیشانی (دژائێتیکردنی بانچەپ یان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی؟) دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە، جگە لەوەش چەندین بەیاننامە لە دەرەوە لە دژی کۆمەڵە دەردەکرێت[5]. کە ئەنجام بارەکە ئاڵۆزتر دەکەن.

ناوەڕاستی هاوینی ١٩٨٥ باڵی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی بە نهێنی یەکەم کۆبوونەوەی بەرفراوانی خۆیان لە دێی سێوسێنان لە ناوچەی قەرەداغ، لە ماڵی عیماد ئەحمەد

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عصبە شغیلە کردستان، لم یعد الصمت ممکنا؛ نامەی سالار عەزیز بۆ حەمەی حاجی مەحموود، ١٩٨٥/٢/٣.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەشی چوارەم، تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو بابەتانەی کە ئەو دەمە نووسراون و لە گۆڤاری کۆمەڵەدا بڵاوکرونەتەوە بڕوانە: ڕەوا، "ڕێکخستنی بان– چەپ دەرهاوێشتەی چ دۆخێکە؟!"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٤)، خوولی سێیەم، نیسانی ١٩٨٥، ل ل ٤١–٥٢؛ شوان، "بان چەپەکان چین و؟ چی ئەڵێن؟"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٥)، خوولی سێیەم، ئایاری ١٩٨٥، ل ل ٤–٢٠؛ ئازاد، "بان چەپ و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٥)، خوولی سێیەم، ئایاری ١٩٨٥، ل ل٢١–٢٦؛ ڕەنج، "هێرشی بان چەپ بۆ سەر شۆرش لە بەرژەوەندی کێدایە؟"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە (٥)، خوولی سێیەم، ئایاری ١٩٨٥، ل ل ٢٧–٣٢.

(٥) پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، ل٢٣٤؛ عصبة شغیلة کردستان– في السوید، ایضاح من عصبة شغیلة کردستان، اوائل ایار ١٩٨٥.

بەمەبەستی خۆسازدان و شکڵپێگرتنی ڕەوتێکی سیاسی– فکری دەبەستن، لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار لە دانانی کۆمیتەیەك لە ژێر ناوی (ئەڵقەی ناوەندی)یدا بۆ سەرپەرشتی کاروباری ڕەوتەکەیان دەدەن، هەروەها دەستەیەکیش بۆ نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی تیۆری تایبەت بە بابەتە فکری و سیاسییەکان دادەمەزرێنن(١).

لەم ئان و ساتە پڕ لە ململانێیانە و دوورکەوتنەوەی باڵەکان لە یەکتری، جەلال تاڵەبانی هەوڵی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە دەدات، ئەوەش بۆ ئەوەی ناو ماڵی کۆمەڵە بەتایبەتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەگشتی ڕووبەڕووی جیابوونەوە نەیەتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا داوای ئەوە دەکات مەلا بەختیار سەردانی سەرکردایەتی بکات، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گفتوگۆ بکەن و گوێ لە داخوازییەکانیان بگرن. ئەنجام مەلا بەختیار سەردانی سەرکردایەتی دەکات و لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا کۆدەبێتەوە، لێرەشدا لە کۆبوونەوەکەدا وێڕای گفتوگۆکانیان ڕێگە بە ناوبراو دەدرێت سەردانی ئێران بکات بۆ بینینی سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر تا لە بارودۆخەکە ئاگادارییان بکاتەوە. ئیدی مەلا بەختیار سەردانی ئێران دەکات و چاوی بە هەر یەك لە سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر دەکەوێت و لە بارەی بۆچوونەکانیان گفتوگۆیان لەگەڵ ئەنجام دەدات. لەم بارەیەوە مەلا بەختیار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ڕاشکاوانە پێیانی ڕاگەیاندووە ئەو لەگەڵ جیابوونەوەدا نییە، لەبەر ئەوەی جیابوونەوە واتە چوونە بەرەی نەیاری یەکێتی، بەمەش جەولەیەکی دیکەی شەڕی ناوخۆ دەستپێدەکاتەوە، کە ئەوان خۆیان دژی ئەو شەڕەن، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ڕەتی ئەو داوایەی ئەوانەی کردۆتەوە سەردانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات یاخود نامە بۆ ئیدریس بارزانی(١٩٤٥– ١٩٨٧) بنووسێت(٢). بەڵام لە بەرانبەردا سالار عەزیز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات مەلا بەختیار دژی جیابوونەوە نەبووە، بەڵکو لەسەر کات و ساتی جیابوونەوەکە لەگەڵیاندا کۆك نەبووە(٣).

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ موحسین عەلی ئەکبەر(مامۆستا موحسین)، سلێمانی، ٢٧ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢.

(٢) بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: رێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی سێیەم، (www.nrttv.com ).

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

دوای ئـەوەی مـەلا بـەختیار سـەردانەکەی ئـەنجامێکی ئـەوتۆی لێناکەوێتـەوە و دەگەڕێتەوە، لەسەر کارەکانی و پەیوەندیکردن بەردەوام دەبێت[١]، بەڵام لەو کاتـەدا دەست بەسەرداگرتنی چەند نامەیەکی سالار عەزیز لە لایەن سەرکردایەتیی یەکێتییەوە، کە بە یەکێك لە پێشمەرگەکانی ناردوویەتی، تاڵەبانی و مەکتەبی سیاسی نیگەران دەکات و بڕیاری ئەوە دەدرێت کێشەکان لەگەڵ مەلا بەختیار و هاوڕێکانی یەکلا بکرێنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥ لـە گوندی یاخسـەمەر لـە بارەگـای تایبـەتی جەلال تاڵەبانی کۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی هەر یەك لە: تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، فەرەیدوون عەبدولقادر، مولازم عومەر، ئازاد هەورامی، مەلا بەختیار و، شێخ عەلی ئـەنجام دەدرێت[٢]. دواجار لەسـەر ئـەوە ڕێکدەکـەون، مـەلا بـەختیار و هاوڕێکـانی وەك ڕەوتێکـی جیاواز دەتوانن لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی خۆیان ئـەنجام بـدەن و بەرنامەیەك دابنێن و ناوێك لە خۆیان بنێن، ئینجا وەك باڵێك لە ناو یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردستان درێژە بە خەباتی خۆیـان بـدەن[٣]. لێرەشـدا ئـەوەی جێگـای هەڵوەسـتەکردنە ئەوەیە، ئەو ڕێکەوتنە لە لایەن هیچ یەك لە ئامادەبووان نەنووسـراو و واژۆنـەکراوە، بـەڵکو ئەوەی وتراوە و بڕیاری لە بارەوە دراوە زارەکی بووە. لەم بارەشەوە یـەکێکی وەك شـێخ عـەلی، کـە بەشـداری لـە کۆبوونەوەکـەدا کـردووە، لـە ڕەوتەکـەی مـەلا بـەختیار بـووە، هۆکارەکەی بۆ سادەیی و کەم تەجروبەی سیاسی خۆیان دەباتەوە[٤].

بە کۆتایی هاتنی ئەو کۆبوونەوەیە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی دەگەڕێنـەوە بـۆ بـەری قەرەداغ و خەریکی ئامادەسازی بۆ بەستنی کۆنفرانس و پەیوەندیکردن بـە هاوڕێیانیـان

---

(١) نامەی مەلا بەختیار لە ژێر ناوی ئەلقەی ناوەندی نووسەران لە ١٩٨٥/١٠/٨ بۆ هاوڕێ یانی ئەڵقەی سەرەکی هەولێر.

(٢) کاسێتی دەنگی تۆمارکراو تایبەت بە دادگاییکردنی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تـەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیـەك لەگـەڵ مـەلا بەختیار، ئەلقەی سێیەم، (www.nrttv.com )؛ دیـداری سـالار مـەحموود لەگـەڵ سـەلاحی شێخ سدیق، ل ل ١١–١٣ . پشکۆ نەجمەدین لە (ئەزموون یاد، ل ٢٣٩)، ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکـات ئەو کۆبوونەوەیە لە ١٢ی تشرینی دووەم ئەنجام دراوە، بەڵام کەوتۆتە هەڵەوە.

(٤) بەرنامەی ڕووداو مێژوو، ئامادەکردنی و پێشکەش کردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ مـەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە (شێخ عەلی کەشکۆڵ)، ئەڵقەی دووەم، ( www. nrttv.com ).

دەبن[1]، بەڵام سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فەرمان بە هێزێك دەکات لە شەوی ١/٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥دا هەر یەك لە مەلا بەختیار، شێخ عەلی کەشکۆڵ، پشکۆ نەجمەدین دەستگیر بکەن و بە بەندکراوی ڕەوانەی سەرکردایەتییان بکەن[2]. ئەمەش دەبێتە سەرەتای کۆتایی ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵە و جاڕدانی جیابوونەوەی ئەو باڵەی، کە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی سەرپەرشتیان دەکرد.

دوای هاتنە پێشەوەی ئەو بارودۆخە، کۆمەڵە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکاندا لە ١٥- ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ بە ئامادەبوونی شەست کادیر لە دێی بەرگەڵوو پلنیۆمێك دەبەستێت، کە تێدا باس لە هەلومەرجی ئەو کاتەی کوردستان و عێراق و ناوچەکە دەکرێت و نەخشە و تاکتیکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکان دادەنرێت[3]. ئینجا لە تەوەرێکی دیکەدا چارەنووسی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی قسە و باسی لێوە دەکرێت، لێرەشدا لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کادیرە بەشداربووەکانی پلنیۆمەکە پێیان وا دەبێت، هەنگاوەکانی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی دەچێتە چوارچێوەی خیانەتی ڕێکخراوەیی، بۆیە دەبێت بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ بدرێت، بەڵام لە بەرانبەر ئەو بۆچوونە ڕایەکی دیکە، کە نەوشیروان مستەفا و ژمارەیەکی دیکەی بەشداربوو پێیان باش نەبووە، بە لەبەر چاوگرتنی خەبات و ماندووبوونیان لە ناو شۆڕش و کۆمەڵەدا حوکمی هەڵواسینی سیاسی بدرێن. بەمەش لە دواجار ڕای دووەمیان پەسەند دەکرێت و، کارەکانی پلنیۆمیش کۆتایی دێت[4].

---

(١) نامەی مەلا بەختیار، لە ژێر ناوی ئەڵقەی ناوەندی نووسەران بۆ ئەڵقەی سەرەکی شاری هەولێر، ١٩٨٥/١٠/٢٧.

(٢) برایم جەلال، چەپێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٤٩؛ بەرنامەی رووداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: ڕێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەڵقەی سێیەم، (www.nrttv.com)؛ بەرنامەی ڕووداو مێژوو، ئامادەکردنی و پێشکەش کردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە (شێخ عەلی کەشکۆڵ)، ئەڵقەی دووەم، (www.nrttv.com).

(٣) رزگاری دەنگی یەکێتی ی شۆڕشگێرانی کوردستان، ژمارە (٥) کانوونی یەکەمی ١٩٨٥. ل ١. لە یەکێك سەرچاوەیەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پلنیۆم لە ١٠ی کانوونی یەکەم دەستی بە کارەکانی کردووە. ڕێباز، قەندیل بەغدا هەژاند، ل ٣٤٩.

(٤) ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان، ل ل ٢٤٨-٢٤٩؛ ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، ل ٣٥١؛ برایم جەلال، چەپێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٥١؛ مەحمود سەنگاوی، بیرەوەرییەکانی سەنگاوی، ل

وەك ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، جیابوونەوەی بەشێك لە کادر و پێشمەرگەکان لە کۆمەڵە تاڕادەیەك کاریگەری خۆیکرد، بەڵام دیسانەوەی کۆمەڵە لە مەیدانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی توانی لەو قۆناغەش بە دواوە ڕۆڵی کاریگەری هەبێت، بە تایبەت ئەگەر بزانین لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٥ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆتایی بە دانووستانەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق هێناوە و کەوتەوە جەولەیەکی دیکەی شەڕکردنەوە، بەمەش هێزەکانی کۆمەڵە و سەرکردە مەیدانییەکانی لە تێکڕای ئەو شەڕانەی لە ساڵەکانی ١٩٨٥- ١٩٨٨ لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کراون، ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە [1]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە، هەر لەم ماوەیەدا ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە چ لە شار و چ لە شاخ هەمیشە لە چالاکییەکان بەردەوام بوون و هەوڵی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیانداوە، بەتایبەت لە بەرانبەر ئەو هەنگاوانەی، کە حکومەتی عێراق لەو ماوەیەدا گرتبووەیە بەر[2].

کۆمەڵە ساڵی ١٩٨٨ بە دواوە وەك هەر هێزێکی دیکەی سیاسی لە باشووری کوردستاندا، هێزەکانی دووچاری شکستی سەربازی هاتووە، بەمەش بەکردەوە لە بەشێك لە بنەما فکرییەکانی شکستی خوارد و ئەو خەباتە درێژخایەنەشی لە سەرەتاوە وەکو ئامانج بۆ سەرکەوتن بڕوای پێی هەبوو، نەیتوانی دەستەبەری بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چالاکی ڕێکخستنەکانی بە تایبەت لە ناو شارەکاندا جێگای تێرامان و هەڵوەستەکردنی دەزگاکانی حکومەتی عێراقی بووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی

---

١٨٠؛ دیمانەیەك لەگەڵ مناف نادر قادر، (سەفین مەلا قەرە)، هەولێر، ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. شایەنی باسە، سەرەتا ئەو بابەتی لە سێدارەدانە دەخرێتە دەنگدانەوە، لە کۆی بەشداربووانی پلنیۆم تەنیا عەبدوڵڵا تۆفیق بە نەخێر دەنگی بۆ دەدات.

(١) ڕێباز، قەندیل بەغدا هەژاند، ل ل ٣٥٤-٤٦٤؛ ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل ل ٣٧٢-٤٥٠؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا ڕەزا (عەول)، کەرکووك، ٣ی شوباتی ٢٠١٣.

(٢) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بیرەوەری ١٦ ساڵەی لە دایك بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ١٠/٦/١٩٨٦؛ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕێکخراوی دەرەوە، بیرەوەری ١٨ ساڵەی لەدایك بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ٦/١٠/ ١٩٨٨؛ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەیاننامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە بیرەوەری ١٩ ساڵەی دامەزراندنی دا، ١٠/ ٦/ ١٩٨٩؛ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان- ڕێکخراوی سلێمانی، بانگەوازێك بۆ جەماوەری خۆراگری ناوچەی شارەزوو، کۆتایی مایسی ١٩٨٧؛ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بانگەوازێك بۆ جەماوەری گەلەکەمان بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕژێم، تەمووزی ١٩٨٨.

ئاسایشی سلێمانیدا هاتووە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە بەهێزترین و ترسنکاترین ڕێکخستنی نهێنین لە گۆڕەپانی سیاسی بە تایبەت لە پارێزگاری سلێمانی و هەولێردا، چونکە بە سەدەها کردەیان لە کوشتن، ترساندن، تۆقان و شوێن بزرکردن ئەنجامداوە[1].

کۆمەڵە لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی سیاسی و چەکداری[2]، هەر زوو سەرکردە و کادیرەکانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکەیەی بزووتنەوەی سیاسی لە باشووری کوردستان پێویستی بە دامەزراندنی ئۆرگانێکی تازەیە، بۆ ئەوەی باشتر لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بسازێت و کەمتر ڕەنگی چینایەتی و ئایدیۆلۆژی لە خۆی بسوێت، ئەمەش زیاتر لە لایەك لە ژێر کاریگەری فاکتەرە ناوخۆییەکاندا بوو، کە پەیوەندی بە پرۆسەی ئەنفال و شکستی ئەزموونی خەباتی چەکدارییەوە بوو، لە لایەکی دیکەش پەیوەندی بە شکست و پێچانەوەی کۆمۆنیزم و پوکانەوەی ئەزمونی سۆسیالیزمی جیهانییەوە هەبوو، کە دەمێك بوو یەکێتیی سۆڤێیەت سەرکردایەتی دەکرد[3].

ئیدی لە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەدا بۆ یەکەمین جار لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان [4] لە ٣–٥ی حوزەیرانی ١٩٨٩ فەرەیدوون عەبدولقادر وەك ئەندامی سەرکردایەتی و نوێنەری کۆمەڵە، مەسەلەی یەکگرتنی کۆمەڵە و

(١) مديرية الامن محافظة السليمانية، وفق المادة ١٥٦ ق.ع الحق العام، ١٩٨٩/٤/١٢. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٤).

(٢) لەم قۆناغەدا بەرنامە ڕێژی دەکرێت بۆ یەکخستن و بەستنەوەی خەباتی شار و شاخ، بەمەش هێزەکانی یەکێتی دەست بە چالاکی دەکەنەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پایەکانی ستراتیجی قۆناغی نوێ ی کار، (بێ ساڵو شوێنی چاپ)؛ نامەی فەرەیدوون عەبدولقادر بۆ هەڤالانی کۆمیتەی هەولێر، ٦/١/ ١٩٨٩؛ شەهید غەریب هەڵەدنی، خۆم دەروبەر و هاورێکانم لە بریارێکی مێژوویی دا، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی سەرکەوتن، ١٩٩٤)، ل ل ٧–٣٢؛ جەمال شێخ نوری، وێرانکاری و تاوانەکانی بەعس لە بیرەوەرییەکانمدا، ل ل ١٢٦–١٢٨؛ بوار نورەدین، ئەستێرەی سوور، تۆمارێك لە مێژووی خەباتی نهێنیی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ١٩٧٨–١٩٩١، چاپی دووەم، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١)، ل ل ١٥٤–١٥٨.

(٣) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل٢٤١.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵە بڕوانە بەشی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە.

شۆڕشگێڕان لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا باس لێدەکات[1]، دوای ئەوەش لە پلنیۆمی زەڵێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ١٩٨٩، بە فەرمی بڕیار لەسەر یەکخستنی باڵەکان دەدرێت[2]، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکە بۆ کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٢٧ی کانوونی دووەم تا ١٤ی شوباتی ١٩٩٢ دوادەخرێت[3]. بەمەش دوای ئەوە بە یەکجاری لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هێزێك و ڕێکخراوێکی سیاسی بە ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوونی نامێنێت و هەنگاو و چالاکییەکانی دەبن بە بەشێك لە مێژوو.

---

(١) یەکێتی ی شۆڕشگێرانی کوردستان، کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتی ی شۆڕشگێرانی کوردستان، ( لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری "ی.ش.ك، حوزەیرانی ١٩٨٩)، ل ل ٦١– ٧٣؛ بلاوکراوەی ناوخۆ، بۆ گشت هاوری یانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و هەڤاڵانی یەکێتی ی شۆڕشگێرانی کوردستان. ئەمەی دواییان دەستخەتێکی نووسراوە لە لایەن فوئاد مەعسوم نووسراوە، کە تێدا ئاماژە بە ڕێکەوتی نووسینەکە نەکراوە، بەڵام لە ناوەڕۆکەکە ئەوە بە دی دەکرێت، بۆ دوای گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە. شایەنی باشە لەم نووسینەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە ئەوە یەکەمین بڵاوکراوەیەی هاوبەشە، لە لایەن هەردوو ناوەندی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانەوە نووسراوە.

(٢) دەقی ڕاپۆرتی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی ی،ن،ك لە پلنیۆمی چوارەم (٢٩–٢٠٠٩/١٠/٣١)، ل ١.

(٣) جەلال تاڵەبانی، ڕاپۆرتی سیاسی پەسندکراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢٧–١/٢٤–١٩٩٢/٢/٢٤، چاپی دووەم، ( سلێمانی، ئۆفسێتی ڕووناکبیری، ٢٠٠٠)، ل ٣.

# بەشی چوارەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە

## دەستپێك

قسەکردن لەسەر هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێك شتێکی سانا نییە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە لە قۆناغی یەکەمی کارکردنیدا (١٩٧٠– ١٩٧٥) زۆر بە نهێنی کاری کردووە و هەوڵیداوە خۆی لە هەموو جۆرێك لە ئاشکرابوون بپارێزت، جگە لەوەش ئەگەر پەیوەندییەك هەبوو بێت ئەوە زیاتر جەلال تاڵەبانی ڕۆڵی تێدا بینیوە و بۆ خواری خوارەوەی ڕێکخستنەکان و ئۆرگانەکانی دیکە شۆڕنەبۆتەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لە قۆناغی دووەمیدا، کە قۆناغی خەباتی چەکدارییە، کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەی هەوڵی پاراستنی سەربەخۆیی خۆی داوە، بەڵام قبوڵکردنی چوونە ناو بازنەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کارکردنی وەك باڵێك تێدا، وای کردووە کۆمەڵە بە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی یەکێتیی ببەسترێتەوە، ئەنجام تا هەڵوەشاندنەوەی نەیتوانیوە لە ژێر کاریگەری ئەو سیاسەتە بچێتە دەرەوە. بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە شتێکی زۆر کەمە لە هەڵوێست و پەیوەندییەکان، کە دابەش دەبن بەسەر هەڵوێست و پەیوەندییەکان لە ناو بازنەی یەکێتیی، لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و پارت و ڕێکخراوە عێراقییەکان، کە هەوڵدراوە لەو بەشەدا لە سێ تەوەردا باسی لێوە بکرێت.

## تەوەری یەکەم: پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ باڵەکانی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ ڕۆڵی جەلال تاڵەبانی هەم لە دامەزراندنی کۆمەڵە، هەمیش لە ئاراستەکردنی ئەو ڕێکخراوەدا کرد، هەروەها تیشکیش خرایە سەر ئەوەی ناوبراو ساڵی ١٩٧٣ لە نامەیەکدا مەسەلەی دامەزراندنی ڕێکخستنێکی جەماوەری بەرفراوانی خستبووە بەردەم سەرکردایەتیی کۆمەڵە، بەڵام لەو کاتە سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئامادەبوونی هەر یەك لە: جەعفەر عەبدولواحید، محەمەد میرزا سەعید، ئاوات عەبدولغەفور و فەرەیدوون عەبدولقادر بابەتەکە ڕەت دەکەنەوە[1]. لێرەشدا لەبەر ئەوەی تاڵەبانی فراوانتر لە مەسەلەکە دەڕوانێت و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی لەم شێوەیە بە گرنگ دەزانێت، بۆ جارێکی دیکە لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ بۆ هەمان بابەت بە نامە ڕاوێژ بە سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەکاتەوە. لەم بارەشەوە فەرەیدوون عەبدولقادر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە مارتی ١٩٧٥ بە نامە تاڵەبانی دووبارە مەسەلەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بەفراوانی وروژاندۆتەوە، ئەوانیش بۆ تاووتوێکردنی کۆبوونەتەوە، بە جیاوازتر لە بیروڕای پێشوویان پێیان وابووە وەك کۆمەڵە ناتوانن هەموو چین و توێژەکان لە دەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە، بۆیە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نیشتمانی فراوانیان قبوڵ بووە، بە مەرجی ئەوەی کۆمەڵە تێدا داینەمۆ بێت[2]. بەمەش سەرەتای بیری دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی وەکو ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی، بۆ ڕەوت و چینە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردستان گەڵاڵە بووە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لەو ڕێگایەوە تێکڕای ڕۆڵە دڵسۆز و تێکۆشەرەکانی کوردستان لە چوارچێوەیەکی فراواندا کۆبکرێنەوە و بە گەڕ بخرێن و ئەندامانی کۆمەڵە تێدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن[3].

---

(١) بڕوانە بەشی یەکەم، تەوەری سێیەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٣) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بڵاوکراوەی ناوخۆ، ژمارە (٢)، ١٩٨١، ل ل ٧–٨؛ حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى ١٩٩١، (القاهرة، مطبعة اطلس، ١٩٩١)، ص٢٤٧.

لەم هەلومەرجەدا، سەرکردایەتیی کۆمەڵە سەرباری پەسەندکردنی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بەرفراوان، دەستکردنەوەی بە خەباتی چەکداریشی بە گرنگ زانیوە، بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا شازاد سائیب و دواتریش لە ئابی ١٩٧٥ فەرەیدوون عەبدولقادر ڕەوانەی دەرەوەی عێراق دەکات تا لەگەڵ تاڵەبانی ڕاوێژ لەو بارییەوە بکەن. لێرەشدا ئەو سەردانەی فەرەیدوون عەبدولقادر لە کاتێکدایە، کە جەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانییان لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ ڕاگەیاندووە. بۆیە لە کاتی دیدارەکەیدا تاڵەبانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە ڕادەسپێرێت لە ناوەوەی وڵات پەیوەندی بکەن بە عەلی عەسکەری، خالید سەعید و عومەر مستەفا، تا کار بۆ دامەزراندنی سەرکردایەتی ناوخۆی یەکێتی لە ناوەوەی وڵاتدا بکەن، بۆ ئەوەی زۆرترین و بەرفراوانترین بەشی کۆمەڵانی خەڵك لە دەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە[1]. ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە لە مایسی ١٩٧٥ دووجار عومەر مستەفا و تاڵەبانی یەکتریان بینی بوو، ئاڵوگۆڕی پەیوەندی نێوانیان کردبوو[2].

جەلال تاڵەبانی لەم پەیوەندیکردنەدا کەوتە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکانی لەگەڵ هەر یەك لە: عەلی عەسکەری، خالید سەعید و عومەر مستەفا، کە لەو کاتەدا لەگەڵ پۆلێك کەسایەتی دیکە ڕێکخراوێکیان بە ناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان[3]

---

(١) فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵ شیهاب و هاوڕێکانی، ل ل ٣٩–٤٠؛ نەشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، ل٤٨؛ خالد یونس خالد، الزعيم الوطني الكردستاني جلال الطالباني قائد و فكر و عصر، الطبعة الثانية، (دون مكان الطبع، ٢٠٠٥)، ص ص ١٣–١٤؛ المحامي الشيخ سالار الحفيد، علي العسكري و الحكم للتأريخ، (دون مكان و سنة الطبع)، ص٤٧.

(٢) کاکە مەم بۆتانی، بەها ڕێزان بیرەوەری و بەسەرهات (١٩٧٥– ١٩٩١)، (بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٥)، ل ل ١٨–١٩؛ ڕەفیق پشدەری، کورد دوژمنی خۆت بناسە، بەرگی دووەم، (بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٠)، ل ٣٧.

(٣) بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوای نسکۆ شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، بە تایبەت ئەو کەسایەتیانەی بە نیازی بەرەنگاری و درێژەپێدانی شۆڕش بوون. هەر بۆیە دوای گەڕانەوەشیان لە مایسی ١٩٧٥ هەر چەندە حکومەتی عیراقی زۆربەیان بە نەفیکراوی ڕەوانی شارەکانی خوارووی عیراق دەکات. بۆ ئەوەی لە ژێر چاوەدێری دامودەزگاکانی حکومەت و دوور لە یەکتری ڕێگا لەبەردەم یەکخستنی هەوڵەکانیان بگرێت، بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی یەکتری ببینن، بەڵکو لە ژێر ئەو گوشارەش چاویان بە یەکتر دەکەوێت و دەکەونە هەوڵی ئەوەی ڕێکخستنێك پێکبهێنن، سەرەتاش بە چاولێکەری (الحركة التصحيحة)،

دامەزراندن بوو، بەمەش داوای ئەوەیان لێدەکات بە نهێنی بچنەوە شاخ و مەفرەزەی پێشمەرگە دروست بکەنەوە و لەگەڵ کۆمەڵە بکەونە هاوکارییەوە[1]. ئیتر بەو شێوەیە تاڵەبانی هەم لەگەڵ سەرکردایەتیی کۆمەڵە، هەمیش لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوە لە ناوەوەی وڵات لە پەیوەندی بەردەوامدا دەبێت.

فەرەیدوون عەبدولقادر لە ئەیلوولی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە بۆ وڵات، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ شاڵاوی گرتنی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، ئەنجام سەرکردایەتی بڕیاری چوونە ئێرانیدا. ئیتر ئەو پەیوەندی و هاوکارییەی، کە دەبوو لە نێوان سەرکردایەتیی کۆمەڵە و سەرکردایەتیی بزووتنەوەدا بێتە ئاراوە، بە تەواوەتی نەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەوە نەبووە هۆکاری ئەوەی کۆتایی بە هەنگاوەکان بێت. بە تایبەت دوای ئەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لەسەر دەستی کۆمیتەی هەرێمەکان ڕێك خرایەوە، پەیوەندی بە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردەوە. بەمەش جارێکی دیکە سەرکردایەتیی یەکێتی جەخت لە سەر پەیوەندی نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە لە ناوەوەی وڵات دەکاتەوە[2].

ڕازی بوونی کۆمەڵە و بزووتنەوە بە کارکردن لە ناو نیمچە بەرەی یەکێتییدا، سەرکردایەتی هەر دوولا لە ناوەوەی وڵات دەخاتە بەردەم بەرپرسیارییەتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری، بە تایبەت دوای ئەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە

---

کە بەعسییەکان لە سوریا دایانمەزراندبوو، ناویان لە خۆیان نا (بزووتنەوەی ڕاستکردنەوە)، بە بیانوی ئەوەی چەوتی و لادانە سیاسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاست دەکەنەوە، بەڵام دواتر دوای تاوتوێکردنی بابەتەکە لەسەر دەستی هەر یەك لە: سـالح یوسفی ، عەلی عەسکەری، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی، سەعدی گچکە، عومەر دەبابە، ڕەسوول مامەند، عەلی هەژار، کاردۆ گەلالی و مەلا ناسیح لە سەرەتاکانی مانگی یەکی ١٩٧٦دا بڕیار لە دامەزراندنی (بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) دەدرێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ١٩٧٦- ١٩٨٢ توێژینەوەیەکی مێژووییە، گۆڤاری "کلتور"، ژمارە(٩)، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ل ٢٢- ٢٥.

(١) ملف مخطوطة خاص بالاتحاد الوطني الكردستاني، ص ص ٢-١٢؛سەروەر عەبدولرحمان عومەر، یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان، ل ١٠٠ ؛ حەمە فەرەج هەڵەبجەیی، لە شنرویەوە بۆ ستۆکهۆڵم چەند لاپەرەیەك لە بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کورددا، بەرگی سێیەم، چاپی سێیەم، (سلێمانی، چاپخانەی ڕۆمان، ٢٠٠٩)، ل ل ٢٠٣-٢٠٦.

(٢) مەلا بەختیار، یاخی بون لە مێژوو، ل ٤٠.

ساڵیادی یەکەمین دامەزراندنی لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ بڕیاری بەرپاربوونەوەی شۆڕشی چەکداری دەدات، بەمەش لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٧٦ بە دواوە کۆمەڵە چەند مەفرەزەیەکی چەکدار ڕەوانەی شاخ دەکات، دوای ئەوەش هێزەکانی بزووتنەوە لە ٨ی ئابی ١٩٧٦ لە چەند لایەکەوە دەچنەوە شاخ[1]. بەڵام ئەوە جێگای سەرنجە لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و بزووتنەوە ڕازی بوون بەکارکردن لە ناو نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەڵام هەر لە سەرەتاوە لەسەر هەندێك لایەنی ستراتیژی و تاکتیکی جیاوازی کەوتۆتە نێوانیانەوە.

کۆمەڵە پێی وابووە لەم قۆناغەی خەباتی چەکدارییەدا دەکرێت هێزی بچووك بچووك دروستبکرێت و ئەرکی سەرەکییان وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت و پەلەنەکرێت لە شەڕ و پێکدادانی بەرەیی لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا، بەڵکو بایەخ بدرێت بە ئیش و کاری سیاسی و ڕۆشنبیری جوتیاران، هەروەها پێی وابووە دەبێت هێزەکان لە ڕووی چۆنایەتییەوە ڕێك بخرێن و ئەوەندە گرنگی بە لایەنی چەندایەتی نەدرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی بەهێز بێت و دەسەڵاتی هێز بەسەر ڕووداوەکان زاڵ نەبێت، بۆ ئەوەی لە دواجاردا دیاردەی عەشیرەتگەری لە ناو هێزی پێشمەرگەدا سەرهەڵنەداتەوە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵە بە پێویستی زانیوە لە ڕێگای دەستەی پێشمەرگەی پارتیزانەوەی خەڵکی زەحمەتکێش لە شۆڕشی تازە وشیاربکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە دێهات و شاخەکانەوە دەستبکرێت بە شۆڕشێکی درێژخایەن لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێم و هێنانە سەرکاری ڕژێمێکی دیموکراتی تا ئەوەی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان دابین بکات[2].

لە بەرانبەردا، بزووتنەوە پێی وابووە دەتوانرێت دامودەزگا لێکترازاوەکانی شۆڕشی پێشوو سەر لە نوێ وەکو جاران ببوژێنرێنەوە و بەردەوام بن لە خەباتی چەکداری، بەمەش لایەنگیری ئەو بۆ چوونەیان کردووە و هەمیشە ئەوەیان دووبارە کردۆتەوە، کە

---

(١) سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، چاپی سێیەم، (هەولێر، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٣)، ل ١١٦؛ بەهرۆز گەلاڵی، ڕەسوڵ مامەند ٥٠ ساڵ تەمەن و ٣٣ ساڵ خەبات، چاپی دووەم، (سلێمانی، چاپخانەی سەفوەت، ١٩٩٨)، ل ٣٨؛ شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان دیووی ناوەوەی هەندێ لایەنی مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە نێوان ساڵی ١٩٤٦–١٩٨٣دا، چاپی یەکەم، (دانیمارك، چاپخانەی خۆیبوون، ٢٠٠١)، ل ٩٩.

(٢) حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار)، شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم، ل ٣٢٥؛ کرمانج گوندی، ٣٠ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، ( سوید، ١٩٩٠) ل ٧٥.

تەنیا سەرکردایەتییەك هەرەسی هێناوە، جەماوەر هەمان جەماوەر، ڕژێمیش هەمان ڕژێمە و زوڵم و زۆرداریش هەر بەردەوامە، بۆیە پێکەوەنانی هێزی چەکداری زۆریان بە پێویست زانیوە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر ڕژێمی عێراق و ناچار بەوە بێت دەرگای دانووستان بکاتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە، دەبێت لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین هێزی چەکدار لە دەوریان گردبێتەوە، بێ ئەوەی بیر لە چۆنایەتی ئەو هێزە بکەنەوە، بەڵکو گرنگ ئەوە بوو ڕژێم بە نوێنەری گەلیان بزانێت و ناچاری ئەوە بێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات[١].

لێرە بە دواوە سەرەتای ناکۆکییەکان وردە وردە لە نێوان ئەو دوو باڵەدا دەستپێدەکات و سەرکردایەتیی کۆمەڵە ئامادە نابن سەر بۆ بیروڕاکانی سەرکردەکانی بزووتنەوە دابنەوێن[٢]. ئەوەش لە کاتێکدایە سەرکردەکانی بزووتنەوە کەسانی ناودار بوون و لەوانە بوون، کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا ڕۆڵی بەرچاویان دیبوو، بەمەش زۆربەی ئەوانەی لەو ماوەیەدا دەهاتنە ناو هێزەکانی شۆڕشەوە دەچوونە ڕیزی بزووتنەوەوە، ئیتر بەو هۆیەوە تەرازووی هێز بەلای بزووتنەوەدا لاسەنگ دەبوو[٣].

شایەنی باسە، هەر چەند ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوە هەبووە، بەڵام دیسانەوە چەند جارێك شاسوار جەلال(ئارام) و عەلی عەسکەری بە یەکەوە دانیشتوون، ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان کردووە[٤]، ئەنجامیش بۆ ئەوەی چارەسەرێکی کاتی پەیوەندییەکانیان بکەن لەسەر دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی دووانە پێکهاتوون، کە تێدا شاسوار جەلال (ئارام) و ڕەسووڵ مامەند بۆ کاروباری سیاسی، عەلی عەسکەری، سالار عەزیز، تالیب ڕۆستەم، خالید

---

(١) فازیل کەریم ئەحمەد،"خەباتی چەکداری لە نێوان ئەفسانە و ڕاستی دا"، گۆڤاری "یەکگرتن"، ژمارە (٩)، ١٩٨٩، ل ل٣٥-٤٠.

(٢) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ١٠٨.

(٣) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، ص٣٥٥.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ خەبات کریم مارف ناسراو بە (رئیس عەبدوڵڵا)، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ حاجی مەمۆ، لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، ل ٨٣؛ مەریوان سابیر، "گەشانەوەی پشکۆکان لە شارەوە بۆ شاخ بەشێك لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەی دێرین حسین کەریم قادر ناسراو بە حەمە سەعید قەڵە و بە بۆنەی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانەوە"، گۆڤاری "چیا"، ژمارە (٣٠)، سلێمانی، شوباتی ٢٠١٠، ل ٤١.

سەعید، مولازم عومەر و تایەر عەلی والی بۆ کاروبـاری چـەکداری دیـاریکراون[1]. بـەڵام ئەو ماوەیە تاوەکو بەستنی یەکـەمین کۆبوونـەوەی سـەرکردایەتیی یەکێـتی لـە ٣١ی ئابی ١٩٧٧ چـەند جـارێکی دیکـە لەسـەر مەسـەلەی دانـانی فەرمانـدەکان[2]، لەسـەر وەرگرتنی سەرانە و زەکات[3] لە لایەن فەرماندەکانی بزووتنەوەوە، لەسەر شـەڕکردن لەگەڵ سەرکردایەتیی کاتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان[4] نـاکۆکی کەوتۆتـە نێـوان فەرماندە باڵاکانی کۆمەڵە و بزووتنەوەوە[5].

لاسەنگبوونی تەرازووی هێز بەلای بزووتنەوەدا وەك ئاماژەی بۆ کرا، دەبێتە جێگـای تێڕامان و هەڵوەستەکردن لای جەلال تاڵەبانی دوای گەڕانەوەی لە تەمموزی ١٩٧٧، بۆ ئەو مەبەستەش تاڵەبانی بە باشـی دەزانێت نەوشـیروان مسـتەفا چـالاکییەکانی لـە نـاو کۆمەڵە دەستپێبکاتەوە[6]، جگـە لـەوەش لـە هـەنگاوێکی دیکـەدا کـار بـۆ دامەزرانـدنی خـەتی گشـتی[7] دەکـات وەك بـاڵێکی تـازەی سیاسـی لـە نـاو نیمچـە بـەرەی یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا[1].

---

(١) کۆمـەڵێك هـاوڕی شـەهید، پیـاو نامـە، گوڵبـژێرێکی ژیاننامـەی شـەهیدی نـەمر عـەلی عەسـکەری، ئامادەکردنی، حەمە نوری تۆفیق، چاپی یەکەم، (سلێمانی، ٢٠٠٤)، ل ٦٢؛ برایم جەلال، چـەپکێك لە مێژووی کۆمەڵـە، ل ١٠٩؛ محمدی حاجی محمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك ، بەرگی یەکەم، ل ل٨٥-٩٠.

(٢) دەقی ڕاپۆرتی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی ی.ن.ك لە پلینۆمی چـوارەم (٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١)، ل ٨؛ شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی، ل ١١٦.

(٣) مەسەلەی زەکات، پەیوەندی بـە سیسـتەمی دارایـی ئیسـلامییەوە، کـە سـاڵانە لـە مـاڵی موسـڵمانان دەردەکرێـت. ئـەوەی لێـرەدا جێگـای هەڵوەسـتەکردنە ئەوەیـە، پـارت و ڕێکخـراوە چـەپەکان لـە کۆمەڵگایەکی کوردستانی، کە زۆربەی موسڵمان بووە بەو ناوە پارەیان لە خەڵك وەرگرتووە.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر سەرکردایەتیی کاتیی- پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و پەیوەندییـەکانی لەگەڵ کۆمەڵە بڕوانەی بەشی چوارەم تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٥) مەلا بەختیار، یاخی بون لە مێژوو، ل ل ١٠٣ و٢٧٧؛ محەمەد شێخ عەبدولکەریم سـوڵەیی، ئـارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێری کورد، بەرگی یەکەم، ل ل ٣٧٢-٣٧٣.

(٦) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، ل ١٧٢.

(٧) خەتی گشتیی، لەسەر پێشنیاری جەلال تاڵەبانی لەو کەسانە پێکهێنرا، کە نە سەر بە بزووتنـەوە، نە سەر بە کۆمەڵە بوون، بـەڵکو ئەوانـە دەسـتەی دامەزرێنـەری یەکێـتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بوون. ئیتر لێرە بە دواوە وەك خەتی سێیەم لە چالاکییەکانیان بەردەوام بوون تا ئەوەی لە سـاڵی ١٩٨٢ لەگەڵ بزووتنەوە یەکیان گرت و یەکێتیی شۆڕشگێڕانیی کوردستانیان پێکهێنـا. دیمانەیـەك

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی خۆی، دوای گەڕانەوەی تاڵەبانی لە دۆڵی خواکورك لە ۳۱ی ئابی ۱۹۷۷ دەستپێکرد و تاوەکو ۱۲ی ئەیلوولی هەمان ساڵ بەردەوام دەبێت. لەم کۆبوونەوەیەدا وێڕای باسکردنی هەلومەرجی شۆڕش و چۆنییەتی پەرەپێدانی خەباتی چەکداری و ڕێکخراوەیی، هەوڵی ڕێکخستنی هەیکەلی ڕێکخراوەیی یەکێتی دراوە، بەمەش سەرکردایەتی سیانە لە نێوان باڵەکانی کۆمەڵە، بزووتنەوە و خەتی گشتی پێکهێنراوە. ئەنجام هەر یەك لە: شاسوار جەلال، سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئازاد هەورامی، مولازم عومەر و نەوشیروان مستەفا لە کۆمەڵە، عەلی عەسکەری، ڕەسووڵ مامەند، خالید سەعید، سەعدی گچکە و عومەر مستەفا لە بزووتنەوە، شێخ حوسێن بابە شێخ، فوئاد مەعسوم، عومەر شێخ موس، عەبدولڕەزاق فەیلی، عادل موراد و کەمال فوئاد لە خەتی گشتی بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی، بە تێکڕاش ڕەزامەندبوون لەسەر ئەوەی جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت(۲).

لە لایەکی دیکەوە، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش دیاریکران: کە بریتی بوون لە هەریەك لە: شاسوار جەلال(ئارام) و سالار عەزیز لە کۆمەڵە، عەلی عەسکەری و ڕەسووڵ مامەند لە بزووتنەوە وەکو ئەندام. هەروەها لە پێکهاتەی هەرێمەکانیشدا، کە تێدا کوردستان دابەشکرا بوو بۆ سەر هەشت هەرێم، بەمەش هەر یەك لە هەرێمی کەرکووك، هەرێمی قەرەداغ، هەرێمی پشدەر، هەرێمی شارباژێر بەر کۆمەڵە، هەرێمی پێنجوین و هەورامان، هەرێمی هەولێر، هەرێمی خۆشناوەتی بەر بزووتنەوە، هەرێمی بادینانیش بەر خەتی گشتی کەوتبوون(۳).

لەگەڵ کۆتایی هاتنی یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی، تاڕادەیەك پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەوە، بەڵام ئەوە نەبووە یارمەتیدەر بۆ کۆتایی کێشەکان، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە لەم کۆبوونەوەیەدا ڕازی نەبوون لەسەر تێکەڵاوبوونی ڕێکخستنەکانی لە ناو شارەکاندا لەگەڵ ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەدا، بەڵکو لەگەڵ

---

لەگەڵ مام جەلال ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە(۱۲۹۸)، ۱۹۹٦/٦/۲؛ دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ۲۹ی مایسی ۲۰۱۲.

(۱) کاکل ئەحمەد (کاکە ڕەش)، یەکێتی و ململانێ، ل۱۳۸.

(۲) نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ، ل ل ۱۷۱–۱۷۲.

(۳) ئەحمەد حەمەد ئەمین، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان...، ل ۲۹.

سەربەخۆیی تەواوی ڕێکخراوەییدا بوو. جگە لەوەش هەستیان بەوە کردبوو بیروڕایەك هەیە بۆ یەکخستنی باڵەکانی ناو یەکێتی لە ناو یەك ڕێکخراوی بەرفراواندا، کە ئەمەش لای ئەوان پەسەند نەبوو[1]. ئیتر بوونی ئەو جیاوازییانە و کەوتنەوەی ناکۆکی لە نێوان جەلال تاڵەبانی و هەندێك لە سەرکردەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی قۆناغێکی دیکەی ناکۆکی لە نێوان باڵەکانی یەکێتیدا[2].

دووەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتی لە نیسانی ١٩٧٨ لە نۆکان بەسترا، لەم کۆبوونەوەیەشدا سەرەڕای باسکردنی هەلومەرجی سیاسی، پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەیی، چەند بڕیارێك دران، کە پەیوەستبوون بە دانانی بنکەی سەرکردایەتی لە ناوچەی برادۆست، کاراکردنی هەرێمی بادینان و ڕەوانەکردنی هێزێك بۆ هێنانی چەك لە سوریا. دواجاریش کۆبوونەوە بە هەڵبژاردنەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی کۆتایی بە کارەکانی هێنا[3].

لەگەڵ تەواو بوونی کۆبوونەوەکان کار بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان کرا، لەم چوارچێوەش هەم بارەگاکانی سەرکردایەتی گواسترانەوە، هەمیش هێزێك بۆ هێنانی چەك لە سوریا ئامادەکرا، بەڵام ئەو هێزە لە دواجار ڕووبەرووی تەنگە و چەڵەمەیەکی زۆر هاتەوە و بە کوشتنی سەرکردەکانی وەکو عەلی عەسکەری، خالید سەعید و چەندین پێشمەرگەی تر، لە ڕووداوی هەکاری لە حوزەیرانی ١٩٧٨ کۆتایی هات[4]. لێرەش بە دواوە ئەگەر تا ئەو دەمە بزووتنەوە لە نێو یەکێتی ڕۆڵی سەرەکی گێڕابێت، ئەوە لەو ڕووداوە بەدواوە کۆمەڵە ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە[5]. بەمەش قۆناغێکی دیکەی ململانێ دەستی پێکردۆتەوە و سەرئەنجام بەرەو جیابوونەوە کشاوە.

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی، ل ل ٢١٢–٢١٣.

(٢) نامەی سالار عەزیز بۆ مام جەلال، ١٩٧٨/١٠/١٦؛ نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ ناو زەنگ، ل ٢٥٣؛ محمدی حاجی محمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی یەکەم، ل ل ١٦٦–١٨٠.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ل ٣٠١–٣٠٢.

(٤)بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نەوشیروان مستەفا، کارەساتی هەکاری، ل ل ١١–٩٦.

(٥) ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، ل ١٤٠؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووش، ل ١٤٨؛ بەرنامەی ڕووداو مێژوو،

سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی نێوان باڵەکانی یەکێتی ئاڵۆزتر بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەك نیمچە بەرەیەك، کە باڵەکانی بزووتنەوە، کۆمەڵە و خەتی گشتی لە خۆ گرتبوو، مانای ئاڵۆزی پەیوەندییەکان بوو، لەبەر ئەوەی یەکێتی لە بنەڕەتدا یەك پارتێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو چەند ڕەوت و ڕێکخراوی فکریی سیاسی جیاواز بوون، کە هەڵگری بیروباوەڕی سیاسی و بەرنامەی ڕێکخراوەیی و شێوازی کار و خەباتی چەکداری جیاواز بوون و یەکتریان قبوڵ نەبوو، بەمەش لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی ڕووداوەکان، یەکێتی نەیتوانی بوو ڕەوتی ناکۆکییەکان بە ئاراستەی ململانێیەکی گونجاو لە نێوان باڵەکانیدا ببات، بۆیە هەر سێ باڵەکە ڕێکخستنی جیاوازیان هەبوون، بەمەش کاتێك یەکێك دەبوو بە یەکێتی هەر سێ ڕێکخستنەکە بە جیا هەوڵیان بۆ ئەوە دەدا بیخەنە ناو ڕێکخستنەکەی خۆیان[(١)]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە باڵەکانیش لە بەشداربوونیان لە کاری نیمچە بەرەی ناو یەکێتی لە نێو خۆیاندا جیاواز بوون. وەك ئەوەی دوای ڕووداوی هەکاری ئەو گروپە لە ناو بزووتنەوە باڵا دەستبوون، کە لە سەرەتاوە بە کارکردن لە ناو یەکێتیدا، ڕازی نەبوون[(٢)].

ئیدی لەگەڵ ئەوەی زیاتر شۆڕش خورت دەبوو ناکۆکییەکان زۆرتر تەشەنەیان دەکرد، بە هۆی ئەوەی کۆمەڵە خۆی بە بڕبڕەی پشتی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە قەڵەم دەدا، بۆیە بۆچوونیان وابوو، دەبێت کۆمەڵە سەرکردە و ڕێبەری شۆڕش بێت و شۆڕش لەسەر بیروباوەڕی ئەوان گەشە بکات، بەمەش هەموو ڕێگایەکیان گرتەبەر بۆ ئەوەی

---

ئامادەکردنی و پێشکەش کردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ قادر عەزیز، ئەڵقەی یەکەم، (www.nrttv.com).

(١) نەوشیروان مستەفا، کوردستانی عێراق دیاردەی فرە حیزبی، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە(٢١٢٠)، ١٥/٤/٢٠٠٠.

(٢) شاخەوان شۆڕش، "شۆڕش بەخوێن بەری گرت..!!"، گۆڤاری(**K21**) ژمارە(٥-٦)، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٧٧؛ دیمانەیەك لەگەڵ سەلام گۆمەشینی، هەولێر، ١٦ی نیسانی٢٠١٠، (سەلام محەمەد سابیر کەریم، ناسراو بە سەلام گۆمەشینی، ساڵی ١٩٤٩ لە دایك بووە، تا ئامادەیی خوێندووە، ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ ڕۆڵی کارایی بینیوە، ئێستاکە خانەنشینی پێشمەرگەیە و لە هەولێر نیشتەجێیە).

ڕێگا لەبەردەم ئەو هەوڵە بگرن، کە لە ڕۆڵی کۆمەڵە کەم دەکاتەوە[1]. لە بەرانبەریشدا پەسەندکردنی ئەو هەنگاوەی کۆمەڵەش لە لایەن سەرکردایەتیی بزووتنەوەوە قبوڵکردنی ئەستەم بوو، لەبەر ئەوەی سەرکردە و لێپرسراوەکانی کۆمەڵە لە شۆڕشی پێشوودا شوێن پێگە و جێگایەکی دیارییان نەبوو، جیاواز لەوەش سەرکردەکانی بزووتنەوە خاوەنی ڕابردوویەکی ناسراو بوون، بەرپرسەکانی کۆمەڵەیان بە کەم ئەزموون دەدایە قەڵەم [2]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت، سەرباری بوونی ناکۆکییەکان و یەکتر قبوڵنەکردن، جۆرێکیش لە حەساسییەت لە لایەن ئەندامان و بەشێك لە سەرکردایەتیی بزووتنەوە پەیدابووە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵە زۆربەیان خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە و گەنج بوون، جگە لەوە تاڕادەیەکیش شارەزای فەلسەفە و سیاسەت بوون، هەروەها بە بەردەوامی خەریکی خۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندن بوون، ئیتر ئەمەش لای بزووتنەوە قووت نەدەچوو، بۆیە زەمینەیەکی لە باری بۆ قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی ساز کردبوو.

لە لایەکی دیکەوە، ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دووباڵە هێندەی دیکە قووڵبوویەوە، دوای ئەوەی سەرکردەکانی کۆمەڵە بەو دابەشکردنی دەسەڵاتە لە ناو سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە شێوەیەکی یەکسان ڕازی نەبوون، لەم بارەشەوە سەرچاوەیەك دەڵێت:" **... لەمەشیاندا، لەسەر هەق بوون، بزووتنەوە ئەگەرچی حەشاماتێکی لە دەور بوو، بەڵام لە ڕووی چۆنایەتییەوە، هاوتای کۆمەڵە و ڕێکخستن و هێزەکانی نەدەوەستا**"[3]. لە بەرانبەر ئەوەدا سەرکردایەتیی بزووتنەوە باس لەوە دەکەن، جەلال تالەبانی وەك سکرتێری گشتی، دەبوو هەوڵی چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشەکانی بدابایە و بە یەك چاو سەیری هەردوولای بکردایە، بەڵام وانەبوو، بەڵکو بەلای کۆمەڵەدا، دایشکاندووە و لە هاوکاری چەك و تەقەمەنیشدا بەشی کۆمەڵەی زیاتر لە بزووتنەوە داوە، بۆیە ئەم هەنگاوە هێندەی دیکە سەرکردایەتیی

---

(١) نامەی سالار عەزیز، بۆ ڕەزاق فەیلی، لە ١٩٧٨/٥/١٧. لە: عەلی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد...، ل١٠١وەرگیراو.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە...، ل١٧١.

(٣) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ١١٢.

بزووتنەوەی ڕەنجاندووە[1]. بەڵام لە بەرانبەر ئەو وتانەدا بە پێچەوانەوە سەرکردەیەکی باڵی کۆمەڵە دەڵێت: **" ... هەم لە ئاستەنگە بابەتیەکان و هەم لە کێشە بە مەبەست دروسکراوەکاندا، لە دوا مشت و مڕ و سەرەنجامدا، بزووتنەوە لە زۆر بارەوە زیتر لە کۆمەڵە قازانجیان کرد، جارێ لە دابەشکردنی مەسئولیەتدا، بزوتنەوە پایە و پلەی زۆرتری درایە، لە دابەشکردنی چەك و تفاقی هێنراویشدا، هەر بزوتنەوە زۆرتریان بەرکەوت... ئەمە جگە لەوەی تەنانەت لە رووی شەخسیشەوە،(مام جەلال) زیاتر رێزی لە سەرکردەکانی بزوتنەوە دەگرت"**[2]. کەچی لەو بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: **"... هەندی لە بیر و بوچونەکانیان [مەبەستی هی بزووتنەوەیە- توێژەر] جوری لە راستیان تی دابو، بەلام شیوەی کارو پروپاگاندەکانیان نادروست و زیانبەخش بو"**[3]. ئەنجام بەردەوامی جیاوازییەکان و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان، لە ٢١ی مارتی ١٩٧٩ جیابوونەوەی بزووتنەوەی لێکەوتەوە[4]. بەمەش لە لۆژیکی خەباتی شاخدا، ئاسان نەبوو سەنگەرەکان بە ئاشتی پێکەوە هەڵ بکەن، بۆیە باڵە هاوسەنگەرەکانی دوێنێی بەرەو شەڕێکی ناوخۆی توند برد.

---

(١) بەهرۆز گەلاڵی، ڕەسول مامەند ٥٠ ساڵ تەمەن و ٣٣ ساڵ خەبات...، ل٥٨؛ شاخەوان شۆڕش، قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان... ، ل٧٩؛ بەرنامەی رووداو مێژو، ئامادەکردنی، فەیسەل محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ قادر عەزیز، (www.nrttv.com)؛ دیمانەیەك لەگەڵ محەمەد فاتیح، هەولێر، ١٢ی نیسانی ٢٠١٠.( محەمەد فاتیح عەبدولڕەحمان، ساڵی ١٩٤٦ لە کەرکوك لە دایك بووە و ساڵی ١٩٦٧ پەیمانگای مامۆستایانی کەرکووکی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٦٩ بۆتە پێشمەرگە و تا نسکۆ بەردەوام بووە، ناوبراو لەگەڵ دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە سنووری پارێزگای کەرکوك پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان کردووە ، ساڵی ١٩٨٠ بۆتە پێشمەرگە، لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە. دوای تێکەڵاوبوونەوە حزبی سۆسیالیست لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی١٩٩٣ بۆتە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن تا ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام بووە. محەمەد فاتیح لەگەڵ دامەزراندنی بزووتنەوەی گۆڕان یەکێك بووە لە هەڵسوراوە دیارەکانی هەولێر، پاشان دەستی لە کارکێشاوەتەوە. ناوبراو ئێستاکە خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە).

(٢) مەلا بەختیار، یاخی بوون لەمێژوو، ل ل٧٥-٧٦.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ، ل٢٥٤.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ هۆکارەکانی جیابوونەوەی بزووتنەوە بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان...، ل ل ٣٠-٣٣.

بە چوونە دەرەوەی بزووتنەوە، یەکێتی تووشی تەنگژەیەکی گەورە هات، لێرەشدا لە دیدی تاڵەبانییەوە ئاسان نەبوو کۆمەڵە وەك تەنیا ڕێکخراوی باڵای ناو یەکێتی بمێنێتەوە، بۆیە هەر زوو کەوتە پەیوەندیکردن بە ڕێکخستنەکانی ناو شار و هانیدان ڕوو بکەنە شاخ و بەشداری لە خەباتی چەکدارییدا بکەن، ئەنجام توانی تاڕادەیەك چارەسەرێك بۆ بەسەر پێخستنەوەی بزووتنەوە بدۆزێتەوە، لە ڕێگای بەشێك لەو ئەندامانەی بزووتنەوەوە جیانەبیوونەوە. بەمەش بە سەرکردایەتی عومەر مستەفا بزووتنەوە کەوتنەوە کارکردن و هەر یەك لە: جەمال حەکیم ئاغا، عەلی حەوێز، نازم عومەر، مامۆستا شەریف مەولوود، عەزیز بەگ، سوارئاغای عەباس ئاغای سەرکەپکان، عومەر عەبدوڵڵا و عومەر عەزیز سەرکردایەتییەکی نوێیان دامەزراند و لە بەیاننامەیەکدا لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا خۆیان بە باڵی سەرەکی بزووتنەوە ناساند[١]. کە لە بەرانبەردا لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە بە باڵە گۆجەکە ناودەبران[٢].

لە ڕاستییدا، لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان پەیوەندییەکان هەڵبەز و دابەزیان بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەت کاتێك لە کۆبوونەوەکاندا بیروڕاکان دژ بەیەك دەوەستانەوە، بەمەش ناڕەزایی لێدەکەوتەوە. لەم بارەشەوە هەر دوای جیابوونەوەی باڵێکی بزووتنەوە و ڕێکخستنەوەی پاشماوەی ئەو باڵەی مابوویەوە، لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتییدا ناکۆکی و دەمەقاڵێ لە نێوان جەلال تاڵەبانی و هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە دروست دەبێت بە تایبەت لەسەر دانانی عەلی حەوێز بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لەسەر پشکی بزووتنەوە، چونکە سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر، کە ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەبن، بابەتەکە ڕەت دەکەنەوە بە بیانووی ئەوەی ناوبراو ناسراو نییە و سەرباری ئەوەش تازە هاتۆتە دەرەوە. لێرەشدا هەر چەند تاڵەبانی باس لە کەسایەتی عەلی حەوێز دەکات و بە تێکۆشەر و کەسایەتییەکی دیاری ناو دەبات، بەڵام سوودی نابێت، بۆیە لە دواجار کۆبوونەوەکە تێك دەچێت و تاڵەبانی هەڕەشەی چوونە دەرەوە لە یەکێتی و دەرکردنی بەیاننامە دەکات. ئەمەش لەو

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بڕوانە: فاتح رسول، صفحات من تأريخ كفاح الشعب الكوردي، ترجمة وتقديم: كمال غمبار، الجزء الاول، (السليمانية، مطبعة كارو، ٢٠٠٥)، ص ص٤١٠ –٤١٣.

(٢) پشکۆ نەجمەدین، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، ل ١١؛ شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی، ل ٢٤٤.

دەمەدا دەبێت، کە سکرتێری کۆمەڵە ئامادەی کۆبوونەوەکان نییە، بەڵام لەگەڵ بیستنی دەنگوباسی ناو کۆبوونەوەکان دەگەڕێتەوە و هەوڵی ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە دەدات، دواجار بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی تاڵەبانی لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا مەرجی ناوبراو قبوڵدەکرێت و کێشەکە کۆتایی دێت[١].

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، تا ئەو دەمە لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان یەکێتی نەیتوانی بوو، بەتەواوەتی دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی، مەکتەبی سیاسی و دەزگاکانی سەرکردایەتی و لایەنی هونەری لە پەیوەندییەکان لە نێو باڵەکانی دیاری بکات و بە جۆرێك ڕێکیان بخات و لەگەڵ پێداویستییەکانی شۆڕش و بۆچوونی سەرکردایەتی باڵەکانی ناو یەکێتی بیانگونجێنێت. بۆیە لەگەڵ هاتنە پێشەوەی هەر کۆبوونەوەیەك و ڕووداوێك ناکۆکییەکان سەریان هەڵدەدایەوە، لەبەر ئەوەی لە کاروباری ڕێکخراوەییدا هەر سێ باڵەکە سەرکردایەتی و ڕێکخستنی تایبەتی و داخراوی خۆیان هەبووە، لەسەر زۆرێك لە مەسەلەکان ناکۆك بوون[٢]. لێرەشدا کاتێك لە ٢ تا ٢٠ی مارتی ١٩٨٠ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی و کادیرە باڵاکانی یەکێتی لە ناوزەنگ ئەنجام دەدرێت، سەرباری ئەوەی جەلال تاڵەبانی لە ڕاپۆرتی خۆیدا ئاماژە بە پتەوی پەیوەندی نێوان باڵەکان دەکات[٣]، کەچی لەگەڵ هەوڵی یەکخستنی کارەکان و دابەشکردنیان لە نێوان باڵەکان و شۆڕکردنەوەی لە سەرکردایەتییەوە بۆ خوارەوە دیسانەوە کێشە و گرفتی لێدەکەوێتەوە[٤]، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر سێ باڵەکە وەکو یەك لە هەموو ناوچەکان کادیریان نەبووە، بۆیە دەبینین ئەو بابەتە کێشەی ناوەتەوە

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ل ١١٩–١٢٠ .

(٢) "لە پێناو پتەوی یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا"، ڕۆژنامەی "ئاڵا"، ژمارە(٢)، کانوونی دووەمی ١٩٨٠، ل ل ١، ٦–٧.

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر لەمەڕ ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بڕوانە: جەلال تاڵەبانی، جۆشدانی خەبات دژی ئیمپریالیزم و فاشیزم و نۆکەرانیان بۆ سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی، (بێ شوێنی چاپ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان، ١٩٨٠)، ل ٢٣.

(٤) هەر لەم ماوەیەدا بە دواوە کێشەیەك لە هەرێمی یەك ڕوویدا لە نێوان بەشێك لە کادیرانی کۆمەڵە و محەمەدی حاجی مەحموود فەرماندەی هەرێمەکە، ئەنجام سەری بۆ سکاڵا و شکات کردن کێشا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نامەی مام جەلال بۆ محەمەدی حاجی مەحموود، ٢/١٢/ ١٩٨٥؛ پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ١٢٤؛ محمدی حاجی محمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك، بەرگی یەکەم، ل ل ٢٨٩–٣٠٠.

بەتایبەت کاتێك دەبووە هۆکاری ڕێگا خۆشکەر لەبەردەم کەسانی هەڵپەرست، کە خۆی دەشکاندەوە بە لای باڵە لاوازەکەدا. جگە لەوەش ئەم جۆرە دابەشبوونە ناکۆکی و کێبرکێی لە نێوان باڵەکاندا دروست دەکرد، بە تایبەت لە ڕاکێشانی ئەندامدا. ئەو سەرباری ئەوەی زۆرجار دەبووە ڕێگر لە بەردەم ڕاپەراندنی کارەکان[١].

یەکێکی تر لە کێشەکان ڕێکخستن و جۆری پەیوەندی سکرتێری گشتی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی، دەزگاکانی سەرکردایەتی و هەر سێ باڵە جیاوازەکە بوو، وەکو ئەوەی بەشێك لە کادیرە باڵاکانی کۆمەڵە پرسیاری ئەوەیان دەکرد ئایا تاڵەبانی تەنیا خاوەنی ڕێکخراوی خەتی گشتییە؟ ئەگەر وابێت کەواتە هەمان مافی سکرتێری کۆمەڵە و بزووتنەوەی هەیە، یان پرسیاری ئەوەیان دەکرد ئەگەر سکرتێری گشتی تێکرایی یەکێتییە، دەسەڵاتەکانی چین؟ چۆن پەیوەندییەکانی لەگەڵ باڵەکان یەك دەخات[٢]؟ ئیتر سەرئەنجامی ئەو پرسیارانە و بوونی ناڕەزاییەکان سەری بۆ گلەیی و گازاندە و هەندێك جاریش بۆ ناکۆکی دەکێشا، بەتایبەت ئەگەر بزانین تاڵەبانی لە کۆبوونەوەکاندا گوێی لە ڕاکانی هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە نەگرتووە، بەڵکو لەبەر چاوی خەڵك لێیان تووڕە بووە و شکاندوونی[٣].

کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٢ بیرۆکەی یەکگرتنی خەتی گشتی و بزووتنەوە لە ناو یەك ڕێکخراودا هاتە پێشەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا سەرکردایەتی خەتی گشتی لە کۆبوونەوەی خۆیدا لە ١٩ی ئابی ١٩٨٢ لە هەواری توژەڵە تاووتوێی بابەتەکەی کرد، دواتریش بە نامەیەك ناوەندی بزووتنەوەی لێ ئاگادار کردۆتەوە، لە بەرانبەردا بزووتنەوەش لە کۆبوونەوەیەکدا لەسەر بابەتەکە کۆبوونەوە و ٢٤ی ئابی هەمان ساڵ وەڵامی خەتی گشتییان دایەوە، بەمەش زەمینەسازی بۆ کۆبوونەوەیەکی هاوبەشکرا. ئیدی لە ٢٦ی ئاب نوێنەرانی هەردوولا کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لەسەر یەکگرتنی هەردوو باڵەکە لە ژێر ناوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان[٤].

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ل ١٥٥–١٥٦ .

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

(٤) ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، ڕزگاری...، ل ل ١٥–١٦.

لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٨٢ لیژنەی نوێنەرانی هەردوولا کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دەگرن و بڕیار لە دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەدرێت، دواتریش ڕۆژی ١١ی ئەیلوول وەك ڕۆژی دامەزراندن ڕادەگەیەندرێت و لە ١٢ی ئەیلوول کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ئەنجام دەدرێت. کۆمەڵە وەك باڵێکی ناو یەکێتی هەنگاوی یەکگرتنی هەر دوو باڵەکە بە باش دەزانێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتوو تا ئەو دەمە لە ڕایکردنی کارەکاندا پشت بە سێ خەتی جیاواز دەبەسترا، ئەوە لەمەودوا دەبێت بە دوو[1]. ئەمەش تاڕادەیەك کێشەکان و هەڵی وەرگرتنی دەسەڵاتی کەم دەکردەوە.

یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕان لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ ئەنجامدرا، تێدا جەلال تاڵەبانی بە سکرتێر دیاریکرا. ئەمەش لە لایەن سەرکردایەتیی کۆمەڵە جێگای نیگەرانی بوو، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو نابێت تاڵەبانی لە یەك کاتدا هەم سکرتێری یەکێتی، هەمیش هی شۆڕشگێڕانیش بێت[2]، بۆیە سێ پێشنیاریان خستە بەردەمییەوە:

١. تاڵەبانی واز لە سکرتێری یەکێتی بێنێت و لە کۆنگرەیەکدا سکرتێر هەڵبژێردرێت.
٢. پۆستی سکرتێری گشتی دەوری بێت و هەر شەش مانگ یان هەر ساڵی جارێك لە نێوان سکرتێری کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان ئاڵوگۆڕ بکرێت.
٣. تاڵەبانی واز لە پۆستی سکرتێری شۆڕشگێڕان بێنێت[3].

لێرەشدا یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر چەندە تاڵەبانی پشتگیری زۆری لە دامەزراندنی شۆڕشگێڕان کرد، بەمەبەستی قوتکردنەوەی هێزێکی بە قەبارە زل و بە توانا لە بەرانبەر کۆمەڵەدا، بەڵام دواتر ڕازی بوو دەست لە شۆڕشگێڕان هەڵبگرێت، بەمەش هەموو توانای خۆی نەخستەگەر بۆ پتەوکردنی ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان، بەڵکو هاوکارییەکانی تەنیا بە ڕەمزی بوون، ئەگینا بگرە هاوکاری و پشتیوانی زیاتری لە کۆمەڵە دەکرد[4].

دوای ئەو ڕووداوانە کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان وەك دوو باڵ لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درێژەیان بە چالاکییەکانیاندا، بەڵام ئەوانیش لەگەڵ هاتنە پێشەوەی

---

(١) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ل ٣٣٣-٣٣٤.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٢٦٣.

(٣) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ل ٣٧٧-٣٧٨.

(٤) ڕەهبەر سەید ئیبراهیم، ڕزگاری...، ل ل ١٦-١٧.

ڕووداوەکان، دابەشبوونی پۆستەکان، تەنانەت سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕکردن، ناکۆکی و ناتەبایی کەوتۆتە نێوانیانەوە. لەم بارەیەوە هەندێك لە کادیرەکانی کۆمەڵە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەوان زۆر توندبوون، کەسیان پێی لە خۆیان شۆڕشگێڕ تر نەبوو، بۆیە هەندێك کات لەبەر ئەو بابەتە ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیان[1]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە کادیرێکی شۆڕشگێڕانییش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەوان وەك وێستگەیەکی ئامادەکردن وابوون، هەر کەسێك دەهاتە ناو ڕێکخستنەکانی ئەوانەوە ماوەیەك دەمایەوە و دواتر لە لایەن کۆمەڵەوە دەقۆزرایەوە، ئەوەش دیسان کێشەی دەنایەوە، ئەوە سەرباری ئەوەی لە هەندێك کات کەوتوونەتە پڕوپاگەندە لە دژی یەکترەوە[2].

ئیتر پێکەوە کارکردن و لە یەك سەنگەر خەباتکردن، نەیتوانی کۆتایی بە ڕەخنە و جیاوازییەکان بێنێت، چونکە بەشێك لە ناو کۆمەڵەدا زۆرێك لە مەسەلەکانیان بە ئایدیۆلۆژی وەرگرتبوو، بۆیە لە هەموو هەنگاوێکدا ڕەخنە و گلەیی خۆیان هەبوو، وەك ئەوەی لە دەمی بەشداربوونی نوێنەرانی یەکێتی لە کۆنگرەی ئاسایی پارتی سۆسیالیستی فرەنسی[3] ساڵی ١٩٨٢، بەشێك لە کادیرەکانی کۆمەڵە دەکەونە

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مناف نادر قادر، ناسراو بە (سفین مەلا قەرە)، هەولێر، ٢٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤

(٢) چەند سەنجێك لە بارەی ڕێکخستن، (بێ شوێنی چاپ، ڕاگەیاندنی شۆڕشگێران، بێ ساڵی چاپ)، ل ١١– ١٤؛ دیمانەیەك لەگەڵ مەسعود عەبدولخالق، هەولێر، ١٤ی حوزەیرانی ٢٠١٢. (مەسعود عەبدولخالق، ساڵی ١٩٥٧ لە هەولێر لە دایك بوو، خوێندنی سەرەتایی، ناوەندیی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە، دەرچووی کۆلێژی ئاداب بەشی فەلسەفە زانکۆی سلێمانییە . ناوبراو ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە و تا ساڵی ١٩٨٨ بەردەوام بوو، دوای ڕاپەڕین لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەی دابراوە. ١٩٩٧ بڕوانامەی ماستەری لە سیاسەتی دەوڵی بە دەست هێناوە، ئێستاکەش خاوەنی دەزگای ستاندارە و لە هەولێر نیشتەجێیە).

(٣) پارتی سۆسیالیستی فرەنسی، ساڵی ١٩٠١ لە یەکگرتنی باڵی سەربەخۆکان، باڵی جان جۆرێس برووسیستەکان (فیدراسیۆنی کرێکارانی سۆشیالیست **FTS**) ناسراو بە ئەگەرخوازەکان و ئاڵمانییەکان پارتی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ (**RSOR**) هاتۆتە دامەزراندن، سەرباری ئەوەی لە مێژووی کارکردنی خۆیدا هەڵبەز و دابەزی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لە گۆڕەپانی کاری سیاسی لە فرەنسا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بەرزان

ڕەخنەگرتنەوە، چونكە بە باشی نازانن یەكێتی بەشداری لە كۆبوونەوەی پارتێكدا بكات، كە بڕوای بە سیۆسیال– دیموكراتی بێت. لێرەشدا كاتێك ئەو دەنگ و ناڕەزاییانەی كادیرانی یەكێتی بە خۆیەوە خەریك دەكات، نەوشیروان مستەفا بە وتارێك ڕەتی بۆچوونەكان دەداتەوە و بەشداربوونەكەش بە بەدەستهێنانی دەستكەوت بۆ كورد وەسف دەكات[١].

لەگەڵ زیادبوونی ناكۆكییەكانی ناو هەناوی كۆمەڵە، پەیوەندییەكانیش لە نێوان باڵەكانی یەكێتی زۆر هاوسەنگ نەبوو، لەبەر ئەوەی بەشێك لە كادیرەكانی كۆمەڵە ڕەخنەیان لە تاڵەبانی هەبوو، بە تایبەت لە پەڕاوێزخستنی كادیرەكانیان و پشت بەستن بە كەسایەتی ئاغا و كوێخا لە بری ئەواندا، هەروەها بەهێزكردنی باڵی شۆڕشگێڕان لەسەر حیسابی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەدا[٢]. لێرەشدا یەكێك لە كادیرە باڵاكانی ئەو باڵەی كۆمەڵە هۆكارەكە بۆ ئەوە دەباتەوە، كە ئەوان پێیان وابووە كۆمەڵە هەم لە ڕووی سیاسی هەمیش لە ڕووی پێشمەرگایەتی و خەباتی ناو شارەوە بڕبڕەی پشتی یەكێتییە، چونكە بەراورد بە كۆمەڵە، شۆڕشگێڕان ڕێكخستنێكی بەرچاویان نەبوو، بەمەش بە بڕوای ئەوان دەبوو كۆمەڵە سەركردایەتی شۆڕشی بەدەستەوە بێت و شۆڕش لەسەر بنەمای بیروباوەڕی كۆمەڵەوە ئاراستە بكرێت[٣]. بەم هۆیەوە گلەیی و ناڕەزایەتییەكان و ڕەخنەكان گوێزرانەوە بۆ نووسین و بڵاوكردنەوەی نامیلكە لە دژی كەسایەتی تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا[٤]. ئیتر لێرە بەدواوە ناكۆكییەكان ئاراستەیەكی دیكەیان وەرگرت، بە تایبەت دوای كۆتایی هاتنی گفتوگۆكان لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ ڕژێم ، چونكە گروپی ناڕازی لە سیاسەتی یەكێتی و كۆمەڵە كەوتنە بیری ئەوەی، یەكێتی كەوتۆتە بارێكی زۆر خراپەوە و ناتوانێت باری لاسەنگی ئاسایی بكاتەوە. بەم هەنگاوەش یەكێتی پێی وابوو ئەوانە كۆمەڵە كادیرێكن زیانیان بە ژیانی

---

فەرەج، پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا مێژوو كۆنگرەكان پێكهاتە و پەیڕەوی ناوخۆ، (سلێمانی، ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران، ٢٠١٢)، ل ل١٥–٦٥.

(١) دیسانەوە مەسەلەی دۆست و دوژمن و سۆشیال دیموكراتەكان، ١٩٨٢/١١/٢. لە (ئایا مەسەلەی كورد یەك مەسەلەیە یا چەند مەسەلەیەكە؟، ل ل ٣٣–٣٨)، وەرگیراوە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، سلێمانی، ٢٩ی مایسی ٢٠١٢.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: لم یعد الصمت ممكنا.

ڕێکخراوەیی یەکێتی گەیاندووە، بە تایبەت لە هاندان بە تەسلیمبوونەوەی پێشمەرگە بە بیانووی بێ ئەنجامی خەباتی شاخ و کۆبوونەوەی پرۆلیتاریا لە شارەکاندا. هەروەها ئەوانە سوودیان لە نهێنییەکان وەرگرتووە و قۆزتویانەتەوە بۆ دژایەتی یەکێتیی، بۆیە کەوتوونەتە پیلانگێڕان و هەوڵی زراندنی ناوبانگی یەکێتی دەدەن[1]. ئیتر سەرئەنجامی ئەو هەنگاوانە هەر چەندە سەرکردایەتیی یەکێتی بەگشتی و تاڵەبانی بەتایبەتی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆ دەدەن، بەڵام دواجار سەرکردایەتی فەرمان بە هێزێك دەکات لە شەوی ٢/١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ سەرکردە بالاکانی ئەو باڵەی (ئالای شۆڕش) ناو کۆمەڵە دەستگیربکات[2]. (هەر وەك پێشووتر ئاماژەی پێکرا).

قۆناغی دوای ئەو بارودۆخە بە هۆی چڕبوونەوەی بەرەکانی شەڕ تاڕادەیەك کێشەکانی کەم کردۆتەوە، بەڵام ئەمەش کۆتایی بە ناکۆکییەکان نەهێناوە، ئەگەر بزانین کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان لەسەر دابەشبوونی پۆستەکان بەتایبەت لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی ناکۆکیان هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە بروسکەیەکی نهێنی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێری، کە بۆ بەشەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ناکۆکی لە نێوان باڵی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕاندا هەیە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵە داوای زیادکردنی بەشە ئەندامی خۆی دەکات لە مەکتەبی سیاسییدا، بە هۆی سەرکەوتنی عومەر نازمەوە بۆ مەکتەبی سیاسی کە لە باڵی شۆڕشگێڕان دایە. بەمەش ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دەزگاکانی خۆی ئاگادار کردۆتەوە لە ڕێگای بەکرێگیراوەکانیانەوە هەوڵی گەورەکردنی بابەتەکە و بلاوکردنەوەی بدەن[3].

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوەی لە ناو بازنەدا، ل ل ٩٦–٩٨؛ کاسێتی تۆمارکراو تایبەت بە دادگایی کردنی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی.

(٢) برایم جەلال، چەپێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٤٤٩؛ بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: رێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، ئەلقەی سێیەم، (www.nrttv.com)؛ بەرنامەی ڕووداو مێژوو، ئامادەکردنی و پێشکەش کردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە (شێخ عەلی کەشکۆڵ)، ئەلقەی دووەم، (www.nrttv.com ).

(٣) برقیە أمن أربیل، الرقم ١٥٢٢٥ فی ١٩٨٧/١١/١٧، سریە، الی/ مدیریات أمن الأقسام. وەرگیراوە لە: (عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥–١٩٩١، بەرگی دووەم، (دهۆك، چاپخانا زانکۆیا دهۆك، ٢٠١٠)، ل ٣٨٤).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، کۆتاییەکانی هەشتاکان ناڕەزایەتییەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵە و کادیرەکانی لە ئەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەوان بە پێی چەند سەرژمێرییەك زۆرینەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی یەکێتی پێکدەهێنن، کەچی دەبێت لە سەرکردایەتیدا لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا هاوبەش بن. لەم بارەشەوە فەرەیدوون عەبدولقادر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەم هاوکێشەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵە ببێتە خاوەنی هەموو یەکێتی بیرۆکەی یەکگرتنی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان لای نەوشیروان مستەفا و ناوبراو گەڵاڵە دەبێت(1). بەمەش ئەو بیرکردنەوەیە دەبێتە سەرەتای بیرۆکەی یەکگرتنی باڵەکانی یەکێتی، دواتریش لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی کادیرانی شۆڕشگێڕاندا لە ٣-٥ی حوزەیرانی ١٩٨٩ فەرەیدوون عەبدولقادر وەك نوێنەری کۆمەڵە و ئەندامی سەرکردایەتی باسی لێوە دەکات(2). دوای ئەوەش پلنیۆمی زەڵێ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ساڵی ١٩٨٩، بە فەرمی بڕیار لەسەر یەکخستنی باڵەکان دەدات(3)، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکە بۆ کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٢٧ی کانوونی دووەم تا ١٤ی شوباتی ١٩٩٢ دوادەخرێت(4). بەمەش دوو باڵە ناکۆکەکەی ناو یەکێتی لە قۆناغێکی نوێدا لەگەڵ یەکتر بەردەوامی بە چالاکییەکانیان دەدەن.

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٢) یەکێتی ی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتی ی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ل ل ٦١- ٧٣؛ بلاوکراوەی ناوخۆ، بۆ گشت هاوری یانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و هەڤاڵانی یەکێتی ی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

(٣) دەقی ڕاپۆرتی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی ی،ن،ك لە پلنیۆمی چوارەم (٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١)، ل ١.

(٤) جەلال تاڵەبانی، ڕاپۆرتی سیاسی پەسندکراوی یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ٢٧/١-١٩٩٢/٢/٢٤، ل٣.

## تەوەری دووەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان

دەمی دامەزراندنی کۆمەڵە لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠، دواتریش لە گۆڕەپانی کارکردن و خەبات لە باشووری کوردستاندا، ژمارەیەك پارت و ڕێکخراوی کوردی هەبوون، کە ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردا بینیوە. بەمەش دەبینین لە ئەنجامی بەرهاوێشتەکانی قۆناغەکەدا کۆمەڵە لە هەڵوێست و پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ پارت و ڕێکخراوەکاندا جۆرێك لە هەڵبەز و دابەزی بە خۆیەوە بینیوە.

### یەکەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکان لەگەڵ ( پارتی دیموکراتی کوردستان )

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك یەکێك لە پارتە کوردییەکان لە گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان کە خاوەنی زۆرترین جەماوەر و ڕێکخستن بوو، لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی ناکۆکییە ناوخۆییەکانیدا لە ناوەڕاستی شەستەکان دابەش ببوو بە سەر دوو باڵدا، ئەوانیش باڵی مەلا مستەفا بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسی بوون، بەڵام لەو ئان و ساتەدا، کە کۆمەڵەی تێدا دامەزرا، باڵی مەلا مستەفا بارزانی بەری سەرکەوتنەکانی لە ڕێگەی بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ دروێنە دەکرد، کەچی لە بەرانبەردا باڵی مەکتەبی سیاسی بەری شکستەکانی دەهۆنییەوە. لێرەشدا لەبەر ئەوەی زۆرێك لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵە لە نێو باڵی مەکتەبی سیاسیدا دەست ڕۆیشتوو و خاوەن پێگەبوون، ڕۆڵی کاریگەریان لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو باڵە و تێکەڵاوبوونەوەیان لەگەڵ باڵی بارزانیدا هەبوو[1].

وەك لەمەوبەر ئاماژەی بۆ کرا، کۆمەڵە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بڕیاریدابوو بە شێوەیەکی نهێنی کارەکانی بکات، بەمەش هەوڵی ئەوەی دەدا پارتی بە شێوەیەکی گشتی و دەزگای پاراستن بە تایبەتی بە چالاکییەکانی نەزانن و ئەندامەکانی نەناسن، چونکە پێیان وابوو ئاشکرابوونیان دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەندامەکانیان لە لایەن

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

پارتییەوە بانگ بکرێن و سووکایەتییان پێ بکرێت، لەبەر ئەوەی بە دیدی ئەوان لەو دەمدا پارتی هیچ لایەنێکی دیکە جگە لە خۆی قبوڵ نەبوو[١].

سەرچاوەکان لە بارەی ئاگاداربوونی پارتی لە چالاکییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەدا بیروڕای جیاوازیان هەیە، لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی لێپرسراوی دەزگای پاراستنی ئەو کاتەی پارتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەوان لە سەرەتاوە ئاگاداری جموجۆڵ و چالاکییەکانی کۆمەڵە بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی کارێکی وایان نەکردووە دژی پارتی بێت، بۆیە ئەوان تەنیا چاودێرییان کردوون و هیچ کاردانەوەیان لە بەرانبەریاندا نەکردوون. لە بەرانبەردا جەلال تاڵەبانی ڕەتی قسەکانی مەسعود بارزانی دەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لە سەرەتاوە هیچ ئاگاداری چالاکییەکانیان نەبوون، بەڵکو دوای چەند ساڵێك هەستیان کردووە و بە دوای ئەندامانی ڕێکخراوەکەدا گەڕاون[٢]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت زانیارییەکانی مەسعود بارزانی وردترن و لە ڕاستییەوە نزیکترن، لەبەر ئەوەی دەزگای پاراستنی پارتی دزەیان کردۆتە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە[٣]، بە بەڵگەی ئەوەی یەکێکی وەك تالیب موریاسی، کە ئەو کات لە سلێمانی لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کاری کردووە، لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن بەرپرسی پاراستنی لقی چواری پارتییەوە بانگکراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە[٤]. هەروەها لە سەرچاوەیەکی دیکەشدا هاتووە مورتەزا سەعید عەبدولباقی (مرتضى سعيد عبدالباقي) وەزیری دەرەوەی عێراق لە دانیشتنێکدا لەگەڵ مەسعود بارزانی وەك ئەندامی لێژنەی باڵای ئاشتی پرسیاری لە بارەی هەڵوێستی پارتی لە بەرانبەر کۆمەڵەدا لێکردووە[٥]. سەرباری ئەوانەش یەکێکی وەك عادل موراد، کە ئەو کات سەرپەرشتی ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانی کردووە ئاماژە بۆ

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی، ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) فەرەیدوون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، بارودۆخی سیاسیی کوردستان٠ عێراق، ل ل ١٢٢–١٢٣.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢.

(٤) تاڵیب مۆریاسی، گەڕان بەدوای ڕاستیدا ، ل ل ١١٥–١١٨.

(٥) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، ص ص٣٢٩–٣٣٠.

ئەوە دەکات و دەڵێت: **" ڕۆژێك کاك مسعود بە شوێن منی ناردو و وتی ئاگاداری خۆت بە... لە مەقەرەکەی تۆ شتی کۆمەڵە بڵاوئەکرێتەوە..."**[1].

شایەنی باسە، لە سەرەتادا هەست بە هەڵوێستێکی توند نە لەلایەن پارتییەوە نە لەلایەن کۆمەڵەوە لە بەرانبەر یەکتردا نابینرێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بارودۆخەکە درێژە ناکێشێت، بە تایبەت دوای ئەوەی چالاکییەکانی کۆمەڵە پەرەدەستێنێت و پاراستنیش دەکەوێتە چاودێریکردنی کادیرەکانییەوە. لەم چوارچێوەیەشدا لە هەنگاوێکدا یەکێکی وەك عومەری سەید عەلی، کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە ڕێکخستنەکان لە سلێمانیدا بینیوە، لە لایەن هێزێکی پاراستنەوە قولبەست دەکرێت و ماوەیەك دەست بەسەر دەکرێت، دواتر بە هۆی چەند ناسیاوێکییەوە ئازاد دەکرێت[2]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە شەهاب شێخ نووری، کە ئەو کات سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی کردووە بە توندی خراوەتە ژێر چاودێرییەوە و مەترسی ئەوەی لێکراوە لە لایەن پاراستنەوە ئازار و ئەشکەنجە بدرێت[3].

لە ڕاستیدا، کۆمەڵە وێڕای ناکۆکی و جیاوازییەکانی لەگەڵ پارتی ساڵی ١٩٧٤ بڕیاری بەشداریکردن لە خەباتی چەکداری دەدات. لێرەشدا کاتێك شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ تووشی نسکۆ دەبێت، سەرکردایەتیی کۆمەڵە بەگشتی و شەهاب شێخ نووری بەتایبەتی دەکەوێتە پەیوەندیکردن بە ئیدریس بارزانییەوە بۆ ئەوەی بکەونە هاوکاریکردنی یەکتری بە مەبەستی بەردەوامیدان بە شۆڕشەوە[4].

---

(١) من بە شەهید شەهاب زۆر سەرسام بووم، گفتوگۆیەك لەگەڵ عادل موراد، ٢٠١٢/١٠/٨. لە: (کۆمەڵە لە زیندانەوە بەرەو ڕاپەڕین، ل٢٠٨). وەرگیراوە.

(٢) ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکاتە هەر یەك لە: بەهییە مەعروف، سەلامی مەلا سابیر، دکتۆر نەجمەدین کەریم هەوڵی ئازاد بوونییان داوە. دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٣) مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ل ١١٠؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولهادی حمە ڕەشید حەمەسوور ئاغا (هادییە سوور)، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٤) فەریدون عەبدولقادر، لە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ خاڵە شیهاب و...، ل ٣٢؛ ئەرسەلان بایز، ڕۆژانی سەخت، ل ١٢. تێبینی: فەرەیدوون عەبدولقادر، لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، لەم هەوڵەیدا شەهاب شێخ نووری چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتووە، بەڵام ناوبراو لە شوێنێکی دیکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، ئیدریس بارزانی ڕێگەی نەداوە شەهاب شێخ نووری چاوی پێ بکەوێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: کۆمەڵە لە زیندانەوە و بەرەو ڕاپەرین، ل ٩٣.

لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلوول و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و چوونی شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانی بۆ ئێران و دەستبەسەرکردنیان لەوێدا، دواتر لە ئەدەبیاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەگشتی و کۆمەڵە بەتایبەتی، دەزگای پاراستنی پارتی بە ئاشکراکردن و بەگرتدانیان تۆمەتبار دەکرێن[1]، بەڵام هیچ یەك لەم سەرچاوانەی دەزگای پاراستنیان تاوانبار کردووە، بەڵگەیەکی وایان بە دەستەوە نییە، سەلمێنەری ئەوە بێت پاراستن ڕۆڵی لە بەگرتدانی سەرکردەکانی کۆمەڵە هەبووە، لەبەر ئەوەی تەنیا گومانیان سەردانی کردنی کەسایەتییەکی نەناسراوە لەزیندانەکانی ئێران بۆ لای شەهاب شێخ نووری گوایە پاراستن بۆ دڵنیابوون لە گیرانی ئەوان نادروویەتی[2]. ئەمەش لە ڕاستیدا وێك نایەتەوە لەگەڵ یاداشتی یەکێك لە هاوڕێکانی شەهاب شێخ نووری کاتێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەوڵیان داوە پەیوەندی بکەن بە پارتییەوە بۆ ئەوەی کەفالەتیان بکەن و ئازاد بکرێن[3].

کۆمەڵە لە قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بەگشتی و لە پێڕەوی ناوخۆی هێزە چەکدارەکاندا بەتایبەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، دەبێت هەوڵ بۆ ڕێکخستنی ڕیزی هێزە شۆڕشگێڕە کوردییەکان بدرێت لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیدا بەمەرجی ئەوەی پاراستنی سەربەخۆیی ڕێکخستن و فکر و ئایدیۆلۆژییان لەسەر بنچینەی دیموکراتییانە بێت، بەمەش ڕای گەیاندووە دوژمنایەتی هیچ لایەنێك ناکەن، تەنیا ئەو لایەنە نەبێت، کە دوژمنی ڕاستەوخۆی نەتەوەیی کوردە. بۆیە لەو قۆناغەدا بە پێویستی زانیوە دەستی

---

(١) کۆمیتەی سەرکردایەتی ریکخستنی ناوخۆ، با یادی شەهیدان بکەینە هیزیکی کاریگەر بۆ زیاتر هینانە جوش وخروشی جەماوەرانی رەنجدەری کوردستان و پتەو کردنی ریزەکانی کومەلەمان، ٢١/١١/ ١٩٧٩؛ باوکی ئاوارە، چەند تیشکی بەسەر هەندی لایەنی خەباتی کومەلەدا، ل ١٠؛ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ژیانی رێکخراوەیی مان، ژمارە (١٥)، ناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٣، ل٢. تێبینی: مەلا بەختیار، کە خاوەنی وتاری باوکی ئاوارەیە لەو دەمدا پاراستن تۆمەتبار دەکات بەوەی دەستی لە بەگرتدانی شەهاب شێخ نووری و هاوڕێکانیدا هەبووە، بەڵام بەو دواییە لە وەڵامی کتێبەکەی برایم جەلال، ئەوە ڕەت دەکاتەوە، کە دوور و نزیك پاراستن و پارتی پەیوەندیان بەو بابەتەوە هەبێت!. بۆ زیاتر زانیار بڕوانە: مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ل ل ١٥٢-١٥٥.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ ئەرسەلان بایز، رۆژانی سەخت، ل ٤٧.

(٣) عەلی بچكۆڵ، کوانوی بەرگری، ل ٣٤.

یارمەتی بۆ ئەو پارتانەش درێژ بکرێت، کە لە ڕیزەکانی حکومەت لە هاوپەیمانیەتیدان بۆ ئەوەی بەلای گەلی کورددا بییان شکێنێتەوە، چونکە سەرکردایەتیی کۆمەڵە پێیان وابووە ناکۆکی سەرەکی ئەو قۆناغە لەگەڵ حکومەتدایە[1]. بەلام وێڕای ئەوەی ئاماژەی بۆ کرا، کۆمەڵە هەر لەم قۆناغەدا لە ئەدەبیاتی خۆیدا لە دوو توێی نامیلکەیەکدا هەڵسەنگاندن بۆ شۆڕشی ئەیلوول و هۆکارەکانی شکستەکەی کردووە و بە توندی ڕەخنەی لەسەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول گرتووە[2]. جگە لەوەش لە زۆرێك لەو نووسراوانەی ئەو سەردەمەیدا هێرشی کردۆتە سەر سەرکردایەتیی پارتی و بنەماڵەی بارزانی[3]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت هەڵوێست و پەیوەندییەکان لەم قۆناغەدا بە سەرەتایەکی توند دەستپێدەکات، کە ڕەنگە تاڕادەیەك ئەدەبیاتی یەکێتی و چوونە ناو نیمچە بەرەی یەکێتی کاریگەری خۆی لەسەر سەرکردایەتیی کۆمەڵە هەبووبێت.

لە ڕاستیدا، کۆمەڵە وەك چۆن لە ئەدەبیاتەکانیدا بەرانبەر بە پارتی دەکەوێتە هەڵوێست وەرگرتنەوە، ئاوەهاش لە خەباتی چەکدارییەوە لە هەندێك ناوچە لەگەڵ هێزەکانی پارتیدا کە ئەو کاتە لە ژێر ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان – سەرکردایەتیی کاتی[4] هاتبوونەوە گۆڕەپانی کارکردنەوە دەکەوێتە شەڕی چەکدارییەوە، ئەمەش دوای ئەوەی هێزەکانی یەکێتی لە بادینان دەکەونە بۆسەی

---

(١) لێژنەی سەرکردایەتی دەستەی چەکدارەکان، پەیرەوی ناوخۆی دەستەی چەکدارەکان، حوزیرانی ١٩٧٦.

(٢) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: العصبة الماركسية اللينينية الكردستانية، الدروس المستخلصة من انهيار الحركة المسلحة الكردية، ص ص ٣ –٢٨؛ بيان عصبة شغيلة كردستان في ذكرى العاشر لتأسيسها، ١٩٨٠/٦/١٠، ص ص ٢–٤.

(٣) لێژنە سەرکردایەتی دەستەی چەکدارەکان، باری ئێستای کوردستان، سەرەتای تەمووزی ١٩٧٦؛ کۆمەلەی مارکسی– لینینی کوردستانی عێراق کۆمیتەی هەرێمەکان، ئەرکەکانمان لەم پلەی خەباتدا، ١٩٧٦/٩/٢٥.

(٤) پارتی دیموکراتی کوردستان– سەرکردایەتی کاتی، لە تشرینی دووەمی ١٩٧٥ لە لایەن هەر یەك لە: مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، جەوهەر نامیق سالم، عارف تەیفور، کەریم سنجاری، محەمەد ڕەزا، ئازاد خەفاف، ئازاد بەرواری، غازی زێباری، وریا سەعاتی، فازڵ میرانی و عەبدولڕەحمان بێداوی دامەزراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني...، ص ص ١٤٧–١٤٨؛ محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، کورتە مێژووی پارتی و کلتوری بارزانی، چاپی دووەم، (هەولێر، ٢٠٠٧) ل ل ٧١–٧٢.

هێزەکانی پارتییەوە و ژمارەیەکی بەرچاویان دەکوژرێن[١]، بەڵام سەربارى ڕووداوەکانی ناوچەی بادینان و گواستنەوەی شەڕەکان بۆ ناوچەکانی دیکە[٢]، دەبینین شاسوار جەلال(ئارام) لە دێی سورەبان لە ناوچەی شارباژێڕ ساڵی ١٩٧٧ ڕێککەوتنێك لەگەڵ یەکێك لە کادیرە سەربازییەکانی سەرکردایەتیی کاتی پارتی بە ناوی عەبدولمەلیك عەلی واژۆ دەکات بۆ ئەوەی بارگرژی و ئاڵۆزییەکان تەشەنە نەکەن[٣]. لەم بارەشەوە یەکێك لە کادیرەکانی سەرکردایەتیی کاتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەو قۆناغەدا سەرکردەکانی کۆمەڵە، بزووتنەوە و سەرکردایەتیی کاتی بەیەکەوە کاریان کردووە، تەنانەت بەرەیەکیشیان پێکهێناوە و بەیاننامەیان لە بارەوە دەرکردووە، بەمەش نە گیروگرفتیان هەبووە نە شەڕی یەکتریان کردووە[٤]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت هەر چەند نییەتی ئاشتبوونەوە هەبوو بێت، بەڵام نەبۆتە هۆکاری کۆتایی هێنان بە شەڕی چەکداری نێوانیان، لەبەر ئەوەی دواتر پارتی و یەکێتی بە توندی کەوتنە شەڕەوە، کۆمەڵەش لە ناو یەکێتیدا ڕۆڵی کاریگەری لە شەڕەکاندا گێڕاوە[٥].

ساڵی ١٩٧٨ ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردایەتیی کاتی پارتی و یەکێتی گەیشتە لوتکە، بە تایبەت دوای ڕووداوی هەکاری، لەم چوارچێوەیەشدا لە ئەنجامی شەڕەکانی

---

(١) شەماڵ عەبدوڵڵا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاسۆیەك بۆ گۆران و نوێبوونەوە، ل ١٠٧.

(٢) شاخەوان عەباس، سەفەری کوردایەتی، ل ل ١٤٢–١٤٣؛ حەمە سەعید حەسەن، جەلالینامە، (سوید، چاپخانەی هەڵەبجە، ٢٠٠٤)، ل ١٠٥.

(٣) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو، ل ٥١؛ محەمەد شێخ عەبدولکەریم سوڵەیی، ئارام و بزووتنەوەی...، بەرگی دووەم، ل ١١٧.

(٤) فرەنسۆ هەریری، بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ، ل ٢٠. شایەنی باسە، لە دوو نووسراوی جیاوازدا بەڕێوبەرایەتی ئەمنی عامەو بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، نوێنەرانی یەکێتی و پارتی لە سنووری سلێمانی کۆبوونەتەوە و لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتوون، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە یەکێك لە خاڵەکان پچڕانی پەیوەندی نێوان بەرپرسانی پارتییە لە هەرێمی سلێمانی لەگەڵ سەرکردایەتی خۆیان، ئەمەش پێچەوانە لەگەڵ زانیاری سەرچاوەکانی سەرەوە دەکەوێتەوە. كتاب مديرية الامن العامة، العدد ٦٥٥٦ في ١٩٧٧/٦/٥، الى منظومات استخبارات المنطقة الشمالية؛ كتاب مديرية أمن السليمانية، العدد، ٥٥٣٤ في ١٩٧٧/٧/١١، الى كافت المعاونيات.

(٥) ئاوات محەمەد ئەمین، "خوێندنەوەیەك بە شێوە و ئاراستەکانی ململانێی سیاسی لە کوردستانی عیراقدا"، گۆڤاری "کەوانە"، ژمارە (١)، سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٢.

هەکاریدا ژمارەیەك کادیری دیاری کۆمەڵـە وەك ئـازاد هـەورامی، مـولازم عومـەر، شـێخ عەلی کەشکۆڵ لای سەرکردایەتیی کاتی ماوەیەك زیندانی دەکرێن، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستە کردنە لە دەمی زیندانی کردنیاندا سەرکردایەتیی کاتی پارتی بە بیانوی ئەوەی بەشی زۆری ئەوانیش مەیلی مارکسی و چەپگەراییان هەیە، لەگەڵ مولازم عومەر دەکەونە گفتوگۆوە، دواتریش کە ئازادی دەکەن، بە ناوبراودا لە ٢٩ی ئابی ١٩٧٨ نامەیەك ئاراستەی سەرکردایەتیی کۆمەڵە دەکەن و داوای ئەوە لە کۆمەڵە دەکەن لە نیمچە بەرەی یەکێتی بچێتە دەرەوە و لەگەڵ ئەواندا بکەونە پەیوەندییەوە. بەڵام ناوەندی کۆمەڵە لە وەڵامی نامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەنووسێت: " ... **کۆمەلەمان وەکو ریکخراویکی مارکسی – لینینی پەیرەوی شۆڕشگێرانە ئەکا لە رەفتارکردنا لەگەڵ لایەنەکانی تردا، هەر لەبەر ئەوە لە مەسەلەی گفتوگو و پێکهێنانی بەرەدا خوی ئەبەستی بەو بریارانەوە... یەکەم– بەردانی بی قەید و شەرتی هەموو هاوری و هەڤالە گیراوەکانی لاتانە. دوەم– پچرینی پەیوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی بەرزانی و بلاوکردنەوەی ئەمە بە نوسین لە ناو کومەلانی خەلك دا. سێیەم– ئیدانەکردنی ئەو سیاسەتە چەوتەی لە ماوەی ٣سالی رابوردودا دەرهەق شورشی کوردستانی عیراق هەتان بوە، بە تایبەتی ئیدانەکردنی کوشتنی ناهەقی تیکوشەران و ری گرتن لە هینانی چەك و پیویستییەکانی شورش...**"[١]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت کۆمەڵە لە تەواوی وەڵامی نامەکەدا پابەندی خۆی لە ڕیزەکانی یەکێتی دووپات کردۆتەوە و هەموو هەوڵێکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی ڕەتکردۆتەوە، لەبەر ئەوەی لە دوای ڕووداوی هەکاری جۆرێك لە چەسپاندنی بنەماکانی شۆڕش و دژە شۆڕش و شۆڕشی چەواشە وەك قەناعەتێکی فکری و سیاسی لای پێشمەرگە و کادیرەکانی کۆمەڵە وەك هێزی باوەڕ بە بیری چەپ سەرچاوەی گرتووە، کە ئەنجام قۆناغێکی توندی لە شەڕی ناوخۆی بە دوای خۆیدا هێناوە.

کۆمەڵە لە کۆنفرانسی یەکەمدا، بانگی ئاشتەوایی لەگەڵ هێزەکان دەدات و بە پێویستی دەزانێت هەوڵەکانیان یەك بخەن بۆ ئەوەی بە یەکەوە بکەونە خەباتکردنەوە[٢]. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بانگەشەیە لەو قۆناغەدا لە ئەنجامی

---

(١) ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان، بەریز– سەرکردایەتی کاتی، ١٩٧٨/١٠/١٠.

(٢) کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان، راگەیاندنی کوتایی یەکەمین کونفرانس، ئایاری ١٩٨١، ل ل ١– ٢.

بەردەوامی بەرەکانی شەڕ لە شاخدا، ململانێکان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکان و لەم چوارچێوەیەشدا ژمارەیەك کادیرانی پارتی لە سلێمانی لەلایەن ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە دەکوژرێن[1].

ساڵی ١٩٨٢ شەڕ و پێکدادانەکان لە نێوان هێزە کوردییەکان لە باشووری کوردستان زیاتر بوون، بەڵام هەوڵێکیش بۆ نزیك بوونەوە و ئاشتەوایی دێتە ئاراوە، بەتایبەت دوای ئەوەی محەمەد حەمە باقی لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکە لە یەکێتیی نووسەرانیی کورد دەکەونە هەوڵی ئەوەی پەیوەندییەکان ئاسایی بکەنەوە[2]. لەم چوارچێوەیەدا نەوشیروان مستەفا لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:" **ئەوسایش و، هەتا ئیستایش هەندی لە سەرانی پارتی و حشع[مەبەستی پارتی کۆمۆنیستی عێراقە– توێژەر] و لایەنەکانی تر لە ناو هاوریکانم دا من بە یەکی لە توندرەوەکانی دائەنین[مەبەستی لە بارەی شەڕی ناوخۆیە– توێژەر]...، راستیەکەیشی چەند جاریَ من سەرکردایەتی لەشکر کیشییەکانی یەکیتیم کردوە...**"[3]، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای هەڵوەستە کردنە ئەوەیە، لە یاداشتەکانی ناوبراودا ئەوە دەخوێندرێنەوە، شەڕەکانی پێ خۆش نەبووە، بە شەڕێکی سەپێنراو بەسەر خۆیانیدا زانیوە، بۆیە لە دەمی گەڕانەوەیدا لە شەڕەکاندا چەند وتارێکی بە ناوی ناوەندی کۆمەڵەوە نووسیوە و باسی لە زیانەکانی شەڕی ناوخۆ کردووە و یەکخستنی هەوڵی هێزە سیاسییەکانی بە پێویست زانیوە[4]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە محەمەد حەمە باقی، کە لەو دەمدا لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هاتوچۆی کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە نەوشیروان مستەفا بۆ مەسەلەی ئاشتی زۆر هەوڵی داوە، داوای لە ناوبراو

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: گۆڤاری "لڤین"، ژمارە(٢٠٧)، سلێمانی، ٢٠١٢/٩/١، ل ل ٩–١٧؛ گۆڤاری "لڤین"، ژمارە(٢٠٨)، سلێمانی،٢٠١٢/٩/١٠، ل ل ٧–١٩؛ فرەنسۆ هەریری، بۆ ئەوەی مێژوو بە چەواشەیی نەنووسرێ، ل ل ٦٠–٦٣.

(٢) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد...، ل ل٢٨٠–٢٨١.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ٢٣٨.

(٤) "گەلە کۆمەکێی چەکدار– سیاسی لە خزمەتی کێ دایە؟"، گۆڤاری"کۆمەڵە"، ژمارە(١)، خوولی دووەم، کانوونی دووەمی ١٩٨٢، ل ل ١–٦؛ "شەڕی ناوخۆ یا شەڕی رزگاری نیشتمانی؟"، گۆڤاری "کۆمەڵە"، ژمارە(٢) خوولی دووەم، شوباتی ١٩٨٢، ل ل ٢–٧؛ "(مساومە) لەگەڵ داگیرکەران یا لەگەڵ هێزە ناکۆك و جیاوازەکانی کوردستان؟"، گۆڤاری کۆمەڵە"، ژمارە(٢) خوولی دووەم، شوباتی ١٩٨٢، ل ل ٥٤–٦٣.

کردووه بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکانی خودی مەسعود بارزانی ببینێت[1]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت ناوبراو لە هەردوو لایەنەکەوە واتە چ هەوڵەکانی لە هێنانەدی ئاشتی بێت، چ لە شەڕ کردن بێت، بەرپرسیارییەتی چاك و خراپی بەردەکەوێت، بە بەڵگەی ئەوەی لە یەکێك لە نامەکانیدا، کە لە دەمی شەڕەکاندا نووسیویەتی جۆرە هەڵوێستێك و تێڕوانینێکی دیکەی بۆ شەڕەکان هەبووە[2].

بەردەوامی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناو کۆمەڵە و سەرکێشانی بۆ جیابوونەوەی باڵێك لە ناوەڕاستی هەشتاکان، وای کردووە پارتی هەوڵی ئەوە بدات دەست بخاتە ناو کێشەکەوە و بکەوێتە پەیوەندیکردن لەگەڵ دەنگە ناڕازییەکانەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە کاتی گەڕانەوەیان لە ئەورووپاوە بە ئێراندا پەیوەندی و هاوکاری پێشکەش بە سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەرەوە کردووە [3]. هەروەها لە ڕێگای لەتیفی حاجی فەرەج بەرپرسی ڕێکخستن و پاراستنی پارتی لە سلێمانی پازدە هەزار دیناری (چاپی سویسری) عێراقی ئەو کاتە و ئامێرێکی چاپی فۆتۆکۆپی بۆ مەلا بەختیار ڕەوانەی بەری قەرەداغ کردووە، جگە لەوەش سەعاتی سفریان بۆ جیابوونەوەیان لە یەکێتی داناوە، بەڵام بەهۆی درەنگ گەیاندنی بروسکەکەی پارتی لەلایەن لەتیفی حاجی فەرەج بە مەلا بەختیار و دەستگیرکردنی مەلا بەختیار و هاوڕێکانی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٥ لە لایەن هێزەکانی یەکێتییەوە، کارەکەیان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە[4].

ناوەڕاستی هەشتاکان بە دواوە قۆناغێکی دیکە لە پەیوەندییەکان لە نێوان یەکێتی و پارتی دێتە پێشەوە، بەمەش هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵەش وەك باڵێکی ناو یەکێتی لەگەڵ پارتی ئاسایی دەبێتەوە.

---

(١) عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، ل ٢٨١.

(٢) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ ملازم سەید کەریم، ١٩٨٣/٣/٢٢؛ فاتح رسول، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، بەرگی دووەم، ل ل ١٢٣، ١٦٤، ٣٢٥.

(٣) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ بەرنامەی ڕووداو مێژوو، ئامادەکردنی و پێشکەش کردنی: فەیسەڵ محەمەد، دیمانەیەك لەگەڵ مەحموود عەبدولڕەحمان ناسراو بە (شێخ عەلی کەشکۆڵ)، ئەڵقەی یەکەم، (www.nrttv.com).

(٤) گۆڤاری "لڤین"، ژمارە(٤٩)، سلێمانی، شوباتی ٢٠٠٧، ل ١٢.

## دووەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆك )

پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)، وەك پارتێکی سیاسی لە دوای نسکۆی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ لەسەر داروپەردوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتیی کورد (کاژیك)[1] لە لایەن کۆمەڵێك لە کادیری گەنج لە دەرەوەی سەرکردایەتی لە شاری کەرکووك لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ لە ژێر ناوی پارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی کورد دامەزراوە و دواتریش ناوەکەی بۆ پارتی سۆسیالیستی کورد گۆڕاوە[2]. لێرەشدا لە سەرەتای قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە کۆمیتەی هەرێمەکان درکیان بەوە کردووە، ئەرکی ئەو قۆناغە بە هیچ یەك لە لایەنەکان بە تەنیا ناکرێت، بۆیە بە بڕوابوون بە تیۆری پارتی پێشڕەو و بە ئامانجی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی کەوتوونەتە پەیوەندی بەو هێزانەی لە ناوچەکەدا بوون. لەم چوارچێوەیەشدا یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شاسوار جەلال(ئارام) و ئازاد مستەفا بەرپرسی یەکەمی پاسۆك کۆبوونەتەوە و بڕیاریان لە دامەزراندنی بەرەیەکی هاوبەش لە نێوانیاندا داوە[3]، بەڵام یەکێکی وەك سەلام عەبدوڵڵا، کە بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی نێوان ئازاد مستەفا و شاسوار جەلال (ئارام)دا کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە دوای گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ یەکتر و باسکردن و جەختکردن لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەلایەن شاسوار جەلال(ئارام)ەوە، ئازاد مستەفا بە ناوبراوی ڕاگەیاندووە، ئەوان پێیان وایە کاتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری نییە، لەبەر ئەوەی شۆڕش تێکشکاوە و پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، بەمەش پێشنیاری

---

(١) کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتیی کورد (کاژیك): ١٤ی نیسانی ١٩٥٩ لە باشووری کوردستان لە لایەن گروپێکی ڕووناکبیر بە ئامانجی دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆ لە سەرتاسەری کوردستان دامەزراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جەمال نەبەز، هێندێك لە کێشە بنەڕەتی یەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، (هەولێر، ٢٠٠١)، ل٥؛ کامل ژیر، کوردایەتی و سەربەخۆیی، (هەرێمی کوردستان، چاپخانە ڕەنج، ٢٠٠٢)، ل٥٨؛ عەبدوڵڵا ئاگرین، لاپەڕەیەکی گەش لە مێژووی کاژیك "بیرەوەری و دیکۆمێنت" ١٩٦١-١٩٧٥، بەشی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣)، ل ل ٦-٧.

(٢) ئازاد مستەفا، کورتە باسێکی بەرەی کوردستانی، چاپی یەکەم، (سوید، ١٩٩٨)، ل ١٢.

(٣) حاجی مەمۆ، لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، ل ٧٨.

ئەوەی بۆ شاسوار جەلال(ئارام) کردووە بابەتەکە باشتر لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، تا ئەوەی ئەوانیش هەڤاڵەکانیان لەو بارەیەوە ئاگادار دەکەنەوە، بۆیە لە کۆتایی دانیشتنەکەدا شاسوار جەلال (ئارام) مۆڵەتی یەك هەفتەی بە ئازاد مستەفا داوە تا ئەوەی بیر لە بابەتەکە بکاتەوە و وەڵامی بداتەوە، کەچی دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە هەفتەیەك، ئازاد مستەفا لە وەڵامدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ئەوان لەو دەمەدا لایەنگیری چونە دەرەوە و دەستپێکردنەوەی شۆڕش نین[1]. ئیتر لێرە بە دواوە لە سەرچاوەکاندا باسێك لە بارەی پەیوەندی دوو قوڵی نێوان کۆمەڵە و پاسۆك بەدی ناکرێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی و پاسۆکدا ئاماژە بۆ هەڵبەز و دابەزی پەیوەندییەکان کراوە.

## سێیەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکانی (کۆمەڵە) لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستان

لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، لە ٢١ی مارتی ١٩٧٩ باڵێکی دیاری بزووتنەوە لە نیمچە بەرەی یەکێتیدا هاتنە دەرەوە. ئەنجام ئەو باڵە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان – لێژنەی ئامادەکاری لە ٨ی ئابی هەمان ساڵدا حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان ڕاگەیاند[2]. لێرەشدا لەبەر ئەوەی لە لۆژیکی شاخدا، ئەستەم بوو هێزەکان بە ئاشتی لەگەڵ یەکتردا هەڵ بکەن، ئەنجام یەکێتی و حیزبی سۆسیالیست لە زۆربەی ناوچەکان دەکەونە شەڕەوە. بەمەش هەرچەندە بەشێك لە سەرکردەکانی کۆمەڵە لەگەڵ شەڕدا نابن و ڕەتی دەکەنەوە، بەڵام بابەتەکە بە

---

(١) محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی، ئارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد، بەرگی یەکەم، ل ل ٥٤٠–٥٤٥.

(٢) بەهرۆز گەڵاڵی، ڕەسوڵ مامەند...، ل ل٧١–٧٥. حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، لە کۆنگرەی یەکەمدا کە لە ١٢–١٥ی مایسی ١٩٨١ لە دۆڵەتوو بەستراوە، ناوەکەی گۆڕا بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان و دواتر زیاتر بەو ناوەوە ناسراوە. بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ ئەو پارتە و چالاکییەکانی بڕوانە: سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان ١٩٧٥–١٩٩١ سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حیزی سۆسیالیستی کوردستان وەك نمونە، چاپی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١١)، ل ل ٦٩– ١١٣.

ویستی ئەوان ناکەوێتەوە[1]. بۆیە کۆمەڵەش وەك باڵێکی یەکێتی دەکەوێتە ناو شەڕەکەوە. ئیتر هەر ئەوەش وادەکات لەو سەروبەندەدا کاتێك دوو لە کادیرە دیارەکانی حیزبی سۆسیالیست بە ناوەکانی عەلی هەژار (١٩٤٣– ١٩٨٣) و کاردۆ گەلاڵی (١٩٥١–١٩٨٣) ون دەبن، پەنجەی تۆمەت بۆ کۆمەڵە درێژ بکرێت، گوایە لە ڕێگای هاتنە دەرەوەیان بۆ شاخ لە لایەن مەفرەزەیەکی چەکداری کۆمەڵە گیراون و کوژراون. لەم بارەشەوە یەکێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: **"... تاکە ڕووداوێ کە ناوی کۆمەڵەی تێدا هاتبێ، ونبوونی عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی بوو... بیستبووم کە هەردووکیان بۆ پێشمەرگایەتی چوونەتە دەرەوە...، مەفرەزەکانی کۆمەڵە گرتوونی و شەهیدیان کردوون!... بۆ کاك نەوشیروانم گێڕایەوە.. توڕەبوو، سەیری دانیشتوانی کرد و شانی ناڕەزایی دادا ( ئەوەی لە بیرم بێ) وتی: ئێمەش ئەم بوختانەمان بیستووە... کە چوویتەوە بەو برادەرانەت بڵێ، بەم قسانە هەڵنەخەڵەتێن، هیچیان لەو شوێنانە نەدیتراون کە مەفرەزەکانی ئێمەی لێیە، ئەمەش بۆ پاکانە نییە،... با خێزان و خزمانیان بە وردی لە شوێنی تر بۆیان بگەڕێن"**[2]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت ئەم باسە جگە لە هەڵبەستراوێك شتێکی دیکە نەبووە، کە زیاتر بۆ توندی ناکۆکییەکان و نەبوونی متمانە لە نێوان هێزەکان دەگەڕایەوە، چونکە ونبوونی عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵەوە نەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو دوو کادیرەی حیزبی سۆسیالیست لە ناو شاری هەولێر لە لایەن دەزگاکانی سەر بە حکومەتەوە دەستگیرکراون[3].

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ سەید کاکە، بیرەوەری پێشمەرگەیەك، ل ل ١٦٤–١٦٥.

(٢) کاکە مەم بۆتانی، بەهارێزان...، ل ٣٨.

(٣ ) برزۆ عەلی هەژار، عەلی هەژار و ژیانی و خەباتی سیاسی، بەرگی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ١٩٩٣)، ل ل ٤– ١٠؛ ئیسماعیل تەنیا، کاردۆ گەلاڵی نووسەر و پارێزەر و سیاسەتمەدار، چاپی یەکەم، (هەولێر، ١٩٩٨)، ل ل١–١٥؛ بەهرۆز گەلاڵی، "دووبیرەوەی خۆی لەگەڵ هەردوو شەهیدی سەرکردە دەگێڕێتەوە"، ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"، ژمارە(٦٥٥)، هەولێر، ١٩٩٤/٤/٨.

لەگەڵ سەرەتای هەشتاكاندا، تا دەهات نێوانی هێزە كوردییەكان ئاڵۆزتر دەبوون، بۆیە هیچ یەك لە هێزەكان سڵیان لە هیچ هەنگاوێك لە بەرانبەر یەكتر نەكردۆتەوە[1]. بەڵام لەو كاتەدا دەنگێكی ناڕەزایی لە ناو كۆمەڵەدا هەبووە، كە شەڕی ناوخۆیان لەگەڵ هێزەكان دیكەی كوردستان ڕەتكردۆتەوە و لەگەڵ ئەوەدا بوونە بازنەی پەیوەندییەكانیان سنووری یەكێتی ببەزێنێت و پارت و ڕێكخراوەكانی دیكەش بگرێتەوە[2]. بەڵام لەم قۆناغەدا بەردەوامی شەڕی ناوخۆ دەبێتە هۆكاری ئەوەی كۆمەڵە تووشی قەیرانێكی گەورە بێتەوە، ئەویش بە هۆی دەستگیركردنی نەوشیروان مستەفا لە مایسی ١٩٨١ لە لایەن هێزەكانی حیزبی سۆسیالیستەوە [3].

گیرانی نەوشیروان مستەفا لە گەرمەی شەڕی ناوخۆدا بابەتێك بوو بۆ هێزەكانی یەكێتی بەگشتی و كۆمەڵە بەتایبەتی بە ئاسانی جێگای قبوڵكردن نەبوو، بۆیە یەكێتی هێزێكی گەورە لە شاربازێڕ كۆدەكەنەوە و دەكەونە هەڕەشەكردنەوە[4]. لەو لاشەوە حیزبی سۆسیالیست بۆ ئەوەی ئەو هەواڵە بە دەستكەوتێكی گەورە بۆ خۆی لێكبداتەوە دەكەوێتە بڵاوكردنەوەی هەواڵی ئەوەی سكرتێری كۆمەڵە بۆ شەڕ هاتووە و لەگەڵ ١٣٠ كەس گیراون، جگە لەوەش كەوتۆتە پڕوپاگەندەی ئەوەوە نەوشیروان

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی شەڕی ناوخۆ بڕوانە: جەمال فتح الله طیب، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە باشووری كوردستان (١٩٧٥/٣/٢١– ١٩٨٠/١١/٢٨) لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسی یە، نامەی دكتۆرا بڵاونەكراوەتەوە، (زانكۆی سلێمانی، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، ٢٠٠٩)، ل ل١٧١–١٨٩؛ عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كورد، ل ل ٢٧٩– ٢٩١.

(٢) مەسەلەی نیشتمانی و دۆست و دوژمنە راستەقینەكانمان ل ٣٩؛ عصبة شغيلة كردستان(كومەلە)، لم يعد الصمت ممكنا، ص ص ١٦–١٧؛ دیمانەیەك لەگەڵ سالار عزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەممووزی ٢٠١٢.

(٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەكان یەكتری ئەشكێنن، ل ل ١٨٨–١٩٠.

(٤) نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ مەلا بەختیار، ١٩٨١/١/٥؛ نامەی طاهر علی والی بۆ مەلا بەختیار، ٦/٥/ ١/ ١٩٨١. دەقی نامەكان ئاماژەیان بۆ كراوە لە( فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی كورد ڕووداو و بەڵگەنامە ١٩٨٠ و١٩٨١، بەرگی دووەم، (سوێد، ١٩٩٢)، ل ل ٣٠٧– ٣٠٨).

مستەفا لە دژی مەلا بەختیار، سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر هاتۆتە لای ئەوان و خەریکی بەیاننامە دەرکردنە و نیازی جیابوونەوەی هەیە[1].

دەمی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵە و قوڵبوونەوەی لە دوای کۆنفرانسی سێیەم ساڵی ١٩٨٤، ئەو باڵەی ناو کۆمەڵە، کە دواتر بە ئاڵای شۆڕش ناسران، دەکەونە پەیوەندیکردن بەهێزە نەیارەکانی یەکێتییەوە[2]. لەم بارەیەوە محەمەد حاجی مەحموود لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەر یەك لە سالار عەزیز و مامۆستا جەعفەر لەگەڵ مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیست کۆبوونەتەوە، باسیان لەوە کردووە لە یەکێتی جیابوونەتەوە و داوای هاوکاریان لە وان کردووە. بەڵام دواتر، کە مەلا بەختیار و هاوڕێکانی لە لایەن سەرکردایەتیی یەکێتییەوە دەستگیر دەکرێن، پاشماوەی هێزەکانیان ڕوو لە ناوچەکانی دەسەڵاتی حیزبی سۆسیالیست دەکەن لەسەر سنوور، حیزبی سۆسیالیست مەرجی دانانی چەکەکانیان و نەبردنیان بۆ دیوی ئێران لەسەر دادەنێن و ڕێگایان نادەن چالاکی سیاسی و سەربازی و تەنانەت ڕاگەیاندنیش لە ناوچەکانی سنووری دەسەڵاتی حیزبی سۆسیالیستەوە بکەن[3].

دواجار بە هۆی ئاشتبوونەوەی یەکێتی و حیزبی سۆسیالیست، سەرکردەکانی کۆمەڵە و کادیرەکانیان لەگەڵ سەرکردە و کادیرەکانی حیزبی سۆسیالیست دەکەونە پەیوەندی گرتنەوە، بەمەش هەڵوێست و پەیوەندییەکان ئاسایی دەبنەوە.

---

(١) نامەی حکمەت (ڕەسول مامەند) بۆ خالە حاجی، حزبی سوسیالیستی یەکگرتوی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، ژمارە فق، ١٩/ ١/ ١٩٨١. ئەرشیفی (کوردستان پۆست)؛ حزبی سۆسالیستی یەکگرتوی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، بۆ برایانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی تیکۆشەر، نووسراوی ژمار ٦، ١٩٨١/١/٢٣. دەقی نووسراوەکە ئاماژەی بۆ کراوە لە: (فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد...، بەرگی دووەم، ل ل ٣١٥-٣٢١).

(٢) نامەی سالار عەزیز، بۆ محەمەدی حاجی مەحموود، ١٩٨٥/٢/٣؛ نامەی دکتۆر هەژار( عەبدولڕەحمان شێخ عوسمان نرگسەجاری) بۆ محەمەد حاجی مەحموود، ١٩٨٥/٦/٥؛ محەمەد شاکەلی، لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسالیستی کوردستان ١٩٧٦-١٩٩٣ لاپەڕە هەڵنەدراوەکان، (کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١)، ل ل ٣٤-٣٦.

(٣) محمد حاجی محمود، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك...، بەرگی دووەم، ل ل ٢٨٦، ٣٠٢، ٧٢٣.

## چوارەم: هەڵوێست و پەیوەندییەكان لەگەڵ (كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران)

(كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران) سەرەتای دامەزراندنی وەك گروپێكی فكری چەپی ڕادیكاڵ ساڵی ١٩٦٩ لە تاران لە سەر دەستی فوئاد مستەفا سوڵتانی، حەمە حوسێن كەریمی و عەبدوڵلای موهتەدی دامەزراوە، بەڵام سەرباری ئەوەی توانیویەتی پەرە بە ڕێكخستنەكانی بدات، كەچی تا ١٥ی شوباتی ١٩٧٩ بە فەرمی خۆی ڕانەگەیاندووە[1]. لێرەشدا سەرچاوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن، كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستان لە ژێر كاریگەری ناوی كۆمەڵەی ماركسیی – لینینیی كوردستاندا وەك ڕێكخراوێكی چەپی ڕادیكاڵ و باوەڕ بە بیری ماویزم، ناوی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی لە خۆی ناوە[2].

كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی بەمەبەستی پەیوەندیكردن بە كۆمەڵەوە هەر لە سەرەتای خۆ ڕاگەیاندنییەوە هەوڵ دەدات. لەم بارەیەوە یەكێك لە كادیرە باڵاكانی ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، یەكەمین جار هەوڵی ئەوەیان داوە لە ڕێگای ناردنی یەكێك لە كادیرەكانیانەوە بۆ ئەوروپا و لە وێشەوە گەڕانەوەی بۆ سوریا و هاتنەوە بۆ باشووری كوردستان پەیوەندی بە كۆمەڵەوە بكەن، بەڵام ئەو هەوڵەیان سەركەوتنی بەدەست نەهێناوە، بۆیە دواتر خانەی موعینییان لە ڕێگەی سنوورەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە بۆ باشووری كوردستان ناردووە تا پەیوەندی بە كۆمەڵەوە بكات[3]. لێرەشدا هەر چەندە خانەی موعینی توانیویەتی بگات لای هێزەكانی یەكێتی، بەڵام نەیتوانیوە بگاتە

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بەهمەن سەعیدی، ٥ساڵ لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی سكرتێری كۆمەڵەی شۆڕشگێرانی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، چاپی یەكەم، (بێ شوێنی چاپ، لە بڵاوكراوەكانی كۆمەڵەی شۆڕشگێرانی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران، ٢٠١٠)، ل ل ٤٠– ٤٦.

(٢) طاهر خدیو، بازخوای جنبش چپ در كردستان (١٩٧٠–١٩٩٠)، دانشگای شهید بهشتی، (ایران، ١٣٨٢)، ص ص ١١٢–١١٣؛ زاهیر ڕەشید پوور، كۆمەڵە لێكۆڵینەوەیەكی مێژوويیە، چاپی یەكەم، (سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٦)، ل ٥٠.

(٣) بەهمەند سەعیدی، سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سكرتێری كۆمەڵە، چاپی یەكەم، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٩)، ل ل ٦٦–٦٧..

سـەرکردایەتیی کۆمەڵـە، لەبـەر ئـەوەی لـە یـەکێك لـە شـەڕەکاندا لەگـەڵ هێزەکـانی حکومەتی عێرقدا لە گوندی دڕە لە ناوچەی ماوەت کوژراوە[1].

جێگـای ئامـاژە بـۆ کردنـە، کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان لـە مەسـەلەی پەیوەنـدیکردن بـە کۆمەڵـەوە لـە هـەوڵی بەردەوامـدا دەبێـت، بەمـەش دوای ڕووداوی کوژرانی خانەی موعینی دەستەیەکی دیکە ڕەوانە دەکات، کە ئەنجام دەتوانن بگەن بە سـەرکردایەتیی کۆمەڵـە، بەمـەش هـەر دوولا دەکەونـە هاوکـاریکردنی یەکترییـەوە. بـە تایبەت دوای ئەوەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان لە دواین مانگەکانی ساڵی ١٩٧٩ داوای هاوکاری سیاسی و سەربازی لە یەکێتی دەکات، بەمەش کادیر و ڕێکخستنەکانی یەکێتی بەگشتی و کۆمەڵە بەتایبەتی دەکەونە ژێرباری ئـەو پەیوەنـدی و هاوکارییـەوە، وەك چوونی ئیبراهیم جەلال و عەلی شیعە بـۆ شـاری سنە، دانـای ئەحمـەد مەجید بـۆ شاری بۆکان و سەقز، ئاوات قارەمانی بۆ شاری بانە، بەکری حاجی سەفەر بۆ ناوچـەی بانـە و بێـژوێ، عەبـدوڵڵای حـاجی فـەرەج بـۆ شـاری پـاوە[2]. ئـیتر لێـرە بـە دواوە پەیوەندییەکان بە ئاسایی بەڕێوەدەچـن و هـەردوولا بەشـداری لـە کـۆڕ و کۆبوونـەوە و کۆنگرەکانی یەکتردا دەکەن.

شـایەنی باسـە، لـە دەمـی ناکۆکییـە ناوخۆییـەکانی نـاو کۆمەڵـە بـە تایبـەت لـە دوای کۆنفرانسی سێیەمەوە، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی وەك باڵێکی ناو ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیسـتی ئێران[3]، کە نوێنەرایەتی ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی دەکرد، دەکەوێـتە پەیوەنـدیکردن بە باڵی ناکۆکی ناو کۆمەڵەوە، بەمەش چەند جارێك بـۆ ئـاڵوگۆڕی پەیوەندییـەکان دەکەونـە گفتوگۆوە. لەم بارەیەوە پشکۆ نەجمەدین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:" **لە سەردانێکی**

---

(١) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ل ١٨٨–١٩٠.

(٢) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ل ٢٩٩– ٣٠٥؛ ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان، ل ل ١٦٠–١٦٣.

(٣) حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران، لـە ئـەنجامی یـەکگرتنی کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردستان و ڕێکخراوی یەکێتیی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست، کە بـە گروپـی (سـەهەندەکان)یش ناسـرا بوون، وەك پارتێکی سەرتاسەری لە ئێران لە ساڵی ١٩٨٣ هاتە دامەزراندن و کۆمەڵەی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو بە لقی کوردستانی ئـەو پارتـە. بـۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە: ئـەیوب ئەیوب زادە، چەپ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان (کۆمەڵە و دۆزی ناسیونالی کورد)، بەشـی یەکـەم، چـاپی یەکەم، (**Nima Verlag**، ٢٠٠٢)، ل ل ٢٠٦–٢١١.

**مەلا بەختیار و من، بۆ ئۆردووگای کۆمەڵە لە گوندی (مالوومە)،... لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کۆبووینەوە. بەڵام چ قسەیەکی تایبەتمان لە مەڕ کێشەی خۆمان، لەگەڵ ئەوان باس نەکرد. پاشتر، بەتایبەت لەگەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی (سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی)، لە ماڵی ئەودا، کۆبووینەوە و وردینەی دۆخەکەمان باس کرد. ئەو نەیشاردەوە، کەبە چاوی پڕ هیواوە، لە ڕەوتی ئێمە دەڕوانێ و دیسانیش نیگەرانییەکانی خۆی پەنهان نەکرد. ئەو پێی وابوو کە دەبێت زۆر وریا و وردکار بین، دەنا تووشی بەڵایەك دێین. ئەو ئامادەی بۆ هەموو هاوکارییەك (لەسنووری تواناکانی خۆیاندا و زۆر بەنهێنی)، نیشان دا یارمەتییەکانی کۆمەڵە بۆ ئێمە لەسەرەتای کاردا، تەنیا بواری پێداویستییەکانی چاپ و چاپخانەی گرتەوە..."**[1]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە برایمی عەلی زادە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مەنسووری حیکمەت[2] لە دەرەوە ئاگاداری کردوونەتەوە، دەست لە بابەتەکە وەرنەدەن، چونکە بە بڕوای ئەو زیاتر دەتوانن لەگەڵ یەکێتیدا دۆست بن نەك لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکەی[3]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت، ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان لەو قۆناغەدا، یەکەم بۆ هۆکاری دوورکەوتنەوەی ئەو ڕێکخراوە لە

---

(١) پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، ل ٢٣٨.

(٢) ژوبین رازانی، ناسراو بە مەنسووری حیکمەت لە حوزەیرانی ١٩٥١ لە تاران لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە تاران و بەشی ئابووریی لە زانکۆی شیراز تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٣ بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا ڕووی کردۆتە لەندەن لە وێدا دەستی بە خوێندنەوەی کەپیتالیزم و دانراوەکانی دیکەی مارکس کردووە. بەمەش تێکەڵاوی ناو دونیای چەپ و سۆسیالیزم بووە. ناوبراو ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ هاوڕێکانی ئەلقەیەکی کۆمۆنیستیان بە ناوی (سەهەند) دامەزراندووە، پاشان ڕێکخراوی تێکۆشانی کۆمۆنیستی و ساڵی ١٩٨٣ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، مەنسووری حیکمەت ڕۆڵی دیاری لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بینیوە، تا ئەوەی ساڵی ١٩٨٩ دەبێتە سکرتێری ناوەندی. دواتر لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی دەست لەکار دەکێشێتەوە و دەچێتە ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە. مەنسووری حیکمەت لە ماوەی کارکردنیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسینی و وتاری بڵاوکردۆتەوە، بەمەش ژمارەیەکی زۆری کۆمۆنیستەکانی بە بۆچوونەکانی خۆیەوە کاریگەر کردووە. ناوبراو لە ٤ی تەممووزی ٢٠٠٢دا کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حەمید تەقوایی، مەنصوری حیکمەت کێ بوو؟؟، وەرگێڕانی: سالار ڕەشید، ڕۆژنامەی "بەرەو سۆشیالیزم"، ژمارە (٣٢ و ٣٣، –٣٨، ٤٠)، ٢٠٠٧–٢٠٠٨، (www.socialismnow.org).

(٣) بەهمەن سەعیدی، سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە...، ل ١٦٥.

ئامانجـە نەتەوەییـەکان، دووەمیشـیان بـۆ نزیکبوونـەوەی یـەکێتی و حیزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێران بگەڕێتەوە[1].

## پێنجەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕێکخراو و گروپە چەپەکان

لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کۆمەڵە لە دوای نسکۆی شۆڕشـی ئـەیلوول سـاڵی ١٩٧٥ و گەڕانەوەیان بۆ ناو شارەکان و بەرزبوونەوەی دەنگە ناڕازییـەکان گروپێکـی لێ جیابوویەوە، کە لە کەسایەتییە دیارەکـانی ئـەو گروپـە بـرایم خـەلیل و بـرایم حەسـەن بـوون. بەمــەش لــە دوای جیابوونــەوەیان لــە ســەرەتاکانی ســاڵی ١٩٧٦ ڕێکخــراوی ڕەنجدەرانی کوردسـتانیان دامەزرانـدووە[2]. دوای ئـەوەش دەسـتیان بـە چـالاکییەکان کردووە و لە ناوەڕاستی ١٩٧٦ بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی (ڕەنجدەر) دەرکردووە[3].

لەگەڵ ئەوەی کادیرە دیارەکان و ئەندامانی ڕێکخـراوی ڕەنجـدەران لـە نـاو هـەناوی کۆمەڵە هاتبوونە دەرەوە، بەڵام شاسوار جەلال (ئـارام) وەك سەرپەشـتیاری کۆمیتـەی هەرێمەکان کەوتۆتە پەیوەندیکردن پێیانەوە. لەم بارەیەوە تـەها بـاراوی کـە ئامـادەی یـەکێك لـە دانیشـتنەکانی نێـوان شاسـوار جـەلال(ئارام) و ئیـبراهیم خـەلیل بەرپرسـی ڕێکخراوی ڕەنجدەران بووە، ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـات، ئیـبراهیم خـەلیل ڕەخنـەی زۆری ئاراستەی کۆمیتەی هەرێمەکان کـردووە، بـە تایبـەت لـە نـاوەڕۆکی ڕاپـۆرتی شـوباتدا، لەبەر ئەوەی ئیبراهیم خەلیل پێی وابووە لەو ڕاپۆرتەدا ڕەخنەی توند لە سەرکردایەتیی

---

(١) ئەیوب ئەیوب زادە، چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ل ٤٨؛ د. هۆشمەند عەلی مەحمود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان...، ل ٣٦٣.

(٢) لە هەنـدێك لـە سەرچاوەکان بـە (ڕەنجبـەران) ناویـان دێـت. بەرنامـەی روداو مێـژوو، ئامـادەکردن و پێشکەشـکردنی: ڕێبـوار عەبـدولڕەحمان، دیمانەیەکـە لەگـەڵ مـەلا بـەختیار، ئەلقـەی یەکـەم، (www.nrttv.com)؛ حاجی مەمۆ، لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، ل ٧٨.

(٣) نەوزاد عەلی ئەحمەد، رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٨)، ل ١٠٩. نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە (ڕەنجـدەر) چـوار ژمـارەی لێ دەرچووە، بەڵام بێ ئەوەی باس ڕێکەوتی دەرچوونیان بکات. بـەڵام لـە سەرچـاوەی دیکـەدا هاتووەکە سێ ژمارەی لێ دەرچووە یەکەم: لە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٧٦، دووەم: لـە مـانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٦، سێیەمیش: لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٦. بۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ١٣٢.

کـۆنی کۆمەڵــە نــەگیراوە، بەمــەش مــەرجی تێکەڵابوونــەوەیان لەگــەڵ کۆمەڵــە بــە ڕەخنـەگرتن لـە سـەرکردایەتیی کۆنـەوە بەسـتاوەتەوە، بـەڵام کاتێـك شاسـوار جـەلال (ئارام) ناکەوێتە ژێر باری داواکارییەکەیانـەوە، ڕێکخـراوی ڕەنجـدەران لـە نووسـراوێکدا دەکەونە ڕەخنەگرتن لە کۆمیتەی هەرێمەکان[1]. لێرەشدا یەکێك لـە کـادیرە دیارەکـانی کۆمیتەی هەرێمەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکـات ڕێکخـراوی ڕەنجـدەران مەبەسـتیان بـووە دۆخی ئەو سەردەمی کۆمەڵە بۆ خۆیان بقۆزنەوە بۆیە کەوتوونەتە پڕوپاگەنـدەوە، لـەم چوارچێوەیەشدا هەر چەندە لە نووسـینەکانیاندا لافـی مارکسـیی – لینینییـان لێـداوە، بەڵام ناوەڕۆکی نووسین و قسە و هەڵسوکەوتەکانیان زیاتر بە لای بـۆرژوای نەتەوەییـدا شـکاوەتەوە، بەمــەش ئەگەرچـی پەلـەیان بـووە لــە دەستبەسـەردا گرتنـی جلـەوی بارودۆخەکە، بەڵام جگە لە کاریگەرییان بەسەر هەندێك خوێنـدکاری ئـەودەمی زانکـۆوە ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبووە[2].

ڕێکخراوی ڕەنجدەران هاوکات لەگەڵ چوونە دەرەوەی کۆمەڵە بڕیـاری بەشـداربوون لـە خـەباتی چـەکداری دەدات، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەسـتەیەك چـەکدار لـە ناوچـەی هەڵەبجـە کـە ژمارەیـان دەرووبـەری ١٢ چـەکداربووە، بـە سـەرکردایەتی بـرایم خلیـل پێکدەهێنن، بەڵام ئەو هەنگاوەیان درێژە ناکێشێت، لەبـەر ئـەوەی یـەکێکی وەك بـرایم حەسەن کە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ناو شار دەکـات لـە لایـەن دەزگاکـانی ئـەمنی سەر بە حکومەت دەگیرێت و ددان بـە تـەواوی ڕێکخسـتنی ڕێکخراوەکـەیان و هەنـدێکی کۆمەڵەشـدا دەنێـت[3]، دواتـریش دەسـتە چـەکدارەکەیان بـە هـۆی تەسـلیم بوونـەوەی یــەکێك لــە چــەکدارەکانیان شــوێنەکەیان ئاشــکرا دەبێــت، بەمــەش هێزێکــی فرۆکــەی حکومەت دەچێتە سەریان و ئەنجام هەموویان دەکـوژرێن، ئـیتر پەیکـەری ڕێکخراوەکـە بە تەواوەتی نامێنێت و هەڵدەوەشێتەوە[4].

لە لایەکی دیکە، هەر لە قۆناغی ناکۆکییەکانی دوای نسکۆی شۆڕش گروپێکی دیکـە لــە کۆمەڵــە جیادەبنــەوە، لێرەشــدا لەبــەر ئــەوەی ئــەو گروپــە پەیوەســت دەبــن بــە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی عێراقی، بە گروپی عێراقییەکان دەناسرێن. ئەم گروپە سەرەتا

---

(١) حاجی مەمۆ، لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، ل ٨٥.

(٢) باوکی ئاوارە، چەند تیبینی بەسەر هەندی لایەنی خەباتی کومەلەدا، ل ١١.

(٣) برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل ٦٩.

(٤) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ١٣٢.

وەك گروپێك درێژە بە خوێندنەوەی بیری مارکسیزم دەدەن، دواتریش، کە شۆڕش لە باشووری کوردستان دەستپێدەکاتەوە، ژمارەیەکیان ڕوو دەکەنە شاخ و بەشداری لە خەباتی چەکداری دەکەن. لەم بارەیەوە بەختیار مستەفا وەك یەکێك لە کەسە سەرەکییەکانی ئەو گروپە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:" **وردە وردە بۆچوونە فکری و سیاسییەکانمان گەڵاڵە دەکرد لەسەر یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی کوردایەتی، ڕامان وابوو کە یەکێتی لە بەرەی گەلدایە و بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی بچوك و پێشکەوتنخوازە، هەر بۆیە هەندێك لە هاوڕێیانمان ڕوویان کردە شاخ و بەشداری ئەو بزووتنەوەیان کرد، بەڵام بەشدارییەکەمان بێناونیشان بوو، تەنانەت کە لێپرسراوانی یەکێتی... دەیانوت ئێوە چین؟ دەمانگوت گروپێکی مارکسین و عێراقیانە بیردەکەینەوە، بەڵام تا ئێستا ڕێکخراومان نییە**"(1).

مایسی ١٩٧٧ جەبار مستەفا وەك بەرجەستەترین کەسایەتی گروپی عێراقییەکان، لە ئەنجامی دانپێیانی ئیبراهیم حەسەن لە ڕێکخراوی ڕەنجدەران، لە لایەن دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق زیندانی دەکرێت، دواتریش لە بەندیخانەی ئەبوغرێب تێکەڵاو بە کادیرە زیندانییەکانی کۆمەڵە دەبێت. ناوبراو ئاماژە بۆ دەکات و دەڵێت:" **سەرەتا سەرکردایەتی ئەبوغرێبی کۆمەڵە وەك بەشێك لە خۆیان سەیریان دەکردین... بەڵام دواتر کە ئێمە ئاشنا بووین بەلایەنەکانیتر بە تایبەتی قیادەی مەرکەزی و کۆمەڵێك مەسەلەی هاوبەشی فکری و سیاسی و عەمەلی هاتە پێشەوە ئیتر ناکۆکییەکان زەق دەبوونەوە و پەیوەندیە شەخسیەکانیش کزدەبوون**"(2).

کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە، بەمەش ژمارەیەك گروپ و ڕێکخراوی سیاسی دادەمەزرێن. یەکێك لە وانە یەکێتیی تیکۆشانی کارگەرانە، کە زۆرێك لە ئەندامەکانیان لە گروپی عێراقییەکان بوون. ئەو گروپە وێڕای بەشداریکردنی لە خەباتی چەکداری لە تەك هێزەکانی یەکێتی، لەسەر لێکۆڵینەوە و گەڵاڵەکردنی خەتی سیاسی و فکری خۆیان بەردەوام دەبن، ئەنجام دابەش دەبن بەسەر دوو ڕەوت، ڕەوتێکیان پەیرەوی بیری ماوی دەکات و تێزی سێ جیهانی پەسەند دەکات، ڕەوتەکەی دیکەیان تێزی ئەلبانی قبوڵ دەبێت، بەڵام دواتر لە ئەنجامی دیداری ئەندامەکانیان لەگەڵ ڕابەرانی کۆمەڵەی

---

(1) ڕیبوار ئەحمەد، لە ماویزمەوە بۆ حکیمەتیزم، ل ٣.

(2) ڕیبوار ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٤.

شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پەسەندی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی دەکەن[1]. ئەمەش دەبێتە سەرەتای گۆڕینی بیروڕاکانیان. ئیدی لەسەر ئەو بناغەیەدا یەکێتیی تیکۆشانی کارگەران ڕادەگەیەنن. یەکێتیی تیکۆشانی کارگەران لە چوارچێوەی چالاکییەکانیدا وەك زنجیرەیەك ئەڵقەی ڕۆشنبیریی مارکسیستی لە زۆربەی شارەکانی باشووری کوردستان، بۆ جیابوونەوەی خۆیان لە کۆمەڵە، کە ئەو دەم باسی لە دامەزراندنی پارتی پێشڕەوەی چینی کرێکاری کوردستان دەکرد، خۆیان بە عێراقی ناساند بوو. لێرەشدا هەر چەندە لە دواتر هەوڵێك بۆ چوونە شاخ و نزیك بوونەوەیان لە یەکێتی دەدەن، بەڵام دواجار لەبەر نەبوونی متمانە و دوورکەوتنەوە کۆمەڵە لە بیری مارکسیزم (بە بڕوای کارگەران) ئەوانەی بەشداریش بوون لە خەباتی چەکداری دەگەڕێنەوە ناو شارەکان[2].

لە لایەکی دیکە هەر لەو سەردەمەوە بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان ناسراو بە (بەرزە) دامەزراوە. نەجمەدین فەقێ عەولا وەك کەسێکی سەرەکی و دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە، کە لەلای تاکە تاکەی هاوڕێکانی باسی کردووە، چونکە ئەو دەمە ئەوان وەکو هەندێك لە کادیرانی کۆمەڵە ڕەخنەی ئەوەیان لە کۆمەڵە هەبووە، بە تەواوەتی لە ڕێبازی مارکسیزم – لینینزم لایداوە و بەرەو ڕێکخراوێکی ناسۆنالیزمی

---

(١) لەم قۆناغە بەدواوە بەشێکی بەرچاو لە چەپ لە باشووری کوردستان دەکەوێتە ژێر کاریگەری مارکسیزمی شۆڕشی ئێران، ئەوەش وادەکات بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بە خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی تێزەکانی مارکسیزم بدرێت، لەبەر ئەوەی یەکێك لە تێزەکانی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێران گەڕانەوە بوو بۆ مارکس و مارکسیزمی کلاسیك، بەمەش چەپەکان کەوتنە خوێندنەوە مارکس، ئەنجام بابەتی چەپ بوون دەبێتە شتێکی باوی سەردەمەکە، وەك فشارێکیش هەر کەسێك بە خۆی بوتایە چەپ دەبوو مارکس بخوێنێتەوە. بەڵام وەك تێبینی دەکرێت جیاوازییەکی گەورە لە نێوان مارکسیزمی شۆڕشگێڕی لە ئێران و باشووری کوردستان هەبووە، لەبەر ئەوەی هی ئێران بەرهەمی ئاڵوگۆڕ و وەرچەخانە کۆمەڵایەتییەکانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ بوو، بەڵام ئەوەی باشووری کوردستان دوور و نزیك پەیوەندی بە سۆسیالیزمی کرێکاری نەبووە، بەڵکو پەسەندکردنی بۆ مارکسیزمی شۆڕشگێڕی تەنیا لایەنە فکرییەکەی بووە. دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەولا، سلێمانی، ١ی تەمووزی، ٢٠١٢.

(٢) ڕێبوار ئەحمەد، لە ماویزمەوە بۆ حکیمەتیزم...، ل ٦-١٠.

وردە بۆرژوازی هەنگاو دەنێت. بەمەش لە چوارچێوەی ئەڵقە و شانەی بچووکەوە کەوتوونەتە کارکردنەوە[1].

(بەرزە) لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ وەك ڕێکخراوێکی هەڵگری بیری چەپ بڕوا بە مارکیسزمی شۆڕشگێڕی لە باشووری کوردستان خۆی ڕادەگەیەنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی سنووری چالاکییەکانیان لە سنووری دەسەڵاتی هێزەکانی یەکێتیدا دەبێت، بە توندی لەلایەن کۆمەڵەوە دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە، بەمەش سەرانی ئەو ڕێکخراوە ناچار دەبن چالاکییەکانیان بۆ شارەکان بگوازنەوە[2].

ناوەڕاستی هەشتاکان بە دواوە هەم چالاکی ئەو گروپ و ڕێکخراوە چەپانە زیاتر بەدیار دەکەوێت هەمیش ڕێکخراویی دیکە دادەمەزرێن[3]، بەمەش کۆمەڵە لە هەنگاوەکانیان نیگەران دەبێت. ئەنجام لەو چوارچێوەیەدا دەزگای ناوەندی ڕۆشنبیری کۆمەڵە لە کۆمەڵێك گوتاردا، کە لە گۆڤاری کۆمەڵە بڵاوی دەکاتەوە باس لە ماهییەت و ئامانجەکانی ئەو ڕەوتە چەپە دەکات و کار و هەنگاوەکانی ئەو گروپ و ڕێکخراوانە بە دروست نازانێت و بە هەنگاوێکی دوژمنکارانە لە بەرانبەر کۆمەڵەدا لە قەڵەم دەدات[4].

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەوڵا، سلێمانی، ١ی تەمموزی، ٢٠١٢.

(٢) چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوە بەردەوام دەبێت تا ئەوەی لە کۆتایی ١٩٨٥ لە لایەن نەجمەددین فەقێ عەوڵاوە ڕێکخراوی خەباتی کۆمۆنیستی ڕادەگەیەنێت و ڕێکخستنەکانی (بەرزە) دەچنە ناوەیەوە. دیمانەیەك لەگەڵ نەجمەددین فەقێ عەوڵا، سلێمانی، ١ی تەمموزی، ٢٠١٢.

(٣) هەر لەم قۆناغەدا تا ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ ژمارەیەك ڕێکخراوی دیکە چەپ لە باشووری کوردستان دامەزراون. کە بریتین لە: گروپی کار کۆمۆنیستی(کار) ١٩٧٩، ئەلقەی ئەرکەکانمان، ئەلقەی ئۆکتۆبەر، کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست (کۆتك) ١٩٨٧– ١٩٨٩، کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار ١٩٨٩–١٩٩١، دەستەی کرێکارانی سۆسیالیست، سەرنجی کرێکار، ڕەوتی کۆمۆنیست ١٩٨٥– ١٩٨٩، کرێکارانی کۆمۆنیست ١٩٨٥– ١٩٩١، بڵێسە ١٩٨٧–١٩٨٩، یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، پرۆلیتاریای کۆمۆنیست، دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا ١٩٨٧– ١٩٩٠، دەستەی ڕێبازی کۆمۆنیست، یەکێتیی خەباتی کۆمۆنیستەکان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕێبوار ئەحمەد، لە ماویزمەوە بۆ حیکمەتیزم، ل ل ١٦–٢٢؛ نەوزاد عەلی ئەحمەدن ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی دووەم، (سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٩) ل ل ١٥٥– ١٥٧.

(٤) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕەوا، "ڕێکخستنی بان– چەپ دەرهاوێشتەی چ دۆخێکە؟!"، ل ل ٤١–٥٢؛ شوان، "بان چەپەکان چین و؟ چی ئەڵێن؟"، ل ل ٤–٢٠؛ ئازاد، "بان چەپ و چارەسەرکردنی

## تەوەری سێیەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە عێراقییەکان

هاوکات لەگەڵ هاتنە مەیدان و کارکردنی کۆمەڵە لە باشووری کوردستان وەك ڕێکخراوێکی چەپ، پارتی کۆمۆنیستی عێراق بە هەردوو باڵەکەیەوە لەسەر ئاستی عێراق و باشووری کوردستان لە چالاکییەکانیان بەردەوام بوون، جگە لەوەش بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی (الحركة الاشتراكية العربية)یش وەك ڕێکخراوێکی چەپ کارو چالاکی دەنواند لەسەر گۆڕەپانی عێراقدا. لەم چوارچێوەشدا کۆمەڵە لە قۆناغە جیاوازەکاندا دەکەوێتە هەڵوێست وەرگرتن و پەیوەندیکردن پێیانەوە، کە لەم تەوەرەیەدا بە جیا باسیان لێوە دەکەین.

### یەکەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق- لیژنەی ناوەندی.

لەمەو بەر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی سیاسی باوەڕ بە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم– لینینزم لە دەرهاوێشتەی پەرەسەندنی ڕەوتی چەپ لە جیهان و ناوچەکەدا لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لە باشووری کوردستان دامەزراوە و تێزەکانی ماو تسی تۆنگی پەسەند کردووە[1].

پەسەندکردنی تێزەکانی ماو تسی تۆنگ لە لایەن ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵە، وا دەکات ئەو ڕێکخراوە بکەوێتە بەرەی کۆماری گەلی چین و دژایەتیکردنی یەکێتیی سۆڤێیەتەوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە لەو قۆناغەدا یەکێتیی سۆڤێیەت کەوتبووە بەر ڕەخنە و گازاندەی ئەوەی پشتی کردۆتە شۆڕشەکانی دونیا و هاوکاری هێزە دەسەڵاتدارەکان دەکات[2]. ئیتر ئەوەش ڕەنگدانەوەی بەسەر پارتە

---

مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد"، ل ل٢١–٢٦؛ ڕەنج، "هێرشی بان چەپ بۆ سەر شۆرش لە بەرژەوەندی کێدایە؟"، ل ل ٢٧–٣٢.

(١) بۆ هۆکاری پەسەندکردنی تێزەکانی ماو تسی تۆنگ بڕوانە: بەشی یەکەم، تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لە فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢.

کۆمۆنیستەکانی سەر بە سۆڤێیەت لە وڵاتانی دیکەی دونیادا هەبوو، بۆیە دەبینین کۆمەڵە لە سەرەتاوە لە ژێر ئەو کاریگەرییەدا وای لە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی روانیوە، کە ئەوانیش لە ڕێبازی مارکسیزم– لینینزم لایانداوە و ناتوانن نوێنەرایەتی چینی کرێکار بکەن[1]. لێرەشدا توێژەرێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بێ ئەوەی کۆماری گەلی چین ئاگاداری لە بارەی ڕێکخراوێکی وەك کۆمەڵەوە هەبوو بێت، یاخود هاوکارییەکی پێشکەش کردبێتن، سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە لایەنگیری خۆی بۆ چین ڕاگەیاندووە، لە ئەنجامی ئەوەش هەم یەکێتیی سۆڤێیەت، هەمیش پارتی کۆمۆنیستی عێراقی بە نەیاری خۆی داناوە[2].

کۆمەڵە لە قۆناغی یەکەمی کارکردنی خۆیدا وێڕای بە نهێنی کارکردنی، بەڵام لە ڕێگای دەرکردنی نامیلکە و نووسینی بابەتی تایبەتەوە هەڵوێستی خۆی بۆ هەر یەك لە ڕووداوەکان نووسیوە و بە ڕێکخستنەکانی ڕاگەیاندووە. لێرەشدا کاتێك پارتی کۆمۆنیستی عێراق و حکومەتی بەعس بە یەکەوە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتووخواز (الجبهة الوطنية القومية التقدمية) پێکدەهێنن[3]. کۆمەڵە هەڵسەنگاندنی وردی بۆ کردووە و بە هەنگاوێکی هەڵەی لە قەڵەم داوە[4].

کۆمەڵە لە سەردەمی باڵا دەستبوونی کۆمیتەی هەرێمەکان کۆمەڵێك هەنگاوی بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی ڕێکخراوەکە ناوەوە، بە تایبەت لە مەسەلەی دوورکەوتنەوە لە بیری ماویزم و پەسەندکردنی تەواوی تێزەکانیدا، بۆیە لەم قۆناغەشدا بە جیاوازتر لە قۆناغی پێش خۆیدا ڕەخنەی لە سیاسەتی یەکێتیی سۆڤێیەت گرتووە، بە سۆسیال–

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ ئاوات عەبدولغەفور، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

(٢) فەرید ئەسەسەرد، ئارام و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا، ل ل ٢٣– ٢٤.

(٣) بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەووتوخواز(الجبهة الوطنية القومية التقدمية) : لە ١٧ی تەممووزی ١٩٧٣ لە نێوان پارتی کۆمۆنیستی عێراق و حکومەتی عێراق واژۆ کراو، بەمەش هەردوولا بە یەکەوە کەوتنە کارکردنەوە، ئیتر لێرەوە کارەکانی ئەو بەرەیە بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی ١٩٧٩. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صلاح الخرسان، صفحات من تأريخ العراق السياسي "الحركات الماركسيه"، ص ١٤٦؛ فاتح ڕەسول، لە کاروانی دوور و درێژدا، کورتەی خەبات و ئەزمونی پەنجا ساڵ، (ستۆکهۆلم، ١٩٩٧)، ل ٢٥٧.

(٤) دیمانەیەك لە فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ ئاسۆ شێخ نووری، سلێمانی ٢٨ی مایسی ٢٠١٢.

ئیمپریالیست ناوی نەبردووە[١]. بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە کاریگەری نەبووە لەسەر ئەوەی سەرکردایەتیی کۆمیتەی هەرێمەکان هەڵوێستەکانی بەرانبەر پارتی کۆمۆنیستی عێراق بگۆڕێت، چونکە وایبینیوە پەیوەندییەکانی ئەو دەمی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەگەڵ حکومەتی عێراقدا زیانی بە پارتەکە گەیاندووە و بیروباوەڕی مارکسیزمیشی لە ناو خەڵك بەدناو کردووە و تەگەرەی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیداکردووە. لەم چوارچێوەیەشدا لە تێکڕای نووسینەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵەدا وشەی کۆمۆنیزمیان بەکارنەهێناوە، بەڵکو لە جێگای ئەوەدا ئاماژەیان بۆ مارکسیزم – لینینزم کردووە، کۆمەڵەشیان بە مارکسیست – لینینست ناوبردووە. ئەمەش بە هۆی ڕەفتاری چەوتی پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە بووە، کە بە بڕوای کۆمەڵە گرنگی جارانی لە دەستداوە و کەڵکی ئەوەی نەماوە شانازی پێوەبکرێت[٢]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، وێڕای ئەوەی بیروبۆچوونی لە بەرانبەر پارتی کۆمۆنیستی عێراق– لێژنەی، کە لەگەڵ بەعسدا هەیانە پاشگەز ببنەوە و لە خەباتی چەکداریدا بکەونە هاوکاری کۆمەڵە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە[٣]. بەڵام وادیارە ئەو دەمە پارتی کۆمۆنیستی عێراق ئەو داواکارییەی بە هەند وەرنەگرتووە و مانەوەی لە بەرە لەگەڵ بەعسدا بە گرنگتر زانیوە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی کۆمۆنیستی عێراق و حکومەتی عێراق تا سەر بەردەوامی نەبوو، چونکە هەر زوو حکومەتی عێراق کەوتۆتە وێزە و گیانی لایەنگران و ئەندامی پارتی کۆمۆنیست و ژیانی ڕێکخراوەی لێ بەرتەسککردونەتەوە، بەمەش بەشێکی زۆری لە کادیرەکانی ئەو پارتە کەوتوونەتە ژێر چاودێری توندەوە. بۆیە دەبینین وەك هەڵوێست دەربڕینێك لە ژمارەی (٢)ی گۆڤاری کۆمەڵە لە ژێر ناونیشانی (فاشیستەکانی عێراق چون ڕەفتار لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان دەکەن؟) ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، دامودەزگاکانی حکومەت بە توندی کەوتوونەتە پەلاماردان، گرتن، ڕاوەدونان، نان برین و هەندێك جاریش لە ناوبردنی ئەندامان و

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ سالار عەزیز، سلێمانی، ٣٠ی مایسی ٢٠١٢؛ بەرنامەی روداو مێژوو، ئامادە و پێشکەشکردنی: ڕێبوار عەبدولڕەحمان، دیمانەیەك لەگەڵ مەلا بەختیار، بەشی یەکەم، (www.nrtttv.com)؛ دیمانەیەك لەگەڵ عەباس محەمەد (حاجی مەمۆ)، هەولێر، ١ی نیسانی ٢٠١٢.

(٢) فەرید ئەسەسەرد، ئارام و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی سیاسیدا، ل ل٢٣– ٢٤.

(٣) پشکۆ نەجمەدین، ئەزمون و یاد، ل ٨٠؛ حاجی مەمۆ، لە هەواری یادەوەرییەکانمدا، ل ٧٨.

لایەنگرانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، لەم چوارچێوەیەشدا ئەندامەکانیان لە وەزارەتەکان داوای ئەوەیان لێدەکرێت جنێو بە کۆمۆنیزم، مارکس، ئەنگلیز و لینین بدەن، ئینجا بەڵگەنامەی وازهێنانی خۆیان لە پارتی کۆمۆنیست پێ پڕ دەکەنەوە و داوای ئەوەیان لێ دەکەن بچنە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکییەوە. لێرەشدا گۆڤاری کۆمەڵە لەسەر بابەتەکە بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:" **ئێمە [مەبەستی کۆمەڵەیە– توێژەر] کە لایەنگری بەرەلاکردنی ئازادی دیموکراتین بو هەمو گەلی عیراق، دژی چەوسانەوە و زور لیکردنین لەسەر بیروباوەری سیاسی، ویژدان، قەلەم... سەرەرای سیاسەتی چەوت و ناراستی ل م – ح ش ع [مەبەستی پارتی کۆمۆنیستی عێراق– لێژنەی مەرکەزییە– توێژەر] بەرامبەر رژێمی فاشیستی عیراق، بەرامبەر بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی گەلی عیراق، بەرامبەر بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کوردستان و هیرشی فاشیستەکان بو تەفرووتوناکردنی کورد و کوردستان... بە توندی نارەزایی خۆمان دەربڕین دژی سیاسەتی فاشیستی یانەی رژێمی عیراق بەرامبەر ئەندام لایەنگەکانی ل م – ح ش ع"**[1].

لە ڕاستیدا، لەگەڵ بڕیاری چوونە دەرەوەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری ساڵی ١٩٧٩[2]، لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەگشتی و کۆمەڵە بەتایبەتی زۆر یارمەتی دەدرێن. ئەمەش زیاتر لە وەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیان وابووە بە هاتنی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بۆ شاخ، پشتیوانی یەکێتیی سۆڤێیەت و پارتە کۆمۆنیستەکانی دونیا بە دەست دەهێنن[3]. بۆیە دەبینین لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ڕووداوەکان وادەکات، هەندێك لە کادیرە باڵاکانی کۆمەڵە بکەونە ڕەخنەی ئەوە لە سەرکردایەتی کۆمەڵەوە، پەیوەندییەکانیان لە ڕووی نێونەتەوەی لاوازە و پێویست دەکات بیری لێبکرێتەوە. لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"**یەکی لە رەخنەکانی عومەری سەید عەلی و، هاوریکانی تری کە تازە لە زیندان ئازاد بوبون، لە هەمو کۆبونەوەیەك دا دوبارەیان ئەکردەوە، ئەوە بو کەوا: ئێمە**

---

(١) گۆڤاری "کۆمەڵە"، خوولی یەکەم، ژمارە (٢)، ١٩٧٨–١٩٧٩، ل ٢٣.

(٢) دەربارەی چۆنییەتی چوونە دەرەوە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بڕوانە: احمد عبدالعزیز محمود، دور الأنصار ( الپێشمرگە) الشیوعیین في الكفاح المسلح في كردستان العراق (١٩٧٨–١٩٩١م)، (اربیل، المطبعة ازادی، ٢٠١٣)، ص ص ١١–٣٠.

(٣) پشكۆ نەجمەدین ، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، ل ٨٨.

**علاقاتی اممی [مەبەستی پەیوەندی نێونەتەوەییە– توێژەر] مان فەراموش کردوە و، هیچ هەولیکمان نەداوە بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەل حیزبە شیوعیەکانی دنیا، بە تایبەتی حیزبی شیوعی سۆڤیتی و، چینی کریکارانی ولاتانی سەرمایەداری و، خەباتی رزگاریخوازنی گەلانی دونیا سییەم، لەم بارەیەوە زۆر ئەدواین، باسی هەولە سەرنەکەوتوەکانی خۆمان و، گورانی دنیامان ئەکرد"**[1]. ئەنجام سووربوونی کادیرەکان لەسەر ئەنجامدانی بەستنی پەیوەندییەکان، چەند جارێك لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق یەکتر دەبینن و بیروڕا لەم بارەوەیەوە دەگۆڕنەوە[2]. تا دواجار لە سەردانێکدا نەوشیروان مستەفا لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٨٠ بۆ سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، لە دانیشتنێکی لەگەڵ فاتیح ڕەسوڵ[3] داوای ئەوەیان لێدەکات هاوکاری و هەماهەنگی کۆمەڵە بکەن لە مەسەلەی بەستنی پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ ولاتانی سۆسیالیستی و پارتە کۆمۆنیستەکانی دونیا، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە دەرگای زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەو ولاتانەیان بۆ بکرێتەوە، تا هەر ساڵە و ژمارەیەك کادیری کۆمەڵە لەو زانکۆ و پەیمانگایانە بیری مارکسیزم– لینینزم فێر بن. لێرەشدا فاتیح ڕەسوڵ وێڕای گازاندەکانی لە سیاسەتی یەکێتی بەگشتی و کۆمەڵە بەتایبەتی، لە وەڵامی داواکارییەکەی نەوشیروان مستەفا وتوویەتی:"... **دەربارەی پێشنیارەکەت کە یارمەتی بدرێن پەیوەندی لەگەڵ ولاتانی سۆشیالیستی و حیزبە کۆمۆنیستەکان پەیدا کەن و دەرگای فێرگاکانیان بۆ بکرێتەوە، دەتوانن داواکە بە نامەی تایبەت پێشکەشی**

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٦١.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەممووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٣) فاتیح ڕەسوڵ، ساڵی ١٩٣١ کۆیە لە دایك بووە، ساڵی ١٩٣٧ چۆتە بەر خوێندن و ساڵی ١٩٤٩ دواناوەندی تەواو کردووە، ناوبراو لەبەر ئەوەی زۆر زوو تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، چەند جارێك زیندانی کراوە. فاتیح ڕەسوڵ ساڵی ١٩٦٠ بۆتە ئەندامی هەرێمی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و ١٩٧٣ بە ئەندامی لێژنەی ناوەندی هەڵبژێردراوە تا کۆنگرەی چوارەم، ١٩٧٩–١٩٨٦ بەشداری لە خەباتی چەکداری کردووە، لەو ساڵەوە چۆتە سوریا و تا ١٩٨٩ لەوێدا ماوەتەوە، ساڵی ١٩٨٩ چۆتە سوێد و لە وێدا دەژی (نابراو ساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: فاتح ڕەسول، لە پێناو دەسەڵاتدا، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٧)، ل ٦٦٢.

**کۆمیتەی مەرکەزی حزبمان بکەن"**[١]. بەمەش لە دوای گەڕانەوەی نەوشیروان مستەفا لە سەردانەکەیدا، دوای دە ڕۆژ لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٠ فەرەیدوون عەبدولقادر و عومەری سەید عەلی وەك ئەندامانی ناوەندی کۆمەڵە سەردانی فاتیح ڕەسوڵ دەکەن، لەگەڵ خۆیاندا دوو نووسراوی فەرمی بە ناوی ناوەندی کۆمەڵەوە، یەکەمیان بۆ پارتی کۆمۆنیستی عێراق هەرێمی کوردستان و دووەمیان بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێیەت دەبەن[٢]، کە تێدا لە دەقی نامەکاندا جەخت لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر و وەرگرتنی خوێندکار و کادیرەکان لە خوێندن کراوەتەوە[٣]. لێرەشدا فاتیح ڕەسوڵ دەڵێت:" **دەقی هەردوو نامەکەم لەگەڵ ڕاو بۆچوونی خۆمدا بۆ م.س [مەبەستی مەکتەبی سیاسییە– توێژەر] حیزب نارد، بە هەموو قەناعەتەوە لەگەڵ یارمەتیدانیان دابووم پێشنیارم کرد کە چەند قوتابییەکیان بۆ زانکۆکانی وڵاتانی سۆشیالیست و چەند کادیریشیان بۆ فێرگاکانی مارکسی و لینینی مۆسکۆ و بولغاریا بنێردرێن... بەڵام ئەوسا زۆربەی هەر زۆری حیزبە کۆمۆنیستەکانی دونیا کە حشع/یش یەکێك بوو لەوان، لەسەر ڕێبازی بیرۆکراتی و دۆگمای ستالینیزم دەڕۆیشتن، بۆ هەر وڵاتێك دەبوایە یەك حیزبی مارکسی– لینینی هەبێت، ئەویش ماوە و بلیتی کارکردنی لە مۆسکۆوە پێبدرێت! ! لە هیچ کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی حیزب و نە لە هیچ چاوپێکەوتنێکدا لە کدولەی تەڕیشدا ناوی ئەم دوو نامە و داوایانەی کۆمەڵەم نەبیستەوە، دوو سێ جاریش پرسیارم کرد، وەرام نەبوو؟"**[٤]. بەمەش دەتوانرێت بووترێت ئەو هیوایەی، کە هەندێك لە کادیرەکانی کۆمەڵە لە بەستنی پەیوەندییەکان و ناردنیان بۆ خوێندن و فێربوون هەڵیان چنی بوو، ئەنجامێکی ئەو تۆی لێ شین نەبوو. بۆیە نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"**سەید عومەر[مەبەستی عومەری سەید عەلییە– توێژەر] و هاوریکانی هیوایەکی ئەوتۆیان بە عەلاقاتی اممی نەما"**[٥].

---

(١) فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ....، بەرگی دووەم، ل ١١٧.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمووزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٣) بۆ ناوەرۆك و دەقی نووسراوەکان بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٧ و ١٨).

(٤) فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ....، بەرگی دووەم، ل ل ١٢٠– ١٢١.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٦١.

شایەنی باسە، پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەگەڵ هاتنە دەرەوە بۆ شاخ پرۆژەی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی دەخاتە بەردەم هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراقی[1]. لەم بارەشەوە فاتیح ڕەسوڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، چ لە دیدارەکەی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا بێت، یاخود لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر و عومەری سەید عەلی بێت باسیان لەو مەسەلە کردووە، کۆمەڵە ڕای لەو بارەیەوە باش بووە و ئومێدی زۆریان پێبووە[2]. کەچی دەبینین کاتێك لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکراتی (الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية– جوقد) واژۆ دەکرێت[3]، ڕای کۆمەڵە پێچەوانە دەبینرێت لە کاتێکدا نەوشیروان مستەفا دەڵێت: " **جۆری پێکهێنانی لایەنەکانی و، توانای سیاسی و ریکخراوەیی و جەماوەریان لەسەر ئەرز و جیاوازی بیروبۆچۆنیان لەسەر پاشە رۆژی عیراق، وای لی کرد بوم من هیوایەکی ئەوتۆم بەم بەرەیە نەبی و، لام وابو شتی لە ئەرکی قورسی سەرشانی ئیمە کەم ناکاتەوە**"[4]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە مەلا بەختیار دەڵێت:" **ئەم (جبهة)یە هەر لەناوەکەیەوە دیارە؛ یەکەم مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان ناسەلمێنێ، بۆیە ناوی (الجبهة الوطنية)ی هەڵبژاردووە، ئەم (وطنية)تەیە واتای پاراستنی (وطن) و گیانی (وطنية)ی عێراق داڕێژراوە. یەکسەر دوای (الوطنية) ناوی (القومية)ش هاتووە. لەمیشیاندا،**

---

(١) سروە قادر سمایل، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان– عێراق ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠– ٢ی ئابی ١٩٩٠ (توێژینەوەیەکی مێژوویی– سیاسییە)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوەتەوە، (زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی مێژوو، ٢٠٠٩)، ل ٢٥؛ کریس کۆچێرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، وەرگێڕانی: ئەکرەمی میهرداد، بەرگی یەکەم، (سلێمانی، چاپخانەی تەما، ٢٠٠٢) ل ٥٣.

(٢) فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ....، بەرگی دووەم، ل ل ١١٥، ١١٧.

(٣) بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکراتی– جوقد: لایەنە بەشداربووەکانی بریتی بوون لە: **پارتی کۆمۆنیستی عێراق، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی (سەرکردایەتی هەرێمی عێراق)، بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی، ڕێکخراوی سوپای ڕزگاری گەلی عێراق، (منظمة الجيش الشعبي لتحرير العراق)، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبیی سۆسیالیستیی یەکگرتوویی کوردستان.** بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بيان الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية العراقية، الجبهة هي البديل الديمقراطي للفاشية، ١٢/١١/١٩٨٠؛ ئەحمەد بانیخێلانی، بیرەوەرییەکانم، (ستۆکهۆڵم،١٩٩٨)، ل ل ٣٩٥–٣٩٦.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٦٠.

**مەبەست (القومية العربية)یە، چونکە بە گەلانی عێراق نالێین: القومية العراقية، بەو ناوانەش (الوطنية)یەی عێراقی سەرەتاو پاشان (القومية)ی عەرەبی دوای ئەوە لە (الجبهة الوطنية القومية) کەدا، پاش و پێش لە دیموکراسیەکان و مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان گیراوە"**(١). لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت سەرباری سەرنج و تێبینییەکانی کادیرە باڵاکانی کۆمەڵە، بەڵام وەك هەڵوێست ئەوەیان لێ نابینین، کە ناکۆکییەکیان لەسەر دامەزراندنی بەرەکەدا هەبوو بێت، ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کۆمەڵە لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا سیاسیەتی یەکێتی بە تەواوی قبوڵ بووە. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، مەسەلەی دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی وەك یەکێك لە بەرنامەکانی کۆمەڵە، کە لە سەرەتاوە بڕوای پێبووە کاریگەری کردووە لەسەر هەندێك لە کادیرەکانی کۆمەڵە، بە چاوێکی گرنگەوە لە مەسەلەکە بڕوانن، ئەگەر بزانین یەکێکی وەك خەسرەو خاڵ، کە ئەو کات سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی لە ناو شارەکان کردووە، لە نامەیەکدا بۆ نەوشیروان مستەفا هیوایەکی زۆری بە دامەزراندنی ئەو بەرەیە هەبووە و داوای لە ناوبراو کردووە بە نامەیەك وردەکاری بابەتەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە(٢).

وەك لەمەو بەر ئاماژەمان بۆ کرد، لە کانوونی دووەمی ١٩٨١ سکرتێری کۆمەڵە نەوشیروان مستەفا لە لایەن هێزەکانی حیزبی سۆسیالیستەوە دەست بەسەر دەکرێت، لەم چوارچێوەیەشدا سەرکردایەتیی یەکێتی بەگشتی و کۆمەڵە بەتایبەتی داوای هاوکاری لە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لەم بارەیەوە ببینن. بەمەش سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەکەوێتە پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتیی حیزبی سۆسیالیستەوە، داوای ئەوەیان لێدەکەن کارێك نەکەن بارەکە ئاڵۆزتر بکەن، ئەنجام دوای گۆڕینەوەی چەند نامەیەك لە نێوان سەرکردایەتی هەردوولا، سەرکردایەتیی حیزبی سۆسیالیست لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨١ ئاگاداری پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەکەنەوە، ئامادەن نەوشیروان مستەفا ئازاد بکەن، بەڵام بەر لەوەی

---

(١) مەلا بەختیار، یاخی بوون لە مێژوو...، ل ٢٦٥.

(٢) نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، ل ١٦١.

نێردراوەکانی پارتی کۆمۆنیست بگەن بەو شوێنەی نەوشیروان مستەفای لێ بەندکرابوو، ناوبراو دەتوانێت ڕابکات و خۆی ڕزگار بکات[1].

بەردەوامی شەڕی ناوخۆی نێوان هێزە کوردستانییەکان، پارتی کۆمۆنیستی عێراقیش تێوە دەگلێنێت، بەتایبەت دوای ئەوەی دەستپێشخەری دەکات لە دامەزرانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتیی عێراقی (الجبهة الوطنية الديمقراطية – جود) لەگەڵ هەر یەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستدا[2]، لەم چوارچێوەیەشدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەوێتە بەرەیەك و هێزەکانی ناو (بەرەی نیشتمانی دیموکراتیی عێراقی– جود) دەکەونە بەرەیەکی دیکەوە، بەمەش پەیوەندییەکان ئاڵۆزتر دەبن و شەڕەکان توندتر دەبن تا ئەوەی هەر دوولا هەوڵی سڕینەوەی یەکتر دەدەن[3]. ئەنجام لە شەڕی پشتئاشان لە ١ی مایسی ١٩٨٣دا پێکدادانەکان دەگاتە لووتەکە[4].

---

(١) بۆ زانیاریی زیاتر لە مەڕ هەوڵەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بڕوانە: فاتح رسول، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی خەباتی گەلی کورد ....، بەرگی دووەم، ل ل ٢٩٨–٣٢٥.

(٢) بەرەی نیشتمانی دیموکراتیی عێراق– جود، بە دەستپێشخەری پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی سۆسالیست لە ڕاژان دامەزراوە، دواتریش پاسۆکیش هاتە ناویەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: دەنگی کوردستانی عێراق، "بەیانی ڕاگەیاندنی (جود)"، ١٩٨٠/١١/٢٩تا ١٩٨٠/١١/٣٠ .

(٣) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: نامەی مەسعود بارزانی بۆ حەسۆ میرخان لە ١٩٨٣/٢/٢٨؛ نامەی نەوشیروان مستەفا بۆ ملازم سەید کەریم، ١٩٨٣/٣/٢٢؛ نامەی ابو سەرباز بۆ رسول مەمەند، لە ١٩٨٣/٤/٣٠؛ برقیە من م.س حسك الى م.س حدك، م.س حشع، عدد ١٠٠، ١٩٨٣/٤/٢٠؛ بروسکەیەك لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان عیراق مەکتەبی سیاسی بۆ هەڤاڵ احمد فەقێ ڕەشی تێکۆشەر و لێژنەی ناوچەی باڵەك، ١٩٨٣/٤/٢٤؛ الاتحاد الوطني الكردستاني المكتب السياسي، الاخوة و الرفاق في اطراف الحركة الوطنية العراقية و حركات التحرر الوطنية العربية و في المنطقة، ١٨ نيسان ١٩٨٣.

(٤) بۆ زانیا ریی زیاتر بڕوانە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، بەیاننامەیەك لە مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەربارەی شەڕ فرۆشتنی تاقمە تەحریفیەکەی لێژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عیراقی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ٢ ئایاری ١٩٨٣؛ بيان الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية (جود) حول اعمال قياده (اوك) الاجرامية لتمزيق الحركة الوطنية العراقية، ١٩٨٣/٥/٦؛ بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عیراق دەربارەی دەستریژییە تاوانبارەکانی تاقمی (ینك)، ٨/ ٥/ ١٩٨٣؛ یەکیتی نیشتمانی کوردستان– مەکتەبی سیاسی، هاوڕێیانی خۆشەویست لە: حزبە شیوعیەکان عەرەب و برا و بزووتنەوەی ئازاد بەخش،

ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە لە سەرچاوەکاندا زیاتر وەك باڵێکی ناو یەکێتی و خودی نەوشیروان مستەفا وەك سکرتێری کۆمەڵە زیاتر تۆمەتبار دەکرێن[1]. بەڵام دەتوانرێت بووترێت ڕاستە هێزەکانی کۆمەڵە ڕۆڵی کاریگەرییان لە شەڕەکەدا هەبووە و خوودی نەوشیروان مستەفاش سەرپەرشتی کردووە، بەڵام کۆی بابەتەکە جێبەجێکردنی بڕیاری مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە[2].

## دووەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق- سەرکردایەتیی ناوەندی.

پارتی کۆمۆنیستی عێراق– سەکردایەتیی ناوەندی بە شێوەیەکی گشتی دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی و دەستگیرکردنی زۆرێك لە کادیرەکانی ساڵی ١٩٦٩ چالاکییەکانی بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان دەگوازێتەوە. لێرەشدا بەهۆی بوونی ڕێکخستنەکانی، لە دەنگوباسی دامەزراندن و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ئاگادار دەبێت. بەتایبەت دوای ئەوەی کۆمەڵە لە سەرەتای کارکردنیەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی ناوخۆی ڕێکخستنەکانی دەبێتەوە و بەو هۆیەشەوە گروپێك لە ڕێکخستنەکان کە دواتر بە گروپی عێراقییەکان دەناسرێن جیادەبنەوە[3]. لەم بارەیەوە لە نێو سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، سەرهەڵدانی ناکۆکییەکان لە ناو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا، پارتی کۆمۆنیستی عێراق– سەرکردایەتیی ناوەندی ڕۆڵی تێدا هەبووە، چونکە لەو دەمەدا سەرکردایەتیی ناوەندی لە لایەن فاروقی مەلا مستەفا سەرپەرشتی کراوە، ناوبراویش

---

١٩٨٣/٥/٨؛ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا، کوردستان لە تەحریفیەکان و نوکەرانی بیگانە پاك ئەکەینەوە، وتاری تایبەت بۆ ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق.

(١) قادر شۆڕش (ابو شوان)، پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا، (www.dengekan.com)، ل ٣٧؛ حەمە سەعید حەسەن، جەلالینامە، ل ٥٥؛ ئەمجەد شاکەلی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عێراق)، بەشی چوارەم، ل ١٠؛ محەمەد خدر، پشووی چیا چەمکێك لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەك، چاپی یەکەم، (هەولێر، چاپخانەی موکریانی، ٢٠١٢)، ل٩٠.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد مەعسوم، گۆڤاری "لڤین"، ژمارە (٨٣)، ١٥ی کانووی دووەمی ٢٠٠٩؛ دیمانەیەك لەگەڵ عوسمان خدر حەمەد (عوسمان دەشتی)، هەولێر، ٣٠ی ئەیلولی ٢٠١٣.

(٣) بۆ هۆکاری ناکۆکییەکان و ئەنجامەکەی بڕوانە: بەشی یەکەم، تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیە.

ئـامۆزای فـازڵی مـەلا مـەحموود بـووە، بۆیـە کاریگـەری لـە سـەریان هـەبووە و هـەوڵی ئەوەیانداوە کۆمەڵە بەرەو سەرکردایەتیی ناوەندی بەرن، تا دواجار وەك جێگرەوەیەکی پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق کـەڵکی لێـوەربگرن[1]. بـەڵام لـەم بارەیـەوە یـەکێك لـە سەرچاوەکان ڕەتی ئەوە دەکاتەوە، کە سەرکردایەتیی ناوەندی ڕۆڵی لەو بابەتە هـەبوو بێت، بە بەڵگەی ئەوەی لەو گروپەی کە جیابوونەتەوە تەنیا فازلی مەلا مـەحموود چۆتە نـاو سـەرکردایەتیی ناوەندییـەوە[2]، ئـەگینا ئەوانـەی دیکـە ڕێکخراوێکیـان بـە نـاوی (ڕێکخراوی مارکسیی – لینینیی شیوعییەکانی عێراق) دامەزراندووە[3].

شایەنی باسە، کۆمەڵە لە دەمی نسکۆی شـۆڕش سـاڵی ١٩٧٥ وەك چۆن دەکەوێتـە پەیوەندیکردن بە کەسایەتی و هێزە سیاسییەکانەوە، ئاواش دەکەوێتـە پەیوەنـدیکردن بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق– سەرکردایەتیی ناوەندییەوە، لەم بارەیـەوە فـاروقی مـەلا مستەفا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:" **... لەگەڵ هاوڕێیـانی کۆمەڵـەی مارکسـی– لینینی کوردستان، ... یەکترمان دی و ڕاوبۆچوون و پێشبینی ئەو ڕۆژە و داهاتوومان دەگۆڕییەوە، شـەهید شـەهاب شـێخ نـوری و کـاك فەرەیـدون عەبـدولقادر هەڵویسـتی کۆمەڵەیان بۆ ئیمە دەربری و ریککەوتین ڕۆژانە یـەك ببیـنین و کـار بـۆ بەرهەڵسـتی و شۆڕش بکـەین**"[4]، بـەڵام وێـڕای ئـەوەی ڕابۆچـوونەکانیان لـە یـەکترەوە نزیـك بـووە و هەردوولا بەردەوامی شۆڕشیان بە گرنگ زانییوە، کەچی ئـەم هەوڵـەش وەك هەوڵـەکانی دیکەی کۆمەڵە شتێکی ئـەو تـۆی لێ شـین نـەبووە. ئەگەرچـی هـەردوولا ڕێککـەوتوون و بڕیاری ئەوەیانداوە هێزەکانیان لە ناوچەی پێنجوین یەکتر بگرنەوە، بۆ ئەوەی لە وێـوە

---

(١) دیمانەیەك لەگەڵ فەرەیدوون عەبدولقادر، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢؛ دیمانەیەك لەگەڵ عارف کەریم، سلێمانی، ٢٤ی کانوونی یەکەمی، ٢٠١٢؛ دیمانەیـەك لەگـەڵ مامۆسـتا جەعفـەر، سـلێمانی، ٢ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٢) دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٣) (ڕێکخراویی مارکسیی– لینینیی شیوعییەکانی عێراق) دوای جیابوونەوەیان لە سەر دەستی فوئاد قەرەداغی و هاوڕێکانی دامەزراوە و بۆ ماوەی دوو ساڵ بە نهێنی لـە سـەر چـالاکییەکان بـەردەوام بووە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی نـەیان تـوانی وەکو پێویسـت ڕێکخستنەکانیان فـراوان بکـەن بڕیـاری هەڵوەشاندنەوەیان داوە. دیمانەیەك لەگەڵ فوئاد قەرەداغی، سلێمانی، ٣ی تەمموزی ٢٠١٢.

(٤) فـاروق مـەلا مسـتەفا، شکسـتی شۆڕشـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٧٥ دا هەنـدێ بـیرەوەری و چـەند سەرنجێك، گۆڤاری "دوارۆژ"، ژمارە(٣)، (سلێمانی، ١٩٩٥)، ل ١٦.

دەست بکەن بە پلان دانان و بکەونە کارکردنەوە[1]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە سەردەمی کۆمیتەی هەرێمەکان و لە قۆناغی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریدا کەوتوونەتە پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتیی ناوەندییەوە، لەم چوارچێوەیەشدا لە شوباتی ١٩٧٦ لە گوندی دێلێژەی سەر بە ناوچەی قەرەداغ شاسوار جەلال (ئارام) لە کۆمەڵە و فازڵی مەلا مەحموود و برایمی کاکە حەمە لە سەرکردایەتیی ناوەندی بە شێوەیەکی فەرمی دانیشتوون و باسیان لە میکانیزمی هاوکاریکردنی هەردوولا کردۆتەوە و لە دواجار پرۆتۆکۆلێك لەلایەن هەر سێکیانەوە واژۆکراوە[2]. بەڵام دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەو پەیوەندیکردن و هاوکارییە درێژە ناکێشێت، لەبەر ئەوەی ساڵی ١٩٧٧ لەسەر دروستبوونی پارتێکی سەرانسەری بۆ کرێکارانی عێراق ناکۆکی دەکەوێتە نێوان شاسوار جەلال (ئارام) لە کۆمەڵە و فازڵی مەلا مەحموود لە سەرکردایەتیی ناوەندییەوە، بەمەش ناکۆکییەکانی نێوانیان قوڵ دەبێتەوە تا لە دواجار فازڵی مەلا مەحموود بەیاننامەیەك لەسەر کۆمەڵە و یەکێتی دەردەکات و ناوچەکە بە جێ دەهێڵێت و دەچێتەوە دەرەوە[3]. بەمەش سەرکردەکانی سەرکردایەتیی ناوەندی چالاکییەکانیان لە ناوچەکە دوور دەکەوێتەوە و پەیوەندییەکانیش کاڵ دەبێتەوە.

---

(١) فاروق مەلا مستەفا، شکستی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥ دا هەندێ بیرەوەری و چەند سەرنجێك، ل ٢٠. هەر چەندە لە قسەکانی فاروقی مەلا مستەفا ئەوە دەخوێنرێتەوە، ئەوان وەك سەرکردایەتیی ناوەندی لەگەڵ بەردەوامی شۆڕشی خەباتی چەکدارییدا بووینە، بەڵام گۆڕانکاری بەسەر بۆچوونەکەیان داهاتووە و خەباتی چەکدارییان بە باش نەزانیوە، بۆیە لەو ئەنجامەدا نەیان توانیوە لەسەر کارەکانییان بەردەوام بن و ناکۆکی کەوتۆتە نێوان سەرکردەکانییانەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ڕێبوار ئەحمەد، لە ماویزمەوە بۆ حیکمەتیزم، ل١٥.

(٢) محەمەد شێخ عەبدولکەریم سۆڵەیی، ئارام و بزووتنەوەی شۆڕشگێری کورد، بەرگی یەکەم، ل ل ٤٢٨–٤٣٢.

(٣) مەلا بەختیار، چۆن چەپکێك و کام مێژووی کۆمەڵە؟!، ل ل ٩٧، ٣٢٤؛ دیمانەیەك لەگەڵ مامۆستا جەعفەر، سلێمانی، ٢ی تەمموزی ٢٠١٢؛ ئاوات قارەمانی، ڕێگا باریکەکان...، ل ل ١٠٢– ١٠٣.

## سێیەم: هەڵوێست و پەیوەندییەکان لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی (الحركة الاشتراكية العربية)

بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی (الحركة الاشتراكية العربية)، سەرەتا لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٥ دوای یەکگرتنی چەند بزووتنەوەیەك و گروپێکی سەربازی لە ژێر ناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی عێراقی(الحركة الاشتراكية العراقية) دامەزراوە[1]. بەڵام لە پاش جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و بوون بە دوو بەشەوە، سەرەتاش هەر دوولا دەبن بە هەڵگری ناوی ڕێکخراوەکە، کەچی دواتر ساڵی ١٩٦٨ گروپی خەیرەدین حەسیب (خيرالدين حسيب) ناوی خۆیان گۆڕیوە بۆ یەکگرتووی عەرەبی (الاتحاد العربي) و گروپەکەی عەبدوئیلا نەسراو (عبدالاله النصراوى)یش بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی[2].

شایەنی باسە، پەیوەندی نێوان جەلال تاڵەبانی و عەبدوئیلا نەسراوی ڕابەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی لە ئاستی باڵادا بووە، چونکە نەسراوی لە دوای کودەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ لەلایەن بەعسییەکان دەستگیر دەکرێت و دواتر لە کانوونی دووەمی ١٩٧١ ئازاد دەبێت، لە دوای ئازاد بوونیشی لەلایەن تاڵەبانییەوە کار ئاسانی بۆ دەکرێت تا ئەوەی لە عێراق بچێتە سوریا و لەوێدا نیشتەجێ بێت[3]. بەمەش لەم قۆناغە بەدواوە زۆربەی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە و هەناردەکردنی نامەکانی بۆ دەرەوەی عێراق بە تایبەت بۆ تاڵەبانی لە ڕێگای کادیرەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی

---

(١) گروپەکان پێکهاتبوون لە: بزووتنەوەی یەکگرتووخوازانی سۆسیالیستەکان (الحركة الوحدويين الاشتراكيين)ی فوئاد ئەلرەکابی (فواد الركابي)، گروپی ئەفسەرە ناسیۆنالیستەکان (كتلة الظباط القوميين)ی سوبحی عەبدولحەمید (صبحي عبدالحميد)، عەبدولکەریم فەرحان (عبدالكريم فرحان)، هادی خەماس (هادي خماس)، عیرفان وەجدی(عرفان وجدي)، عارف عەبدولڕەزاق (عارف عبدالرزاق) و روشدی موحسن (رشدي محسن)، کۆمەڵەی ڕێکخستنی پێشەنگ (مجموعة التنظيم الطليعي)ی خەیرەدین حەسیب (خيرالدين حسيب)، ئەدیب ئەلجادر (اديب الجادر)، لەگەڵ چەند سەرکردەیەك لە پارتی سەربەخۆیی (الحزب الاستقلال) عەبدولستار حوسێن (عبدالستار حسين)، عەدنان عولیان (عدنان عليان)، ئەحمەد ئەلجبوبی (احمد الجبوبي). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. هادی حسن عليوي، الاحزاب السياسية في العراق السرية والعلنية، الطبعة الاولى، (بيروت، ٢٠٠١)، ص ٩٠.

(٢) نفس المصدر و صفحة.

(٣) جريدة المؤتمر، العدد (٢٨٨٠)، ١٨ كانون الاول ٢٠١٣، (www.almutmar.com).

عەرەبییەوە دەبێت، ئیتر هەر ئەوەش وای کردووە لە ئەنجامی دەستگیرکردنی یەکێك لە ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوە بە ناوی وەلید زەنوون و دانپیانان بە پەیوەندییەکانیان بە کۆمەڵەوە، ئەنوەر زۆراب لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دەستگیر بکرێت[١]. لێرەشدا ڕاستی ئەو مەسەلەیە و جەختکردنەوەی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵە، پێچەوانەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات جەلال تاڵەبانی لە دیمەشقەوە نامەیەکی بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە ڕێگای نێردراوێکی تایبەتی، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی فەڵەستینی و ئەندامی بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەلەستین (الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين)[٢] ناردووە، بەڵام نێردراوەکە لە فڕۆکەخانەی بەغدا دەستگیرکراوە، ئەنجام نێراوەکە و نامەکەی، کە پێی بووە بۆتە کلیلی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە[٣].

---

(١) وەلید زەنوون و ئەنوەر زۆراب لە کارگەیەك لە بەغدا بە یەکەوە کار دەکەن، نیسانی ١٩٧٥ وەلید زەنوون دەستگیردەکرێت، بەر لە دەستگیرکردنی ئاگاداری ئەنوەر زۆراب دەکاتەوە کە نامەیەك لە هاوڕێیانی دەرەوە هاتووە بۆ کۆمەڵە، بەڵام بە هۆی دەستگیرکردنی ئەو نامەیە ناگات. لە کاتێکدا سەرکردایەتیی کۆمەڵە لە لایەن ئەنوەر زۆرابەوە لەم بابەتە ئاگادار دەکرێنەوە، چەند جارێك داوای لە ناوبراو دەکەن بەغدا جێ بهێڵێت و خۆی بشارێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی پەیوەندی و نامەکانی ئەوکاتە نێوان کۆمەڵە و دەرەوە لە ڕێگای بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبیدا ئەنجام دراون. کەچی ئەنوەر زۆراب لە وەڵامدا ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، ئەوە بۆ سێ چوار مانگ دەچێت وەلید گیراوە و هیچی نەوتووە و دڵنیاشە هیچ ناڵێت. بەڵام دان پیانانی وەلید لە سەر هەندێك لە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی و دواجاریش گرتنی سالم جاسم بەرپرسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە لە عێراق، دەبێتە هۆکاری دەست بەسەرداگرتنی ئەو نامەیەی بۆ کۆمەڵە هاتووە، ئیتر لەمەوە دەزگاکانی ئەمنی حکومەت دەکەونەوە لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، ئەنجام وەلید زەنوون شایەدی لەسەر ئەنوەر زۆراب دەدات، بەم هۆیەوە ناوبراو دەستگیر دەکرێت. دیمانەیەك لەگەڵ عومەری سەید عەلی، سلێمانی، ٢٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢.

(٢) بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەڵەستین (الجبهة الشعبية لتحرير فلسطين)، ڕەگ و ڕیشەی بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستخوازانی عەرەبی (حركة القوميين العرب) دەگەڕێتەوە، کە دوای جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧ عەرەب – ئیسرائیل گۆڕان بەسەر پێهاتەکەی هات و بوون بە چەند لقێك و لە هەر وڵاتێکی عەرەبی وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ دەستیان بە کارەکانیان کرد. لقی فەڵەستینیش لە ژێر ناوی بەرەی میللی بۆ ڕزگاری فەڵەستین بە ئەمینداریەتی جۆرج حەبەش دەستی بە کارەکانی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو ڕێکخراوە و ئامانجەکانی بڕوانە: مهدی جرادات، الاحزاب و الحركات السياسية في الوطن العربي، (الاردن، دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٠)، ل ١٨٨.

(٣) صلاح خراسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، ص، ٣٣٧.

## ئەنجام

ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستاندا لە ناوەڕاستی شەستەکان بە دواوە بە شێوەیەکی سەرەکی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕەوتی چەپی نوێی جیهانی، بەمەش لە ڕووی مێژووییەوە کاریگەرە جیهانییەکە پێش هۆکارە کۆمەڵایەتی و ناوخۆییەکان کەوتوون، بۆیە لەو سەروبەندەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەکان کەوتوونەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە، بەجۆرێك خۆیان بە باڵی جیهانی چین و ماویزمەوە بەستاوەتەوە و بەو ئاڵایەوە کەوتوونەتە مەیدانی کارکردنەوە، تا وەڵامی بابەتە تازەکانی کۆمەڵگای کوردی پێ بدەنەوە، کە دواجار دەتوانێت بە خێراییەکی زۆر سەرنجی بەشێکی بەرچاو لە زەحمەتکێشان و خوێندەوارانی شارەکان بە خۆیەوە کاریگەر بکات.

(کۆمەڵەی مارکسیی– لینینیی کوردستان) کە دواتر ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ژێر ناوی پەیوەست بوون بە ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم– لینینزم، فکری ماو دەستی بە کارەکانی کردووە، بەڵام بێ ئەوەی بەرنامەی کارکردنی ئەنجامدانی بزووتنەوەیەکی چینایەتی بێت و ئامانجی دەستەبەرکردنی مافی کرێکاران و زەحمەتکێشان بێت. بەڵکو ئامانجی بریتی بووە لە هێنانەکایەی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریی نیشتمانی، بەمەش وەك ڕێکخراوێکی چەپ جەختی لەوە کردۆتەوە، جوتیاران و کرێکاران و زەحمەتکێشان هێزی کاریگەر و لە بن نەهاتوون، ئەوانن دەتوانن بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی سەربخەن.

لەگەڵ ئەوەی لە دایك بوون و دامەزراندنی کۆمەڵە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، وەرچەخانێکی گرنگ بووە لە ڕەوتی بزووتنەوەی فکری چەپ لە باشووری کوردستاندا، بەڵام هەر لە سەرەتاوە لە ناو هەناوی خۆیدا دەیان کێشمەکێش و ناکۆکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمەش وای کردووە لە هەر قۆناغە و بە شێوەیەکی جیاواز ناکۆکییەکان سەرهەڵ بدەنەوە و دەنگە ناڕازییەکان بە ڕووی یەکدا بەرز بنەوە، ئەنجام لە هەر یەك لە قۆناغەکاندا سەری بۆ جیابوونەوەی بەشێك لە کادیرەکان لە ڕێکخراوەکەدا کێشاوە.

کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە بڕوای بە دامەزراندنی پارتی پێشڕەو، بەرەی نیشتمانی و لە شکری ڕزگاری نیشتمانی هەبووە، وەك سێ کۆڵەگەی سەرەکی سەرکەوتنی بزووتنەوەی نیشتمانی سەیرکردووە و هەنگاوی بۆ هەڵێناوە، بەڵام تا دوا قۆناغیش لە

هیچ یەك لەم هەنگاوانە سەرکەوتنی پێویستی بەدەست نەهێناوە. واتا نەیتوانی ببێت بە پارتی پێشڕەو، هەروەها بەرەی نیشتمانیشی بۆ دانەمەزرا و نەشبوو بە خاوەنی لەشکری ڕزگاریی نیشتمانی.

کۆمەڵە لە دەمی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان و ڕۆیشتنی بەشێك لە سەرکردایەتییەکەی بۆ ئێران، تووشی جۆرێك لە پاشاگەردانی ڕێکخراوەیی و لەبەر یەکترازانی شیرازەی ڕێکخستنەکانی هاتووە، بەمەش تەواوی ئەندامەکانی تووشی سەر لێ شێوان کردووە، بۆیە تا ئەو ڕادەیە نزیك بە هەڵوەشانەوە هاتووە.

کۆمەڵە لە سەردەمی باڵادەستبوونی کۆمیتەی هەرێمەکان بە ئاسانی لە قۆناغی بەر لەو سەردەمە جیا دەکرێتەوە، بە تایبەت لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و پەیوەست بوون بە ماویزمەوە، کە سەرەتاکانی دوورکەوتنەوەی کۆمەڵە لە ماویزم لەوێوە دەست پێدەکات و دواتر بە یەکجار لێی دوور دەکەوێتەوە. بەمەش ئەگەر لە قۆناغی کۆمیتەی هەرێمەکان ڕۆڵە سەرەکییەکەی بۆ شاسوار جەلال (ئارام) بگەڕێتەوە، ئەوە قۆناغی دوای ئەو نەوشیروان مستەفا ڕۆڵی دیاری تێدا بینیووە.

کۆمەڵە لە دەستپێکردنەوە خەباتی چەکدارییدا، مەسەلەی خەباتی لە شاردا فەرامۆش نەکردووە و لەو میانەشدا هەنگاوی زۆری هەڵیناوە، ئەمەش ئەنجامی بەرجەستەبوونی ئەو گۆڕانکارییە ستراتیژەییە بووە، کە بەسەر ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی داهاتبوو، کە خۆی لە گواستنەوەی خەباتی چەکداری لە شاخەوە بۆ شار دەبینییەوە، کۆمەڵە هەڵگری پەیامەکەی بوو، چونکە کۆمەڵە پێی وابوو شەڕی پارتیزانی لە شاخ، شەڕێکی نابەرابەرە و هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری بە تەنیا لە شاخ بیانوو دەداتە دەستی حکومەت هێزی چەکداری خۆی ڕەوانەی کوردستان بکات و دێهاتەکان وێران بکەن.

کۆمەڵە لە دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بەردەوام لە گەشەکردندا بووە، بەمەش توانیویەتی بەشی زۆری هەڵگرانی بیری چەپ لە باشووری کوردستان لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە. بەو هۆیەشەوە لە ماوەی کارکردنیدا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستاندا، دەنگ و سەدایەکی زۆری پەیداکردووە.

بە هێزبوون و زاڵبوونی کۆمەڵە لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا لە دوای ڕووداوەکانی هەکاری ١٩٧٨و بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێیەکان لەگەڵ باڵی بزووتنەوەدا، وەك سەرەتای قۆناغێکی نوێی بەریەك کەوتنێکی گەورە، تاڕادەیەك

ئایدۆلۆژیا ڕۆڵی تێدا هەبووە، چونکە سەرانی بزووتنەوە لەوانە بوون، کە تاڕادەیەك بیرکردنەوەی خێڵەکی و ئایینی لە ناویاندا زاڵبوو، بەمەش کۆکردنەوەی هەر دوو باڵەکە لە ژێر سێبەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کارێکی ئەستەم بوو.

دەرکەوتنی ململانێی نێوان باڵی کوردستانی و باڵی عێراقی لە ناو کۆمەڵەدا لە سەرەتای هەشتاکان بەدواوە، زیاتر پەیوەندی بە فکر و تێڕاوانینە جیاوازەکانەوە هەبووە بۆ شۆڕش و سیاسەت، بۆ پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ڕێکخراوەیی، کەشوهەوای دیموکراتی لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، بەمەش دەتوانرێت بووترێت بابەتەکان کەمتر پەیوەندیان لەگەڵ فکری عێراقیبوون و کوردستانیبوون هەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی لەو ڕۆژگارەدا ئەو باڵەی، کە بە عێراقی نێوزەد کراوە، داوای ئەوەی کردووە کۆمەڵە ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق بێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێیان وابووە دروستکردنی پارتێکی سەرتاسەری بۆ کوردستان لە لۆژێکی سیاسییەوە دوورە.

کێشەو ململانێی ناوخۆییەکان لە تێکڕای قۆناغەکاندا، وای لە کۆمەڵە کردووە وەك هەر ڕێکخراوێکی سیاسی، مێژووەکەی پڕ بێت لە ناکۆکی کەسێیەتی، بەمەش ئەنجام لەبەر باش بەڕێوەنەبردنی ململانێیەکانی و نەبوونی ڕێگە چارەی دروست بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، بە ناچاری پەنا بۆ جیابوونەوە و دووکەرت بوون براوە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بووترێت بەڕێوەبەرانی فکری کۆمەڵە لە ژمارەیەك ڕۆشنبیر و نیمچە ڕۆشنبیری شارەکان پێکهاتبوون، زیاتر لەسەر مەسەلەی تیۆرییەکان پێداگیرییان دەکرد، بۆیە تاڕادەیەك توانیویانە ڕەوشێکی نوێ لە خەباتی چەکداری بهێنە پێشەوە و ببن بە هێزێکی کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە باشووری کوردستاندا و زۆرێك لە لایەنەکان حیسابیان بۆ بکەن، چونکە سەرباری ناکۆکییەکان ڕیزەکانیان لە زۆرێك لە بوارەکاندا یەکگرتوو بوون و لە چوارچێوەی ڕەوتێکی فکریدا بە یەکەوە بەسترابوون و لە هەڵسوکەوتی سیاسی و پێشمەرگایەتیدا جۆرێك لە هاودەنگی و ئازادی ڕاوەرگرتن هەبووە و کادیر و پێشمەرگەکانیش خۆیان لە زۆرێك لە کردەوە و هەڵسوکەوتە نەشیاوەکان پاراستووە.

کۆمەڵە وەك تاکە ڕێکخراو لە باشووری کوردستاندا بە ڕوونی و لە چەندین جێگادا لە بەرنامەی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی دەستی بۆ ستراتیژیەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان درێژکردووە و چارەسەری مەسەلەی کوردی لە بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بینیوە و خەباتی بۆ کردووە.

کۆمەڵە لە دوا قۆناغی کارکردنی لـە کۆتـایی هەشـتاکاندا لـە ڕووی بەرنامـە و لایـەنی فکرییـەوە جیاوازییـەکی ئـەوتۆی لەگـەڵ بەرنامـە و چوارچـێوە گشـتییەکەی یەکێـتیی نیشـتمانیی کوردسـتاندا نـەماوە، کـە لەلایـەن جـەلال تاڵـەبانی و هاوبیرەکـانی ئاراسـتە کراوە، بۆیە بە ئاسانی و بێ کێشە لە ناو یەکێـتیی نیشتمانیی کوردستان تواوەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەڵگەنامەکان:
### أ- بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە:
### ١- نووسراوی دامودەزگا حکومییەکان: ( ارشيف اكو وهبي )


١. كتاب مديرية امن العامة، العدد ٤٠١٥ في ١٩٧٦/٦/١٩، الى مديرية أمن السليمانية.
٢. كتاب مديرية أمن السليمانية، العدد ٥٧٠ في ١٩٧٧/١/٢٢، الى كافة المعاوينات.
٣. كتاب مركز استخبارات الموصل، العدد، أس/٢/٧٠ في ١٩٧٧/١/٢٧، الى منظومة استخبارات المنطقة الشمالية.
٤. كتاب مديرية أمن السليمانية، العدد ٩٩٠ في ١٩٧٧/٢/٥، الى المعاونيات الحدودية.
٥. كتاب مديرية الامن العامة، العدد ٦٥٥٦ في ١٩٧٧/٦/٥، الى منظومات استخبارات المنطقة الشمالية.
٦. كتاب أمن محافظ السليمانية، العدد– في ١٩٧٧/٧، الى مديرية أمن محافظة الانبار.
٧. كتاب أمن السليمانية، العدد ٦٥٢١ في ١٩٧٧/٨/٢١، الى أمن الحكم الذاتي.
٨. كتاب مديرية أمن السليمانية، العدد، ٥٥٣٤ في ١٩٧٧/٧/١١، الى كافة المعاونيات.
٩. كتاب مديرية الأمن العامة، العدد ٨١٠٧ في ١٩٧٧/٧/١٢ الى مديرية أمن محافظة السليمانية.
١٠. كتاب منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، العدد ش٢/ق٤/٨٩ في ١٩٧٧/١/١٠، الى مركز استخبارات زاخو، دهوك، الموصل، السليمانية.
**١١.** ملف مخطوطة خاص بالاتحاد الوطني الكردستاني.


### ٢- بڵاوکراوەی پارت و ڕێکخراوەکان:
### أ- بە زمانی کوردی:


١. ئالای شورش، نمانامەی تیئوری، ١٩٨٤/١١/٢١. (ئەرشیڤی نەوزاد عەلی ئەحمەد).
٢. بەیان نامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە بۆنەی درێژە پێدانی زەغت و زۆردارانەی دەرحەق بە مامۆستایان و خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی کوردستان، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، مەکتەبی سکرتارییەت، کۆتایی نیسانی ١٩٨٤.

٣. بەیاننامەی "یەکێتی خوێندکارانی کوردستان- عێراق" بە بۆنەی بەزۆر چەکدارکردنی خوێندکارانەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی خوێندکارانی کوردستان- عیراق، ١٩٨٤/٤/٢٧.
٤. بەیاننامەی خوێندکارە مان گرتووەکانی زانکۆی سەلاحەدین کۆمیتەی سەرکردایەتی.
٥. بەیاننامەی لێژنەی لقی هەولێر پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، ٢٨/١١/١٩٥٨. (ئەرشیڤی بنکەی ژین).
٦. بەیاننامەی لێژنەی ناوچەی کەرکوکی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، ١٩٥٨/١١/٢٦. (ئەرشیڤی بنکەی ژین).
٧. بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عیراق دەربارەی دەستریژییە تاوانبارەکانی تاقمی (ینك)، ٨/ ٥/ ١٩٨٣.
٨. بلاوکراوەی ناوخۆ، بۆ گشت هاوری یانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو هەڤاڵانی یەکێتی ی شۆڕشگێرانی کوردستان.
٩. پایەکانی ستراتیجی قۆناغی نویٚ ی کار، (بێ ساڵو شوێنی چاپ).
١٠. پەیوەندی ناوخۆیی جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی و پەیوەندی لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلانی ناوچەکە، ١٩٨٢/١٢/٣١.
١١. راپەرینەکەی مللەت لە تشرینی دووەمدا ، بەیاننامەی بەرەی پێشکەوتی پارتی دیموکراتی کورد- عراق لە ١٩٥٣/١١/٢٢. (ئەرشیڤی بنکەی ژین).
١٢. راگەیاندنی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان ٢٤- ٢٧ شوباتی ١٩٨٤، (بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٤). (ئەرشیڤی نەوزاد عەلی ئەحمەد).
١٣. کۆڕەك، رێکخراوی سلێمانی، بۆ گشت کەرتو پۆل و شانە تیکۆشەرەکانی سنووری چالاکیمان، ١٩٨٣/١٢/٨. (ئەرشیڤی ئاکۆ وەهبی).
١٤. کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان "ناوەند"، دەربارەی مفاوضە لەگەڵ حکومەت، ژیانی رێکخراوەیی مان، ژمارە(٢)، کانونی یەکەمی ١٩٨٢.
١٥. کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان- کۆمیتەی سەرکردایەتی رێکخستنی ناوخۆ، راگواستن لە بەرگیکی نوی دا، ١٩٨٠/٤/١٢.
١٦. کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان- کۆمیتەی سلێمانی، درێژەدان بە راپەرینە جەماوەریەکان رژێم روە و مەرگ دەبا.

١٧.كۆمەلـەی رەنجـدەرانی كوردسـتان– كۆميتـەی سـليمانی، رق و تـورەيی جـەماوەری خەلك صدام و دار و دەستە خوێن رێژەكەی توقاندووە.

١٨. كۆمەڵـەی رەنجـدەرانی كوردسـتان– ناوەنـد، بەياننامـەی كۆمەڵـەی رەنجـدەرانی كوردستان بە بۆنەی راپەڕينی خەڵكی كوردستانەوە، ١٩٨٢/٥/١٠.

١٩.كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان– ناوەند، بۆ ئەوەی كەرتەكانی رێكخستن لە ئاستی مەسـئوليەتە گرنگـەكانی خۆيانـدا بـن، ژيـانی رێكخراوەيـی مـان، ژمـارە(٧)، ١٩٨٢/١٢/١٠.

٢٠. كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان" رێكخراوی دەرەوە"، لـە بـيرەوەری نـۆ سـاڵەی شەهيد شەهاب و هاورێكانيدا، ٢١/ ١١/ ١٩٨٥.

٢١. كۆمەڵـەی رەنجـدەرانی كوردسـتان" رێكخـراوی ئـەوروپا"، بەياننامـەی كۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی كوردستان بە بۆنەی ١٢ ساڵ تێپەربوون بەسەر لـە دايك بوونيـدا، ١٠ی حوزەيرانی ١٩٨٢.

٢٢. كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان" ناوەند"، بيرەوەری "١١" ساڵەی لە دايك بـونی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، (چاپخانەی شەهيد ئيبراهيم عەزۆ، ١٩٨١).

٢٣. كۆمەلەی رەنجدەرانی كوردستان"ريكخراوی دەرەوە"، لـە يـادی مـەزنی هاورێيـان شەهاب و جەعفەر و ئەنوەردا، ١٩٨٤/١١/٢١.

٢٤. كۆمەڵـەی رەنجـدەرانی كوردسـتان، بانگـەوازێك بـۆ جـەماوەری گەلەكـەمان بـۆ بۆچەلكردنەوەی پيلانەكانی ڕژێم، تەمموزی ١٩٨٨. (ئەرشيڤی ئاكۆ وەهبی).

٢٥. كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، بەرنامەی چارەسـەركردنی كێشـەی نەتەوايـەتی نەتەوەی كورد، پەسەند كراوی سێ يەمين كۆنفرانس، (لـە بڵاوكراوەكـانی كۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی كوردستان، تەمووزی ١٩٨٤.

٢٦. كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، بەگژ ليبراليزم دا بچن، ژيانی رێكخراوەيـی مـان، ژمارە(٩)، ١٩٨٢/١٢/٢٤.

٢٧. كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، بەياننامەی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان لـە بيرەوەری ١٩ ساڵەی دامەزراندنی دا، ١٠/ ٦/ ١٩٨٩.

٢٨. كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، بـيرەوری ١٦ سـاڵەی لـە دايك بـوونی كۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی كوردستان، ١٩٨٦/٦/١٠.

٢٩. كۆمەڵـەی رەنجـدەرانی كوردسـتان، ژيـانی رێكخراوەيـی مـان، ژمـارە (١٥) ، ناوەڕاستی نيسانی ١٩٨٣.

٣٠. کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان، راگەیاندنی کوتایی یەکەمین کونفرانس، ئایاری ١٩٨١.

٣١. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕێکخراوەی دەرەوە، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە بۆنەی ١٢ ساڵ تێپەربوون بەسەر لە دایك بوونیدا، ١٠ی حوزەیرانی ١٩٨٢.

٣٢. کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕێکخراوی دەرەوە، بیرەوەری ١٨ ساڵەی لەدایك بوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ١٠/٦/ ١٩٨٨.

٣٣. کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، رێکخراوی سلێمانی، بانگەوازێك بۆ جەماوەری خۆراگری ناوچەی شارەزوو، کۆتایی مایسی ١٩٨٧.

٣٤. کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، ڕێکخراوی سلێمانی، چینی کرێکار و بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلی کوردستان، (بێشوێن و ساڵی چاپ).

٣٥. کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، کوردستانی بونی کرێکاران و رەنجدەران، (لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، بێ شوێنی چاپ، نیسانی ١٩٨٣).

٣٦. کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بۆ لیداوان و لێکۆلینەوە دەربارەی پیوستی بوونی ریکخراوی تایبەتی چینی کریکار و رەنجدەرانی کوردستان، (بێ شوێنی چاپ، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکسی– لینینی کوردستان، کانوونی دووەمی ١٩٧٩).

٣٧. کۆمیتەی سەرکردایەتی ریکخستنی ناوخۆ، با یادی شەهیدان بکەینە هیزیکی کاریگەر بۆ زیاتر هینانە جوش و خروشی جەماوەرانی رەنجدەری کوردستان و پتەو کردنی ریزەکانی کومەلەمان، ٢١/١١/ ١٩٧٩.

٣٨. کۆمیتەی هەرێمەکان، ڕاپۆرتی شوبات (دەست نووس). (ئەرشیڤی بنکەی ژین).

٣٩. ناوەندی کومەلەی رەنجدەرانی کوردستان عیراق، بۆ هاورییانی هەلبژیراوی یەکەمین کۆنفراسی کومەلەمان، ١٠/٤/١٩٨١.

٤٠. ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، راستکردنەوەی هەندێ بیروڕای چەوت، تەرازو کردنی گرنگی پێ دان و بە کەم گرتن، بڵاوکراوەی ناوخۆ، ژمارە (٦)، مارتی ١٩٨٢.

٤١. یەکیتی نیشتمانی کوردستان– مەکتەبی سیاسی، هاورێیانی خۆشەویست لە: حزبە شیوعیەکان عەرەبو براو بزوتنەوەی ئازاد بەخش، ٨/٥/١٩٨٣.

٤٢. یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بانگەواز، ٣/١/ ١٩٨٤.

٤٣. یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، بەیاننامەیەك لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەربارەی شەڕ فرۆشتنی تاقمە تەحریفیەکەی لێژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عیراقی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ٢ ئایاری ١٩٨٣.

**ب-بە زمانی عەرەبی:**

١. الاتحاد الوطني الكردستاني، العصابة الحاكمة في بغداد تنفذ احكام الاعدام بحق المناضلين شهاب شيخ نورى، جعفر عبدالواحد و انور زوراب، لجنة اوروبا، ١٢/٦/١٩٧٦.

٢. برقيه من م.س حسك الى م.س حدك، م.س حشع، عدد ١٠٠، ١٩٨٣/٤/٢٠.

